

**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**پەرلەمانی**

**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٢

ساڵی/ ٢٠١٩ – بەرگی سەدو دوازدە

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٢

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(٢٠١٩)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بەرگی: ١١٢

چاپی یەکەم: ٢٠٢٢

تیراژ: ٢٥٠

پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن

ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، کۆڤان خسرو، تارا رشاد، ڕێبین رشاد، ارام کمال، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن –شەممە ٢٠١٩/١٢/١٠ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠١٩/١٢/١٦ ل ١١٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٩/١٢/١٨ ل٢٢٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ١٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠١٩/١٢/٢٤ ل ٣٧٣

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی

سێ شەممە رێکەوتی ١٠\١٢\٢٠١٩

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠

كاتژمێر (١١)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە رێكەوتـی ٢٠١٩/١٢/١٠ پەرلەمـانی كوردسـتان - عێـراق بە سـەرۆكایەتی بەڕێـز هـێمن هەورامـی جێگـری سـەرۆك و، بەڕێـز منـی نبـی قهـوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی مـاددەی (١٦) و مـاددەی (٤٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنـامەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (٩)ی ئاسـایی سـاڵی یەكەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان لە كـاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە رێكەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ خوێنـدنەوەی دووەمـی پێشـنیازی یاسـای ریكلامـی بازرگـانی لە هەرێمـی كوردسـتان ـ عیراق بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم/ خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەكـانی نەتەوەی توركمـان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٧٩ و ٨٠ و ٨٢ )ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

بە پێـی حـوكمی بـڕگەی چـوارەمی مـاددەی (٤٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان ـ عیراق لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیادكردنی بڕگەیەك بە ڕێزبەندی سێیەم بۆ بەرنامەی كاری دانیشـتنی ژمـارە (٩)ی ئاسـایی رۆژی سێ شەممە ڕێككەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

سـێیەم/ قسـە كـردن و تـاوتوێ كردنـی پرسـی كێشـەی كارەبـای نیشـتمانی و دابەش كردنـی سووتەمەنی لەم وەرزی سەرمایەدا بەسەر هاووڵاتیان.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، بەڕێـزان ژمـارەی دانیشـتنی ژمـارە (٩)ی ئاسـایی وەرزی دووەمـی سـاڵی یەكەمـی خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنەكـانی پەرلەمـانی كوردستان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمـان بە هـۆی ئیلتزامـی وەكـو سـەردانێكی بـۆ شـاری هەڵەبـجە نەیتوانی بەشدار بێ، بە پێی بڕگەی (١٩) ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم دانیشتنە دەست پێ دەكەیـن و، ئێسـتاش داوا لە بەڕێـز سـكرتێری پەرلەمـانی كوردسـتان دەكەیـن، پـوختەیەك لە دانیشـتنی پێشووتر و ناوی ئامادەنەبووان لە دانیشتنی پەرلەمان و كۆبوونەوەی لیژنەكان بە مـۆڵەت و بـێ مۆڵەت لەگەڵ بەرنامەی كار بخوێنێتەوە، فەرمووو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی مادده (٥) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەکانی سێیەم لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)و ماددەکانی (٤٧و٤٨و ٥٢و ٥٤و ٥٥و ٥٦و ٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەم شێوەیەی بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٧٩و٨٠ و٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بە پێی حوکمی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیادکردنی بڕگەیەك بە ڕێزبەندی سێیەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

سێیەم/ قسە کردن و تاوتوێ کردنی پرسی کێشەی کارەبای نیشتمانی و دابەش کردنی سووتەمەنی لەم وەرزی سەرمایەدا بەسەر هاووڵاتیان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند مادده و بڕگەیەکی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دوای گەڕانەوەی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

٥- خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
٦- خستنەڕووی خوێندنەوەی بیرۆکەی پەرلەمانتار بەڕێز (لەنجە ابراهیم عبدالرحمن) سەبارەت بە بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی قوربانیانی جینۆساید.
٧- دواخستنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ رۆژی سێ شەممەی ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٤ بەیانی:

١- ابوبکر عمر عبدالله/ مۆڵەت
٢- جلاا محمد عبدالله/ مۆڵەت
٣- جیهاد جبار محمد/ مۆڵەت
٤- زانا خالد سمایل/ مۆڵەت
٥- سەروان محمد علی/ مۆڵەت
٦- شنۆ ئەشقی عبدالله/ مۆڵەت
٧- شیرین امین عبدالعزیز/ مۆڵەت
٨- شێرکۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت
٩- عثمان علی سمایل/ مۆڵەت
١٠- گلستان باقی سلیمان/ مۆڵەت
١١- هاورێ بنا محمد/ مۆڵەت
١٢- هەلز احمد محمد/ مۆڵەت

ناوی ئەو ئەندامانەی بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پاییزە لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٤ ئێوارە، لە دانیشتنی دووەم:

١- ئازاد اکرم بهرم/ مۆڵەت
٢- باپیر کامەلا سلێمان/ مۆڵەت
٣- سعید مستەفا تترخان/ مۆڵەت
٤- عبدالستار مجید قادر/ مۆڵەت
٥- محمد سعدالدین انور/ مۆڵەت
٦- هیمداد صباح بلال/ مۆڵەت

ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت پێدروان یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون:

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە ٢٠١٩/١٢/٨ :

ئاشنا عبدالله قادر/ مۆڵەت بە کاری لیژنە.

جلال محمد عبدالله/ مۆڵەت.

بدریە اسماعیل سعید/ مۆڵەت.

لیژنەی پەیوەندیەکانی رەوەندی کوردستانی لە ٢٠١٩/١٢/٩ :

کاروان عبدالرحمن/ مۆڵەت

ژیان طاهر احمد/ مۆڵەت

شیرین یونس عبدالله/ مۆڵەت

محمد سعدالدین انور/ مۆڵەت

لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە ٢٠١٩/١٢/٩ :

جلال محمد عبدالله/ مۆڵەت

فیصل عباس عولا/ مۆڵەت

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە ٢٠١٩/١٢/٩ :

مسلم عبدالله رسول/ مۆڵەت لە لیژنەی تر کۆبوونەوەی هەبوو.

جلال محمد امین/ مۆڵەت لە لیژنەی تر کۆبوونەوەی هەبوو.

لقمان حمد حاجی/ مۆڵەت لە لیژنەی تر کۆبوونەوەی هەبوو.

لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە ٢٠١٩/١٢/٩ :

شایان کاکەصالح/ مۆڵەت

راهی رەهبەر ابراهیم/ ئامادەنەبوو.

سەروان محمد علی/ ئامادەنەبوو.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، پێش ئەوەی دەست بە بڕگەکانی دانیشتنەکەمان بکەین بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و ستافە بەڕێزەکانیان دەکەین، هەروەها دەمانەوێ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست ئاگاداربکەینەوە بەڕێزان دوای ئەوەی کە دوێنێ بە پێی حوکمی بڕگە (٤) ی ماددەی (٤٨) بڕگەیەکمان ئیزافە کرد بۆ کارنامەی ئەمڕۆی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، بە سوپاسەوە دوێنێ بەپێی ماددەی (٥٣) بەڕێز وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی داوای کرد کە لە بڕگەی سێیەم لەم دانیشتنە بەشدار بێ و انشاللە لە بڕگەی سێیەم بەشدار دەبێ لەگەڵمان، ئێستاش دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، نوقتە نیزام هەیە؟ کاك فەرموو بیکە.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، لەبەرنامەی كاری پەرلەمانی كوردستان، خاڵی دووەم بۆنەكانی توركمانییە، بۆنەی ڕۆژی خوێندنی توركمانی لە هەولێر ١٩٩٣/١١/١٧ دەستی پێ كردووە و بۆنەی ڕۆژنامەگەری توركمانی كە یەكەم....... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ازاد نوقتە نیزامەكە چییە پێمان بڵێ؟ بەڕێزم.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك دەقیقەیە، نوقتەی نیزامییەكە لەبەرنامەی كار لە یەكێكیان ئیمزا هەیە و لە یەكێكیان ئیمزای سەرۆكی پەرلەمان نییە، لۆییە دەمەوێ ئەوە ڕوونكردنەوەی هەبێ، ئێ دەمانەوێ بزانین سەبەبی چییە؟.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نا كاك ئازاد نوقتە نیزام نییە مجال نادەم، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سارا چاوشلی، داوا دەكەین گۆڕانكاری لە ڕیزبەندی بەرنامەی كاردا بكرێت، بڕگەی دووەم بكرێتە بڕگەی یەكەم، بۆنە فەرمییەكانی توركمان بكرێتە بڕگەی یەكەم، سیفەتی بەپەلەی بدرێتێ بۆ ئەوە داوا دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نا ئەو بڕگەیە لە ئاڵوگۆڕ كردن سیفەتی بە پەلە نییە، ماددەیەكی ترە، بەڕێزم، ئەو پێشنیارەی بەڕێز سارا خان چەند كەس پشتگیری دەكات، ئەبێ سێ كەس پشتگیری بكات بە پێی ماددەی (٤٨) بۆ ئەوەی پەرلەمانی كوردستان دەنگی لەسەر بدات لەسەر ئاڵوگۆڕی بڕگەكانی بەرنامەی كار، بەڕێزان بە پێی ماددەی (٤٨) بڕگەی (٣) پێشنیارێك هەیە لەلایەن بەڕێز پەرلەمانتار (سارا) و سێ پەرلەمانتاری بەڕێزیش پشتگیریان كردووە لەسەر ئاڵوگۆڕی بەرنامەی كار، چەند كەس لەگەڵ ئەوەیە ئەم ئاڵوگۆڕە لەبەرنامەی كار بكات؟ دەست بەرز بكاتەوە؟ بەڕێزان ئاڵوگۆڕەكە ئەوەیە بڕگەی دووەم خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەكان لە جیاتی بڕگەی دووەم بێ لە بڕگەی یەكەم دا قسەی لەسەر بكرێ، چەند كەس لەگەڵە با دەست بەرز بكاتەوە؟ لەكاتی دەنگدان گفتوگۆ ناكرێ بەڕێزان تكایە، بە دەنگی (٥٨) پەرلەمانتاری بەڕێز

ئاڵوگۆڕ لەو بڕگەیەی بەرنامەی کار دەکەین، ئێستا بەڕێزان دەست بە ....... فەرموو کاك علی ئەگەر نوقتە نیزامییە بێ زەحمەت.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا کێشەی کارەبا و کێشەی سووتەمەنیش بەشێکە لە بڕگەکە، چونکە ڕەنگە ئەم دوو بابەتە درێژ بکێشێتەوە و فریای دانیشتنی ئەمڕۆ نەکەوین، بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە بابەتێکی ئانییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە بکرێتە خاڵی یەکەم، خاڵی سێیەم بکرێتە خاڵی یەکەم، ئەگەر وەزیری کارەبا ئامادەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی، ئێمە ئەو بابەتەمان خستە دەنگدان و بە دەنگی (٥٨) پەرلەمانتاری هێناوە، بۆیە ئێستا ئێمە دەست بە جێ بەجێ کردنی دانیشتنەکان گرنگن بەردەوامیان پێ دەدەین، دانیشتنی ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کارەبا لەسەر داوای خۆیەتی بۆ خستنەڕووی ئەو داتا و زانیارییانەی کە وەزارەت لایەتی بە پێی ماددەی (٥٣) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن لەسەر داوای خۆیان بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن و گفتوگۆ بکەن، ئێستا دەست بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ دەکەین، بڕگەی دووەم دەبێتە بڕگەی یەکەم، داوا لە بەڕێز لیژنەی یاسایی دەکەین فەرموون بێنە شوێنی خۆیان، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە بڕیارە لە سێ مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١- محمد سعدالدین انور
٢- همداد صباح بلال
٣- ازاد اکرم بهرام
٤- جنان جبار بۆیا
٥- ڕۆبینا اوملك
٦- ڕۆمیۆ هەکاری
٧- سارا دڵشاد بکر
٨- هێڤیدار احمد سلیمان
٩- بهمن کاك عبدالله احمد
١٠- باپیر کاملا سلیمان

١١- ئومێد عبدالرحمن حسن

١٢- یاسین خضر طه

١٣- د.محی الدین حسن یوسف

١٤- فیصل عباس عولا

١٥- علی حمەصالح

١٦- منی نبی قهوەچی

١٧- بژار خالد کۆچەر

بەڕێز سەرۆکی پەر لەمان، ئێمە لە لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، کاك ابوبکر، کاك سۆران نوقتە نیزامیتان هەبوو، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیازە یاساییەی کە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، پێمـوایە پەیوەنـدارە بەشێکی بە وەزارەتی بازرگانییەوە، لەبەرئەوە دەبوایە بەڕێـز وەزیـری بازرگـانیش هاوشـێوەی وەزیـری رۆشنبیری و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لێرە ئامادەبوونایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك ابوبکر، بەڕێزان هەر بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست، ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هاوبەش لەسەر پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی بە ئامادەبوونی خودی بەڕێز وەزیری بازرگانی بووە لە چەند رۆژی پێشووتر، ئێستاش نوێنەری وەزارەتی بازرگانی لێرەیە، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانیش هەر ڕاو سەرنج و تێبینییەکی وەزارەت هەبێ، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە لە ٩/١٧ لە دانیشـتنێکی ئاسـایی پەرلەمـان هەمـواری پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستانمان کردووە، تا نە لە وەقائیع بینیومە نە چاپی نوێشمان لەبەردەستە، بۆیە داوای ڕوونکـردنەوە دەکەم، پێویستیشـمان پێیەتـی، چـونکە نـاوی لیژنەکـانیش گـۆڕاوە و لێـرە گۆڕانکارییەکان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك سۆران بەڵێ تێبینیەکە و نوقتە نیزامییەکەت پەسەندە، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان دەکەین ئەم بابەتە چارەسەر بکەن،

پەیڕەو بەو تەعدیلاتانەی کە هەیە چاپ بکرێتەوە و بڵاویش بکرێتەوە، کاك مەم ئەگەر نوقتە نیزامە لەسەر بڕگەکانی بەرنامەی کار کاك مەم تکایە؟ فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت تەوزیحێکت دا و وتت دانیشتنی بڕگەی سێیەم کە پەیوەندارە بە کێشەی کارەبا لەسەر داخوازی وەزیری کارەبا بووە، ....

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر من وام نەوت، نەخێر کاك مەم تکایە ئێمە وتمان بە پێی ماددەی (٤٨) بڕگەی چوارەم لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بابەتێك داوا کرا ئیزافە بکرێ بۆ بەرنامەی کار، دوای ئەوەی کە ڕاگەیەنرا بەیاننامەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵاوکرایەوە بەڕێز وەزیری کارەبا بە پێی ماددەی (٥٣) خۆی داوای کرد لەسەر داوای خۆی بێت بەشدار بێ لەو بڕگەیەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی داتا و زانیارییەکانی وەزارەتی کارەبا لەسەر کەمی کارەبا بۆ ڕای گشتی و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕوون بکاتەوە، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە دەستپێشخەریەکە لەو (١٢) پەرلەمانتارە بەڕێزە بووە کە دانیشتنەکە و سەرۆکی پەرلەمانیش ئیشارەتی پێی کردووە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامە؟ مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنی ڕابردوو پرسیارێکم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد کە هیچ ڕێکارێك گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی کە بە حکومەت بوترێ ئەو فەترە زەمەنییەی کە دیاری نەکراوە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی ..........

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مژدە خان ئەوە نوقتە نیزام نییە، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێویستیم بە وەڵامە لەبەرئەوەی پرسیارتان ئاراستە ........ .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، ئێستا ئەو پێشنیازە یاسای بۆنە فەرمییەکانی تورکمان ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین و گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی

لەسەر ئامادەبکەن، ئەو پرۆژە پێشنیازە یاساییە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی هەر بیست رۆژەك ماوە خولی پاییزە خلاس بێت، داوا دەکەین سیفەکی ئیستعجال بۆنەکانی تورکمانی بکرێت، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستت لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتە بە پێی ماددەی (٩٢)، بەڕێزان بە پێی ماددەی (٩٢) بۆ بەخشینی خەسڵەتی بە پەلە بە ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەماوەی هەفتەیەك لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایە ئەم پێشنیارە هەیە، چەند کەس لەگەڵە ئەم خەسڵەتە بە پەلەی پێ بدرێت دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٥٥) پەرلەمانتار سیفەتی بە پەلە دەدەینە ئامادەکردنی ڕاپۆرت، ئێستاش دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەم دەکەین، نوقتە نیزامە کاك کاروان لەسەر چ خاڵێك؟ فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت من ئیحترامی زۆرم بۆ ڕۆژی نیشتمانی خوشك و برا تورکمانەکان، بەڵام یەك دنیا کێشەی گەورەترمان هەیە لە پەرلەمانە کە ... .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان نوقتە نیزام نییە، ڕێگەت پێ نایەم، پێکهاتەی تورکمان پێکهاتەیەکی ئەسیڵی ئەم وڵاتەن بە پێی یاسا و بنەما دەستورییەکان مافەکانیان پارێزراوە، بۆیە ئێمە مامەڵەیەکی پەیڕەوی دەکەین بە پێی ماددەی (٩٢) پێشنیارێك کراوە خەسڵەتی بە پەلە بدرێ و دەنگی هێناوە، ئێستا دەچینە سەر جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەم، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩٢) دەڵێ (پەرلەمان بە خەسڵەتی بە پەلە دەڕوانێتە پرۆژە و بڕیاری تایبەت بە بودجە و ئیعتماداتی زێدەگی و ژمێرە کۆتایی)، ئەمە هیچ پەیوەندی بە ئەمەوە نییە،.. .

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەروەها دەتوانێ بڕیار لەسەر هەر بابەتێکی تری بەپەلە بدات، کاك سۆران ئەوەش لە بڕگەکە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر چی بابەتی بەپەلەمان بڕیار داوە، هەفتەی داهاتوو پرۆژەی چاکسازی دێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران تەواو نوقتە نیزامی نەبوو، دەچینە سەر جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەم کە خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای ریکگلامی بازرگانییە، بۆیە داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەین تەنها دەستەی سەرۆکایەتیان لێرە بمێنێ ئەندامانی تری بەڕێز بچنەوە شوێنی خۆیان، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی رۆشنبیری و شارەوانی دەکەین ئەوانیش بێنە شوێنی خۆیان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەم لەبەرنامەی کار دەکەین کە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانییە، بەڕێزان هەروەك ئاگادارن لە دانیشتنی ژمارە (٦) ی ئاسایی و وەرزی دووەم کە لە رۆژی ١٠/٣٠ بەڕێوەچوو خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کرابوو، ئاراستەی هەر سێ لیژنە بەڕێزەکەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی شارەوانی و تێکڕای ئەندامان کرابوو، لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم پێشنیازە و لەسەر پێشنیازی بەڕێزان لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە لە دانیشتنی پێشووتر گفتوگۆ لەسەر خوێندنەوەی دووەممان دواخست بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ، ئەم سێ لیژنە هەمیشەییە بەڕێزە ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئامادەکردووە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری بازرگانی، ئێستا داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بە پێی حوکمی ماددەی (٨٧) بڕگەی یەکەم و دووەم دەقی ئەو پێشنیازە یاسایەی کە لەلایەن ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتارانی بەڕێز پێشکەش کرابوو، واتە ئەسڵی دەقەکە ئەوەی کە پێش خوێندنەوەی یەکەم خرابووەڕوو پێشکەش کرابوو ئەوە بخوێننەوە، دواتر داوا لە لیژنەکانی تر دەکەین بۆ ئەوەی دەقی ڕاپۆرتەکەشیان بخوێننەوە، دواتر دەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست بۆ ئەوەی بەپێی ماددەی (٨٧) بڕگەی یەکەم و دووەم ئێوە بڕیار بدەن کامیان ببێتە بنەما بۆ گفتوگۆکردن، فەرموون بەڕێز لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پێشنیازە یاسا ئەسڵییەکەی کە ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیری کرابوو ئەم پرۆژەیەیە کە بۆتانی دەخوێنمەوە.

پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم

## بڕگە گشتییەکان

ماددەی/١

مەبەستی ئەم دەستەواژە و زاراوانە لەم یاسایەدا هاتوون ماناکانی لەبەرامبەریان دا نووسراوە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٢- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٤- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٥- حکومەتە خۆجییەکان: یەکە کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٦- ریکلامی بازرگانی: چالاکییەکە کە لەڕێگەی بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی پەیوەندی کردن بە ئامانجی برەودان بە کاڵا یان خزمەتگوزارییەك بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی.

٧- داخوازیکاری ریکلام: کەسێك یان لایەنێکە کە داواکاری ریکلامەکە بۆ مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانی.

٨- بەرهەمهێنی ریکلام: کەسێکە یان کۆمپانیایەکە کە ریکلام بەرهەم دەهێنێت بە پێی داخوازی کاری ریکلام دەبێ بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی جەماوەری.

٩- بڵاوکەرەوەی ریکلام: کەسێك یان لایەنێکە کە ریکلام بەشێوەیەکی جەماوەری بڵاودەکاتەوە بۆ ئەم بڵاوکردنەوەیەش پەنا دەباتە بەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یان هۆیەکانی پەیوەندی کردن.

١٠- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن: واتا تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان و بڵاوکەرەوە خولەکییە چاپکراوەکان.

١١- هۆیەکانی پەیوەندی کردن: واتا تۆڕەکانی ئینتەرنێت و تەلەفون و ئەو پرۆگرامانەی پەیوەندی کردن کە لە ڕێگەی مۆبایل و پەیوەندی کردنەوە ئەنجام دەدرێت.

١٢- هۆیەکانی گواستنەوە: جۆرەکانی ئۆتۆمبیل و پاس و ماتۆر و پاسکیل و شەمەندەفەر و فرۆکە دەگرێتەوە.

١٣- کاڵا: بەرهەمێکی پیشەسازیی یان کشتوکاڵییە یاخود گوێزەرەوە یان ماددەی سەرەتایی یان هەر بەرهەمێك کە بکێشرێت یان بپێورێت و ریکلامی بۆ بکرێت.

ماددەی/٢

مەودای بەکارهێنانی ئەم یاسایە

ئەم یاسایە بۆ هەر ریکلامێکی بەرهەمهێنراو ڕێکخراو یان بڵاوکراوە لەهەرێمی کوردستان دا بەکاردەهێندرێت.

بەشی دووەم

پێداویستی و ڕێگەپێ نەدراوەکان

ماددەی/٣:

پێداویستیە گشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام:

١- دەبێ ریکلام راستگۆیانە قابیلی تێگەیشتن و ڕوون و ڕەوان بێت

٢- ئەو ریکلامە چاپکراوانە پێویستیان بە مۆڵەت هەیە دەبێ ناوی ئەو لایەنەی مۆڵەتی داوە و هەروەها ژمارەی مۆڵەتەکەشی لەگەڵ دابێت.

٣- لە کاتی بەکارهێنانی زانیاری ئاماری و ئەنجامەکانی توێژینەوەدا دەبێ ڕەچاوی سەرچاوە گونجاوەکان پەیوەست بکرێن.

٤- لەریکلامی ئەو کاڵایەی قابیلی ئاگر گرتن یان مەترسیدارە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو کاڵایە بکرێت.

ماددەی/٤:

ئەم چالاکیانەی خوارەوە لەبەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامدا ڕێگەپێ نەدراون.

١- ریکلامی ئەو چالکییانەی کە پێویستیان بە مۆڵەتە، بەڵام مۆڵەتیان وەرنەگرتووە.

٢- ئەم یاسایە ناچێت بۆ هەر چەشنە ریکلامێکی سیاسی، ئایینی یان جێگای ئایینی و هەرچەشنە هەواڵ و زانیاری یان ڕاگەیانکراوێك، جگە لەو چالاکییانەی کە پەیوەندیان بە بازرگانی یان بە بازاڕکردنەوە هەیە بەکاربهێندرێت.

٣- ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.

٤- ریکلامی ئەو بەرهەمەی بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت قەدەغە و ڕێگەپێ نەدراون بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانی کردنیان هاوردەکردنیان لەڕێگەی سنوورەکانەوە.

٥- ئابڕوو و چاکە ناوبانگی پیشەیی تاك یان توێژێك پێشێل بکات یان لەڕێگەی بەراوردی نادروستەوە لە نرخی بەرهەمەکانی خەڵکانی تر کەم بکاتەوە.

٦- ریکلام ئەو بەرهەمە نەسەلمێنراوانەی کە پێویستە ڕەچاوی پێوەرەکانی ستانداردی جۆرێتی تەندروستی بێ بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان.

٧- ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کردەیەك یان کۆمەڵە کردەیەك کە لە دژی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێم.

٨- ریکلامی ئەو پرۆژانەی کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگە هەیە و ناکۆکن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی ژینگەپارێزی لە هەرێم دا.

٩- هاندەر بێ بۆ توندوتیژی و پۆرنۆ گرافی و ئیستغلالی جنسی یان دەبێتە هۆی مەترسی دروست کردن بۆ سەر ژیان و تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵگا.

١٠- بەکارهێنانی سومبول و سرودە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد و ئایینەکانی کورد و کەسایەتییە ئایینیەکان.

١١- یەکرێزی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان تێك بدات.
١٢- سوکایەتی بە بەرهەمە هونەری و مێژوویی و نەتەوایەتی و کلتورییەکانی هەرێم بکات.
١٣- دەستەواژەی نەشیاو وێنەی وای تێدابێت یان توندوتیژ بێ کە دژی بەهای کلتوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ئایینەکانی هەرێم بێت.
١٤- پێشێلی یاساکانی تایبەت بە خاوەنداری فکری بکات.
١٥- بانگەشە بۆ جیاکاری ڕەگەزی جێندەری بکات.
١٦- بەرهەمی ناوخۆی بەخراپ و بێ کەڵك ناوببات.
١٧- ببێتە هۆی ڕەنجاندن و ئازاردانی دەروونی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەگمەن بوون.
١٨- هەندێك دەستەواژە وەکو (١٠٠% گرەنتی، ١٠٠% بەسوود) بێ هاوتاترین و هاوشێوەکانیان بەکارهێنرا بێ.
١٩- ناوهێنانی ناوەندێك یان دەزگایەکی زانستی بۆ یەکلاکردنەوەی باشی کاڵاکە بەبێ ئەوەی لەلایەن سەرچاوەیەك باوەرپێکراوە یەکلایی کرابێتەوە.
٢٠- نووسین و وێنەی وای تێدابێت کە ناوەڕۆکەکانی ئاماژە بێت بۆ ئازاردانی ئاژەڵ.
٢١- بەسووك تەماشاکردنی ئایینەکان و دابونەریتەکانی نەتەوەو پێکهاتەکان و شێوازەکانی لە هەرێم.
٢٢- ریکلام بۆ ئەو کاڵایانەی خوارەوە رێگەپێنەدراوە:
١/ ماددەی هۆشبەر یان ئەو ماددانەی هەمان کاریگەری ماددەی هۆشبەریان هەیە.
٢/ قومار و گرەو تەرخان کردنی خەڵات و ڕاکێشانی تیروپشك لە ریکلامەکان دا تەنها لەو کاتانەدا کە ڕێگەپێدراوە بەشێوازێك هەلومەرجی سوودمەند بوونی گشتیان تێدابێت بە تەواوەتی ڕوون و ئاشکرا بێت لە جێ بەجێ کردن و دڵنیایی تەواو بدرێت.
٣/ پۆرن و کاری لەشفرۆشی و نیشاندانی جەستەی ژن بە ڕووتی و نیمچە ڕووتی بۆ مەبەستی سەرنج ڕاکێشان و ڕەواج پەیداکردن.
٤/ خواردنەوە کهولییەکان.
٥/ چەك و تەقەمەنی و یاری ئاگری.
٦/ توتن و جگەرە.
٢٣- ریکلام قەدەغە کراو لە بواری تەندروستی دا:
یەك/ ریکلامی دەرمانێك لیستی تۆماری دانەبێت.
دوو/ ریکلامی دەرمان بە ناوی بازرگانییەکەیەوە.
سێ/ریکلامی کارگەکان بەرهەمهێنانی دەرمان کە مۆڵەتی حکومەتیان نییە.

چوار/ریکلام بۆ ڕێکخراوی تەندورستی بێ مۆڵەت و پسپۆڕی ڕێگەپێنەدراو و شێوازی چارەسەرکردنی یان خزمەتگوزاری نەچەسپاو و نەسەلمێنراو.
پێنج/ ریکلام بۆ ئەو دەرمانانەی کاریگەریان لەسەر مێشك و دەروون هەیە و رەزامەندی نووسراوی پزیشکی و پسپۆڕی لەو بوارە بۆ وەرنەگیراوە.
شەش/ ئەو ریکلامانەی تایبەتن بە دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و ئەکتەری ریکلامکارەکان پزیشکێك یان پسپۆڕی دەرمانساز نەبن.

٢٤- ڕێگەپێنەدراوەکان لە ریکلامی منالاّن دا:
١/ بێ ڕێزی کردن دایك و باوك سەرپەرشتیارانی منالّ.
٢/ نیشاندانی ریکلام لە ماوەی بەرنامەی منالاّندا، هەروەها لە ماوەی پێنج خولەك پێش و پێنج خولەك دوای ماوەی منالاّن.
٣/ پێشنیاز کردنی شێوەی ڕاستەوخۆ یان کاریگەری دانان لەسەر منالّ بۆ ئەوەی دایك و باوك یان کەسانی تر ڕازی بکەن تا کالاّی ریکلام بۆ کراویان بۆ بەدەستبهێنن.
٤/ سەرنج ڕاکێشانی منالّ کە خاوەنداریّتی منالّ یان ئەو کالاّیە وایان لێ دەکات کە لە منالاّنی تر پێشکەوتوو تر بن، یان بۆ ئەوەی نەبوونی ئەو کالاّیە ئەوان لە ئاستی منالاّنی تر دوا دەخات.
٥/ بە کەم نیشاندان یان بە زۆر نیشاندانی ئاستی زانیاری و ئەزموون و کردەوەی پێویست بۆ مندالّ لە کاتی بەکارهێنانی کالاّیەك دا.
٦/ بەکارهێنانی مندالّ لەریکلام کردندا بۆ کالاّ یان خزمەتگوزارییەك کە منالّ بەکارهێنەر یان کڕیاری نین.
٧/ نیشاندانی مندالّ لە جێگەیەکدا کە لەگەڵ تەمەنی ئەو دا ناگونجێت.

٢٥- ریکلام بۆ بازرگانی کردن بەو ئاژەڵانەی دەگمەنن و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.
٢٦- ریکلام کردن بۆ کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی ئاژەڵی کێوی یان ڕەنگی ڕووەکی نایاب یان کە ڕاوکردن و لێکردنەوەیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە پێی بڕیاری حکومەت ڕێگەپێنەدراوە.

ماددەی/٥:
پابەند کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بڵاوکردنەوەی ریکلامی هۆشیاری ژینگەیی بێ بەرامبەر و نابێ لە دوو خولەکیش کەمتر بێ لە ماوەی (٢٤) کاتژمێری شەو و ڕۆژێك دا.

بەشی سێیەم
پێداویستی و ڕێگە پێنەدراوەکان
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان
داوا دەکەم ئەگەر جەنابتان ڕازی بن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی بیخوێنێتەوە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم
پێداویستییەکان و ڕێگە پێدراوەکان و مافەکان
ماددەی/٦:
بڵاوکردنەوەی ریکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە:

١- جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسا دیاری کراون، ریکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام دەبێت پێشتر پکهاتن کرابێ لەگەڵ خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە یان نوێنەری خاوەنی خۆی گواستنەوەکە.
٢- حکومەتە خۆجێیەکان پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت بە لەبەرچاو گرتنی هۆیەکانی سەلامەتی هاتوچۆ، سەلامەتی پێداویستییە ستاندارەکان، بڵاوکردنەوەی هۆیەکانی گواستنەوە فەراهەم دەکەن.

ماددەی/٧:
ریکلام لە شوێنە گشتییەکان دا:

١- بڵاوکردنەوەو دانانی ریکلام لە شوێنی گشتییدا لەسەر باڵەخانە ناحکومییەکان لە شەقام چوارڕیانە گەورەکان دا بە دانانی پۆستەر لەسەر ستوون، گڵۆپی ڕووناك کەرەوە و کەرەستە نەگەڕۆکەکانی تر ڕێگە پێدەدرێت بە مەرجی وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەتی خۆجێی.
٢- حکومەتە خۆجێیەکان پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت دەبێ سەلامەتی پێداویستییە ستاندارەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە شوێنە گشتییەکاندا دەست نیشان بکەن.
٣- نابێ ریکلام لە شوێنە گشتییەکان دا لەگەڵ نیشانەکانی هاتووچۆ دا هاوشێوە بن و ببنە بەربەست بۆیان و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆ بگەیەنن.
٤- ریکلام لەو شوێنانەدا قەدەغەیە:
   ١/مزگەوت و کەنیسە و پەرستگا و شوێنەوارە دێرینەکان و دیواربەندەکانیان.
   ٢/ داموەزگاکانی دەوڵەت و ئەو جێگا و بینایانەی کە موڵکی دەوڵەتن.
   ٣/ مۆنۆمێنت و باخچە گشتییەکان و دیواربەندەکانیان.

٤/ هەر جێگایەکی دیکە کە حکومەتە خۆجێییەکان دیاری دەکەن.

٥- حکـومەتە خۆجێییەکـان پاڵپشـت بە یاسـا و ڕێنماییەکـان دەتـوانن ٢٠% داهـاتی بەدەسـتهاتوو لە دانـانی ریکـلام لە شـوێنە گشـتییەکان دا بـۆ مەبەسـتی بـاش کردنـی ڕێگاوبانەکان بەکاربهێنن.

٦- حکـومەتە خۆجێیەکـان بـۆ لابردنـی ریکلامـی هەڵمەتـی هەڵبـژاردن و سـەلامەتی دیـاری کردنـی سـزای لانەبـردن و ریکـلام لە شـوێنە گشـتییەکان دا دوای تەواوبـوونی وادەی یاسایی دیاری کراوی هەیە.

٧- مەرجەکانی ڕێگاپێدان بۆ هەڵواسینی ریکلام لە شوێنە گشتییەکان دا:

١/ ماوەی مۆڵەتی دانانی ریکلام تەنها دوو ساڵ دەبێـت و قـابیلی نـویێ کـردنەوە دەبـێ و داواکار مانگێك پێش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی داوای نویێ کردنەوە بکات.

٢/ لە ماوەی مۆڵەتی ریکـلامە کاتییەکـان دا بەڕێککەوتـن لەگەڵ حکـومەتە خۆجێییەکـان دەبێت.

٣/ نابێ لە کاتی رۆژدا ڕادەی تیشکی ڕوناکی سەر شاشەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی سـەر شـەقامەکان لە پێـنج هەزار (لـوکس لـومز م٢ )تێـپەڕ بـێ و لە شـەوانیش دا نـابێ لە (لوکس لومز م٢ )زیاتر بێ.

ماددەی/٨:

بڵاوکردنەوەی ریکلام لەڕێگەی تەلەفون و تۆرەکانی پەیوەندی کردنەوە:

١- پاش ڕاگەیاندنی ئەو زانیارییانەی پشکدار داوای دەکات دەبێ ریکلام لە ڕێی خزمەتگوزاری تەلەفونی و تۆرەکانی پەیوەندی کردن پێشکەش بکرێت.

٢- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ریکلام بـۆ داخـوازی کـاری ریکـلام دەسـتەبەرە بەمەرجێـك لەبەرامبەر ریکلامەکە دا بڕێك پارە کە هەردوولا لەسەری ڕێك دەکەون بە پێی یاسای دیاری کراو بداتە کۆمپانیاکانی تەلەفون یان تۆرەکانی پەیوەندی کردن.

٣- ئەگەر داخـوازی کـاری ریکـلام مەرجە یاسـاییەکانی ریکلامـی جـێ بەجـێ کـرد و لایەنـی بەرامبەر ئامادەنەبوو ریکلامەکەی بۆ بڵاوبکاتەوە بـۆی هەیە سـکاڵای یاسـایی لەدژی تۆمـار بکا و داوای قەرەبووبکات.

ماددەی/٩:

بڵاوکردنەوەی ریکلام لەڕێگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە:

١- ریکلام کردن وەك ناوبڕ لە نێوان فیلم، دۆکیۆمێنتەری یان شـانۆیی و ڕادیـۆیی و پێویسـتی لە مۆڵەتی دانەری ئەو بەرهەمانەیە یان هەڵگری مافی کۆپی ڕایتە.

٢- لەماوەی پەخشی بەرنامەکانی منداڵان دا دەبێـت تەنهـا ئەو ریکلامـانە بڵاوبکـرێنەوە کە بـۆ منداڵانن.

٣- لەماوەی پەخشی بەرنامەی پەروەردەیی دا دەبێ تەنها ئەو ریکلامانانە بڵاوبکرێنەوە کە پەیوەندیدارن بە پەروەردە.

ماددەی/١٠:

بڵاوکردنەوەی ریکلام لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە:

١- بڵاوکردنەوەی ریکلام رێگای پێ نادرێ ریکلامی خۆی یان هەر کەس و دامەزراوەیەکی دیکە لە گۆشەیەکی ماڵپەرەکەی دابنێ ئەگەر پێشتر مۆڵەتی ریکلام لەو جێگەیە دا بە کەس و لایەنی تر درابێ.

٢- هەموو ئەو مەرج و پێداویستیانەی لە بڵاوکردنەوەی ریکلام دا کە لە ماددەی (٣ و ٤ و ٥ و ٦ و ٧و ٨و ٩)ی ئەم یاسایەدا هاتوون لە بڵاوکردنەوەی ریکلام دا لە ئینتەرنێت جێ بەجێ دەکرێ.

بەشی چوارەم

ماف و رێکخستن و سزاکان

ماددەی/ ١١:

مافەکان

١- سپۆنسەر بۆی هەیە بە رێککەوتن لەگەڵ خاوەن یان کەسی یەکەمی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڕیار لەسەر دەست نیشان کردنی وادە و شوێنی ریکلام بدات.

٢- بەرهەمهێن و بڵاوکەرەوەی ریکلام مافی ئەوەیان هەیە داوا لە پشکداری ریکلام بکەن بەڵگەی متمانە پێکراوی زانیارییەکانی و هەروەها مۆڵەتی کاڵای ریکلام بۆ کراو ڕادەست بکات.

٣- ئەو کەسەی زانیاری دەربارەی بەرهەمهێن و بڵاوکەرەوەی ریکلام بەدەست هێناوە پێویستە نهێنیەکانی ئەو لایەنە بپارێزێ.

٤- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن مافیان هەیە سوودمەند بن لە ریکلامەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و دەبێت مافی چوون یەکیان لەبڵاوکردنەوەدا بۆ زامن بکرێ.

٥- لە حاڵەتی نیشاندانی تاك ناوەکەی، ناوبانگی، ژیانی، سامانی، کاری هونەری، یان گێڕانەوەی قسە و گوتەکانی یاخود بەکارهێنانی شێوازەکانی تری نیشاندان لە ریکلام دا پێویستە پێش بەرهەمهێنانی ریکلامەکە مۆڵەتی ئەو کەسە یان میراتگرەکانی بەدەست هێنابێت.

٦- ئەگەر بەرهێنەر یان بڵاوکەرەوە یاخود داخوازی کاری ریکلام بە بڕیار یان هەڵسەنگاندنی وەزارەت ڕازی نەبن بۆیان هەیە سکاڵا لەدژی وەزارەت تۆمار بکەن.

ماددەی/١٢:

ڕێکخستن

١- بۆ ڕێکخستنی ریکلام بەڕێوبەرایەتییەك لە ناو وەزارەت دا بە ناوی بەڕێوبەرایەتی چاودێری کردنی ریکلام دروست دەکرێت.

٢- بەڕێوبەرایەتی چاودێری کردنی ریکلام ئەم ئەرکانەی دەبێت:

١/ چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە پاڵپشت بە ڕێنماییەکانی وەزارەت.

٢/ گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕی لە حاڵەتی پێشێلکردنی ئەم یاسایەدا.

٣/ بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەرگری دەکات لە ماف و بەرژەوەندی بەرهەمهێنی ریکلام داخوازی کاری ریکلام، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وەرگر لە بڵاوکراوەی ریکلام دا.

٤/ ڕاگرتنی بڵاوکردنەوەی ریکلامێك کە پێشێلکاری یاسایی تێدا بێت.

٥/ تۆمارکردنی سەرپێچیەکان و کۆکردنەوەی بەڵگە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ وەزارەت.

ماددەی/١٣:

سزاکان

١- ئەگەر ریکلامێك بڵاوکرایەوە پێچەوانەی بڕگەکانی ئەم یاسایە بوو ئەوا داخوازی کاری ریکلام، بەرهەمهێنی ریکلام بڵاوکەرەوەی ریکلام سزا دەدرێن بە غەرامەکردنی بڕێك کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٢٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

٢- لەحاڵەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلکاریەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە سزاکە دووهێندە زیاد دەکرێ و بەرهەمهێنی ریکلام بۆ ماوەی سێ مانگ مۆڵەتەکەی هەڵدەپەسێردرێت.

٣- هەرکەسێك بە مەبەست هەڵسێ بە کردنەوەی یان دڕاندن یاخود شێواندنی ریکلامێکی ڕێگەپێدراو سزا دەدەرێ بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ و هەروەها قەرەبووکردنەوەی کەسی زیان لێ کەوتوو کە لە دوو ملیۆن دینار کەمتر و لە (٢٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

٤- دوای ئاگاداركردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەبڵاوکردنەوەی ریکلامێك کە لەلایەن وەزارەتەوە بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵا لە دژییان لەلایەن داواکاری گشتی یان هەر کەس و لایەنێکی دیکە پێویستە ڕاستەوخۆ ریکلامەکە تا دەرکەوتنی ئەنجامی کۆتایی سکاڵاکە لە پەخش کردن و بلاوکردنەوە بوەستێنرێ، بە پێچەوانەوە دووبارە، چەند بارە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکە دوای بەرزکردنەوەی سکاڵا ئەگەر پێشێلکارییەکەی لەسەر ساغ بووەوە، لایەنی بڵاو کەرەوەی ریکلام سزادەدرێت بە غەرامەکردن کە لە پانزە ملیۆن دینار کەمتر و لە پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

٥- ئەگەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام پێچەوانەی ئەم یاسایە کاریان کرد ئەوا:

١/وەزارەت بە نووسراوی فەرمی ئاگاداریان دەکاتەوە.

٢/ ئەگەر دوای ئاگادارکردنەوە هەر بەردەوام بوون غەرامەیەك دەکرێن بە بڕێك کە لە دە ملیۆن دینار کەمتر و لە پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
٣/ ئەگەر هەر بەردەوام بوو مۆڵەتی کۆمپانیاکەی لێ وەردەگیرێتەوە.
ماددەی/ ١٤:
پێویستە لەسەر وەزارەت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.
ماددەی/١٥:
دوای بڵاوکردنەوەی ئەم یاسایە لەڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە
لەبەرگرنگی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە هاووڵاتیان و دروست کردنی کێبڕکێی دروست بۆ بە بازاڕ کردن و هەروەها کەم کردنەوەی لایەنە خراپەکان و زیان بەخشەکانی ریکلام ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەڕێزان دیارە ئەوەی کە خوێنرایەوە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند دەقی ئەو پێشنیازە یاسایە بوو کە لە خوێندنەوەی یەکەم دا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی لەسەری ئیمزا کرابوو کە لە دانیشتنی پێشووتر خرابووە ڕوو، دیارە ئەم سێ لیژنە تایبەتمەندە بەڕێزەش ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان ئامادەکردووە، بۆیە داوایان لێ دەکەین ڕاپۆرتە هاوبەشەکەیان بۆ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان، لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار، ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٨ کاتژمێر ١٢ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بە مەبەستی نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم تایبەت بە پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی

کوردستان ـ عیراق، دوا گفتوگۆ کردن و تاوتویّ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

ماددەی/١:

زاراوەکان

مەبەست لەم زاراوانە لەم یاسایەدا هاتوون ماناکانیان لەبەرامبەریان دا نووسراوە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٢- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٣- وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٤- وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٥- ئامرازەکانی میدیا: تەلەفزیۆن، رادیۆ، تۆڕو ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، رۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دیکە.

٦- ئامرازەکانی پەیوەندی کردن: هێڵەکانی تەلەفۆن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی کردن دەگرێتەوە.

٧- یەکەی کارگێری: پارێزگا، قەزا، ناحیە.

٨- ریکلامی بازرگانی: خزمەتگوزارییەکە لەڕێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ڕاگەیاندن، بە ئامانجی ڕەواج دان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یا بەرهەم بۆ مەبەستی هاندان بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی.

٩- داخوازیکاری ریکلام: کەسێکی سروشتی یان مەعنەوییە، کە داواکاری ریکلام دەکات بۆ مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانی

١٠- بەرهەمهێنانی ریکلام: کەسێك یان کۆمپانیایەك کە ریکلام بەرهەم دەهێنێت بە پێی داوا و داخوازی کاری ریکلام دەبێ بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی جەماوەری

١١- بڵاوکەرەوەی ریکلام: کەسێکی سروشتی یان مەعنەوییە کە ریکلام بڵاودەکاتەوە بۆ ئەم بلاوکردنەوەیەش پەنا دەباتە بەر ئامرازەکانی میدیا یان ئامرازەکانی پەیوەندی کردن

١٢- هۆیەکانی گواستنەوە: تەواوی هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی دەگرێتەوە

١٣- کاڵا: بەرهەمێکە بکێشرێت یان بپێورێت بە مەرجێك قەدەغەکراو نەبێ.

١٤- دیواربەند: ئەو دیوارەیە کە ریکلامی پێدا هەڵدەواسرێ.

ماددەی/٢:

مەرجە گشتییەکان

مەرجە گشتیەکان بۆ بەرهەمهێنانی بڵاوکردنەوەی ریکلام

١- پێویستە هەموو ریکلامێك مۆڵەتی لایەنی پەیوەنداری هەبێت، پێش بڵاوکردنەوەی ریکلام.

٢- دەبێ ریکلام راستگۆیانە و ڕوون و ڕەوان بێ.

٣- لەکاتی بەکارهێنانی زانیارییە ئەنجامەکانی تویژینەوەدا دەبێت سەرچاوە گونجاوەکان پەیوەست بکرێ.

٤- جگە لەو حاڵەتە لە یاسادا دیاری کراون ریکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە ئەنجام دەدرێت بەڕەزامەندی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە.

٥- یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت و بە لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانی سەلامەتی هاتوچۆ سەلامەتی پێداویستییە ستاندارەکانی بڵاوکردنەوەی هۆیەکانی گواستنەوە دابین دەکەن.

٦- بڵاوکردنەوە و دانانی ریکلام لە شوێنی گشتی ڕێگا پێ دەدرێ بە مەرجی وەرگرتنی ڕەزامەندی یەکەی کارگێڕی.

٧- یەکەی کارگێڕی پاڵپشت بە یاسا دەبێت سەلامەتی پێداویستییە ستاندارەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە شوێنە گشتی و تایبەتیەکان دا دەست نیشان بکەن.

٨- دەبێت یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکان ٥٠%ی لە داهاتی بەدەست هاتوو لە دانانی ریکلام لە شوێنە گشتی بۆ مەبەستی باشتر کردنی خزمەتگوزاری گشتی بەکاربهێنرێت.

٩- ماوەی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە ودانا ریکلام تەنها یەك ساڵ دەبێ و دەکرێ نوێ بکرێتەوە.

١٠- ماوەی مۆڵەتی ریکلام کاتییەکان بەرێککەوتن لەگەڵ یەکەی کارگێری دەبێت.

١١- ڕادەی تیشکی رووناکی سەر شاشەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی سەر شەقامەکان لەڕۆژدا لە پێنج هەزار لوکس لومز م٢ زیاتر نەبێت و لە شەوانیش دا لە دوو هەزار لوکس لومز م٢ زیاتر بێ.

١٢- دەبێت ئامرازەکانی میدیا ریکلامی هۆشیاری نیشتمانی، ژینگەیی، تەندروستی و هاتوچۆ بە بێ بەرامبەر بڵاوبکەنەوە.

ماددەی/٣:

ڕێگەپێنەدراوەکان

ئەم ڕیکلامانەی خوارەوە ڕێگە پێنەدراون:

١- نابێت ئەم یاسایە بەکاربهێندرێ بۆ هەر ریکلامێکی ئاینی، سیاسی، جگە لەو ریکلامانەی پەیوەندیان بە بازرگانییەوە هەیە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا.
٢- ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دا کە لە یاسا ناوخۆیی و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی پەسەندکراوەکان دا ئاماژەیان بۆ کراوە.
٣- ئەو بەرهەمانەی بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت ڕێگەپێ نەدراون بۆ بەرهەمهێنان و بازرگانی پێ کردن یان هاوردەکردنیان لەڕێگەی سنوورەکانەوە.
٤- ئابڕوو و ناوبانگی پیشەیی تاك، توێژێك بزڕێنێت یان لەڕێگەی بەراوردی نادروستەوە لە نرخی بەرهەمەکانی خەڵکی تر کەم بکاتەوە.
٥- ریکلامی ئەو بەرهەمە نەسەلمێنراوانەی پێویستە ڕەچاوی پێوەرەکانی ستانداردی جۆری تەندروستی بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.
٦- ببێتە هۆی ڕوودانی کردەیەك یان کۆمەڵێك کردە لە دژی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێم.
٧- ئەو پرۆژانەی کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگەهەیە و ناکۆکن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگەپارێزی لە هەرێم دا.
٨- هاندەر بێ بۆ توندوتیژی یان ببێتە هۆی مەترسی دروست کردن بۆ سەر ژیان و تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵگا.
٩- بەکارهێنانی سومبول و سرودە نیشتمانییەکان.
١٠- تێکدانی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمدا.
١١- سوکایەتی بێ بۆ ئەدەب و هونەر و نەتەوەیی لە هەرێم.
١٢- دەستەواژەی وێنە و جوڵەی نەشیاو وای تێدابێت کە دژی بەها کلتوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئاینەکانی هەرێم بێت.
١٣- پێشێلی مافی خاوەندارێتی و داهێنان و هزری بکات.
١٤- بانگەشە بۆ جیاکاری ڕەگەزی جێندەری بکات.
١٥- بەرهەمی ناوخۆی بەخراپ و بێ کەڵك ناوببات.
١٦- ببێتە هۆی بریندارکردن و ئازاردانی دەروونی بە گشتی و بە تایبەتی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەگمەن بوون.
١٧- ناوهێنانی ناوەندێك یان دەزگایەکی زانستی بۆ یەکلاکردنەوەی باشی کاڵاکە بەبێ ئەوەی لەلایەن سەرچاوەیەکی فەرمی پشتگیری کرابێ، وە رازامەندی ناوەندەکەیش وەرگیرابێت.
١٨- نووسین و وێنەی وای تێدابێت کە ناوەڕۆکەکانی ئاماژە بکات بە ئازاردانی ئاژەڵان.
١٩- بەکارهێنانی مرۆڤ وەك کاڵا لە ریکلام دا.
٢٠- ریکلام کردن بۆ ئەم بەرهەم و بوارانەی خوارەوە ڕێگە پێنەدراون:

١/مـــاددەی هۆشـــبەر یـــان ئەو مـــاددانەی هەمـــان کـــاریگەری مـــاددەی هۆشـــبەریان هەیە.
٢/قومار و گرەو تەرخان کردنی خەڵات و ڕاکێشانی تیروپشك لە ریکلامەکان دا تەنها لەو کاتانەدا کە ڕێگەپێدراوە بەشێوازێك هەلومەرجی سوودمەند بوونی گشتی لێیـان بە تەواوەتـی ڕوون و ئاشکرا بێت لە جێ بەجێ کردن و دڵنیایی تەواو بدرێت و مۆڵەتیان هەبێ.
٣/ پۆرنۆ و کاری لەشفرۆشی و نیشاندانی جەستە بە مەبەستی ورووژاندن.
٤/ چەك و تەقەمەنی و یاری ئاگرین.
٢١- ڕیکلام بۆ بازرگانی کردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ.
٢٢-ڕیکلام لەم شوێنانەدا ڕێگە پێنەدراون:
یەکەم/ شوێنە ئاینییەکان و ناوچە شوێنەواری و کەلەپووری و دیواربەندییەکانیان.
دووەم/ دام و دەزگای دەوڵەت و ئەو جێگایانەی موڵکی گشتین.
سێیەم/ مۆنۆمێنت، باخچە گشتییەکان، پەیکەر و سیمبولەکان.
چوارەم/ هەر جێگایەکی دیکەی کە یەکەی کارگێری دیاری دەکات.
٢٣-ڕیکلام بۆ بازرگانی کردن بۆ ئەو ئاژەڵانەی دەگمەنن و مەترسی لە ناوچوونیان لەسەرە.
٢٤-نیشاندانی دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر یان بە کارهێنانی دەستەواژەی نەشیاو.
٢٥-نابێت ڕیکلامی شوێنە گشتییەکان لەگەڵ نیشانەکانی هاتوچۆدا هاوشێوەبن و ببنە بەربەست بۆیان و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆ بگەیەنێت.
٢٦-ریکلامە رێگەپێنەدراوەکان لە بواری تەندروستی:
١-ریکلامی دەرمانێك کە لە لیستی تۆماری حکومەت دا نەبێت.
٢-ریکلامی دەرمان بە ناوە بازرگانییەکەیەوە.
٣-ریکلامی کارگەکانی بەرهەمهێنانی دەرمان کە مۆڵەتی حکومەتیان نییە.
٤-ریکلام بۆ ڕێکخراوی تەندروستی ڕێگەپێنەدراو.
٥-ریکلام بۆ پسپۆڕی تەندروستی ڕێگەپێنەدراو.
٦-ئەو ریکلامانەی تایبەتن بە دەرمان و کەرەستەی پزیشـکی ئەکـتەری ریکلامەکـان پزیشـك یـان پسپۆڕی دەرمانسازی نەبن.
٢٧- ڕێگەپێنەدراوەکان لە ڕیکلامی منداڵان:
یەکەم/ بێ ڕێزی بەرامبەر سەرپەرشتیارانی منداڵان.
دووەم/ پێشنیازکردن بە شێوەی ڕاستەخۆ یان کاریگەری دانان لەسەر منـداڵ بـۆ ئەوەی دایـك و باوك یان کەسانی تر ڕازی بکەن تا کاڵای ریکلامکراو بەدەست بهێنن.
سـێ/ سـەرنج ڕاکێشـانی منـداڵ بـۆ بەکارهێنـانی کـاڵایەك کە وای لـێ دەکـات لە منـداڵی تـر پێشکەوتووتر ببێت.

چوار/ به کەم نیشاندان یان بە زیاد نیشاندانی ئاستی زانیاری ئەزموون کردەوەی پێویست بۆ منداڵ لە کاتی بە کارهێنانی کاڵایەك دا.
پێنج/بەکارهێنانی منداڵ لە ڕیکلامکردندا بۆ کاڵا یان نیشاندانی منداڵ لە جێگایەك دا لەگەڵ تەمەنی دا نەگونجێت.
ماددەی (٤):
**سزاکان**
یەکەم/ ئەگەر ڕیکلامێك بڵاوکرایەوە پێشێلی مەرج و ڕێکەپێنەدراوەکانی ماددەکانی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایە بوو دەبێت:
١-ڕاستەخۆ ڕیکلامەکە لە پەخشکردن ڕابگیرێت.
٢-داخوازیکاری ڕیکلام بەرهەمهێنی ڕیکلام و بڵاکراوەی ڕیکلام سزا دەدرێت بە غەرامەکردن بە برێك کە لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠٠) پازدە ملیۆن زیاتر نەبێت.
٣-لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکانی بڕگەکانی ئەم ماددەیە سزاکە دوو هێندە زیاد دەکرێت.
دووەم/ هەر کەسێك بە مەبەست ڕیکلامێك لیچ بکاتەوە و یان بیدڕێنێت یاخود بیشێوێنێت سزا دەدرێت بە:
١-قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتوو.
٢-پابەند کردن بە چاککردنەوە و دانانی ڕیکلامەکە وەك خۆی.
ماددەی (٥):
لە کاتێك دا ئەگەر سزایەکی توندتر بۆ ئەم کردارە تاوانکارییانە لە یاسا کارپێکراوەکان دا هەبوو ئەو سزا توندەکە جێبەجێ دەکرێت.
ماددەی (٦):
پێویستە لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری ئەم یاسایە دەربکەن.
ماددەی (٧):
بەدەر لە حوکمی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی (٨):
ئەم یاسایە دوای (٦٠) ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیع) دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن:**

لەبەر گرنگی ڕێکخستنی ڕیکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە هاووڵاتیان و دروستکردنی کێبڕکێ بۆ بە بازاڕکردن و هەروەها کەم کردنەوەی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی ڕیکلام ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بەڕێزان ئەوەی کە خوێندرایەوە، نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری ڕۆشنبیری، وەزیری کارەبا، وەزیری هەرێم، بریکاری وەزارەتی شارەوانی، دوای خوێندنەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە یاخود ڕاپۆرتی هاوبەش بە پێی حوکمی ماددەی (٤٨) بڕگەی (دووەم) کە دەڵێ (تا گفتوگۆ لەسەر بڕگەیەکی بەرنامەی کار تەواو نەبێت بڕگەیەکی دی گفتوگۆی لەسەر ناکرێ)، پرسی کارەباش بابەتێکی گرنگی ئەمڕۆی کوردستانە تا ئێستا گفتوگۆمان لەسەر ڕیکلامی بازرگانی دەست پێ نەکردووە، ڕاستە ڕاپۆرتی هاوبەش خوێندراوەتەوە، بەڵام ئەگەر گفتوگۆ دەست پێ بکات بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ زۆر دەخایێنێت، بۆیە بۆ گرنگی ئەو بابەتە داواکارین تا گفتوگۆ دەستی پێ نەکردووە بە پێی ئەو ماددەیە ماددەی (٤٨) بڕگەی (دووەم) پێش و پاش یەك بخرێت و بڕگەی (سێیەم) بخرێتە جێگای بڕگەی (دووەم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سۆران نوقتەی نیزامە؟ فەرموو، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسانەوە بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیران دەکەم، بۆ پشتگیری لەو داوا حەقەی کە کاك ئومێد پشتگیری دەکەم، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو پێشنیازە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك سیروان، کاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پێشنیازێك دەبێ سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری بکات بۆ ئاڵوگۆڕ لەو بەرنامە، بە هۆی ئەوەی کە هێشتا گفتوگۆ دەستی پێ نەکردووە و پرسی کارەبا ئانی ترە، ئیجازە دەخوازین لە

بەڕێزتان، لە ڕێی بەڕێزتانەوە لە وەزیری ڕۆشنبیری و وەزیـری هەرێـم ئەم بـڕگەیە پـێش بخـرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشـــت بەو بۆچـــوونەی بەوەی کە لە مـــاددەی (٤٨)دا هـــاتووە، مـــن هەر پێشـــنیاز دەکەم گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی ڕیکلام هەڵپەسێردرێ ئەگەر بتـوانی سـبەینێ دانیشتنێکی تایبەتی بۆ بکرێ، هەڵپەساردنی و دواتر بۆ ئەهمیەتدان بە پرسی کارەبا.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مەم، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکان کە کارەبا لای لیژنەکەی ئـێمەیە، مـن لەم فەرسەتەشـدا کە چـوومە دەرەوە هەم لە ئەنجـومەنی وەزیـران و وەزارەتـی دارایـی بەدواداچوونم کردووە بـۆ حەلـی کێشـەی نەوت، بـابەتەکە ئـانیە و بـۆیە لەسـەرەتای جەلسـەش داوام کرد، هیوادارین بخرێتە خاڵی یەك.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بە پێی ماددەی (٤٨) بڕگەی (دووەم) لەبەر ئەوەی گفتوگۆ دەستی پـێ نەکـردووە لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان، ئەگەر گفتوگۆ دەستی پێ بکردایە نەماندەتوانی ئەو داوایە وەرگرین بە پێی خاڵی پەیڕەوی دەبوایە بمانخستایە بـۆ دانیشـتنی دوای ئەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گفتوگـۆ دەسـتی پـێ نەکـردووە، ئەو پێشـنیازەش هەیە لەلایەن ژمـارەی یاسـایی پەرلەمانتـارانی بەڕێـز بـۆ ئەوەی بـڕگەی (سـێیەم) لەبەر ئەهمیەتـی بـابەتەکە و پرسـی کارەبـا و پرسـی دابـین نەکردنـی نەوتـی سـپی بـۆ هاووڵاتیـان کە لەلایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانی بەڕێزەوە داوا کراوە، دەخەینە دەنگدان، ئەگەر زۆرینەی دەنگی پەرلەمـانی بەدەسـت هێنا ئەوا دەست دەکەین بە جێبەجێ کردنی ئەو بڕگەی کارنامەی پەرلەمـان، تکـایە چەنـد کەس لەگەڵ ئەو بڕگەیە بهێنرێتە پێش؟ بە کۆی دەنگ، پیرۆزباییتان لێ دەکەین، دەستتان خۆش بـێ، بابەتێکی نیشتیمانی هاووڵاتیانی کوردستانە، بۆیە ئەم کۆی دەنگە دەلالەتی پەرۆشـی سـەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستانە، ئێستاش بەڕێـزان دەسـت بە جێبەجـێ کردنـی بـڕگەی، داوا لە لیـژنە هەمیشەییەکان دەکەین بچنەوە جێی خۆتان بێ زەحمەت، بەڕێزان ئێستاش دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵێکی تری بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەین، بە پێی حوکمی بڕگە (چوارەم)

ماددەی (٤٨) لە پەیڕەو داوای ژمارەی یاسایی ئەندامان دەستەی سەرۆکایەتی دوێنێ بڕیاری دا بەزیادکردنی بڕگەیەك بۆ کارنامەی ئەمڕۆی دانیشتنەکەمان کە بریتی یە لە بابەتی گفتوگۆکردن، واتا قسەکردن و تاوتوێ کردن بەڕێزان، بۆ ئەوەی ڕوون بێ لاتان، قسەکردن و تاوتوێ کردنە، واتا پرسیار کردن و بابەتی تر نیە، قسەکردن و تاوتوێ کردنی بابەتی پرسی کێشەی کەمی کارەبای نیشتیمانی و دابەش نەکردنی سوتەمەنی لە وەرزی سەرمایەدا بەسەر هاووڵاتیان، جارێکی تریش بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەین، کە بە پێی ماددەی (٤٣) لەسەر داوای خۆی ئەمڕۆ لێرە ئامادە بوو بۆ خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی، بەڕێزان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەو بەڕێزانەی کە ئەو داوایەیان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە و ئیمزایان کردووە بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن یەکەم جار دەرفەت بەو بەڕێزانە دەدەین بە پێی ئەو ڕیزبەندەی کە ناوەکانیان نووسیوە، بەڵام تکاتان لێ دەکەین ئەو بەڕێزانەی کە گفتوگۆ دەکەن قسەکان دووبارە نەبن، لەچوارچێوەی بابەتی کەمی کارەبا و دابەش نەکردنی سووتەمەنی زیاتر تێنەپەڕن، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خولی پێشووشدا عورفێك هەبووە کە بۆ بابەتی مەعنی لیژنەی مەعنی ئەولەویەتی پێ دەدرێ بۆ قسە کردن لەسەر ئەو بابەتە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاساییە کاك علی دەست پێ دەکەین، بەڕێز کاك دیاری أنور حەمە رحیم، فەرموو، بەس تکایە پابەندی کات و ناوەڕۆکی قسەکان بن.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی هەر یەك لە بەڕێزان وەزیری کارەبا، وەزیری ڕۆشنبیری، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، کێشەی کارەبا یەکێکە لە کێشە بەردەوام و ئانییەمان لە هەرێمی کوردستان دا، ئەو کێشەیە یەکێکە لەو کێشانەی کە بەردەوام زیندووە، بەردەوام لەگەڵمان دا دەژی، بۆیە ئێمە کە ئەو پێشنیازەکان کرد بۆ ئەوەی کە بزانین کێشەی کارەبا لە ئێستادا کە جەنابی بەڕێز وەزیری کارەبا خۆی لێرەیە، ئەم کێشەیە تا کەی بەم جۆرە با بڵێین دوای (٢٩) ساڵ بەردەوام دەبێ؟.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری ئەوە پرسیارە، کاك دیاری تکا دەکەم، ئەوە پرسیارە، لەبەر ئەوەی دوێنێ ئێوە کە ئەو داواتان جێبەجێ کرد نەتاندەزانی کە وەزیری کارەبا دێت، بۆیە بابەتەکەتان بۆ قسە کردنە نەك بۆ پرسیار، تکات لێ دەکەم کاك دیاری بۆ ئەوەی قەتعت نەکەم.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

باش، وەزارەتی کارەبا دەڵێت لە ئێستادا وەزارەتی کارەبا (٣٥٨٠) مێگاوات بەرهەم دەهێنێت و بەرزترین داواکاری هاووڵاتیان بۆ کارەبا (٦٠٠٠) مێگاواتە، بەڵام لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان (٩) کاتژمێر بۆ (١١) کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی دەدرێت، ئەگەر هەر سەیری ژمارەکان بکەین (٣٥٨٠) مێگاوات دەبێ بەپێی زمانی ژمارە بێت، دەبێت نزیکی (١٥) کاتژمێر سەروو (١٢) و (١٥) کاتژمێر کارەبای نیشتیمانی هەبێ لە هەرێمی کوردستان دا، ئەوە یەکێك لەو خاڵانە، خاڵێکی دیکە بەردەوام لە کاتی هاتنی وەرزی سەرما و هاتنی وەرزی گەرما کێشەی کارەبا جارێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە و بەرۆکی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەگرێ لە کاتێکدا بۆ نمونە بە تایبەت لە وەرزی سەرمادا وەکو ئەوەی کە کارەبای نیشتیمانی بە پێی پێویست نییە و نەك وەکو پێویست نییە، زۆر زۆر کەمە، سووتەمەنیش بەسەر هاووڵاتیان دا دابەش ناکرێ بۆ ئەوەی بتوانن ماڵەکانیان گەرم بکەنەوە، بۆیە من داوا دەکەم ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەگەڵ هاوڕێکانم لە پەرلەمانی کوردستان کە ئێستا بە کۆی دەنگ بڕیارمان دا ئەم بڕگەیە بێتە پێشەوە، ئەمڕۆ تەنها بە قسە لەم پەرلەمانی کوردستانە با بلێین دانیشتنەکە کۆتایی نەهێنین، بەڵکو لێرە بڕیاری گرنگ بدەین، هەوڵ بدەین پێکەوە کە وەزیری کارەبا لێرەیە کێشەی کارەبا بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، هیچ نەبێت جۆرێك چاکی بکەین کە بە قەت ئەوە بێت پێداویستی هاووڵاتییان بێت، بە نمونە هەرێمی کوردستان ڕۆژی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات، من پێموایە ئەگەر پلانێکمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەم دا ئەگەر ڕۆژانە پارەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار بەرمیل نەوت پارەکەی دابنێین بۆ چاکردنی کەرتی کارەبا پێموایە سوودی زۆر باشی دەبێ و دەتوانین کەرتی کارەبا چاك بکەین.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك دیاری، کاك سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە گرفتی کارەبا من چەند خاڵێکی سەرەکی دەخەمە ڕوو، ئێمە لە ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ٢٠٠٣ بەرهەمهێنانی کارەبامان (کهرومائی) بوو لە دوو بەنداو کە دەربەندیخان و دوکان بوو، دوکان (٤٠٠) مێگاواتی بەرهەم دەهێنا و دەربەندیخانیش (٢٥٠) مێگاوات، ئەم وێستگانە بە داخەوە زۆر ئیهمالکراون، لە پێنج تۆربایینەکەی دوکان کە هەر یەکەیان دەبێ (٨٠) مێگاوات کارەبای بدات سێ ساڵە یەکێك لە تۆربایینەکان وەستاون، لە ساڵی (١٩٩١) تا ئێستا یەك جار ئەو کۆمپانیایەی کە تەکنۆکرۆمی روسیە صیانەیەکی سەتحی کردووە، کە (١٥) ساڵ جارێك ئەو وێستگانە کە هەر تەکنۆکرۆمی رووسی لە ساڵی (١٩٨٠) تەواوی کردووە وێستگەی کارەبای

بەنداوی دوکان، (١٥) ساڵ جارێك دەبێ صیانەیەکی کولی بکات کە یەك صیانەی سەتحی کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەداخەوە ئەم (٦٥٠) مێگاوات بەرهەمە کارەبایەی کە لە (٦٠%)ی بە ئاو ئیش دەکات و خۆشبەختانە سوپاس بۆ خوا کە کێشەی ئاومان لەو بەنداوانە چارەسەر بوو و بێل ماوسەکەی دوکان ئێستا (١٢) مەتر کەمی کردووە، ئینشاڵڵا ئەمساڵ پڕدەبێتەوە، صیانەی ئەو تۆرباییناەی کە ئێستا دەبێ (٨٠) مێگاوات بدات (٦٠) تا (٦٥) مێگاواتی لێ وەربگرە تووشی ئیهتیزاز دەبێ، سێ تۆرباییناکەی دەربەندیخانیش کە دەبێ هەر یەکەیان نزیك بە (٨٣) مێگاوات بن، ئەوانیش ناتوانن ئەوە بدەن، بۆیە پێویستە ئاور لەو دوو وێستگە کەهرۆئاوییە بدرێتەوە، (کهرومائی)یە، ئیهمال نەکرێ، بەنیسبەتێکی گشتی ئێستا کە ئێمە خواستی کارەبامان زیادی کردووە و ئەو وێستگە تازانەی کارەبا کە دروست بوون بە غاز و گازوایل ئیشیان کردووە، گازوایل کولفەیەکی زۆری هەبووە، بەڵام گرفتێکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە حکومەتی هەرێم عەقدی لەگەڵ ئەم کۆمپانیانە هەیە بۆ لێکڕینی کارەباکەیان، ماوەیەکی زۆر ژمارە چۆتە سەر حیسابیان بە بێ ئەوەی حکومەت کارەباکەیان لێ بکرێ، ئەوە پێویستی بە موراجەعە هەیە، جگە لەوە کێشەی سووتەمەنی بۆ وێستگەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی قەیرانی داراییەوە دەعمی ناوخۆی سووتەمەنی بڕیوە، کە ئەوە گرفتێکی سەرەکی دروست کردووە، بۆیە نەوتی سپی کە ئێستا گرفتە نادرێ بە هاووڵاتیان، هۆکارەکەی ئەوەیە حکومەتی هەرێم یەك بەرمیل نەوت نادات بە پاڵاوگەی بازیان و کەڵەك تاکو موشتەقاتەکانی بەنزینی لێ دروست بکرێ و گازوایلی لێ بەرهەم بێ و تەصفیەکەی بدرێ بە ماڵان، حکومەتی عێراقی ئێستا ئەم دوو پاڵاوگەیەی هەرێم بەکار دێنێ بەنزینەکەی، نەوتەکەی، گازوایلەکەی دەباتەوە هەرێمی کوردستان لە ناوخۆدا هیچی نییە، با قسەم لەسەر مەسەلەی پارەی کارەبایە کە دیارە تا ئێستا ناتوانرێ وەزارەتی کارەبا وەك پێویست پارەکەی کۆ بکاتەوە، ئەوەشی کە بڕێك تەحدید کراوە بۆ ماڵان، بۆ بازرگانی، بۆ پیشەسازی، تەماشا بکە لە بازرگانی لە (٨%) صەرف دەکرێ بۆ؟ کولفەی زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران کاتەکەت تەواو زۆر سوپاس، بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمان، ئەگەر قسە هەیە، بەڕێز سەرکۆ ئازاد گەڵاڵی، لێرە نییە، چوار کەسمان خوێندەوە لەوانەی ئیمزایان کردبوو، بە پێی عورفەکەش بێ داوا لە بەڕێز لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەندیش قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی ڕابردوودا هەم لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارەبا و لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی دارایی موختەصانی بواری کارەبا لەسەر گرفتەکانی

بەدواداچوونمان کردووە، داواکارم ئەم بەدواداچوونەی هاوڕێکانی تریشمە هەر هی خـۆم نیـیە، داواکارم دەرفەتمان پێ بدەی بـۆ ئەوەی قسـەی لەسـەر بکەیـن، لە ئێسـتادا خواسـتی بەرهەمـی کارەبا شەش هەزار بۆ سەرەوەیە و ئاستی بەرهەمهێنان سێ هەزار و پێنج سەدە، سـاڵ بە سـاڵ ئەم خواستە زیاد دەکات، بێگومان ئەوەش هۆکاری هەیە، هۆکاری سەرەکی ئەم خواستە ئەوەیە کە تا ئێستا سیاسەتێکی تەندروست دانەڕێژراوەتەوە بۆ ئەوەی سووتەمەنی لە بری کارەبا بەکـار بهێنرێـت، بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیرانـی پەرلەمـانی کوردسـتان هەیە کە هەر ماڵێـك بەرمیلـێ نەوتی پێ بدرێت، (٢٥٨) ملیۆن لیتر پێویستە بـۆ ئەوەی بـۆ کـۆی ماڵەکـانی کوردسـتان تەرخـان بکرێت، حکومەتی عیـراق (٥٠) ملیـۆنی تەرخـان کـردووە تـاوەکو ئێسـتا نیـوەی ئەو (٥٠) ملیـۆنە هاتووە، کەواتە نیسبەی عیجز (٢٣٠) ملیۆن لیترە، تەنیا ناوچە شـاخاوییەکان (٥٨) ملیـۆن لیتـری پێویستە، لە ئێستادا دەزانین شارەکان شتێ کەمتر نەبێت وەکو ناوچە شاخاوییەکانی پێویستە، بەڕێزان بۆ ئەوەی هەر ماڵێك بەرمیلێك نەوت وەرگرێت، ئێمە نزیکەی تەبعەن بە نرخی مەدعوم پێی بدرێت نزیکەی (٣٠) ملیۆن دۆلارمـان پێویسـتە، ئەم (٣٠) ملیـۆن دۆلارە ئێسـتا ئـێمە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دا قسـەمان کـردووە دەڵـێن قەرارمـان پـێ وەرگرتـووە، بەڵام پرۆسێسـەکە پرۆسێسەکی زۆر خاوە، ئەگەر لە ئێستادا ئەم قەرارە ئیش پـێ نەکرێـت و نەکـرێتە تەنـدەرین و نەوت دابەش نەکرێت، دواجار خەڵکی کوردستان سوود لەوە نابینێت، بەشێکی تر لە گرفتەکانی کارەبـا ئەوەیە کە سـێ هۆکـار هەن کە دەتـوانین بڵێـین لە (٣٥%) ئەو کارەبـای کە بەرهەم دێـت ناگـاتە هاووڵاتیـانی کوردسـتان، ئەم سـێ هۆکـارە پێویسـتی بە چارەسـەر کـردنە، کە یەکەمیـان ئەوەیە بە هۆی (l oses) لێچوونەوە نزیکەی لە (١٣%)ی ناگات بە هۆی ئەوەی کە پێی دەڵێین دزین و لە پشتەوەی سەعات و ڕاکێشان نـزیکەی لە (١٥%)ی ناگـات، جـا ئەگەر ئەم داتـانە دواتـر بەڕێز وەزیری کارەبا دواتر ڕێکی بکاتەوە، ئەوەکەی تـری کارەبـای بەردەوامە کە لە هەولێـر (٣٠٠) مێگاوات کارەبای بەردەوام هەیە بۆ کۆمەڵێك شوێن، لە سـلێمانی (١٦٠) مێگـاوات لە دهـۆك (٧٠) بۆ (٨٠) مێگاوات کارەبای بەردەوام هەیە، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو شوێنانە چ ماڵی بەرپرس بێـت، چ بارەگای حیزبی بێت نابێ لەسەر حیسابی هاووڵاتیان کارەبای بەردەوامیان هەبێت، بـا خۆیـان موەلیدە دانێن، ئەم سێ خاڵە دەبێ چارەسـەر بکرێـت، خـاڵێکی تـر کە بـووە بە جـێ پرسـیار لای خەڵکی کوردستان و لای ئێمەش هیوادارین وەزارەتی کارەبـا ڕوونکـردنەوەی زیـاتر بـدات، هـیچ ماڵێك لە هەولێر زیاتر لە ماڵێکی سلێمانی کارەبای نییە، با فۆرمی نـاوچەگەری دروسـت نەکـرێ، هیچ ماڵێکی دهۆك لە ماڵێکی هەڵەبجە زیاتر کارەبای نییە، بەڵام لە (٣٣.٥%)ی بەرهەمـی کارەبـا دەگا بە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان لە (٤٢%) بۆ هەولێرە، لە (٢٤.٤%) بۆ دهۆکە، لە کاتێکـدا دانیشتووانی سلێمانی زیاترە، ئەمە هۆکارەکەی چییە ئەو لۆدەیە، بۆ؟ وەکو چارەسەر ئێمە دوای قسەکردن لەسەر پسپۆڕانی بواری کارەبا، چونکە چارەسەرێکی خێرامان هەیە، مـام ناوەنـدیمان هەیە، درێژخایەنمـان هەیە، تەنیـا چارەسـەرەکان دەڵـێم کۆتـایی بەقسـەکانم دێـنم، یەکەم/

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پەلە بکات یا ئیشەکانی جیددیتر بکات لەسەر بەرهەم هێنانی غازی سروشتی کە ئێستا بەشێکی زۆری وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کار ناکەن، لە کاتێك دا ئیلتیزامی مالیان لەسەرە، دەبێ پارەکە بدەن، دووەم/ خێراکردنی پرۆسەی پێوەری زیرەك، چونکە تا ئێستا پێموایە لە (١٥٧٠٠٠٠) نزیکەی (٦٧٠٠٠) بەستراوە، دەبێ پێوەری زیرەك خێرا بکرێ، خێراکردنی پرۆسەی دابەشکردنی نەوت بەسەر ماڵانی کوردستان دا، ئەم خاڵەی تر کە گرنگە تا ئێستا لە کوردستان دا بیرو و پلانێکی جیددی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای دۆستی ژینگە نییە لەگەڵ وەگەرخستنی پاڵاوگەکان....

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك علی دەست خۆش، بەڕێزان جگە لەو ناوانەی کە ئیمزایان کردووە هەر بەڕێزێکی تر دەیەوێ قسە بکات با ناوەکەی لەلای بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بنووسێ، با ناوەکان بنووسێ، تا ناوەکان دەنووسێ بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە وەخت بکەین، کاك گۆران عمر علی ئەگەر قسەیەکت هەیە بۆ وتن، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە لەم عەصری تەکنەلۆژیایە کە تا ئێستا وڵاتی ئێمە کێشەی کارەبای هەیە، ئێمەش وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان داوا دەکەین کێشەی کارەبامان بۆ چارەسەر بکەن کە بچووکترین خزمەتگوزارییە، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك دیاری و کاك سۆران عمر و کاك علی حەمە صالح دەکەم.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کێشەی کارەبا کێشەیەکی زۆر بنەڕەتی یە، یەکێکە لە کێشە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان، لە ماوەی (٢٩)ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە، ساڵانە بڕێکی یەکجار زۆریش لەوەدا بێشوومار خەرج کراوە، هەندێ داتای نافەرمی پێمان دەڵێن لە سەروو چەند ملیار دۆلاریکەوە ساڵانە تەنیا بۆ مەسەلەی گازوایل و کارەبا صەرف کراوە، بەڵام ئیشکالیەك لەوەدا هەیە لە چۆنییەتی پلانی ستراتیجی و لە نەبوونی پلانی ستراتیجی لەم پرسەدا، من چەند خاڵێك دەخەمەڕوو ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە کێشەی هەم کارەبا و هەم کێشەی دابەش نەکردنی سووتەمەنی، بەداخەوە لە وەرزی سەرما و سۆڵەداین بەتایبەتی ناوچە دوورە دەستە شاخاوییەکان، تا ئێستا نەوتیان بۆ دابەش نەکراوە، خەڵك لە گوزەرانێکی زۆر مەترسیداردان ژیانیان، لە شارەکانیش دا بە هەمان شێوە ئەوە دابەش نەکراوە، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی کارەبا ئەو داتایەی کە کۆنترۆڵی کارەبا دوێنێ بڵاوی کردۆتەوە

(٣٥٨٠) مێگاوات لە هەرێمی کوردستان دا بەرهەم دەهێنرێ، خواستی کارەبا کە بتوانین کارەبا چارەسەر بکەین (٢٤) کاتژمێر..

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح (هەورامی) / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم بەشێکی قسەکانت دووبارەکردنەوەی هەندێك زانیاری هاوڕێکانی ترتە، تکاتان لێ دەکەین قسەکان با دووبارە نەبێت بۆ ئەوەی پێتان نەبڕم.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله أحمد:**

من دەمەوێ بچمە سەر نوقتە جەوهەرییەکە کە پەیوەندیدارە بە شتێك، ئێمە لە هەرێمی کوردستان تا بمانەوێ بکەینە ئەوەی ئایا پلان لە چ ئاستێکدایە لە (٢٩) ساڵی ڕابردوودا پێمان دەڵێ پلان نییە بۆ مەسەلەی چارەسەرکردنی کارەبا و عەدالەت نییە لە دابەشکردنی کارەبادا، ئەم کێشەیە پەیوەندی بەوەیە لە ماوەی ڕابردوودا بینیومانە زۆر بارەگای حیزبی هەیە (٢٤) کاتژمێر کارەبای هەیە، سەرەڕای ئەوەی پێویستە نەخۆشخانەکان و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان کارەبایان هەبێ، ئەوەیان واجیبە، بەڵام مەقەری حیزبی نابێ کارەبای بەردەوامی هەبێت، دابین کردنی مەسەلەی بودجەش تا ئێستا کە دەبوو بوودجە بهاتایەتە هەرێمی کوردستان، من پێشنیازم هەیە بۆ ئەوەی کە بودجە دێتە هەرێمی کوردستان سێکتەری کارەبا زۆرترین بودجەی بۆ تەرخان بکرێ بۆ چارەسەرکردنی، ئەگەر دیقەت بدەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێی گازوایلەوە پارەیەکی بێشوماری تێدا صەرف دەکرێ، لەو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی جیهان دا زۆر دوور نەڕۆین، وڵاتە تازە پێگەیشتوەکانی جیهان تەماشا دەکەین تەبعەن خواستی کارەبا دە بەرابەر زیادی کردووە لەلایەن هاووڵاتیان وڵاتێکی مۆدێرنی پێشکەوتووی وەکو کۆریای باشوور تەماشا دەکەین خواستی کارەبا کاتێ کە پێش دەکەوێ بە پێی پلانە ستراتیجییەکانیان بۆ پێشخستنی ئەو وڵاتە یەکێك لە سێکتەرەکانیان کارەبایە، هیوادارم بە هەند وەربگیرێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك بەهمەن، کاك جلال محمد أمین، فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی خشتەی داهاتی کارەبای هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان بۆ مانگی (١ و ٢)ی ساڵی ٢٠١٩ دیارە دەزانرێت کە ژمارەی هاوبەش بۆ وەزارەتی کارەبا (١٥٤٢١١٩) یەك ملیۆن و پێنج سەد و چل و دوو هەزار و سەد و نۆزدە بەشداربوویان هەیە، لەم بڕە بەشداربووە (٩٦٥) ملیار دینار پارەی قەرز واتا حکومەت قەرزی لای هاووڵاتی و لای فیئەکانی تری حکومەتە، بەقەرزی کۆن ناوزەند دەکرێ و قیمەتی فرۆشتن لەو کاتەدا (١٢٠) ملیار دینارە، ئەوەی جێی تێبینی یە لای ئێمە قەرزی هاووڵاتیان (٦٨١) ملیار دینارە، قەرزی حکومەت (٢٣٠) ملیار دینارە، کۆی گشتی قەرزەکان

(٩١١) ملیاری لە قەرز ماوەتەوە، کەواتە وەزارەتی کارەبا و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها توانیویەتی (٤٥) ملیار دینار لەو پارەیە وەربگیرێ، بەڕاستی پرسیاری من ئەوەیە بۆ لەم بڕە زۆرەی هاوبەش و لەم...

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکەت بۆ کێیە کاک جلال؟ چونکە دانیشتنی پرسیار نییە.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

یەعنی پرسیارێکە بۆ ڕای گشتی.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، ئاخر تەحدیدی بکە بڵێ بۆ ڕای گشتییە.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

پرسیار بۆ ڕای گشتی ئەوەیە کە چۆن دەکرێت وەزارەتی کارەبا لە کۆی (٩٦٥) ملیار دینار تەنها توانیبێتی (٤٥) ملیار دینار وەربگرێتەوە، ما باقی لە قەرزدا مابێتەوە، ئەوە حەقی بەدواداچوونی جیددی هەیە، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك جلال، بەڕێز کاك هاوڕێ مەلا ستار، کاك هاوڕێ؟ لێرە نییە؟ بەڕێز کاك دابان، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیران دەکەین لە وەزارەتە جیاوازەکانەوە بەتایبەتی وەزیری کارەبا، بەداخەوە پرسی کارەبا لە کابینە جیاوازەکان دا نەبووە بە پرسێکی نیشتیمانی بووە بە خەمێکی نیشتیمانی لە کابینە لە دوا یەکەکان دا ئێمە بینیومانە لە ماوەی ڕابردوودا چی ....

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکات لێ دەکەین قسە لەسەر بابەتی ئێستا بێ، کە نەبۆتە خەمێکی نیشتیمانی بەڵگەکان بخەڕوو، بەڵام تکات لێ دەکەم پابەندی ناوەڕۆکی ئەو پێشنیارە بن کە خستووتانەتە ڕوو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵگەی ناوێ، هەر ئەوەندەی ئێستا خەڵك کە موعاناتی هەیە بەدەست کێشەی کارەباوە هەشت کاتژمێر کارەبا...

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دابان بچۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە تکایە.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

بەڵێ، دیارە لە ماوەی ڕابردوودا لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە چەندین کۆمپانیای بیانی، چەندین خەڵکی بیانی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەسەر ئەو غازەی لە هەرێمی کوردستان لە گەرمیان و لە چەمچەماڵ و لەشوێنەکانی تر هەیە کێڵگەی یاخود وێستگەی کارەبا دروست بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدراوە و هاوکارانمان لە ماوەی ڕابردوودا سەیرێکی کێڵگەکانی گەرمیانمان کردووە، کێڵگەی غازی لەسەر قەڵا و کۆمپانیاش هەیە ئامادەیی دەربڕیوە، بۆ ئەوەی کە وێستگەی کارەبا دروست بکات تاوەکو ئێستا هیچ بەدەمەوە چوونێك نەبووە، سەبارەت بە پێوەری زیرەك، ئەم پێوەرانە بە چ ئالیەتێك دادەنرێ تاکو ئێستا ڕوون نیە ئایا وەکو پێوەرەکانی تر دراوە بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت یان ئەمەش لای وەزارەتی کارەبا پرۆسەیەکی گشتگیرە، ببوورە لە شێوەی پرسیاردا قسەکانم دەردەکەوێ، دەزانم کاك هێمن، بەڵام ئەوە با لەبار نەبرێ، ئەگەر چارەسەرێك بۆ کارەبا دەدۆزرێتەوە با ئەم پرۆسەیەش لەبار نەرێ وەکو پرۆسەکانی تر، یەعنی بەرچاوڕوونی هەبێ خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە داهاتی پارەی کارەبا، داوا دەکەین لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا پارەی کارەباش بخرێتە سەر پاشەکەوتی مووچە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەو بەڕێزانەی کە ئیمزایان کردووە و داواکەیان پێشکەش کردووە تەنها سێ بەڕێز ماون، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەش ناوەکانیان تۆمار کراوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن، ناوەکانیان دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك ناوی نەنووسرابێ بینووسین و دەرفەت بەوانیش بدرێ، بەڕێز د.شێرکۆ جودت، ئاشنا خان، کاك هێڤیدار، بەڕێز کاك د.کاقم، کاك شاخەوان، کاك نزار، کاك سیپان، کاك بەڵێن کاك پێشەوا، کاك سیروان، کاك هەورامان، کاك بەهمەن، موژدە خان، کاك عثمان ، کاك چیا، کاك باڵانبو، کاك د.ڕێبوار، کاك کاروان، کاك سەروان، کاك لقمان، کاك بهجت، گولیزار خان، کاك شوان، کاك حاجی سفین، کاك محسن، کەس هەیە ناوی نەنووسرابێ؟ تا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەو ناوانە دەنووسێت، کاك أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە گفتوگۆ دەستی پێ کردووە، پێشخستنی ئەم بابەتە بە کۆی دەنگ نەبوو، سەیری ئەم لاتان نەکرد، من دەنگم نەدایێ، چونکە پێموایە خوێندنەوەی پێشنیازی یاسا و ڕاپۆرتی هاوبەش بەشێکە لە گفتوگۆ، دەبوایە تەوەرەی پێشوومان تەواو کردبا، بەڵام بە هەر حاڵ ئێستا هاتووینەتە سەر ئەوە، بەڕای من ئەم گرفتە موزمینە دوو سەرەیە، بەشێکی پەیوەندی بە هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە لە هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا، بەشەکەی تریشی پەیوەندیدارە بە حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، ئەم کێشەیە بەشێکی

پەیوەندی بە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کارەباوە هەیە، کە ئەم شێوازەی ئێستا دواکەوتووترین و تەقلیدیترین شێوازی بەرهەمهێنانی کارەبایە لە ڕێگەی سووتەمەنییەوە، بەڵکو ئەو شێوازانەی تر کە وزەی خۆر، هەروەها ئەوانە بەداخەوە لە کوردستان دا سوودی لێ نەبینراوە، وەزارەتی کارەبا لە ڕابردووش دا هیچ پلانێکی نەبووە بۆ ئەوەی سوود لەو دوو بوارە وەربگرێ کە ژینگەی کوردستان و جوگرافیای کوردستانیش یارمەتیدەرە بۆ ئەوە، دووەم/ ئەوەی کە پەیوەندی بە هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە ئەگەر هەڵە نەبم کێشەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بەقەدەر وڵاتێکی وەکو ئەردەنە، ئەگەر زیاتریش نەبێ، بەڵام بەداخەوە کە حکومەتیش خۆی یارمەتیدەرە تۆ حاڵی کارەباکەت ئاوایە، بەڵام لە سنوورەکانەوە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵێ کۆمپانیا و بازرگان، ئەم هەموو ئامێرە کارەباییە هاوردەی ناو هەرێمی کوردستان دەکرێ ڕۆژانە، کە ئەوەش بەڕاستی بەفیڕۆدانی کارەبای زیاد کردووە، سێهەم/ بەشێك لەوانەی کە زیادەڕۆکارن لە بەکارهێنانی کارەبا کەسانی خاوەن نفوز و دەست ڕۆیشتوون، هاووڵاتییەکی ئاسایی ئیجرائاتی لەگەڵ دا دەکرێ، ڕێکاری لە دژ دەگیرێتەبەر، بەڵام کەسانی خاوەن دەست ڕۆیشتوو کە کارگەی گەورە هەیە لەم هەرێمەدا بەقەدەر دانیشتووانی یەك قەزا کارەبا سەرق دەکات بەڵام هیچ ڕێکارێکی لە دژ نەگیراوەبەر، بۆیە ئەوەش دەبێ بەڕاستی بە یەکسانی یاسا بەرامبەر بە هاووڵاتیان پیادە بکرێ، ئەوە ئەرکی وەزارەتی کارەبایە، من خۆم بە وەزیری کارەبای پێشووتر کارگەم بردووە کە پێنج سەد ملیۆن دیناری نەداوە، هیچ ئیجرائاتی لەگەڵ دا نەکردووە، بەڵام ئامادەن کارەبایەکی ماڵان ببڕن کە چەند مانگێکە ئەم هاووڵاتییە نەیداوە، بەشێکی تریش ئەوەیە کە حکومەت خۆی یارمەتیدەر بووە، ئەو پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ئەگەر حکومەت بەشێکی بڕی پارەی کارەبای لەوە وەرگرتایەتەوە، هاووڵاتیان لەوە پارەکەیان بدایە، پێموابوو مامەڵەی هاووڵاتیانی کوردستانیش...

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح (هەورامی) / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك أبوبکر، دەستخۆش، کاك ڕزگار محمد محمود، کاك ڕزگار ببوورە یەك دەقە، کاك باپیر، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە باشتر وایە کە بەڕێز وەزیری کارەبا پێشتر ڕوونکردنەوەمان بداتێ، پرسیارەکانمان کورتتر دەبێتەوە و وەڵامەکانمان لەوانەیە بەشێك لەو ڕوونکردنەوە دەبێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم گوێ لەو بگرین، کاتەکەمان کورتتر دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك باپیر، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقی خۆیەتی کە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژەی پێکراوە قسەکردن یان بە حروفی ئەبجەدی بێت، یـانیش ئەوەیە وەکـو عورفێـك کە لە نـاو پەرلەمـان وجـودی هەیە بەم شـێوەیە بـڕۆین یـان بەو شێوەیە بێینەوە، ئەوە یەکەم، دووەم/ تکایە ڕێگە بدەن کە پەرلەمانتاران نیگەرانییەکانی خەڵك بگەیەنن بە بەڕێز وەزیری کارەبا کە ئێستا لێرە ئامادەیە بەسوپاسەوە، بۆیە تکایە با دانیشـتنەکە بەو شێوەیە نەبێت وەزیر خۆی قسەبکات و دوایی ئێمە گوێگر بین، ڕێـگە بـدەن نیگەرانییەکـان بگەیەنن، دوایی بەڕێزیان تەواوی وردەکارییەکانیان بخەنەڕوو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان، پەیڕەو زۆر وازحە، لە ماددەی (٤٨) داوا کراوە ئەم بڕگەیە ئیزافە بکرێ بۆ قسەکردن و تاوتوێ کردن، مـاددەی (٦٦) هەیە، دەتـوانن گفتوگـۆی کـراوە لە نێـوان پەرلەمـان و حکـومەت بکرێ، ئیزافەی هەر وەزیرێك کە پێویسـت بکـات ئەو کـاتە گفتوگـۆی لەسـەر بکـرێ، کـاك ئومێـد، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە بە پێی ماددەی (٤٨) کە داوای یاداشتی ئەنـدامانی پەرلەمـان جێـی کـراوەتەوە و بـڕگەکە داخیل کراوە لە بەرنامەی کار و بەڕێز وەزیری کارەباش وەکـو بەڕێزتـان ئیشـارەتتان پـێ دەدا بە ماددەی (٥٣) هاتووە، بۆیە منیش پشتگیری داواکەی کـاك بـاپیر دەکەم، ئەو ڕوونکـردنەوانەی کە بەڕێـز وەزیـری کارەبـا بیخـاتەڕوو، دوای ئەوە هەر سـەرنج و تێبینییەکـیش هەبێـت، ئیـزافەی دیـکەش هەبێـت، وەڵامـدانەوەش هەبێـت بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دەیـخەنەڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان ئەم دوو بەڕێزە ئەو پێشنیارەیان هەیە، کە بەڕێز وەزیری کارەبا ڕوونکردنەوەکەی خۆی بخاتەڕوو، بەس تەنها دوو بەڕێز لەوانەی کە داواکەیان ئیمزاکردووە بەڕێزان، ئێمە پابەندی ئەوەین با داواکانی ئەوان تەواو بێت، دواتر ئەو بـابەتە گفتوگـۆی زیـاتری لەسـەر دەکرێـت، کـاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و بریکار و سـتافی وەزارەت دەکەم، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کارەبـا پێشـنیار دەکەم ئەو بلـۆکە نەوتییـانەی کە لە ناوچەکـان هەن و بەبەرچاومـانەوە غازەکەی دەبێ بە دووکەڵ و ژینـگەی نـاوچەکە پـیس دەکـات، بتـوانن ئیسـتیفادەی لـێ بـکەن و

بتوانن بەشێك كارەبای لێ دروست بكرێت و بەشێك لە كەمی كارەبا چارەسەر بكات، لە كۆتا قسەم دا پشتیوانی لە قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، دیارە خەڵكی هەرێمی كوردستان ئێمەی بە نوێنەر قبوڵ كردووە، ئێمەی ناردۆتە ئەم پەرلەمانە كە داكۆكیكار لە مافەكانی ئەوان، هیوادارم ئەم حكومەتی هەرێمە كە چاكسازی كردۆتە دروشمی سەرەكی خۆی، خەڵك چیتر نائومێد نەكات....

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز گوڵستان خان، تكا دەكەم پابەندی ئەو پێشنیارەی خۆتان بن كە قسەكردنە لەسەر كەمی كارەبا و دابەش نەكردنی سووتەمەنی، بابەتی چاكسازی و بابەتی تر بابەتێكی ترە، كاتێكی تر قسەی لەسەر دەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە كە خەڵك نائومێد نەكەین لە پێشكەش كردنی خزمەتگوزارییەكان، بەڕاستی یەعنی لە هەرێمی كوردستان دا بەرهەم زۆرە بەڵام، نارێكین لە دابەشكردنەكەی، یەعنی دەكرێ چارەسەری گرفتی كارەبا بكرێتە چارەسەرێكی ئەوەلینی كارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، چونكە بەڕاستی خەڵك یەعنی فشارێكی زۆری لەسەر ئێمەیشە، بۆیە ئێمە ئەو داواكاریەمان پێشكەش كردووە بە بەرپرسیارێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك هیمداد، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

من پشتگیری بەڕێز باپیر كاك مەلا دەكەم، یەكەمجار جەنابی وەزیر، وەزیری كارەبا ڕوونكردنەوەیەكی هەبێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی كە داواكەیان پێشكەش كردبوو، هەموویان دەرفەتیان پێدرا و قسەی خۆیان كرد، ژمارەیەك پەرلەمانتاری بەڕێزی تریش داوایان كردووە دەرفەتیان پێ بدرێ و قسە بكرێ، بۆیە ئەو پێشنیارەش هەیە، سێ پەرلەمانتاری بەڕێزیش پشتگیریان كردووە كە بەڕێز وەزیری كارەبا داتا و زانیارییەكانی خۆی بخاتەڕوو، بەڵام پێش ئەوەی ئەو بابەتە، من وەكو پێشنیارێك بۆ خۆتان، پێمان باشە بەشێك لەو بەڕێزانەی تریش كە داوایان كردووە قسە بكەن،

ئەگەر قسەکان دووبارە نەبن دەرفەتیـان بـدەینێ بـۆ ئەوەی دوا دەرفەت بـدەینە بەڕێـز وەزیـری کارەبا داتا و زانیارییەکانی بخاتەڕوو، بەڕێز کاك بەهمەن، فەرموو.

**بەڕێز بهمەن كاك عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان، لە ڕاسـتی خـاڵێکی زۆر گرنـگ هەیە، ئەو داتـایەی بڵاوبۆتەوە (٣٥٨٠) مێگاوات کارەبـا لە کوردسـتان بەرهەم دێ و وەزارەت وتـوێتی (٦٠٠٠) شـەش هەزار مێگاواتمان پێویستە، ئەوە لەسەر چ بنەمایەك، لە کاتێك دا وڵاتـی زۆر لە ئـێمە گەورەتـر و ژمـارەی دانیشـتووانی زۆر لە ئـێمە گەورەتـر هەیە بە (٤٠٠٠) مێگـاوات و (٣٠٠٠) مێگـاوات کـافی دەبێ، ئایا ئەوە هۆکارەکەی ئەو بێ سـەرو و بەریـبەیە کە لە کوردسـتان دا هەیە و کارەبـا بەکـار دێ و خەڵك کارەبا بە فیرۆ دەدا، لە دام و دەزگاکان، لە هەندێك جێگە دەدزرێ، تـا کەی بەڕاسـتی وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی ناوخۆ دەزگای ئاسایش هاوکاریان نابن بۆ لابردنی ئەو زیادەڕەویانە و ڕاگرتنی و بە فیرۆنەچوونی ئەو ژمارە زۆرەی مێگاواتی کارەبا، کە ئێمە من پێمـوایە ئەوەی کە ئێستا هەیە بەشی کافی کوردستان دەکات، بەڵام ئەگەر تەنـزیم بکـرێ و ڕێـك و پێـك بکـرێ، ئەو دزی و زیادەڕەویـانەی لەسـەر لابـرێ، پێـوەری کارەبـا دەبـێ دابنـرێ، ئـێمە وڵاتێکـین زۆرتـرین مانگەکـانی سـاڵمان ڕۆژی هەیە، بـۆچی سـوود لە وزەی ڕۆژ نەبینـین و وزەی خـۆر نەبینـین بـۆ کارەبا، لە کاتێك دا ئەو کەمتر ژینگە پیس دەکات و بەرهەمێکی باشی دەبێ، ئەگەر حکـومەتیش لەبەر قەیرانی دارایی نیەتـی، دەکـرێ کارگەکـان لە کوردسـتان دا و هەنـدێك دام و دەزگـا ناچـار بکرێن کە خۆیان کارەبای لە ڕۆژ دروست بـکەن و بـۆ خۆیـان بەکـاری بهێـنن، خـاڵێکی تـر کە زۆر گرنگە بەلامەوە جەنابی سـەرۆکی پەرلەمـان، تەبعەن هەمـوو ئاوەکـانی عیـراق بەشـی زۆری لە کوردستانەوە دەچێ، بەتـایبەتی هەردوو بەنـداوی دوکـان و دەربەنـدیخان کە لە ژێـر کـۆنترۆڵی ئێمەدایە، باشە بۆچی بەغـدا لە (٢٠١٤)ەوە بـودجەی ئـێمە دەبـڕێ و لە (٢٠١٧)یشـەوە بە بیـانووی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار بەرمیل یەك دینار بودجە بۆ ئەو وڵاتە نانێرێ..

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز بەهمەن كاك عبدالله أحمد:**

کاتم تەواو نەبووە کاك هێمن، کاتم ماوە، بۆیە ئەو ئاوەی ئـێمە بەدەسـتمانەوەیە بەکـاری بهێنـین بەرامبەر بە نەوتی سپی، لە کاتێکدا عیراق وتوێتی (٥٠) ملیۆن لیتر نەوتـی سـپی دەنێـرین هەتـا ئێستا (٢٥)یشی ناردووە، ئەخیر خاڵم ئەوەیە لە وڵاتێکی وەکو ئێران کە زۆرترین کارەبای هەیە و کارەبا دەفرۆشێتە چەندن وڵاتی دەوروبەری، لە هەموو ئێـران دا بەقەدەر هەوڵێـر سـپلیتی تێـدا نیە، بۆچی وەزارەتی کارەبا ئەم ئامێرانە...

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك بەهمەن كاتەكەت تەواو، كاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین، بەتایبەت وەزیری كارەبا كە ئەوەی ئێستا قسەی لەسەر دەكەین پەیوەندی بەبەڕێزیان هەیە، پاڵپشتی قسەكانی برای بەڕێزم كاك علی حەمە صالح دەكەم كە لە لیژنەی سامانە سروشتییەكان ئێمە بەدواداچوونمان هەبووە، پێشتر تێبینی خۆمان گەیاندووە لەسەر ئەو بابەتە، چارەسەریشمان خستۆتەڕوو، بەڵام نازانم بۆچی ئێمە زستان بیرمان دەكەوێتەوە كە دەبێ نەوت دابین بكەین؟ كێشەكە ئەوەیە، هاوینەكە دەزانیت كە زستانت لە پێشە و خەڵك نەوتی پێویستە، زستان بیرت دەكەوێتەوە، دەزانی كێشەی كارەبات دێتەڕێت زستان بیرت دەكەوێتەوە، كوردەواری دەڵێ (من لە دوای باران فەرەنجیم بۆ چیە؟)، ئێستا ناوچە شاخاوییەكان هەموو بەفربارین تیایدا دەستی پێكردووە، لایەنی كەم هەرماڵێك لە ناوچەیەكی شاخاوی نزیكەی سێ بەرمیل نەوتی پێویستە، هەر بەرمیلێك لەم نەوتە لە نێوان (١٤٠٠٠٠) سەدو و چل هەزار بۆ (١٦٠٠٠٠) سەد و شەست هەزار دابین دەكرێت، تۆ حسێبی بكە لە ماوەی مانگێك دا ئەم زەختە بخەیتە سەر ماڵێك كە نزیكەی (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار بداتە نەوت، یەعنی فشارێكی گەورەیە، هەروەها دەمەوێ بڵێم ئێمە لە بەرهەمهێنانی كارەبا كێشەمان نیە، كێشەی ئیدارەدانمان هەیە، هەموو هۆكارەكان ئاشكران، هەموویان ڕوون، چەند ساڵە قسەیان لەسەر دەكەین، دووبارەیان دەكەینەوە، ئەوەندە دەدزرێ، ئەوەندە دەدرێتە مەعمەل، ئەوەندە نازانم چی لێ دێت، بەڵام تا ئێستا ئێمە چارەسەرێكی بنەڕەتی بەدی ناكەین، مادام كە هۆكار دیارە بۆچی، یەعنی ئەگەر دەردەكەت دیاری كردووە بۆ دەرمانەكە نادۆزیتەوە، دواخستنی دابەش كردنی نەوت زیانەكان تەنها بۆ گیرفانی خەڵك نیە، زیان بە ژینگەی كوردستان دەگەیەنێت، یەك دار سنۆبەر پێویستی بە (١٠٠) ساڵ هەیە كە ببێتە دارێكی تەواو، بەڵام بە دوو ڕۆژ لە ناوچە شاخاوییەكان دا خەڵك ناچار دەبێت دارەكان ببڕێتەوە و ژینگەی كوردستان وێران بێت، ژینگەكە تێك بچێت، تۆ مەبەریرێكیشت پێ نیە بڵێی مەیكە، یەعنی تۆ بە چ هۆكارێك دەڵێیت، (٥٠) (٦٠) سم لە هەندێك ناوچە بەفر دەبارێت، چۆن پێی دەڵێ تۆ مەیبڕەرەوە، دەڵێ وەرە پارەم بدێ با نەیبڕمەوە، جگە لەوەی كە هۆشیاری بەكار هێنان برادەران قسەیان لەسەری كرد، من نامەوێ ئەوە دووبارە بكەمەوە، لەبەر ئەوەی كە ئەوەش بەشێكی بچووكی هۆكارەكەیە، بەڵام ئەوەی كە پێویستە مادام هەمووكان وازح و ڕوونن، تكایە یەعنی با لێرە چووینە دەرەوە كێشەكە وەكو خۆی نەبێت، هەمووی وازح و دیارە، پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیر ناكەین، بەڵام هەمووی دەبیسێت، ئەوانەیش كە تایبەتمەندن بەم بابەتە هەموو دەیبیسن، دەزانن، كاكە با بەدوای چارەسەرێك دا بگەڕێین، ئەوەی كە خراوەتەڕوو نزیكەی (٣٠) ملیۆن دۆلار بووە بۆ ناوچە شاخاوییەكان، با هیچ نەبێ جارێ وەكو چارەسەرێكی سەرەتایی ئەوە بخرێتەڕوو، ناوچە شاخاوییەكان چارەسەر بكرێن بۆ ئەوەی زیان بەر ژینگەی كوردستان نەكەوێت، دوایی شارەكان و شوێنەكانی دیكەش هەوڵیان بۆ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك باڵانبو، فەرمووو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، من دەستخۆشی لە کاك أبوبکر و کاك سۆران دەکەم، دیارە ئەوان هەندێك لە قسەکانی منیان کرد، بەس ئەوەی من لێرە دەیبینم لە کێشەی کارەبا و سووتەمەنی نەبوونی پلانێکی درێژ خایەنە، بەداخەوە ئێمە نەك هەر تەنها بڵێین وەزارەتی کارەبا، بەڵکو حکومەتەکەشمان پلانێکی درێژخایەنی نەبووە، هەموو پلانەکانمان پلانی کورت خایەن بووە، بۆیە من پێم خۆشە ئەگەر جەنابی وەزیری کارەبا پلانێکی درێژخایەنی هەیە، چونکە ناکرێ ئێمە هەموو ساڵێك دابنیشین، هەموو وەرزێکی سەرما، هەموو وەرزێکی گەرما دابنیشین لەسەر کێشەی کارەبا قسە بکەین، بۆیە باشتر وایە ئەگەر هەر پلانێك دادەنرێ پلانێکی درێژخایەن بێ، باس لە گواستنەوەی نەوت و غاز و ئەوانە دەکرێ، ئێمە وڵاتێکین وڵاتێکی بەرهەمهێنەری غازی شلین، پێموایە ئەگەر وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان پلانێکی هەبێ بۆ ئەوەی بەرهەمی غاز لە جێی نەوتی سپی بەکاربهێنرێ، هەم لە ڕووی ژینگەییەوە شتێکی باش دەبێ، هەم لەڕووی تێچووشەوە شتێکی باش دەبێ، دیارە هاووڵاتیان تا ئێستا مولزەم نین بە دانی پارەی بڕی بەکار هاتووی کارەبا، وەزارەتیش نەیتوانیوە بە هەمان شێوە شەفاف بێ لەگەڵ هاووڵاتیان دا و بۆیان ڕوون بکاتەوە، تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا چییە؟ صەرفی کارەباش چییە؟ ئەم کارەبایە چۆن بەرهەم دێت؟ بۆیە باشتر وایە وەزارەتی کارەبا پلانیشی هەبێ بۆ ئاگادارکردنەوەی بەشداربووانی خۆی، چۆن کارەبا.....

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح (هەورامی) / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشێك لە قسەکان دووبارەن کاك باڵانبوو، ئەگەر چڕی بکەنەوە.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

سوپاس، من ئەوە قسەکانم بوو، بەڵام وەکو دەڵێم باشترین شت پلانی درێژ خایەنە، لە پلانی کورت خایەن هیچ ئیستیفادەیەکی نابێ لە صەرف کردنی داهاتی..

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پلانی درێژ خایەن، بەڵێ سوپاس، د.شێرکۆ جودت، فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیرانی ڕۆشنبیری و وەزیری کارەبا و ستافی یاوەری دەکەم، من داوا لە جەنابت دەکەم بە حوکمی ئەندامێتیم لە لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و بە حوکمی ئەوەی کە پرۆژەیەکی موتەکامیلمان ئامادە کردووە، کە زۆر پێوەی ماندوو بووین، تەنانەت تەسلیمی بەڕێز وەزیری کارەباشمان کردووە بۆ ئەوەی کە بە داتا و بە ڕەقەم حلول تەرح بکەین، بۆیە من لێرەدام ئەگەر یەك تۆز پشوو درێژتر بین، حەلەکان تەرح دەکەم و دواتر

ڕەئی وەزیری کارەبا لەسەری، ڕەئی لەسەر بدات، نەك ئەوەی کە پرسیاری ئاراستە بکەم، بە کورتی لە کاتی خۆشم دا تەواو دەبم، بەس هیوادارم یەك تۆز بوارم پێ بدەن، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٨) ملیار دۆلاری خەرج کردووە بۆ کەرتی کارەبا لە ماوەی (٢٥) ساڵی ڕابردوودا کە ئەوە یەکێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە عەرزی بۆ عیراق و هەرێمی کوردستانیش تەقدیم کردووە بە یەك ملیار دۆلار لە ماوەی دوو ساڵ دا دەتوانێ کارەبای هەرێم بکات بە (٢٤) سەعات، لە ڕێژەی زیادبوونی بەکارهێنانی کارەبا ساڵانە تەقدیر دەکرێ بە لە (١٦%) لە هەرێمی کوردستان، کە کێشەکانی سەرەکی لە بواری ستاف و میکانیزم و یاسا و ڕێنماییەکان دەبینێتەوە، بۆ نمونە لە بواری ستاف و پەیکەر و ڕێکخستنی یاسا و ڕێنماییەکان، لەم خاڵەدا تیشك دەخەینە سەر چەند کێشەیەکی سەرەکی کە بریتی یە لە تێکەڵی لە دەسەڵاتەکان بەتایبەتی لە نێوان دیوانی وەزارەتی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان و نەبوونی یاسای پێویست و سیاسەتی شەفاف بۆ وزەو ڕێنماییەکان کە بگونجێت لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان، میکانیزمەکان:

١-ڕای وەزارەتی کارەبا چییە لەسەر سپاردنی ئەرکی بەرپرسیارێتی لە پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی کارەبا لە گشت جومگەکانی بەڕێوەبردن بە کەسانی پسپۆر و شارەزا کە ئێستا تێبینی زۆر هەیە لەسەر ئەو پۆست و ئەو مەوقیعانە کە لە زۆرێکی دا موحاصەصەی حیزبی دەوری تێدا بینیوە.

٢-هەمواركردنی یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦)، ئایا پێتانوانیە زەروور بێ وەك گونجاندنی...

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.شێرکۆ جودت، تکات لێ دەکەم، ئەوانە چووە شێوەی پرسیار، پرسیاریش بە پێی ماددەی (٦٣)، پرسیارە کاك شێرکۆ، ئاخر بە شێوەی پرسیار تەرح دەکەی، پرسیاری زارەکی یان پرسیاری نووسراو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

نەخێر جەنابی سەرۆك، من مەعلومەم داوە، پرسیارم نەکردووە، پرسیار عەلامەتی ئیستیفهامی لە دوایە، مەعلومەم داوە دەمەوێ ئیستیفادە لە حزووری وەزیری کارەبا بکەم، بۆ ئەوەی بزانین ڕەئی چییە لەسەر ئەو حەلانە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز شیرکو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە زۆر گرینگە هەموار بکرێتەوە یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٠٦) وە گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کارەبای هەرێمی کوردستان بەجۆرێك بەشداری پێکردنی کەرتی تایبەت بەرژەوەندی حکومەت و هاووڵاتیان سەرپێچی و زێدەڕۆی لەسەر سیستەم هاندان و

بەكار هێنانی ووزە نوێكان لە یاسای وەزارەتی كارەبا ئاسایا بوونی نییە هەموار بكرێتەوە بزانین وەزارەت رەئی چییە، هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دیوانی وەزارەتی كارەبا و هەستاون بە ئەركەكانی بەڕیوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكان دانانی سیاسەتی ووزەی هەرێم كە تا ئێستا هەرێمی كوردستان ئینێرجی پۆلیسی نییە سیاسەتی ووزە فەراغێكی گەورەیە ئەبێ بە روونی بخرێتە روو، گرتنە بەری هۆكارەكانی كەم كردنەوەی بەفیرۆچوون كە بیلْدینگ كۆدی پێئەوترێ جەنابی وەزیر خۆی كەسێكی پسپۆر و بو ئەزموومە لە بواری كارەبایا ئەزانێ مەبەستمان چییە، بواری بەكارهێنان و فرۆشتنی كارەبا ئەم بوارە گرینگترین بواری چارەسەر كردنی گرفتی نەبوونی كارەبایە كێشەی راستەقینەیە، پێویستە دوای دانانی یاسا و رێنماییەكان ریزبەندی كارەكان پلەی یەكەم وەربگرێ، لێرەوە ئابووری وڵات زەرەرمەند دەبێت وە گرفتی زۆر بۆ سیستەمی كارەبا وە لە دواییدا نەبوونی كارەبای لێدەكەوێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە تێچووی كارەبا لەسەر حكومەت (١٠٦) سەد و شەش دیناری عیراقی حیساب كراوە بە پێی داتاكانی وزارەتی كارەبای عیراق بۆ ساڵی (٢٠١٦) بە پێی دێكیۆمێنتی تەقریری ئیحصائی ساڵی (٢٠١٦)ی وەزارەتی كارەبا، بۆیە پەلەكردن لە تەواوكردنی پێوەری زیرەك كە وەزارەتی كارەبا دەستی پێكردووە بە دەست خۆشییەوە، بەڵام گەیشتووە بە كوێ فرۆشتنی ووەزە بە تەواوی بەشەكانییەوە، واتا ئیش پێكردن خزمەتگوزاری سیانە كۆكردنەوەی پارەی كارەبا چارەسەر كردنی ئۆڤەرلۆد بەڕێوەبردنی سیستەمی پێوەری زیرەك ئەمانە هەمووی پێویستە بكرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (شێركۆ) دوو دەقەمان زیاتر داویەتێ.

**بەڕێز شێركو جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هیوادارم ئەو پرۆژە متەكاملەی شەش مانگ پێوی ماندوو بووین وەقتی زیاترمان، ئەم كۆبوونەوەیە بەراستی ئەبوایە ئەم پرۆژی مناقەشە كردبایە، چونكە كێشە سەرەكییەكان لەوەی كە هەشت ملیار دۆلار كە حكومەت سەرفی ئەكا ناگا بە نەتیجە لە كەرتی كارەبا لێرەدایە، هیوادارم جەبابی وەزیری كارەبا رەئی وەزارەت بڵێ لەسەر ئەو تەرحانەی كە پێشتر وەكو فراكسیۆنی یەكگرتوو دامان وەك مەشروعێكی موتەكامل.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (سروان)، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارم هەیە بەراستی لە هەمووومان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان لە وەزیرە بەڕێزەكان و لە هەموو پەرلەمانتارەكان هەموومان لەگەڵ ئەوەین كە پرسی كارەبا چارەسەر بكرێت، هەمووان لەگەڵ ئەوەین كە نەوت بەسەر هاووڵاتیان دابەش بكرێت، هەموومان كەسی دیارین لە دەنگدان

و له گوتـارو لەوە، بەڵام نـازانم ئەوەی کە ناشـی کـا هەر خۆمـانین نـازانم هۆکـار چییـە، یەعنـی توانای چارەکردنمانا هەیە، حەزی چارەکردنمان هەیە بە گەتار و بە گوتن، بەڵام چـارە نیـیە هەتـا ئێستا ئەوە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانە من وای دەبینم هۆکـار لە یەك شـتە ئەوە مـن تێبینیم کردبێت لە بوونە پەرلەمانتاری من، ئێمە ڕێز لە کات نـاگرین، هۆکـار ئەوەیە بەراسـتی لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان من گلەیی ئەوەم هەیە هەموو جـار کە دادەنیشـین چـل و پێـنج دەقە دوای ئەو کاتەی....

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سروان) ئەگەر لەسەر بابەتی کەمی کارەبا و دابەش نەکردنی سووتەمەنی قسە بکەی تکایە!

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پەیوەندە بە ئەوەوە ئێمە ئەگەر ڕێز لە کات بگرین ڕێز لە هەموو شت دەگرین، چونکە ئێـرە دەزگایەکی بەراستی پەرلەمان شوێنی یاسا دانانە، ئێمە ناپاسایی بکەین چـۆن دەتـوانین پرسـی خەڵك و چـارەی خەڵـك بکەیـن ئەوە یەك، دوو بە نسبەت پرسـی کارەبـا دیسـان دێـمەوە سـەری ئەوەیە کە ئەو شــوێنانەی دام و دەزگــا حزبــی و بڵــێن باخچەکــان مەزرەعەکــان و هەتــا کۆمپانیاکـانیش ئەوان سـەعاتیان نیـیە کارەبایـان هەیە، بەڵام خەڵکـی دامـاو سـەعاتی هەیە کارەبای نییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس قسەکەت دووبارە بوو هاورێکانت باسیان کرد.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس مەجال بدە تەلەبی من چییە دووبارەیە دەستیان خـۆش،ئەوەی ئەوە دەڵێـت مـن دەسـتی مـاچ دەکەم، ئەو شـوێنانەی بـێ سـەعاتن وە ئەو شـوێنانەی بە سـەعاتن کارەبـاکە بچێـت بـۆ بە سەعاتەکان کە هاووڵاتی ڕەش و رووتی ئەو وڵاتەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، تکا دەکەم پێم نەبڕی.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پابەند بی خاڵی پەیرەوی بی پێت نابڕم، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڵنیابە پابەند دەبم بە گوێرەی ماددەی (٤٩) گفتوگۆکانی خۆم دەکەم پرسیاریش ئاراستە ناکەم، لە ئێستادا یەکێك لە کێشە گەورەکانی کارەبا هەرێمی کوردستان نەدانی سووتەمەنییە بە دوو پاڵێوگەی گەورە کە لە هەرێمدا هەمانە، ئێمە گرێبەستێکمان هەیە لەگەڵ هەردوو پاڵێوگەکە کە ماوەی سێ ساڵی ماوە، تاوەکو ئێستا هیچ کەسێك باس لەم گرێبەستانە ناکات کە پاڵێوگوە قەیوان و پاڵێوگەی کارن، ئەم دوو پاڵێوگەیە بە دانپێدانانی حکومەت خۆی سەد و پەنجا هەزار لیتر نەوت دەپاڵێون، بەڵام هەموو ئەو نەوتەی کە دەیپاڵێون دەینێرنەوە بۆ بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ برێك سووتەمەنی کە دابین ناکات کە ئەمە خۆی کێشەیێکی گەورەیە، حەل کردن ئەمە دانی سووتەمەنی بە دوو پاڵێوگەکە حەتمەن مووەدەی کارکردنیان بە یاسایی کەمی ماوە، بەڵام بەشێکی کێشەکە چارەسەر دەکات، بەرهەم هێنانی کارەبا ئەمە سەرچاوەکانی بەرهەم هێنانی کارەبان سەدو هەشتا و دوو غازی سروشتییە، سەدا حەوتی نەوتی رەشە تەقریبەن سەدا شەش و پۆینت شتێکی گازوایلە ئەگەر رەقەمەکان ئەبدەیت نین، هیوادارم جەنابی وەزیری کارەبا راست بکاتەوە بەشێکیشی هایدرۆپاوەرە کە سەدا پێنج و پۆینت پێنج دیاری کراوە کە بەداخەوە دەبوایە ئەو رێژەیە دوو وێستگەی کارۆ ئاوی گرینگمان هەیە، زۆر زیاتر بووە لەمە کێشەی گەرە ئەوەیە ئەو محەتانەی کە هەمان دەبوایە بە گاز ئیشیان پێ بکرێن نەك غاز، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠٠٧) عەقدێکی واژوو کردووە کە لە عەقدەکە بەرامبەر پارەیێك دابووە بۆ هەر لیترێك هەزار و دوو سەد و پەنجا دینار بووە، بۆیە لە بەرامبەر ئەوەدا گاز نادات بە محەتەکان بەڵك و غازیان پێ دەدات وە هەبوونی ئەو پاڵێوگانەش سپیکردنەوەی رووی رەشی ئەم عەقدە تاڵەیە کە کراوە سەد و نەوەد و شەش پاڵێوگەمان هەیە کە بەشێکی بە داخەوە کارێکی زۆر خراپ دەکەن هیچ مەرجێکی تەندروستی و ژینگەییان تێدا نییە، بەڵام واقیعەکە بەو شێوەیە کە دەیبینین، ئێمە دوو وێستگەی کارۆ ئاوی گرنگمان هەیە کە وێستگەی کارۆ ئاوی دوکان و دەربەندیخان وەکو برای ئەزیزم کاك (سۆران) ئاماژەی پێکرد شەش سەد و پەنجا مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنن، وێستگەی کارۆ ئاوی دێرەلوك و بێخاڵیشمان هەیە کە تەقریبەت سەدا سی و حەوت بەرهەم دێنن، بەڵام حکومەتی هەرێم بە هیچ شێوەێك هیچ گرینگییەکی بەمانە نەداوە، جگە لەوەی کە بێین وێستگەی کارۆ ئاوی تازە بکەینەوە وە ئەم دوو وێستگەی کە هەمانە ئەگەر هایدرۆپاوەرەکان ئەم تۆربایینانە کە بێن دەستکاری بکەین، دوو ئەوەندەی بکەین رەنگە رێژەی بەهەم هێنانی کارەبا لە وێستگەی کارۆ ئاو لە هایدرۆپاوەرەوە لە شەش سەد و پەنجا بگاتە هەشت سەد و پەنجا بۆ نۆهەتیش وە داواکارم کە بەڕێزیان دوایی روونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدەن، یەکێك لە کێشە گەورەکان ئەوەی کە باس کرا کێشەی دابینکردن من پێم ناخۆشە وەزارەتی کارەبا بەداخەوە سێ هەزار وپێنج سەدی لە خۆی کردە ماڵ، چونکە سێ هەزار و پێنج سەد بە بەردەوامی بەرهەم ناهێنێ سێ هەزار و دوو سەد بۆ سێ

هەزار و پێنج سەد بەرهەم دێنێ وە خواستی هاووڵاتیان زیاتر لە حەوت هەزارە بەتایبەت لە (١١/١٥) بە دانپێدانانی وەزارەتی کارەبا خۆی سەدا سی ئەو رێژەیە بە هەدەر دەدرێت، چونکە ئێمە کێشەی تەولیدمان نییە کێشەی دابەشکردنمان هەیە زیاتر، ئەو پرۆژەی سمارتمیتەرە کە بەڕێزیان هیوادارم بۆ خەڵکی کوردستان روونکردنەوەی زۆر لەسەر بدات حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ سەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردووە وە مودەی پرۆژەکە لە بەهاری ساڵی (٢٠١٨)ەوە کۆتایی پێ هاتووە تا ئێستاش ئەم مودەیە درێژ دەکرێتەوە بەپێی خواستی کۆمپانیاکان کە شەش بۆ حەوت کۆمپانیایە کاری لەسەر دەکەن، تکایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە پەیڕەودا قسەم کردووە ئەگەر رێگەم بدەی، سێ سەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە لە بەهاری (٢٠١٨) تەواو بووە بە ویستی کۆمپانیاکان وە لە نێو گۆڕانکاری وەزارەتەکان وەزیرەکان پرۆژەکە درێژ دەکرێتەوە، دەبوایە مانگی (٣) ساڵی رابردوو تەواو بێ درێژ کراوەتەوە بۆ ساڵ و نیوێکی تر، بەداخەوە من نازانم ئەمە چۆن کراوە هیوادارم کە بەڕێزیان روونکردنەوەی زیاتر بدەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا دەکەم کاتی زۆر دراوە بە برادەرەکانم تکات لێ دەکەم رێگەم بدە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆزێك زوو، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت چارەسەری سەرەکی ریشەی کارەبا، دابینکردنی ووزە نوێبووەکانە بە تایبەتی وینتەر باین هایدرۆپاوەر وە تاقەی شەمسی کە لە کوردستان زۆر لەبارە وە ئێمە پرۆژە یاسایەکمان تەقدیم کردووە کە هیواخوازبووم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ بکات نەیکردووە، بۆ نەوتی سپی وەکو برای بەڕێزم کاك (علی) ئاماژەی پێکرد ئێمە لیژنەکە بە داوچوونمان کرد دوو سەد و پەنجا و هەشت ملیۆن نەوتمان بۆ هاتووە پازە ملیۆن لیتر هاتووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ئێستادا مانگی (١٢) یە پاشی پازدە رۆژی تر ئیتر سەرماکە وردە وردە کەم دەبێ لە (١/١٥) ئیتر پێویستمان بە نەوت نامێنێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (هیڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانم لەسەر کەرتی کارەبایە زیاتریش باسی پارێزگاری دهۆك دەکەین ئێستا بەپێلی ئەو داتایانەی وەزارەتی کارەبا ئیعلانی کردووە ڕۆژانە سی و حەوت هەتا چل و پێنج لەسەد ئەو پەری کارەبا دەگاتە خەلکی هەرێمی کوردستان، بەڵام لێرە کارەبای مۆلیدە هەیە زیاتر ئیش دەکاتن، ئەم زیاتر کارکردنی مۆلیدەکان باری خەڵکی کوردستان گرانتر دەکات و مانگانە دەبێ پارەی زیاتر بدەن خەڵك وە خەڵکیش دەلێ مۆلیدە بوونەتە حکومەت و لە حکومەتیش بەهێزتریان لێهاتوون، ئێمە باسی دهۆك دەکەین جەنابی سەرۆکی پەرلەمان حالەتی سەرەتان زیاد بووە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەی حالەتی سەرەتان زیاد بووە دووکەڵی مۆلیدەکانە کە لە یەك ڕۆژا لە پارێزگای دهۆك ملیۆنەك وپێنج سەد هەزار لتر گازوایلی زۆر پیس بەکار دێنێتن لەو مۆلیدانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ئەو بەرنامەی حکومەت داینـاوە تەنها بیست و چوار لە سەد کارەبا پشکی دهۆك داناوە، دهۆك غەدرێکی زۆری لێهەیە لە بواری کارەبا غوبنی لێیە بەڕێز وەزیری کارەبا بەڕێوەبەری گشتی بووە لەو پارێزگایە لە دهۆك ئاوارەیێکی یەکجار زۆر هەیە، لەوێ کارەبا لە پشکی دهۆك بۆ ئاوارەکان دەچێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرەکانی بەرگیمان هەیە لە دهۆك کارەبای بەرگری کوردستان لە دهۆکە لەسەر حیسابی خەڵکی دهۆکە کارەبا بۆ ئەوێ دچێتن و پشکی کارەبای دهۆك هەتا ئێستاش زیاد نەبووە تەنها بیست و چوار لە سەدە ئەمە دیسانەوە پێی ئەڵێن غەدرە لە دهۆك دەکرێتن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ئەو بەرنامەی کار کە حکومەت یاخود وەزارەت کارەبا ئیعلانی کردووە لە سێ هەزار و پێنج سەد مێگاوات کارەبا بیست و حەوت لە سەد کارەبا نامێنێ سێزدە لە سەد دەدزرێت نامێنێ کە پێی دەڵێن خەلەلی تەکنیکی چاردە لە سەد دەمێنێ ئەو چاردە لەسەدە فی سێ هەزار و پێنج سەد دکا ڕۆژانە پێنج سەد مێگاواتی کارەبا سێ دەمژمێری کارەبا بۆ خەڵی مە زیاد دەبێ، کێ ئەم کارەبایە دەباتن ئەوەی کە دەوڵەمەندە و بەرپرسیارە لە هەموو شتێك بەخشراون سوودمەنن، ئەبێ کارەباشی ببێتن ئەبێ عیلاجێك لەو مەزعانە بکرێتن، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێمە وەك پەرلەمان پاڵپشتی وەزارەتی کارەبا و حکومەت بکەین ئیجرائاتی توند بەرامبەر ئەو خەڵکانە بگرێتە بەر کە وادەکاتن کارەبای ئێمەی زیاد بێتن، پێشنیارێکیشم هەیە جەنابە سەرۆکە پەرلەمان لێرە بۆ بەڕێز وەزیری کارەبا دوو ڕێگا ئەتوانین بگرینە بەر، یەك حالەتی دزین چارەسەر بکەین وە وەزارەتی کارەبا حکومەت ئەڵێتن پارەی ئێمە خەڵك ناداتن کارمەندمان نییە بۆ وەرگرتنی پارە ئەتوو خەڵکێکی یەکجار زۆر خوێندەوار و دەرچووی زانکۆ هەیە ئەتوانی ئەو خەڵکە وەك گرێبەست لەگەڵیان بی هەر لە ڕێژەی ئەو پارە کێ زیاترین پارەی هێنا نسبەکی لەو پارە بدەیە ئەو خەڵکە، هەم خەڵك بە ئیش دەکەوێتن هەم پارەش بە حکومەت دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز (د.کاظم)، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە من قسەکانم بەوە دەست پێدەکەم هاوڵاتییەك تەلەفۆنی بۆ کردم وتی سێ ڕۆژە کەمینم داناوە بۆ کارەبا و بۆ ئاوی گەرم بۆ ئەوەی خۆم بشۆم، باش بوو شوکر لە دوای سێ ڕۆژ ئاوی گەرمم دەست کەوت خۆمی پێبشۆم، بەڕاستی ئێمە ئەگەر ئەو هاووڵاتییە پەیوەندی پێوە کردووین چەندین هاووڵاتی تر هەیە یان زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە داخەوە لەو دۆخە سەرمایەیە بەم دۆخەیا تێدەپەڕێت، لە مانگی (١١) لە شارە سلێکانی سێسەد و نەوت کاتژمێر بە معەدەلی دراوە بە هاووڵاتیان وە کۆی مانگەکە دەکاتە نزیکەی (١٦) سەعات لە شەو و ڕۆژێکا، لە مانگی (١٢) ئەم کاتژمێرانەی کارەبا زۆر کەمتر بۆتەوە چەندین وێستگەی کارەبا هەیە کە بەهۆی پێنەدانی سووتەمەنییەوە یان بەهەمووی یان بەشێکی وێستگەکە کە کارناکات وە بەرهەمی کارەبای نییە، جگە لەوە مەحەتەی کارەبا هەیە لە ساڵان ڕابردووا یەك ئەمپێر کارەبای نەداوە بە هەرێمی کوردستان، بەڵام چەندین دۆلاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە ئەمانە ئەو نەقسانەن کە دۆخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان گەیاندووە بەمڕۆ، سەبارەت بە دانانی جۆزی (١٦) ئەمپێری (٢٠) ئەمپێری و پێوەری زیرەك و ئەوانە وەکو ئەوەی کە لە سەید سادق جێبەجێکرا، بە داخەوە دەرکەوت کە نەیتوانی جۆزی (٢٠) ئەمپێری و (١٦) ئەمپێری کێشەی کەمی کارەبا لەو ناوچانە چارەسەر بکا، ئێستا هەندێك لە قەزای سەید سادق پەیوەندییان پێوە کردووم کە کاتژمێرەکانی کارەبا کەمترە لە بیست کاتژمێر، سەبارەت بە سووتەمەنی ئێستا ئێمە لە ناوەڕاستی وەرزی سەرماياین لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەفر دەبارێ باران دەبارێ سەرمایەکی زۆر سەخت هەیە وە هەندێك شوێن وەکو پێنجوێن، ئێستا هاووڵاتیان لەسەر شەقام خەریکی خۆپیشاندانن لەبەر کەمی کارەبا و وە لەبەر سەرما و سۆڵە، لەبەر پێنەدانی سوتەمەنی وکە ئەمە کێشەیێکی گەورەیە وە گرفتێکی گەورەی هاووڵاتیانە و دەبێ بە زووترین کات چارەسەر بکرێ، هەندێ لەو چارەسەرانەی کە گرینگە بکرێ ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وە بەتایبەت ئەم کابینەیەی ئێستا دەست بکا بە زووترین کات بە دامەزراندنی هەندێ وێستگەی نوێی کارەبا کە بەتایبەت ئەو وێستگانەی کە بە گازی سروشتی کار دەکەن وە سوود وەربگیرێ لەو بەفر و بارانە زۆرەی کە هەرێم کوردستان هەیەتی، بەنداوی نوێ دروست بکرێ کە بە داخەوە ئەو بەنداوانەی لە ئاستی دروست کردنی بەرهەمی کارەبایە نەك دروست نەکراوە، بەنداوێکی وەك و بێخمە تەنها ئامێرەکانی بران و تەلەف کران و ئێستا هەر وجوودیشی نەماوە، هەروەها ئێستا سووتەمەنی دابین بکرێت بۆ ئەو وێستگانەی کارەبا کە وجوودیان هەیە بۆ

ئەوەی سەرجەم محەتەکانی ناو وێستگەکان بخرێتەوە کار سەرجەم تۆربایئەکان بخرێتەوە کار وە ڕێـژەی بەرهەم هێنـانی کارەبـا زیـاد بکـرێ، ئـاخر قسـەم ئەوەیە لە دوای (٢٨) سـاڵ هەرێمـی کوردستان لە دوای (٢٨) ساڵ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانا دۆخی کارەبا بەم شێوازەیە بەراستی گرینگە بزانین پلانی حکومەت چییە وە هاووڵاتی چی بکات لە دوای (٢٨) ساڵ بۆ ئەوەی لەو دۆخە ناهەموارە رزگاری ببێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بۆ ڕوونکردنەوەیەك بۆ ئەوەی لەبەرچاوتان روون بێـت، ئەو بەڕێـزانەی کە ئمزایـان کردووە هەموویان قسەیان کردووە هەمـان ڕێژەشـیان لە پەرلەمانتـاری بەڕێـز بەشـدار بـوون لە گفتوگـۆ کـان وە ئەو پێشـنیارەش هەبـوو لەلایەن بەڕێـز کـاك (اومیـد)ەوە کە دەرفەتە بە بەڕێـز وەزیری کارەبا بدرێت وە سێ پەرلەمانتـاری بەڕێـزیش پشـتگیریان کـردووە وە کـاتەکەش لەبەر ئەوەی ئێمە مناقەشەی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە هەمیشەییەکانی تریشمان هەیە ڕێژژەێك (١٠) تا (١٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ماون لەوانەی کە ناویان تۆمار کردوون و لەسەر ئەم بابەتە قسـە کەن، بەڵام بـۆ ئـێمەش و بـۆ ئەو بەڕێزانەشـی گفتوگۆیـان کـردووە تـا ئێسـتا و بـۆ رای گشـتیش گـرینگە بـزانین رای وەزیـری تایبەتمەنـد کەلەسـەر داوای خـۆی هـاتۆتە ئێـرە وەکـو ڕێزگرتنێکـی پەرلەمـان بەپێـی مـاددەی (٥٣) لەسـەر داوای خـۆی هـاتۆتە ئێـرە، ئـێمە پێمـان باشـە دەیخەیـنە بەردەسـتی ئێـوەی بەڕێـز و خۆشەویسـت بـۆ ئەوەی دەرفەت بە بەڕێـز وەزیـری کارەبـا بـدرێ ڕوونکردنەوەی پێویستی خۆی بخـاتە ڕوو، بـۆیە ئەم پێشـنیارە کە بەڕێـز کـاك (اومیـد) وە سـێ پەرلەمانتاری بەڕێـزیش پشـتیوانیان کـردووە ئەیخەیـنە دەنگدان، ئەگەر لەگەڵ ئەوەن دەرفەت بدرێ بە بەڕێز وەزیری کارەبا بۆ ڕوونکردنەوەی پێویست و داتاکان و وەڵامـی ئێـوەی بەڕێـزیش بداتەوە، چەند کەس لەگەڵە بەڕێزان؟ بەڕێزان بە دەنگی (٥٥) ئەنـدامی پەرلەمـان لە کـۆی ژمـارە بەشداربووان، ئێستا بەڕێز وەزیری کارەبا کاك (کمال) داوای لێ ئەکەین بفەرموێت بۆ پێشـکەش کردنی داتا و سەرنجەکان و ئەو بۆچوونانەی کە هەیەتی بۆ ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان و بۆ رای گشتیش، با بفەرمـووێ، ببـورە ئەگەر پێویسـتت بە داتـا شـۆ و شـوێنی تـر هەیە دەتـوانی بێیتە سەر پۆدیۆمەکە لێرە قسە بکەی.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان سەبارەت ڕەوشا کارەبێ ل هەرێمـێ ڕاسـتی وەك وەزارەتـا پەیوەندیـدار ب مەشـاکلێت کارەبێ ڤە وەزارەتا کارەبێیە، بەس چەندین وەزارەتێـت دیتـرێ و دەزگەهێـت دیتـرێ ئەگەرێـت باشکرن یان ئەڤ خزمەتە کو باشتر بێتە پێشکەش کرن بـۆ هاووڵاتیـان پەیوەنـدییەکا موباشـڕیا پێڤە هەی ئەو ژی یا ئێك وەزارەتا سامانێت سروشتی، وەزارەتـا دارایـی، وەزارەتـا کشـتوکاڵ وە چەندین وەزارەتێن دیترێ ژی، چێدبیت هەریەك ژوان دەڤ گەلەکا یا دیار نەبیت کانێ مەبەست

ژ ڤا وەزارەتێت دیترێ چنە؟ ئەگەر ئەم بێین بەحسێ وەزارەتا سامانێت سروشتی نوکە مە ل وەزارتا کارەبێ ژێرخانا کارەبێ مە چەند هەیە، چونکی بخۆ چەند رەقەمەك دێ دیار کەن کا کێشە ل کێرێیە، مە (١٣) محەتانتێت بەرهەمهینانا کارەبێ یێت هەین ل کوردستانێ، ژ ڤا (١٣) محەتاتا (٦٧٣٧) مێگاواتێت کارەبێ د شیانێت مەدانە ئەڤرۆ ئەگەر سۆتەمەنی یا پێویست هەبیت یان ژی بودجا پێویست هەبیت بۆ دابینکرنا سوتەمەنیێ ئەم شێین بەرهەمهینانا کارەبێ ل کوردستانێ بکەین، نوکە پێتڤیێن کوردستانێ دڤی وەرزی دا (٥٥٠٠) هەتا (٦٠٠٠) مێگاواتانن، تەبعەن ئەڤ خواستە یا زێدە بووی ب رێژەیەکا نەیا بەرچاڤ ئەو ژی بۆچی؟ چونکی دەژمێرێت هەبوونا کارەبێ کێم بووین لەوما وەختێ ئەو سێ سەعاتێت کارەبێ تێن ئێکسەر هاوولاتی هەمی ئامێرێت خۆ بکار تینیت لەوما ئەڤ خواستە هندە یێ زێدە بووی، خەکە حالەتێ تەبیعی باوەر بکە (٤٠٠٠) هەتا (٤٥٠٠) مێگاواتێت کارەبێ خواست زێدە نەدبوو، ئەرێ ئەم وەك وەزارەت بەرهەمهینانا مە گەهشتییە چەندێ؟ یا مە چەند هەیە؟ ئەڤە ژ دوهی وەرە تەقریبەن بەرزترین بەرهەمهینان ل ناڤ تۆرێن هەرێما کوردستانێ یێت هاتین هەتا (٣٦٥٠) مێگاواتا ژی یێت چۆین، بەس ئەم بێژین ناڤبەینا (٣٤٠٠) هەتا (٣٦٠٠) مێگاواتێت کارەبێ بەرهەم یێت تێن، ئەڤ (٣٦٠٠)ە ئەم شیاینە چەند کارەبێ بدەینە خەلکێ خۆ؟ (١١) سەعات و چەند دەقەقەیەك موعەدەلێ ڤا چەند رۆژا، ل موعەدەلێ ئەڤ سالە هەمیێ مە (٣١٤٥) مێگاوات موعەدەل یێ (١١) هەیڤا گەل ڤا (٨) رۆژا مە یێ تەوزیع کرین، (١٧) سەعات ئو سێ دەقە بووینە، ئایا ئەڤ (٣١٤٥)ە ئەڤێ ئەم بێژین هەمی تێنە بەلاڤ کرن بۆ هاوولاتیان؟ نەخێر، (٢٥٠٦) مێگاوات ژ ڤا بۆ هاوولاتیا یێت چۆین، یێت دی ترێ بۆ معاملا (٢٣١) مێگاواتێت چۆین، بۆ موسل (٣٠٠) مێگاواتێت چۆین، بۆ کەرکوك (١٠٤) مێگاوات یێت چۆین، لڤێرێ سەرجەمێ ئەڤ رەقەمێ مە گۆتین (٣١٤٥)، چێ بێت پرسیار ئەو بیت ئایا ئەم بخۆ یێت د وەختەکی دا موحتاجی کارەبێنە ئەرێ ئەم بۆچی دەینە موسل و کەرکوك؟ پرسیارێ ڤێ چییە؟ ئەڤ محەتاتێت مە تەبعەن ئیلتزاما وان هەر ئێکێ نیسبەیەك (٢٠%) ئیلتزامە ل سەر مە یەعنی بۆ نمونە ئەگەر ئەم بەحسێ محەتێ خورمەلە بکەین (١٠٠٠) مێگاواتێت کارەبێنە (٦٠%) ژ وێ ئیلتزامە سەر مە یەعنی (٦٠٠) مەعنا وێ چەند مان؟ (٤٠٠) مێگاواتێت وی یێت ماین، قەیوان نەفسی حالەتە (٥٠٠) مێگاوات (٦٠%) ئیلتزامە سەر مە یەعنی (٣٠٠) مێگاوات مە بڤێت نەڤێت ئەز دێ حەقێ وێ دەم چەند ما لویرێ؟ (٢٠٠) ئەڤ هەر دوو شەریکە هیچ مانع نینە بێژن هن ژ مە بکڕن ئەز دێ کارەبێ دەمە هەوە، بەس وەختێ ئەز ژێ نەکڕم ئو ئەز رێکێ ژی نەدەمێ تەبعەن ڤێ گاڤێ ئەڤی حالەتی چێ دبیت حالەتەکێ نە یێ تەبیعی ئیژەن ئەڤ کارەبە کیشکە؟ ئەوە ئەوا نە ئیلتیزاما مە نە چ پارێ وێ ژ دەڤ مە نە چ سۆتەمەنیا وێ بەلکی موسل سۆتەمەنیا وێ و پارێ وێ بۆ خۆ تەئمین کەت ئو کەرکوك یێ ڤێ کارەبێ دکڕین، بەس نە ئەو حسا مەیە، بەڕێزان نوکە مە چەند تاقە مایە یا کو نەهاتیە بکارئینان، (١٢) وەحدە مە یێت هەین (١٢٥) مێگاوات (٦) ل دهۆك، (٢) ل هەڤلێر، (٢) ل

سلێمانیێ ئو (٢) ل محەتێ خورمەلە، هەروەسا سێ (٢٩)ی (دهۆك، هەڤلێر، سلێمانی) کو هەر یەك ژ وان (٢٩) بیتە (٨٧) مێگاوات ئو (٢) وەحدە ل دەربەندیخان ئو (٣) وەحدە ل دوکان، ئەڤە ئەون ئەوێت نەدکاریدا یەعنی ئەو وەحداتێت حازر ئەوێت نەدکاریدا تەولیدا وان (٢٣١٣) مێگاواتێت کارەبێ نوکە ڤێ گاڤێ د کاری دا نینە، ئەڤ (٣٥٠٠)ە یان (٤٠٠)ە ئەم ب چ بکار تینن؟ تنێ (٢) وەحدە ب نیڤ بار ل دهۆك ئەمێت ب گازێ بکار تینن یێ دیترێ ئەوە ئەو غازا مە هەی ئیعتمادا مە یا سەرەکی یا ل سەر غازێ، بۆچی ل سەر غازی؟ چونکی بەرهەمهینانا هەر کیلۆواتەکێ ب دیزلی (١٣.١٣) سەنت کەڤن بەس ئەگەر ب غازێ بیت (٦.٢)ە ئەگەر ب (HFO) بیت کو دبێژنێ (Heavy fuel oil) یان نەفتا رەش (٧.٢)ە، لەوما ئیعتمادا مە یا سەرەکی ئەمێت سەر غازێ بکار تینین، تنێ ئەو وەحدا کو دوو نیڤ وەحدە ل دهۆکێ ئەوە دبیتە ئێك وەحدە ئەو تێ نەبیت ئەوژی ژبەر مەوزوعێ ڤۆلتیێ ئەگەر ئەم نەدەینە شۆلی ڤۆلت ژ درۆپ دێ چێ بیت پرۆژێت ئاڤێ دێ ل دهۆك راوەستن، خەستەخانە ژی دێ راوەستن ئەعنی تەئسیرکا دێ لڤێرێ بیت، لڤێرێ پرسیار ئەوە ئەرێ هەتا ئەم ڤێ کێشێ چارەسەر دکەین تەبعەن دوو حەلن یان سووتەمەنی مە هەبیت یان بودجا پێتڤی کو سووتەمەنیێ دابین بکەت، سووتەمەنی غاز مە لڤێرێ یا هەی بەس جهێ دلخۆشیێ یە کو ئەڤە دوو رۆژە کەمیەکا غازێ ل خورمەلە بەرڤ زێدە بوونە ئو ئەم تەوەقع دکەین دێچیت هەتا (٥٠) مەترێت موکەعەب کو دێشێین (١٨٠) مێگاواتێت کارەبێ زێدە کەین، نوکە هندەکا هاتیە ناڤ شەبەکێ دا ئەو ئێك ژ ئەسبابا بوو زائیدەن محەتێ خەبات کو ل دوو وەحدا پێك هاتییە هەر یەك (١٥٠) مێگاواتێت کارەبێیە (٣٠٠) مێگاواتا نوکە (١٧٥) مێگاواتێت کارەبێ ژ خەبات بۆ مە هاتینە ناڤ شەبەکێ، ئەڤ زێدەبیا مێگاواتا ئەوا هاتییە ناڤ شەبەکێ یا ڤان هەر دوو سەبەبا بووە، ئەم ڤێگاڤێ موحتاجێ (١٠٠٠) مێگاواتێت دیترێ هەر چ نەبیت بێنە ناڤ شەبەکێ دا، ئەرێ ئەڤێ (١٠٠٠) مێگاواتا دێ تەکلیفا وێ چ بیت ل سەر مە؟ ئێك ڤێت (٨) وەحدێت (١٢٥) مێگاواتی ئەم کەینە شۆلی دا بۆ هەر وەحدەیەکێ (٨٦٣٠٠٠) لیترێت گازێ بۆ (٢٤) سەعەتا دڤێت، یەعنی ئەگەر ئەم بێژین (٨٦٣ × ٨) ئو لیتر بۆ (٣٠) رۆژا ئو ئەگەر ب نیڤ دۆلاری ژی بیت دێ (١٢٤٠٠٠٠٠٠) سەد و بیست و چار ملیۆن دۆلار کەڤن ئەڤە بەس بۆ سووتەمەنیێ بۆ چەند وەحدا؟ بۆ (٨) وەحدا کو سەرجەم دێ (١٠٠٠) مێگاواتێت کارەبێ دەتە مە، ئەڤا (١٠٠٠) مێگاواتا تەبعەن ئەم دێ پارێ موستەسمەری ژی دێدەینێ لازم (٣.٢) ئەو ژی وەك عەقد ئەو ژی دێبنە (٢٣٠٠٠٠٠٠) بیست و سێ ملیۆن دۆلار، یەعنی هەتا ئەم (١٠٠٠) مێگاواتا ب دیزلی بیننە ناڤ شەبەکێ دا ئەم موحتاجی (١٤٧٠٠٠٠٠٠) سەد و چل و حەفت ملیۆن دۆلارانە، ل (١٢/٤) کۆمبوونا ئەنجومەنی وەزیران ئەڤ داتایە هەمی خوزی داتاشۆ هەبا دا ئەم شیابین وەکی بێژن مە بۆ هەوە عەرز کربانە، مە ئەڤ پرسیارە یا کری کو ئایا مە ئیمکانیات هەنە؟ مادام ئەم سووتەمەنیا غاز نینە لازم پارە هەیە (١٤٧٠٠٠٠٠٠) سەد و چل و حەفت ملیۆن دۆلارا بۆ ئەڤێ تەئمین کەن؟ ڤێجا وەکی بێژن ئەڤە هەمی ئەنجومەن وە جەنابێ وەزیری ژی حازرە ئەڤا ئەز

بێژم مه لوێرێ ژی ئەڤا گۆتی وه جارەکا دیترێ وەکی هـون نوێنەرێـت خەلکیـنه، یەعنـی دڤێـت ئەم خۆ ژ گازندێت خەلکی عاجز نەکەین حەقەکێ سەر مه ئەڤ خەلـکه ئەون ئوێـت مه ئینـاینه ڤارا لازم ئەم خزمەتا خەلکی بکەین ئو راستگۆ ژی بین گەل ڤی خەلکی، کێشا مه ئەز بێژم مه ب رەقەم دیار کر سووتەمەنیه یان بودجا پێتڤی بـۆ کرینـا سـووتەمەنیێ، هەروەسـا کێشـا ختوتـادا تەبعەن چەندین شۆڵ لازم بێنه کـرن چەنـدین محەتـات مه یێـت هەیـن ل سـلێمانی و هەڤلێـر و دهۆك محەتات یێت خەلاس بوون ئەڤە بەری چەند ساڵە یەعنی ل ساڵا (٢٠١٣ و ٢٠١٤) هەتا نوکه هێلێن پێتڤی بۆ نەهاتینه گرێدان ژ وانـا ل سـلێمانیێ محەتـێ بازیـان (٦٣٠٠٠٠٠) شێسـت و سـێ ملیۆن دۆلارێت لێ چۆین بەس هەتا نوکه خەت بۆ نەهاتینه، ل نـاڤ هەڤلێـر محەتـێ رونـاکییه، محەتێ ئازادییه، محەتێ کەسنەزانه، ل زاخۆ محەتێ تلکەبەرێ ئەڤە چەندین ساڵە، ئەڤە ژی ئەو کێشا ختوتا، کێشا سەرەکی یا کارەبێ د تەولیلێ دا نینه ئو د نەقلێ ژی دا نینه، کێشا سەرەکی یا کارەبێ و چارەسەرییا کێشا کارەبێ یا د سەکتەرێ دابەشکرنێ دا، دوو سیسـتەمێت هەیـن داون بۆ تۆپ یان تۆپ بۆ داون یەعنی هەتا تو ل قاعیدێ کۆنترۆڵ نەکەی ل سەری هەتـا تـو مێگاواتـا زێدە بکەی ئەز بێژم فایدەیەکێ وەسا نابیت، لەوما مه ئەڤیا داخاز کری ئو ب کتابێت فەرمی ژی ئێك هەوەکا راکرنا سەرپێچیا ل سەرانسەرێ هەرێمـێ دەسـتپێکەت ئـوهەیڤەك یـا دانـای ئـو ئەز بێژم ل دەزگەهێت راگەهاندنێ ژی هەوە هەمیـا گـو لـێ بـوو جەنـابێ پارێزگـارێ سـلێمانیێ یـێ هەڤلێر یێ دهۆك و هەلەبجه هەمیا یێ خۆ لێ کریه خودان ئو نوکه حەملەیەکا باش تێته کرن و خەلك بخۆ یێ ڤا سەرپێچیا رادکەت، هەروەسـا رێژەیەکـا کـارەبێ کـو دۆرێـت (٥٠٠) مێگاواتێـت کارەبێ ئەڤا بەردەوام ل سلێمانیێ ل هەڤلێر ل گەرمیان ل دهۆك ئو رەقەم ژی ئەز بێـژم (١٦٠) ل سلێمانیێ تەقریبەن (٣٠٠) ل هەڤلێر (٧٠) ل دهۆك (٢٥) ل گەرمیان ئەڤە ژی سەبەبەکه و مه یێت کرینه نووسراو، تنێ بـۆ حەفـت جهـا کارەبـا بەردەوام دمینیـت ئەو ژی کیشـکن؟ خەسـتەخانێت حکومی، گرتیخانه، پرۆژێت ئاڤێ، مەتارات، خالێـت سـنووری وەکـی ئیبـراهیم خەلیـل و حـاجی عومران، بانکا مەرکەزی، جهێ کارتێـت نیشـتیمانی،تنێ ئەڤ حـالەته دمیـنن ئەوێـت دیتـرێ لازم پارێزگارێت مه گەل تیمێت مه یێت تەکنیکی ئەڤێ کارەبێ هەر چ نەبیـت وەرزێ زڤسـتانێ ئەڤـا راکەت، هەروەسا ئالیاتەك بێته دانان بـۆ ئەڤ قەرێـت کـارەبێ ل سـره هاووڵاتیـان، چـونکی یـێ بوویه رەقەمەك ترلیۆنەك و سەد و حەفت ملیار دینار ڤێ گاڤێ قەرێـت وەزارەتـا کـارەبێ یـێ ل دەڤ هاووڵاتیان گەل یێت حکومەتێ، پاڵپشتی کرنا دانانا پرۆژێ پیڤەرێ زیرەك چـونکی پـرۆژێ پیڤەرێ زیرەك ئەز حەز کەم هون ژی ب قەنەواتێت خۆ پشتەڤانیا مه هەمیا پێکڤە ئەڤ پرۆژەی بکەینه پرۆژەیەکی نیشتیمانی ئەم هەمی خۆ لـێ بکەیـنه خـودان، پـرۆژێ دانانـا پـیڤەرێ زیـرەك کێشـا کـارەبێ ئەو دێ چارەسـەر کەت ئـو هەتـا هەیڤـا (٨) ژی ئەڤ پـرۆژە یـێ مـری بـوو پشـتی دەست بکاربوونا ڤێ کابینێ ل هەیڤا (٨) ب جدیەت ئو ئەز ب خۆ سەرەڕای شـۆلێ خـۆ بـوویمه رەئیس لیژنێ ئەڤی پرۆژەی ژی نوکه (٨٠٠٠٠) پیڤەر ئەڤە ژ هەیڤا (٨) وەرە مه یێت دانـاین، بەس

ئایا پڕۆێ پیڤەرێ زیرەك چێدبیت دەڤ گەلەكا یێ دیار نەبیت چییە؟ و دێ چ كەت؟ و مەبەست ژێ چییە؟ ئێك ئەڤ پڕۆژێ زیرەك ناهێلیت زێدەگاڤی ل سەر كارەبێ بێتە كرن، چونكی ئەگەر زێدەگاڤی هاتبیتە كرن ژی د بۆردێ كارەبێ دا یێ هاتییە كرن ڤێجا چ بۆ حەمامە چ بۆ سپلێتە، ئەم دێ ئەڤی پیڤەری ب عەمودی ڤەكەین نە دناڤ مالێ دا وی وەختی هەمی مەزاختیێت وی دێ د رێكا پیڤەری راچن ئەڤە ئێك، ئەڤ پیڤەرێ زیرەك ناهێلیت محاویلێت گەڕەكا بسوژن، چونكی میتەرێ سەر محاویلێ ژی وەختێ گەهشتە (٩٠%،٩٥%) دێ ئیعازی دەتە موشتەركێ سەر محاویلێ لمێتشنی پێكەت كو تەحدیدەكێ بكەت ئەمپێری بینتە خارێ، هەروەسا ناهێلیت زێدەگاڤی ل سەر خەتێ نەقلێ بیت ئو هەروەسا یێ محەتێ كارەبێ ژی بیت، فایدێ وێ یێ دیترێ چ عەداد ناهێتە مالا بچیت بخینیت ڤێجا ئەگەر ب خەلەتی ڤە خاند ئەگەر وەكی بێژن شاشییەك تێدا چێ بوو ئەو دومابیا هەیڤێ كلیكەكە دێبێژییە كۆمپیوتەری دێ پسولا هەمیا تەبع كەت ئەڤە ئەوخەلەتی ژی نامینن، باشییا دی ئەوە تەحدیدا تێدا ئەم كەیفا خۆ نوكە گەلەك بەحسێ جۆزێ شازدە ئەمپێر سلێمانی یان فلان جهی ئەڤە ئەم شێین بكەینە دوو ئەمپێر، ئەم شێین بكەینە شازدە ئەمپێر، ئەم شێین بكەینە پێنجی ئەمپێر ئیعازە تو دێ ب كەیفا خۆ دەیێ، ئەم دێ گەڕەكەكێ دێ بۆ خۆ دەستنیشان كەین مەسەلەن ئەم دێ بێژین ئەڤرۆ سیتی سێ هزار مالێت تێدا دە مێگاواتێت كارەبێ بۆ دچن نوكە ئەم دێ بێژین دە مێگاواتێت كارەبێ یێ دبەت ئەڤا ئیعازەكێ دەیێ نەكو یێ ڤەكری بیت مەسەلەن چ ماڵ ل چل ئەمپێرا زێدەتر نەبەت وی حاڵەتی ئەڤ سەعاتە دێ زێدە بەت ئەم دێ دیسا ئەمپێری لێ پیچەك كێمتر لێ كەین كە غایەتا مە ل ڤی پڕۆژەی ئەوە ئەم (٢٤) سەعاتا كارەبێ د ناڤ شەبەكی پێلین یەعنی ژ بابەتێ مۆلیدا هەتا حەدەكێ ژێ كێم ڤەكەین، لەوما ئەڤ پڕۆژە گەلەكێ سەركەتی، یا دووێ ژی ئەڤ پیڤەرە هەمی دوو ئۆپشێنن تە دڤێت (Prepaid) یان (Postpaid) دانێی، (Prepaid) كیشكە؟ ئەوێ پارێ خۆ موقەدیمە دانێی، (Postpaid) وەكی ئەڤ حالەتێ نوكە یێ تەبیعی هەمی پشكدارێت مە ئەوێت ڤیلا و سەرێ چیا و فلان و ئەو دێبنە (Prepaid) پارێ خۆ دا دێ كارەب هەبیت نەدا كارەب نابیت ئیزەن ئەڤە ژی فایدەیەكێ دەترێ،(Postpaid) ئەوە ئەڤا تەعریفا مە ڤێ گاڤێ ئەم كار پێ دكەین، ئەڤە ژی سێ هەیڤا ئەگەر پشكدارێ مە حەقێ خۆ یێ كارەبێ نەدا كارەبا وی ناهێتە بڕین و كێبڵ بێتە ژێ ڤەكرن دێ كێم بیت چێدبیت پێنج ئەمپێر بۆ بمینن سێ ئەمپێر بۆ بمینن ئەو ژی بۆچی؟ چونكی گەلەك ژ مە ئەوێت حازر چێدبیت ماڵێت مە ل جهەكی دی بیت ل سلێمانیێ، ل هەڤلێر، ل هەلەبجە تە تشتێت د مجەمیدێ دا هەی دسەلاجێ دا هەی باشە مە كارەب ژ تە بڕی چێدبیت ئەو مەسرەڤێ تە كری هەمی چۆ، لەوما ئەم دێ چەند ئەمپێرەكا هێلین كو بەس تنێ سەلاجە ئو موجەمیدە یان رۆناهیەكا بەسیت بۆ بمینیت هەتا خودانێ ماڵێ موراجعا دائیرێ بكەت پارێ خۆ ئەدا كەت، یەعنی ئەڤ پڕۆژە ئەز شێم بێژمە تە پڕۆژەیەكە كێشا كارەبێ ب دروستی حەل كەت، یا ژڤێ هەمی ژی فەرتر ئەوە كەرتێ دابەشكرنێ مە ئەڤە

یـێ داخـاز کـری ژی ل ئەنجـومەنی ل (١٢/٤) ئەم سـێ پایلۆتـا چـێکەین ل هەر پـارێزگەهەکێ ناڤبەینا پێنجی هەتا سەد هزارا کو بدەنەڤ کەرتێ تایبەت تەوزیعێ بتنێ، چونکی کێشـا مە یـا د دابەشکرنێ دا کێشا مە د ڤەگوهاستنێ و تەولیـدێ دا نیـنە ئـو رازی بوونـا ئەنجـومەنی ژی سـەر هاتیە کرن ئەم حەز کەین هون ژی وەك پەرلەمانتارێن کوردستانێ پشتەڤانیا ڤـێ بـکەن، شـەش هەیڤـا ئەم موراقەبـا ئەڤـی پـایلۆتی بکەیـن ئایـا نەجاحەتـا وی چ بـوو؟ فایـدێ وی چ بـوو؟ خوسـارەتیا وی چ بـوو؟ ئـو ئەم دێ دیراسـە کەیـن ئەگەر ئەم سـەرکەتی بـووین چـونکی مە تەقریبەن (١٥٧٤٠٠٠) ملیۆنەك و پێنج سەد و حەفتێ و چار هەزار موشـتەرکێت هەیـن بلانـێ ئەم وەکی بێژن سەد و پێنجی هزارا دوو سەد هـزارا ئەم عەمەلیـێ ل سـەر بکەیـن، بەڕێـزان گەلەکا بەحسێ لۆستێت کارەبێ کر تەبعەن لۆستێت کارەبێ مە نەگۆتن نینن، لۆسـتێت کـارەبێ هنـدەك ژوان رێنمایێـت مە بخـۆنە ئەم بـووینە سـەبەب کـو مە لۆسـتێ چـێکەین هنـدەك ژی فەنیـنە تەکنیکاڵن نان تەکنیکاڵن، ئەوێت فەنی نـاڤبەرا (٨) هەتـا (١٢) ل عـالەمێ هەمیـێ ئەڤە یـێ هەی، باشترین دەولەت سەر عەردی کۆریایە یێ گەهانـدییە (٦.٨)، بەس تـو حسـاب بـکە (١٢، ١٣) ئەڤە تەکنیکالە یێت دیترێ ئەون ئەوێت ب سەرپێچی پێك هاتیە چێکرن ڤێجا چ دکـان بیـت، چ بیـرا ئاڤێ لێ دا بیت، چ خانی بیت ئو کارەبا بری، بەس ئێك ژ شروتێت مە هەتـا تـو بـکەیە پشـکدارێ خۆ دێبێژیێ تاپۆیا خۆ بینە تاپۆ نینە دابێژنـێ مە نەتـێلان ئەڤە ل (١١/١٤) ب سوپاسـانەڤە مە ب رازی بوونـا ئەنجـومەنی و چـار وەزارەتێـت مەعنـی وەزارەتـا داد، وەزرەتـا کشـتوکاڵ، وەزارەتـا سامانێت سروشتی موافقە هاتە کرن ئو ماوەیەك مە یێ بۆ دانای هەتـا (١/٢) لازم ئەڤ پشکدارە بێن پیڤەرا گرێدەن ئەگەر نە دێ ئیجرائات گەل هێنە کـرن، تەبـعەن ئەڤ پرسیارە مە ژ جەنـابێ وەزیرێ شارەوانی کر ئو کشتوکاڵ ژی چەند زێدەگاڤی سەر موڵکێ وە هەنە؟ بـاوەر بـکە هنـدەك رەقەم گۆتن یەعنی دیڤ حساباتا تەقریبەن (١٣%) بەس بۆ وان ژی یێ دچیت، لەوما ئەگەر ئەم بێـژین (١٢%) یێـت تەکنیکـاڵن (١٣%) ئەون ئەوێـت رێنمایـا رێ نەدانە مە ژ نیکـا ئەمێـت شـۆلی سـەردکەین یێـت دیتـرێ تەقـریبەن دوازدە سـێزدەیەك دمیـنن ئەوژی پـرۆژێ پـیڤەرێ زیـرەك چارەسەریا وێ ژی دێ هێتە کرن...

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەمال ئەگەر تۆزێك چڕی کەیتەوە، چونکە وەختمان زۆر زۆر کەمە.

**بەڕێز کمال محمد صالح/ وەزیری کارەبا:**

بلێ، بەڕێزان وەزارەتا کارەبێ پرۆژێت وێ هەمی ئەون ئەوێت بـودجە پێتڤێن بەری نـوکە هەتـا (٢٠١٤) پێنج بوودجە ل بەر دەستێ وەزارەتا کارەبێ هەبوون، بودجا ئاسایی بوو، داهاتێ کارەبێ بوو، گەشەپێدانا کارەبێ بوو، پترۆدۆلار بوو، بودجـا وەبەرهێنانـا وەزارەتـێ بـوو نـوکە ژڤـا تنـێ بودجا ئاسایی یا مایی ئەو ژی نیڤەك داهاتێ کـارەبێ (٨%) تەبـعەن ب ئەڤـێ بودجـا بەردەسـت ئەڤ کـارە نـاهێتە کـرن، بەڕێـزان ئەو محەتێـت مە گـوتین ل کێـرێنە دا هنـدەك نەبێـژن وەلاهـی تەولید هەمی یا ل دهـۆك، هەڤلێـر، سـلێمانیێ، نەخێـر (١١٧٩) مێگاواتێـت کـارەبێ یـێ ل دهـۆك،

(٢٨٢٩) مێگـاوات یـێ ل هەڤلێـر، (٢٧٢٩) مێگـاوات ژی یـێ ل سـلێمانیێ هەیـن، ئەڤ جەدوەلـێ دیتریێ ئەڤە یێ ل هەیڤا (١١) (٢٩٦٩) مێگاواتێت کـارەبێ مە تنـی حەفـت سـەعات و پـازدە دەقە کارەبا هاتبوو بڕین ئو هەتا پازدەی هەیڤێ سـەرو بیسـت و ئێـك سـەعاتا کـارەب مە یێـت داینە خەلکی، ئایا بۆژی پشتی پازدەی هەیڤێ ئەڤ ڕێژە کێم بووە؟ ئەڤ سەعاتە ژ بیست و ئێکا هاتیە پازدە سەعاتا؟ مەعنا وێ خواستا زێدە بـووی، خواسـت ژ کـیڤە تێـت؟ ژهاوولاتـی تێـت، یەعنـی سەرفیات سـەر کـارەبێ یێـت زێـدە بـووی، ل ڤـا هەشـت ڕۆژێـت دیتـرێ مە (٣٢٠٣) مێگاواتێـت کارەبێ یێ بەرهەم ئینای مە یێ شیایی یـازدە سـەعات و سـێزدە دەقـا کـارەبێ مـعەدەل بـدەینە هەرێمێ ئو پارێزگا پارێزگا ژی ئەگەر پێتڤێت ئەم دێبێژین دهۆك دوازدە سەعات و پێنجی وچـار دەقا بوون، هەولێر دە سەعات چل و دوو دەقە بـوون، گەرمیـان شـەش سـەعات و شـازدە دەقە بوون ئو سلێمانیێ چاردە سەعات و چەنددەقەیەك بـوون، ئەڤە بـۆچی مێگاواتێـت زێـدە بـووی سەعاتێت کێم بووی؟ چونکی خواسـت سـەر کـارەبێ یـێ زێـدەتر لـێ هـاتی، لڤـی جەدوەلـێ دی دیسـان مە یـێ دیـار کـری کـو ل هەیڤـانە ئەڤ سـاڵە چەنـد بـووینە و چەنـد ژمحەتاتێـت مە بەرهەمهێنانـا مە چەنـد ژ محەتاتێـت حکـومەتێ هـاتینە؟ تەقـریبەن (٤٩٩) مێگـاوات ئەو بـوون دوکان، دەربەنـدیخان، (٥١) مێگـاواتێ تەسـلوجە گەل خەبـات، یێـت دیتـرێ یێـت موستەسـمەرا بوون ئەڤە یێت هاتین ئەو مێگاوات ژی مە دیار کرن کانێ مە داینە کـی، لڤـی جەدوەلـی دیسـان ئەو مێگاوات ب سەعات هەر پارێگایەکێ ڕێژا خۆ یێت هەین گەرمیان (٤.٧) هەتا نـوکە (٤.٩) یـا وەرگرتی یەعنی ڕێژا خۆ بدرستی و هندەك زێدەتر، سلێمانی (٢٨.٨) (٣٠.٢) یا وەرگرتی ژرێژا خۆ ئو هەولێر (٤٢) یە (٤١.٩) یا وەرگرتی، دهۆك (٢٤/٥) (٢٣%) یا وەرگرتی، یەعنی دهۆك بتنـێ ڕێـژا یێ کێمتر بوویە ئەو ژی ژبەر ئەو خەتێ کو تێتە ئەنجامدان نوکە ئەم تەوەقع دکەین هەتا بیست و پێنجێ هەیڤێ تەمام بیت و دهۆك ژی ڕێژا خۆ وەربگریت، بەس ئەڤە جواب بۆ ئەوان ئەوێـت کو دبێژن پارێزگەهەك زێدەتر ژ پارێگەها دی ددەت، هەروەسا هەتـا مە ڤـی ڕەقەمـی ب درسـتی ژی نەهێـتە گـۆتن ل سـەعرا مۆلیـدێ دا دیـار دبیـتن سـەعرا مۆلیـدێ ل دهـۆك (٩٥٠٠) بـووینە ل سلێمانیێ (٨٠٠٠ هەتا ٨٢٥٠) بووینە ل هەولێـر (٨٠٠٠ هەتـا ٨٥٠٠) بـوویە ئـو ل گەرمیـان (٥٠٠٠ هەتـا ٥٥٠٠) بوویە ئەو بخۆ ڕەقەمی تو چ دانێی ل جهەکێ دی دیـار بیـت کـو ئەو ڕەقەمـێ تێـتە گـۆتن چێدبیت وەکی بێژن موبالەغە تێدا هەبیت، بەڕێزان هەوە بەحسێ داهاتی کر تەبعەن داهاتێ مە ب گەلەك ڕەقەم و شکلا هاتە گۆتن ئەڤە هەتـا (١١/١) مە (٤٧٢.٠٠٤.٠٠٠.٠٠٠) چـار سـەد و حەفتـێ و دوو ملیـار پۆینـت چـار مە یـێ وەرگرتـی نە چـل و پێـنجە نە ئەوێ دیتـرێیە، داهـاتێ مە یـێ جۆراوجۆر ژی (٣.١) یەعنـی هەتـا (١١/١) مە (٤٧٥.٠٠٥.٠٠٠.٠٠٠) چـار سـەد و حەفتـێ و پێـنج ملیـار پۆینت پێنج مە یێت وەرگرتین ئەو ڕەقەمێت کو دبێژنئەڤ پـارە تنـێ سـەك بـووینە پـارێ کـاش بووینە (١٣%) ئەڤی پارەی سەك بوویە ئەون ئەوێت دەوائیـر پـارەی ب سـەکی ددەن هەروەسـا یێ مایی ژی (٨٣%) پارێ کاش مە یـێ وەرگرتـی، موقارەنـا ئەڤـا ڕەقەمـا گەل یـێ پـار ل (٢٠١٨) (٢٨٩.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) دوو سەد و هەشتێ نۆ ملیار بوون ڤێ گاڤێ بوویە (٤٧٥.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) چـار سـەد و حەفتێ و پێـنج ملیـار، بەڕێـزان ئەڤ پـارە ئەوێ مـایی ل کێـرێیە؟ ئەو قەردێـت مە ل کێـرێنە و چەندە؟ قەردێ ترلیۆنەك و سەد و حەفت ملیار قەردێت کارەبێنە (٧٨٨.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) حەفت سەد و هەشـتێ و هەشـت ملیـار یێـت هاووڵاتیـان، تەبـعەن هاووڵاتیـان وەکـی ئەز بێـژم تجـارییە،

پیشەسازییە، مالانە ئەڤە هەمی ئو (٣١٩.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) سێ سەد و نۆزدە ملیار ژێ ئەوە یێ حکومەتێ، ئایا ئەڤ قەردە پتر ل کێرێنە؟ ل دهۆکن؟ ل هەڤلێرن؟ ل سلێمانییێنە؟ (٤٠%) یێ ل هەڤلێر، (٣٨.٩%) یێ سلێمانیێ، (١٨.٥%) یێ ل دهۆك، (٢.٦%) یێ ل گەرمیان، بەرێزان کەرتێ کارەبێ نە کەرتەکە کو ب ڤا ئەسعارا فایدەیەکێ تێدا، چونکی بلۆکێ ئێکێ کو ژ ئێك کیلۆوات هەتا هەزار کیلۆواتا (٧٩%) ژ قیمەتا کیلۆواتێیە، یەعنی هاوولاتی ئەگەر (١٠٠%) پارێ خۆ ل بەر دەرێ مالێ بدەت (٢١%) ددەت (٧٩%) دەعما حکومەتێیە بۆ بلۆکێ دوویێ (٤٧%) هاوولاتی ددەت ئو بۆ بلۆکێ سێیێ (١٦%)، هەروەسا ئەو ئارەبا تێتە تەوزیع کرن ئایا ئەڤە هەمی بۆ مالا دچیت؟ بۆ معاملا دچیت؟ بۆ کی جها دچیت؟(٦١.١%) بۆ مالا دچیت، (٥.٤%) بۆ تیجاری دچیت، (٢٤.٧%) بۆ پیشەسازی، (٢%) بۆ کشتوکال، (٥.٨%) بۆ میری دچیت، وەلاهی داتا هەر ئەڤەنە ئەز بێژم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کارەبا دەست خۆشی لێئەکەین، بەڕێزان ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێمان باشە لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بابەتەکی هەستیارە و گرینگی بە ژیانی تێکرای هاولاتیانی خەڵکی کوردستان هەیە وە سەرجەم پەرلەمانتارانی بەڕێزیش پێویستە وردەکاری ئەم راپۆرتەی بەڕێز جەنابی وەزیر ئاگادار بن، بۆ ئەوەی بتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین، بۆیە ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی داوای لێئەکەین بە رێکاری پەیڕەوی ئەو راپۆرتە لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرێ تا ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی بکەیت، هەر پەرلەمانتارێکە بەڕێزیش دواتر حەتا داواشی لێدەکەین بەپێی کاتەکانی خۆتان لیژنەش بێت لە کۆبوونەوەێکی لیژنە بەشدار بێت بۆ روونکردنەوەی ئەو راپۆرتەی کە هەیەتی وە ئەو کات هەر بەڕێزێك هەر پەرلەمانتارێك هەر پرسیارێی هەیە بە رێکاری پەیڕەوی ئەتوانێ لە کۆبوونەوەی لیژنە ئاراستەی بەڕێزی بکات یان دواتر بە رێکارە پەیڕەوی لە رێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پرسیارەکانی بێنێ داواتان لێدەکەین لە کاتی خۆیانا وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدەنەوە، بەڕێزان ئێمە لەبەر ئەوەی دانیشتنەکەمان درێژە ئەکێشێ لەبەر ئەوەی گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی هاوبەش هەیە وە نزیکەی پانزە شانزە پەرلەمانتاری بەڕێزیش ناویان نووسیبوو دوای ئەو روونکردنەوانەی بەڕێز وزیری کارەبا، ئێمە داوی لێئەکەین ئەو راپۆرتەمان بۆ بنێرێ وە لە دەرفەتێکی گونجاویشدا بەشداری لە کۆبوونەوەی لیژنەی تایبەتمەندیشدا بکات، بۆیە داوای لێبووردن لە تێکرای ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەین کە ناتوانین وەریگرین، دانیشتنەکە هەڵدەگرین بۆ ماوەی نیو سەعات دوای دەست پێدەکەینەوە بە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بڕگانەی کە ماون.

## پاش پشوو

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان بەردەوامە، دانیشتنی ژمارە (٩) ی ئاسایی وەرزی دووەمی خولی یەکەمی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار ئەکەین، ئەویش بریتییە لە خستنەرووی راپۆرتی هاوبەشی هەرسێ لیژنەی تایبەمەندن، بۆیە داوا لە لیژنەی تابەتمەند ئەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فەرموو کاك ڕێبوار نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کاتێ گفتوگۆ ئەکرێ لەسەر هەر بڕگەیەك پێویستە دوای ئەوە گفتوگۆکان تەواو بێ، ئێمەش ناومان نووسرا بۆ ئەوەی قسە بکەین لەسەر گرفتی کارەبا، بەداخەوە ڕێگە نەدرا و برگەکە کۆتایی پێ هات، حەزمان لێ بوو ئێمەش قسە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمەش زانیاریمان لەسەر ئەو بابەتە هەیە، ئەمانویست بۆچوونی خۆمان بخەینە ڕوو.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گفتوگۆی پێویست کرا، پێشمان وتن لەبەر ئەهمیەتی ئەو بابەتە، ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیریش وا ڕێکەوتین، دەقی ئەو راپۆرتەی خوێندیەوە وردەکاری زیاد کراوە، لە ڕێی ئەنجومەمی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانی بنێرێ، ئێمەش ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی ئەکەین، بۆ هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێزیش کراوە، بۆ ئەوەی زانیاری زیاتریان لەبەر دەست بێ، هەر پرسیار و بەدواداچوونێکیش هەبێ بەپێی پەیرەوی ئەتوانن بیکەن، بەڕێزان بەپێی حوکمی ماددەی (٨٧) بڕگەی یەکەم و دووەم بۆ خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای ڕێکلامی بازرگانی لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند ئەسڵی ئەو پێشنیازە یاسایە خوێندرایەوە کە لەلایەن ڕێژەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کرابوو، دواتر لەلایەن لیژنەی تایبتەوە راپۆرتی هاوبەش خوێندرایەوە، بۆیە بەپێی برگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (٨٧) ئەبێ بریار بدەین وەکو پەرلەمان کامیان بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ کردن، بۆیە دەقی ئەسلی ئەو پێشنیازە یاسایە یەکەمجار ئەخەینە دەنگدان ئایا ئەوە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ یان نا، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە دەقە ئەسلیەکەی پێشنیازی یاسای ڕێکلامی بازرگانی بکرێتە بنەمای گفتوگۆ؟ (٢) کەس، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتی هاوبەشی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەمای گفتوگۆ؟ (٥٦) کەس لەگەڵە، ئەوە ئەکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ کردن، ئێستا داوا لە لیژنەی تایبەت

ئەکەیـن دەسـت بە خوێنـدنەوەی مـاددە بە مـاددەی راپـۆرتی هاوبەشـیان بـکەن، فەرمـوو لە ناونیشانەوە دەست پێ بکەین.

**بەڕێز سەلما فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پێشنیازە یاساکە:

ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زمانێ فەرمیێ یاسایێ یان کوردیە یان عەرەبیە، ڕێکلامیش هەردووکانینە، ئەگەر ببیـتە کـوردی ببیتە بانگەشە باشترە، ئەڤە ئینگلیزیە جهێ وێ پەیڤەکە کوردی بیت ببیتە بانگەشە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرنجێکتان هەیە.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستەواژەی ڕێکلام لە یاسای زمانە فەرمیەکان هاتووە لە ماددەی (١٧).

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تر هەیە، فەرموو کاک ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێم وایە ناونیشـانەکە بەو شـێوەیە بـێ، پێشـنیازی یاسـای ڕێکلامـی بازرگـانی لە هەرێمـی کوردستان-عێراق، چونکی وتت یاسای ڕێکلام، هەم ڕێکخستنەوە هەم تەنزیم کردنە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی یەکەم.

**بەڕێز سەلما فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

زاراوەکان:

مەبەست لەو زاراوانە لەم یاسایە هاتووە ماناکانیان لە بەرامبەریان نووسراوە:

١ هەرێم - هەرێمی کوردستان-عێراق
٢- حکومەت - حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
٣- وەزیر- وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
٤- وەزارەت - وەزارەتی رۆشنیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
٥- ئامرازەکانی میدیا- تەلفزیۆن، رادیۆ، تۆر، ماپەرە ئەلیکترۆنیەکان و رۆژنامە و گۆڤار و ئەوانی تر.
٦- ئامرازەکانی پەیوەندی کردن_ هێلەکانی تەلەفۆن، تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ئامرازەکاتی تری پەیوەندی کردن ئەگرێتەوە.
٧- یەکەی کارگێری- پارێزگا، قەزا، ناحیە.
٨- رێکلامی بازرگانی_ خزمەتگوزارییەکە لە رێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیاوە و ئامرازی پەیوەندی کردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی راگەیاندن بە ئامانجی رەواجدان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یان بەرهەم بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کرینی یان بەکارهێنانی.
٩- داخوازیکاری رێکلام_ کەسێکی سروشتی یان مەعنەویە کە داواکاری رێکلام ئەکات بۆ مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانی.
١٠- بەرهەمهێنی رێکلام_ کەسێك یان کۆمپانیایەك رێکلام بەرهەم ئەهێنێ بەپێی داوای داخوازیکاری رێکلام ئەبێ بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی جەماوەری.
١١- بڵاوکەرەوەی رێکلام- کەسێکی سروشتی یان مەعنەویە کە رێکلام بڵاو ئەکاتەوە، بۆ ئەو بڵاو کردنەوەیەش پەنا ئەبات بۆ ئامرازی میدیا یان پەیوەندی کردن.
١٢- هۆیەکانی گواستنەوە- تەواوی هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانی ئەگرێتەوە.
١٣- کاڵا، بەرهەمێکە بکێشرێت یان بپێورێت بە مەرجێ قەدەغە کراو نەبێ.
١٤- دیواربەند- ئەو دیوارەیە کە رێکڵامی پێ هەڵدەواسرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك رێبوار نوقتەی نیزامی.

**بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەی یەکەم (١٤) برگە لە خۆ ئەگرێ، رەنگە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی بەنا بکەین لەسەر برگە بە برگە پێم باشە برگە بە برگە بخرێتە گفتوگۆ نەك کۆی ماددەکە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵام لە دەستەی سەرۆکایەتی بە مشاوەر لەگەڵ سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان، وامان پێ باش بوو ماددە بە ماددە بخرێتە گفتوگۆ، ئەو کەسانەی ئەیانەوێ قسە بکەن (کاك محی الدین، کاك اسماعیل، کاك ابو بەکر، شادی خان، کاك ارشد، کاك ئامانج، خەدیجە خان، دکتۆر

زێدان، کاك صباح، کاك ڕێبوار، گولیزار خان، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك عوسمان، کاك هاوڕێ، کاك کاروان)، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی یەکەم و برگەی (٣،٤،٦،١٤) تێبینیم هەیە، لە (٣) باس لەوە ئەکرێ وەزیر، وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێم وابە ئەبێ وەزیری شارەوانیش ئیزافە بکرێ بەو پێیەی بەڕێزیان تایبەتمەندن بەو پرسە، لە (٤) وەزارەت - وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، دابرێژرێتەوە بەوەی وەزارەت- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق زائیدەن وەزیری شارەوانی گەشت و گوزار، چونکە پەیوەستە بە هەردووکیان، بڕگەی شەشەم، ئامرازەکانی پەیوەندی کردن_ هێلەکانی تەلەفۆن، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکاتی تری پەیوەندی کردن ئەگرێتەوە، لە بەشی دووەمی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی دیکە، ئەم دیکەیە یان ئەبێ لە یاسایەکی تر تەعریف کرابێ، هیوادارم لیژنەی یاسایی روون کردنەوەی لەسەر بدات، یان ئەبێ پێشتر تەعریف کرابێ، چونکە ئامرازی بزوێن و کەی پێوەیە، واتە ناسێنراوە، لە (١٤) - دیواربەند- ئەو دیوارەیە کە ڕێکڵامی پێ هەڵدەواسرێ، ئەپرسم دیوار بەند ئەو دیوارەیە ڕێکلامی پێ هەڵئەواسرێ؟ ئێستا شێوازەکانی ڕێکلام کردن پێشکەوتوون تەنیا بە دیوارەوە هەڵناوەسرێ، میکانیزمی تریش هەیە بۆ ڕێکلام کردن، ئایا ئەوە تەنیا شەرعییەت دانە بۆ ئەوەی ڕێکلام بە دیوارەوە هەڵواسرێ، یان چۆن موعالەجەی ئەوە ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر سەباح.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەی کارگێری نووسراوە پارێزگا و قەزا و ناحیە، عیلاقە بە شارەدارییەوە هەیە، ئەبێ بڵێی شارەدارییەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم برگەیەك زیاد بکرێ بۆ دروست کردنی لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی وردبینی یان ریپپێدانیان مۆڵەت، بۆ ئەوەی ئەو مەرجانەی لە ماددەی دووی ئەو یاسایە هاتووە ڕێکلامەکە

بیگرێتەوە کە لە ئەسلی پێشنیازی یاساکە بەڕێوەبەرایەتییەك دروست ئەبێ، بۆ ئەوەی دوواتر ماددەیەکی تری بۆ ئیزافە بکەین.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینەیەکم هەیە زیاتر پەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی یاساکە، ئەگەر سەیری بکەین ئەبینین تۆزێ تێکەڵی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە مەفهوم تر بێ ئەتوانین ئەو یاسایە بکەینە چەند بەشێك، بە چوار بەش، بەشی یەکەم بیێتە پێناسەی زاراوەکان و مەرجەکان، ئینجا ماددەی یەکەم پێناسەی زاراوەکان و ماددەی دووەم بکرێتە مەرجەکان، بەشی دووەم بیێتە ڕێگا پێنەدراوەکان کە ماددەی سێیەم لە خۆ ئەگرێ کە چەند برگەشی هەیە، بەشی سێیەم سزاکان بێ، ئەویش ماددەی چوارەم و چەند بڕگەیەك، بەشی چوارەم حوکمەکانی کۆتایی ئەبێ کە ئەویش ماددەی شەش و حەوت و هەشت لە خۆ ئەگرێ، بەو شێوازە روون تر ئەبێ، لە برگەی نۆیەم کە باسی داخازی کاری ڕێکلام ئەکات ئەلێ کەسێکە یان دامەزراوەیەك کە داواکاری ڕێکلامی بازرگانی، لێرە وشەی بازرگانی زیاد بکەین، وشەی ناساندنیش زیاد بکەین، چونکە ئەو کەسەی ڕێکلام ئەکات مەبەستی ئەوەیە بەرهەمی خۆی بناسێنێ ئینجا فرۆشتنی زیاد بکات، ئەو وشەش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێیشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ لە ماددەی یەکەم بۆ ڕێکخستنەوەی سپۆنسەر کردن، کۆمەڵانێك لە کوردستان بە داخەوە لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەك بووە بە باو کە ڕێکلام کردن بۆ کاڵاو شمەکی بێ ئەندازە خراپ بە پێهەڵدانی ناراست سەرنجی خەڵکی ڕائەکێشێ، کەچی لە کاتی داواکردنی ئۆنلاین و گەیشتنی ئەو شمەکە کە کریارەکان وەریئەگرن بەو شێوازە نییە، ئەوە گرفتێکە ئاماژەی پێ نەکراوە، دەیان گرفت و کێشەی کۆمەڵایەتی لێ ئەکەوێتەوە، ئەبینی چەند کۆمپانییاییەکی ناوخۆیی و دەرەکی بالانسی بزنس کارت و ماستەر کارتانە ئەفرۆشن، لە ژێر ناونیشانی پەیجی ساختە و ئینستاگرامی ساختە، ڕەنگە زۆربەمان ڕووبەڕووی ئەوانە بینەتەوە، پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ ئاماژەی پێ بکات ئەو کەسانەی ئەو ماستەر کارت و بزنس کارتە ناوخۆیی و دەرەکیانە بەکاردێنن دیاری بکرێ بە چ مەبەستێك ئەیکرن و بەکاری دێنن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێم وایە لە مـاددەی یەکەم (٣، ٤) ئەرکـی ڕێکخسـتنی ڕێکلامـی بازرگـانی پەیوەندیـدارە بە وەزارەتێـك زیـاد، بەتـایبەتی وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار و وەزارەتـی گەیانـدنیش، چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکە و تۆڕە کـۆمەڵایەتی پەیوەنـدی، پـێم وایە ئەبـێ ئەوە داڕشـتنی بـۆ بکرێتەوە، هەم وەزارەتی شارەوانی و هـم وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدنیش تێـدا بەشـدارن، سەبارەت بە برگەی دوانـزە هۆیەکـانی گواسـتنەوە و دیواربەنـد ئەوانە بخـرێنە دوای بـڕگەی (٥، ٦)ن، چونکە ئامرازی میدیا و ئامرازی پەیوەندی کردن و هۆیەکانی گواسـتنەوە لە دوای یەکتـری بێن، نەك وەکـو پێناسـە کردنـی داخـوازی کـاری ڕێکـلام و ئەوانە، هەر لە بـڕگەی (١٢) هۆیەکـانی گواسـتنەوە، پـێم وایە بکـرێتە ئامرازەکـانی گواسـتنەوە، دووبـارە کـرایتەوە، تەواوی هۆیەکـانی گواسـتنەوە، هۆیەکـانی گواسـتنەوە یەعنـی ئەسـباب، بەڵام ئەمرازەکـان ئەکـات وەسـائیلی گواستنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای پشتگیریم بـۆ کـاك سـەباح، ئەم یاسـایە شـتێکی گەورەی نوقسـانە، ئەویـش ئامـاژە بە زمانی رەسمی ڕێکلام نەکراوە کە پێم وایە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانییـان لەو پـرۆژە یاسـایە ئەوە زمانی کوردی زیندوو بکرێتەوە، چەندین بەرنامە کراوە، خەڵکی رۆژانە گلەیی ئەوە ئەکـات لە زۆربەی کافێ و ڕێکلامەکان زمانی کوردی بۆتە زمانێکی لاوەکی و هیچ کەسێ هەست ناکـات لە کوردستانە، تەنانەت لە چێشتخانە و کافێکـان هەمـوو زمانەکـان بەکارهـاتووە جـگە لە زمـانی کوردی، بۆیە بە ماددەیەکی تایبەت ئیلزام بکرێ ڕێکلام ئەبـێ بە زمـانی کـوردی بـێ، لەو یاسـایە باسی زمان نەکراوە، داواکارم ئیزافە بکرێ، دوو، لە مەسەلەی ڕێکلام کـردن مـافی گشـتی چیـیە لەو پرۆژەیە هەرچەند لە ماددەی دوو لە فەقەرەی (١٢) باس کراوە کە ئەبـێ ئامرازەکـانی میـدیا ڕێکیلامی هۆشیاری نیشتیمانی بۆ ژینگەو........

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهەمەن ئەگەر لەسەر ئەو ماددەیە تکایە.

**بەرێز بهمن کاك عبدالله:**

......... لەسەر ماددەکانی تر نییە، داواکارم ئەوە بکرێتە ماددەیەکی سەرەکی لە جیاتی ئەوەی برگەیەکە لە ماددەی دوو بکرێتە ماددەیەکی سەرەکی کە ئیلزامی دەزگاکانی راگەیاندن بکرێ بۆ هۆشیاری نیشتیمانی رێکلام بکەن، بێ داواکاری دەزگایەکی دیاری کراو بە تایبەتی وەکو پاراستنی سامانی نیشتیمانی ئاو و کارەبا کە لە هەموو وڵاتان ئیقیەکان لە کاتە گرنگەکان رێکلام ئەکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەرێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵم هەیە، یەکەم پشتگیری لە کاك کاروان و دکتۆر محی الدین ئەکەم، پێم وایە ئەم یاسایە پەیوەندی بە زیاتر لە وەزارەتێك هەیە، پێویستە هەموو وەزارەتەکان ئاماژەیان پێ بکرێ، خاڵی تر، لە (١٤) لە پێناسەی دیوار بەند ئەو دیوارەیە رێکلامی پێ هەڵدەواسرێ، بەو پێیەی یاسا ئەبێ زۆر قەتعی بێ و روون کردنەوەی تەواوی هەبێ یان رەش یان سپی، بۆیە پێم وایە ئەو خاڵە کورتی هەیە و دارشتنەوەی ئەبێ بەو شێوەیە بێ، چونکە لە کاتی رێکلام کردن تەنیا ئەو دیواربەندانەی بەکاردێ تەعریف نەکراوە کەچی دیواربەندێك بەکاردێ، بۆیە ئەبێ بەو شێوە بێ (ئەو دیوارەیە رێکلامێ پێدا هەڵئەواسرێ لە موڵکی گشتی یان تایبەت)، چونکە موڵکە تایبەتەکانیش بۆ پێدا هەڵواسینی رێکلام بەکارئەهێنرێ و هیچ زەریبەیەك بۆ حکومەت ناگەرێتەوە، کاتێ موڵکی تایبەت بەکاردێ بۆ رێکلام پێویستە بە رێککاری ئەو یاسایە تێپەر ببێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەرێز رزگار عیسى سوار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکان وتیان ماددەیەك زیاد بکرێ، ئێمە لە ماددەی یەك دەستمان پێ کردووە و هێشتان نەگەیشتینە ماددەی دووەم، ئێنجا لە ماددەی دووەم هەر پێشنیارێك هەبێ............

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەمان جواب دایەوە، کاك ئەرشەد فەرموو.

**بەرێز ارشد حسین محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم برگەی (٥، ٦) بکرێتە یەك برگە و بەو شێوەیە بێ (ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و راگەیاندن بریتیە لە تلەفۆن و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و ئینتەرنێت و هێڵەکانی

تەلەفۆن و تۆرەکۆمەڵاتیەکان و ئامرازەکانی دیکەی گەیاندن)، بڕگەی هەشتیش بەو شێوەیە (رێکلامی بازرگانی خزمەتگوزاری بەرامبەرە لە رێیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن و پەیوەندی کردن بە مەبەستی رەواجدان بە کاڵا یان خزمەتگوزارییەك بۆ هاندانی بەکاربەر بۆ کرینی)، بڕگەی نۆیەم (داخوازیکاری رێکلام کەسێکی سروشتی یان مەعنەوییە کە داواکاری رێکلام ئەکات بۆ مەبەستی بەرزکردنەوە و ئاستی فرۆشتن بکرێتە ناساندن و فرۆشتنی بەرهەمەکان)، برگەی (١٣، ١٤) لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (٣،٤) هاوکارم کاك کاروان لەگەڵ ئەو موتەفیقم کە وەزارەتی شارەوانی وەزیری شارەوانی ئیزافە بکرێ، لە خاڵی (٧) لەگەڵ بەرێز دکتۆر صەباح وتی بکرێتە دوو بڕگە (ا، ب)، بڕگەی یەکەم یەکە کارگێرییەکان، پارێزگا، قەزا، ناحیە، بڕگەی (ب) شارەوانی_ شارەوانی قەزایەکان، پارێزگا، قەزا، ناحیە بێ، لە خاڵی تر لەگەڵ کاك بەهەمن هاوڕام کە بە زمانی کوردی دابنیرێ، بەڵام پێم وایە لە زمانی کوردی لە ماددەی دووەم لە مەرجەکان زیاد بکرێ کە رێکلام بە کوردی بێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندە هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە پێشنیار ئەکات و پشتگیری سێ کەسی هەیە وەریبگرن و تۆماری بکەن، ئێستا داوا لە بەرێز وەزیری تایبەتمەند ئەکەین ئەگەر رای حکومەت لەو بارەوە لەسەر وەزارەتەکان بخەنە روو دوایی ئەو بەرێزانەی ماونەتەوە.

**بەڕێز محمد سعید علی/ وەزیری رۆشنبیری ولاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجم لەسەر کۆی پرۆژەکە هەیە، ئەگەر بکرێ ئەو پرۆژە بەو شێوە موناقەشە ئەکرێ بڕگە بە بڕگە ئەمڕۆ بکرێ، بەڵام ئەوە دواجار بنێردرێ بۆ لیژنەکان خۆیان و خەڵکی خەبیر لەو بوارە بانگ بکرێ بۆ رێکخستنەوە، چونکە لە رووی زمانەوانی و ئەدەبیەوە نوقسانی زۆری هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە وەزارەت (١٢) خاڵمان هەیە وەکو خاڵی سەرەکی کە پێویستە جێگەیان بکرێتەوە لەو پرۆژەیە، بەرای ئێمە بەرلەوەی تەنزیم کرایە ئەبوو وەزارەتی داد بە شێوەیەکی یاسایی ئەو پرۆژەیە تەنزیم بکات یان بەشدار بووان لە تەنزیم کردنی، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان پرۆژە یاسای رێكلامی بازرگانی یەكێكە لەو پرۆژانەی زۆرترین گفتوگۆی لەسەر كراوە، لە رۆژی (١٢-١١) وركشۆپێكی لە هۆتێلی هەولێری نێودەوڵەتی بۆ كرا، نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری و شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و بازرگانی پێشووتر لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بە واژووی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان بانگ كرابوون، شارەزایان لە بواری یاسایی بانگ كران، نوێنەری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و مامۆستایانی زانكۆ و سەرجەمی (٤٨) شارەزا لە بواری رێكلامی بازرگانی بەشداریان كردووە، بۆیە تەسەور ئەكەم ئەو پێشنیارە یاساییە، جگە لەوەی جارێكی تر لیژنە تایبەتمەندەكانی لیژنەی رۆشنبیری و شارەوانی و بەڕێز وەزیری بازرگانیش كۆبوونەوەمان لەگەڵ كردووە، سەرنج و تێبینیەكانیان وەرگیراوە، بۆیە زۆرترین پێداچوونەوە كراوە ببە لەبەر چاو گرتنی سەرنج و تێبینیەكانی بەڕێز وەزیری رۆشنبیریش ئەتوانین لە راپۆرتی دووەمی لیژنەی هاوبەش كاتێ ئەینووسینەوە لەبەر چاوی بگرین.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی روون كردنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو روون كردنەوەم هەیە، یەك سەبارەت بە نووسینی یان تەقسیم كردنی ئەو پرۆژەیە، ئەو پرۆژەیە خۆی لە خۆی لە (٨) ماددە پێكهاتووە، بەش ئەوكات جوانە لە رووی شكلی و سیاغەوە لە ناو پێشنیازە یاسا یان لە ناو یاسا هەبێ، جا عەدەدێكی زۆری ماددەكان لە خۆ بگرێ، (٨) ماددەیە، (٤، ٥) ماددەش حوكم خیتامیە، نابێ بنووسین بەشی یەكەم ماددەی یەكەم، بەشی دووەم ماددەی دووەم، هەر جوان نییە لە رووی شكلییەوە، سەبارەت بە زمانی فەرمی لە پرۆژەیە، هیچ فەراغێكی قانوونیمان نەبوو كە ئیشارەت پێ بدەین، یاسایەك هەیە لە كوردستان ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان، ماددەی (١٧) بەو شێوەیە، (پێویستە هەموو جۆرە رێكلام و بانگەشە و ئاگاداری كار و بازرگانی لە هەرێمی كوردستان بە زمانی كوردی بێ و ئەكرێ لەگەڵی زمانی تر بەكاربێت)، كەوایە ئەم یاسایە تایبەتە بە زمانە فەرمییەكان خۆ باسی رێكلام ئەكات، كە باسی رێكلام ئەكات ئەڵێ زمانی كوردییە، ئەكرێ غەیری زمانیش بێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار پاشان دکتۆرە ڤالا وەکو وەزیری هەرێم.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (٨، ٩، ١٠، ١١) قسەم هەیە، ئەو قسانەم بەشێکی لەسەر ڕاست کردنەوەی زاراوەکان بۆ ئەوەی مانا زانستییەکەی هەبێ، بەشێکیشی داڕشتەی تازە بە ئیزافاتەوە کردوومە، سەبارەت بە موستەلەحی ڕێکلام، خۆی موستەلەحە، هەموو موستەلەحێك پێویستییەکەی پێ بدرێن لە ئەدەبیات و زانستی بازرگانی و ئیقتیسادی موستەلەحی ڕێکلام بە نەشات هاتووە، نەك بە خزمەتگوزاری، ئەوەی لێرە هاتووە ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕێکلام خزمەتگوزارییەن کەچی لە ئەدەبیاتی زانستە ئابوورییەکان وا هاتووە کە نەشاتی تیجاری ئیعلامیەن، بۆ ئەوەی داڕشتنی تازەم کردووە بۆ بڕگەی (٨) (ڕێکلامی بازرگانی بریتیە لە چالاکیەکی بازرگانی میدیایی بۆ رەواجدان بە کاڵا و شتوومەك و بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکان بەکاردێ بە مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کرین و بەکارهێنانی)، سەبارەت بە برگەی نۆیەم بەو شێوەی خوارەوە دامرشتووە (خوازیاری ڕێکلام بریتیە لە کەسی سروشتی یان کەسی مەعنەوی کە داوای ڕێکلام کردن بۆ کاڵاکەی یان بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی ئەکات بە مەبەستی رەواج پێدان بەرز کردنەوەی ئاستی فرۆشتن، سەبارەت بە برگەی دەیەم پێم وایە بەرهەمهێنەری ڕێکلام ئەبێ کەسایەتیەکی مەعنەوی بێ، واتە ئەبێ دامەزراوەیەك یان کۆمپانیایەك بێ، ناکرێ بەرهەمهێنەری ڕێکلام کەسی بێ، بەڵام خوازیاری ڕێکلام ئەکرێ کەسی بێ، بۆیە وشەی کەسێك ئەبێ لابرێ، چونکە هەڵەیە، کەسێ ناتوانێ بەرهەمهێنەری ڕێکلام بێ، ئەبێ کۆمپانیا یان دامەزراوەیەك بێن، سەبارەت بە بڕگەی (١١) لە بری ئەوەی ئاماژە بە ئامرازی هاتووچۆ بکات نووسراوە هۆیەکانی هاتووچۆ، لە ئەساسدا ئامرازە، لەبەر ئەوەی هۆیەکانە، بۆیە پێشنیار ئەکەم وشەی ئامرازەکان لە بری هۆیەکان جێگیر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەیخەمە روو تەنیا لە رووی یاساییەوەیە، هیوادرام لیژنەی یاسایی بە هەندی وەرگرن، لە کاتی دەنگدان لەسەری ئەو مولاحەزانە وەرگرن، ماددەی یەکەم زاراوەکان، بۆ دیباجەکەی عادەتەن بەو شێوەیە دائەرێژرێ بۆ مەبەستەکانی ئەو یاسایە مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە، باس زۆر لە وەزیر و وەزارەت کرا، عادەتەن لە یاسا و سیاغە ئەگەر زیاتر لە وەزارەتێك تێیدا بەشدار بوو موشەریع خۆی ئەپارێزێ لە ناوهێنانی

وەزارەت، نـاوی حکـومەت ئەهێنـێ و ئەلـێ حکـومەت، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام لە ئەحکامی خیتامی عادەت موشەریع زیاتر لە وەزارەتێکی هەبوو لەو ناو ئەحکـامی خیتـامی ئەلـێ پێویسـتە لەسـەر وەزارەتەکـانی رۆشـنبیری و شـارەوانی و گواسـتنەوە و گەیانـدن و نـاوخۆ بە هەماهەنگی تەعلیمات دەربکەن بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنـی ئەو یاسـایە، بـۆیە لە رووی سـیاغەی یاساییەوە پێویستە وشـەی وەزیـر و موسـتەلەحی وەزارەت هەردووکـی هەرلّگیـرێ لەبەر ئەوەی ئەو کارە پەیوەسـتە بە ئیشـی زیـاتر لە وەزارەتێـك، تەبـعەن دوای وەرگرتنـی رەزامەنـدی گفتوگـۆ کردنم لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند کە وەزیری رۆشنبیری خۆی لێرە ئامادەیە، خاڵی حەوتەم، یەکەی کارگێری کە پارێزگـا و قەزا و نـاحیەیە، بـرگەی حەوتەمـیش پێویسـتە هەڵگیـرێ، چـونکە تەنـاقوز دروسـت ئەبـێ لە نێـوانی ئەو یاسـایانەی پێشـتر هەیە و حوکمیـان کـردیە لە کوردسـتان و لەو یاسایەی ئێسـتا دەرئەچێن لە (٦٤) ەوە یاسـایەکی تـایبەت لە عێـراق دەرئەچـێ تەنزیمـی بـابەتی ئـیعلام ئەکـات و ئیعلانـات هەمـووی ئەداتە شـارەوانیەکان، لە هەر شـارێك و قەزار و نـاحیەیەك شارەوانی بەرپرسە لە ئیعلان، داهاتیشی بۆ وەزارەتی شـارەوانیە و لەوێـش تەرخـان ئەکـرێتەوە، ئینجـا دوای سـاڵی (٦٣) لە هەرێمـی کوردسـتان دوو بریـاری ئەنجـوومەنی وەزیـران دەرئەچـێ، بریارێك ژمارە (١٨) لە (٢٠١٦) کە رێکی خستووە ئیعلانات چۆنە و رسووماتی چۆنە و چـۆن خەرج ئەکـرێنەوە، بریـاری ژمـارە (١٦٢) ی (٢٠١٧) دەرچـووە دووبـارە ئەنجـوومەنی وەزیـران رێکـی خستۆتەوە و هەردوو بریارەکەش لە وەقائیعی کوردستان بڵاو کـراوەتەوە، بـۆیە پێویسـتە خـاڵی (٧) هەڵگیرێ، خاڵی هەشتەم رێکلامی بازرگانی تەعریف کردووە، لێرە عینوانەکە ئەلێ رێکخستنی رێکلامـی بازرگـانی، یەعنـی رێکلامـی بازرگـانی بە شـێوەیەکی عـام وەرگرتـووە، هەم رێکلامـی میدیایی، هەم رێکلام لە رێگا و بان و لەوح و سکین و شاشەکان، کە دووبـابەتی جیـایە، رێکـلام لە میدیا بابەتێکە زۆربەی وڵاتان بە تایبەت رێکیان خستووە، رێکلامی رێگا و بانیش بە یاسایەکی تـر رێکخراوە، لە عینـوانەکە هەردوو جـۆری کـۆکردۆتەوە، کە هـاتۆتە سـەر تەعریـف ئەلـێ رێکلامـی بازرگانی خزمەتگوزارییەکە لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازی پەیوەنـدی و هەر شێوازێك لە ئێوازەکانی راگەیاندن، دوایی لە خـاڵی (١٢) بـاس لە هۆیەکـانی گواسـتنەوە ئەکـات و ئەلێ تەواوی هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی، دوایـی دێـتە خـاڵی (١٤) بـاس لە دیوار بەندی ئەکات ئەو دیوارەیە کە رێکلامی پێ هەڵئەواسرێ، بۆیە پێویستە تەعریفی رێکلامـی بازرگانی رێکبخرێتەوە بەو شێوەی ئێسـتا ئەیـخەمە روو بـۆ بەرێـزان لیـژنەی یاسـایی (رێکلامـی بازرگانی خزمەتگوزاریەکە لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میـدیا و ئامرازەکـانی پەیوەنـدی و ئامرازەکانی راگەیاندن و هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی و لە رێـگەی لەوحە و سکرین و هی تر، پێویستە هیتر دابنرێ بۆ ئەوەی قەتعی نەبێ ئەوانەی ئەیژمێـرن، چـونکە ئەزانـن لە تەتەوردایە ئەو بابەتانە، بۆیە بە ئامانجی رەواجدان بە کاڵای خزمەتگـوزاری یـان بەرهەمهێنـان

بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کرینی یان بەکارهێنـانی، کەوایە بـرگەی (١٢، ١٤) هەڵئەگیـرێ، لە برگەی (٨) کە تەعریفی رێکلامی بازرگانیە جێگەی ئەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل علی طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفاتنێ مە پشتی هەمی هاتن بەلکی جهێ خۆ نەکات، بەس ئەز پشتگیریا کـاك ئەبـو بەکـر دکەم، ماددیەکی بێتە زێدە کرن بۆ دەستە، جهەتێکی تـایبەت بـۆ دانـا مـۆڵەتی بـۆ ڤـان کۆمپانیـا کـی دێ مۆڵەتی داتە ڤان کو کۆمپانییێت رێکلام کرنێ، نوقتێ دێ هاتیە تەوزیح کرن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولزار خان.

**بەرێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاورام لەگەڵ دکتۆرە ڤالا، بەس هەنـدێ تێبیـنم هەیە، هەمـوو یاسـایەك ئامـانجێکی هەیە، هەرچەندە لەو پێشنیازی یاسایە ئامانجەکە نەهـاتۆتە، ئەویـش هـیچ خەلەلـی قـانوونی تێـدا نـیە، بەس ئامانج لێرە ئەوەیە دیار کردنـی مەسـئولەیەتی مـونتیجە، لە حـاڵەتی موخـالەفەتی یاسـایی تەحدید ئەکرێ مەسئولیەتی مونتیج ئەویش لە ئامرازەکانی راگەیاندنە، لێرە ئـامرازی رەگەیانـدن بە رەئی من شێوازەکانی تەحدید نـاکرێ چـونکە لە تەوری گەشـە کـردنە، مـن بەو شـکلە پێناسـەم کردووە (هەموو بڵاوکەرەوەیەك بە هەر شێوازێك لە شـێوازەکانی راگەیانـدن کە زانیـاری دەربـارە کاڵا یان خزمەتگوزاری بۆ مەبەستی هاندانی بەرکاربەر بۆ کرینـی یـان بەکارهێنـانی)، لە فەقەرەی (٧) پشتگیری قسەکانی دکتۆر صەباح ئەکەم، ئەو یاسایە پەیوەستە بە شارەوانی، لە خاڵی نۆیەم، خزمەتگوزاری پێناسە نەکرایە ئەبوایە دیواربەند، خزمەتگوزاری ئەبوایە پێناسە کرایە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی روون کردنەوە.

**بەرێز بژار خالد عبداللە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ئەکەم ئاماژە بە شیتێك بـکەم، ئەوە راپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد لەبەر دەسـتی هەمووەمـانە، هەندێ جار ئەو حاڵەتە تیکراریش ئەبێ، ئەندامی پەرلەمان ئەندامە لەو لیژنە و ئیمزاشی کردووە، لێرە هەندێ تەرحی نوێ هەیە، نازانم کە کاتی کۆبوونەوە بەشدار بـووە لە کۆبـوونەوە یـان نـا؟ بە ئیمزای ئەو ئەندام پەرلەمانەیە یان نا؟ یان کەسی تر لە جیاتی ئیمـزای کـردووە؟ یـان ئەگەر شـتی

پێیە بۆ لە ناو کۆبوونەوەی هاوبەش، لەسەر قسەکانی بەرێز وەزیری هەرێم، راستە یاسا هەیە لەسالی (٦٤)، بەڵام ئێمە دەستمان کراوەیە لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی پەرلەمان پێشنیاری نوێ دێنن، یەکێ لەو پێویستی و سیفاتانە ئەبێ لەگەل تەتەور و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بگونجێ، ئیشارەتی پێدەدەین لە ساڵی (٦٤) یاسا دەرکەوتووە، ئایا لە ساڵی (٦٤) تەتەوەراتی ئەوکات و ئێستا وەکو یەکە؟ تەبیعیە یاسایەکی نوێ بۆ کوردستان دەربچێ بەپێی ئەو پێشکەوتنەی ئێستا لە کوردستان هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم بڕگەی شەشەم و هەشتەم پێم وایە ئەو دەستەواژەیە بگۆردرێ و بکرێ بە پێناسە و زاراوەکان، پاشان برگەیەکی سەربەخۆی بۆ دابنرێن لە بڕگەی شەشەم پێویستە ئیشارەت بە مۆبایل بدرێ بە هۆی فراوانی بەکارهێنانی پێویستە بە جیا ناوی بهێنرێ، لە بڕگەی هەشتم پێویستە بوترێ پرۆسەیەکی خزمەتگوزارییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای رەخنە لە جەلسەی پێشوو کە بابەتێکمان ئامادە کردبوو بەداخەوە مەجالتان نەدا...........

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ژ بابەتێك بوو؟

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

ئەوەی مەسەلەی کارەبا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن یەعنی؟

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

بە حوکمی ئەوەی ماڵم لە دووکانە و لە بەنداوی دووکان تێکەلاوی باشترمان هەیە و بابەتی زۆرباشمان ئامادە کردبوو، بەڵام نەتوانرا.........

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

برۆ سەر خاڵی پەیڕەوی تکایە.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

...... بە نیسبەتی بڕگەی چواردە دیـوار بەنـد ئەو دیـوارەیە ڕێكلامـی پێهەلدەواسـرێ، ئیشـارەت بە شتێ بدرێ باشە، پێویستە خانووی هاووڵاتی بە ڕەزامەندی خاوەنەكەی بـێ، زۆر جـار هەبـووە لە كاتی بانگشەشە بەیانی هەڵساوە سەیر ئەكات دیواری خـانووەكەی بانگەشـەیە، ئەو حـاڵەتە لەبەر چاو بگیرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبيد عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار عيسى سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو پێشنیازە یاسایە باس لە دامەزراندنی هیچ دەستەیەك نەكراوە بۆ پێـدانی مـۆڵەت بـۆ ڕێكـلام كردن، لە ماددەی دوو ئیشارەت پێدراوە پێویستە هەموو ڕێكلامێك مۆڵەتی لایەنـی پەیوەندیـدار هەبێت بۆ بڵاو كردنەوەی ڕێكلام، كەوایە هەموو وەزارەتەكان بەرپرسن بە بابەتەی پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیە مۆڵەت بداتن بۆ دانانی ڕێكلام كردن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حیكمەت.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەك ڤێت ڤی برگەیەك بێت زیاد كرن، لە ڕێكلام پیتی لاتینی دێتە نڤیسـین، خەلكـێ مە ب شێوازێت ئینگلیزی دنڤیسیت، داخازێـت دكەم وەكـی لاتینـی دێـتە نڤیسـین وەكـو كـوردیەكی ڕەسەن بێتە نڤیسین، پشتگیری لە كاك بەهەمەن و دكتۆر صەباح دكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك محسن.

**بەڕێز محسن حسين مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك عوسمان ئیشارەتی بەوە دا خانووی هاووڵاتیان دەستنیشان بكرێ، ئەوە ڕێكلامـی بازرگـانییە، بانگەشە ناگرێتەوە، تەنیا بازرگانییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بەو نـاو و ناونیشـانە و پێناسـە و هەنـدێ ووشـە، ئەو لیـژنەی یاسـاییەی هەیە بـۆ داڕشتنەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی دێتە بەردەستیان یان هەر لیژنەیەکی تر، دواتر سیاغەی ئەکرێ بـۆ ئەوەی چیتـر ئەو پەرلەمـانە کە ئەرکـی گـرنگە بە ووشـە سـازی و تەرجـوومە کردنـی ووشـەی ئینگلیـزی بـۆ کـوردی یـان کـوردی بـۆ ئینگلیـزی خەریـك نەبـێ، هەسـت ئەکەم جـاری وایە گلەیـی ئەکەین خەڵك قسە لەسەر ئەو پەرلەمانە ئەکات، جاری وایە ئەبینە هۆمار خەڵـك قسـەمان لەسـەر بکات، هەست ئەکەین (٥، ٦) موداخەلە هەیە سەبارەت بەوەی ئەو وشە ئەوە نەبێ و ئەوە بێ، پێم وایە لیژنەیەکـی مـوختەس پەیـدا بکـرێ کـاتێ پـرۆژە یاسـا گەڵاڵە ئەکـرێ ئەو کەسـانە لە رووی زمانیەوە چاکی بکەن و سیاغەی جوانی کوردی بۆ بکەن ناومان لێ نەنرێ و بڵێن پەرلەمانتار کاری وشە گۆڕینە............

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

........ لەسەر ئەو ماددەیە، با ئەوە نێتە بەرچاو پەرلەمان خەریکی وشە گۆڕینە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی موختەس.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزانین بـڵاو کـردنەوەی رێکـلام و گرنگیـدان بە رێکـلام لە کوردسـتان و دونیـا لە رێـگەی میـدیا و راگەیانـدنەکانەوە ئەبـێ، لە سـەرەتای داڕشـتنەوە یەکـێکم لەوانەی واژووم کـردووە، لە لیـژنەی تایبەتمەندیش هاتۆتە لای ئـێمە، پێمـان وایە چـاودێری کردنـی دەزگاکـانی راگەیانـدن بە شـێوازی گشـتی کـاری وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوانە، بـۆ چارەسـەر کردنـی ئەو رێکلامـانەی سـەر دیواربەندەکان و شەقامەکانە وەزارەتی شارەوانی لە نـاو ئەو پـرۆژە یاسـایە لە مـاددەی شەشـەم ئەبن بۆ دەرکردنی رێنماییەکان، بۆ مۆڵەت دان بە هەر بەرهەمێك بۆ رێکـلام بـزانین مـۆڵەتی هەیە یـان نـا وەزارەتـی پیشەسـازیش بە نـاو وەکـو لایەنێکـی سـەرەکی مـافی هەیە لە دەرکردنـی رێنماییەکان و سەرجەم ئەو وەزارەتانەش بەرهەمەکانیان رێکلامی هەیە، بەگشـتی رێکـلام لەبەر ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە دەزگاکانی راگەیاندنەوە هەیە باسی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیـژنە تایبەتمەنـدەکان ئەکیـد ئەکەیـنەوە هەر ئەنـدامێك پێشـنیارێکی کـردووە و پشـتگیری سـێ هاوڕێی تری لەگەڵ بووە تۆماری بکەن، دواتر بەپێـی ئەو هەمـوارەی کردمـان لە داڕشـتنەوەیەکی نوێ ئەتوانن داڕشتنەوەی نوێ بکەنەوە بۆ سەرجەمیان، ئەچینە سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

مەرجە گشتییەکان.

مەرجە گشتیەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕێکلام و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام:

١ پێویستە هەموو ڕێکلامێك مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری هەبێ پێش بڵاو کردنەوەی ڕێکلام.

٢- ئەبێ ڕێکلام ڕاستگۆیانە و ڕوون و ڕەوان بێ.

٣- لە کاتی بەکارهێنانی زانیاری ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەبێ سەرچاوە گونجاوەکـان پەیوەسـت بکرێن.

٤- جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسا دیاری کراون ڕێکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە ئەنجام ئەدرێ بە ڕەزامەندی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە.

٥- یەکەی کـارگێری و پاڵپشـت بە یاسـا و ڕێنمـایی حکـومەت بە لەبەر چـاو گرتنـی هۆیەکـانی سەلامەتی هاتووچۆ سەلامی پێداویستیە ستانداردەکانی بڵاوکـردنەوەی هۆیەکـانی گواسـتنەوە دابین ئەکەن.

٦- بڵاوکردنەوە و دانانی ڕێکلام لە شوێنی گشتی ڕێگەی پێ ئەدرێ بە مەرجی ڕەزامەنـدی یەکەی کارگێری.

٧- یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا ئەبێ سەلامەتی پێداویستی ستانداردی باڵو کردنەوەی ڕێکلام لە شوێنە گشتی و تایبەتمەندەکان دەستنیشان بکەن.

٨- ئەبـێ یەکەی کـارگێری پاڵشـت بە یاسـا و ڕێنماییەکـان لە (٥٠%) لە داهـاتی بەدەسـت هـاتوو لە دانانی ڕێکلام لە شوێنە گشتی بۆ مەبەستی باشتر کردنی خزمەت گوزاری گشتی بەکاربهێنێ.

٩- ماوەی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە و دانانی ڕێکلام تەنیا یەك ساڵ ئەبێ و ئەکرێ نوێ بکرێتەوە.

١٠- ماوەی مۆڵەتی ڕێکلامە کاتیەکان ئەبێ بە ڕێنمایی یەکەی کارگێری بێ.

١١- ڕادەی تیشکی ڕووناکی سـەر شاشـەکانی ڕێکلامـی ئەلیکترۆنـی سـەر شـەقامەکان لە ڕۆژدا لە (٥٠٠٠) لۆکۆسلۆمس مەتر دووجا زیاتر نەبـێ و لە شـەوانیش لە (٢٠٠٠) لۆکۆسـلۆمس مەتـر دووجـا زیاتر بێت.

١٢- ئەبێ ئەمرازەکانی میدیا ڕێکلامی هۆشـیاری نیشـتیمانی و ژینگەیـی و هـاتوچۆ بـێ بەرامـبەر بڵاوبکاتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ئێستا دەست بەرز بکەنەوە دوای ئەوە هیچ ناوێك ئیزافە ناکرێ تکایە، (کاك دیاری، بەدریە خان، کاك اسماعیل، شادی خان، کاك ئەبو بەکر، ئەشنا خان، شنۆ خان، کاك کاروان، رۆپاك خان، کاك رزگار، کاك بەهمەن، کاك رێبوار، کاك سەروان، سەوسەن خان، کاك دکتۆر صەباح، کاك وەیسی، لیزا خان، دکتۆر محی الدین، کاك موسلیم، کاك بەلێن)، بۆ ئەو ماددەیە پێمان باشە وەزیرانی تایبەتمەند رەئی خۆیان بخەنە روو دواتر ئێوە.

**بەڕێز محمد سعید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دوو بە باشی ئەزانین:

١ ئەو کاڵاو مەوادانەی هاوردە کراون ئەبێ رەزامەندی کوالێتی کۆنترۆلی هەبێ ئینجا رێکلامی بۆ بکرێ.

٢- نابێ رێکلام بۆ مەشروبا ت و جگەرە و توتن و نێرگەلە بکرێ.

٣- پێش پیشاندانی رێکلام ئەبێ ئاگاداری هەبێ بۆ ئەوەی رێکلام لە بەرنامەکە جیا بکاتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سەرنج و تێبینیانەی ئەدەین سەرنج و تێبینی یاساییە، نامانەوێ ئەو یاسایانەی کە دەرئەچن بە کەم و کورتی دەرچن، بگەڕێنەوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆ پێداچوونەوە، تکا ئەکەین لیژنەی یاسایی و ئەندامان ئەو مولاحەزە یاساییانەی کە ئەیلێین بە هەند وەرگرن بۆ ئەوەی خەلەلی یاسایی نەبێ، پاڵپشتیە بۆ لیژنەی یاسایی و پەرلەمان، لێرەین بۆ خزمەتکردنی ئەوان و بۆ دژایەتی کردنی ئەوان لێرە نین تا وەڵام بدرێینەوە تکایە، ماددەی دووەم مەرجە گشتیەکان، ئەو مەرجە گشتیانەی کە دیاری کراوە تا ئەگاتە برگەی پێنج کێشەمان لەسەر نیە، کە گەیشتە برگەی پێنج چۆن لە ماددەی یەکەم برگەی حەوتمان هەڵگرتوو وتمان ئەوە ئیشی یەکەی کارگێری نیە، بەڵکو ئیشی شارەوانیە لە پارێزگاکان، بەهەمان شێوە لێرە برگەی (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) هەلگیرێ لەبەر ئەوەی لەو یاسایەی شارەوانی جێ بەجێی ئەکات و پێی ئەلێن قانوون واریدات بەلەدییان کە ئێستا یاساکە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان تەناقوز دروست ئەبێ لە بەینی ئەو دوو یاسایە و ئێستا عەقدەکان کراون، چەند عەقدێك بەرکارە و چەند عەقدێك کردوویەتی وەزارەتی رۆشنبیری و شارەوانی، ئەو عەقدانە ئەکرێن و دەرکردنی یاسا بەو شێوەیە و دروست کردنی تەناقوز لە بەینی یەکەی کارگێری و شارەوانی کێشە دروست ئەکات لە رووی یاساییەوە، بۆیە ئەبێ ئەو برگانە هەڵگیرێن، ئەگەر رێگە بدەن بە شێوەیەکی موفەسەلیش راپۆرتی بەڕێز وەزیری

شارەوانی بخوێنینەوە لەسەر ئەو بابەتە بۆ ئەوەی بچێتە ناو بەرنامەی کار، ئەوەی قسەی هەیە لە برگەی پێنج تا دە هەڵگیرێ بۆ ئەوەی تەناقوزی یاسایی دروست نەبێ، ئەوەی ئەیخەمە روو رەئی بەڕێز وەزیری شارەوانیە، بە شێوەی گشتی بابەتی دانانی ریکلام و رێکخستنی شار بە پێی یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦) ی (١٩٩٣) لە ئەرك و دەستەڵاتی شارەوانی پەیوەندیدار دایە، یەکێ لە داهاتەکانی شارەوانی داهاتی رووسماتی رێکلامە کە رێکخراوە بە یاسای داهاتی شارەوانیەکان ژمارە (١٣٠) (١٩٦٤)، بری رسوومات و هەموار کردن بە بریاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠)ی (٢٠١٦) ەوە هەموار کراوەتەوە لە (٢٠١٧) لەو یاسایە ئاماژە دراوە داهاتی رسووماتی شارەوانی راستەوخۆ بۆ شارەوانی خەرج ئەکرێ، بۆ خزمەتگوزاری گشتی نەك بۆ یەکەی ئیداری، لەبەر ئەوە (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) هاودژ ئەبێ لەگەڵ یاسای داهاتی شارەوانیەکان، ئەگەر ئەو دەستەڵاتە نەدرێ بە شارەوانی کێشەی یاسای تەقاعودی بورن یاسای شارەوانیەکان دروست ئەبێ لەبەر ئەوەی دەیان گرێبەست واژوو کراوە لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ دانانی رێکلام لە شوێنە گشتییەکان بە پێی ئەو رێنماییانەی شارەوانی داینـاوە و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندی شارەوانی چاودرێری ئەکرێن، داهاتەکان لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەند و بەپێی گرێبەستی یاسایی کۆ ئەکرێتەوە بۆ سوودی شارەوانی، خالی تر، دیاری کردنی شوێن و دانانی رێکلامی شارەوانی پەیوەندیدار دیاری ئەکات نەك یەکەی کارگێری، ماوەی مۆڵەتی بڵاو کردنەوە و دانانی رێکلام جۆراوجۆرە، شارەوانی پەیوەندیدار بەپێی گرێبەستەکە پاڵپشت بە رێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستەکان مەرجەکانی دیاری کردنی کات دیاری ئەکات، پێشنیار ئەکەین ئەو یاسایە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گۆزار گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز وەزیری هەرێم، راستە جۆرێك لە دژ دروست ئەبێ، بەڵام لێرە چارەسەرمان کردووە لە ماددەی (٧) وتوومانە بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٥) ی ئەم یاسایە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێ، بۆیە ئەو یاسایە کراوەتە پرۆژە و بۆ ئەوەی ببێتە یاسا درەچووێنرێ هەستمان بە فەراغێکی زۆر کردووە لەو قانوونەی هەیە کە لە داهاتی شارەوانییەکان سەبارەت بەوەی شێوازی رێکلام چۆن بێ لەلایەن شارەوانیەکانەوە، بۆیە ئەو برگە و بابەتانە مانەوەی زەرroورە، لێرە موعالەجەش کراوە تەزاروب دروست ناکات لە رووی قانوونییەوە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٧) موعالەجە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی دووەم بـاس لەو ڕێکلامـانە نەکـراوە کە لە زمـانی تـرەوە وەرگیـراون، پێشـنیار ئەکەم بـرگەیەك زیـاد بکـرێ (ئەو ریکلامـانەی لە ولاتـانی تـر وەرگیـروان، پێوسـتە لەگەڵ بنەماکـانی ئەو یاسایە و دابوونەریتی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بگونجێ).

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵم هەیە، یەکیان پێشـنیار ئەکەم خاڵێـك زیـاد بکرێ لە مەرجە گشـتییەکان دەسـت نیشـان بکرێ، کە بە چ زمانێك ڕێکلام هەم بخوێندرێنەوە هەم بنووسرێن، یەکەم مەرج زمانی کوردی بـێ بـۆ پارێزگـاری کـردن لە زمـانی کـوردی، زمـانی دووەم عەرەبـی بـێ بـۆ ئەوەی تەنـاقوز لەگەڵ دەستووری عێراق دروست نەبێ، چونکە لە دەستووری عێراق دوو زمانی فەرمی هەیە عەرەبی و کوردییە، زمانی سـێیەم ئینگلیـزی بـێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێـك کۆمپانیـای بیـانی هەن لە هەرێمـی کوردستان هەن ڕەنگە ئینگلیزی زمانی ڕەسمیان نەبـێ، بەڵام ئەگەر بەکـاری بێنـین لە ڕێکلامەکـان ئەتـوانین کـۆنترۆلی هەمـوو ئەو کۆمپانیایـانە بکەیـن لێـرەن و بە زمـانی تـر قسـە ئەکەن، کەوایە زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی وەکو مەرج دابنرێ، خالی تر، بـرگەی دوانـزە ئەزانـن ئەمسـاڵیش هەڵمەتی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانمـان بەرێ کـردن پـێم وایە وەکـو ئافرەتـانی پەرلەمان هەر پرۆژە یاسایەك ئاراستەی پەرلەمان ئەکرێ و خوێندنەوەی بۆ ئەکرێ و ئەبێـتە هـۆی خزمەت گەیاندن بە پرۆسی ئافرەت لە گرنگ وەرییگرین و پرسی ئافرەتی تـێ بخەیـن، دیسـانەوە ئەتوانین برگەی دوانزە لە ماددەی دووەم بەو شێوەیە خالێکی بۆ زیاد بکەیـن (ئەبـێ ئامرازەکـانی میدیا ڕێکلامی هۆشیاری نیشتیمانی و ژنگەیی و تەندروستی و هاتوچۆ و هەر ڕێکلامێـك تـایبەت بێ بە هەڵمەتی بەرنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە بێ بەرامبەر بڵاو بکەنەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەلێن.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەو بڕگانە بوو کە بەڕێز دکتۆرە ڤاڵا خستیەروو لە لابردنی ئەو بـرگەی (٥ تـا ١٠)، لە برگەی یانزە ئەڵێ رادەی تیشکی رووناکی لەسەر شاشەکان لە رۆژدا لە (٥٠٠٠) هەزار مەتـر دوجـا زیاتر نەبێ و لە رۆژ لە (٢٠٠٠) زیاتر بێت، ئەبێ بلێی نابێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەڵەیەکی چاپە، فەرموو رووپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مەرجە گشتیەکان پێم باشە خاڵێك زیاد بکرێ، چونکە باس لە مەرج ئەکات پێم باشە مەرجی بەرهەمهێنی رێکلام و بڵاوکەرەوەی رێکلامی بۆ زیاد بکرێ، پاشان بە خاڵێك کەرتی گشتی ئەرکی گشتی ئەرکی چیە؟ بۆ ئەوەی مەرجیان بۆ دابنێ، جا یان لە هۆیەکانی دەرچوواندن یان لێرە بە خاڵێك جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە مەرجە گشتییەکان دوای بڕگەی دووەم، ئەلێ ئەبێ رێکلام راستگۆیانە و روون و رەوان بێ، ئەتوانین بڕگەیەك زیاد بکەین و زمانی کوردی ئیزافە بکەین، چونکە لە هەرێمی کوردستان رێز لە زمانی خۆمان بگرین، جگە لەوەی رێکلامی بازرگانی زۆرجار بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردیشە، ئەتوانین لە هەرێمی کوردستان نموونە عەنکاوە چری دانیشتوانی لە برە مەسیحییەکان پێکدێ، ئەوانیش بە زمانی خۆیان رێکلام بکەن، بەڵام ئەبێ بە روونی بنووسرێ، چونکە لە هەرێمی کوردستان هەندێ جار ئەبینین زمانی کوردی زۆر شێواوە، بۆ ئەوەی رێز لە زمانی خۆمان بگرین، پێویستە بە رێکی بنووسرێ، سوپاس، پشتگیری لیزا خان و برادەرانی تریش ئەکەم.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

برادەرانی تر کێن؟

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

لیزا خان و کێ بوو ئەوی پێشەوە؟

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم نووسراوە مەرجە گشتییەکان، دوای ئەوە جارێکی تر نووسراوە مەرجە گشتییەکانی وەبەرهێنان و بڵاوکردنەوەی رێکلام، پێشنیاز ئەکەم ماددەی دووەم

راستەوخۆ وای لێ بکرێ (مەرجە گشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام واتە بکرێ بە یەك دێر)، خاڵی دووەم پێویستە مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری پێش بڵاوکردنەوەی ڕێکلام ئەم پرۆسە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و کۆمپانیایەك یان کەسێك بێت ڕێکلام بکات، پێم وایە پێویستی بەوە نییە بچێ مۆڵەت وەرگرێ، خاڵی (٧،٥) ئەکرێ بکرێ بە یەك خاڵ، لەبەر ئەوەی جۆرێك لە دووبارە ئەچێ، ئەکرێ بکرێتە خاڵی پێنجەم، لە خالی هەشتەم ئەلێ ئەبێ یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا و ڕێنماییەکان لە (٥٠%) داهاتی بەدەست هاتوو لە دانانی ڕێکلام لە شوێنە گشتییەکان، بەڵام ڕێکلامی میدیا و تیڤی یەکێکە لەوانەی داهاتی پارەیەکی زۆرە، ئەکرێ بۆ داهات و خزمەتگوزاری گشتی ئیستیفادەی لێ بکرێ، پێشنیار ئەکەم کە بەدەست هاتوو لە ڕێکلام لە دانان لە شوێنە گشتییەکان و سەرجەم ڕێکلامەکانی تر بۆ مەبەستی باشتر کردنی خزمەتگوزاری گشتی بەکاربێت، لە نۆیەم ئەڵێ ماوەی مۆڵەتی بلاوکردنەوە و دانانی ڕێکلام تەنیا یەك ساڵ ئەبێ و ئەکرێ نوێ بکرێتەوە، پێم وایە پێویستی بەو خاڵە نییە، ناکرێ کات دابنرێ، لەبەر ئەوەی کۆمپانیایەك یان شەخسێك کاتێ ڕێکلام بکات ئەگەر پارەکی باش یان ڕێکبکەون لە پێی عەقدێك لەگەڵ حکومەت، ئایا بۆ ساڵێکە یان دە ساڵ یان بیست ساڵ، کەوایە ئاساییە، لە دوانزە، ئەبێ ئامرازی میدیا ڕێکلامی هۆشیاری نیشتیمانی و ژینگەیی و تەندروستی و پاراستنی، یەعنی ڕێکلامەکانی پاراستنی سامانی ئاو و هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا، هاتووچۆ و بەبێ بەرامبەر بلاو بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو لەسەر بڕگەی چوارەم قسەم هەیە، جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسا دیاری کراوە، ڕێکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە ئەنجام ئەدرێ بە ڕەزامەندی خاوەنەکەی، یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە، لەو خاڵە نابێ ئەو ڕێکلامە لە پێشی جامی سەیارە دابنرێ یان ببێتە بەدیلی جام ڕەش، ئەبێ روون کردنەوە بدرێ کە ڕێکلام لە جامی سەیارە بدرێ، یەعنی ناوەوەی داپۆشراو ئەبێ، لە دوانزەم ئەبێ ئامرازی میدیا ڕێکلامی هۆشیاری ژینگەیی و نیشتیمانی و هاتووچۆ بێ بەرامبەر بڵاو بکەنەوە، ئەبێ وشەیەکی جوان نییە، پێویستە ئامرازەکانی میدیا و هەر هۆیەکی ڕێکلام بڵاوکردنەوە نەك بەس ئامرازی میدیا، ڕێکلامی هۆشیاری نیشتیمانی و رۆشنبیری تەندروستی و رۆشنبیری هاتووچۆ، پێویستە ووشەی رۆشنبیری زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رۆمیۆ نوقتەی نیزام.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی خۆم نەنووسیبوو بۆ بەشدار بوون لە موناقەشە، بەڵام حەز ئەکەم ئەو تێبینییە بدەم، باس لە زمانی فەرمی ئەکرێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و باسی زمانی تریش خەریك بو بکرێ، بەڵام باسی دوو زمان نەکرا، هەندێ لە ئێمە زۆر شت هەیە بەش بەشی ئەکەین، هەندێ لە بیر ئەکرێ ئەوەی تر زەق ئەکرێ، پێم وایە زمانی سریانی و تورکمانی فەرمین هەم لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم و هەم لە یاسا بەرکارەکان، ئەکرێ بەوانیش ڕێکلام بکرێ بە تایبەتی لەو شوێنانەی زۆرینەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکانی کاك ڕۆمیۆ، هەر لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٤) ماددەی (٣) هاتووە لە کوردستانی عێراق، زمانی پێکهاتەکانی تورکمان و سریانی و ئەرمەن لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیان و لە کاتی پێویست لە پاڵ زمانی کوردی فەرمین، لە چوارچێوەی ئەو ماددەیە هیچ ڕێگری نییە لەسەر زمانی پێکهاتەکان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك موسلیم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند خاڵێکم هەیە، یەکەمین پێم باشە فەرهەنگی زمانەوانی دابنرێ، دووەم، دەستەواژەکە لە بڕگەی دووەم بەو شێوەی لێ بکرێ، ڕێکلام ڕاست و ڕوون و ڕەوان بێ، ڕاستگۆیانە بەو شێوەی لێ بکرێ، سێیەم، ئەو خاڵە لای من زۆر ڕوون نییە، یەکێ لە مەرجەکانی یاسا ئەبێ ڕوون و ڕەوان بێ، خەڵك و هاووڵاتی بە ئاسانی لێی تێبگەن، لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە سەرچاوە گونجاوەکان ئەبێ پەیوەست بکرێن، ئەوە جوانتر ڕوون بکرێتەوە، لە بڕگەی شەشەم بڵاو کردنەوەی دانانی ڕێکلام لە شوێنی گشتی ڕێگەی پێ ئەدرێ، پێم وایە ئەبێ یان ئەو خاڵە لابرێن یان شوێنی گشتی تەعریف بکرێ، شوێنی گشتی چییە؟ فرۆکەخانە جیاوازی هەیە لەگەڵ فەرمانگەکانی حکومەت، ڕێکلام ڕێگەی پێ بدرێ ڕێکلامی کۆمپانیایەك لە کۆمپانیاکان لەو شوێنە دابنرێ، لە بڕگەی هەشتەم باسی داهاتی ڕێکلامەکە ئەکات کە لە (٥٠%) ڕێکلامی بەدەست هاتوو لە شوێنە گشتییەکان بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری بەکاربێ، پێم وایە زیاتر ڕوون بکرێتەوە بۆ کێ ئەگەڕێتەوە ئەو داهاتە؟ بۆ وەزارەتی دارایی یان بۆ هەر جێهەتێکی تر دیاری نەکراوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێ کاك مسلم پرسیاری کرد لە کاتی بەکارهێنانی زانیاری ئەنجامی توێژینەوە ئەبێ سەرچاوە گرنگەکان پەیوەست بکرێن، هەندێ لەو ڕێکلامانەی لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو ئەکرێنەوە بۆ سەرنج راکێشانی خەڵك ئەڵێ ١٠٠% گرەنتیە کە باسمان کرد یان ئەڵێ بە پێی توێژینەوەکان لە ئەلمانیا لە فەرەنسا بێ ئەوەی هیچ هەبێ، بۆ ڕێگری کردن لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵك و زیاتر سەرنج راکێشان بۆ ئەوەی وایە و واش نییە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن هەورامی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕای پێشنیاری کاك عبدالستارم بۆ دروست کردنی لیژنەیەك، بە گۆڕینی شەهیدان شەرم ئەکەم فەیس بووك بکەینەوە لەسەر شێوەزاری هێما و سیما و ئەوانە، با دووبارە نەبێتەوە، ئەوەی تریش پوێستە سوود لە وڵاتە پێشکەوتووەکان وەرگرینن، بەڵام لەبیر نەکەین لە کۆمەڵگایەکی شەرقین، کەلتوور و فەرهەنگی خۆمان لەبیر نەکەین، لە ڕێکلامەکان بگەڕێتەوە سەر ئەوەی خۆمان نەك ئەوەی تر، لە ماددەی دووەم بڕگەی سێیەم ئەبێ ڕێکلام راستگۆیانە و روون و رەوان بێ، هەر ئەوشەو ڕێکلامێکم بینی لە تیڤی لە نەخۆشخانە بوو، پیاوێکی بە تەمەن برنجیان پێ ئەدا بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە، ئەوە چ راست و رەوانی تێدایە؟ ڕێکلام وای لێ بێ کە ئاماژەی پێداوە، نەك پێچەوانەی پێشاندان و گوتن بێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا ئێکێ یەکەم ب تەسەورا من زەحمەتەکا مەزنە بۆ خەڵکی ئەگەر هەر ڕێکلامەکی مۆڵەتەك بۆ هەبیت، یەعنی یەکێ سەلاجەیێ خۆ ڕێکلام بکات لایەنی پەیوەندیدار مۆڵەتی بداتێ، مە کۆمپانیایەت ڕێکلامێ هەی و ڕێکلامێ هەی، کۆمپانییێت ڕێکلامێ پێویستە مۆلەتی هەبیت، ئەوەی دی پێویست ناکات، ئەز بێژم بێژیت پێویستە هەمواری ڕێکلامی سەرپێچ نەبن لەگەڵ ئەو یاسایە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەرێز رزگار محمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ جارە بەرێزتان وەك جێگری سەرۆك پەرلەمان بانطهێشت ئەکرێن، تکایە ئەوە راست بکەنەوە، ئەوەی بە جێگیر باس کراوە بسرنەوە و وەکو سەرۆکی پەرلەمان بانطهێشـت بکـرێن، دوو، ئەوەی ئەلێ راست و رەواو روون بێ ئەگەر برنجی بە پیاوێکی داوا ئەوە راست و رەوان نییە، لەبەر ئەوە راست بکرێتەوە و رێگە پێنەدراوە، بۆچی مۆڵەت ئەبێ بـدرێ؟ ئەوەش ئەگەرێـتەوە بـۆ راسـتی و کوالێتی ئەو کاڵایە کە لە تیڤیەکان یان میدیا رێکلامی بۆ ئەکرێ، رێکلامیش بەس بۆ کاڵا نیـیە، بـۆ پەرتووکێك بێ یان بۆ رۆمانێك بێ، هەر بابەتێکی تر بێ، لەبەر ئەوە ئەبێ هەموو رێکلامێك ئەبـێ لە وەزارەتی پەیوەندیدار مۆڵەت وەرگرێ بۆ راستی و دروستی ئەم کاڵا یان بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محی الدین.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم هەبوو، بەشێکی دکتۆرە ڤاڵا وتی، بەشێکی تر لیژنەکان، سەبارەت بە زمانی کـوردی، ئەوەی دکتۆر اسماعیلیش سەبارەت بە مۆڵەتی رێکلام، پێم وایە ئەبێ کۆمپانیای رێکلام مۆڵەت وەرگرێ، نەك ئەوانەی ئەیانەوەێ رێکلام بۆ شتێکی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهمەن.

**بەرێز بهمن کاك عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دووەم و بـڕگەی دوانـزە (ئەبـێ ئەمرازەکـانی میـدیا رێکلامـی هۆشـیاری نیشتیمانی و ژینگەیی و هاتووچۆ بێ بەرامـبەر بڵاوبکـاتەوە)، ئەوە بەو شـێوەیە ئەبـێ وەزارەتـی رۆشنبیری رێکلامی هۆشیاری نیشتیمانی بنێـرێن وەزارەتـی ژیـنگە هـی ژیـنگە، تەندورسـتی هـی تەندروستی بنێرێ، ئیلزامی تێدا نیە و واش ئەبێ پێم وابێ، ئەبێ ئیلزام بکرێ و بووترێ پێویسـتە دامودەزگاکـانی راگەیانـدن ئەوانەی سـوودمەند ئەبـن لەو یاسـایە و سـوودمەند ئەبـن لە رێکـلام، رێکلامی رۆشنبیری رۆژانە چەند دەقەیەك یان پەرەگرافێك تەرخان بکەن بۆ رێکلامـی هۆشـیاری نیشتیمانی و پاراستنی سامانی نیشتیمانیەکان لەگەڵ ژینگە و ئەوانـی تـری بـۆ ئیـزافە بکـرێ، بەو شێوەیە ئیلزام ئەبن کاتی بۆ دابنێن و وەزارەتی مەعنیش پێیان بلـێ رێکـلام بـۆچی ئەکەن، خـالی

تر، پشتگیری ئەوەی زمان لە لیزا خان و کاك دکتۆر محی الدین و ئەوان ئەکەم، پاراستنی شکۆی مرۆڤ زۆر گرنگە، ڕێکلامێك هەیە نامەوێ ناوەکی بێنم، ئەلێ ئەو شێفە زۆر گێژە، یەعنی برنجەکەی لە شێفەکە گەورتر کردووە، ئەوە شکۆی مرۆڤ ئەشکێنێ بۆ گەورەکردنی برنج، گرنگە یەکێ لەو مەرجانە ئیزافە بکرێ، خالی تر، ئەوەی دکتۆرە ڤالا و کاك بەلێنیش پێشنیاری کرد پشتگیری لە پێشنیاری کاك بەلێن ئەکەم کە هەڵگرتنی ماددەی (٥ تا ١٠)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس پێشنیازێك پێش ئەوەی کە قسەکانی خۆم بکەم، ئەکرێ لەگەڵ هەرمادەیەکا لە کۆتایی قسەکانی ئێمە رای لیژنەی تایبەتمەند وەر بگیرێ بۆ ئیستفادەکردن لەو کاتەی کە هەمانە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی سەرنجەکانم د.ڤالا هەمووی کورت کردەوە لابردنی خاڵەکانە، بەڵام لە حاڵەتێکا ئەگەر خاڵەکان لا نەبرێن من سەرنجەکانی خۆم دەخەمە ڕوو، سەرنجی یەکەمم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی هەشتەم لە سەدا پەنجای داهاتی بەدەست هاتوو لە ریکلام دا بندرێت بۆ بە مەبەستی باشترکردنی خزمەتگوزاری، من پێم وایە ئەم ڕێژەیە کە تەرخان بکرێ لە سەدا پەنجا زۆر کەمە، ئێمە پێشوەخت هەمانە کە ڕێژەکە زۆر لەوە بەرزترە وابزانم لە سەدا سەدە کە پێویستە ئەو داهاتەی کە هەیەتی لە شارەوانییەکانە لە بەرژەوەندی شارەوانییەکانە، شارەوانییەکان بەکاری دێنەوە، لەبەر ئەوە ئەو ڕێژەیە لە سەدا پەنجایە زۆر کەمە مەعقولیش نییە، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەم ڕێژەیە دەستکاری بکرێ لە حاڵەتێکا خاڵەکە بمێنێتەوە، ببورە سەرۆکی پەرلەمان هێشتا خاڵەکانم تەواو نەکردووە، خاڵی نۆهەم ئەو تەنها یەك ساڵە من بە پێچەوانەی رای برادەرەکانمەوە، پێم وایە ماوەی یەك ساڵ ریکلام کردن زۆر زۆرە، چونکە ئێمە مانەوەی هەموو ریکلامێك گریمان شەریکەیەك ریکلامێك دەکات ودوای دوو مانگ ئیفلاس دەکات، چۆن چۆنی ئێمە دڵنیا بینەوە لە هەڵگرتنەوەی ئەو ریکلامەیاو پیس نەکردنی ژینگە بە هەموو ئەو پاشماوەی ریکلامانەی کە ئێستا لەسەر شەقەمامەکان هەمانە لە شوێنە گشتییەکان هەمانە، بۆیە من پێم وایە کە دەبێت ئەو مۆڵەتەی دەدرێت بە ریکلام کردن لە شەش مانگ زیاتر نەبێ و، پشتگیری لە رائیەکەی هەردوو هاوکارم لیزا خان و کاك دیاری دەکەم، لە خاڵی دوانزەهەم دا هۆیەکانی ئەو ریکلامانەی کە هەن ئەو ریکلامانەی تایبەتن بە بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان پێویستە لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری جێی بکرێتەوە هۆشیاری نیشتمانی لەگەڵ ئەوەی کە ئەو خالانەی ئەو بابەتانەی کاك دیاری باسی کرد هەمووی پێویستە جێ بکرێنەوە بەبێ بەرامبەر ریکلامیان بۆ بکرێ و هۆیەکانی لە میدیاکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من پاڵ پشتی لە قسەكانی خوشكە لیزا و د.گەلاوێژ دەكەم بۆ بۆچوونەكانی زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ هەرچەندە زۆری خاڵەكانی كە من دامنابوو ئاماژەی پێكرا، بەڵام زۆر زۆر بە سەریعی......

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر دووبارە نەبێ سوپاستان دەكەین لەبەر كات، بەڵام ئاماژەی پێكراوە پێویست ناكا.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دووبارە نییە، چونكە سیاغەی داڕشتنەوەكە ئەخەمە ڕوو، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لەو شوێنەیا كە كاك بەڵێن باسی كرد ئەو هەڵە تایپە ڕاست بكرێتەوە ئەوە پێشتر ئاماژەی پێدا، پێشنیاری من ئەوەیە بڕگەیەك بە ریزبەندی سێزدەهەم زیاد بكرێ لەسەر ئەو پێشنیارەی لەسەر زمانی كوردی كرا بەم شێوەیە دابڕێژرێ، دەبێت ریكلام بە زمانی كوردی پاراو نووسرابێت و هەر ریكلامێك بە زمانی دیكە بنووسرێت دەبێت لە تەنیشتیدا بە زمانی كوردی هەمان دەق وەرگێڕابێت، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٢) بڕگەی (١٢) دەبێت ئامرازەكانی میدیا ریكلامی ووشیاری نیشتمانی ژینگەی تەندروستی هاتووچۆ، من پێم باشە بەراستی ووشیاری پێكەوە ژیانیشی تێدابێت، چونكە هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك پێكهاتەی تێدایە، هەروەها پشتگیری لە ڕاو بۆچوونەكانی خوشكی بەڕێزم لیزا خان دەكەین كە هەر هەڵمەتێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژی ئافرەتان بێ بەرامبەر دەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم ئاماژە بەوە دەکات، دەبێ ریکلام راستگۆیانەو روون و رەوا بێت، هەڵبەت ئەو بڕگە بڕگەیەکی گرنگە، بەڵام مەعنای تەواوەکە نابەخشێت، بۆ ئەوەی کە مەعنای تەواوەکە ببەخشێت من دارشتنێکی ترم هەیە، پێشنیار دەکەم ئەو داڕشتنەی من جێگەی ئەو دارشتنەی کە لە بڕگەی دووەمدا هاتوە بگرێتەوە، داڕشتنەکەش بەو شێوەیەیە (پێویستە ریکلام گوزارشت بێت لە راستییەك پەیامی راستگۆیی هەبێت و روون و رەوا بێت) سەبارەت بە بڕگەی نۆیەم کە باس لەوە دەکات دانانی ریکلامێك ماوەی یەك ساڵی پێ دەدرێت، پێم وایە ئەم بڕگەیە بڕگەیەکی هەڵەیە لە بنچینە دا، چونکە دانانی ماوەیەك بۆ ئەوەی کە مۆڵەتی پێبدرێ ریکلام بکرێ لەبەر چەند هۆکارێك، من پێم وایە ئیزافەیە ئەبێ لابرێ، بۆ نموونە هەندێك ماددەی خۆراکی هەیە لەبەر مەسەلەی ئیکسپایر و ئەوانە رەنگە نەك مەسەلە ساڵێك ئیحتماله بەچەند رۆژێك ماوەی ئیکسپایرەکەی دیاری بکرێ، بۆیە بوونی ماوەی ساڵێك و ریکلام بکات لە ماوەی ئەو ماوەی یەك ساڵێك کە سەنەدێکی قانوونی هەیە وە خۆی لە خۆیدا هەرەشەیە بۆ سەرئاسایشی خۆراکی مرۆڤ هەموو ئەو کاڵایانەی کە ریکلامی بۆ ئەکرێ، هۆکاری دووەم یەکێك لە مەبەستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە یان نووسینەوەی ئەم پرۆژە یاسایە بریتییە لەوەی کە ریکلام دایمەن بازاری بازرگانی و و منافسەی بازرگانی گەرم دەکات، بوونی ئەم بڕگەیە کە ماوەی ساڵێك دیاری دەکات بۆ دانانی ریکلام وەکو مۆڵەت من پێم وایە منافسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هيمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابو بكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان سەرنجم هەبوو ئەوەی کە بەرێز وەزیری کاروباری پەرلەمان ئاماژەی پێدا، بەڵام بە دیوێکی ترا ئەمە مەرجی گشتی نین، بڕگەکانی شەش و حەوت و هەشت و نۆ لە مەرجە گشتییەکانە جێگەی نابرێتەوە، بۆیە دەبێت لا ببرێت. دوو، پێم وایە بەشێك لە ماددەی سێ ئەبێت بهێندرێتە ماددەی دوو، بۆ ئەوەی بچێتە چوارچێوەی مەرجە گشتییەکانەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بەو ریکلامە رێگە پێنەدراوەکانەوە هەیە کە پەیوەندیدارە بە بابەتی تەئشیر، ناو زراندن بە کارهێنانی سومبوڵ و ئاڵاو رەمزە نیشتیمانییەکان و هەموو جۆرەکانی جیاکاری و تێکدانی ئاسایش و پێکەوە ژیانی نەتەوایەتی و ئاینی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە ئەمانە بکرێنە مەرجی گشتی، چونکە پێویست بەو تەفاسیلە ناکات کە لە ماددەی سێدا هاتوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمانەی کە ووتران دووبارەیان ناکەمەوە، تەنها جەند تێبینیەکم هەیە لە ماددەی دووەم لە بڕگەی دووەم دەبێت ریکلام راستگۆیانەو روون و رەوا بێت، ریکلام فێر نییە، واتا فەرمان نییە تا دەوری وا ببینێت، دەبێ ئەو کەسەی کەوا ریکلام دەکات باشتر وایە ئاماژەی پێبکات، بڵێین دەبێت پەیامی ریکلام راست و روون و رەوان بێت بەو شێوەیە پێشنیاز دەکەم دابڕێژرێتەوە، چونکە کە پەیامەکەی لەگەڵ نەبێت مەعنا نابەخشێت، بەراستی لە سێیەم پشتیوانی قسەکانی کاك موسلیم دەکەم بڕگەکە زۆر ناروونە من داڕشتنەوەیەکم کردووە هیوادارم کە ئەوە پەسەند بکرێ لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، سێیەم لە کاتی بەکار هێنانی توێژینەوەی زانستییەکان پێویستە سەرچاوە بەکار هێندراوەکان ئەکادیمی پشتراستکراوەبن، چونکە پێم وایە مەبەستییان ئەوانەی کە بەکار دەهێندرێن، پێویستە ئەکادیمی بن پشتراستکراوەبن، بۆ ئەوەی کە بتوانین سوودیان لێ وەربگرین، لە بڕگەی پێنجەم یەکەی کارگێری پاڵ پشت بە یاستاو رێنماییەکانی حکومەت و بە لەبەرچاو گرتنی هۆیەکانی سەلامەتی هاتووچۆ، باشتر لێرە بوەستین هۆیەکانی گواستنەوە دابین دەکات، چونکە سەیفەتی توڵ ئەمە وردەکاری یەکجار زۆری هەیە، لێرە ئەگەر حکومەت بێت و یەکە کارگێرییەکان بگرنە ئەستۆ، من پێم وایە بوعدەیەکی مالیشی هەیە، دووبارە کێشەمان بۆ دروست دەکات، بڕگەی حەوتەم یەکەی کارگێری پاڵ پشت بە یاسا، بە کام یاسا؟ یاساکە لە کوێ هاتووە، ئاماژەی پێ بکرێت، ئەم یاسایە چیە؟ من پێم باشە کە روونبکرێتەوە کە ئەمە چییە؟ لە ماددەی هەشتەم کاك بەڵێن ئاماژەی پێکرد کە گشتییەکان غەڵەتێکی زمانەوانییە، لە بڕگەی نۆیەم پشتیوانی قسەکانی کاك د.رێبوار دەکەم و شادیە خانیش ئەم بڕگەیە تەقریبەن کێشەمان بۆ دروست دەکات لە رووی ئەنجومەنی ئاسایشی خۆراکی، رێگەی ریکلامەکانیش بە شکڵێکی گشتی، بۆیە پێویسە ئەم ساڵە لاببرێت و ئەم (دەکرێتە ئختیارە) لا ببرێت بکرێ بە دەبێت، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت رەنگە کێشەمان بۆ دروست دەکات و ئاخیر شت پشتیوانی قسەکانی د.گەلاوێژ دەکەم، ناکرێ ریکلام ببێتە وەسیلەیەك بۆ لە بەرانبەر تاریککردنی جامی ئۆتۆمبێلەکانمان کە ئەمە کارێکی زۆر خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گلیزار فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بەشی پێنجەم خاڵی پێنجەم تێبینیم هەیە، حەوتەم و هەشتەم پێنجەم تێدا باسی شوێنی گشتی و تایبەتدا، یەعنی خاوەن لێرەدا نوسراوە رەزامەندی یەكەی كارگێری ئەی خاوەن! خاوەنیش دەبێت رەزامەندی تێدا هەبێت وانییە، هەروەها لە حەوتەم باسی مەبلەغەكە ئەكات پەنجا لە سەد تێبینیم تێدا هەیە، هەروەها هەشتەم یەك ساڵی ئەی خاوەنەكە چۆن ئێمە لە قانونا شتێكمان هەیە مەبدە (العقد شريعه المتعاقدين) لەوێدا تەمەن مودەتەكە تێدا دیار دەكرێ، بەینی هەردووكیان بەینی خاوەن و، ئینجا لێرەدا ئەگەر ئێوە دیاریتان كردووە لێرەدا تەزاروب دەردەكەوێ لەسەر ئەوە، ئێمە یەعنی رەزامەندی ئەوەمان نەخستۆتە روو ئی ساحێبی بڵێین خاوەنەكە لەم دوو شتەیا دەبێت رەچاوی ئەوە بكەین، چونكە لێرەدا ئاخر لێرەدا مەبەستان تایبەت كێیە؟ خاوەنە، باشە خاوەن ئەبێ خۆی ئیتفاق دەكات لەگەڵ شەریكەكە لەسەر پارە، لەسەر مودەتەكە، لێرەش ئێوە دیارتان كردووە، هەروەها پشتگیری دكتۆرە گەلاوێژو لیزا خانیش دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تازە تێبینیەكەم بڵێم و نەلێم ئیستفادەی نامێنێ لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری هەرێم دەڵێ پێنجەم شەشەم حەوتەم هەشتەم هەموی تەناقوز دروست دەكات لەگەڵ یاسا ناگونجێ بڕیاردەری لیژنەی یاسایی دەڵێ عیلاجمان كردوە ئێمەش یەك سەعاتە مناقەشە دەكەین كاتمان كوشتوە تێنەگەیشتین ئێستا عیلاجەكە جۆنە و هەروەها تەناقوزەكە چۆنە زۆر سوپاس .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەدریە خان فەرموو، دوایی لیژنەی تایبەتمەند ڕێگەتان ئەدەین سەرنجی خۆتان بخەنە روو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەكانی من زۆربەی كرا، بەڵام لە ماددەی دوو لە مەرجە گشتییەكان تیشك ئەخەمە سەر بڕگەی دووەم و بڕگەی نۆیەم، ریكلام بەدوایدا بەرهەم هێنان و بڵاوكراوە بەدوای یەكدا ریزبەندی بۆ بكرێت و كەرتی گشتی لەو بوارەدا باسبكرێ، نۆیەم پشتگیری لە قسەكانی خاتوو شادیە ئەكەم و پشتگیری لە قسەكانی كاك دكتۆر رێبوار دەكەم كە باس لەو مەترسیانەی ئیكسپایربون دەكات، ریكلام مەفروزە مۆڵەت پێدانی لە شەش مانگ زیاتر نەبێ و، پشتگیری لە

قسەکانی خاتو لیزا دەکەم، پێویستە شکۆی ئافرەت و بەهای ئـافرەت لە چوارچێـوەی ریکلامـدا، زۆر سوپاس .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەمە راسـتەوخۆ لەگەڵ وەزارەتـی شـارەوانی، سـەبارەت بە جێبەجێکردنـی ئەم یاسـایە کـار دەکەن و ئەوان جهەتـی تەنفیـزینە، لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێـز دکتـۆرە ڤـاڵا دەکەم پێشنیارەکان و تێبینیەکانی وەزارەتی شارەوانی بداتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئـێمە، بـۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی داهات و ئیشی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێسـتا لیـژنەی تایبەتمەنـد ئەگەر لەمـاوەیەکی زۆر کـورت راو سـەرنجی خۆتـان بـخەنە ڕوو، بـۆ ئەوەی بچینە سەر ماددەی سێیەم کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماوەی دیاریکردنی ماوەی ریکلام ئامانجەکە ئەوەیە، کاتێـك کە کەسێك ریکلامێـك دەکـات لەسـەر شاشـەیەك جێگیـر دەکـات، یـاخود لە شـوێنێکی گشـتی لە شـێوەی پۆسـتەر هەڵدەواسرێت، ئەمە ئەبێ مودەیەکی زیادی بۆ دیاری بکرێ، مەبەست لە ریکلامی تر نییە، بـۆیە ئەمە یەك ساڵ دانراوە بۆ ئەوەی ریکلامەکان لە شوێنەکان هەڵدەواسـرێ، تەسـەور دەکەم ئەگەر لە مودەیەکی کەمتر بێت گرفتمان بۆ دروست دەبێ، سەبارەت بە جیاکاری جێندەری لە مـاددەی سـێیەم لە رێـگە پێنەدراوەکـان ئامـاژەی بە روونـی پێـدراوە کە بانگەشـە، جیاکـاری رەگەزی و جێندەری رێگە پێنەدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی فەرموون کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە من یەك خاڵێك دەمەوێ بیخەمە ڕوو ئەویش سـەبارەت بە زمانی کوردی کە بەکار بهێندرێت، لێرە دیارە ئەگەر مەبەست لێرە لەو پێشنیارە ئەوە بێـت کە لە رووی ئەهامەتییەتەوە بووبێت بـۆ زمـانی کـوردی، پـێم وایە دەسـتوور لە سـەرجەم یاسـاکان باڵاترە و لە دەستووری عێراقدا زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی هاتووە و ئەگەر ئامـانجی لێـی

گونجاندنی ئیلزامکردنی ئەو کەسانە بێ کە ریکلام دەکەن وەکو برای بەڕێـزم کـاك بـژار ئامـاژەی پێـدا لە یاسـای زمـانە فەرمییەکـان لە یاسـای ژمـارە شەشـی سـاڵی (٢٠١٤)لە مـاددەی (١٧) ئەو مەوزوعە چارەسەرکراوە و، ئەگەر ئامانج لێی تێگەیشتنی خەڵك بێ، خەڵکی کورد بێ لە ریکلام، خۆی ریکلام لە ئەساسا بـۆ تێگەیانـدن و گەیانـدنی زانیـارییە بە خەڵـك، کەواتە پێویسـتی بەوە نییە بە ڕاى ئێمە زمانی کوردی ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ڕاو تێبینی و سەرنجەکانتان وەرگیران و لیژنە تایبەتمەنـدەکان بە پێـی داڕشـتنەوەی بە پێی هەمواری نوێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان لە کـۆی ئەو پێشـنیارانەی کە کـران دارشـتەیەکی هـاوبەش دەتـوانن ئامـادە بـکەن و، راو تێبینـی بەرێـزان وەزیرانـی تایبەتمەنـد وەزیرانـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەبەر چـاو بگیـرێ وەکـو لایەنـی جێبەجێکـار، ئێسـتا ئەچینە سەر ماددەی سێیەم لیژنەی تایبەتمەند ماددەی سێیەم تکایە بخوێنەوە فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ رێگە پێ نەدراوەکان ئەم ریکلامانەی خوارەوە رێگا پێنەدراون:

١-نابێـت ئەم یاسـایە بەکاربێـت بـۆ هەر ریکلامێکـی ئـایینی سیاسـی، جـگە لەو ریکلامـانەی پەیوەندیان بە بازرگانییەوە هەیە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا.

٢-ئەگەر نـاکۆك بێـت لەگەڵ پرەنسیپەکانی پاراسـتنی مافەکـانی مرۆڤـدا کە لە یاسـا نـاوخۆی و رێکەوتننامەی نێو دەوڵەتییەکانی پەسەندکراوەکاندا ئاماژەیان بۆکراون.

٣-ئەو بەرهەمانەی بە پێی یاسای و رێنماییەکانی حکومەت رێگـا پێـنەدراون بـۆ بەرهەمهێنـان و بازرگانی پێکردن یا هاوردەکردنییان لە رێگای سنوورەکانەوە.

٤-ئابڕوو ناو وناوبانگی پیشەیی تاك توێژێك بزرێنێت یان لە رێگای بەراوردی نا تەندروستەوە لە نرخی بەرهەمەکانی خەڵکانی تر کەم بکاتەوە.

٥-ریکلامی ئەو بەرهەمە نەسەلمێنداوانەی پێویستە رەچاوی پێوەرەکـانی سـتانداردو جـۆریەتی تەندروستی بە گوێرەی یاساو رێنماییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

٦-ببێتە هۆی روودانی کردەیەك یا کۆمەڵێك کردە لە دژی یاساو رێنماییەکانی هەرێم.

٧-ئەو پـرۆژانەی کـاریگەری خراپیـان لەسـەر ژیـنگە هەیەو نـاکۆکن لەگەڵ یاسـاو رێنماییەکـانی دەستەی ژینگە پارێزی لە هەرێم.

٨-هاندەر بێت بۆ توندو تیژی یـا ببێـتە هـۆی مەترسـی دروسـتکرد بـۆ سـەر ژیـان و تەندروسـتی ئاسایشی کۆمەڵگە.

٩-بەکارهێنانی سومبل و سرووده نیشتیمانییەکان.

١٠-تێکدانی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمدا.

١١-سوكايەتی بێت بۆ ئەدەب و هونەرو نەتەوەیی لە هەرێم.

١٢-دەستەواژەو وێنەی جوڵەو نەشیاوی وای تێدابێ کە دژی بەها کلتوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئاینییەکانی هەرێم بێ.

١٣-پێشێلی مافە خاوەنداریەتی داهێنانی و هزری بکات.

١٤-بانگەشە بێت بۆ جیاکاری و رەگەزی جێندەری جیاکاری رەگەزی جێندەری بکات.

١٥- بەرهەمی ناوخۆیی بە خراپ و بێ کەڵك ناوببات.

١٦-ببێتە هۆی بریندارکردن و ئازاردانی دەروونی بە گشتی و بەتایبەت خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەو کەسانەی توشی نەخۆشی دەگمەن بوون.

١٧-ناو هێنانی ناوەندێك یا دەزگایەکی زانستی بۆ بڵاو کردنەوەی باشی کاڵاکە بە بێ ئەوەی لەلایەن سەرچاوەیەکی فەرمی پشتگیری کرابێ و رەزامەندی ناوەندەکەش وەرگیرابێ.

١٨-نوسین و وێنەی وای تێدابێ ناوەڕۆکەکانی ئاماژە بکات بە ئازاردانی ئاژەڵان.

١٩-بەکار هێنانی مرۆڤ وەك کاڵا لە ریکلامدا.

٢٠-ریکلام کردن بۆ ئەم بەرهەم و بوارانەی خوارەوە رێگا پێنەدراون.

یەکەم: ماددەی هۆشبەر یا ئەو مادانەی هەمان کاریگەری ماددەی هۆشبەریان هەیە.

دووەم :قومارو گرەو تەرخانکردنی خەڵات و راکێشانی تیرو پشك لە ریکلامەکاندا تەنها لەو کاتانەدا رێگە پێدراوە بە شێوازێك هەلو مەرجی سوودمەند بوون گشتی لێیان بە تەواوەتی روون و ئاشکرابێت و لە جێبەجێکردنی دا دڵنیایی تەواو بدرێت و مۆڵەتیان هەبێت.

سێیەم: کاری لەشفرۆشی و نیشاندانی جەستە بە مەبەستی وروژاندن.

چوارەم: چەك و تەقەمەنی یاری ئاگرین.

٢١-ریکلام بۆ بازرگانی کردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ.

٢٢-ریکلام لەم شوێنانەدا رێگا پێنەدراوە.

یەکەم: شوێنە ئایینی و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوریی و دیواربەندەکانیان.

دووەم: دامودەزگاکانی دەوڵەت و ئەو جێگاو بینایانەی موڵکی گشتیین.

سێیەم: مۆنۆمێنت و باخچەی گشتیەکان و پەیکەرو سومبولەکان.

چوارەم: هەرجێگایەکی دیکە کە یەکەی کارگێری دیاری دەکات.

٢٣-ریکلام بۆ بازرگانی کردن بۆ ئەو ئاژەڵانەی دەگمەن و مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

٢٤-نیشاندانی دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر یان بەکارهێنانی دەستەواژەی نەشیاو.

٢٥-نابێت ریکلامی شوێنە گشتییەکان لەگەڵ نیشانەکانی هاتووچۆدا هاوشێوەبن و ببنە بەربەست بۆیان و زیان بەسەلامەتی هاتووچۆ بگەیەنێت.

٢٦-ریکلامە رێگە پێنەدراوەکان لە بواری تەندروستیدا.

١-ریکلامی دەرمانێك کە لە لیستی تۆمارێك حکومەت دا نەبێت.

٢-دەرمان ریکلامی دەرمان بەناوە بازرگانییەکەیەوە.

٣-ریکلام لە کارگەکانی بەرهەم هێنانی دەرمان کە مۆڵەتی حکومەتیان نییە.

٤-ریکلام بۆ رێکخراوی تەندروستی رێگە پێنەدراو .

٥-ریکلام بۆ پسپۆری تەندروستی رێگە پێنەدراو.

٦-ئەو ریکلامانەی تایبەتن بە دەرمان و کەرستەی پزیشکی ئەکتەری ریکلامەکان پزیشك یا پسپۆری دەرمانسازی نەبن.

٢٧-رێگا پێنەدراوەکان لە ریکلامی منداڵاندا.

١-بێ رێزی بەرامبەر بە سەرپەرشتیارانی منداڵ.

٢-پێشنیازکردن بە شێوەی راستەوخۆ یان کاریگەری دانان لەسەر منداڵ بۆ ئەوەی دایك و باوك یان کەسانی تری رازی بکات تا کاڵا ریکلام کراوەکان بە دەست بهێنن.

٣-سەرنج راکێشانی منداڵ بۆ بەکارهێنانی کاڵایەك کە وای لێ دەکات لە منداڵانی تر پێشکەوتوتربێ.

٤-بەکەم نیشاندان یان بە زیاد نیشاندانی ئاستی زانیاری ئەزموون وکردەی کردەوەی پێویست بۆ منداڵان لەکاتی بەکارهێنانی کاڵایەك.

٥-بەکارهێنانی منداڵ لە ریکلامدا بۆکاڵا یان نیشاندانی منداڵان لە جێگایەکدا کە لەگەڵ تەمەنیان ناگونجێت زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بەرێزان دیسان تەئکید دەکەینەوە ئەو بەرێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن ئێستا دەست بەرزبکەنەوە دوای ئەوەی کە ناوەکان تەواو خوێندرانەوە دوای مەجال نادەین بە هیچ بەرێزێکی تر قسە بکات، ئێستا تا ناوەکان دەخوێندرێتەوە بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان راو سەرنجی خۆیان بخەنە روو لەسەر ئەو بابەتەو تا ناوەکان بنوسرێ فەرموو، بۆ ئەوەی ئیستفادە لە وەخت بکەین.

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) لەژێر ناونیشانی ریگا پێنەدراوەکان (٢٧) برگە ژمێردراوە، ئەگەر ئێستا دانیشین دە دەقەی ترمان بدەنێ (٢٧) برگەی تریش دەژمێرین هەر کۆتایشی نایات، ئەوەی رێگای پێنەدراوە، ئایا لە سیاغەی تەشریعی موشەریع عادەتەن پەنای بۆ چ ماددەیەك بردووە، پەنای بۆ چ جۆرە سیاغەیەك بردووە بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ لە ژماردنی ئەو حاڵەتانەی کە بەیانی بۆ سوڵتەی قەزائی دەبێتە کێشە، لەوانەیە حاکم حاڵەتێك بێتە پێشێ ژمارداو نەبێ لە نێوان ئەو (٢٧) حاڵەتە، بەڵام حاڵەتەکە پێچەوانەی ئەمنی عامە، پێچەوانی ئادابی عامە، پێچەوانەی نیزامی عامە، ئەی باشە چۆن ئەو حاڵەتە وا لێبکاتن کە بەرێگە نەدراو دابندرێ، بۆیە دارشتنی ئەو

ماددەیە بەو شێوەیە عەلەسەبیلل حەسر لە رووی تەشریعەوە موشەریعەکان خۆی لێ دەپارێزن و سابیقەی تەشریعیش نییە، پێشنیار دەکەم بـۆ لیـژنەی یاسـایی پـێش ئەوەی بچێـتە گفتوگـۆی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو خاڵە بەو شێوەیە دابرێـژرێتەوە، بـۆ ئەوەی لە حـالەتی ژمـاردن هەم خۆی نەجاتدا موشەرع، هەمیش حاڵەتەکە بەشێوەیەك بێتن ج پێشکەوتنێك دێتە پێشـێ و چ حاڵەتێکی نەشیاو زیاد دەبێ، قازی دەست والابێتن لە حکومدان لەسەری، پێشنیاز دەکەم بەو شێوەیە ئەو ماددەیە دابرێژرێتەوە (هەمـوو ئەو ریکـلامە بازرگانییـانەی کە پـێچەوانەی نیزامـی عـام و ئـادابی عـام و ئاسایشـی نەتەوەیـی و مافەکـانی مـرۆڤن رێـگە پێـنەدراون لە هەرێمـی کوردستان –عیراق). موشەریع عادەتەن پەنا دەبات بۆ بەکارهێنانی ئەو موستەلیحاتە مەتاتیانە، بۆ ئەوەی هەرجی ئەو بابەتانەی هەیە پێچەوانەی ئەو چوار خـاڵەن هەر هەمـووی قـازی بتـوانێ تێیدا دەست والابێ، هیـوادارم بە نەزەری ئیعتبـار وەری بگـرن و ئەو خـاڵە کۆتـایی پـێ بـێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان لیژنەی تایبەتمەند رایەکی دروستە ئەگەر ئێـوەش رایەکـی خۆتـان بـخەنە روو، فەرموون کاك جلال، کاك عباس، یەك لەحزە تا مشـاوەرەی خۆتـان دەکەن، ئـێمە ئەو نـاوانە دەستیان بەرز کردۆتەوە بەرێزان.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، پێم دروستە من کاتی خۆشـی ئەو مناقەشەیەمان هەبوو، بەڵام خاڵبەنـدییەکان زۆر لەوە زیـاتر بـوون ئەوەنـدەی لێکـراوە، مـن بەش بە حاڵی خۆم من پێم وایە ئەمە هەمووی دەگرێتەوەو و دادوەریش دەتوانێ ئەو کاتە هەر بابەتێکی نوێتر لە دەرەوەی ئەمەش بێتە دەرێ دەتوانێ قسەی لەسەر بکاو حوکمی خۆی بـدات، زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تۆش قسە بکە.

**بەرێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەرێ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی بەرێز دکتۆرە ڤالا وەزیری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان دەکەیـن، دەسـتی خۆشـبێ، ئـێمەش وەکـو لیـژنەی رۆشـنبیری هەم وەکـو لیـژنەی شـارەوانی لەگەڵ رائیـیەکەی جەنابیـانین دەستی خۆشبێ، پێشنیار دەکەین پێشنیارەکەی جەنابیان گفتوگۆی لەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەم پێشنیارە هەیە بە پێی داڕشتنەوەی نوێ، ئەم پێشنیارە و لە هەموواری پەیڕەویشدا هاتووە ئەگەر پشتگیری (٣)پەرلەمانتاری لەسەر بوو دوای لە نوسینەوەی بۆ راپۆرتی بۆ خوێندنەوەی سێیەم و دانگدان ئەوە ئەخرێتە دەنگدان، کێ پشتگیری ئەو رایەی بەرێز لیژنە تایبەتمەندەکان دەکات بادەستیان بەرز بکەنەوە؟ تکا ئەکەم لە کاتی دەنگدان بەرێزان تکایە کاتی دەنگدانە بەرێزان بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان ئەم پێشنیازە پەسەندکرا، کەواتە ئەم پێشنیازە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین، بۆیە بەرێزان بۆ ئەو بەرێزانەی کە دەستیان بەرزکردەوە لەسەر ئەو (٢٧) خاڵەو ماددەی سێیەم قسە بکەن پێویست ناکا، ئێستا قسەی لەسەر بکرێ، ئەگەر رێگە بدەن دەچینە سەر ماددەی (٤)م نوقتە نیزام فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێم وایە لەسەر ئەو ماددەیە تۆزێك قسە بکەین، ئەوەی ئێستا لەسەری رێك کەوتین ئەو پێشنیارە تازەیە، بەڵێ ئەمنیش پێم پێشنیارەکی گونجاوە زۆر باشە، تەنها یەك شتی بۆ زیاد بکرێ کە بنەماکانی ئاین، چونکە ئەوەش خۆتان دەزانن دەستووری عیراقیش دا هاتووە بە پێی ماددەی (٢)ی دەستوری عێراقی هەرچەندە رەنگە بە پێی ئادابی گشتی لەوانەیە بیگرێتەوە نیزامی عام، بەڵام ئەگەر رونتربێ پێم باشترە، بەراستی ئەمەی بۆ زیاد بکرێ ئەگەر ئەمە تەفسیربێ بەشێك بێ لە نیزامی عام پێم وایە باشە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارەی بەرێز وەزیر بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە ناو پرۆتۆکۆڵەوە و دواتر ئەندامانی پەرلەمانیش بیزانن بۆیە .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگدانی لەسەرکرا کاك جلال پێویست ناکات، بەس با بەنووسین لاتان بێ کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیزافە لەسەر پێشنیارەکەی بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، تەوەرێك هەیە کە تەوەرێکی زۆر گرنگە تەوەری تەندروستییە، ریکلام بۆ کەلوپەلە تەندروستییەکان و دەرمان، لێرەدا ئاماژەی پێکراوە بە روونی و ئەگەر بکرێت لەوێدا جێگای بۆ بکرێتەوە، ریکلام بۆ دەرمان

نەکرێت بە هیچ شێوەیەك، چونکە دەرمان لە هیچ شوێنێکی دونیا ریکلامی بۆ ناکرێت و باس لە کرین و فرۆشتن بە شێوەی ئۆنلاین بۆ کەلوپەلەکانی تەندروستی و دەرمان و گژوگیا بکرێت، کە ئێستا بازاری سەردەمەو یەکێکە لەو هەرەشانەی دونیا ئێستا کە لەسەر پرسی دەرمان کە هەیە مەسەلەی فرۆشتنی دەرمانە بەشێوەی ئۆنلاین، نازانرێ سەرچاوەکانی لە کوێدایە و ریکلامی بۆ دەکرێت، خاڵێکی تر ئەوە، بۆیە باسی دەکەم ببورن بۆ ئەوە، چونکە ئەو یاسا بەرکارانەی ئێستا هەیە رێگا ناگرێت لەوەی کە ریکلامی دەرمان نەکرێت و رێگا ناگرێت لەوەی کە پزیشکێکی بەرێز ریکلام بۆ شیری منداڵان دەکات، ئێستا کە پزیشکێك ریکلام بۆ شیری منداڵان دەکات خەڵکی ئێمە مەجبورە بە قسەی پزیشکەکە بکات لە نەتیجەشدا رەنگە بە شێوەیەکی تر ئەمە هاتبێ و ئەم ریکلامەی کردبێ زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك زانا، لەو دارشتنە نوێیەی کە ئەمرۆ پێشکەشکرا و دەنگی لەسەر درا ئەو بابەتەی تێدایە، کاك مەم نوقتە نیزامت هەبوو فەرموو.

**بەرێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای سوپاس بۆ بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڵام پرسیارم لە جەنابتان هەیە وەکو سەرۆکی پەرلەمان پاڵپشت بە ج دەقێکی پەیرەوی (٢٧) ئەوەندە بڕگەی ناو ماددەیەك ئەسڕێتەوە و دوو دێر ئیزافە ئەکرێ و لە جێگەی دا ئەنرێت و، دانیشتنی دووەم کە پەیوەندیدارە بە موناقەشەکردن دەنگدانی تیا نادرێ لە دانیشتنی سێیەمە ئەو مەسەلانە حەسم ئەکرێ، حەزدەکەم جەنابتان ئەوە روونکرێتەوە ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەوەی کە پەیوەندی بەو جەمکە لاستیکییانەوە هەیە کێشەی بەشێکی هەرە زۆری یاساکانی پەرلەمان لە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری یاسای رۆژنامەگەری چەمکە لاستیکیەکانە، ئەم چەند ئادابی گشتیی و سیستەمی گشتی و دابو نەریت ئەم چەمکە لاستیکیانەی لە کۆی ئەم ماددانە هەموو ئەمانەی روونکردۆتەوە، پێم وایە ئەم کاتە یاسادانەر دادوەر لە هەر حاڵەتێکی لەم جۆرە دەگەرێتەوە بۆ بڕگەی ژمارە ئەوەندە لە ماددەی ئەوەندە ئاسانتر دەبێ لە بەرچاوی وەکو دەرفەت بدەینە دادوەر، بۆ ئەوەی مەجالی تەئویل هەبێ بۆ دیاریکردنییان، زۆر سوپاس .

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز ئێمە لە خوێندنەوەی دووەمداین، هێشتا بۆ خوێندنەوەی سێیەم دەنگدان لەسەر کۆی ماددەکەو ماددە بە ماددە پێشنیارە جیاوازەکان نەهاتوینەتە سەر ئەو قۆناغە، ئێمە رای لیژنە تایبەتمەندەکانمان وەرگرتووە لەگەڵ رای بەشێکی زۆری لە پەرلەمانتارە بەرێزەکان کە ئەم پێشنیارە لە جیاتی هەر (٢٧)خاڵەکە، چونکە لیژنە تایبەتمەندەکانیش پێشتریش لە ناو خۆیان گفتوگۆیان لەسەر کردبوو لە کۆمەڵێك پێشنیاری تریش کورتیان کردبۆوە، گەیشتبوونە سەر ئەم

پێشنیارە، قانوونیش بۆ خزمەتی گشتییە و بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتییانە، بەر بەبنای ئەوەش دەستەی سەرۆکایەتی بە راوێژ لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکان رای زۆرینەی پەرلەمانتارانمان وەرگرتووە کە ئەو دەقە نوێیە بتوانرێت بکرێتە بنەمایەکی گفتوگۆو لە خوێندنەوەی سێیەمدا دەنگی لەسەر بدرێ، بەرێزان ئەگەر روونکردنەوەی ترتان نییە، داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بچنە سەر ماددەی (٤)م سەرچنار خان فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەم ماددەی سێیەم، بەراستی من هاوڕام لەگەڵ قسەکانی بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان کە خۆی لە دەوڵەتی دیموکراسیا راستی هەموو ئەو رێگە پێنەدراوانە ئاسایی نییە سێ ئەی فۆر بە (٢٧)خاڵ، ئەمە جگە لەوەی دەق تا دوورودرێژبێ موفەسەلی مەجالی تەفسیری قەزائی و ئیشتیهای قەزا بەر تەسك دەبێتەوە لە ئیشتها مەورەدناس، لەبەر ئەوە پێویست ئەکا نەسەکە کە دادەرێژرێن قەتعی دەلالەت نەبن تا قازی واقعی موتەغەیر نصوصی سابت بگونجێنێت، لەبەر ئەوە دەکرێ ئەم دەقانە هەندێکیان بە رای من وەکو قانوونی هەندێکیان کۆ بکرێنەوە نەك هەر (٢٧)کە، چونکە ئەوەتا من هەمویم تەحدید کردووە زۆربەی ئەکەوێتە بابی نیزامی عام هەندێکیشی ئەکەوێتە بابی ئادابی عامەوە هەندێکیشی هەر بە حوکمی قانوون، چونکە قانوونمان هەیە لەسەر ئەو بابە هەندێکیشیان ئەمە (لا یجوز تعامل بحکم القانون)، ئیست بۆ نموونە نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم و دوانزەیەم لە نیزامی عامەو ئادابی عامە جێی ئەبێتەوە، بەس چواردەیەم نەسێکی تازەیەو جێی نابێتەوە، یەعنی ئادابی عامە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەر لە کوردستان لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر ئادابی عامە جیاوازی هەیە، ئەکرێ زۆربەیان ئەوانەی لە حدودی نیزامی عامەیان وەکو گوتم نۆیەم و دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم و ئەمانەی تریشی کە من هەمویم وردەکاریم کردووە ئەتوانم بیدەم بە لیژنەی یاسایی، ئەوانەی کە لەو چوار چێوەن کۆ بکرێنەوە ئەوانەی کە تازەن بمێنێتەوە لە ناو نەسەکە.

**بەرێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر راو سەرنجێکتان هەیە، یانیش وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموون کاك عەباس.

**بەرێز عباس فەتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم بابەتە ئێمە هەم پێشنیارەکە قەبوڵکراو، هەم دەنگمان لەسەر داوە، سەبارەت بەم ووردەکاریە چەند وەزارەتێك پەیوەندیدارە بەم بابەتەوە، ئەم وەزارەتانە لەسەریانە ئەو رێنمایانەی کە لێرە باس دەکرێ و ئەو وەزیرە بەرێزانەی کە لێرەن یان لێرە ئامادە نین کە

یاسایەکە دەردەچێ ڕێنمایی تایبەت دەرکەن، ئەم ووردەکاریەی تێدا بنووسن، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ بارودۆخ ڕێنماییەکانیش بیگونجێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەگەر سەرنجێکت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتانەی کە باسکراون لە ناو ئێرە هەر (٢٧) خاڵەکە، ئیما دەچێتە ناو نیزامی عام، ئیما ئادابی عامە، ئیما ئاسایشی نەتەوەیی و، ئیما مافەکانی مرۆڤە و ئیما سەحەی عامەیە، هەر پێنج حاڵەتەکەشمان کە سیاغە کردۆتەوە ناردوومانە بۆ وان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر گفتوگۆکردن لە ماددەی (٤) داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین ماددەی (٤)لە راپۆرتی هاوبەشی هەرسێ لیژنەی تایبەتمەند بخوێنەوە فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سزایەکان:

یەکەم: ئەگەر ریکلامێك بڵاوکرایەوە پێشێلی مەرج و ڕێگە پینەدراوەکانی ماددەکانی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایە دەبێت.

١-ڕاستەوخۆ ریکلامەکە لە پەخشکردن را بگیرێت.

٢-داخوازیکاری ریکلام بەرهەم هێنی ریکلام و بڵاوکەرەوەی ریکلام سزا دەدرێن بە غەرامەکردن بە بڕێك لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥)ملوێن دینار زیاتر نەبێت.

سێیەم: لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا سزاکە دوو هێندە زیاد دەکرێ.

دووەم: هەرکەسێك بە مەبەست ریکلام لێبکاتەوە یا بیدرێنێت یاخود بیشێوێنێت سزا دەدرێت بە:

١-قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوو.

٢-پابەندکردن بە چاککردنەوەو دانانی ریکلامەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئێستا هەر بەڕێزێك فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئۆتۆماتیکی لەبەر ئەوەی ڕێگا پێنەدراوەکانی ماددەی دووەم و سێیەم سێیەم بە تەنیا دووەم دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی سێیەم لەوێ موعالەجەکراوە لەگەڵ ئادابی عام و نیزامی عامە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی (٤)قسە بكات ئێستا دەست بەرز بكاتەوە، بۆ ئەوەی ناوی تۆمار بكەین دوای تۆماركردنی ناوەكان و خوێندنەوەیان ناوی هیچ بەڕێزێكی تر ئیزافە ناكرێ، بەڕێزان ئەو ناوانە ناوی خۆیانیان تۆماركردوە (سەرچنار خان، كاك دكتۆر ڕێبوار، كاك دیاری، شادی خان، بەدریە خان، كاك حكمەت، كاك دكتۆر ئیسماعیل، كاك سیروان، كاك هیمداد، كاك دكتۆر محی الدین، ڕوپاك خان، كاك ڕۆمیۆ، ئاشنا خان، كاك ڕزگار، كاك نزار، كاك بەلین، كاك كاروان، دكتۆرە گەلاوێژ، لیزا خان، كاك ادریس، هاورێ ملا ستار) سوپاس تەواو بەڕێزان.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) سزاكان لە بڕگەی دووەم ژمارەیەك و دوو مافی كۆمپانیان یان خاوەنی ریكلام دیاری كراوە، بەڵام مافی هاووڵاتیان دیاری نەكراوە، من پێشنیار دەكەم بڕگەیەك زیادبكرێت بە مافی هاولوآتیان كە مافی هاولوآتیان گرەنتی بكرێت لە كاتی كەوتنی تابلۆیەك بەهۆی باو باران یان هۆیەكی تر، ببێتە هۆی لە دەستدانی كەسێك یان بریندارکردنیان، یان زەرەر بگەیەنن ماڵ و موڵك هاولوآتیان، پێویستە كۆمپانیا تەحەمولی قەرەبووكردنەوەیان بكات، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

رووپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)م كە بە ناونیشانی سزاكانە، پێویستە بكرێتە حوكمە سزاییەكان و هەروەها لە داخوازی كاری ریكلام كە باس لەوە دەكات بەرهەم هێنی ریكلام لە بڵاوكەرەوەی ریكلام سزا دەدرێن بە غەرامە كردن بە بڕێك لە (٥٠٠) هەزار دینار كەمتر نەبێت و هەروەها لە (١٥)ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، من پێم باشە ئەو (١٥) ملیۆنە كەم بكرێتەوە بۆ (٥) ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەبەر ئەوەی ماددەی سێیەمان دەستكاری كرد ئەوەی كە پێی دەوترێت ڕێگە پێنەداوەكان، لەبەر ئەوەی ماددەی یەكەمی بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٤)م بە شێوازێكی تر دابڕێژرێتەوە، ئەڵێ ئەگەر ریكلامێك بڵاو كرایەوە پێشێلی مەرجەكانی ماددەی دووهەم، ماددەی سێیەم بە جیا، یەعنی ئەبێ بەس بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ماددەی سێیەمان بە تەواوەتی

هەڵنەگرتـوە، بەڵام تەنزیمـان کـردۆتەوە ڕێکمـان خسـتۆتەوە، ئەوە بمێنـێ وەکـو تێبینـیەك، دوو داخوازی ریکلام بڵاوکردنەوەی ریکلام سزا دەدرێن بە غەرامە کردن بە بڕێك لە (٥٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و (١٥)ملیـۆن زیـاتر نەبێـت، لە راسـتیدا قـازانجی ریکـلام و ئێسـتا بەشـێکی زۆری بازرگـانی ریکـلام قـازانجێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە هەنـدێك جـار هەنـدێك کۆمپانیـا ئەگەر لا بدەن لە بڕگەکان ئەم یاسایەش لەوانەیە هەندێ جار بەلایـانەوە موشـکیلە نەبـێ، ئەگەر ملیـۆنێ دوو ملیـۆنیش غەرامە بکـرێ لە بەرانـبەرا قـازانجێکی زۆرتـر دەکـات، لەبەر ئەوە مـن پـێم باشـە بڕەکە زیاد بکرێ لە ملیۆنێك دینار کەمتر نەبێ و لە (٣٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمەت فەرموو.

**بەڕێز حکمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە پێشتریش باسمانکرد بەس ماددەی (٤) ماددەی سزایەکانە، پێشـنیار دەکەم بـڕگەیەك بێـتە زیـادکردن و ئەودەمـێ ریکـلام بێـتە نووسـین پیتـێ لاتینـی غەڵەت هـاتینە نووسـین بێـتە سزادان و ئەو تابلۆیە هەین بە شێوازێ زمانەکی دی، یان هەر زمانەکی دی کوردیا بێتە نڤیسـین، تیپێ لاتینی وەکی لاتینی نە تێدابن بێتە دروست کردن، زۆر سوپاس .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

مـاددەی (٤) بـڕگەی (٢) کە کە دەڵـێ هەرکەسـێك بە مەبەسـت ریکلامێـك لـێ بکـاتەوە یـان بیـدڕێنێت، یـاخود بیشـێوێنێت سـزا بـدرێت، یەك قەرەبـوکردنەوەی زیـان لـێ کەوتـوو، دوو پابەنـدکردن بە چـاکردنەوەی دانـانی ریکـلامەکە، بەراسـتی ئەمە حەقە حەفزیشـی تێـدا دیـاری بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ریکلامە کە ئەدڕێندرێت وەکو خۆی تێچوە کە بۆی دیاری کراوە چـاکی بکاتەوە، رەنگە لەلایەن کۆمپانیاییەکی ترەوە کە دژبێ خەڵك بنێرێ بۆ دڕاندنی بـۆ چـاکردنەوەی ئەوەندە قورس نەبێ لەسەری، ئەگەر واش نەبێ حەفـزی تیـا نەبـێ غەرامەکەی بکرێـت بە سـێ ئەوەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا زۆر سوپاس .

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر محی الدین.

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٤)بـڕگەی یەكەم راسـتەوخۆ ریكـلامەكە لە پەخشـكردن را دەگیرێـت، بلاوكـردنەوەی ریكلام تەنها پەخشكردن نییە، نوسـینمان هەیە، دیـوار بەنـدمان هەیە، هەڵواسـینمان هەیە، پـێم وایە ئەو دەسـتەواژەیە چـاك بكـرێ ئەوی تریـان بـڕگەی دووەم ئەوەی پەیوەنـدی بە سـزاكانەوە هەیە لەسـەر چ بنەمـایەك ئەو سـزایە دیـاری دەكـرێ، مـن پـێم وایە ئامـاژە بەوە بكـرێ ئەوەی دەقەكەی دكتۆرە ڤاڵا پێشكەشی كرد كە ئەگەر هاتوو پێچەوانەی ئەوان بەو سزایە سـزا دەدرێ، بەڵام ئایە كێ بڕی ئەو سزایە دیاری دەكات و كێ جێبەجێی دەكات ئەو سزایە دەبێت جیهەتێـك هەبێ ئەو سزایە جێبەجێ بكات، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا دووبارەیان ناكەمەوە، تەنها پشتیوانی لە قسەكانی كاك دكتـۆر محـی الـدین دەكەم بۆ بـڕگەی یەكەم، بـۆ بـڕگەی دووەمـیش پشـتیوانی لە رووپـاك خـان دەكەم، چـونكە ئەم پـارەیە یەكجار زۆرە ئەو رێژەی كە دیاری كراوە باشتر وایە بكرێتە (٥) ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتور اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ تێبینیم هەیە، ئەگەر بێژیتن ریكلامێك بڵاوكراوە پێشێلی مەرج و یان موخالەفەی كرد كـێ، ئەگەر یەعنی یاندەخوازێ شەریكەی یـان ریكلامـێ ئەوێ دەخـوازێ ریكـلام چـاك ببـی، یـان ئەو جیهەتێ تەجاوز دەكات وەكو تەلەفزیۆنێ نا دیارێكردنا ئەوە یەك.

دوو: تێبینیا من بێژم داخوازیكـاری ریكـلام بەرهەم هێـنەری ریكـلام و بـڵاوكەر وەكـو یەك دێـنە عقـوبە كـردن (٥٠٠) هەزار تـا (١٥) ملیـۆن دینـار هەریەكـێ عقـوبە، یەعنـی سـەرپێچی ئەوانە

موختەلفە، مەعقول نینە سەرپێچی هەرسێکا یەك ئاست بێ هەتا عقوباوانا وەك یەك بیتن تێبینیە ئەخیرێ ئەز گەل هەندێمە عقوبە بۆ هەندێیە بۆ رەدعێیە قەرەبو کردن و ئیسلاح کردن رەدع چییە ئیزافە بیتە سەر دەبێتە عقوبەی ئەسلی زائیدەن تەبەعی وە قەرەبوکردنیش بێتە دیاری کردن، کێ دەیەوێ تەحدیدا قەرەبووکردن بکات لیژنا تایبەتی، سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیزا خان.

**بەرێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له بڕگەی (٢)م ماددەی (٤)م پێشنیاز دەکەم خاڵی یەکەم و دووەم تێهەڵکێشێك بکرێ لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە بە مەبەستێك ریکلامێك لێ دەکاتەوە، ئەگەر بە پێی ئەم بڕگەیە بێ دووجار سزا دەدرێت دوو خاڵی بۆ دیاری کراوە، ئەگەر بکرێ بەم شێوەیە دووبارە بنووسرێتەوە یاخود دابرێژرێت، هەرکەسێك بەمەبەست ریکلامێك لێ بکاتەوە یان بیدرێنێت یاخود بیشێوێنێت سزا دەدرێت بە قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوو بە بڕی خەملێندراوی زیانەکە، یان پابەندکردنی بە چاکردنەوەو دانانی ریکلامەکە وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجێکی یاساییم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، بڕگەی یەك نا بڕگەی دوو، دوو خاڵی داناوە قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوو لەگەڵ پابەندکردنی بە چاکردنەوەو دانانی ریکلامەکەو وەك خۆی، قەرەبووکردنەوە بە پێی یاسا عقوبە نییە، قەرەبووکردنەوە مافێکی مەدەنییە ئێمە ماددەی (٨٥ و ٩٥ و ١٠٠) قانوونی عقوباتمان هەیە، عقوبەی ئەسلی و تەبیعی و تەکمیلمان هەیە، فەقەرەی چواریش تەداویل ئیعترازیمان هەیە، یەك، لەبەر ئەوەی قەرەبووی زیان لێکەوتوو ئەمە وەکو وتمان عقوبە نییە، پابەند کردن بە چاکردنەوەی وەك عقوبەیەکی تەبەعیە، ناکرێ عقوبەیەکی تەبەعی بە تەنیا بێ عقوبەی ئەسڵی لەگەڵا نەبێ، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو دووانە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵیشیا عقوبەیەکی ئەسڵی دابنرێ وەك ئەوەی لە ماددەی (٨٥ و ٩٥ و ١٠٠) قانوونی لە عقوباتا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، بەشێکی زۆری سەرنجەکانم وتران، لەبەر ئەوەی زۆر درەنگ دێیتە ئێرە پشتگیری دکتۆر محی الدین دەکەم لەوەی کە لە ماددەی (٤)م سزاکان خاڵی یەکەم ڕاستەوخۆ ریکلامەکە لە پەخشکردن و بڵاوکردنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕابگیرێت، چونکە تەنیا پەخشکردن نییە، خاڵی دووەم پشتگیری کاك بەڵێن دەکەم داخوازییەکانی ریکلام بەرهەم هێنەکانی ریکلام بڵاوکەرەوەی ریکلام سزا دەدرێن بە غەرامەکردنی بڕێك نەك (٥٠٠) هەزار، بۆ نموونە ئەگەر پێشێلکردنی ئەو مەرجانەی کە دانراون بەشێك لەو کۆمپانیایانەی کە ریکلام دەکەن عەستەم بایی بڕێکی ئەوەندە زۆر ریکلام دەکەن کە ڕەنگە (٥) ملیۆن و (١٠) ملیۆن و (١٥) ملیۆن دینارە بۆ ئەوان زۆر زۆر کەم بێت پێشێڵکردن، لەبەر ئەوە ئەوە ڕێگایان دەدات زۆر بە ئاسان پێشێڵبکرێ، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە غەرامە بکرێن بە بڕێك لە (١٥) ملیۆن کەمتر نەبێت و بەسیترین ریکلام بۆ نموونە هەر یەك لەم کۆمپانیایانە هەر بۆ ئەوەی بزانن بۆ زانیاریتان خەڵك هەیە بایی (١٠٠) هەزار دۆلار، بایی (٢٠٠) هەزار دۆلار، بایی (٣٠٠)هەزار دۆلار، یەکجار ریکلام دەکات، یەك عەقد دەکات بەوەندە، ئینجا (٥) ملیۆن یا (١٠) ملیۆن بدات زۆر ئاسانەوە بە هەموو جۆرێك هینیش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سزاییەکان لە خاڵی یەکەمدا هاتووە دەڵێ ڕاستەوخۆ یەکێك لەو شێوانەی کە گیراوەتە بەر بەپێی بڕگەیەك بۆ سزادانی ئەوەی کە ریکلامێکی مەسەلەن نا تەندروست بکرێ، ئەڵێ ڕاستەوخۆ ریکلامەکە لە پەخشکردن ڕابگیرێت، ئینجا ئەگەر ریکلامێکی نا تەندروست پەخشکراو زیانی گەیاند بە شەریحەی موستەهدەف، ئەو کاتە پەخشەکە ڕابگیرێ و ڕانەگیرێت چ سوودی هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێ کە هەموو ریکلامێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری فلتەر بکرێ، چونکە هەموو ریکلامێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری فلتەر بکرێ کە کام ریکلام لەگەڵ بنەماکانی ئەم یاسایە دەگونجێ کامەیان ناگونجێت، چونکە ئەگەر ریکلامێك نا تەندروست بوو زیانی گەیاند بە پێی بڕگەکانی ئەم یاسایە نەگونجا و پەخشکرا، ئەو کاتە کە زیانی گەیاند، زیانەکەی زۆرترە لەوەی کە لە پەخشەکەیە ئەوە یەك، دوو: سەبارەت بەوەی کە هاتووە (٥٠٠) هەزار دینارو (١٥) ملیۆن دینار غەرامەکەی دەبێ، ڕاستی دیار نییە کە کامە ریکلام و کامە کاڵا بە (٥٠٠) هەزار دینار غەرامە بکرێ و و کامەیان بە (١٥) ملیۆن غەرامە بکرێ و کێ دیاری دەکات لەسەر چ پێوەرێکە، بۆیە ڕەچاوی ئەو سێ خاڵە بکرێ، یەك پێوەرەکە

دیار بکرێ، دوو ئەو کەسە یا ئەو شوێنە ئەو دامەزراوەیە کە غەرامەکە دیاری دەکات، سێیەم جۆری ریکلامەکە ئەوەی کە (٥٠٠)هەزاری بەر دەکەوێ و ئەوەشی کە (١٥) ملیۆنی بەرکەوێ خاڵێکی تر هاتوە دەڵێ لە بڕگەی دووەم ئەڵێ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوو چۆن قەرەبوو بکرێتەوە راستیدا روون نییە؟ ئەبێ دیاربێ روونبێ کە چۆن قەرەبوو بکرێتەوە، بۆیە من بڕگەیەکی تر یان خاڵێکی تر ئیزافە دەکەم بۆ بڕگەی دووەم ئەویش ئەوەیە کە غەرامە کردنی بە بەهای دانانی ریکلامەکە، واتا ئەوەی کە ریکلامێك لێ دەکاتەوە ئەو کەسە بە بەهای ریکلامەکە بەهای ریکلامەکە غەرامە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆری کران، بەڵام داوا لە جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەکەم هەندێك جار بۆ ئەوەی ئەو لایە نەڵێ قسەکانی من کران هەموو جار لەولایەوە دەست بە نوسینی ناوەکان بکە بۆ ئەوەی ئەوانیش.....

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نا بەڕێز کاك رۆمیۆ ئێمە کە ناوەکان دەنوسین، هەوڵ دەدەین بە شێوازێکی یەکسان لەسەر هەر لایەکی پەرلەمان هەر جارەی نەفەرێك یان بەڕێزێك، پەرلەمانتارێك لاوێ یان لەولاش وەر بگیرێ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام لە بڕگەی دووەم ژمارە (٢) کە غەرامەکان لەسەر داخوازیکارو بەرهەم هێن و هەروەها بڵاوکەرەوە، من پێم وایە نابێ هەرسێکیان لەسەر یەك ئاست بن و جۆری وعقوبەکەش لە (٥٠٠) هەزارەوە بۆ (١٥) ملیۆن وابزانم بۆشاییەکەی زۆرە، بۆیە من پێم باشە کەمتر بکرێتەوە لە (١٥)ملیۆنەکە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)م لە سزاکان خاڵێکی زۆر هەرە گرنگ لەم ماددەیەدا، بوونی نییە ئەو حاڵەتەیە کە کاتێك کەسێك بینەرێك یاخود بیسەرێك زەرەرمەند دەبێت لە ریکلامێکی دیاریکراو، ئایا

حـوكمی سـزادان لەم حاڵەتەیـا چـۆن چـۆنییە؟ بەڕای مـن پێویسـتە لیـژنە تایبەتمەنـدەکان یەك فەقەرەی دیاریکراو بۆ ئەم سزایانە زیاد بکەن، بۆ ئەو کەسانەی زەرەرمەنـد دەبـن لە ریکلامێکـی دیـاریکراو و ئەشـتوانێ بیسـەلمێنێ و قەزای عالەمیشـمان هەیە لەسـەر شـتی لەم جـۆرە کە موستەهلیك توانیویەتی بیسەلمێنێ کە زەرەرمەند بووە لەوەی ریکلامەکە لە سەدا سەد راسـتی پێنەداوە، بۆیە لە سزاکانە پێویستە جێگەی ئەم جۆرە حاڵەتە بکرێتەوە، خـاڵی دووەم لە بـڕگەی یەکەم ئەو سزایەی کە دیاری کراوە (٥٠٠) هەزار کەمتـرین و زۆرتـرین (١٥) ملیـۆن دینـار هـاورای کاك بەڵێن کاد دیاری لەو خاڵەدا کە ئەم بڕە پارەیە زۆر زۆر کەمە، موقـارەنەتەن بەو داهـاتەی کە لە ریکلاما دەست دەکەوێت، لە بڕگەی دووەم لە خاڵەکانی هاورای کاك رزگارو سەرچنار خانم کە پێویسـتە حەفزیشـی تێـدابێ، سـەرچنار خـان زۆر بە ووردو درشـتی باسـی کـرد، والله زیـاتر دەقەیەك زیاتر رۆی تاوەکو نـاوی بەرێـزت بێـنم، خـاڵێکی تـر هەیە پێویسـتە ئامـاژەی پێبـدەم لە فەقەرەی دووەم بەو پێیەی کە ئێمە دەنگمان لەسـەر ئەوە دا فەقەرەکە لا ببەین و سـیاغەیەکی نوێمان بۆ دانا، بەڵام یەکێك لەو خاڵە هەرە گرنگانە کە هەن لە هەرێمی کوردستانا تاوەکو ئێسـتا کاری پێناکرێ بەکارهێنانی ریکلامەکان لە نێوەندی شارەکانە، ئەو رێگایانەی شارەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە کە ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە دەبێ لابرێ، ریکلام لەو نێوەنـدانە نەمێنـێ، بـۆیە دەکرێ ئێمە دەکـرێ لە مـاددەی (٢) جێـی ئەوە بکەیـنەوە لە بـڕگەی شەشـەم جـگە لە رێگەکـانی نێوان شارەکان ئەو فەقەرەیە جێ بکەینەوە من دامنـا بـوو لە مـاددەی سـێهەم پێشـنیازی بـکەم، بەڵام ماددەی سێیەم بەو شێوەی لێهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە هەژار تا پیاوی فەقیر دەگاتە بەغدا دوورە تا سەرە دەگاتە ئێمە زۆر دوورە.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك سیروان ئەگەر راو سەرنجێك لەسەر ماددەکە هەیە رایەکەی خۆت بڵێ، بەلێ فەرموو، ئەو بەرێزانەی تریش پەرلەمانتارن وەك جەنابت دەستیان بەرز کردۆتەوە فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرینەی قسەکانم وترا، بەڵام من تەنها وابـزانم دە سـانیەم پـێ ئەچـێ ئەگەر تەحەمـول بکەیـت قوربان، لە بڕگەی یەکەمـا کە ئەڵـێ ریکـلام بـڵاو کـرایەوە پێشـێلی مەرج و رێگـا پێنەدراوەکـانی ئەوە سزایەکانییەتی، من لێرە پشـتگیری ئەو هاورێیـانە دەکەم داوای سـزای زۆرتـر دەکەن لەوە، چونکە ئەگەر هات و لە رێگەی ریکلامێکەوە پیرۆزیەکـی ئەم نیشـتیمانە بـۆ نمـوونە هەر شـتێك

لەکەدارکرا دوای خۆ لە زەینی خەڵکا ناسرێتەوە و قەرەبوو بە پارە کردنەوە، مەعنەوی بە پارە ناکرێتەوە، تەنها بیر لە پارە کراوەتەوە، لێرە من لەگەڵ ئەوەیام کە بیر لە شتێکی تریش بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکانێك نەیەن دەست بەرن بۆ شتی پیرۆز شتی کەلتوری، یەعنی یاسایەك هەبێ رەدعیان بکاتەوە، چونکە ئێمە ئەزانین هەندێك شت هەیە ئەوەندە پارە قازانج ئەکات دەجار دووبارەی دەکاتەوە جا چیە دە ملیۆن ئەدەم، بیست ملیۆن ئەدەم، سی ملیۆن ئەدەم، لەبەر ئەوە لێرەوە پشتگیری رائیيەکانی کاك دیاری دەکەم و هەموو ئەو هاورێیانەی کە داوای رەتکردنی زیاتریان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای دە سانیەت کرد دروستە ئەوە (٥١) سانیە، دەست خۆش کاك سیروان، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی سێیم هەیە، لە حاڵەتی دوبارەکردنەوەی پێشێلکاری ئەم ریکلامە، یەعنی چەند جار پێشێلکاری دوو جار، سێ جار، لەبەر ئەوە دەبێت سزای ئەم حاڵەتانەش بە دیار بکرێتەوە، زیاتر رونکردنەوە لەسەری بدرێت، دووەمین پێش پەخشکردنی ریکلامیش دەبێ، بۆ ئەوەی لە فلتەرێك لەم بوارەوە پشتگیری دکتۆر رێبوار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گەلاوێژ خان فەرموو،

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)م سزاکان لە خاڵی یەکەم روونکردنەوە درا، پێویست ناکات جارێکی تر روونکردنەوە بدەین، بەڵام لە خاڵی دووەم لێرە داخوازی کاری ریکلام بەرهەم هێنی ریکلام و بڵاو کەرەوەی ریکلام نوسرایە سزا دەدرێن بە غەرامەیەك بە بڕێك کە (٥٠٠) هەزار، لێرە روون نییە ئاشکرا نییە، ئایا هەرسێکیان ئەو (٥٠٠) هەزارە دەدەن یان یەکێکیان ئەو (٥٠٠) هەزارە دەدەن، بۆیە من پێم باشە لێرە بڕەکە دیاری نەکرێ بە پێی حەجمی خراپی ریکلامەکە قازی بڕیار بداو ئەوکات سزای بداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی (٤) ناونیشان پشتگیری لە قسەکانی رووپاك خان دەکەم لەسەر ئەوە بکرێ بەو حوکمە سزایەکان و لە ماددەی (٤)، من پێم باشە ماددەیەکی سەربەخۆ زیاد بکرێ یاسای نوسینگەکانی ریکلام کە لە هەرێم بەرکارە هەڵدەوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەهەمیەت و گرنگی ماددەکانی تر کەم ناکەمەوە، بەڵام پێم وایە ماددەی چوارەم سزاکان جەوهەری پرۆژە یاساکەیە، لە بڕگەی یەکەم خاڵی دووەم ئەوەی کە مەبلەغێکی دیاری کردووە (٥٠٠) هەزار بۆ (١٥) ملیۆن دینار، سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی برادەران هەندێك پێشنیاریان هەبوو پاڵپشتی پێشنیارەکەیان دەکەم و ناوەکانیشیان دەڵێم، بەڵام بۆ ئەوەی کەناڵەکانی راگەیاندن دەستکراوە نەکرێن و پرۆژە یاساکە جەوهەریەتی خۆی لە دەست نەدات، پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەم پرۆژە یاسایە دروست بکرێ، بۆ ئەوەی کە هەر ریکلامێك بەرهەم دێت لە فلتەری ئەو لیژنەیە دەر بچێ دواتر بڵاو بکرێتەوە، بۆیە پشتگیری کاك دکتۆر محی الدین، کاك بەلێن کاك ریبوار، کاك دیاری، خاتوو سەرچنار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی منیش هەر لەسەر ماددەی (٤) سزاکان لە بڕگەی دووەمدا لەو بڕە پارەیەی کە دیاری کراوە وەکو غەرامە، بەراستی ئەم بڕە پارەیە پارەیەکی زۆر زۆر کەمە بۆ مەسەلەیەکی وەکو ریکلام، چونکە ریکلام بابەتێکە بە سانیبە بە فرێم مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ کاتێك ئەچی بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ریکلامێکی ئەدەیتێ قسەت لەگەڵ ئەکات بە فرێم و سانیە، لەبەر ئەوە یەك جار ئەگەر ئەو ریکلامە بڕوات رەنگە بە ملیۆنان دینار قازانج ئەکات یەك جار بڕوات قازانجی تەواوی خۆی لێ ئەکات، بۆ نمونە ریکلام دەکات بۆ چایەکی زەعیفی بە نمونە بە ملیۆنان دینار قازانجی لێ ئەکات، بۆیە پێویستە ئەو بڕە پارەیە زیاد بکرێ بەراستی هەتا تەنانەت تا هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کەناڵەکانی راگەیاندن و کۆمپانیاکانی ریکلامیش بڕوات بۆ نمونە لە سعودیە سزای ئەو کۆمپانیایە یا ئەو شوێنانەی کە بابڵێن سەرپێچی ئەکەن بە (٥٠٠)

هەزار ریاڵ بۆ (١٠٠) هەزار ریاڵ دیاری کراوە، بۆیە بە قەناعەتی من ئەبێ زیاد بکرێ لە (٥) ملیۆنەوە بۆ (٢٥) ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئاشنا خان بەرێزان لیژنەی تایبەتمەن ئەگەرا راو سەرنجێکتان هەیە ئەگەر نا بجنە سەر ماددەی پێنجەم.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە کورتی ئیشارەت بە هەندێك خاڵ دەدەم هەندێ حاڵەت باسکران لێرە لەسەر سزاکان ئەوە نییە کە ئەم یاسایە یان ئەم ماددەیە حوکمە سزایەکان هاتوە تەزیمی هەموو مەجالەکانی عیقابی کردبێت، ئێمە یاسای ژمارە (٤٠) مان هەیە ساڵی (١٩٥١) یاسای مەدەنی یاسای ژمارە (٣٠) ساڵی (١٩٨٤) یاسای قانون تیجارەیە، ئەو مەوزوعانەی تیجارەو مارکەو ئەو شتانە و ریکلامکردن و شکاندنی عینوان و مارکەو هەمویان تەنزیم کراوە، ئەوە خسوسیەتەکە بۆ ئەم پێشنیازە یاسایە، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە دایناوە ئەوەی تر لەسەر پرسیارێکی تر دائیمەن زەرەری ئەدەبی و هونەری بە تەعویزەوە غەرامەیە بە حەپس و سجن نیە، دادگا تەبعەن جیهەتی مەعنیە بە پێی ئەم ماددەیەش دادوەر سڵتەی تەقدیری هەیە ئەتوانێت لە نێوان ئەم بڕە پارەیە حەدی ئەعلا دیاری بکات زۆر، سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەرێزان بۆ ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە خستانە روو ئێستا داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بچنە سەر خوێندنەوەی ماددەی پێنجەم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان فەرموون.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم : لەکاتێکدا ئەگەر سزایەکی توندتر بۆ ئەم کردارە تاوانکاریە لە یاسا کارپێکراوەکاندا هەبوو ئەوا سزا توندەکە جێبەجێ دەکرێت .

**بەرێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەر بەرێزێك ئەیەوێت لەسەر ماددەی پێنجەم گفتوگۆ بکات، تکایە ئێستا دەست بەرز بکاتەوە تەنها کاك دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لەسەر کردارە تاوانکاریەکەیە نازانم، چونکە جەریمە نییە نازانم با بڵێین ووشەکە وەکو ووشە، چونکە پێشڵکاری یاسایە ئەوە تاوانکاری نییە، بۆیە داوا دەکەم ئەو ووشەیە گۆرانکاری بەسەر دابێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان وەزیرانـی رۆشـنبیری و وەزیـری کاروبـاری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمـان، ئەگەر سەرنجێکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز محمد سعید علی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، لیژنە بەڕێزەکان دەستخۆشیتان لێ ئەکەین، دیارە سەرنج و تێبینییەکان لە جێـی خۆیـا بـوو، زۆربەی زۆریـان ئەوەی دکتـۆرە ڤـالا باسـیکرد و تەنزیمـی کـرد جـێگەی دەستخۆشـییە و رای ئێمەشـی لەسـەر بـووە، مـن داواکـارم لە لیژنەکـان هەرسـێ وەزارەتـی رۆشنبیری و شارەوانی و وەزارەتی نـاوخۆش پەیوەنـدی بە بـابەتەکەوە هەیە، لە دوا دانیشـتندا ئەو بەڕێزانەی کە پێویست دەکات کە بەشداری بکەن، دوا قسەم سیاغەو رێکخستنەوەی پـرۆژە یاسـاکەیە لە رووی جـوملە بەنـدی و ئەدەبیـات و زمـانەوانی و دەسـتەواژەکانەوە، لە راسـتیدا زۆربەی زۆری یاسـاکان کە تەماشـا دەکـرێ ئەوانەی بە تـایبەت تەرجـومە کـراون لە عەرەبیـدا وەرگیراون تەرجومەی حەرفی کراون تێگەیشتنیان نارەحەتە یـان هەڵەی تیـدایە ئەم یاسـایەش پێویســـت دەکـــات روون و راســـت و رەوان بـــێ لە رووی جـــوملە بەنـــدی و ئەدەبیـــات و دەســـتەواژەکانەوە، بـــۆیە پێویســـتە زمانەزانێـــك یـــان ئەوانەی کە پەیوەنـــدیان بە لیژنەکانـــا پەیوەندیان بە زمانەوانی و زمانی کوردی هەیە دەوریان هەبێت لە رێکخستنەوەو تەنزیم کردنی پرۆژە یاساکەو بە شێوەیەکی روون و رەوان دووبـارە دەستخۆشـی لە هەمـو لایەکتـان دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر رەئییەکتان هەیە فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی ئەوە کردەوەیەکی تاوانکـارییە، بەلـێ کردەوەییەکـی تاوانکـارییە، لەبەر ئەوەی تەعریفـی تـاوان چیـیە؟ کردنـی کـارێکە یـان نەکردنـی کارێـك کە یاسـا سـزای بـۆ دیـاریکردووە، حەتـمەن ئەوەش ریکـلام کردنـی کـارێکە و سزاشـی بـۆ دیـاریکراوە، کەواتە ئەکـرێ بە تـاوان ناوزەندی بکەی، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین دەسـت بە خوێنـدنەوەی مـاددەی (٦)ی راپۆرتی هاوبەشی هەرسێ تایبەتمەند دەکەین فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٦) پێویسـتە لەسـەر وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی شارەوانی گەشتوگوزارو وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان رێنمـایی پێویست بۆ ئاسانکاری ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەسەر ئەم ماددەیە با دەستی خـۆی بەرز بکـاتەوە؟ بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان ناوەکـان بنووسـن، تـا ناوەکـان دەنووسـرێت بەڕێـزان وەزیـری رۆشـنبیری، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەگەر تێبینی و سەرنجێکتان هەیە بیخەنە روو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە مـاددەی یەك رەئـی خۆمـان داوە، هەردوو وەزیـر لەسـەر ئەوە کـۆك بـووین، پێویسـتە نـاوی وەزیـرو وەزارەت هەڵبگیرێـت، واتـا تەئکیـدمان لەسـەر ئەوە کـردەوە کە ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن پێویستە هەموویان پێکەوە رێنمایی دەربکەن، بۆیە پێشنیار دەکەین بەو شێوەیە ماددەی شەشەم دابڕێژرێتەوە:

پێویسـتە لەسـەر وەزارەتەکـانی رۆشـنبیری و لاوان و وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار وەزارەتـی پیشەسازی و بازرگـانی و لایەنە پەیوەندیـدارەکانی تـر رێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـان جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەسـتیان بەرزکـردۆتەوە بـۆ ئەوەی ناویـان تۆمـاربکەین (کـاك زانا،کـاك بەڵـێن، کـاك دکتـۆر رێبـوار، سەوسـەن خـان، کـاك سیروان، سەرچنار خان، کاك شاخەوان) کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (٦) ئەڵێ پێویستە لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و من لێرە خاڵێك هەیە کە باسی وەزارەتی ناوخۆ نەکراوە و زەرورە وەزارەتی ناوخۆش ناوی لێرە بێت، چـونکە بەشـێك لە ئیشـەکەش پەیوەنـدی بەوەوە هەیە هەنـدێ ئیجرائـات هەیە لە کـاتی لێکـردنەوەو درانـدنی پۆستەرو با بلێین ئەوەی بابەتی ریکلام و ئەوانەیە، پێویستە وەزارەتی ناوخۆش نـاوی لەوەبێ، چونکە یەعنی گرتن و با بڵێین ئیجرائاتەکە تا رادەیەکـی زۆر پەیوەندیشـی بە وەزارەتـی نـاوخۆ هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میر خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە ماددەی (٦)مدا لە بڕگەی کۆتاییدا کە دەڵێ پێویستە لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو وەزارەتی پیشە سازی و بازرگانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری ئەم یاسایە دەربکرێت، من پێم وایە لێرەدا چەند رستەیەك زیاد بکرێ، هەروەها هەروەکو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی تریش بۆ ئەو بڕگەیە باس یان ئاماژەیەکیان پێدا، بەڵام من پێم وا دەبی ئەو رستەیە زیاد بکرێ، هەروەها لیژنەیەکی تایبەتمەندو پسپۆر پسپۆری زمانەوانی لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ئامرازەکانی میدیاو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن پێکبهێندرێ و هەوڵی جدی بدەن کە ریکلامەکان بە کوردیەکی زۆر ڕەوان بنوسرێت و ڕێگا نەدرێت کە بە ڕێگای ریکلامەوە زمانی کوردی زیاتر بشێوێندرێت، ئەم رستەیەو ئەم چەند رستەیە زۆر پێویستە لەوەدا، یەعنی ئاماژەی پێ بکرێ، چونکە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەبێ زۆر گرنگی بەوە بدەن کە ئەو کاتەی کە ریکلامی بازرگانی موافەقەتی لەسەر کرا ئەو لیژنەیە حزورە هەبێ و جێی دیاربێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازەکەی منیش بە پشتگیرییە بۆ کاك شاخەوان، یەعنی هەمان ئەو نەصەی کە بەڕێز دکتۆرە ڤاڵا خستییەروو زائیدەن وەزارەتی ناوخۆی بۆ ئیزافە بکرێ، چونکە لە پێشترا باسی ئەوانەمان کردووە لەسەر جادەو شۆستەکان بە تایبەت ئەو هێمایانەن کە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆوە هەیە، لەبەر ئەوە وەزارەتی ناوخۆش زەروریەتە لێرەیا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ناوی وەزارەتەکان هەمووی لە دوای یەکەوە بە زنجیرە نەیەت و ئەوەی ئاماژەی پێکراوە ڕەنگە نەقسی تێدابێ، بۆیە پشتگیری لە ڕایەکەی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین بەو شێوەیە تەسبیت بکرێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەلایەن بەڕێز دكتۆرە ڤاڵاوە كرا، پشتگیری لێ ئەكەم و سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە دەقەكانی فرە چەشن و فرە پسپۆڕی و فرە وەزیفەن، پەیوەندارن بە وەزیفەی چەند وەزارەتێكەوە، ناكرێت تەنها لە وەزیفەی وەزارەتێكەوە لەگەڵ شارەوانی وەزارەتی رۆشنبیری قەتیز بكرێتەوە، بۆیە من پێم باشە پێشنیار دەكەم وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانیشی بۆ ئیزافە بكرێ و، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی یەك دا پێناسەی وەزارەتمان كردووە، وەزارەتی رۆشنبیرو لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بڕگەی چوارەم لێرە كە ئەڵێی پێویستە لەسەر وەزارەتی مەیهێنەرەوە، یەعنی بڵێین پێویستە لەسەر وەزارەت نەك وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەو دوو كەلیمەیە لابرێ لە ناو نەصەكە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارو لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی و ئەو وەزارەتە پەیوەندیدارانەش لا ببرێت، چونكە پێویست ناكات هەر ئەو وەزارەتانە مەعنین، ئەگەر وەزارەتێكی تر بوو ناوی بێ ڕێنمای پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی ئەم یاسایە دەركرا ئەو ووشەیەی بۆ زیاد بكەن.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان، لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر رایەكتان هەیە فەرموون، ئەگەر نا دەست بە خوێندنەوەی ماددە (٧) بكەن تەواو دەست بە خوێندنەوەی ماددەی (٧) بكەن تكایە.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) بە دەر لە حوكمەكانی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە كار بە هیچ دەقێكی یاسایی ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەی (٧) بكات با بفەرموێت، تەواو هیچ بەڕێزێك نایەوێت گفتووگۆ بكات ماددەی (٨) لیژنەی تایبەتمەند تكایە دەست بە خوێندنەوەی بكەن فەرموون.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) ئەم یاسایە دوای (٦٠) ڕۆژ لە دوای بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی كوردستاندا جێبەجێ دەكرێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بەڕێزان هەركەسێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات لەسەر ماددەی (٨) با دەست بەرز بكاتەوە؟ كاك حكمت فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە (٦٠) ڕۆژ زۆرە، بكرێتە یەك مانگ باشتر دەبێت.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ پێشنیاری یەك مانگەكەی لیژنەی تایبەتمەند هیچ ڕەئییەكتان هەیە، فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك (٦٠) ڕۆژ دیاریكراوە بۆ ئەوەی ئەو ریكلامانەی لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ماددەیە كۆكن و ناگونجێن و پێشتر كاریان لەسەر كراوە، مودەیەك بدرێتە ئەو كەسانەی كۆمپانیا، بۆ ئەوەی ئەو ریكلامانە لاببات، بۆیە (٦٠) ڕۆژ دیاریكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان هۆیەكانی دەرچوواندن، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر دەست بە خوێندنەوەی بكەن.

**بەڕێز سەلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچواندن: لەبەر گرنگی ڕێكخستنی ریكلام بۆ خزمەتكردنی بەكاربەرو گەشەپێدانی ئابووری و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری باشتر بە هاووڵاتیان و دروستكردنی كێبڕكێ دروست، بە بازاركردن و هەروەها كەمكردنەوەی لایەنە خراپ و زیان بەخشەكانی ریكلام ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆی لە سەر بکات با دەست بەرز بکاتەوە؟ ئێستا ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن (د.ڕێبوار، د.محی الدین، د.اسماعیل، کاك کاروان) کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە هۆیەکانی دەرچواندن تەعبیر لە ناوەرۆکی پرۆژە یاساکە ناکات کە ئێمە موناقەشەمان کرد، بۆیە من داڕشتنەوەیەکم کردووە بەو شێوەیە لەبەر گرنگی کاری ریکلامکردن و خزمەتکردنی بەکاربەر و پاراستنی مافی هاوڵاتی و جینو توێژەکانی لە بواری ریکلامدا دروستکردنی کێبڕکێ بۆ بە بازارکردن وکەمکردنەوەی لایەنە خراپ و زیان بەخشەکانی ریکلام ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :**

دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی ڕێکخستنی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر، ئەوە تەنها بەکاربەر نییە بەرهەم هێنەریش ئەوەی بەرهەمیش بەرهەم دێنێ مونتەجیش ریکلامی دەکات، پێم وایە بەرهەم هێنیش ریکلام دەکات، بەرهەم هێنیش ئیزافە بکرێ و ناو ئەو دەستەواژەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت هەموو پرۆژە یاسایەك پێویستە گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی بکا بە پێی ئەو پرۆژە یاسایەم سێ خاڵی سەرەکی هەیە کە پێویستە گوزارشتی لێبکات کە نایکات یەکەم ڕێکخستنە، دووەم گەرم کردنی بازاری بازرگانی،سێیەم ووشیاری هاووڵاتییە، من داڕشتنێکم هەیە، هیوادارم ئەوە پێشنیاربێ جێگەی دارشتەکە بگرێتەوە کە لە پرۆژەکە دا هاتوە بۆ ڕێکخستن و چارەسەرکردنی بێسەروبەری کاری ریکلام و وەگەڕکردنی جولەی بازرگانی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بەکاربەر لە ناسینی کاڵاو بەکارهێنان و دروستکردنی کێبڕکێ ساغلەم بوە بە بازارکردن و، هەروەها کەمکردنەوەی لایەنە نەرێنی و زیان بەخشیەکانی ریکلام ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس پێشنیار دەکەم ئەڤ رستەیە زێدە ببیتن پتر تەعبیریش ئارمانجا دەرکەوتنا قانونێ بکەتن، لەبەر گرنگی رێکخستنی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەرکاربەرو گەشە پێدانی ئابووری و چالاك کردنا بازرگانی چالاك کردنا بازرگانی ئەوەش ئیزافە ببی، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر سەرنجو تێبینیەکتان هەیە؟ نییە بەڕێزان زۆر سوپاس ئێمە داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین سەرجەم ئەو پێشنیارو سەرنج و تێبینییانەی کە پشتگیری زیاتر لە سێ پەرلەمانتاریان هەبوو لەگەڵ راو سەرنجەکانی وەزیری تایبەتمەند بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن وە ئامادەکاری بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیازە یاسایە ئامادە بکرێ بۆ خوێندنەوەی سێیەم، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی**

**دووشەممە رێکەوتی ٢٠١٩\١٢\١٦**

**خولی پێنجەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٦) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکانی تر بە پێی حوکمی بڕگەی ( ٤ )ی ماددەی (٨٠) و ماددەی (٨١) و بڕگەی یەکەم و ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم/ دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠و ٩١و ٩٣و ٩٦و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- دەسپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوون و ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامەکان لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکانی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
٤- ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی یەکەم و دووەمی بەرنامەی کار بە دەنگی (٥٨) پەرلەمانتار.
٥- خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانە بۆ بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان و پێدانی خەسڵەتی بە پەلە بۆ پرۆژە بڕیاری ناوبراو بە دەنگی (٥٥) پەرلەمانتار.
٦- ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی دووەم و سێیەمی بەرنامەی کار بە کۆی دەنگی پەرلەمانتاران.

٧- گفتوگـۆ کـردن و تـاوتوێ کردنـی پرسـی کێشـەی کارەبـا و نیشـتمانی و دابەشـکردنی سـووتەمەنی لەم وەرزی سـەرمایەدا بەسـەر هاووڵاتیـان بە ئامـادەبوونی وەزیـری کارەبـا، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی پرسی کارەبا لە لایەن بەڕێزیان.

٨- خوێنـدنەوەی دووەم و گفتوگـۆ کردنـی پێشـنیازی یاسـای ریکلامـی بازرگـانی لە هەرێمـی کوردستان ـ عیراق بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیـری رۆشـنبیری و لاوان و وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروباری پەرلەمان.

٩- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٠) وەرزی دووەمـی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەکەم، خـولی پێنجەمی هەڵبژاردن دەست پـێ دەکەیـن، ئێسـتاش داوا لە بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان دەکەیـن کۆنووسـی پـوختەی کۆبـوونەوەی پێشـوو و نـاوی ئامـادەبووان و ئامـادەنەبووانی دانیشـتنی پەرلەمان وکۆبوونەوەکـانی لیژنەکـان و هەروەهـا کارنـامەی ئەم کۆبـوونەوەیەش بخـوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی ماددەی پێنج و بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی (٣) لە مـاددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێـنجەم لە مـاددەی (٢٠)، ماددەکـانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ـ عیـراق، دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی خـولی پـاییزەی سـاڵی یەکەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١١) ی پێشـنێوەڕۆ، رۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێنـدنەوەی یەکەمـی پـڕۆژە یاسـای چاکسـازی لە خانەنشـینی مـووچە و دەرمـاڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکانی تر بە پێی حوکمی بڕگەی (٤) ی مـاددەی (٨٠) و مـاددەی (٨١) و بـڕگەی یەکەم و ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم/ دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسـای ریکلامـی بازرگـانی لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عیـراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم/ خوێنـدنەوەی دووەمـی پـڕۆژە یاسـای مـاددە هۆشـبەرەکان و کـارتێکەرە عەقڵیەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عیـراق بە پێـی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی رۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١. دەسپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢. خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوون و ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامەکان لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکانی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣. دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
٤. ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی یەکەم و دووەمی بەرنامەی کار بە دەنگی (٥٨) پەرلەمانتار.
٥. خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانە بۆ بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان و پێدانی خەسڵەتی بە پەلە بۆ پرۆژە بڕیاری ناوبراو بە دەنگی (٥٥) پەرلەمانتار.
٦. ئاڵوگۆڕکردنی بڕگەی دووەم و سێیەمی بەرنامەی کار بە کۆی دەنگی پەرلەمانتاران.
٧. گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردنی پرسی کێشەی کارەبا و نیشتمانی و دابەشکردنی سووتەمەنی لەم وەرزی سەرمایەدا بەسەر هاووڵاتیان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی پرسی کارەبا لە لایەن بەڕێزیان.
٨. خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆ کردنی پێشنیازی یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و لاوان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
٩. کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
١٠. ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٠ بەیانیەکەی، هەموویان مۆڵەتن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

زکری احمد سمایل، رۆژان محمد کریم، سەرکۆ ئازاد حسین، عوسمان علی سمایل، فرید یعقوب ایلیا.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون:

١/ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان ٢٠١٩/١٢/١١ :

هاوڕێ بەنا محمد صالم/ مۆڵەت

٢/لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت ٢٠١٩/١٢/١١ :

ئاشنا عبدالله قادر، سلمە فاتح تۆفیق/ مۆڵەت

٣/لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ٢٠١٩/١٢/١١:

جمال حويز مستەفا، سەروان محمد على/ مۆڵەت، سعيد مستەفا تەتەرخان/ مۆڵەت
٤/ليژنەی کاروباری شەهيدان و جينۆسايد و زيندانيانی سياسی ٢٠١٩/١٢/١١ :
هەورامان حمەشريف/ ئامادەنەبوو
٥/ليژنەی دارايی و کاروباری ئابووری ٢٠١٩/١٢/١١ :
ارشد حسين محمد/ مۆڵەت
٦/ليژنەی رۆشنبيری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان ٢٠١٩/١٢/١١ :
جلال محمد عبدالله، فيصل عباس عولا/ مۆڵەت
٧/ليژنەی کاروباری تەندروستی و ژينگە و مافی بەکاربەر ٢٠١٩/١٢/١١ :
کاظم فاروق نامق/ مۆڵەت
٨/ليژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠١٩/١٢/١١ :
سيپان سالم حسن/ ئامادەنەبوو
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، داوا لەبەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەين کە لەمڕۆ بەدواوە هەموو ئامادەنەبوونەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت دانيشتنەکانی پەرلەمان لەگەڵ کۆبوونەوەی ليژنەکان لە سايتی فەرمی پەرلەمان بڵاوبکرێتەوە، ئەمە يەك، دوو/ هاوکات داوای لێ دەکەين مۆڵەتی هەر پەرلەمانتارێك لە ليژنە و لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بۆمان دياری بکات، ئەويش بڵاودەکرێتەوە، چونکە ئێمە پێمانوايە مۆڵەتەکان زۆر زۆر بوون لە حاڵەتی ئاسايی چوونەتە دەرەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەست بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان دەکەين، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی پەيڕەويم هەيە حەز دەکەم بيخەمە بەردەستی بەڕێزتان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، يەکەم/ پاڵپشت بە ماددەی (٨٩) برگەی (١) لە پەيڕەوی ناوخۆ ئێمە ياداشتێکمان بۆ سەرۆکايەتی پەرلەمان بەرز کردەوە، بە ئيمزای دوانزە پەرلەمانتار کە سيبيانيان سەرۆکی فراکسۆينە، نيگەرانيمان نيشان دا لەسەر دانيشتنی ژمارە ٩ی ئاسايی رۆژی سێ شەممەی رابردوو ٢٠١٩/١٢/١٠ لەسەر ئەوەی لە دانيشتنی ژمارەی رابردوو کە دانيشتنی خوێندنەوەی دووەمە بۆ ياسايەك، پێشنيازێك خرايە دەنگدانەوە و يەکلا کرايەوە کە پەيوەندی بە قەدەغەکراوەکان، رێگەپێنەدراوەکانی ياسای رێکخستنی ريکلام دەکات، ئەمە خرايە دەنگدانەوە، هەرچەند لەناو راپۆرتەکەی ليژنەی هاوبەشی ليژنەی رۆشنبيری و پەيوەندار بەو مەسەلەيە وەکو پێشنيازێك ئەمە وەرگيراوە، ئەمە باتڵ کراوەتەوە دەنگدانەکە، بەڵام ديسانەوە

ئەوەی کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێ لە دانیشتنی دووەم دا موناقەشە بکرێ بۆ ماددەیەك بە حوکمی ئەوەی ئەوە یەکلاکرایەوە و موناقەشە نەکرا بۆ ئەو ماددەیەی بڕگەی دووەم، بۆیە من داوا دەکەم ئەم مەسەلەیە موعالەجەیەکی قانونی بۆ بکرێ و ئەبێ موناقەشەی ئەم ماددەیەی بکرێتەوە ئەوەی کە پەیوەنداره بە یاسای ڕێکخستنی ریکلام، چونکە رۆحی یاساکەی کە پەیوەنداره بە رێگا پێنەدراوەکان، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ ئەوەی کە پێشێلکاری پەیڕەوە من داوا لە بەرێزتان دەکەم پاڵپشت بە ماددەکانی (٥٨و ٥٩ و٦٠) کە پەیوەنداره بە ئاراستەکردنی پرسیار بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی یان بۆ کەسی پەیوەندار، وەزیری پەیوەندار، پاڵپشت بە ماددەی (٦٠) بڕگەی (٣) دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (٧) رۆژ ئەوپەڕی (٢١) رۆژ وەڵام بدرێتەوە، من لە ٩/٢ واتا زیاتر لە سێ مانگ لەمەوبەر نزیکەی (٣) مانگ و نیو پرسیارێکم ئاراستەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە دەربارەی مەسەلەی گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە چاوەڕوانمان دەکرد لەناو یاسای پەیوەندار بە مەسەلەی چاکسازی دا ئەم مەسەلەیە جێگیر کرایە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس خۆی خاڵی پەیڕەوی نابێ لە یەك دەقیقە زیاتر بێ بەرێزتان دەزانن، سەبارەت بە خاڵی پەیڕەوی یەکەمتان دەرفەت دەدەینە بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، چونکە جەنابیان سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، سەبارەت بە خاڵی دووەمتان ئێمە نووسراوی جەخت کردنەوەمان ناردووە، ئەگەر حکومەت دوای ئەوەش وەڵام نەداتەوە، جارێکی تریش و دانیشتنەکەی تریش وتمان ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان دەتوانن بچنە قۆناغی دووەمی پرۆسەی چاودێری کە پرۆسەی پرساندنە، سوپاس، فەرموون.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بەرێز کاك مەم بۆ ئەو تێبینیە، بەڵام ئێمە پێمانوایە خاڵەکەی خاڵی پەیڕەوی نەبوو، لەبەرئەوەی لە دانیشتنی پێشووتر ئەگەر ورد سەیری ماددەی (٥٩) بڕگەی یەکەم و دووەم بکرێ لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دەنگ بۆ پێشنیازە یاسایەکە نادرێ یان بۆ پرۆژەکە نادرێ، واتە بۆ کۆی پرۆژەکە نادرێ، ئێمە فەراغێکی پەیڕەویمان هەیە بەرێزان بە پێی ماددەی (٩١) هەر پێشنیارێك ئەگەر ڕای سێ پەرلەمانتاری لەگەڵ بوو ئینجا داخل دەکرێ بۆ دەنگدان، بۆیە ڕای بەرێز وەزیری هەرێم کە ئەندامی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە پێشنیازێکی خستۆتەڕوو بەبێ ئەوەی حەزفی ئەو (٢٧) رێگە پێنەدراوەی کە جەنابت باسی دەکەی و ئێستاش لە راپۆرتە هاوبەشەکە هەیە، بۆیە بە پێی ماددەی (٩٠) هەم ئەو ڕایەی کە بەرێز وەزیری هەرێم خستییەڕوو لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە لە دانیشتنی پێشووتر هاتبوو هەردووکی

لەناو ڕاپۆرتی ئێستا هەیە، بۆیە بە پێی پەیڕەو ئێستا ئێوە سەرپشکن لەوەی دەنگ بەو ڕایە دەدەن کە بەڕێز وەزیری هەرێم خستیەڕوو و لیژنە تایبەتەمەندەکان پەسەندیان کرد، بەڵام لەبەرئەوەی فەراغێکی پەیڕەوییمان و عورفێکی پەرلەمانیشە کە پێمان باش بوو ئەو فەراغە پەیڕەوییە بە دەنگی پەرلەمانتاران ئەو پێشنیازی ڕای وەزیر وەربگیرێ بۆ ئەوەی تووشی ئەو ئەشکالە نەبین، ئەگەر ڕای وەزیرمان وەرگرتایە و دەنگی پەرلەمانتارانمان نەزانییایە و ڕای لیژنەکانمان نەکردایە، ئێستا پێتان ئەوتین بە پێی کام خاڵی پەیڕەوی ڕای وەزیرێك وەردەگرن بە بێ ئەوەی ڕای پەرلەمانتاران وەربگرن، زۆر سوپاس و لەبەرئەوەی هیچ خاڵێکی ناپەیڕەوی تیا نییە و لیژنەی تایبەتمەندیش دەتوانن وەڵامتان بدەنەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە ماددەی (٤٩) برگەی یەکەم، خاڵی دوو لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، من ٢٠١٩/٩/١٨ یەعنی بۆ سێ مانگ دەچێ، بیرۆکەیەکم خستۆتەڕوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان تایبەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە کە پێموایە کێشەیەکی گشتییە و تێیدا پێشنیاز و چارەسەریشم خستۆتەڕوو، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە کە دەبووایە دوای (٤٨) سەعات لە گەیاندنی پرۆژەکە بۆ سەرۆکایەتی بخرایەتە بەرنامەی کار، داواکارم ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕاستە جەنابتان ئەوەتان پێشکەش کردبوو، ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتی بڕیارمان دا لیژنەیەك لە پەرلەمانتارانی شاری هەڵەبجە دروست بکەین، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات و ڕاپۆرتێکمان بۆ بێنێتەوە و سەردانی لایەنە سیاسیەکان بکات ئێمە ڕایان دەسپێرین بەناو، بۆ ئەوەی بڕۆن ئەو سەردانە بکەن، سوپاس، برگەی یەکەمی بەرنامەی کاری کۆوبونەوەکەمان جێ بەجێ دەکەین کە بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنیشینی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر بە پێی حوکمی برگەی (٤) ماددەی (٨٠ و ٨١) و برگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە داوا لەبەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٨٤) لە برگەی یەکەم دەبێت لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پرۆژە یان پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان ئامادەبکات، لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست

هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست، دیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراوە، بەڵام لیژنەی یاسـایی سـەرۆکایەتی دەڵـێ هـیچ نووسـراوێك بە فەرمـی بـۆ ڕاپـۆرت نووسـین ئاراسـتەی لیژنەکەمان نەکراوە تەنها بـۆ ئاگاداری نووسـراومان ئاراسـتە کـراوە، بـۆیە داوای ڕوونکـردنەوە دەکەم، هەروەها خاڵێکی تـری پەیـڕەویم بە پێـی مـاددەی (٣٧) لەپەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان، ئەگەر بۆ دەستەی سـەرۆکایەتی ڕوون بـووەوە کە یەکێـك لە لیـژنە هەمیشـەییەکان لەڕاپەرانـدنی کارەکـانی کەمـتەرخەم بـوو، ئەوا هەوڵەکـانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی هەوڵەکـانی دەخاتەگەڕ بۆ کاراکردنی لیژنەکە، بەڵام ئەگەر نەیتوانی لەسەر دەستەی سـەرۆکایەتی پێویسـتە ئەندامی نوێ بۆ لیژنەکە بپاڵێوێت بە پێی ئەو ڕێکارانەی لەم پەیـڕەوەدا هـاتوون، ئایـا دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەو ڕێکـارانەی لەپەیـڕەودا هـاتوون گرتـوویەتە بەر؟ چـونکە بەڕاسـتی لیـژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی هەیە وەکو خۆتان ئاماژەتان پێی کرد.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس گەیشـت ئەبـێ یەك دەقـیقە بـێ جەنابـت قانوونیـت، ئـێمە ڕاسـتەوخۆ یەك ڕۆژ دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە پێشنیازە بڕیارەکە ئاراستەی بەڕێزان لیژنەی یاساییمان کـردووە بە هەمان ئەو کلێشەیەی کە هەموو پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان تری پەرلەمانی بـووە بـۆ ئاراسـتەی لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، واتا کلێشـەیەکی دیـاری کـراوە، دەڵـێ بـۆ دیراسـەت کـردن و ئاگـادار کردنەوەمـان لەڕاتـان، بـۆ هەمـووی هەمـان کلێشـەمان هەیە، پێشـنیازە بڕیـاری دامەزرانـدنی فەرمـانبەرانی گرێبەسـتیش بەهەمـان کلێشـە ئاراسـتەی بەڕێـزان لە لیـژنەی یاسـایی کـراوە و بەڕێزت ئەندامی لیژنەی یاساییت دەتوانی داوای کۆبـوونەوە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی لیـژنەی تایبەتمەنـد کە لیـژنەی یاسـاییە بـکەی، دەرفەتـت دەدەم، دووەم/ بێگومـان ئەگەر وەختـەکە تـێ بپەڕێ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەکان ئاگاداربکـاتەوەو ئیجرائاتیـان لەگەڵ بکـات، بەڵام هیـوادارم هەمـان ئیجرائـات و هەمـان پەرۆشـیتان هەبـێ بـۆ هەمـوو ئەو پێشـنیازە یاسـا و بڕیـارانەی تـر کە پێشکەشـی لیـژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان کراون و تیایاندایە کە (٨٥) ڕۆژ بۆ (٩٠) ڕۆژی بەسـەردا تـێ پەڕیـوە، ئەرکەکانی خۆتان وەکو ئەوەی کە لەناو لیژنەکان پێویسـتە جـێ بەجـێ بـکەن، ئـێمە لێـرە ئەگەر لیژنەی یاسایی پێیان وایە ئەوە سیفەتی ئەوەی تیا نییە کە ئەوان دەبێ ڕاپـۆرت بنووسـن، لێـرە بەڕەسـمی پێیـان ڕادەگەیەنـین کە ئەوان دەتـوانن ڕاپـۆرت بنووسـن، سـوپاس، بەڵـێ کـاك بـژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی حەزدکەم هەنـدەك ڕوونکـردنەوە بـدەم، یەك/ لـدیڤ پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانێ کوردستانێ، جارێ لیـژنەی یاسـایی لیژنـا تایبەتمەنـد نیـنە ب پێشـنیازا یاسـا

هەمیشەیی کرنا فەرمانبەرێت گرێبەست، ڕاستە ئەم لیژنا تایبەتمەندن لسەر هەمی پێشنیازێت یاسا بەس کەنگی؟ پشتی لیژنا تایبەتمەند یان مەعنی ڕاپۆرتا خۆ ئامادە دکات وی وەختی لیژنا یاسایی ژی لیژنا تایبەتمەندە ژ ڕایی یاسایی ڤە، جارێ لیژنا یاسایی وەکو لیژنا موختەس نە لیژنا موختەسە، ئەڤە یەك، دوو/ داخازا ژ سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم یان نەزڤرن بۆ ڕەئی وەرگرتنا ئەنجومەنێ وەزیران لسەر بابەت و لسەر پێشنیازێت یاسایی، یان ئەگەر ڕەئی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرت پێتڤیا ژ دیڤ پەیڕەوی ژی ئەم ڕێزێ ل ڕەئیا ئەنجومەنێ وەزیران وەربگرین، نووسراو ژ سەرۆکاتیا پەر لەمانی بۆمە هاتیە وەکو لیژنا یاسایی، هەرچەند ئەم لیژنا تایبەتمەند لیژنا ئێکەم لیژنە نییە، نووسراو هاتیە ل ١٢/١ نووسراوا سەرۆکاتیا هاتیە دبێژێت بفەرمووون بۆ ئاگاداریتان ئەوە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێ باشە نووسراوێ ئەنجومەنی وەزیران هاوپێچە، حکومەت ئەنجومەنی وەزیرانی دبێژت مەوقفەکی سلبی نەبووە، مەوقفێ وی ئیجابیە، دبێژێت مە دەست ب کۆکرنا مەعلوماتا کری برێگا بەڕێز وەزیری مالیە، کەی تەواو بوو ئەو کات ئەوە نووسراوە لەلای من هەیە سەرۆکی پەرلەمان لە ١٢/١ هاتووە وەکو لیژنەی یاسایی، ئەگەر حەز دەکەی دەقی نووسراوەکە هەمووی دەخوێنم، ........ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزتان ئێمە نووسراوێکمان بەڕەسمی یەك ڕۆژ ڕاستەوخۆ دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە پێشنیازە بڕیاری فەرمانبەرانی گرێبەست نەناردووە بۆ لیژنەی تایبەتمەند دەڵێین بەو کلێشەیەی کە هەموو پێشنیازە بڕیار و پێشنیازە یاساکانتان بۆ دەنێرین و دەڵێین بفەرموون بۆ ئاگاداریتان و دیراسەت کردنی و ئاگادارکردنەوەمان لەڕاتان؟ بەڵێ ناردوومانە؟ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نووسراویا هاتی نووسراوەکا دژیا هاتی ١٢/١ ژمارە (ك/١٦٥٨) وە نووسراوا ئەنجومەنی وەزیران بۆچ بۆ لیژنا یاسای فری کرییە، دڤێت ئەڤ مەرەمێ بزانم، ما نە لدیف پەیڕەوێ ناوخۆی پەرلەمانی پێتڤیا هەر پێشنیازە یاسایەك کو بارگرانیا دارایی دروست کات ئەم ڕەئیا ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتێ وەربگرن، کەواتە نووسراوا ئەنجومەنێ وەزیران ب ڕەسمی هاتیە سەرۆکاتیا پەرلەمانێ، سەرۆکاتیا پەرلەمانێ لدیف ڤێ نووسراوا من ئاماژە پێکری یا بۆ لیژنا یاسایی هاتی موقفێ ئەنجومەنێ وەزیران سلبی نەبووە لسەر ڤێ پێشنیازە یاسایی، کەواتە یاان پێتڤیا ئەم ڕێزێ ل ئەنجومەنێ وەزیران نەگرین نووسراوا وی، یان ئەگەر ئەم هەر پێگرێ نووسراو و مەوقفێ ئەنجومەنی وەزیران نەکەین بۆ پەنای بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەین؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە دوو نووسراومان ناردووە بۆ لیژنەی یاسایی، یەکێکیان ڕاستەوخۆ یەك ڕۆژ دوای خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست، بەو کلێشەیەی کە هەموو پێشنیازە بڕیار و یاسایەکی تریان بۆ دەنێرین بۆ نووسینی ڕاپۆرت، ئەمەی کە ١٢/١ کە جەنابیان سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسی دەکات کاك بژار ئەوە وەڵامی دووەمی ئەنجومەنی وەزیرانە ناردوومانە بۆیان بۆ ئاگاداریان، ئەمە یەکەم، دووەم/ ئێمە لەبەرئەوەی لە کۆبوونەوەی خوێندنەوەی یەکەم پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەستمان تەنها ئاراستەی یەك لیژنە کردبوو کە لیژنەی یاسایی بوو، هەر کاتێك پێشنیازی بڕیارێك یان یاسایەك بە تەنها ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکرێت کە حاڵەتی وامان زۆر هەبووە، مەسەلەن پێشنیازە بڕیاری یاسای کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم، بە تەنها ئاراستەی یەك لیژنە کرابوو کە لیژنەی یاسایی بوو، ئەو لیژنەیە خۆی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاساییشە، هەردوو ئەرکەکە بەجێ دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر هاتوو لیژنەی یاسایی بۆ خۆیان کۆبوونەوەیان کرد و پێیان وابوو ڕەئیان وابوو لیژنەیەکی تریش دەبێ ڕەئی هەبێ لە بابەتی دامەزراندنی فەمانبەرانی گرێبەست ئەوان بە گوێرەی پەیڕەو ڕێگەپێدراون و هیچ شتێك ڕێگر نییە لەوەی کە دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار بکەنەوە و داوای لێ بکەن کە دەیانەوێ لیژنەیەکی تری پەرلەمانی کوردستان ڕای هەبێ لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایە یان ئەو پێشنیازە بڕیارە، کاك عباس فەرمووە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پرۆژە یاسایە بەڕاستی گفتوگۆییەکان بەرەو ئاراستەیەك دەڕوات من دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم، سەبارەت بە نووسراوی گرێبەستەکان لە (١٧) ی مانگ دەتوانن ئێستا داوا لە شوێنی پەیوەندار بە دەرکردنی نووسراو بکەن، نووسراو ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراوە بۆ ئامادەکردنی نووسین، ئێمە تەنها دوو هەفتە ئیحترامەن بۆ ئەوەی لەم پەرلەمانە جەنابتان ئاراستەی پەرلەمانتارانتان کرد ئێمەش بەشێك لەم پەرلەمانتارانە بۆ چاوەڕوانی حکومەت بەڵێنمان بە پەرلەمانتاران و بە دەرەوەی پەرلەمانتاران ئەو خەڵکانەی کە چاوەڕوانی ئەم پرۆژەیەن ئەم دوو هەفتەیە وەستاوین، من لە لیژنەکە برای بەڕێزم کاك بژار و هەموو ئەو برایانەی لەگەڵمن وتوومە ئێستا ئێمە کاتی ئەوەمان هاتووە ئێمە نووسراوەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەینەوە، ڕاستە دوو نووسراومان بۆ هاتووە، نووسراوێکیان بە ئیمزای سەرۆکی پەرلەمان لە (١٧) ی مانگە، نووسراوێکیان لە (١٢) ی مانگ وەڵامەکەی حکومەتمان بۆ هاتووە کە ئەمە ڕایانە بەواژووی جێگری سەرۆکی پەرلەمانە، بۆیە بەڕاستی ئەم بابەتە حەقە لێرە لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمان یەکلابکرێتەوە، ئەگەر ئەم نووسراوە هەبێ ئێمە

ڕابسپێردرێینەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە قسە و مەوزوعی ئەم پـرۆژەیەش بەڕاسـتی دیزەبەدەرخۆ نەکرێ وەك ئەوانی تـر، لەبەرئەوەی حکـومەت بەڕەسـمی وەڵامـی داویـنەتەوە کە دەڵێ دەتوانین بارگرانی دارایی نییە ئەم ئیشە بکەین، بەڵام پێویستی بە هەنـدێ ئەحسـاو ئامـار بووە، ئامارەکەش دەتوانین لە ماوەی مانگێك دا ئەگەر نەتوانن ئامادەی بکەن من پێمـوایە تەنهـا بۆ چاوبەستەکی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژە بڕیارەی گرێبەستەکان ئاراستەی لیـژنەی دارایـیش بکـرێ، چـونکە وەك بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێ کرد تەنها لە تایبەتمەنـدی لیـژنەی یاسـایی نیـیە ئەو پرسە، بۆیە داواکارم بارگرانییەکە هەر لەسەر ئەوان نەبێ ئاراستەی لیژنەی داراییش بکـرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، با کۆبوونەوەیەکی خۆیان بکەن و ئاراستەی لیژنەی دارایی بکەن، کۆبوونەوەیەکی خۆیان بکەن و داوای ئەوە بکەن کە دەیانەوێ ڕای لیژنەی دارایی هەبێ، ئەگەر بڕیاریان دا وەکو لیژنە ئەو کاتە دەتوانین ئاراستەی جەنابتانیشی بکەین، دەست بە بڕگەی یەکەمی بەرنـامەی کـار دەکەین، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکـانی دیـکە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان ـ عیراق پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کـراوە، ئەم پـرۆژە یاسـایە لە (١٩) مـاددە پێکهـاتووە لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچووانـدن، داوا لەبەڕێزتـان دەکەیـن ئەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیـژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ کاروبارو یاسایی و دارایی و شەهیدان دەکرێ، لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، زۆر سـوپاس، بـڕگەی دووەم، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٨٤) بڕگەی دووەم وەك دەزانرێ ئەم پرۆژە یاسایە ئەهمیەتێکی گرنگی هەیە و زۆر دەمێکە هاووڵاتیان و هاونیشتمانیان لە چاوەڕوانی دان و دەشزانرێ لە مانگی یەك دەکەوێتە پشووی یاسادانانەوە، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم سیفەتی ئیستعجال، سیفەتی بەپەلە بەم پرۆژە یاسایە بدرێ، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چاکسازی لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆرە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی دەکات و لە خولی پێشووشەوە تا ئێستا خەڵك چاوەڕێی دەکات و پرۆژە یاسایەکی گرنگە و هەموومانیش وەعدمان بەخەڵك داوە کە ئەو پرۆژەیە تێپەڕێنین، بۆیە بەپێی ماددەی (٩٢) لەپەیڕەوی ناوخۆ داواکارم سیفەتی بەپەلە بدرێتە ئەو پرۆژەیە و بۆ ئەوەی نەگەینە پشووی پەرلەمانی پرۆژەکە تێپەڕێنین، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکەی هەردوو بەڕێزان کاك جلال و کاك بەهمەن دەکەم بۆ ئەوەی خەسڵەتی بە پەلە بدرێتە پرۆژە یاسای چاکسازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێدانی خەسڵەتی بەپەلە بە پرۆژە یاسای چاکسازی دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموون ئەو بەڕێزەی دەیەوێ دەنگی پێ بدات با بفەرموێت؟ بەڕێزان زۆر سوپاس، پرۆژە یاسای چاکسازی بەدەنگی (٨٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان سیفەتی بەپەلەی پێدرا، زۆر سوپاس، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار فەرموون بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار کە بیتیە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەکانی شارەوانی و ڕۆشنبیریش دەکەین بفەرموون بێنە شوێنی خۆیان، بەڵێ کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ پەرلەمانتارێك ئەو ڕاپۆرتەی لەبەردەستدا نییە کە ئێستا دەنگی پێ ئەدرێ، یەعنی چۆن دەنگ بەم؟.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز کاك علی ئەگەر سەیری پەیڕەوەکەی بەردەستی جەنابتان بکەی، ئەبێ ئەندامی پەرلەمان خۆی لە ماوەی نێوان نووسینی ڕاپۆرتی سێیەم یان راپۆرتی دەنگدان و ڕۆژی دەنگدان خۆی داوای بکات، هەر بەڕێزێکتان خۆی داوای بکات بەسەرچاو، وابزانم ئێستا هەندێکی حازر هەیە، ئەوەی حازرە بۆیان بێنن، دەبێ خۆتان داوای بکەن، ڕاپۆرتی خوێندنەوەی دووەم ئێمە ئیجبارین بۆتان دانێین، بەڵام سێیەم ئیجبار نین لەڕاستی دا، با چۆن دانراوە لەبەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان داوا دەکەن، ببورن ڕاپۆرتی سێیەم لە سکرتێر داوا دەکرێ، نەك لە جێگری سەرۆك، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشە:

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار و لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان، ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٥ کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون، سەبارەت بە پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا، دوای گفتوگۆ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشانی پێشنیازی یاسا، هیچ پێشنیارێك نییە، کەواتە وەك خۆی ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بفەرموون هەر بەڕێزێك ڕەزامەندە کە ناونیشانی ئەم یاسایە بریتی بێ لە ڕێکخستنی ریکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان ـ عیراق با دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ناونیشانەکە بەو شێوەیە بەدەنگی ( ٨٤ ) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك، پێنج پێشنیار هەیە، ...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ڕاپۆرتەکەتـان لەبەردەسـت نیـیە، بـا بـێ دەنـگ بـین و بەیەکەوە گـوێ بگـرین و بـزانین سەرۆکی لیژنەی یاسایی چیمان بۆ دەخوێنێتەوە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) پێنج پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم/ وەك خـۆی تەنیـا لەبـڕگەی (٨) دا دەستەواژەی خزمەتگوزارییەکە بگۆڕێـت بـۆ چـالاکیەکی بازرگـانی میـدیایی، پێشـنیاری دووەم/ وەك خۆی تەنیا بڕگەی (٧) بەم شێوەیە لـێ بکرێـت (یەکەی کـارگێڕی شـارەوانیەکانی پارێزگـا و قەزا و ناحیەکـان)، پێشـنیاری سـێیەم/ وەك خـۆی تەنیـا لەبڕگەکـانی (٣ و ٤) دا نـاوی وەزیـر و وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار زیـاد بکرێـت، پێشـنیاری چـوارەم/ وەك خـۆی، مـاددەی/١ زاراوەکان..... جەنابی سەرۆك پێویست دەکات بخوێنم ماددەی یەك؟.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ پێویست نییە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری پێنجەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی (٤) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەنـدی ئەو بـژاردانەی پێشـنیار کـراون لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە لە دانیشـتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو و داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان:

ماددەی/١ وەك خۆی تەنیا بڕگەی (٧) لابدرێت و بڕگەکانی (٨ و١٢ و ١٤) بکرێتە یەك بـڕگە، هەر بە زنجیـرەی بـڕگەی (٨) و بەم شـێوەیە لـێ بکرێـت (ریکلامـی بازرگـانی خزمەتگـوزارییەکە لەڕێـی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندی کـردن و هەر شـێوازێك لە شـێوازەکانی ڕاگەیانـدن و هۆیەکـانی گواسـتنەوەی زەمینـی و ئـاوی و ئاسـمانی و لەڕێـگەی تـابلۆ و دیـوار و سـکرین بە ئامـانجی ڕەواج دان بە کـاڵا یـان خزمەتگـوزاری یـان بەرهەم بـۆ مەبەسـتی هانـدانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ ئێستا یەك یەك ئێمە ئەو پێشنیازانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی پێشوو پێشنیازیان کردووە لەگەڵ ماددەکە وەکو خۆی و لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی هاوبەش یەکێك دەخەینە دەنگـدان هەریەکەیـان زۆرترین دەنگی هێنا ئەوە بە پەسـەند کـراو دادەنرێ، بەڕێـزان پێشـنیازی یەکەم فەرمـوو بەڕێـز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بیخوێنەرەوە، یەکەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی تەنیا لەبڕگەی (٨) دا دەستەواژەی خزمەتگوزارییەکە بگۆڕێت بۆ چالاکیەکی بازرگانی میدیایی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ زۆر سوپاس یەك کەسی لەگەڵە، پێشنیازی دووەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی تەنیا بڕگەی (٧) بەم شێوەیە لێ بکرێت (یەکەی کارگێڕی شارەوانییەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە با دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی سێیەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی تەنیا لەبڕگەکانی (٣و٤) دا ناوی وەزیر و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەم ببێتە ماددەیەکی یاسایەکە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ زۆر سوپاس یەك کەسی لەگەڵە، پێشنیازی چوارەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم/ وەك خۆی، ماددەی/١

زاراوەکان

مەبەست لەم زاراوانە لەم یاسایەدا هاتوون ماناکانیان لەبەرامبەریان دا نووسراوە:

١. هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق
٢. حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
٣. وەزیر: وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

٤. وەزارەت: وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
٥. ئامرازەکانی میدیا: تەلەفزیۆن، رادیۆ، تۆڕو ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان، رۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دیکە.
٦. ئامرازەکانی پەیوەندی کردن: هێڵەکانی تەلەفۆن و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی کردن دەگرێتەوە.
٧. یەکەی کارگێری: پارێزگا، قەزا، ناحیە.
٨. ریکلامی بازرگانی: خزمەتگوزاریەکە لەرێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ڕاگەیاندن، بە ئامانجی ڕەواج دان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یا بەرهەم بۆ مەبەستی هاندان بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی.
٩. داخوازیکاری ریکلام: کەسێکی سروشتی یان مەعنەوییە، کە داواکاری ریکلام دەکات بۆ مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانی.
١٠. بەرهەمهێنانی ریکلام: کەسێك یان کۆمپانیایەك کە ریکلام بەرهەم دەهێنێت بە پێی داوای داخوازی کاری ریکلام دەبێ بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی جەماوەری
١١. بڵاوکەرەوەی ریکلام: کەسێکی سروشتی یان مەعنەوییە کە ریکلام بڵاودەکاتەوە بۆ ئەم بلاوکردنەوەیەش پەنا دەباتە بەر ئامرازەکانی میدیا یان ئامرازەکانی پەیوەندی کردن
١٢. هۆیەکانی گواستنەوە: تەواوی هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی دەگرێتەوە
١٣. کاڵا: بەرهەمێکە بکێشرێت یان بپێورێتبە مەرجێك قەدەغەکراو نەبێ.
١٤. دیواربەند: ئەو دیوارەیە کە ریکلامی پێدا هەڵدەواسرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ زۆر سوپاس یەك کەسی لەگەڵ نیـیە، ئەم پێشنیازانە لە کوێوە هاتوون؟ وەك خۆی، پێشنیازی پێنجەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری پێنجەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە.

ماددەی/١ وەك خۆی تەنیا بڕگەی (٧) لابدرێت و بڕگەکانی (٨ و١٢ و ١٤) بکرێتە یەك بڕگە، هەر بە زنجیرەی بڕگەی (٨) و بەم شێوەیە لێ بکرێت (ریکلامی بازرگانی خزمەتگوزارییەکە لەڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی

ڕاگەیانـدن و هۆیەکـانی گواسـتنەوەی زەمینـی و ئـاوی و ئاسـمانی و لەڕێـگەی تـابلۆ و دیـوار و سـکرین بە ئامـانجی رەواج دان بە کـاڵا یـان خزمەتگـوزاری یـان بەرهەم بـۆ مەبەسـتی هانـدانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە مـاددەی یەکەم بەو شـێوەیە پەسـەندی بکـرێ کە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی خوێنـدیەوە بـا دەسـت بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ ئێمە لە دەنگدان داین، خۆی ئێمە چـووینەتە قۆنـاغی دەنگـدانەوە، ئـاخر پەیـڕەو دەڵێ کە چوویتە دەنگدان قسەکردنی تیا نییە کاك مەم، منیش دەستم گیراوە نـاتوانم دەرفەتـت بدەم، سوپاس بە دەنگی (٦٩) ئەندامی پەرلەمان ماددەی یەکەم پەسەند کرا، کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتی هاوبەشەی لیژنە کە لەبەردەستماندایە ئەگەر دیقەت بـدەن لەلاپەڕەی چـوارەمی دا لە خوارەوە نووسراوە پێشنیازی لیژنەی هاوبەش، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە ماددەی (٩١) بڕگەی (٤).....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم قسەکەت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ماددەی (٩١) بـڕگەی (٤) لەپەیـڕەودا مـاددەی (٩١) بـڕگەی (٤) ی تێـدانییە، جـا ئیشـکالیەکە لەوەدایە تا ئێستاکە وەکو دانیشتنی رابردوو دا کە کاك سۆران باسی کرد پێویسـتمانە نوسـخەی تازە بخرێتە بەردەستمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەعدیلمان کرد کاك مەم، بەڵێ نوسخەی تازە لە تەبعە، کاك فەرموو.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٢

چـوار پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم/ مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا بـڕگەیەك زیـاد بکـرێ بەم شـێوەیە: پێویسـتە هەمـوو ریکلامێـك بە فلـتەری وەزارەتـی رۆشـنبیری دا تـێ بپەڕێـت پـێش بڵاوکردنەوەی، پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی تەنها بڕگەی (٩) بەم شـێوەیەی لـێ بکرێـت (مـاوەی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە و دانانی ریکـلام تەنهـا شـەش مانـگ دەبێـت و نـوێ نـاکرێتەوە، پێشـنیاری

سێیەم/ وەکو خۆی مەرجە گشتیەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلامە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەمووی بخوێنمەوە یان بچمە پێشنیاری دواتر؟ بەڵێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،
پێشنیاری چوارەم/ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە ماددەی (٩١) ی بڕگەی (٤) ەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ........ .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەمووی بخوێنمەوە یان بچمە پێشنیاری دواتر؟

پێشنیاری چوارەم:

پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە ماددەی (٩١)ی بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆربەندی ئەو بژاردانەی کە پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەو پێشنیارە دەخەینە روو:

٢-وەك خۆی لەگەڵ ئەو گۆرانکاریانەدا بڕگەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم و دەیەم لاببرێت.

٢- بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، لەکاتی بەکارهێنانی توێژینەوە زانستییەکاندا پێویستە سەرچاوە بەکارهێنراوەکان ئەکادیمی و پشتراستکراوە بن.

٣-بڕگەی دوازدەیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت دەبێت ئامرازەکانی میدیا رێکلامی هۆشیاری نیشتمانی رۆشنبیری و تەندروستی و هاتوچۆ و ئەو رێکلامانەی کە تایبەتن بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان بێبەرامبەر بڵاوبکرێتەوە و وە بۆ تەلەفزیۆنەکان لە یەك خولەك بۆ چوار خولەك لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری پەخش، وە بۆ چاپکراوەکانیش بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت.

**بەڕێز رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ماددەی (٢) پێشنیار پێشنیار بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموون.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەیەك زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

پێویستە هەموو رێکلامێك بە فلتەری وەزارەتی رۆشنبیریدا تێپەرێت پێش بڵاوکردنەوەی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە پێشنیاری یەکەم وەك ئەوی سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ (١) کەس. دکتۆرە فەرموون.

**بەڕێز د. گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە جێگای نەکراوەتەوە کەچی چوار پەرلەمانتـار پاڵپشـتی کردبـوو، بەڵام لێـرە لە راپـۆرتەکەدا نییە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی کاك (بژار) دکتۆرە پێشنیارێکی هەبووە لەگەڵ چوار پەرلەمانتـار، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیازەی کە بەڕێز (د.گلاویژ) باسی کرد کە ئاماژەدان بـوو بـۆ ئەوەی کە ریکـلام نابێ لە جامی سەیارەکان بدرێ، یاخود جامی سـەیارەکان رەش بکـرێ ئەم پێشـنیازە یاسـایە کە ئەمڕۆ دەنگدانی لەسەر دەکـرێ تـایبەتە بە ریکلامـی بازرگـانی کـردن ئەمە نـاچێتە چوارچێـوەی رێکلامی بازرگانی کردن، بۆیە نەخرا پێش، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارەکەمان وابوو هی چوارەم جگە لەو حالەتـانەی کە لە یاسـادا دیـاری کـراون رێکـلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە ئەنجام دەدرێـت بەرەزامەنـدی خـاوەنەکەی یـان نـوێنەری خـاوەن هۆیەکانی گواستنەوە بەڵام نابێت لە پێشی جامی سەیارە بێت یان ببێتە بەدیل جام رەش، ئـاوا بوو پێشنیارەکە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بژار) وەلامێکی هەیە دکتۆرە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ڤێرێ وەختێ بەحسێ هۆیەکانی گواسـتنەوە دکەت مەبەسـت نیـنە ل ڤێـرێ کـو رێکلامـێ ب جامێت توروِمێلێ ڤەبیت جاما توروِمێلێ نـاهێتە تـاری کـرن ل دیـڤ رێنمایێـت وەزارەتـا نـاڤخۆ ئەڤە ل ڤێرێ بەحسێ هندەك سەیارا دەکەت ئەڤ سەیارێت بارهەلگر یێـت مەزن ئەوێـت نەقـلا مەوادی دکەن ل ڤێرێ ل سەر هەیکەلێ سەیارێ رێکلام دروسـتە، بەڵام ل سـەر جامـا سـەیارێ هەر ل دیڤ رێنماییێت وەزارەتا ناڤخۆ ژی و رێنماییێت هاتووچۆیێ ژی ناگونجێـت، ژبەر هنـدێ ل

ڤێـرێ مەسـت ژێ سـەیارەیێت خەلکـی هاولاتییێـت عـاددی نیـنە سـەیارەکا دوو تەن تـرێلە و سەیارێت مەزنن ئەڤێت شەریکا تێت تیجاری کو رێکلاما خۆ ل سەر دنڤیسن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گیان نابێت بەبێ ئەوەی من ئیزنت بدەم تۆ قسە بکەی، کاك (دیاری)، فەرموون.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامـی هەردوو لیـژنەی تایبەتمەنـد و سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی بەپێـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان وەڵامێکی پەیڕەوی و موقنیع کەر لەبەر ئەوەی بەپێـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان هەر پێشـنیازێك سـێ کەس پشـتگیری بکـات لە خوێنـدنەوەی سـێیەمدا دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە بۆیە پێویستە ئەو پێشـنیازە بخـرێتە دەنگـدانەوە و وەڵامەکەیـان نە پەیڕەوییە و نە موقنیع کەرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (جەلال)، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەمووتان ئەزانن ئەگەر پێشنیارێك سێ کەس یان چوار کەس تەنانەت زیاتریش پشتوانی بکات بەڵام لەگەڵ مەبادیئی عام وە لەگەڵ قانوونە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان نەگونجێـت بۆیە بە هیچ شێوەیەك نابێت داخل جەلسەی دەنگدان بکرێـت چـونکە بۆخـۆت دەزانـی قـانوون گریمـانەیە گریمـان دەنگـی هێنـا چـۆن دەبێـت بڕگەیـك هەبێـت مخـالەفەی بـڕگەیێکە تـر یـاخود یاسـایێکی تـری بەرکـاری هەرێمـی کوردسـتان، بـۆیە ئـێمە لە لیـژنەی یاسـایی ئەگەر لەم پێشـنیار چەندین پێنشیاری تر لە رابردوو وە لە ئێستاش وە بـۆ ئاینـدەش وا دەبێـت کە نەگـونجێ لەگەڵ مەبادیئە قانوونییەکـان کە نەگونجێـت لەگەڵ قـانوونە بەرکارەکـانی هەرێمـی کوردسـتان، بـۆیە ناچار دەبـین ئە بـڕگەیە ئیـزافە نەکەیـن وە داواکـارم پەرلەمانتـارانیش بە لەبەرچـاو گرتنـی هەر بڕگەیەك بە گونجاندن وە شیاوی لەگەڵ قانوونە بەرکارەکان پێشنیارەکانیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسەیێکتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بـۆ تەئکیـد کـرن راسـتە ل دیـڤ پەیـڕەوی ئەم دێ وان پشـتگیرییا نڤیسـین وێ پێشـنیارێ نڤیسـین د راپۆرتـا خـۆدا ئەگەر سـێ ئەنـداما پشـتگیری کربیـت، بەلـێ ل ڤێـرێ د ڤـێ پێشـنیارە

یاسـایێدا بەحسـێ تورومبێلێـت تـایبەت تێـت ب خەلکـی نیـنە خەلکـێ مەدەنـی ئەڤە هنـدەك سەیارەنە یێت کۆمپانیانە سەیارێت مەزنن ل دیڤ رێنماییا تێنە دەستیردان کو رێکلامێ ل سەر بنڤیسن مە نەڤێت نـاڤی بینـین هەکە نمـوونە گەلەك زۆرن یێـت شـەریکاتا و وان مەوادێـت کـو خودانێ وان شەریکا، هەروەسا هەموو یاسا و رێنماییەکانی هاتووچۆ بەشێکن لە نیـزام عـام کـو ل ڤێرێ ئەگەر ئەم سەح کەینێ هەر ل پێشنیارا لیژنا هاوبەش ژێ مە یا هەی ل ماددە (٣) مـادام رێــگە پێــنەدراوە هەر ل ڤێــرێ ژێ ئۆتۆمــاتیکییەن موخــالفە ل گەل یاســا و رێنماییەکەکــانی هاتووچۆ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەرکۆ)، فەرموون.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی پەیرەو دەبێت ئەو ماددەیەی کە پەرلەمانتارێك و چوار یان سێ پەرلەمانتار پشتگیری دەکات بخرێتە دەنگدانەوە، دووەمیش بۆ بەڕێز بڕیاردەری لیژنە بەکام یاسا و مـاددە و بـڕگەیەك ئەم لیژنەی یاساییە راستە یەعنی کە دەوترێت ئەمە تەناقووزە لەگەڵ یاساکان لەگەڵ بنەماکـان، پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك (دیاری) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەێکتان هەیە؟ پێشنیاری دووەم بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم دەخەینە بەر دەستی بەڕێزت و ئەندامانی پەرلەمان.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی نۆیەم بەك شێوەیەی لێبکرێت:

بڕگەی نۆیەم: ماوەی مـۆڵەتی بڵاوکـردنەوەی دانـانی رێکـلام تەنهـا شـەش مانـگ دەبێـت و نـوێ ناکرێتەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر کەسـێکتان لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی رۆشنبیری خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ (١) کەس. پێشنیاری سێیەم، فەرموون.

**بەڕێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی مەرجە گشتییەکان بۆ بەرهەم هێنان بڵاوکردنەوە رێکلام:

١- پێویستە هەموو ڕێکلامێك مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری بەرهەمەکەی هەبێت پێش بڵاوکردنەوی ڕێکلام
٢- دەبێت پەیامی ڕێکلام راستگۆیانە و روون و رەوان بێت
٣- لە کانی بەکار هێنانی زانیاری ئەنجامەکانی توێژینەوەدادەبێت سەرچاوە گونجاوەکان پەیوەست بکرێت.
٤- جگە لەو حاڵەتانەی کە لە یاسادا دیاری کراون ڕێکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە ئەنجام دەدرێت بە رەزامەندی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە.
٥- یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا و رێنماییەکانی حوکمەت بە لەبەرچاو گرتنی هۆیەکانی سەلامەتی هاتوچۆ سەلامەتی پێداویستی ستانداردەکانی هۆیەکانی گواستنەوە دابین دەکەن.
٦- بڵاوکردنەوە دانانی ڕێکلام لە شوێنی گشتی ڕێگای پێدەدرێ بە مەرجی وەرگرتنی رەزامەندی یەکەی کارگێری.
٧- یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا دەبێت سەلامەتی پێداویستی ستانداردەکانی بڵاوکردنەوەی ڕێکلام لە شوێنە گشتی و تایبەتیەکاندا دەستنیشان بکەن.
٨- دەبێت یەکەی کارگێری پاڵپشت بە یاسا و رێنماییەکان لە (٥٠%) داهاتی بەدەست هاتوو لە دانانی ڕێکلام لە شوێنە گشتییەکان بۆ مەبەستی باشتر کردنی خزمەتگوزاری گشتی بەکار بهێنێت.
٩- ماوە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی دانانی ڕێکلام تەنها یەك ساڵ دەبێت و دەکرێت نوێ بکرێتەوە.
١٠- ماوەی مۆڵەتی ڕێکلامە کاتییەکان بە ڕێکەوتن لەگەڵ یەکەی کارگێری دەبێت.
١١- رادەی تیشکی رووناکی لەسەر شاشەکانی ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لەسەر شەقامەکان لە رۆژدا لە پێنج هەزار لۆکس لۆمس مەتر دووجا زیاتر نەبێت لە شەوانیشدا لە دوو هەزار لۆکس لۆمس مەتر دووجا زیاتر نەبێت.
١٢- دەبێت ئامرازەکانی میدیا ڕێکلامی هۆشیاری نیشتمانی ژینگەیی و تەندروستی و هاتوچۆ بێبەرامبەر بڵاو بکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٢) بەم شێوەیە بێت ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ (١) کەس. دواتر، فەرموون.

**بەرێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی (٩١) برگەی چوارەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسا و تایبەتمەندەکان دراوە

ئـێمه له کۆربەنـدی ئەو بـژاردانە پێشـنیاز کـراوە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێندنەوەی دووەم ئەو پێشنیازە دەخەینە بەردەست بەڕێزتان:

وەکو خۆی بێت بەم گۆرانکاریانەوە:

١-بڕگەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم و دەیەم لابرێت.

٢- بڕگەی سێیەم بەم شێوەی لێبکرێت:

لەکاتی بەکارهێنانی تـوێژینەوە زانسـتییکان پێویسـتە سـەرچاوە بەکارهێنراوەکـان ئەکـادیمی و پشتراستکراوە بن.

٣- بڕگەی دوازدەیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

دەبێت ئامرازەکانی میدیا رێکلامی هۆشیاری نیشـتمانی رۆشـنبیری تەندروسـتی هـاتوچۆ و ئەو رێکلامـانەی کە تـایبەتن بە پاراسـتنی مـافی مـرۆڤ و ژنـان بـێ بەرامـبەر بڵاوبکـرێتەوە بـۆ تەلەفیزیۆنەکان لە یەك خولەك بۆ چوار خولوك لە مـاوەی بیسـت و چـوار کـاتژمێری پەخـش، بـۆ چاپکراوەکان بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە بـا دەسـت بەرز کـاتەوە؟ بە دەنگـی (٦٥) ئەنـدامی پەرلەمـانی کوردسـتان مـاددەی (٢)ی یاسـاکە پەسـەند کرا.مـاددەی (٣)، فەرموون.

**بەرێز سەلما فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی ئەم رێکلامانەی لە خوارەوە ڕێگە پێنەدراون.

پێشـنیاری دووەم: پێشـنیاری لیـژنەی هاوبەشـە پەیـێـی ئەو دەسـەڵاتانەی کە لە مـاددەی (٩١)ی بـڕگەی چـواری پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان کە دراوە بە لیـژنەی یاسـایی و لیـژنە تایبەتمەندەکان لە کۆربەندی ئەو پێشنیارانەی کە کـراون دەخەیـنە روو مـاددەکە بەم شـێوەیەی لێبکرێت:

هەموو ئەو رێکلامە بازرگانییەی کە پێچەوانەی نیزامی گشتی ئادابی گشتی و ئاسایشـی گشـتی و تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن رێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری یەکەم بخوێنەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەکو خۆی، فەرموون.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی ئەو ڕێکلامانەی کە لە خوارەوە ڕێگە پێنەدراون:

١- ١-نابێت ئەو یاسایە بەکار بهێنرێت بۆ هەر ڕێکلامێکی ئاینی و سیاسی جگە لەو ڕێکلامانەی پەیوەندییان بە بازرگانییەوە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا هەیە.

٢- ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ پرانسیپەکانی پاراستنی ماڤەکانی مرۆڤ کە یاسا ناوخۆی و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان پەسەند کراوە و ئاماژەیان بۆ کراوە.

٣- ئەو بەرهەمانەی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت ڕێگە پێنەدراون بۆ بەرهەم هێنان و بازرگانی پێکردنیان یان هاوردەکردنیان لە ڕێگەی سنوورەکانەوە.

٤- ئابرۆ و ناوبانگی پیشەیی تاکو توێژێك بزرێنێت یان لە ڕێگەی بەراوردی نادروستەوە لە نرخی بەرهەمی خەڵکانی تر کەم بکاتەوە.

٥- ڕێکلامی ئەو بەرهەمە نەسەلمێنراوانەی پێویستە ڕەچاوی بەرهەمەکانی ستاندارد و جۆریەتی دروستی بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

٦- ببێتە هۆی ڕوودانی کردەیەك یان کۆمەلە کردەیەك کە دژی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێم.

٧- ئەو پرۆژانەی کە کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگە هەیە ناکۆکن لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە پارێزی لە هەرێم.

٨- هاندەر بێت بۆ توند و تیژی یان ببێتە هۆی مەترسی دروستکردن بۆ سەر ژیان و تەندروستی ئاسایشی کۆمەڵگا.

٩- ٩-بەکار هێنانی سونبوول و سرووده نیشتمانییەکان.

١٠- ١٠-تێکدانی ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتەکانی هەرێمدا.

١١- سوکایەتی بێت بۆ ئەدەب و هونەر و نەتەوەیی و بۆ هەرێم.

١٢- دەستەواژەی وێنە و جوڵاوی نەشیاو وای تێدابێت کە دژی بەها و کەلتور و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ئاینەکانی هەرێم بێت.

١٣- پێشێلی مافی خاوەنداریەتی داهێنان و هزری بکات.

١٤- بانگەشە بۆ جیاکاری ڕەگەزی جەندەری بکات.

١٥- بەرهەمی ناوخۆیی بە خراپ و بێکەڵك ناو ببات.

١٦- ببێتە هۆی بریندار کردن و ئازار دانی دەروونی و بە گشتی و تایبەتی خاوەن پێداویستی تایبەتیەکان و ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی دەگمەن بوون.

١٧- ناوهێنانی ناوەندێك یان دەزگایەکی زانستی بۆ یەکلایی کردنەوەی باشی کاڵاکە بەبێ ئەوەی کە لەلایەن سەرچاوەیکی فەرمی پشتگیر کراو بێت بە ڕەزامەندی ناوەندەکەش وەرگیرابێت.

١٨- نووسین و وێنەی وای تێدابێت ناوەرۆکەکانیان ئاماژە بێت بۆ ئازار دانی ئاژەڵان.

١٩- بەکار هێنانی مرۆڤ وەکو کاڵا لە رێکلامدا.

٢٠- رێکلام کردن بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە رێگە پێنەدراون:

١- ماددەی هۆشبەری یان ئەو ماددانەی هەمان کاریگەری ماددەی هۆشبەریان هەیە.

٢- قومار و گرەو و تەرخان کردنی خەڵات و راکێشانی تیـر و پشـك لە رێکلامەکـان تەنها لەو کاتانەی رێـگە پێـدراون بە شـێوازێك هەل و مەرجـی سـوود مەنـدبوونی بـوونی گشـتیان لـێ بێـت بە تەواوەتـی روون و ئاشـکرا بێـت لە جێبەجێکردنـی دڵنیـا تەواو بدرێت و مۆڵەتیشیان هەبێت.

٣- پۆرنۆ کاری لەشفرۆشی پیشاندانی جەستە بە مەبەستی وروژاندن.

٤- چەك و تەقەمەنی یاری ئاگرین.

٢١- رێکلام بۆ بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ.

٢٢- رێکلام لەم شوێنانەدا رێگە پێنەدراوە:

١-شوێنە ئاینییەکان و ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری و دیوار بەندەکانیان.

٢- دام و دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو جێگاو بینایانەی و موڵکی گشتین .

٣-مۆنۆمێنت و باخچە گشتییەکان و پەیکەر و سونبوولەکان.

٤- هەرجێگەیێکی دیکە کی یەکەی کارگێری دیاری دەکات.

٢٣- رێکلام بۆ بازرگانیکردن بەو ئاژەلانەی دەگمەن و مەترسی لەناو چوونیان لەسەرە.

٢٤- نیشاندانی دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر یان بەکار هێنانی دەستەواژەی نەشیاو.

٢٥- نابێـت رێکلامـی شـوێنە گشـتییەکان لەگەڵ نیشـانەکانی هـاتوچۆ هاوشـێوە بـن و ببـنە بەربەست بۆیان زیان بە سەلامەتی هاتوچۆ بگەینن.

٢٦- رێکلامە رێگە پێنەدراوەکان لەبواری تەندروستیدا:

١-رێکلامە دەرمانێك کە لە لیستی تۆماری حکومەتدا نەبێت

٢-رێکلامی دەرمان بەناوە بازرگانییەکەیەوە.

٣- رێکلامی کارگەکانی بەرهەم هێنانی دەرمان کە مۆڵەتی حکومەتیان نییە.

٤-رێکلام بۆ رێکخراوی تەندروستی رێگە پێنەدراو.

٥- رێکلام بۆ پسپۆری تەندروستی رێگە پێنەرداو.

٦-ئەو رێکلامـانەی تـایبەتن بە دەرمـان و کەرەسـتەی پزیشـکی و ئەکـتەری رێکلامەکـان پزیشك یان پسپۆری دەرمانساز نەبن.

٢٧- رێگە پێنەدراوەکان لە رێکلامی منداڵاندا:

١-بێرێزی بەرامبەر بە سەپەرشتیارانی منداڵ.

٢- پێشنیاز کردن بەشێوەی راستەوخۆ یان کاریگەری دانان لەسەر منداڵ بۆ ئەوەی دایك و باوك یان کەسانی تر رازی بکەن تا کاڵای رێکلامکراو بەدەست بێنن.
٣-سەرنج راکێشانی منداڵ بۆ بەکارهێنانی کاڵایەك کە وای لێدەکات کە لە منداڵانی تر پێشکەوتووتر بێت.
٤-بە کەم نیشاندان یان بە زیاد نیشاندان ئاستی زانیاری ئەزموون کردەوەی پێویست بۆ منداڵ لە کاتی بەکار هێنانی کاڵایەکدا.
٥-بەکارهێنانی منداڵ لە رێکلامدا ئەو کاڵایەی یان نیشان دانی منداڵ لە جێگەیەکدا لەگەڵ تەمەنی دا ناگونجێت.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە ماددەکە بوو وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی گوێتان لێبوو ماددەکەیە وەکو خۆی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری خوێندییەوە هەر بەڕیزێکتان لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی پەسەند بکرێت با دەست بەرز کاتەوە؟ (٤) کەس، پێشنیاری دووەم، فەرموون.

**بەڕێز سەلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم:
پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە، ماددەکە بەم شێوەیە بێت:
هەموو ئەو رێکلامە بازرگانیانەی کە پێچەوانەی نیزامی گشتی و ئادابی گشتی و ئاسایشی گشتی و تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن رێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە پەسەند بکرێت هەموو ئەو رێکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی سیستمی گشتی و ئادابی گشتی و ئاسایشی گشتی تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن رێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان –عیراق، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بەم شێوەیە پەسەند بکرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو ماددەیە بە دەنگی (٧٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا. فەرموون، ماددەی (٤).

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) پێنج پێشنیاز هەیە:
پێشنیازی یەکەم: وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی دوو سزاکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێبکرێت:

غەرامەکردن لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

پێشنیازی دووەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی دوو بەم شێوەیەی لێبکرێت:

غەرامەکە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سی ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

پێشنیازی سێیەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی دوو بەم شێوەی لێبکرێت:

غەرامەکە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

پێشنیازی چوارەم: وەك خۆی کە لە ماددەی چواری حوکمەکانی سزاکە هاتووە.

پێشنیازی پێنجەم: پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١)ی ماددەی چوارەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆربەندی ئەو بژاردە پێشنیازکراوانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمن لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیازە دەخەینە روو وە داوادەکەین بخرێتە دەنگدان، وەك خۆی بەم شێوەی لێبکرێت:

١-لە بڕگەی یەکەم خاڵی یەك دەستەواژەی (پەخش کردن) لابدرێت.

٢- بڕگەی دووەم بەم شیوەیەی لێبکرێت:

هەر کەسێك بەمەبەست رێکلامێك لێبکاتەوە یا بیدرێنێ یاخود بیشێوێنێ سزا دەدرێت بە:

أ-غەرامەیێك کە لە دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

ب- پابەند کردن بە چاککردنەوە و دانانی رێکلامەکە وەکو خۆی.

ج- قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا یەك یەك پێشنیارەکان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

پێشنیازی یەکەم: وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی دوو سزاکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێبکرێت:

غەرامەکردن لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (٤)بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە لە پێشنیاری یەکەمدا هاتووە با دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری دووەم، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی دووەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی دوو بەم شێوەیەی لێبکرێت:

غەرامەکە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سی ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە کە بەو شێوەیە پەسەند کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ (٣) کەس، سوپاس. دوای ئەوە.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی سێیەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی یەکەم خاڵی دوو بەم شێوەی لێبکرێت:

غەرامەکە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە ماددەکە پەسەند بکرێت کە بەڕێزیان خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی چوارەم: وەك خۆی کە لە ماددەی چواری حوکمەکانی سزاییەکان.

ئەگەر ڕێکلامێك بڵاوکرایەوە و پێشێلی مەرج و ڕێگا پێدراوەکانی ماددەی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایە بوو دەبێت:

١-ڕاستەوخۆ ڕێکلامەکە لە پەخش و بڵاوکردنەوە رابگیرێت.

٢- داخوازی ڕێکلام بەرهەم هێنی ڕێکلام بڵاوکراوەی ڕێکلام سزا دەدرێن بە غەرامەکردن بە بڕێك کە لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٣- لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکانی بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەو ماددەیەدا سزاکە دوو هێندە زیاد دەکرێت.

١-قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوو.

٢-پابەنکردنی بە چاککردنەوە و دانانی ڕێکلامەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (٤) بەم شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ (٢) کەس. فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی پێنجەم: پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١)ی بڕگەی چوارەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردە پێشنیازکراوانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیازە دەخەینە روو وە داوادەکەین بخرێتە دەنگدان، وەك خۆی بەم شێوەی لێبکرێت:

١-لە بڕگەی یەکەم خاڵی یەك دەستەواژەی (پەخش کردن) لابدرێت.

٢- بڕگەی دووەم بەم شیوەیەی لێبکرێت:

هەر کەسێك بەمەبەست رێکلامێك لێبکاتەوە یا بیدڕێنێ یاخود بیشێوێنێ سزا دەدرێت بە:

أ-غەرامەێك کە لە دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

ب- پابەند کردن بە چاککردنەوە و دانانی رێکلامەکە وەکو خۆی.

ج- قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی (ئاشنا) خان، فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من بیرم بێت لە قاعەیا نازانم یەعنی هیچ پێشنیارێك نەکرایە، بۆ ئەوەی بەرزترین رێژەی غەرامە یان سزادان ملیۆنێك بێت، من هیچی وام لە قاعەیا گوێ لێنەبووە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بەڵێن)، فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم خاڵەی وەکو (ئاشنا) خان باسی کرد کە لە راستییا کۆمەڵێك پێشنیاز کراوە لەناو قاعە لە راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکە هەیە، بەڵام غەرامەکە جێگەی کراوەتەوە، بۆ ئێمە حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە، ئێمە کاتی خۆی کە پێشنیازمان کرد ئەمەی ئێستا لە راپۆرتی هاوبەشەکە هاتووە موتەفیق بووین لەسەری، غەرامەکە بەراستی لە هیچ ئەندامێکی بەڕێز لەناو قاعە ئەم پێشنیازەی نەکردووە، یەنی کۆمەڵێك لە پێشنیازەکان ئەندامانی پەرلەمان نووسراوەتەوە، پێشنیازێکی تری بۆ زیاد کراوە کە لە راستیا لە ئەهمیەتی قانوونەکە زۆر زۆر کەم دەکاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (بژار)، فەرمووون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی موتەعەلییق بە غەرامە (سەرچنار) خان قسەی کرد بە نووووسینیش بە یاسایی داوە، بەپێی پەیرەویش هەر ئەندامێك قسە بکات پێشنیاری ئەو بە هەند وەردەگرین پێشنیاری زۆر مەعقوول بوو وەکو لیژنەی هاوبەش پێکەوە قبوولمان بوو زۆر بە گرینگمان زانی کە ئەو غەرامەش هەبێ ئەویش بەپێی ماددەکانی (٨٥، ٩٠، ١٠٠، ١٠٣) کە باسی عقوبات دەکات لە زمنی قانوونی ژمارە (١١١) ساڵی (١٩٦٩) قانوونی عقوباتی عیراقی، لەبەر ئەوە هەم بە نووسینیش ئاراستەی لیژنەی هاوبەش کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدان بەم شێوەیەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێت با دەست بەرز کاتەوە؟ بە دەنگە (٦٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ماددەکە پەسەند کرا. ماددەی (٥)، فەرمووون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیازەك نییە وەك خۆی لە کگاتێکدا ئەگەر سزاێکی توونـدتر بۆ ئەم کرداره تاوانکاریانە سزا لە یاسا کارپێکراوەکاندا هەبوو ئەوا سزا توونده‌کە جێبەجێدەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٥) بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە بفەرموێت دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس بە دەنگی ( ٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٦)، فەرمووون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، پێویستە لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٦) بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە بفەرموێت دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس بە دەنگی ( ٧٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٧)، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

سەبارەت بە ماددەی (٧) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٧) بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە بفەرموێت دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس بە دەنگی ( ٨٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ماددەی (٨)، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

سەبارەت بە ماددەی (٨) هیچ پێشنیازێك نییە کەواتە وەکو خۆی، ئەم یاسایە لە دوای (٦٠) ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان دا جێبەجێدەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٨) بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە بفەرموێت دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس بە دەنگی ( ٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. هۆیەکانی دەرچواندن، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی.

هۆیەکانی دەرچواندن

لەبەر گرینگی ڕێکخستنی ڕێکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە هاوڵاتیان و دروستکردنی کێبڕکێیکی دروست بۆ بە بازارکردن و هەروەها کەم کردنەوەی لایەن خراپ و زیان بەخشەکانی ڕێکلام ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بەم ماددەیە كاك (بهمن)، فەرموون.

**بەڕێز بهمن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆیە تا هۆیەكانی دەرچواندن موداخەلە نەكرد نوقتە نیزامم وەرنەگرت، چاوەڕوان بووم لە هۆیەكانی دەرچواندن تیای بێ، ئێمە لە ماددەی (١) من پێشنیاری زمانی كوردیم كرد كە ئاماژەی پێبكرێ دووش پشتیوانیشی بە دەست هێنا، لە ماددەی (٢) (لیزا) خان پێشنیاری كردوو سێ پشتیوانیشی بە دەست هێنا ئاماژەی پێنەكراوە، ئەوەی من بیستوومە برادەران لە لیژنەی یاسایی دەڵێن وەزیری تایبەتمەند وەزیری رۆشنبیری وتوویەتی ئەوە ڕێنماییە و ئێمە جێبەجێی دەكەین، بەڵام لە یاسایەكی تر ئاماژە بە زمان كراوە عەلەساس، بەڵام جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئەو یاسایە هەیە و لە كوردستانیشا لە شارەكانی كوردستان تابلۆی دوكانەكان ڕێكلامەكان تەنانەت مینیوی چێشتخانەكانیش زمانی كوردی بە تەواوی لەبیر كراوە، یەعنی ناكرێ ئێمە لە پەرلەمانا وشەیەك ئەگۆڕین ئەڵێن ئەمە مانا نادات ئەمە، بەڵام لە لە یاسایەكی ئوا گرینگە ئاماژە بە زمان نەكرێ، ئایا ڕێكلام بە چ زمانێك ئەكرێ؟ بەراستی ئەبێ لە هۆیەكانی دەرچواندن ئاماژە بەوە بكرێ بۆ ڕێكخستنەوەی زمانی كوردی كرددوە بەهێزكردنی وە چەسپاندنی لە ڕێكلامی كوردستانا زمانی كوردی ئیزافە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د. ریبوار)، فەرموون.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە لیژنەی هاوبەش ئاماژە بەوە ئەكا كە هیچ پێشنیارێك نییە بۆ هۆیەكانی دەرچواندن، نەخێر بە پێچەوانە، ئێستاش دارشتەی پێشنیارەكەم هەیە، من تەنها كەس بوو كە پێشنیارم هەبوو وە پشتوانیشی لێكرا، بۆیە داوا ئەكەم ڕوونكردنەوە بدەن، چونكە من بە نووسراویش دامە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی كە ئێستا پشتیوانی لە قسەكانم دەكا ڕوونكردنەوەیەكمان بدەنێ كە بۆچی پێشنیارەكەی من كە بۆ هۆیەكانی دەرچواندن دارشتەێكم نوسیبوو پشتیوانیشی لێكرا لە لیژنەی هاوبەشا نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (جەلال محمد امین)، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا سەبارەت بە پێشنیارەكەی كاك (د.ریبوار) دیارە راستە پێشنیارێكە هەبوو، بەڵام ئێمە لە لیژنە تایبەتمەندەكان كۆبووینەوە لە هۆكارەكانی دەرچوون وشەی (بێ سەروبەری) بەكار هێنابوو، بۆیە پێمان وا بوو ئەو وشەیە شیاو نییە بۆ هۆیەكانی دەرچواندن وە شیاو نییە داخل بكرێ بخرێتە ناو دەنگدانەوە ئەوە خاڵی یەك، خاڵی دوو بەپێی ماددەی (٩١) بڕگەی سێ نیسابیشی نەبوو دیسانەوە ئەوە هەر هۆكار بوو بۆ ئەوەی ئێمە لەبەر ئەوەی تەنها دوو كەس موداخەلەیان كردبوو بە یەكەم و دووەم وەرئەگیرێن نەك بە كۆتا وەربگیرێن، لەبەر ئەو دوو هۆكارە نەمان ئەتوانی داخلی بكەین، بۆ ئەوەی وەك موقتەرەحێك مامەڵەی لەگەڵ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د. اسماعیل)، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل دیڤ ماددێ (٩١) ئاخر پێشنیار بێتە كرن ئەو پێشنیار تێتە وەرگرتن هەر وەكوو سێیا پشتەڤانی بۆ كری و ئاخر كەس قسە كری لەو ماددەدا ئەز بووم ئو من پێشنیار كر رستەیا گەشەكرنا بازرگانی ئیزافە ببیت مەفروزە ئێستا لێرەبا و دەنگ ل سەر هاتبا دان وەرگرتبا وەرنەگرتبا موشكیلە نییە، بەس مادام من ئەخیرم و لە ماددەش وازحە مەفروزە ئێستا سابت با، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (د. ریبوار)، فەرموون.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها وەڵامێك بۆ قسەكان موداخەلەكانی بەڕێز بڕیاردەری لیژنەی یاسایی هەڵبەت ئێمە كە وشەكان بەكار دێنین هەوڵ دەدەین كە تێكەڵاوییەك هەبێت لە ئەدەبیاتی شێوەزاری كرمانجی سۆرانی، بۆیە من وشەی (بێسەروو بوری)م بەكار هێنا،ئەمە وشەیەكە پەیوەستە بە زاری كرمانجی كە لە مقابلەكەی لە شێوەزاری سۆرانی، واتە نارێك خستن ئەم وشەیە وشەیەكی زۆر ئاساییە لە ئەدەبیاتی شێوەزاری كرمانجی هەیە ئەمە هیچ عەیبەی تێدانییە ئەمە یەك، دوو، لەبەر ئەوەی كە خۆشیان داوایان كرد كاتێك كە من پێشنیارەكەم خستەروو وە من تاكە ئەندام پەرلەمانیش بووم ئەم پێشنیارەم خستەروو، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی خۆی داوای لێكردم كە بینم بۆ ئەوەی بنووسن، بۆ ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەشا هەبوو، ئێستا من

تێناگەم خۆیان داوایان کرد و پێیان گرینگ بوو لەسەر وشەی بێسەر و بەری کە وشە ێکە لە ئەدەبیاتی شێوەزاری کرمانجی زۆر ئاساییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسەی ئەخیر بۆ ئەوە، فەرمووون.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سەر زمانێ کوردی ئەز دێ ئاخڤم من نەڤێت ئاخفتن ئیعادە بن مە ل جەلسا خاندنا دووێ ژی ئیشارەت پێدا مە فەراغا قانوونی نیینە سەر کێشا زمانی و تەحدید کرنا زمانی بۆچی؟ مە یاسایەکا هەی ل هەرێما کوردستانێ و ل ڤی پەرلەمانی یا پەسند بووی یاسایا ژمارە (٦) یا سالا (٢٠١٤) یاسا زمانێت فەرمی ل هەرێما کوردستانێ د ڤێ یاسایێ دا ماددە (١٧) تەنزیما ڤی کرییە ئەڤ فەراغە نەهێلایە زمانێ ڕێکلامێ دیار کرییە ب ڤی شێوەی ماددەی (١٧) پێویستە هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشە وە ئاگادارییەکی کاروباری بازرگانی لە هەرێم بە زمانی کوردی بێت وە دەکرێت لەگەلیدا زمانی دیکەش بەکار بهێنرێت ئەو فەراغی قانوونی نییە لەبەر ئەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەبێ بەدواداچوون بکەن بۆچی ئەو یاسایە جێبەجێ ناکرێت وە ماددەیەك هەیە باس لە ئەوە دەکات ڕێکلامی بازرگانی دەبێ بە کوردی بێ هیچ پێویست ناکا جارێکی تر لێرە باسی بکەینەوە. کاك (لقمان)، فەرموون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازەکەی کاك (د.اسماعیل) ڕاستە وشەی (پێشکەوتنی بازرگانی) بەکارهێنا پێشنیازی کرد بەڵام لە هۆیەکانی دەرچوون ئەگەر بە وردی بخوێنینەوە ئێمە گەشەپێدان ئابووریمان بەکارهێناوە گەشەپێدانی ئابووری مەنتقی تر بوو لە پێشکەوتنی بازرگانی وە دواجار یەك مەفاهمی دەگەیاند بۆیە ئەم پێشنیازە نەخرا ئەم چواچێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا هۆیەکانی دەرچواندن دەخەینە دەنگدان وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی بۆی خوێندینەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ با دەنگ بدا؟ بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا. ئێستا کۆی یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەیە با دەست بەرز کاتەوە؟ بە دەنگی (٨٢) ئەندامی پەرلەمان یاسای ڕێکخستنی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق پەسەند کرا.

پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە زۆر سوپاس، دەچینە سەر بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار.
بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکانی کاروباری یاسایی و کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ کاروباری تەندروستی و ژینگە و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، بە لایەنی کەم لە هەر لیژنەیێك دوو کەس....
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار دەکەین، کاك (جەلال)، فەرموون.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دەزانرێ بابەتی مادده هۆشبەرەکان کارتێکرە ئەقلییەکان بابەتێکی هەستیارە، بابەتێکە خگورەی بۆ ناو کۆمەڵگا هەیە، پێشنیار دەکەین وەکو لیژنەی تایبەتمەند وە لیژنەی یاسایی ئەم بابەتە لە پەخشی راستەوخۆ پەخش نەکرێ، بۆ ئەوەی زیان و ئاسەواری خراپی نەبێت بۆ نێو کۆمەڵگا سوپاس بۆ بەرێزتان.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان داواکاریەك هەیە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی تایبەت بە ئەم موناقەشەکردنی پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان –عیراق بکرێتە نهێنی، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو کۆبونەوەیە بکرێتە نهێنی با دەنگ بدات؟ پەخشی راستەوخۆ بوەستێ بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵدا وەڵام و مناقەشەکان بمێنێتەوە بەلێ، زۆر زۆر سوپاس بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەخشی راستەوخۆی ئەم کۆبوونەوەیە رادەوەستێ، بەڵام لە ئەنصات تۆمار دەکرێ و گفتوگۆکان تۆمار دەکرێت، ئێستاش بە گەرمی بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کارووباری پەرلەمان دەکەین کە لە کۆبوونەوەکەمان ئامادەیە، ببورن درەنگ زانیمان و وەزیری تەندروستیش بڕیارە بێت فەرموون.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت راپۆرتی لیژنە لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەو مافی مرۆڤ، لیژنەی ناوخۆی و ئاسایش و ئەنجومەنەخۆجێیەکان بە ئامادده بوونی دکتۆرە ڤالا فرید ابراهیم وەزیری هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری پەرلەمان رۆژی پێنج شەمە رێکەوتی (١٢-١٢-٢٠١٩) کاتژمێر (١٠)و نیو کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بە مەبەستی نووسینی راپۆرتی هاوبەش، سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم تایبەت بە پێشنیازی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە

هەرێمی کوردستان –عیراق کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان –عیراق وە پێشکەشکراوە دوای خوێندنەوەی یەکەم یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٨)ی یاسایی رۆژی چوارشـــەمە رێکەوتـــی (٤-١٢-٢٠١٩) رەوانەی لیژنەکـــان کـــراوە دوای گفتوگـــۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لەبەر ئەوەی زۆر زۆرە ماددەکانی مادده مادده دەیخـوێنینەوە دەیخەیـنە موناقەشـەوە، یەعنی ئێستا بە تەنها لە عینوانەوە فەرموون، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمـان بە گـوێرەی مـاددەی (٨٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بڕگەی یەکەم لە خوێنـدنەوەی دووەمـا ئەبـێ بە خوێندنەوەی دەقی پڕۆژە، یـان پێشـنیازەکە دەسـت پـێ بکـا دواتـر راپـۆرتی لیـژنەی تـایبەتمەن دەخرێتە روو واتا ئەگەر ئەم دەقە وەکو خۆی جێبەجێ بکەین، ئێسـتا دەبـێ کـۆی یاسـاکە کـۆی پرۆژە یاساکە لە حوکمەتەوە هاتووە، بەرێـزان لیـژنەی تایبەتمەنـدو لیـژنەی یاسـایی بیخـوێنەوە دواتریش مادده بە مادده ئەوەی کە خۆیان رێکیان خستۆتەوە بیخوێنەوە و دوای خوێنـدنەوەی هەردووکیان ئێمە بڕیاربدەین کامیان بکەین بە بنەمای گفتوگۆ، ئێوە بەرێزتان پـرۆژە یاسـاکەتان پێشتر لەبەر دەسـت بـووە و راپـۆرتی لیـژنەی یاسـایش لە رۆژی شـەممەوە دەزانـم شـەمە دەوام نەبوە لە رۆژی شەممەوە لە ناو سندوقەکانتانە ئەگەر پێتان باشـبێ راسـتەوخۆ ئێسـتا بـێ ئەوەی ئەو کارە بکەین دەزانـین کـارێکە لە رووی پەیـڕەوە دەبـێ وەکـو خـۆی جێبـە جـێ بکەیـن، بەڵام وەختێکی زۆر زۆر دەبات رەنگە دوو سەعات زیاتر بخایەنێت ئەگەر پێتان ئاسایە ئـێمە یەکسـەر ئەیخەینە دەنگدان، چونکە گۆرانکارییەکی ئەوتۆ لە نێوان راپۆرتەکەی لیژنەی یاسـایی و خـودی پرۆژە یاساکە کە لەلایەن حوکمەتەوە هاتوە نەکراوە، بۆ ئەوەی یەکێکیان بکەینە بنەمای گفتوگۆ و ئەوکات رێگە بە بەرێزان بدەین مادده مادده بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەبـارەوە بکەیـن، ئەگەر هیچ کەسێك ئیعترازی لەسەر ئەمە نییە ئێمە ئەو پرۆسەیە بەو شـێوەیە بەرێـوە دەبەیـن، بەلێ بەرێزان ئێستا راپۆرتەکە لەگەڵ دەقی پرۆژە یاساکە کە چەند رۆژێکە لەلاتـانە هەردووکـی لەبەر دەستی بەرێزتانە دەیخەینە دەنگدان کامیـان بکەیـن بە بنەمـای گفتوگـۆکردن، بفەرمـوون ئەو بەرێزانەی کە لەگەڵ ئەوەن دەقی یاساکە پـرۆژە یاسـاکە ببـورن بخـرێتە دەنگدان بـا دەنـگ بدەن؟ ئەو بەرێزانەتان کە لەگەڵ ئەوەن کە راپۆرتی لیژنە هاوبەشەکان بخرێتە گفتوگۆ با دەنـگ بـدەن؟ بەرێـزان زۆر سـوپاس (٦٦) ئەنـدامی بەرێـزی پەرلەمـانی کوردسـتان لەگەڵ ئەوەیە کە راپۆرتەکە بکرێتە بنەمای گفتووگۆکردن فەرموون. کاك بژار وابـزانم نـوقتە نیـزامیەك هەیە کـاك دکتۆر ریبوار فەرمون.

**بەرێز د.رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ماددەی (٧٧) پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ئاماژەی بە شێوەکانی تەشریع دەکات، یان یاسا دانان دیارە هەمووومان پێداگیرین و موکرین لەسەر ئەوەی کە پێویستە یاسایەك هەبێ بۆ ماددە هۆشبەرەکان و ئەو ماددانەی کە پێی دەڵێن کارتێکارە عەقلییەکان و قوربانییەکانی ئەم یاسایە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم پرۆژە یاسایە کە هاتووە پێم وایە یاسای ژمارە (٥٠)ی ساڵی (٢٠١٧)یە، بەڵام بە نوسخە کوردییەکەی، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە؟ داوای تەوزیحیش لە ئێوەی بەرێزیش دەکەم کە ئایا ئەمە بە عینوانی ئینفاز هاتووە بۆ یاسا یاسایەکی فیدراڵی، یان ئەمە پرۆژەیەکی خۆیە لەبەر ئەوەی کە خۆتان ئەزانن بە پێی ماددە (٧٧).

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێ نوقتەی پەیرەوی یەك نوقتە بێ.

**بەرێز د.رێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٧٧) ئێستا ئێمە نازانین ئەم پرۆژەیە یاسایە پرۆژە یاسایەکی خۆمانە؟ یان دەقی یاسای ژمارە (٥٠)ی ساڵی (٢٠١٧)ی یاسای فیدراڵییە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ئەمە پرۆژەیاسایەکی پێشکەشکراوە لە لایەن حوکومەتی هەرێمی کوردستان کوردستانیە بەرکارکردنی یاسا فیدرالیەکە نییە، بەڵام هەندێك یاسا هەن لە عیراق و هەر وڵاتێکی تر مصر و رەنگە لە ئوردن و رەنگە لە قەتەرو رەنگە لە زۆربەی وڵات هەندە تەخەصوسین هەند پسپۆری تێدا بەکار هێندراوە لە هەر شوێنێکبێ ماددەکانی لە یەك دەچن، رەنگە تەنها لە هەندێك سیاغاتا فەرقی هەبێ، لەبەر ئەوە بە دەست خۆشییەوە ئەگەر راستەوخۆ ئەوەی فیدرالیش بێت و کرابێ بە کوردی بە هەندێك دەستکاریەوەو دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی حکومەتی فیدراڵی کرابن بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی بڕیارێکە کە ئێمە بۆخۆمان داومانە لەوەی بونییەکی تەشریعی کوردستانی بۆخۆمان دروست بکەین، وەهێندەی دەکرێ ئێمە لە پرۆسەی بەرکارکردنی یاسا فیدراڵییەکان دوربکەوینەوە و بریاری ئەنجومەنی وەزیرانیشە و بەربەنای ئەو بڕیارەی خۆیان ئەو پرۆژەیان بۆ ئێمە ناردووە و بڕیاری ئێمەشە لە پەرلەمانی کوردستان کە دەمانەوێ بەو ئاراستەیە کار بکەین، فەرموو کاك بژار ناو نیشانی پرۆژە یاساکەمان بۆ بخوێنەوەو بۆ ئەوەی بخەینە گفتووگۆ.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان –عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چ بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ناونیشانی پرۆژە یاساکە قسە بکات؟ بەرایێزان (کاك مەم، حسیبە خان، د.گەلاوێژ، نەجات خان، لیزا خان) کاك مەم فەرموون.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کارتێکارە عەقلییەکان لە پێناسەکانا هاتووە لە حەوتەمیشا و، پێم وایە مەرج نییە ئەوەی لە پێناسەکانا هاتووە هەموویان لە ناو نیشانا زەق بکرێتەوە، پێشنیازی من ئەوەیە ناونیشانەکە بەم شێوەیە بێت بە تەنیا پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان – عراق زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە مادده هۆشبەرەکان تەنها کاریگەری لەسەر عەقلی مرۆڤەوە نییە، بگرە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەم جەستەو هەم لەسەر مێشکی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم عینوانەکەی بگۆردرێت یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلی و جەستەییەکان لە هەرێمی کوردستان –عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ناونیشانی پرۆژە یاساکە تەعبیر لە ناوەرۆکی یاساکە بکا، پێم باشە وشەی بەرنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی، یەعنی ببێتە پرۆژە یاسای بەرنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان –عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی منیش پێم وایە کە لێرەدا پێویستە کە ووشەی بەرنگاربوونەوە زیاد بکەین، پرۆژە یاسای بەرنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لەبەر ئەوەی کە دەمانەوێت بەو پرۆژەیە ڕووبەرووی پرسەکی مەترسیدار ببینەوە کە ئەوەش، بۆیە پێویستە ئەو بەرنگاربوونەوەیەش زیاد بکرێ، بۆیە پشتگیری لە دکتۆرە گلاویژ دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا نوقتە نیزامیەکم هەیە، جەنابتان باستان لەوە کرد کە ئەم پرۆژەیە ئی حکومەتەو لە حکومەتەوە هاتوە، بەڵام بە پێی پەیرەوی ناوخۆ هەر پرۆژەیەك کە لە حکومەتەوە بێ بە پرۆژە یاسا ناو دەبرێت، بەڵام لێرە بە پێشنیازە یاسا ناوبراوە لای ئێمە وایە پێشنیازە یاسای مادده هۆشبەرەکان....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاپۆرت ڕاستە دروستە.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە وەك نوقتە نیزامی خاڵێکی تریش پێشنیاز دەکەم کە ئەگەر بێت و ئێمە بەم شێوەیە پێشنیازی یاسای مادده هۆشبەرەکان، یاخود پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان بەم شێوەیە دەنگی لەسەر بدەین ئەوە یاسایەك دەر دێنین بۆ مادده هۆشبەرەکان، پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە ناونیشانەکەی هەبێت بەرەنگاربوونەوەی خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن هەر چوار خاتون حسیبە خان گەلاویژ خان و خدیجە خان و لیزا خان کران، دەکرێ ووشەی بەرەنگاربوونەوە یان دژ وەستانبوونەوە زیاد بکرێ، چونکە ئەوە ناکرێ

یاسا دەربکەین بۆ بەکارهێنان، یان یاسایەك کە هیج بەرنگاربوونەوە یا وەستانەوەی تیا نەبێتن، تەنها بە ناوی یاسای مادده هۆشبەرەکان بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان قسەیەکتان نییە؟ لێرە نییە! چۆتە دەرەوە نایبینم بەراستی سوپاس ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە مەبەست لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە.

١-هەرێم هەرێمی کوردستان – عیراق.

٢-وەزارەت وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

٣-وەزیر وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

٤-سەندیکای دەرمانسازان سەندیکای دەرمانسازان لە هەرێم.

٥-سەندیکای پزیشکان سەندیکای پزیشکان لە هەرێم.

٦-مادده هۆشبەرەکان هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی لە خشتەکانی یەکەم و دووەم سێیەم و چوارەمی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٧-کارتێکارە عەقلیەکان هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراو لەو ماددانەی لە خشتەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەمی هاو پێچی ئەم یاسایە دا هاتوون.

٨-پێشینە کیمیایەکان ئەو توخوم یان پێکهاتە کیمیایانەی دەچنە ناو دروستکردنی دەرمانی پزیشکی خاوەن کاریگەری دەرونی ئەوانەی وردەکاریەکانی لە هەردوو خشتەی نۆیەم و دەیەمی ئەم یاسایە دا هاتوون.

٩-بازرگانی پێکردن بەرهەم هێنان و دروستکردن دەرهێنان و گرتنە بەردەست بوون پێشکەشکردن و خستنەروو بۆ فرۆشتن و پێدان و دابەشکردن و کرین و فرۆشتن و رادەستکردن بە هەر سیفەتێك بێت دەڵالی کردن ناردن و پێدا رۆیشتن بە ترانزێت و گواستنەوەو هاوردەکردن و هەناردەکردن و نێوەندگیری کردن لە نێوان دوو لایەن یەکێك لەو پرۆسانە لەم برگەیا باسکراون.

١٠-بازرگانی ناڕەوا چاندنی مادده هۆشبەرەکان یان بازرگانی کردن پێیان یان بازرگانی پێ کردن بە کارتێکارە عەقلیەکان یان پێشینە کیمیاییەکان بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

١١-هاوردەکردن هێنانی مادده هۆشەرەکان و کار تێکارە عەقلیەکان و پێشینە کیمیایەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان –عیراق.

١٢-هەناردەکردن بردنە دەرەوەی یان گواستنەوەی ماددەهۆشبەرەکان و کار تێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان لە هەرێمی کوردستان –عیراق بۆ دەرەوەی هەرێم لە ناوەوەی عیراق یان بۆ وڵاتانی دیکە بە رێگەی پێدا رۆیشتن ترانزێت دەستەواژەی هەناردەکردن دووبارە هەناردەکردنیش دەگرێتەوە مەگەر بەڵگینەیەك قەرینە هەبێت لەسەر پێچەوانەکەی.

١٣-دەست پێداگرتن و بەردەست بوون دەست دانان لەسەر مادده هۆشبەرەکان و کار تێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان بە هەر سیفەتێك بێت و بۆ هەر مەبەستێك بێ.

١٤-دروستکردن گشت ئەو پرۆسانەی ماددەی هۆشبەرەکان یان کار تێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیایەکانیان پێ دەست دەکەوێت ئەمەش فلتەر کردن و گۆرینی مادده هۆشبەرەکان یان کار تێکارە عەقلییەکان لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی دیکە دەگرێتەوە و پرۆسەی گۆرین بریتییە لە گۆرین و بنەچەی ماددەکە لە شێوەی یەکەمی دروستکردنی لە شێوەی دووەمی.

١٥-بەرهەم هێنان جیاکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان لە بنەجەی روەکی خۆیان.

١٦-گیراوە هەر تێکەڵەیەکی رەق یان شل یان گازی ماددەیەکی هۆشبەر لە خۆ بگرێ بە پێی ئەوەی لە خشتە هاوپێچەکان یاسا لە ماددەی یەك و دوو و سێ باسکراوە.

١٧-روەکی هۆشبەری هەموارکراو لە روی جیناتەوە ئەو رووەکە خۆرسکانەی لەرووی جیناتەوە دەستکاری هەموار دەکرێن بە مەبەستی دەستکەوتنی مادده هۆشبەرەکان لێیان.

١٨-پزیشك پزیشکی مۆلەتدارو بە پێی یاسای سەندیکای پزیشکانی بەرکار بەلای کەم بروانامەی بە کالۆریۆسی لە پزیشکی لە زانکۆیەکی عێراقی یان ئەوەی هاوتایەتی بە دەستی هێنابێت.

١٩-دەرمانساز دەرمانسازی مۆلەتدراو بە پێی یاسای سەندیکای دەرمانسازانی بەرکار کە بەلای کەم بروانامەی بە کالۆریۆسی لە دەرمانسازی لە زانکۆیەکی عیراقی یان ئەوەی هاوتایە بە دەستی هێنابێ.

٢٠-رادەستکردنی چاودێری کراو رێگە دان بە تێپەربونی بواری نارەوا یان گومان لێکراو لە مادده هۆشبەرەکان یان کار تێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان بە ناو خاکی دەوڵەت بەرەو دەوڵەتێکی دیکە بە ئاگاداری دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی لە ژێر چاودێریان بە مەبەستی زانینی کۆتا شوێنی مەبەستی ئەم بارەو بەدوا گێران لە تاوانەکەو ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەنجامدەران و ئەو کەسانەی دەستیان هەیە لە لەو کارەو دەستگیر کردنیان.

٢١-لیژنەی باڵا لیژنەی باڵای بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کار تێکارە عەقلییەکان پێکهێنراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمدا.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆبکات سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پرۆژە یاساکە با بفەرموێت با دەست بەرز بکاتەوە؟

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامان ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە داوایان كردوە گفتووگۆ بكەن لەسەر ئەو ماددەی كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە (كاك دیاری، د.اسماعیل، كاك كاروان، ئاشنا خان، كاك مەم، كاك سیروان، كاك زانا، خەدیجە خان، گولیزار خان، د.شێركۆ، سەرچنار خان) كەسی تر هەی؟ ئاشنا خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە شێوەیەكی گشتی لە رووی زمانەوانیەوە كێشەی زۆر زۆری تیایە نازانم ئەگەر قەراربێت لەمەو دوا پسپۆرەكانی زمان پێداچونەوەی پێدا بكەن، بۆیە ئێمە لە قاعەی پەرلەماندا ئەوەندە تەركیز نەكەینە سەر گۆڕینی وشەكان ئەوكاتە لەوە دەچێ مناقەشەكانی ناو پەرلەمانیش ئەوەندە درێژە نەكێشێت، ئەوەندە تەركیزەشی لەسەرمان هەبوو لەسەر گۆڕینی وشەكان لابچێ بۆیە بە شێوەیەكی گشتی من باسی ئەو وشانە ئەوانە ناكەم ئەگەر بڕیارە لە ئایندەدا پسپۆرەكانی زمان پێداچونەوەی پێبكەن، بەڵام ئەگەر نا بەراستی هەندێك وشەی تیایە كە پێویستە لەسەری بوەستین، چونكە ماناكان بە تەواوەتی گۆڕاون هەرچەندە من زۆر بە سەریعی ئاماژە بە هەندێك ووشە دەكەم، بەڵام لە رووی ناوەرۆكەوە تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی نۆیەم و بڕگەی دەیەم، لە بڕگەی نۆیەم و لە بڕگەی دەیەم دانەیەكیان لە بڕگەی نۆیەم نووسراوە بازرگانی پێكردن، دەیەمیش نووسراوە بازرگانی نارەوا، ئێمە كە باسی بازرگانی دەكەین بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان باسی بازرگانی دەكەین بە ماددەی هۆشبەر و كارتێكارە عەقلییەكان و ئەو ماددانەی كە تەئسیر لە سەر با بڵێین تەئسیری ماددەی هۆشبەریان هەیە لەسەر بەكار هێنەرەكانیان، بۆیە بازرگانی پێكردنی بازرگانی نارەوایە، ئیتر پێویست ناكا ئێمە بێین باسی ئەوە بكەین كە بازرگانی ئەمەیە بازرگانی پێكردن نارەوایە، یەك تێبینی تر لەسەر ووشەیەكە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەست دانان، نازانم مەبەست لە دەست دانان چیە؟ و بڕگەی شانزەهەمی ئەلێ گیراوە شت كە گیراوە بوو یا هەر ماددەیەك كە گیراوەبوو، یەعنی ماددەیەكی شل دروست دەكات، بەس ئەم هەر دەلێ تێكەڵەیەكی رەق كە گیراوەبوو رەقەكە نازانم چ مانایەكی دەدات ئەوە چاك بكرێ سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سیروان فەرمووو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی (٨) من پێم باشە كە باس لەو توخم و یان پێكهاتە كیمیاییانە دەكات دێڕێكی بۆ زیاد بكرێ، وەكو ئێستا باسی دەكەم ئەگەر لە داهاتووشدا هەر ماددەیەكی تر دۆزرایەوە، چونكە ئێمە

دەزانین لە مادە بێ هۆشبەراکانە دروستکردنی ئەم شتە بەردەوام دەبێ، یەعنی ئێستا لە کۆلۆمبیا مەسەلەن میسا پیسامین دەدۆزنەوە ئەو کاتە لەو ماددەیا نەماوە یەکێ بەکاری ئەهێنێ، یاساکانی ئەمە یەکە وەك بڕگەی (٨) ئەگەر پێتان باش بوو بە نوسین دەتان دەمێ، لە بڕگەی (٩) دا کۆتا دێر ئەلێ هاوردەکردن و هەناردەکردنی نێوەندگیری لە نێوان دوو لایەن، من پێم باشە بنوسرێت دوو لایەن و هەروەها زیاتریش یەعنی ئەگەر دوو کەس بوون ماددەکە ئەیانگرێتەوە، ئەگەر چوارکەس بوون نایان گرێتەوە،زیاتری بۆ بکرێ، بڕگەی (١٣) وەکو ئاشنا خان ئیشارەتی پێدا.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقەو (٣٧) سانیە نەك (٣٠) سانیە سوپاس فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێناسەکانەوە دەست پێ دەکەم لە بڕگەی (٦)م ماددە هۆشبەرەکان پێناسە کراوە و لە بڕگەی (٧)م دا کارتێکارە عەقلیەکان من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر بە پێی تەعریفی مەوادی موخەدەبێ لە روانگە زانستیەکەیەوە ئێمە دوو تەعریفمان هەیە، بۆ بەرچاو روونی یەکیان ئەو تەعریفەیە کە بە پێی پەیمان نامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیکا کە پێکدێت لە مەوادی موخەدرەی تەبیعی و نسف سناعی و سناعی وە ئەوەی (who) دەیکات تەوزیع دەبێت بەسەر سێ تەعریفی ئەساسی، یەکیان مەواد موخەدر تەبیعیە وە یەکیان سناعیە و یەکێکی دیکەیان کە لە (٢٠١٩)دا (who) رایگەیاند مەوادی موخەدیرەکان ئیدمانە پێی دەوترێت مەوادی رەقەمی دیجیتەڵن، ئەوانەی ئەلعابەکان ئەوانەی هیتفۆنە هەندێك لەو بابەتانەی خستویانەتە ناو ئەو تەعریفەیە، بۆیە وا باشترە ئەم پێناسەیە رێك بخرێتەوە، ئێمە ئایە ئیعتماد دەکەینە سەر تەعریفی نەتەوە یەکگرتووەکانی یان (who) و لە هەرسێ خشتەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە زەرورە باسی بکەم ببورە لە کۆبونەوەی لیژنەدا باسمانکردبوو پێشتر، بەڵام دیارە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکان تەزبیت نەکراوە، بۆیە مەجبور بووم لێرەدا باسی بکەم، خشتەکان وەکو پێویست نییە، من داوادەکەم پێداچوونەوە بە خشتەکاندا بکرێ، چونکە کە ئاماژە بە خشتەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم دەکرێ کە تێکەڵاوی تێدایە لە بەینی هەردوو تەعریفدا زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز د.شیرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو مهرەبان تێبینیەکانم بەعزێکی وردەکاری لوغەویە زۆر بە ئاسانی تێ ئەپەرێ، ئەوەی تری ناوەرۆکی بڕگەکانا ماددەی (١) بڕگەی (٩)م ئەلێ بازرگانی کردن را ئەپەرێنێ

و لەویا گرتنەوە وەی تیا نییە، بەڵام لە ئەخیرا کە ئەڵێ نێوان دوو لایەن یەکێك لەو پرۆسانەو دوو لایەنەکە بکەین بە لایەنەکان، چونکە جەند لایەنێك ئەگرێتەوە تێبینیەکی تر کە لە بڕگەی (١٢)م کە ئەلێ بۆ دەرەوەی هەرێم ناوەوەی عێراق بێت ئەبێتێکی نوقستانە، ئینجا تەوزیحێك داوا ئەکەم لە لیژنەی بەرێز کە دەستەواژەی هەناردەکردن دووبارە بە هەناردەکردنیش دەگرێتەوە، مەگەر بەڵگینەیەك قەرینە هەبێت لەسەر پێچەوانەکەی ئەم دێرەمان تەوزیحی بۆ بدەن، چونکە وازح نییە پێچەوانەکەی بڕگەی (١٤)م گشت ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە ئەو دەگرێتەوە نوقسانە بڕگەی (١٧)م ئەویش هەر زمانەوانییە کە دەڵێ جیناتی دەسکاری و هەموارکردنەکەی تیا نییە لە زانکۆکانا لە بڕگەی (١٨)م زانکۆکانی هەرێمی تیا بێت نەك هەر عیراق، چونکە بەعزە زانکۆ لە هەرێم هەیەو لە عیراق پەسەند نەکراوە لەبەر ئەوە موعتەمەدە لە هەرێم، بۆیە هەرێمی تێبکەین لە بڕگەی (١٩)م ئاخیر هەر بە هەمان شێوە مەوزوعی زانکۆکانی هەرێمی مەوجودبێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس تەنها پێشی ئەوەی دەرفەت بدەم تەنها داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان بەرێزان هەر ویستمان ئاگادارتان بکەینەوە دەستەی سەرۆکایەتی و راپۆرتەکە و بابەتەکە، لەبەر ئەوەی زۆر دوورو درێژە و بابەتێکی فراوانە رەنگە هەندێك غەڵەتی ئیملایی یان غەڵەتی چاپی تیا بێ ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەر بگرن لەکاتی موناقەشەکانتانا بەرێز لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر شتێکتان هەیە، چونکە داوای تەوزیحیکی لێکردن کاك دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بازرگانی پێکردن لەلایەن ئاشنا خان و دکتۆر شێرکۆ باسکرا بازرگانی پێکردنی رەواش هەیە، بەلێ لەبەر ئەوەی کە لە ماددەی هۆشبەر بەکار دێ بۆ هەروەها کارتێکارە عەقلییەکانیش هەردووکی لە رووی تەندروستیەوە بەکاردێ، بۆیە دەتوانی بە رەوایی بازرگانی پێبکەی ئەمە ئاسایە، لەبەر ئەوە دەبێ جیا بکرێتەوە بازرگانی پێکردن لەگەڵ بازرگانی رەوا، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان یەك شتی تر هەیە کاك سیروان باسی کرد دەڵێ ئەگەر لە داهاتووشدا ئەوا لە ماددەی (٤٩) لە بڕگەی دووەم ئاماژەی پێکردوە کە دووەم بەیانێك هەمواركردنی خشتەکانی هاوپێچ بەم یاسایە لەخۆ بگرێت، واتا دەبێت ئەبدێت بکرێتەوە خشتەکە.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیار.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١)م بڕگەی (٩)م بازرگانی پێکردن بەرهەم هێنان و دروستکردن دەرهێنان و گرتنەوەو بەردەست بوون و پێشکەشکردن و خستنەروو بە فرۆشتن و رەواجی پێدان و دابەشکردن و

کرین و فرۆشتن رادەستکردن با سیفەتێك بێ و دەڵالی کردن و ناردن و پێدا رۆیشتن بە ترانزێت و گواستنەوە، لێرەدا زائیدەن رادەستکردن بە هەر سیفەتێکبێ ئەم دوو دەستەواژەیە کە لەم برگەیەدا هاتووە پێویستی بە چارەسەرکردن یان لابردن یان دیتێلوو ناوەرۆکی وزیاترە، بۆ نمونە ناکرێت ئەگەر کەسێك ئاگادار نەبەوبێت کرابێتەوە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بۆ نمووونە ئەگەر ئەمە نەسەلمێندرێت یان مەسەلەن روون نەکرێتەوە یان بۆ نمووونە را دەستکردن بە هەر سیفەتێك بێ ئەکرێت هەموو رادەستکردنەکان، بۆ نمووونە لە روی یاساییەوە هەمان هینیان هەبێت هەمان سزایان هەبێت ئەمە یەکێك لە خاڵەکان، برگەی (٢٠)م لە برگەی (٢٠)مدا لە ئاخیردا دەڵێت تا شوێنی مەبەستی ئەم باروو بە دوا گەران بە شوێن ناسنامەی ئەنجامدەرانی ئەوکەسانەی دەستیان هەیە لەم کارەو دەستگیرکردنیان و لە ناوبردنی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ لە ناو بردنی ماددەکان ئەو کەسانەی کە بە دوای ئەو بارەوەن، پێویستە نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تێدابێ زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەرێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، بە نسبەت ماددەی یەکەم لە برگەکانی یەکەم و دووەم لە ناو هێنانی وەزیرەکان دووبارە من تێبینیم وەکو پێشتریش تێبینیم لەسەر ئەوانە هەبوو و حەق بوو ناوی وەزیرێك بە تەنیا بهێندرێت، من پێم وایە بکرێ بە وەزیرە پەیوەندیدارەوکان و لە برگەی دوای ئەوەش وەزارەتە پەیوەندییدارەکان، چونکە من پێم وایە ئەمە وەزارەتی ناوخۆش دەگرێتەوە، رەنگە وەزارەتیش بگرێتەوە، داواکارم دواتر بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان رونی بکاتەوە،بۆ برگەی نۆیەم پشتیوانی قسەکانی تەواوی کاك دیاری دەکەم، و بۆ برگەی پانزەهەم کاتێك کە باس لەوە دەکرێت جیاکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان پێشینە کیمیاییەکان لەسەر بنەچەی رووەکی خۆیان ئەمە کافی نییە، حەقە ئەمەی بۆ زیادبکرێ، پێشنیاز دەکەم ئەمەشی بۆ زیادبکرێ خۆیان و هەر ماددەیەکی دیکە کە لێیان دروست دەکرێت، چونکە تەنها هەموی ئەوە نییە رووەکە بنچینەکە دروست بکریَ هەمانە لە ماددەی تر دروست دەکرێ، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئیزافەی بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەگەر تێبینی و سەرنجێکتان هەبێت فەرموون.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە هەموو پەرلەمانتارەکان قسە بکەن، کۆتا قسە بدەن بەمە زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ باشە بەسەر چاو فەرموو خدیجە خان.

**بەرێز خدیجە عمر طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەرێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ ماددەی یەکەم کە بەشێکی قسەکانم بەرێز کاك دیاری کردی منیش هاو پشتیوانم، چونکە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ زیاد بکرێ ئەوان مەعنین لە چۆنییەتی لە کارکردنی ئەم یاسایە، هەر لە هێزەکانی ناوخۆو هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و هاوکارەکانیان لە خاڵە سنورییەکان، بۆیە پشتیوانی بڕگەی دوەم لە وتەکانی کاك دیاری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان :**

گلیزار خان فەرموو.

**بەرێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من رەخنەیەکم هەیە ماددەی یەکەم نەهاتە پێناسە کردنێ ماددە هۆشبەر، بەڵام خشتەکی چەند ماددە هۆشبەری تێدا دیاری کردیا ئەڤە وا لی دەکات دادگا پابەند بێتن حوکمی خۆدا ڤێ خشتێ و هەرچەندە دزانین مادێ هۆشبەر بەرەو گەشەکردنێ دایە هەندێك مادێ هۆشبەرێ قانونێ ممکافەحاتێ موخەدەراتی عیراقی یا ساڵا (٦٥) یا مەلغی نەهاتبی ماددە ماددە کریستالیا اوەش وەختێ دێتە تەسلیحکردنێ وەکی بێژم بە بلاڤ بیا لە کۆمەڵگەها، ئەز پیشنیارێ دەکەم ئەم پێناسەکی بکەین ئەڤ پێناسەکی حەز دەکەین ئەز بۆوە بخوینین یا بنوسم باشە سوپاس هەروەها پشتیوانی کاك زاناش دەکەم.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر دەتوانی بە نووسین بۆ لیژنەی تایبەتمەند بنێرە، سوپاس بۆ بەرێزتان فەرموو سەرچنار خان.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی بیستەم کە ئەلێ رادەستکردنی چاودێریکراو رێگە دان بە تێپەربوونی باری نارەوا یان گومان لێکراو لە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان و لەسەر ئەوە بە رێگەدان

هێنــاویەتی رێــگەدان لە دێــری سێمیشــا دەڵــێ بە ئاگــاداری دەســەڵاتە تایبەتمەنــدەکان، کە دەســەڵاتەکەی تەحدیــد نەکــردووە، ئینجــا ئەمە بڕگەیەکــی زۆر خەتەرە، چــونکە ئەمە دەرگــای بازرگانی ئەکاتەوە لە کارمەندانی ئەو دەسەڵاتە، چونکە دەڵێ ئەو دەسەڵاتە یەعنی بە ئـارەزووی خۆیان بێن لەو وڵاتێکەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر، دەسـەڵاتەکەش تەحدیـدی بکـات، ئەمە جـگە لەوەی رەقابەی دادگاو داواکاری گشتیش ناهێڵێت و لە هەمان کاتیش لەگەڵ قـانونی عقوبـاتیش لەگەڵ ئوسوڵی تەحقیقیشدا ئەمە موخالیفەو،پێویستە چارەسەر بکرێ و وردەکاریەکی تیا بکەن لیژنەی یاسایی زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەرێز د.اسماعیل علی طە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشـتگیریا دکتـۆر شـێرکۆ دکەم بۆجـونی ویـدا لەسـەر نوقتـا نـۆو دیسـا هەڤـدێو هەژدەدا سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو ماددەیە ئەو تێبینییانەی کە من هەمبوو هەمـوی وتـرا، بـۆیە پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك سیروان، کاك زانا، دکتۆر شێرکۆ، سەرچنار خان دەکەم، سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمانی:**

کاك مەم فەرموو.

**بەرێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم جـار مـن رونکـردنەوەیەکم هەیە بـۆ جەنابتـان بە پێـی مـاددەی (٥٤) بـڕگەی (٤) خـاڵی یەکەم پەرلەمانتـار سـێ دەقـیقەی هەیە قسـە بکـات نەك یەك دەقـیقە، دووەمیـان ئەوەی سـەرنجی مـنە لەو بوارەیەوە تەبعەن دەزگایەك هەیە ناوی دەزگای ئاسـایش لە هەرێمـی کوردسـتان، بەرێـوەبەرایەتیەکی گشـتی و مـاددە هۆشـبەرەکان، مـن پێشـنیازم هەیە لەبەر ئەوەی دەزگـای ئاسـایش کە پەیوەنـدی بە ئاسایشی گشتییەوە هەیە هۆشبەر پێناسەیەك ئیزافە بکرێ بە ناوی دەزگای ئاسایش ئەگەر هین بێت و بڕگەی دووەمیان ئەڵێ وەزارەتی تەندروستی لە هەرێما نییە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان –عراقمان هەیە، سێیەمیشیان وەزیر تەندروستی لە هەرێمی کوردستان –عیـراق و سـەندیکایەك نیـیە

له هەرێــم نــاوی ســەندیكای دەرمانســازان له هەرێـم بــێ ســەندیكایەك هەیە بە نــاوی ســەندیكای دەرمانسازانی هەرێمی كوردستانە و سەندیكای پزیشكانی كوردستانمان هەیە نەك پزیشكان لە هەرێـم، هیوادارم ئەم چەمكانە سەندیكایانە وەكو خۆی لە ناو پێناسەكان بێت، دەیەم ئەوەی كە ئیشكالیەتێكی تیا ئەبینم بازرگانی نارەوا تەبعەن چاندنی مادده هۆشبەرەكان بازرگانی كردن پێیان بازرگـانی كـردن بە كارتێكـارە عەقلییەكـان پێشـینە كیمیاییەكـان بە پـێچەوانەی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە، تەبـعەن ئەم بازرگانییە نارەوایە پاڵپشتە بە حوكمەكانی ئەم یاسـایە بازرگـانی كـردن بەوە بە پێـی حوكمەكـانی ئەم یاسایە، پێم وایە لە جیاتی بە پێچەوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەنها ڕوونكردنەوەیەك ئێمە لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان پێشتر ئەوەی خستەڕوو ئەگەر ئێمە بە پێی پەیڕەو كارمان بكردایە، ئەبوایە دەقی پرۆژەكەمان وەكـو خـۆی بخوێنـدایەتەوە كە نزیكەی دوو سەعاتی پێ ئەچوو، دەقـی ڕاپـۆرتی لیـژنە هاوبەشـەكانمان بخوێنـدایەتەوە، ئینجـا دوایە بمانخستبا دەنگدان كامی بكرابا گفتوگۆ، بەڵام بە زۆرینەی دەنگی ئێوەی بەڕێـز دەنگتانـدا بە گەرانەوەی كـات سـود لەوە وەربگـرین، بـۆیە زۆر ئاسـایە ئەگەر پەرلەمانتـار ڕێـگەی پێبـدەین تەنها یەك دەقە قسە بكات، بۆئەوەی گفتوگۆكان چر بكـرێتەوە سـوود لە كـات وەربگـرین، ئێسـتا داوا لە وەزیری هەرێم دەكەین، چونكە هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان كە ناویان نوسیبوو ڕەئی خۆیان ووتوە، ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند تەوزیحێـك بـدەنە دكتـۆر شـێركۆ ئینجـا بەڕێـز وەزیـری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بڕگەی (١٢)هەناردەكردن بـردنە دەرەوە یـان گواسـتنەوەی مـادده هۆشـبەرەكان كارتێكـارە عەقلییەكان پێشینە كیمیاییەكان لە هەرێمی كوردستان –عیراق بۆ دەرەوەی هەرێم لە ناوەوەی عێراق یان بۆ دەرەوەی وڵاتـانی دیـكە، لەبەر ئەوەی ئـێمە بۆخـۆت دەزانـی یـاخود گواسـتنەوەو ترانزێت لێرە دەستەواژەی هەناردەكردن دوبارە بۆتەوە، تەنها مەبەست لە ئەوەیە دەسـتەواژەی هەناردەكردن دەگرێتەوە، ئەگەر بەڵگینە قەرینە هەبێت لەسەر پێچەوانەكەی، یەعنی دووبارە بە هەناردەكردنەوەی دەستەواژەی دووبـارە بە هەنـاردەكردنی دەگـرێتەوە، مەگەر بەڵگیـنە قەریـنە هەبێت لەسەر پێچەوانەكەی، ئەمە لێرە مەبەستی لە جیە قەرینە هەبێت ئەگەر بۆخۆت دەزانـی لە ڕوی قانونیەوە ئوسوڵی محاكەماتی جەزائی تەحدیدی بەڵگەی كردووە و تەحدیدی قەریـنەی كردووە بە سێ قەرینە یەك بەڵگە دەكات كە بە بەڵگەیەكیش كـافیە، بـۆ ئەوەی كە كەسـێك پێـی بسەلمێنێ كە ئەم بابەتەی پێی مەسەلەن یاخود گواستنەوەی پێ دەكات یاخود كـردووە یەكێـك لەمانە كەواتە تەنها بوونی كافییە بۆ ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرمووو ئەگەر شتێکی زیاتر هەیە.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لەوە کرا کە خشتەکان هەڵەی تێدایە، بەڵێ هەڵەی تێدایە خشتەکان ئێمە وەکو لیژنەی و باس لەوەکرا کە گوایە لیژنەی هاوبەش ئامادەی پێنەدا ئاماژەمان پێداوە، بەڵام من دوێنێ کۆبوونەوەم دانا وەکو لیژنەی تەندروستی ژینگەو مافی بەکاربەر بۆ قسەکردن، تەنها لەسەر خشتەکان، لەبەر ئەوەی دەبێ زۆر بەووردی کاری لەسەر بکرێ بەداخەوە کەس ئامادە نەبوو، بەس خۆم و راوێژکارەکان بوو، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان فەرمووون.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، دیارە پرۆژە یاساکە پرۆژە یاسای حکومەتە و لەبەر گرنگی تەئسیراتی مادده هۆشبەرەکان، خۆتان دەزانن و بڵاو بوونەوەی بە شێوەیەکی نارەواو بازرگانی پێکردن و مەترسییەکانی لەسەر گەنجان لە کۆمەڵگای ئێمەدا حکومەت بە گرنگی زانیوە ئەم پرۆژە یاسایە بە زوترین کات رێك بخاتەوە و بینێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، مەسدەری ئەوەلو ئەخیری ئەو پرۆژە یاسایە یاسای ژمارە (٥٠)ساڵی (٢٠١٧)یە عیراقە، بەڵام سیاسەت وایە کە سیاسەتی تەشریعی وایە کە پێویستە لەشێوەی پرۆژە یاسای هەرێمی کوردستان رێکبخرێتەوە و، بۆیە بەو شێوەیە رێکمان خستۆتەوەو ناردوومانەو گونجاندومانە و ئەو موستەلەحانەش پێویستە بگۆردرێ تێیدا گۆردراوە، بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە کە مەجلسی شوراو پرۆژە یاسایەی بینیوە و خەڵکی موختەس ئەو پرۆژە یاسایەی بینیوە و هەر وەزارەتێك کە پەیوەندی هەبێت بە شێوەیەکی موباشرو غیر موباشر بە پرۆژە یاساکە، پرۆژە یاساکەی بینیوە و لیژنەی بۆ دروستکردووە و خوێندنەوەی بۆ کردووە و تێبینیەکانی خۆی داوە، بەلێ من لەگەڵ ئەوەم کە پرۆژە یاساکە پرۆژە یاسایەکی موعەقەدە، چونکە ئیختساسێکی عیلمی سەرفی هەیە و ئەو موستەلەحانەش کە لە ناو پرۆژە یاساکە بەکار هاتوون، زۆر جار لەوانەیە یەکەم جار بێتن بۆ پەرلەمانتاران و بۆ خەڵکێکی زۆریش کە لە بواری یاسا ئیش دەکات گوێبیستی ئەو موستەلەحانە بێ بە تایبەتی بە زمانی کوردی بە تایبەتی بە زمانی کوردی بۆیە تەرجومەکردنیشی کارێکی ئاسان نەبوو و دڵنیاشتان دەکەینەوە کە خەڵکی موختەس لە یاسا تەرجومەکەشی کردوە، بەڵام دەوڵەمەندکردنیشی لە لایەن پەرلەمانتارانەوە کارێکی باش دەبێ بۆمان یەکەمیان لە سەر زیادکردنی وەزارەتەکانی تر، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی مەعنیە

و ئیشــە رەئیســیەکە ئەو دەکــات ئەو لیــژنەیەش کە بــۆ بەرەنگــاربونەوە دروســت دەکــرێ بەســەرۆکایەتی وەزیــری تەندروســتی هەمــوو وەزارەتەکــانی تــر کە پەیوەندیــدارن دوا جــار ئیشوکارەکانیان لە ناو پرۆژە یاساکە رێکخراوە، بۆیە باشتر وایە وەك خۆی بمێنێتەوە مادده هۆشبەرو کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاوییەکان بە هیچ شێوەیەك تەعریف نەکراون، نەك هەر لەو یاسایە لە یاسای وڵاتانی تریش تەعریف نەکراون، بەڵکە تەنها ئیشارەت دەدرێ بەو خشتانەی کە لە ئومەمی موتەحیدە دەر دەچێتن ساڵانە گۆرانکاری بەسەردا دێ چ ماددەیەك ماددەی هۆشبەرە چ ماددەیەك ماددەی کارتێکارە عەقلییەکانە و چ ماددەیەکیش پێشینەوی کیمیاویە، بۆیە ئەو جەدوەلانە هەتا ئەگەر موسادەقەش بکرێن لە لایەن پەرلەمانەوە ئەو جەدوەلانە ساڵانە پێویستە مواکەبەی ئەو تەتەوەرە بکا کە لەسەر مستەوای دەولی روو دەدات، ئەویش بە تایبەتی لە ایەن مونەزەماتی مەعنی، بۆیە تەعریف نەکردنیان کەموکورتی نین، بەڵکو تەنها ئیشارەت دەدا بەو مادانەی کە بە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیاوی دادەنرێ، بڕگەی (١٣)م دەست دانان مەبەست دەست بەسەر داگرتنە مەبەستی دەست بەسەر داگرتنە لە عەرەبیکە پێی دەڵێن (وضع الید المواد المخدرة) دەست بەسەر داگرتنە هیچ کێشەیەکی نییە، بیستم قسەی لەسەر کرا کە ئەو بازرگانی کردنە یانیش ئەو گرووپە رێگایان پێدەدرێ بە پێی یاسا ئەو یاسایە رێگایان پێ دەدات، بەڵام لە ژێر چاودێری ووردی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان دەبن کە دوایە دێینە سەری، کێ دەسەڵاتی تایبەتمەند چ وەزارەتێکە دەزگای ئاسایشە وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام ئەو لە هەموو یاسایەك ئەو باندانە بە ئاسانی ئیکتشاف ناکرێن، بە ئاسانی کەشف ناکرێن، بۆیە یاساکان رێگا دەدەن کە ئەوانەی لە ناو بازرگانی کردنن و خەڵکانێك رێگایان پێبدرێ بچێتە ناو ئەو گرووپانە بە مەبەستی ئاشکرا کردنی باندەکەو وەرگرتنی مەعلومات پێناسەی دەزگای ئاسایش لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەرێمی کوردستان دەرکراوە، بۆیە لێرانە تەعریف نەکراوەتەوە ئێمە وەکو حکومەت داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان کە یاساکە وەکو خۆی تێپەرێ، بۆیە ئەو مادده پێمان باشە دەسکاری کردنی هەندێك موستەلەحات لە رووی زمانەوانییەوە ئاسایە، بەڵام دەستکاریکردنی لە رووی علمییەوە کارێکی قورس دەبێتن، پێمان باشە وەکو خۆی تێپەرێ و ماددەکەو زۆر سوپاس.

**بەرێز هیمن احمد حمەصالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەرێزان ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بەردەوام دەبێ بۆیە بڕیارماندا وەك دەستەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکە هەڵدەگرین بۆ کاتژمێر ٢:٤٥ دەقە و گفتوگۆکردن لە ماددەی دووەوە دەست پێ دەکەین.

## پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان فەرموون لە شوێنی خۆتان دانیشن، دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ماددەکانی تری پرۆژە یاسایەکە، بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم دانیشتنە پێویستی بە نیصاب نییە، لەبەرئەوە دەتوانین ڕاستەوخۆ دەست پێ بکەین، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون وەرنە شوێنەکانی خۆتان، پەخشی ڕاستەوخۆ ڕادەگیرێ، لەبەرئەوەی پێشتر دەنگمان لەسەری دابوو، فەرموون، کاك شاخەوان ماددەی (٢) بخوێنەوە بێ زەحمەت.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددە/٢

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتیە لە مانەی خوارەوە:

یەکەم/ خۆ پاراستن لە ئاڵودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکەرە عەقڵیەکان، خراپ بەکارهێنان وچارەسەر کردنی، کەسانی ئالودە بوو بە هەر یەکێك لە نەخۆشیەکانی ئامادەسازکراو.

دووەم/ پەرەپێدانی دەزگاکانی هەرێم ئەوانەی پەیوەندارن بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی پێ کردن ناڕەوایە بە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقڵییەکان، پێشینە کیمیاییەکان یان خراپ بەکارهێنان.

سێیەم/ چڕکردنەوەی ڕێکارەکانی بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی پێکردن و ئاڵوگۆڕ کردنی ناڕەوای ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقڵییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان و سنووردار کردنی بڵاوبوونەوەیان.

چوارەم/ مسۆگەر کردنی جێ بەجێ کردنی کارای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندار بە ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان و پێشنینە کیمیاییەکان ئەوانەی کۆماری عێراق پەسەندی کردوون و یان تیایاندا ئەندامە لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم/ دەستەبەر کردنی سەلامەتی مامەڵە کردن بە ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان و پێشینە کیمیاییەکان بۆ مەبەستەکانی پزیشکی و زانستی و پیشەسازی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی د.سامان وەزیری تەندروستی و بەڕێز د.ڤالا وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، جەنابیان حازر دەبن لەگەڵمان بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستمان بە ڕوونکردنەوەیەك بوو فەرموون هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددە (٢) ی ئەم پرۆژە

یاسایە بکات با ناوی خۆی بنووسێ، بەڕێزان د.اسماعیل، کاك کاروان، سەوسەن خان، لەنجە خان، ئاشنا خان، کاك زانا، د.اسماعیل فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم ئێکا دی ئارمەنجەکا دی زیاد ببیت، ببیتە شەشەم، ڤێ ئاوایی ڕێگری کردن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئاڵودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لەسەر هزر و مێشکیان وەك هاندەرێك بۆ ئەنجامدانی تاوانە جۆراوجۆرەکان لە کوشتن و لاقە کردن و دزین و تاوانە وەکو تیرۆرستەکان، یەعنی ئەمەش ئیزافە ببی بۆ مادده هۆشبەرەکان، چونکە ئەمە تەئسیراتی ئەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەقەکە بگەیەنیتە لیژنە تایبەتمەندەکان زۆر باش دەبێ، کاك کاروان فەرموون.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ماددەی دووەم یەکێکە لە مادده موهیمەکانی پرۆژە یاسایەکە بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە من دوو تێبینیم هەیە لەسەری، تێبینی یەکەم لە بڕگەی (٣) کاتێك باس لەوە دەکرێ مسۆگەرکردنی جێ بەجێ کردنی کارای بەیاننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندار بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و پێشینە کیمیاییەکان ئەوانەی کۆماری عیراق پەسەندی کردوون یان تیایاندا ئەندامە لە هەرێمی کوردستان، پێشنیاز دەکەم ئەمە چونکە ماددەیەکە لە ئەساس دا زۆر موهیمە جێ بەجێ کردنی ئەم کارانە و پێشتریش بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئاماژەی بەوە کرد کە بەشێکی جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژە یاسایە لەسەر کارنامەی نێودەوڵەتییە و بۆ خۆی عورفێکی دنیاییشە ئەمە، داوا دەکەم لە ڕێگەی دامەزراندنی فەرمانگەی بەدواداچوون بۆ مادده هۆشبەرەکان زیاد بکرێ کە ئەمە دەکرێ لە تەعریفەکانیش جێگەی بکرێتەوە دواتر، واتا فەرمانگەیەکی تایبەت بەمە دابنرێ کە ئەساسە یاخود بەشێك یان هەر شتێك موهیم موعالەجە بکات، لەبڕگەی چوار دەستەبەر کردنی سەلامەتی مامەڵە کردن بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و پێشینە کیمیاییەکان بۆ مەبەستی پزیشکی و زانستی و پیشەسازی لەژێر چاودێری لیژنەی باڵا کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێنرێن، یەعنی ئەمە ئەگەر دروست بکرێت دەستەبەری سەلامەتی چۆن دەکرێ، کێ چاودێری دەکات؟ کێ زامنی ئەوە دەکات کە ئەم دەستەبەری سەلامەتیە مادده هۆشبەرەکان دەکرێ ئەوانەی کە بەکاردێن خاسەتەن بۆ پزیشکە بەڕێزەکان، یەك شتی تر کە بەلامەوە موهیمە لە بڕگەی یەکەم هاتووە خۆپاراستن لە ئاڵودەبوون باس لەوە دەکات خەلەل لە نەخۆشخانەکانی ئامادەسازکراو بۆ چارەسەری کردن، ئێمە نەخۆشخانەمان هەیە ئامادەکراو بێ لە هەرێمی

کوردستان بۆ چارەسەرکردنی مادده هۆشبەر؟، ئەم پرسیارەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی هەیە یان دادەمەزرێ لە پرۆژە یاسایەکە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەم تێبینیم هەیە، سەبارەت بە خۆپاراستن لە ئاڵوودەبوون، من پێموایە لە شوێنی ئاڵوودەبوون ئەگەر گیرۆدەبوون یاخود تووش بوون بنووسین باشترە، لەبڕگەی کۆتایی کە دەڵێت بە هەر یەکێکیان لە نەخۆشخانەکان ئامادەسازکراو، ئەمە وشەیەکی گونجاو نییە من پێموایە ئەمە لە جیاتی ئامادەسازکراو ئەگەر ئێمە بەم شێوازەی لێ بکەین خۆپاراستن لە گیرۆدەبووان بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکەرە عەقڵییەکان و خراپ بەکارهێنانیان چارەسەرکردنی کەسانی گیرۆدەبووی یاخود تووش بوو بە هەر یەکێکیان لە نەخۆشخانەکانی پەیوەندار بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقڵییەکان بۆ چارەسەرکردنی تووشبووەکان یاخود گیرۆدەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەنجە خان فەرموون.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم لە ئامانجەکانی ئەم یاسایە لە خاڵی دوو، پێم باشە و پێشنیار دەکەم کە پەرەپێدانی دەزگاکانی هەرێم ئەوانەی پەیوەندارن بە بەرەنگاربوونەوە و سزای بۆ زیاد بکرێ، چونکە مەبەست لێرە تەنها بەرەنگاربوونەوە نییە، بەڵکو دەبێ سزاش هەبێ بۆ ئەوانەی کە بازرگانی بەو بابەتەوە دەکەن، لە خاڵی سێیەم کە باس لە کارتێکارە عەقڵیەکان یان پێشینە کیمیاییەکان و سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەیان لە جیاتی سنووردار کردن وشەی ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەیان بەکاربێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە تێبینیەکان وترا، بەڵام بە دیاری کراوی لەسەر بڕگەی یەکەم هی ماددەی دووەم لەسەر وشەی ئامادەسازکراو، بەڕاستی ئەو وشەیە وشەیەکی نامۆیە و نازانم هەر بەر گوێم

نەکەوتووە، ئامادەکراو لەوە دەچێ کافی بێ، نەخۆشخانەی ئامادەکراو بۆ مەبەستی چارەسەر کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکانی بەڕێز کاك کاروان دەکەم بۆ ئەم ڕایانەی کە دەری بڕی لەسەر دوو بڕگەی ئەم ماددەیە، لەسەر بڕگەی یەکەم من پێم باشە دیارە هەر هاوڕێکانی تریش مولاحەزەیان لەسەر ئەم بابەتە هەبوو کە ناوی نەخۆشخانە دەهێنین بەڕێز وەزیری تەندروستیش لێرە ئامادەیە و نەخۆشخانە خۆی تایبی خۆی هەیە ڕەنگە سپێشەڵتی بی، ڕەنگە تەخەسوسی بێ یان عام بێ، ئەمە دەمان باتە ناو جەدەلێکی دیکە، بۆیە واباشترە دێری کۆتایی بەم شێوەیە بگۆڕین، بۆ چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵودەبوو بە هەر یەکێکیان لە سەنتەرەکانی چارەسەری کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکرێتەوە، چونکە سەنتەرەکانمان نییە لە ئێستادا پێویستە لێرە تەسبیت بکرێ، لەبڕگەی (٤) دا مسۆگەر کردن وشەیەکی زیادە بۆی، چونکە ئێمە جێ بەجێ کردنی کارنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، ئەو پەیماننامانەی چ ئەوانەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە تایبەت بە کارتێکەرە عەقڵیەکانی ساڵی ١٩٧١ و موادە موخەدیرەی ١٩٦١ و هەردووکیان ئێمە دەبێ مولزەم بین پێیانەوە، چونکە کۆماری عیراقی فیدراڵ واژووی لەسەر کردووە، بۆیە ئەمە تەنها لە جێ بەجێ کردنی ئەوە دەست پێ بکات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی قسەیەکتان هەیە؟ فەرموون.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، چەند تێبینیەکی بچووك هەیە، ڕەنگە درەنگ گەیشتم بە خوێندنەوەکە، ماددەی (٢) بەڕێز د.اسماعیل باسی ڕێگەی کاریگەری ئاڵودەبوون دەکات لە بڕگەی ڕێگری گرتن، تەبعەن خاڵی پێنجەم لە پرۆژە یاسایەکە هەر خۆی خۆپاراستن لە ئاڵودەبوون مانای ڕێگری کردنە، واتا (وقا )، دامەزراندنی فەرمانگەی بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە لیژنەی باڵا هەیە، ئەو لیژنەیە هەموو فەرمانگە پەیوەندارەکانی تێدایە، بەڵام ئەگەر فەرمانگەیەکی تایبەت دابمەزرێت ئەو کات بەدەر دەبێ لە فەرمانگە پەیوەندارەکان بە بڕوای من لیژنەی باڵایەکە باشترە لەبەرئەوەی هەموو پەیوەندارەکانی وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندارەکانی تێدایە، لەژێر چاودێری لیژنەی باڵا بە تاکید لە خاڵی چوارەم باسی

دەستەبەرکردنی سەلامەتی مامەڵە کردن لە کۆتاییەکەی باس دەکات لەژێر چاودێری لیژنەی باڵا، ماددەی تایبەتی هەیە لەم یاسایە، گومان لەوە دانییە هەموو ئەو دەستەبەر کردن و هەمـوو ئەو ڕێکارانە لەژێـر ڕاسـپاردە و بڕیارەکـانی لیـژنەی بـاڵا دەبـێ، بـۆیە دانـان و دەنەنـانی وابـزانم زۆر تاسیری لەسەر کوردیەکە ناکـات، ئایـا نەخۆشـخانە هەیە، نەخۆشـخانەی تـایبەت بە ئـاڵودەبوون نیـیە لە هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام ئەوەی هەیە تـا ئێسـتا بەشـێکی بچـووکە لە نەخۆشـخانە دەرونییەکـان چ قەرەوێـلەیەك بـۆ ئەو نەخۆشـانە دابـین کـراوە، بەڵام لەبەرنـامە دایە سـەنتەری ئاڵودەبوون و ڕاهێنانەوە دابنرێت، بەڕێز سوسن خان باسی تووش بوون دەکـات، تـووش بـوون، ئـاڵوودەبوون لە بـۆ مـاددە هۆشـبەرەکان زیـاتر بەکاردێـت، تـووش بـوون بـۆ نەخۆشـیەکانی تـر، نەخۆشـــیە گوزارەوەکـــان و نەگوازراوەکـــان هەیە، بەڵام ئـــاڵودەبوون واتـــا (إدمـــان)، بـــۆیە ئـاڵودەبوونەکە پـێم شـیاوترە، لە ئەسـڵی یاسـایەکەدا نیـیە، لەنـجە خـان باسـی سـنووردارکردن دەکات، بکرێتە ڕێگە گرتن، دەکرێت ڕێگە گرتن بێـت، لە جێـی سـنووردارکردن، سـنووردار کـردن هەندێك ماناکەی، بۆیە ڕێگەگرتنەکە فراوانترە، ئامادەسـازی لێـرە لە ئەسـڵی یاسـایەکەدا وشـەی ئامادەسـازی نیـیە، دیـارە لێـرە بـۆی زیـاد کـراوە، بەڵام لێـرە ئامادەسـازی لەبەرئەوەی لە ئەسـڵی یاسـایەکەدا نەبـووە و زیـاد کـراوە پـێم باشـە بکـرێتە ڕاهێنـانەوە، چـونکە (تأهیـل) بە کـوردی ڕاهێنـــانەوەیە، دەکـــاتە (Rihabiltation) واتـــا ڕای بهێنـــیەوە وەکـــو مرۆڤێکـــی ئاســـایی، نەك ئامادەسازی کە دەکاتە ئامادەکاری، بەڕێز کاك زانـا باسـی ئەوەی کـرد کە ئەمنـیش لەگەڵ ئەوەمە کە باسی نەخۆشخانە یان سەنتەر جیاوازی نییە، بەڵام باس بکرێ، چونکە نەخۆشـخانە بـێ یـان سـەنتەر بـێ تەنسیب دەبـێ بە چارەسـەرکردن و ڕاهێنـانەوەی ئەوانەی ئـاڵودەبوون بەم مـاددە هۆشبەرانە، سێیەم/ مسۆگەرکردن ئاساییە مسۆگەرکردن هەڵبگیردرێـت، چـونکە کە جـێ بەجـێ کرا وتا خۆی مسۆگەرکردن، بۆیە ئاساییە ئەگەر هەڵبگیردرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٣) لیژنە فەرموون کەرەمکەن، هەر بەڕێزێکتان بێ فەرمووو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى::**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم:

لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان.

ماددەی/٣

لە وەزارەت لیژنەیەك بەناوی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مـاددە هۆشـبەرەکان و کـارتێکەرە عەقڵیەکان دادەمەزرێ.

٢/ لیژنەی باڵا پێك دێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و جێگرایەتی جێگری ئاسایشی هەرێم.

٣/لیژنەی باڵا لە ئەندامێتی ئەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١. بەڕێوبەری گشتی فەرمانگەی کاروبارە تەکنیکیەکان لە وەزارەت.
٢. بەڕێوبەری چاودێری تەندروستی دەروونی.
٣. بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادی.
٤. بەڕێوبەری دەستەی گومرگەکان.
٥. بەڕێوبەری پۆلیسی گومرگ.
٦. نوێنەرێکی ئەم لایەن و وەزارەتانەی خوارەوە کە پلەکەی لە بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبێ:

أ/دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی داد، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایش، نوێنەرێکی هەر یەك لە سەندیکای پزیشکان و دەرمانسازان، چوارەم/ وەزیر فەرمانبەرێکی وەزارەت وەك بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەست نیشان دەکات، پێنجەم/ سەرۆکی لیژنەی باڵا بۆی هەیە هەر شارەزایەك لەبواری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی پێ کردنی ناڕەوا بە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقڵیەکان بانگهێشت بکات بۆ وەرگرتنی بۆچوونی بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات فەرموو ناوی خۆی تۆمار بکات، بەڕێزان کاك کاروان و د.شێرکۆ و د. اسماعیل و کاك زانا و کاك محمد و د.گلاوێژ گولیزار خان و کاك نزار و کاك مەم و کاك عبدالستار و کاك بەلێن و کاك ویسی، لە کاك ویسی دەست پێ دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە ماددەی (٣) لە بڕگەی (٦) کە نوێنەرێکی ئەم لایەن و وەزارەتانەی خوارەوە کە دەست نیشان کراون نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی تێدا بێت، چونکە بە دڵنییایەوە هەفتانە لە مزگەوتەکان کۆبوونەوەی جەماوەری کە وتاری هەیینیە بەڕێوەدەچێ، زۆر گرنگە لایەنی وشیارکردنەوەی هاووڵاتیانیش ڕەچاو بکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم نوێنەری وەزارەتی ئەوقافیش لەم بڕگەیە زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) پێشنیاز دەکەم بڕگەی دووەم و سێیەم بکرێتە یەك بڕگە، لیژنەی باڵا پێك دێت لەم ئەندامانەی خوارەوە: سەرۆکی لیژنەکە بەڕێز جەنابی وەزیر دەبێ، من نازانم لێرەدا کە وشەی جێگرایەتی هاتووە بەڕاستی ڕوون نییە، یەعنی جێگری وەزیرە یان کێی ترە؟ لەگەڵ جێگری ئاسایشی هەرێم؟ یەعنی ماددەی دووەم و سێیەم بکرێ بە یەك ماددە و بەو شێوازە دابڕێژرێتەوە: لیژنەکە بە سەرۆکایەتی وەزیر و جێگرەکانی و لەگەڵ جێگری ئاسایشی هەرێم و بەڕێوبەری گشتی فەرمانگەی کاروبارە تەکنیکیەکان تا خاڵی ٥، خاڵی شەشەم بکرێت بە بەڕێوبەری دیوانی هەریەکە لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داد و وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایش، یەعنی ئەو (أ و ب و ج) لابرێ لە قەوسێك دا بەڕێوبەری دیوانی هەر یەك لەم وەزارەتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.شێرکۆ فەرموون.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی (١ و ٢و ٣) تەبعەن بڕگەی (١) تەشکیلی لیژنەکەیە، لە بڕگەی (٢و٣) دا پێکهاتەی لیژنەیەکە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەی (٢و٣) دەمج بکرێ یان هەر سێکی یەکەم و دووەم و سێیەم دەمج بکرێ بە ببێتە تەشکیل و پێکهاتە، بۆ نموونە لە بڕگەی دووەم دا کە دەڵێ جێگری ئاسایشی هەرێم، جێگری چی ئاسایشی هەرێم؟ دەبێ بڵێی جێگری سەرۆکی ئاسایشی هەرێم، چونکە موئەسەسەکە وایە، لەبڕگەی سێیەم دا کە دەڵێ بەڕێوبەری چاودێری تەندروستی دەروونی دەبێ بڵێ کوێ؟ تەحدیدی نەکردووە، بۆیە دەبێ بڵێ لە وەزارەت، بۆ سێیەم هەر بە هەمان شێوە وەزارەتی بۆ زیاد بکرێ، چوار/ جیاوازە بەڕێوبەری دەستەی گومرگەکان ئەمەیان لە وەزارەتی دارایی و ئابووریە، پێنج/ بەڕێوبەری پۆلیسی گومرگ لە وەزارەتی ناوخۆ، لە بڕگەی چوارەم دەڵێ وەزیر فەرمانبەرێکی وەزارەت وەك بڕیاردەری لیژنەی باڵا دەست نیشان بکات، فەرمانبەرێکی وەزارەت ناکرێ هەر فەرمانبەرێك بێ، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم بوترێ کە لە ئاستی بەڕێوبەر کەمتر نەبێ، چونکە ئەم پێکهاتەکەی بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوبەرن، بۆیە ناکرێ هەر فەرمانبەرێك بڕیاردەر بێ لەو لیژنەیە، دەبێ لە بەڕێوبەر کەمتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە خاڵی شەشەم نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی رۆشنبیریشی تێدا بێ، چونکە ئەمە پەیوەستە بە زیاتر بە خەڵکەوە و زیاتر بە تەربیە بڵێین تەلەبە و ئەوانە تووش دەبن، رۆشنبیری هەر ئەوەیە بۆ ڕاگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالستار فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وایە بۆ ماددەی سێیەم بڕگەی (٣) لە خاڵی شەشەم کە باس لە نوێنەری وەزارەتەکان دەکات، نوێنەری وەزارەتەکانی پلاندانان و کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، و نوێنەری وەزارەتی بە تایبەتی بازرگانی کە پەیوەندی زۆر بە لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوە هەیە زیاد بکرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) یەکەم دەڵێ لە وەزارەت لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی باڵا بۆ خۆی لە قانونی موخەدەراتی عیراقی هەیئەیە، لیژنە نییە، پێم باشە بچووك نەکرێتەوە بە هەیئە بمێنێتەوە، ئەمەیان یەك، خاڵی دووەم لیژنەی باڵا پێك دێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و جێگرایەتی (و)ەکە لابردرێت ببێتە (بە) بەجێگرایەتی (فاریزەکە) هەڵگیرێ و ببێتە جێگری ئاسایشی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەك نووسراوە لە وەزارەت لیژنەیەك پێك دێت، لە بڕگەی دووەم نووسراوە پێکهێنەرانی وەزارەت لیژنەکە نووسراوە جێگری ئاسایشی هەرێم، ئاسایش سەر بە وەزارەت نییە، بۆیە پێویستە بنووسرێ لیژنەیەك بە ناوی لیژنەی باڵا دابمەزرێت، نەنووسن لە وەزارەت لیژنەیەك، چونکە ئاسایش سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، سەبارەت بە بڕگەی ٤ پاڵپشتی

قسەکانی د.شیرکۆ دەکەین، هەروەها پێکهێنەری لیژنەی باڵاکە پاڵپشتی قسەکانی گولیزار خان دەکەم سەبارەت بەوەی پێویستە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەردووکیان مەعنینە بەم مەبەستە نوێنەریان هەبێ سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی یەکەم، کاتێك کە باس لە وەزارەت دەکرێ لیژنەیەك لە وەزارەت پێك بێت حەقە ئەم لیژنەیە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وە زیران بێ، چونکە لە زۆربەی وەزارەتەکان خەڵکی تێدایە، زۆربەشیان پلەی بەڕێوبەری گشتیان هەیە، حەق نییە ئەمە سەر بە وەزارەتی تەندروستی بێ حەق وایە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ و نموونەشمان هەیە، وەکو دەستەی دەستپاکی و دەستەی ژینگە و کۆمەڵێك دەستەی تریش کە بە یاسا جێگای کراوەتەوە و ڕاستەوخۆش سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن، هەتا ئەگەر لە وەزارەتێکی مەعنیشەوە کەسێك بەڕێوەی ببات، ئەمە بڕگەی یەکەم، بڕگەی چوارەم کاتێك دەتوانین قسەکانی کاك د.شێرکۆ دەکەم کە باسی فەرمانبەر دەکرێ حەقە تەعریفی وەزیفی بۆ بکرێت، چونکە ناکرێ لەوێ هەموویان بەڕێوبەری گشتی بن و لێرە فەرمانبەرێکی زۆر ئاسایی بێت و ببێ بە یاریدەدەری لیژنە، حەقی خۆیەتی تەعریفی وەزیفی دیاری بکرێت، لە بڕگەی (٥) کە دەڵێ سەرۆکی لیژنەی باڵا بۆی هەیە، حەق نییە هەر سەرۆکی لیژنەی باڵا بۆی هەبێ، ئەمە حەق پێدانێکی باشە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی باڵا زائیدەن دوولەسەر سێی ئەندامانی لیژنە (٣/٢)، حەقە لیژنە خۆشی بەم هەموو پێکهاتە باشەیەوە ئەم هەیکەلیە باشە مافی ئەوەی هەبێ کەسێك بانگ بکات بۆ ئەوەی بتوانێ شارەزا بێ یاخود ئەو مافەی کە دراوە بە سەرۆکی لیژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەم ماددەیە بکەین دەبینین فراوانیەکی زۆری پێوە دیارە نوێنەری هەموو ئەو وەزارەت و دەستانەی کە زەرورن لەم پرسە کە وەکو ئافاتی سەردەم ناودەبرێت تێیدا بەشدار بن، ڕەنگە دەستەی مافی مرۆڤ زەرور بێ، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی رۆشنبیری بۆ دەرباز بوونمان لەم جەدەلە من پێشنیارێکی تازەم هەیە کە بەم شێوەیەی لێ بکرێت: لیژنەی باڵا پێك دێت بە سەرۆکایەتی وەزیر و جێگرایەتی جێگری

سەرۆکی ئاسایشی هەرێم و بە ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتەکانی تر و لایەنە پەیوەندارەکان بە مەرجێك پلە وەزیفیەکانیان لە بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبێ، ڕەنگە ئێمە ساڵێکی تر دوو ساڵی تر ئیستحداسی موئەسەسەیەکی تر بکەین لەم وڵاتە، رەبتیشی بە مادده هۆشبەرەکانەوە هەبێ، ئەگەرئێستا ئێمە لە قانون دا هەموو جێگایەکان تەشخیس بکەین، ئەو کات دەبێ ئێمە بێین یاسای بۆ تەعدیل بکەین، بۆیە ئەم دەسەڵاتە بدرێتەوە بە لیژنە باڵایەکە ئەوانەی کە زەرورن و پەیوندارن لەوێ دا دەبێ نوێنەرایەتی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ئەوەلەن ئەز پشتگیریا د.شێرکۆ دکەم د بۆچوونا وی دا، ئیزافەتەن ئەز پێشنیار دکەم نە لیژنە بیت دەستەیەکا تایبەت بی بۆ ڕێگرتنێ لە هۆشبەریی، لیژنەیەت دەوری خۆ وەکو دەستەیی نایینی، دەستەیەکا موستەقل بیت، وەکو هەیئە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم/ دووەم/ لیژنەی باڵا پێك دێت لە وەزارەت لیژنەیەك بەناوی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان دادەمەزرێت، وشەی دادەمەزرێت نابێ، چونکە لیژنە پێك دە هێنرێت، دانامەزرێت، ئەو مولاحەزەیە، وەکو نوێنەری وەزارەتەکان پێم باشە وەزارە تی پەروەدە و خوێندنی باڵا نوێنەری هەبێ، چونکە ئەو بڵاوبوونەوەی ئافات و ریکلام کردنە کە لە ناو بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەناو قوتابیان و زانکۆکان دا بڵاوبۆتەوە حەملی مکافحەکردنی دەکەوێتە سەر ئەو دوو وەزارەتە، بۆیە پێم باشە نوێنەریان هەبێ، نوێنەری ڕاگەیاندن و رۆشنبیریش هەبێ، ئەویش باشە، چونکە لەڕووی ئیعلامەوە بۆ هۆشیارکردنەوە باشە ئەو نوێنەرانەی تێدا بێ، پشتگیری گولیزار خان دەکەم کە پێشنیارەکانی پێشکەش کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان وەزیرە بەڕێزەکان بە گوێرەی ماددەی (٨٨) دەتوانن لە ماوەی دوو دەقەیا ئەو شتانەی کە پێتان وایە جۆرێکە لە گۆڕانکاری لە پرۆژە یاسایەکە تەنها وەلامی ئەوانە بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکان ماددەی (٣) زۆر باسی ئەوە کرا کە وەزارەتە پەیوەندارەکان، وەزارەت زۆرە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ، وەکو ئەوقاف و کاروباری ئایینی، پەروەردە و خوێندنی باڵا و رۆشنبیری و راگەیاندن، لەوانەیە هەندێ وەزارەتی تریش هەندێ کاری تایبەت ئیشمان پێی بێت وەکو شارەوانی و کۆمەڵێك رێکاری تر لە هەندێ وەزارەت دەکرێ، بۆیە بە پێویستی نازانین کە بۆ هەر کارێك، چونکە شەرت نییە هەموو جارێك لە لیژنەی باڵا ئامادەبن، کە بۆ کاری پەیوەندارە، لیژنەی باڵا دەتوانێ ئەو کات بڕیار بدات بە ئامادەبوون، بە پێی بڕگە یاساییەکان، بەڕێز کاك بەڵێن باسی وابزانم دوو، سێ بەڕێزی تر باسی ماددەی دووەم و سێیەم دەکرێت دەمج بکرێ تەنانەت لەگەڵ یەکەمیش، جێگرایەتی (و)ەکە بکرێتە (ب) مەبەست لێرە جێگرایەتی وەسفی جێگرایەتی دەکات لەپاش وی دەڵێ جێگری ئاسایشی هەرێم، دەزگای ئاسایشی هەرێم، باسی خاڵی شەشەم، بەڕێز کاك بەڵێن باسی دەکات بەڕێوبەری گشتی دیوان بە پێچەوانەوە، چونکە لە هەموو وەزارەتێك ئەو کارەی کە دەکەوێتە ئەستۆی شەرت نییە لە ئەستۆی بەڕێوبەری گشتی دیوان بێ، چونکە زیاتر کاروباری هونەری دەبێ، بۆیە لە هەندێ شوێن ناوی کاروباری هونەریە و لە هەندێ شوێن بە پێی وەزارەتەکە دەگۆڕدرێت، دەکرێ وەزارەتەکە بە گوێرەی پەیوەنداری کەسەکە بڕیار بدات، بەڵام لە بەڕێوبەری گشتی کەمتر نەبێ پلەکەی، بەڕێز د.شێرکۆ باسی ئەم دەمجەی کرد، باسی ئەوە دەکرێ کە لە وەزارەت نەبێ، چونکە ئەمە لیژنەی باڵای ئەنجومەنی وەزیران نییە، بەڵێ لیژنەی باڵاتر هەبووە پێشتر بۆ بابەتی تر بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی چەند نەخۆشیەك وەکو ئەنفلەوەنزا لە ساڵانی پێشوو لیژنەی باڵا هەبووە، وەزیرەکان ئەندام بوونە تێیدا، بۆیە لیژنەی باڵای ئەنجومەن بووە، لیژنەی باڵای حکومەت نەبووە، بەڵام ئەوە لیژنەی باڵایە لە وەزارەتی تەندروستی بە ئامادەبوونی ئەو بەڕێزانە، فەرمانبەر دەکرێ پلەکەی دواتر لە پەیڕەودا یان لیژنەی باڵا لە ڕێنماییەکان دا بڕیار بدات کەسی پەیوەندار لە سکرتاریەت یان بڕیاردەری ئەو لیژنەیە خاسیەتێکی هەبێ، گولیزار خان دیسان باسی تەربیە و ئیعلام و زۆر وەزارەت و لایەنی تر هەیە ئەگەر بێینە سەر ئەوە دەبێ ئەو کات (NGO) یەکانیش باس بکەین، باسی یەکێتی زانایانی ئایینی و زۆر لایەنی تر هەیە ڕۆڵی دەبێت، بەڵام بە پێویستی نازانین باس بکرێ لە یاسایەکە، کاك عبدالستار باسی پلاندانان و بازرگانی و بە هەمان شێوەیە، کاك نزار باسی ئەوەی کرد (و)ەکە بکرێتە (ب)، کاك محمد لیژنەیەك پێك بهێنرێت، باسی ئەوەی کرد بەڵێ دەکرێ و د.گەلاوێژیش باسی ئەوەی کرد بکرێتە پێکهێنان، بەڕێز د.اسماعیل باسی لیژنەی باڵای حکومەتی کرد، جوابم داوە، لیژنەی مافی ٣/٢ ئاساییە دەکرێ مافی ٣/٢ ی بڕیار بدات، کێ بەشدار بێ کاك زانا باسی ئەوەی کرد کە پێم باش نییە لیژنەکە زۆر کراوە بێ، تەحدید بکرێ لە یاساکە باشترە، ئاخر بەڕێز کاك د. عثمان دەستەیەکی تایبەت هەبێ، ئێمە لە بڕگەی یەکەمیش لە پێناسەکان و ئامانجەکان باسمان کرد، باشترە لیژنەی باڵا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی قسەیەکتان هەیە؟ کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسانەوە هەر سەبارەت بە فراوانکردنی لیژنەکان دیارە ئەوەی کە باسکرا نوێنەری پەروەدە وخوێندنی باڵای تێدابێت، تەنیا بە پێویستی دەزانم بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە نوێنەرایەتی هەریەك لەو بەڕێزانە ئەگەر ئەهلی ئیختساس نەبن هیچ سودێکی نییە، لە کاتێك دا نوێنەری خوێندنی باڵا پێموایە ئەهلی ئیختساس نین، بۆیە ئەگەر لەناویشیدا هەبن، تەنها چۆن دەڵێی قەرەباڵغ کردن و کۆکردنەوەی بابەتەکەیە و تۆزێك مەهامە رەئیسیەکەیان لەسەر لادەچێ، سەبارەت بەوەی کەوا نوێنەری ئەوقافی تێدا بێ، ئێمە لە ماددەی ٧ ئاماژەی پێدراوە لەم یاسایە ئەگەر تێپەڕ بوو، کەوا ڕێنوێنیکەری ئایینی ڕۆڵی دەبێ، کەواتە پێویست نییە لیژنەکە لەوەی کە هەیە فراوانتر بێ بۆ ئەوەی بتوانین مەهامی خۆیان بپێکن، لیژنەکە ئەو عەدەدەی بۆی دانراوە لە عیراقیش هەر بەو شێوازەیە، پێمانوایە بەو شێوازە دروست ترە، نەوەکو نوێنەرایەتی بۆ زیاد بکرێ، یاخود هی کەسی تر ئیزافە بکرێ بۆ لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر زۆر سوپاس، نوقتە نیزامیە؟ نا ناتوانی ڕوون کردنەوە لەسەر ڕوون کردنەوە بدەی، د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی دووەم، ڕاست کردنەوەیەك بکرێ، بە سەرۆکایەتی وەزیرە و جێگرایەتی جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێم، لەبەرئەوەی جیهازی ئاسایشە، دەزگای ئاسایشی هەرێم، لەسەر بابەتی زیاد کردنی مودیر عامەکانی وەزارەتەکانی تر کە ئیشارەتی پێدرا وەکو لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند هاوڕاین کە زیاد نەکرێت بۆ ئەو بابەتە، لە بابەتی سێیەم کە سەرۆکی لیژنە بۆی هەبێ خەڵك بانگ بکات، سەرۆکی لیژنە و دوو لەسەر سێی ئەندامان ئەوەی کە کاك هاوڕێ پێشنیاری کرد، ئێمە ڕازین کە دوو لەسەر سێی ئەندامانیش حەقی ئەوەیان هەبێ خەڵکی بانگهێشت بکەن بۆ لیژنەکە، لەسەر ئەوەی لیژنە ببێ بە دەستە حکومەت خۆی بپارێزێ لە هەموو کارێك کە ببێتە بارگرانی دارایی لەسەری، بۆیە لە دەستە خۆمان پاراستووە، بابەتەکەمان کرد بە لیژنەیەکی باڵای سەر بە وەزارەتی تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ببورە، فەرموو، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو سۆنگەیەوە کە لە ماددەی (٥) ی یاسایەکەدا بڕگەی (١٢) ئەرکەکانی دیاری کردووە، کە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند لەهەر کاروبارێك لە کاروباری مادده هۆشبەرەکان، واتا لیژنەی تایبەت دەتوانێ ئەم ئەنجومەنە پێکبهێنێ، بەڕاستی ئەم هەموو بەڕێوبەرە گشتی و ئەم لیژنە فراوانە پێویست ناکات، ئەم لیژنەیە (١٧) ئەندامی هەیە بە سەرۆك و جێگرەوە، (١٧) ئەندامی هەیە، بێ لەوەی دەعوەتی خەڵکانی پسپۆر دەکەن بۆ ئەوەی لە موناقەشات دا بەشدار بن، دەورێکی ئیستشاری دەبینن ئەو کەسانە، بۆیە ئەمە قەرەباڵغایەکی زۆرە ئەم لیژنەیە بەڕای من، من ئێستا پێشنیازەکانم لەمبارەیەوە دەخەمەڕوو، لەبەرئەوەی لیژنەی تایبەتمەند دەتوانن لەبواری جیاجیادا پێك بێنن، مەسەلەن لیژنەکە نابێ لە وەزارەت بێ، فعلەن وەکو هەندێ لە هاوڕێیان پەرلەمانتارە بەڕێزەکان هەندێکیان باسیان کرد، لیژنەیەك پێکبهێنرێ بەناوی ئەوە، جێگرێك بۆ ئەوە ئەو ئیزافەیە دەبێ جێگری ئاسایشی گشتی هەرێمە وا تێ ئەگەم نەوەك ئاسایشی هەرێم، پێشنیازی من ئەوەیە لە بەڕێوبەری گشتی فەرمانگەی کاروبارە تەکنیکیەکان حیکمەت چیە تیای بێ لەناو ئەم لیژنەیە؟، ئەگەر لیژنەی فەرعیمان پێك هێنا پسپۆرێکی تەکنیکی تۆ دەتوانی لەناو لیژنەیەکی فەرعی بۆ ئەرکێکی موحەددد پێی بسپێرێ، بەڕێوبەری چاودێری تەندروستی ئەمە بەڕێوبەری چاودێری گشتیمان نییە، حاڵەتی مادده هۆشبەرەکان بەشێکی پەیوەندیان بە باری تەندروستی گشتییەوە هەیە، بوعدێکی، لایەنێکی پەیوەندی بە لایەنی دەرونییەوە هەیە، بۆیە ئەولەویەت دراوە بە لایەنە دەروونییەکە، لایەنە تەندروستیە گشتییەکە فەرامۆش کراوە، بۆیە پێموایە لایەنی گشتی و تەندروستی گشتی ڕەچاو بکرێ لەناو لیژنە فەرعیەکان دا دەروونیش بە هەند وەربگیردرێ لەناو لیژنە فەرعیەکان دا بەڕێوبەری پەیمانگای پزیشکی دادی کە پەیوەندی بە مردوو و فەحسی مردوو و ئەو شتانە هەیە پێموایە ئەگەر تۆ داتا و بوێ لە توب عەدلی پێویستت ناکات لە توب عەدلی ئەوە بێ، ئەم نوێنەرایەتی پەیمانگای دادی هەست دەکەم حیکمەت نییە لەم هینە، بەڕێوبەری ماددام دەستەی گومرگەکان هەیە و بەڕێوبەری پۆلیسی گومرگیش پێویست ناکات یەکێکیان ساغ ببێتەوە کە پێویست دەکات ئەو بێت، نوقتەیەکی دیکە هەیە، بە زیادەی دەزانم نوێنەری ئەنجومەنی دیوانی چاودێری، خاڵێکی تر ئەگەر ڕێگەم بەن، گرنگە ئەمە بەڕاستی، ئەوەی کە پەیوەندارە بەوەی وەزارەتی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو نوێنەرایەتی ئەبێ، کشتوکاڵ پەیوەندی بە مۆڵەتی ڕەسمی بواری زراعەتەوەیە، ئەمە ئەگەر زەراعەت بێ لە کوردستان دا شتی ناقاچاغە، پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە نەك کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی (٤) بخوێننەوە فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٤

یەكەم/ لیـژنەی بـاڵا بەلای كەم مـانگی جارێـك كـۆدەبێتەوە لەسـەر بانطهێشـتی سـەرۆكەكەی، سەرۆكەكەش بۆی هەیە بانگهێشتی كۆبوونەوە بكات هەر كاتێك پێویست بێ.

دووەم/ ژمارەی یاسایی كۆبوونەوەی لیـژنە بە ئامـادەبوونی دوو لەسـەر سـێی (٣/٢) ئەنـدامانی تەواو دەبێت و لە حاڵەتی ئامـادەنەبوونی سـەرۆك ئەوا جێگـرەكەی سـەرۆكایەتی كردنـی كۆبوونەوەكە لەئەستۆ دەگرێت.

سێیەم/ بڕیارەكانی لیژنەی باڵا لەڕێگەی دەنگدان و بە زۆرینەی ژمارەیان ئامادەبووانی دەنگـدەر وەردەگیـرێ، ئەگەر دەنگەكـان یەكسـان بـوون ئەوا ئەو لایەنە پـێش دەخـرێ كە سـەرۆك دەنگی لەگەڵ دەدات.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك كەدەیەوێ لەبـارەی مـاددەی چـوار قسـە بكـات؟ بەڵـێ بەڕێـزان حسیبە خان، د.شێركۆ، د.اسماعیل، روپاك خان، كاك بەڵێن، كاك كاروان، كاك هاوڕێ، حسیبە خان، روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز رووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە مـاددەی چـوار باسـی كۆمەڵێـك ئەركـی سـەرۆك كـراوە، بەڵام لە مـاددەی (٣) باسـی سـەرۆك نەكراوە ئایا كێ دەبێ، كێ هەڵی دەبژێرێ؟ دیاری نەكراوە ئایا سەرۆك كێیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاورێ بنأ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(ماددەی ٤) بڕگەی یەكەم، دەڵێ لیـژنەی بـاڵا بەلایەنـی كەم مـانگی یەكجـار كـۆدەبێتەوە لەسـەر بانگهێشتی سەرۆكەكەی، هەڵبەتە لەگەڵ ماددەی دووەم پێچەوانەیەكی تیـایە، ئەبـوو لە بـڕگەی یەكەم بڵێـت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ جێگـرەكەی بانگهێشـتی ئەنـدامان دەكـات بـۆ كۆبـوونەوە، لەبەرئەوەی لە بـڕگەی دووەم دا ئەڵــێ ئەگەر ســەرۆك لەوێ نەبــوو جێگــرەكەی سەرپەرشـتی كۆبوونەوەكە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو تێبینــی هەبــوون، یەك/ ئەز دبیــنم خــاڵا دویــێ ژمــارا یاســایی کۆبــوونەوەی لیــژنە ئامـادەبوونی ٣/٢ ی ئەمە دەبێـتە ئاسـتەنگ معـوق، مـومکینە دوو لەسـەر سـێ حـازر نەبـن، ئەز ئیقتراح دکەم ببیتە ٥٠+١ زۆرینە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ نوقتا سێ سەترا ئەخیری ڕێزا ئەخیــری دبێــژیتن پــێش دەخــرێ کە ســەرۆك دەنگــی لەگەڵ دەدات، باشــە ئەگەر جێگــرەکەی ریئاسەتی جەلسەکە بکات ئەو کات دەبێت ئیزافە بێ کە سەرۆك یان جێگرەکەی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی یەکەم تەنها پێشنیار دەکەم لەسەر شێوازی داڕشتنی بڕگەکە بەم شێوەیەی لێ بێت، لەبەرئەوەی لێرە ئاماژە بەوە کراوە کە لیژنەی باڵا بەلای کەم مانگی یەك جـار کـۆدەبێتەوە، پێم باشە بەو شێوەیە دای بڕێژینەوە، لیـژنەی بـاڵا مانگـانە کۆبـوونەوەی ئەنجـام دەدات لەسـەر بانگهێشتی سـەرۆکی لیـژنە و سـەرۆك لیـژنەش بـۆی هەیە داوای کۆبـوونەوە بکـات هەر کاتێـك پێویست بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٤) بـڕگەی (١) پێشـنیاز دەکەم بەم شـێوازە دابڕێـژرێتەوە: لیـژنەی بـاڵا بە لایەنــی کەم مــانگی یەکجــار کــۆدەبێتەوە لەســەر بانگهێشــتی ســەرۆك یــان دوو لەســەر ســێی ئەندامانی لیژنە، هەر کات پێویست بکات سەرۆك دەتوانێ بێجگە لەو کۆبوونەوە ڕەسمیە ئەوەی کە مانگی جارێکە، سەرۆك دەتوانێ بانگهێشتی هەموو ئەندامان بکـات هەر کۆبـوونەوەیەکی تـر لەکاتی پێویست، سـەبارەت بە بـڕگەی سـێیەم بڕیارەکـانی لیـژنەی بـاڵا لە ڕێـگەی دەنگـدان و بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی لیژنە نەك ئەنـدامانی ئامـادەنەبوو لەکـاتی یەکسـانی دەورەکانـدا ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە بەپەسەندکراو دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (د.شێرکۆ)، فەرموون.

**بەڕێز شیرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتوانی لەهەردوو بۆچوونەکەی (د.اسماعیل) دەکەم لەبری من قسەکانی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموون.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتوانی کاك (هاورێ) و (د.اسماعیل) و پشتیوانی کاك (بەڵێن) دەکەم بۆ ئەوەی دوو لەسەر سێ ی لیژنەش مافی بانگکردنی کۆبوونەوەشیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان وەزیرەکان، ئەگەر قسەێکتان هەیە، فەرموون.

**بەرێزد. سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێڕوانینمان لەسەر تێبینییەکان سەرۆك وابزانم لە ماددەی پێشوو باسکرا کێیە پێناسە کرایە، بە تەئکید بە هەماهەنگی دەبێت، سەرۆك ئەگەر لێرە نەبوو جێگر ڕۆڵی سەرۆك دەبینێ لە دەنگدانەکە، پەنجا زاید یەك ئێمە لە ماددەی پێشوو باسمان کرد، ئەگەر دوو لەسەر سێ بێت، بۆیە لێرەش هەر دوو لەسەر سێیەکە رەنگە پەسەند تر بیت باشتر بیت، مانگێ یەك جار هەر کاتێك کاتێك دەڵێ بەلایەنی کەم مانگی جارێك رۆتین، بەڵام بەلایەنی کەم واتە کراوە دەبێت، ئەگەر هەر چەند پێویست بکات، ئەندامانی لیژنە ئەندامانی ئامادە بوو لەسەر کۆبوونەوەکە ئەندامانی ئامادەبوو دەنگ دەدەن، ۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٥)، فەرموون

**بەرێزد. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی (٥) لیژنەی باڵا ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

١-دانانی سیاسەتی گشتی بۆ هاوردەکردنی هەر جۆرێکی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان و پێشینە کیماییەکان و هەناردەکرن و گواستنەوە و بەرهەم هێنان و دروستکردن و گیرانەوە و شیکردنەوە و چاندن و بە خاوەن بوون و بەردەستبوون و دەست بەسەر داگرتن و بازرگانی پێکردن و کرین و فرۆشتن و رادەستکردن و وەرگرتن و نووسینی

به راچێتەی پزیشکی سەرف کردنی لەرووی دەرمانسازی و هێنانەوەی بە هەر ڕێگەیەکیان نێوەنـدگیری لە هەر یەکێـك لەم پرۆسـانە بـۆ مەبەسـتەکانی پزیشـکی یـان زانسـتی یـان پیشەسازی بەم مەرجەی بەپێی مۆڵەت بێت کە وەزیر دەری دەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم.

٢- هەماهەنگی کردن و هاریکاری لەگەڵ وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی تایبەتمەند لە کاروباری مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان لە هەرێم بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

٣-هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکانی حوکمەتی ئیتیحادی بە وەزارەتی تەندروستیشەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

٤- دانانی ستراتیژیەتی نیشتمانی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی پێکردنی نارەوا ی مادده هۆشبەرەکان و خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە ئەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و ئامادەکردنی پلان و پرۆگرام بۆ جێبەجێ کردنیان لە هەرێم.

٥- گرتنە بەری ڕێکاری پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوەی دیاردەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان خراپ بەکار هێنانی کارتێکارە ئەقلییەکان بەپێی میتوەدی زانستی چاکسازی چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵودە بوو.

٦- ساڵانە دیاریکردنی بڕی ئەو مادده هۆبەرو کارتێکەرە ئەقلی و پێشینە کیمیاییانەی دەکرێت هاوردە بکرێن یا هەناردە بکرێن یا بگوازرێنەوە یان بەرهەم بهێنرێن یان بچێنرێن بۆ مەبەستەکانی زانستی و پزیشکی.

٧- ساڵانە سوود وەرگرتن لە رۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی دەربارەی ترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یاتن بازرگانی پێکردنی نارەوا یان خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان.

٨- هاندانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان لە جۆرەها بوارەکانی بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی پێکردنی نارەوا بە مادده هۆشبەرەکان کارتێکارە ئەقلییەکان و خراپ بەکارهێنانیان، ئەنجامدانی پێشنڕکێیەکی ساڵانە کە تیایدا پاداشتی ماددی و هاندەر و خەڵاتی نەختینە بەخشرێ بە کەسانی براوە.

٩- پێشنیاز کردنی دامەزراندن و پەرەپێدانی دامەزراوەی تەندروستی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵودە بوو بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان و دەست بەسەرکردنی پێداویستیەە بنەرەتییەکانی لە میلاکی هاتوو بۆ ئەو چارەسەرییە لەگەڵ ئامێر و کگەرەستەی پێویست.

١٠- هاندانی ڕێکخراوەکانی گۆمەڵگای مەدەنـی پەیوەندیـدار بە پرسـەکانی بەرەنگار بـوونەوەی بازرگـانی پێکردنــی نـاڕەوا بە مـادده هۆشـبەرەکان و کارتێکـارە ئەقلییەکـان یـان خـلاچ بەکارهێنانیان هەروەها کۆمەککردنیان لەرووی ماددەی و مەعنەوییەوە.

١١- گرێبەست کردن لەگەڵ شارەزایانی خاوەن لێهاتووی زانستی و پراکتیکە بـۆ سـوود وەرگـرتن لێیان لەهەر بوارێك لەو بورارانەی بەشدار دەبێت لە هێنانە کایەی ئامانجانی ئەم یاسایە.

١٢ پێکهێنـانی لیـژنەی تایبەتمەنـد لەهەر کاروبارێـك لە کاروبارەکـانی مـادده هۆشـبەرەکان وە کارتێکارە ئەقلییەکان.

١٣- هاندانی کادیرە پزیشکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کار کردن لەو دامەزراوانەی پەیوەندارن بە بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان و چارەسەر کردنی ئـاڵودە بوو بە مادده هۆشبەرەکان.

١٤- نوێکردنەوەی ئەو خشتانەی هاوپێچی ئەم یاسایەن لە (١) بۆ (١١) بەم شێوەیەی گونجـاوە و ڕێك دەبێت لەگەڵ ئەو ڕێکەوتنە نیودەوڵەتیانەی لەلایەن کۆمـاری عیراقـی فیـدراڵەوە واژوو کراون و پەیڕەو کراون.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان هەر کەسێك دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکات با نـاوی خـۆی تۆمـار بکا، بەڕێزان ناوەکان ئەخوێنینەوە، کاك ظاهر، کاك زانا، کاك عبدالستار، کاك کاروان، روپـاك خـان، کاك دابـان، کـاك بەڵێن، شـیرین خـان، کـاك رزگـار، بـدریە خـان، کـاك د. اسـماعیل، د.گلاویـژ، کـاك د.شیرکۆ، کاك ظاهر، فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، پێشـنیاز دەکەم هەردوو بـڕگەی (٢،٣) بکـرێتە یەك بـڕگە بەم شـێوەیە (هەمـاهەنگی کـردن و هاریکـاری کـردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیـدارە تایبەتەکـان لە کاروبـاری مـادده هۆشـبەرەکان و کارتێکـارە ئەقلییەکـان لە هەرێـم لەگەڵ لایەنـی ئیتحـادی تایبەتمەند بە وەزارەتی تەندروستیشەوە، ڕێکخراوە کۆمەڵگای مەدەنی تایبەتمەند بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەم یاسایە).

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (بدریە)خان، فەرموون.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میرەبان، پێویسـتە بـۆ مـاددەی پێـنجەم ئەم بـڕگەیە زیـاد بکرێـت بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە (بە پلانێکی ساڵانە ئەنجامدانی هۆشیاری کۆمەڵگایی لە ڕێگە میدیاکان و

میمبەری مزگەوتەکان و ناوەندەکانی خوێندن و بۆ ناساندنی مەترسی ئەم مادەدانە و کاریگەرە خراپەکانی لەسەر تاك و كۆمەڵگا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (دابان)، فەرموون.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی یەکەم قسەم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەم بڕگەیە زۆر دوور و درێژە، خاڵبەندی بە هیچ شێوەیە تیا نییە، حەوت بۆ هەش دێر دەبێت وە دووەم دانانی سیاسەتی گشتی بۆ هاوردەکردن هەر ماددەیەکی هۆشبەر، داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری تەندروستی دەکەم کە ئایا هەموو جۆرە ماددەیەکی هۆشبەر لە بواری پزیشکی و پیشەسازیا بەکار دەهێنرێ، چونکە ئیستیسنا نەکراوە لێرە هەموو جۆرە ماددەیەکی هۆشبەری هێناوەتەوە، ئەگەر لیستی ئەو دەرمانانە یا ماددەکان لەناو ئەم هینەیا هاتووە، ئایا گۆرانکاری بەسەر دادێت؟ تاکو ئەو صەلاحیاتە بدا بە بەڕێز وەزیری تەندروستی لە کاتێکا هێنانی هەموو جۆرە ماددەیەکی هۆشبەر هەموو بەبێ ئیستیسنا هاتووە مۆڵەتەکەی دراوە بە وەزیری تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شیرین) خان، فەرمووون.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٥) ساڵانە سوود لە وەرگرتنی ڕۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیارە لەبواری سیمینار وۆرك شۆپ، بایەخدان بە ئاستی ڕۆشنبیری و ئەقلی و فکری گەنجان بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی ساڵانە لە چوارچێوەی خۆپاراستنی و مەترسییەکانی ئاڵودە بوون، زۆر سوپلس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (زانا)، فەرمووون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بڕگەی یەکەم دەکەم لە لیژنە یاسایی تایبەتمەندەکان لە دێری پێنجەم کە دەڵێ (هێنانەوەی بەهەر ڕێگا نێوەنگیری لەهەر یەکێك لەم پرۆسانە)، ئەمە مەبەست چییە؟ حەز دەکەین ڕوون کردنەوەیەك ئاماژە پێبکەن، لە بڕگەی حەوتەم ئێمە دەزانین ساڵانە حەفتەی بەرەنگار بوونەوە دادەنرێ یان (١٤) ڕۆژ دادەنرێ، حەقە لەم یاسایەدا جێگای بکەینەوە

بلێین (ساڵانە ماوەی چالاکییەکان) ئەمەی بۆ زیاد بکرێت بە سوود وەرگرتن لە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان دیاری دەکرێت، ئەوەی دیکە تەکمیلە بکرێت لەگەڵی، بڕگەی دەیەم هاندانی ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەندیدا بە پرسەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی پێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کاتێکار ئەقلییەکان یان خراپ بەکارهێنانیان، هەروەها کۆمەککردنیان لە رووی ماددەی مەعنەوییەوە، لەرووی ماددی پێم وایە زیادە دەرگایەکی دیکە بکاتەوە بەرەو رووماں لەگەڵ رێکخراوەکانی گۆمەڵگای مەدەنی، ئەم وشەیە لە رووی ماددی زیادە لابرێت، بڕگەی سێزدەیەم باس لە هاندانی کادیرە پزیشکییەکان دەکات ئەم بڕگەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت (هاندانی و پەرەپێدان بە تواناکای کادیرە پزیشکییەکان)، یەعنی ئێمە ئەگەر لەرێگای راهێنانی بەردەوام نەتوانین پەرە بە تواناکانیان بدەین رەنگە نەتوانرێ ئەم دامەزراوانە سەرکەوتوو بن کە دەکرێنەوە لە ئایندەدا، بڕگەی چواردەیەم کە باس لە نوێکردنەوەی خشتەکان دەکات کە ئەم دەسەڵاتە بە لیژنەی باڵا دەدرێت لە کۆتاییەکەی دێرێك زیاد بکرێت وە هەر گۆرانکارییەك لەلایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانی ساڵانە لە خشتەکان دیاری دەکرێت، چونکە رێکخراوی تەندروستی جیهانی مەعنییە بەم بابەتە ساڵانە ئیعلانی خۆی دەکا کە چ ماددەیەك مەوادی مخەدرە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.گلاویژ)، فەرموون.

**بەرێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی هەشتەم هاندانی لێکۆلینەوە و توێژینەوە زانستییەکان لەجۆرەها بوارەکانی لێرە پێم باشە بنوسرێ (لەبوارە جیاوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی و بازرگانی پێکردنی نارەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کاتێکەرە ئەقلییەکان و خراپ بەکارهێنانی و ئەنجامدانی پێشبرکێیەکی ساڵانە)، لێرە نووسینەکەی هەڵەیە بەس چابکرێ، بڕگەی سێزدەم هاندانی کادیرە پزیشکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، پێم باشە هاندان و پەرەپێدانیان کادیرە بزیشکییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بۆکارکردن، بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان کارتێکەر لێرە بەهەڵە نووسراوە چاکبکرێتەوە (کارتێکەرە ئەقلییەکان)، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموون.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی (بدریە) خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (بەڵێن)، فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی (شیرین) خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (د.شیركۆ) فەرموون.

**بەڕێز شیركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكان (بدریە) خان و (شیرین) خان دەكەم سەبارەت بە هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگا لەسەر مادده هۆشبەرەكان وە هەروەها لە ماددەی (٥) لە بڕگەی یەكەم پێشنیاری زیادكردنی دوو سێ وشە دەكەم كە دیارە ئەم بڕگەی یەكەمە باس لە دانانی سیاسەتی گشتی بۆ هاوردەكردنی هەر جۆرێكی مادده هۆشبەرەكان و كارتێكارە ئەقلییەكان دەكات، ئیتر بەهەموو شێوازەكانی مامەڵە كردنی وە لە كۆتایشا ئەڵێ بەو مەرجەی بەپێی مۆڵەتێك كە وەزیر دەری دەكات لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی هەرێم، بەڵام باسی كوالێتی كۆنترۆڵی تیا نییە، كوالیتی كۆنترۆڵ ئەو مەرجەعە زانستییەیە بۆ تحالیل و بۆ شیكار و زەمانەتكردنی ئەوەی كە ئەو ماددەیە چییە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەكەم كە ئەمە ئەبێ جێی بكرێتەوە لە مۆڵەت پێدانی وەزیر دوای پەسەند كردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كۆنترۆڵی جۆری كە سەر بە وەزارەتی پلان دانانە، چونكە ئەوە هاوكارییەكی باشی بڕیارەكەی وەزیر ئەكا لەسەر ئەوەی كە مۆڵەتی پێدا یان نا، چونكە ئەو موئەسەسەیە كە تەحالیلەكان ئەكا لەناو حوكمەتا بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە، سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (كاروان)، فەرموون.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥) بڕگەی دووەم زیادەیە خۆی لە ئەساسدا لیژنەی باڵا وجوودی هەیە هەموو ئەو ڕێبەرانەی كە بەژدارن لە وەزارەت جیا جیاكانەوە هاتوون، واتە ئۆتۆماتیكییەن لیژنەی باڵا پابەند ئەكا، بۆ ئەوەی لە وەزارەتەكان ئەمە بكا، پێم وا نییە لە ئێستادا حەق بێت ئەمە جێگەی بكرێتەوە وەكو بڕگەیەكی سەربەخۆ، حەقە ئەمە لابرێت داوا ئەكەم لابرێ، بڕگەی پێنجەم گرتنە بەری ڕێكاری پێویست ناروونە من داوا هەم لە وەزیری تەندروستی وە هەم لە سەرۆكی لینەی یاسایش دەكەم كە ڕوونكردنەوەمان پێبدات، من پێشنیاز ئەكەم ئەگەر ڕوونكردنەوەش

بـدرێت ئەم بـڕگەیە جیـا بکـرێتەوە بکـرێتە مـاددەیەکی سـەربەخۆ، چـونکە خـۆی رێکـارە پێویستییەکان مهیمە بۆ بەرەنگار بوونەوە، بۆیە بکرێ بە ماددەیەکی سەربەخۆ بە تەواوی روون دەکرێتەوە، بڕگەی حەوتەم تەواو پشتیوانی لە قسەکانی کاك (زانا) دەکەم، لە بڕگەی چواردەیەم کە زۆر مهیمە ئەمە ئـێمە لە جیهـانێکە مـتەتەوردا دەژیـن بەردەوام ئەم مـاددە هۆشـبەرانە زیـاد دەکەن، بە بەردەوام گۆرانکارییـان بەسـەر دادێـت دەبـێ مـوودەکە دیـاری بکرێـت کە کەی نـوێ دەکرێتەوە ئەو خشتەیە، ئەمە رەنگە اختصاصی وەزیری تەندروستییە، رەنگە ئەو وەڵام بداتەوە من پێشنیازی (٦) مانگ بۆ (١) ساڵ دەکەم کە نوێ بکرێتەوە خشتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (د.اسماعیل)، فەرموون.

**بەریز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیریا (د.شیرکۆ) دکەم، سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (روپاك) خان، فەرموون.

**بەرێز روپاك احمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی (بدریە) خـان دەکەم، وە لە خـاڵی چـواردەیەم پشـتگیری لە قسـەکان کـاك (زانا) دەکەم، لە بڕگەی نۆیەم کە دەڵـێ پێشـنیار کردنـی دامەزرانـدن و پەرەپێـدانی دامەزراوەی تەندروسـتی، واتـا لەلایەن ئەو لیـژنەیەوە ئەگەر لە بڕگەکـانی پێشـووتر لە ماددەکـانی پێشـووتر نەخۆشخانەی دەرونی تایبەت بە چارەسەری ئاڵوودە بـوون دابمەزرێـن؟ ئـایە ئەم مـاددەیە چـی لێدێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بەڕێـز لیـژنەی یاسـایی دوو پرسـیارتان ئاراسـتە کـراوە وەڵامیـان بـدەنەوە، ئەگەر پەیوەندی بە بەڕێزتان نییە ئەوە دەرفەت دەدەین بە وەزیرەکان، فەرموون.

**بەرێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کاك (زانا) داوای روونکردنەوەی کرد هێنانەوەی لەسەر ئەوەی بە هەر رێگـایەك دیـارە مەبەسـت لە سیاسـەتی گشـتی هێنـانی ئەو دەرمانـانەیە، بـا بڵـێین ئەو مـاددانەیە کە بـۆ وەزارەتی تەندروسـتی دێـت بە هەر رێگـایەك بـێ، ئیتـر ئەو رێگـایە وەکـو دکتـۆر ئامـاژەی پێـدا بەرێگای کـوالێتی کـۆنترۆڵ بـێ یـان بە هەر رێگـایەك بـێ، کە هـات بە نێوەنـدگیری بێـت یـان بە

ئەوەی لە عیراقەوە بۆمان دێ یان لە هەر جێگایەك كە بۆمان دێ وە لە یەكێك بۆ مەبەستەكانی پزیشكی بەكار دێ، تەنیا مەبەستەكە لەوەندەیە بە هەرێگایەك یان هەر دەرمانێك بۆ بواری پزیشكی بەكاردێ داخل دەبێت، لێرە هەر رێگەیەك لە رێگەكان بۆ مەبەستی پزیشكی لێرە تەنها مەبەستی ئەوەیە لەهەر رێگایەك لە رێگەكان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە تایبەتمەندەكان قسەێكتان هەیە، دكتۆرە، فەرموون.

**بەرێزد. شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە یەكێك لە پێشنیارەكان بڕگەی چواردەیەم نوێكردنەوەی ئەم خشتانە هاوپێچی ئەو یاسایەن لە (١) بۆ (١١)، ئەگەر دەرفەت هەیە دەمەوێ تۆزەك قسە لەسەر خشتەكان بكەم، گەر نا كە گەیشتینە خشتەكان لەوێ روونكردنەوە دەدەم لەسەری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەوێ دەتوانی، بەڕێزان وەزیرەكانمان، فەرموون.

**بەرێزد. سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەماهەنگی كردن ماددەی دووەم و سێیەم بكرێتە یەك، جیاوازە دووەم و سێیەم، دووەم مەبەستی هەماهەنگی كردنە لەگەل لایەنە پەیوەندییدارەكانی ناو هەرێمی كوردستان، سێیەم هەماهەنگی كردنە لەگەڵ حكومەتی ئیتحادی، لەبەر ئەوەی یاساكانی ماددە هۆشبەرەكان پەیوەستە بە حكومەتی عیراقی وە بەتایبەتیش لەسەر رێكخراوی (INCB) نێودەوڵەتی كە تەعامول لەگەڵ دەوڵەتی عیراق دەكات، بۆیە دوو ماددەی جیاوازن ناكرێت بكرێتە یەك بەرای من، هەموو ماددەیەكی هۆشبەر بەكاردێت راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ راستەوخۆ وەكو دەرمانێك بەكاردێت بۆ چارەسەر كردن، یانیش ناراستەوخۆ وەكو مەوادی خام وەكو تریاك بۆ دروستكردنی دەرمانی تر بەتایبەتی لە كارگەكانی دەرمان و پێداویستی پزیشكی، لیستی دەرمان دەگۆرێت بە تەئكید دەگۆرێت لیستی دەرمان كە دەرمانێكی نوێ دەردەچێت بەرێزێك باسی ئەوەی كرد (٦) مانگ تاساڵێك دیاری بكەن ئەوە دیار نییە، سنووردار نییە، ناتوانین چونكە رەنگە هەفتەییێكی تر دەرمانێكی نوێ لە عیراق ئیقرار بكرێ لیجنەی موقیر هەیە، ئەو لیژنە ئیقراری پەسەند كردنی دەرمانی دا یان هەندێك جاریش دەرمان زۆر لەمێژە دەرچووە بەڵام لە عیراق یان لە هەرێمی كوردستان ئیقرارا نەكراوە لە لیژنەی باڵای پەسەند كردنی دەرمان بۆیە ئەو دەرمانە هەر داخلی لیستەكان ناكرێ، باسی نێوەندگیری كرد نێوەندگیری مەبەس ئەوەیە كە لە لایەنێك بە لایەنێكی تر ئەو ماددە هۆشبەرە دەگوازرێتەوە، مەبەستی وەزارەتی تەندروستی لیژنەی باڵا نێوەندگیری دەبێ لە كردنی نوسراوە وەكو

وەسیتەك دەبێت، بۆ ئەوەی قالبی فەرمی خۆی وەربگرێ، ساڵانە ماوەی چالاكییەكان مەبەست لێرە ئەوەیە دەكرێت دیاری بكرێت، بەڵام تەنها چالاكییان لەو رۆژەدا كۆنەكەینەوە ئەو رۆژە تەنها بۆ بەبیرهێنانەوەی گرینگە بابەتەكەیە بۆ بڕیار بەدەستان بۆ كۆمەڵگا، ئەگەر نا هەموو رۆژێك چالاكییەكان بۆ بەرەنگاربوونەوە دەكرێ، هاندان سەد لە سەد لەگەڵ ئەو رایەی بەڕێز كاك (زانا) باسی ماددەی كرد دەرگایەكی گەورەمان لێ دەكاتەوە، ئەگەر باسی هاندانی ماددی بكەین، چونكە ئەوە كاری حكومەت دەبێت دەكرێت لە رێگە حكومەتەوە كارەكان بكەن، هاندانی كادیرە بزیشكییەكان لێرە مەبەست ئەوە نییە تەنها توانا بەرز كردنەوە، چونكە لە بەشەكانی تر لە بڕگەكانی تر باسی توێژینەوە و ئاست بەرز كردنەوە و تونا زانستییەكان كراوە، لێرە مەبەست ئەوەیە كادیری پزیشكی كارمەند و ئەوانەی لە سەنتەرەكە ئەگەر دروستكرا بۆ هاندانێك، چونكە لەرووی دەروونییەوە ئەستەمە وەك چەند بەشێكی تر كە كارمەند تێدا ئیش بكا، بۆیە لەرووی هاندانی دەرماڵە یان لەهەر روویكەوە حەوافزێك هەبێت، نوێكردنەوەی خشتەكانی دەرمان بە تەئكید نوێكردنەوە خشتەكان دەكرێت، ئەمن تێبینیەكی تەواوم لەسەر ئەو بابەتەیە بەتایبەتی لەلایەن دوو سێ ئەندامی بەرێزی پەرلەمان باس كرا هەر نووسراوێك لە وەزارەتی تەندروستی بە تەئكید بە فلتەری كوالێتی كۆنترۆڵ دا چووە، كوالێتی كۆنترۆڵ بەشێكە لە پرۆسەی دەرمان، چونكە هەڵگرتنی كۆگا كردنی بە كام دەروازەدا دێت ئەمانە هەموو بەشە، ئەگەر هاتینە سەر تەفصیلی ناوی كوالێتی كۆنترۆڵ دەبی ناچار بین باسی چۆنییەتی هەڵگرتنەكە و كۆگاو بە كام دەروازە دێتە ژوورەوە، بۆیە بە بڕوای من مادەم باس لەوە دەكات وەزیری تەندروستی رێگە پێدەدات بە تەئكید ئەوە بە فلتەری كوالێتی كۆنترۆڵدا تێدەپەرێت قابیلە بەبێ كوالێتی كۆنترۆڵ دەرمانەكە حیسابە قاچاغی بۆ دەكرێت، ئەگەر هەتا وەزیریش بۆی بكا، ماددەی سەربەخۆ خاڵی پێنجەم بە بڕوای من لە ماددەكانی دواتر سزاكان وازحە گرتنە بەری رێكاری پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوە هەم لە سزاكان هەم لە رووی رێكارەكانی ئیجرائات بۆ بەرەنگار بوونەوە، بۆیە وازە لە ماددەكانی داهاتوو، لیستەكە كەی دەكرێ باسم كرد، دامەزراوەی تەندروستی بەرێزان مەبەستی مەئەسەساتی صحیە یەعنی سەنتەر و نەخۆشخانەكەیە بۆ ئاڵوودەبووان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددە (٦)، فەرموون.

**بەڕیزد. شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) لە دەزگای ئاسایش بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەر ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:-

١- ١-بەرەنگار بوونەوەی ئەو تاوانانەی ئەم یاسایی سزای لەسەر داناوە و دەزگیر بکردنی ئەنجامدەرانیان.

٢- گرتنی ئەو مادده هۆشبەرانە و کارتێکارە ئەقڵیانەی پێشینە کیمیایانەی بە شێوەیەکی سەرپێچیکار بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە بازرگانییان پێ دەکرێت.

٣- هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندییدارەکان لە هەرێم و کۆماری عیراق ئەوانەی تایبەتمەندن بە کاروباری مادده هۆشبەرەکان کارتێکارە ئەقلییەکان بە هەماهەنگەی کردن لەگەڵ لیژنەی باڵا.

٤- دۆکیۆمێنتکردنی داتای تایبەت بەو کەسە عیراقی و بیانییانەی لەسەر تاوانی بازرگانی پێکردنی نارەوزان بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێگکارە ئەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان حوکم دراون و بەدواداچوونی چالاکییەکانی ئێستایان بۆ خۆپاراستن لە دووبارە گەرانەوەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانی نوێ و گرتنە بەری رێوشوێنی یاسایی پێویست بوو ئەم خۆپاراستنە.

٥- چاودێری کردنی ئەو کەسانەی بەپێی ئەم یاسایە مۆڵەت دراون بە هاوردە کردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوە یان دروستکردن یان بەردەست بوونی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی بۆ دڵنیا بوون لە پابەندبوونیان لە سنووری ئەو رێکسازیانەی لەو مۆڵەتانە دیاری کراون و گرتنە بەری رێکاری یاسایی دەرهەق بە کەسانەی سەرپێچیکار وە ئەو پرۆسەی یسەرپێچیکردنەی لەم بڕگەیە دەقی لەسەر کراوە بە هەماهەنگی بەشدار بوون لەنێوان وەزارەت و سەندیکای دەرمانسازان ئەنجام بدرێت.

٦- چاودێری کردنی نێوەندەکانی گواستنەوە بۆ مسۆگەر کردنی بەکار نەهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوە ئەم تاوانەی بەپێی ئەم یاسایە سزادراون و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٧- ئالۆگۆر کردنی زانیارییەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە عیراق و وڵاتە دراوسێکان و لایەنە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندیدارەکان بەکاروباری مادده هۆشبەرەکان بۆ زانینی تۆرەکانی بازرگانی پێکردن بە مادده هۆشبەرەکان کارتێکارە ئەقلییەکان.

٨- جێبەجێکردنی حوکمە دادگەرییەکان و فەرمانەکانی دەستگیرکردنی دەرکراو لەلایەنە عیراقییەکان ئەوانەی لەرووی یاساییەوە بە تەخمیل کراون دەرهەق بەو تۆمەتبار و حوکم دراوانەی لە هەرێمن.

٩- جێبەجێکردنی رێکەوتن نامەکانی هاوکاری یاسایی و دادوەری و ئاسایشی و رادەستکردنی تاوانباران لە نێوان عیراق و وڵاتانی دیکە لەوەی تایبەتە بە تۆمەتباران و حوکم دراوانی غەیرە عیراقی ئەوانە لە هەرێم دەستگیر کراون لەسەر پرسەکانی

بازرگـــانی پێکـــردن بە مـــاددە هۆشـــبەرەکان و کارتێکـــارە ئەقلییەکـــان یـــان خـــراپ بەکارهێنانیان ئەویش بەپێی ئەو ڕێسایانەی پەیـرەو کـراون لەم بـارەوە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە ئیتیحادی و پەیوەندارەکان.

١٠- هاوکـاری کـردن لەگەڵ وەزارەت لە چوارچێـوەی سـتراتیژیەتی نیشـتمانی گشـتگیر بـۆ بەرەنگـار بـوونەوەی مـاددە هۆشـبەرەکان و کارتێکـارە ئەقلییەکـان لە وەزارەت بـۆ ڕێکخسـتنی خـولی ڕاهێنـان بـۆ میلاکـی ئاسایشـی ئەم بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییە بەو شێوەیەی لێی هاتوون پەرەپێدەدات و ئەزموونیان گەشـە پێـدەدات لە بـورای بەرەنگـار بوونەوەی بازرگانی پێکردنی نارەوا یان خراپ بەکارهێنانی کارتێکارە ئەقلییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت لەسـەر ئەم مـاددەیە قسـە بکات، کاك (بەڵێن)، (شنۆ) خان، کاك (زانا)، (ئاشنا) خان، (شنۆ) خان، فەرموون.

**بەڕیز شنو اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم ئەو خاڵەی باسکراوە ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی نەهێشـتنی مـاددەی هۆشبەرە لە دەزگای ئاسایش، بەڵام لە پێشەکییەکەی ئاماژەی پێنەدراوە، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددەی هۆشـبەر ئەم ئەرکـانەی خـوارەوە لە ئەسـتۆ دەگرێـت)، سـەبارەت بە بـڕگەی دووەمـی گرتنـی ئەو مـاددە هۆشـبەرانە و کارتێکـارە ئەقلییـــانە پێشـــینە کیمیاییـــانەی بە شـــێوەیەکی ســـەرپێچیکار بـــۆ حوکمەکـــانی ئەم یاســـایە بازرگانییان پێدەکرێت، گرتن باشتر وایە بکرێتە (دەستبەسەراگرتن) نەك (گرتن)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (ئاشنا) خان، فەرموون.

**بەڕیز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) بڕگەی هەشتەم جارێکی تر لەسەر ووشەکان کێشـەمان هەیە ئەلـێ (جێبەجێکردنـی حوکمە دادگەرییەکان و فەرمانەکانی دەستگیر کردنـی دەرکـراو لایەنە عیراقییەکـان ئەوانەی لە رووی یاساییەوە بە تەحویل کراون بە تەخویل کراون دەرحەق بەو تۆمەتبـار و حـوکم دراوانەی لە هەرێمن)، بە تەخویل کراون بگۆرێت بە (راسپێردراون) گونجاوە و ئەو وشەیە لێرەیا گونجاو نیـیە، مـن پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، بەراسـتی پێویسـتە ئەم یاسـایە لەرێـگەی پسـپۆڕەکانی زمـانەوانییەوە وردبینییەکـی باشـی بـۆ بکرێـت، ئینجـا بڵاوبکـرێتەوە لە رۆژنامەی وەقایع، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (زانا)، فەرموون.

**بەڕيز زانا خالد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مادده زیاتر تەعریف و مەهامەكانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە دیاری دەكات، كە ئێستا هەیە لە هەرێمی كوردستان لەناو دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان كە بە یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١١) تەنزیم كراوە، ئایا پێتان وا نییە كە ئەم پرسیارە بۆ لیژنەی یاسایی وە بەڕێز وەزیری هەرێمیش لێرە ئامادەیە، ئەگەر ئێمە باس لە مەهامەكانی ئەو مودیریە عامە دەكەین پێتان وا نییە تەعدیلی قانوونێكی دیكەمان پێویستە كە یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١١)یە كە لەوێدا مەهامەكانی ئەو مودیریە عامەیە دیاری نەكراوە، تەنها باس لەوە دەكات كە لەناو ئەو موئەسەسەیە مودیریە عامەی موكافەحەی موخەدەرات تەشكیل دەكرێ، لە هەمان مادده بڕگەی (٩) باس لەوە دەكات كە جێبەجێكردنی ڕێكەوتنامەكانی هاوكاری یاسایی و دادوەری و ئاسایشی و ڕادەستكردنی تاوانباران دەڵێ (لەنێوان عیراق و وڵاتانی دیكە) واباشترە وای لێبكەین (لەنێوان هەرێم و حكومەتی ئیتحادی و وڵاتانی دیكە) ڕەنگە لە تەرجەمەی عەرەبییەكەوە نوسرابی ڕاست بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (بەڵێن)، فەرموون.

**بەڕيز بەڵێن اسماعيل حاجی ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەر ئەو ئەركانەی بۆی دیاری كراوە، بۆ ئەوەی هەماهەنگ بێت لەگەڵ لیژنەی باڵاكە، پێشنیاز دەكەم یان لێرە لە ماددەی (٦) وا دابرێژرێتەوە، (لە دەزگای ئاسایش بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی هۆشبەر كە ئەندامە لە لیژنەی باڵا) یان بڕگەی (ز) خاڵی شەشەمی ماددەی سێیەم لەوێ دەستكاری بكرێت كە نووسراوە نوێنەری دەزگای ئاسایش هەر لەوێ بكرێ بە بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی هۆشبەر، یەعنی بۆ ئەوەی هەماهەنگییەك لەنێوان ئەم بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ لیژنەكەیا بێت یان بەڕێوەبەری گشتی ماددەی هۆشبەر نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر ببێتە ئەندام لە لیژنەی باڵاكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز (ڤالا)، فەرموون، سەبارەت بە پرسیارەكەی كاك (زانا) وەڵامێكتان هەیە.

**بەڕیز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١١) لە دەزگای ئاسایش بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەیە پێی دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەر، بۆیە ئێمە لێرە یەکسەر ئیشارەتمان داوە نەمان گوتووە بەڕێوبەریەتییەك دادەمەزرێ یەکسەر گوتومانە لە دەزگای ئاسایش بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەر ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت، نەمان گوتووە دادەمەزرێتەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندنەکەی لە یاسایەکی دیکە ئیشارەتی پێدراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە یاسای تایبەتمەند یاسای ساڵی (٢٠١١) یە بە هیچ شێوەیەك ئیختصاصی ئەو لیژنەیەی دیار ی نەکردووە وە ئەو یاسایە زیاتر پەیوەستە بە تەحدید کردنی هەم لیژنەی باڵا، هەم لیژنەی دیاریکراویش کە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرە لە ئاسایشی هەرێم، بۆیە بە گرینگی دەزانین کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زەر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابتان، لیژنە تایبەتمەندەکان، فەرموون.

**بەریزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر لەسەر قسەی کاك (زانا) بۆ ئەو بڕگەیە پێشووتر لە قانوونەکە بابڵێین لەوە بەغدا کە وەرگیراوە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەك بوو، بەڵام ئێمە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەمان هەبوو، بۆیە بە زەروورمان نەزانی، یەعنی دابمەزرێ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەیە، ئەوەی کە بۆی ئیزافە کراوە تەنها ئەرکەکانیەتی، ئەرکیش کاتێك بۆ بەڕێوەبەرایەتییەك کاتێك وجوودی هەیە ئەرکی بۆ ئیزافە دەکەین ئیعتیادییە کە بەم قانوونە بۆی ئیزافە دەکەین لە قانوونە ئەسڵەکە تەحدیدی نەکردووە ئەرکەکانی، بۆیە نابێتە تەعدیل و شتێکی نۆرمەڵە و بە گرینگ زانرا لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند وە بەڕێز وەزیری هەرێمیش لەوێ ئامادەبوو بە شێوازە هێشتمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (د.سامان) سەبارەت بەوەی کاك (بەڵێن) داوا ئەکا کە بەڕێوەبەری گشتی ماددەی هۆشبەر لە دەزگای ئاسایش راستەوخۆ خۆی ئەندام بێت لە لیژنەی باڵا بۆ ئاسانکردنی هەماهەنگی رەئیتان بێزەحمەت، فەرموون.

**بەریز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگری ئاسایشی گشتی هەرێم ئەندامە دەزگای بە پلەیێکی بەرزتر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دواتر بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەكان، كاك (بەڵێن)، فەرموون.

**بەڕیز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی، ئەوەی زیاتر من مەبەستم بوو لە خاڵی شەشەم لە بڕگەی سێیەم ئیشارەتی داوە بە نوێنەری دەزگای ئاسایش، یەعنی بێجگە لە جێگرەكە كە لە لیژنەی باڵا دەبێ ئیشارەتی داوە بە نوێنەری دەزگای ئاسایش، مەبەستم ئەوە بوو نوێنەری دەزگای ئاسایشەكە یەكلایی كەینەوە كە بەڕێوەبەری گشتی ماددەی هۆشبەرە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (د.سامان) ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕیز د. سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەر لەو لیژنەی باڵایەكە بەڕێوەبەری گشتی ئەندامە و نوێنەریشی هەیە ئاساییە، بۆیە هەر خۆی هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، موقنیعی كاك (بەڵێن)، فەرموون.

**بەڕیز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك قسە ئەكەی، بەڵام لێكتێنەگەیشتنە مەبەستم ئەوەیە تەحدید بكرێ، بەڕێوەبەری گشتی ماددەی هۆشبەر ببێتە ئەندامی لیژنەكە هەر شوێنی هەیە، بەس ناوی نەهێنراوە، یەعنی لە خاڵی شەشەم (ز) كە نوێنەرایەتی ئەو شوێنانەی دەستنیشان كردووە ئی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی داد، دارایی ئابووری، كاروباری كۆمەڵایەتی هەمووی، دەزگای ئاسایش دەزگای ئاسایشەكە لێرە تەحدید كەین كە بەڕێوەبەری گشتی ماددەی هۆشبەرە، یەعنی بەس ئەوە تەحدید بكەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموون.

**بەڕیز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بڕوای من بۆ لیژنەی بەجێبێڵین، چونكە ئەو ماددەیە تێپەری، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕاستی بڕگەی (١٠) من خۆم پرسیارم هەیە بەڕێز جەنابی وەزیر بڕگەی (١٠) جەنابتان هەر كامتان ئەتوانن تێی ناگەم ئەو بڕگەیە مانای چییە، فەرموون.

**بەڕیزد. سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست لە هاوكاری كردنی ئەو بڕگەیە هەمووو بڕگەكان باسی دەزگای ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەكان دەكات لە دەزگای ئاسایش، كە كاری چ دەبێت، لە بڕگەی (١٠) ئەو دەزگایە هەماهەنگ و هاوكار بێت لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، مەبەست لێرە ئەوەیە وەزارەت لەوەزارەت لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی نیشتمانی كار بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەكان كارتێكارە ئەقلییەكان لە وەزارەت، بۆ ڕێكخستنی خولی ڕاهێنان بۆ میلاكی ئاسایش ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بەم شێوەیە، بۆ نمونە زۆر باسی نەخۆشخانە و سەنتەری تایبەتمەندمان كرد دروست بكرێت بۆ ئاڵودەبووان تاوەك و ئەوەی كە بازرگانی پێوە دەكرێت، ئەوەی ئاڵودە بووە بەكاری هێناوە لێك جیا بكرێتەوە، لێرە پێویستی بە هاوكاری هەماهەنگییەكی تەواو لە نێوان دەزگای ئاسایش و وەزارەتی تەندروستی دەبێ، خاڵی (١٠) ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٧)، فەرموون.

**بەڕیزد. شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

١-لە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی سەنتەری شیاندنی كەسانی ئاڵودەبوو بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان یان كارتێكارە ئەقلییەكان دادەمەزرێت، ئەوانەی بڕیاری ئازاد كردنیان دەدرێت بە بڕیارێكی دادوەری یان لە فەرمانگەی چاكسازی یان فەرمانگەی چاكسازی نەوجەوانان ئازاد دەكرێن كە كۆتایی پێهاتی ماوەی حوكمەكانی یان هێنانە دەرەوەیان لە نەخۆشخانە یان ڕاگیرتنی هاموشۆكردنیان بۆ نۆرگەی دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئەو لیژنانەی پەیوەندارن بە بارەكانیان بڕیاری ملكەچكردنیان دەدەن بۆ پرۆگرامێكی شیاندن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و كردنەوەی سەنتەری دیكە لە پارێزگاكان بەپێی پێویست.

٢- ئەو سەنتەرەی كە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر كراوە هەڵدەستێ بە لەئەستۆ گرتنی پرۆگرامێكی گونجاو بۆ شیاندنی ئەوانەی بە نیازن پیشەێكی دیاركراو فێربن كە لەگەڵی هاتوو یان بگونجێت وە بەكاریان بخەن بە شێوەیەی سەرچاوەی داهاتێكی

گونجاویان بۆ دەستەبەر دەکات بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چادێری کردنی دواتری بڕیاردرا بۆیان.

٣- سەنتەر بۆی هەیە بۆ جێبەجێکردنی هەر پرۆگرامەکی پشت ببەستێ بە پسپۆری دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕێنوێنیکاری ئاینی لێهاتوو بۆ چارەسەر کردنی کەسانی ئاڵودە بوو بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکار ئەقلییەکان.

٤- سەنتەر لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دەبێت و فەرمانبەرێکی خاوەن شارەزایی پسپۆری سەرۆکایەتی دەکا کە راژەکەی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لە بارەی ئەو ماددەیەوە بکات با دەست بەرز کاتەوە، (بدریە) خان، (سەرچنار) خان، (روپاك) خان، مامۆستا (عبدالستار)، کاك (دیاری)، کاك (زانا)، (حسیبە) خان، کاك (ویسی)، (سەرچنار) خان، فەرموون.

**بەڕیز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی چوارەما تێبینێکم هەیە سەنتەر لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دەبێت و فەرمانبەرێکی خاوەن شارەزای و پسپۆری سەرۆکایەتی دەکا کە راژەکەی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و ئەم مافەی بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی کارەکەی حەساسە، بروانامەکەی کەمتر لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ لە زانستی کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم لە دروست کردنی ئەو سەنتەرە کات دیاری نەکراوە، پێشنیاز ئەکەم ماددەی یەکەم بەو جۆرەی لێ بکرێ لە کۆتایی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (کردنەوەی سەنتەرەکان هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدار لە ماوەی (٦) مانگ سەنتەرەکان بکاتەوە و پابەند بن بە کردنەوەی سەنتەرەکان)، خاڵی چوارەمیش هاورام لەگەڵ سەرچنار خان هەمان سەرنجی منی هەبوو، ئەبێ ئەو کەسە بروانامەی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێ و بروانامەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ و شارەزایی یان کۆمەڵایەتی یان پزیشکی تەندروستیش گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسيبه سعيد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٧) بـرگەی یەکەم لە وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایيەتی، سـەنتەرێکی شـیاندنی کەسانی ئاڵودە بوو بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکەرە ئاقلیەکان دائەمەزرێ، پێم باشە ئەو بەشە بەو شێوەی لێ بـێ ( لە وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی سەنتەرێکی شیاندن بۆ کەسانی ئاڵودەبوو بە مـاددە هۆشـبەرەکان و کارتێکەرە ئەقلیەکان دادەمەزرێ)، چـونکە پەیوەنـدی هەیە لە نێـوان هەردوو وەزارەت، ئەبـێ وەزارەتی تەندروستیش ئیشەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی ئێمە حەسیبە خان ئاماژەی پێ کرد، ئەو بابەتە چەندە پەیوەندی بە وەزارەتـی کـار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە دروست کردنی ئەو سـەنتەرە دوو هێنـدە و سـێ هەنـدەش پەیوەنـدی بە وەزارەتـی تەندروسـتیەوە هەیە، بـۆیە یـان ئەبـێ لە ژێـر ئیشـرافی وەزارەتـی تەندروستی بێ، یان بە هەماهەنگی هەردوو وەزارەت بێ، پشتگیری پێشنیاری سەرچنار خانیش ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕاکەی حەسیبە خان ئەکەم، پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بەدريه اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٧) برگەی یەکەم پشتگیری قسەکانی مامۆستا عبدالستار ئەکەم، لە برگەی سێیەم لە ماددەی (٧) پێویستە پسپۆڕی پزیشکی ورد لە چارەسەری تووش بووان زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٧) بـڕگەی یەکەم پشـتگیری پێشـنیاری حەسـیبە خـان ئەکەم، پێشـنیار ئەکەم لە وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کەمەڵایەتـی سـەنتەرێکی شـیاندنی کەسـانی ئـاڵودە بـوو بە مـاددە هۆشـبەرەکان یـان کـارتێکەرە ئەقلیەکـان لەسـەر ئاسـتی پارێزگاکـان دابـمەزرێ، لە بـڕگەی چـوارەمیش پشـتگیری پێشـنیاری سـەرچنار خـان ئەکەم کە گـرنگە ئەو کەسـەی ئەو سـەنتەرە بەڕێوە ئەبات بروانامەی هەبێ و لە بـواری کـۆمەڵایەتی یـان دەروونزانـی یـان کۆمەڵناسـی بـێ، چونکە ئەویش وەکو جۆرە راهێنانێکە، بۆ ئەوەی لو ماددانە دوورکەونەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەی پشتگیری قسەکانی کاك عبدالستار و حەسیبە خان ئەکەم، هەر لە ماددەی (٧) برگەی چوارەم پشتگیری قسەکانی سەرچنار خان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری قسـەکانی حەسـیبە خـان و سـەرچنار خـان و کـاك دیـاری ئەکەم، کە پێویسـتە ئەو پسپۆریانەی دەستنیشان ئەکرێن بەڕێز مەلا وەیسشی ئاماژە پـێ کـرد ئەبـێ دەروونـزان بـێ ئەو وردەترە بۆ بواری کۆمەڵناسی بۆ ئەو حاڵەتانەی تـووش ئەبـن، بەڵام لەوانەیە کێشـەش دروسـت بـێ دەرچـووی ئەو بەشـانە زۆر کەمـن بەتـایبەت لەو چەنـد سـاڵەی رابـردوو دەرچـوو لەوانەیە دامەزراو نەبن، لەو کاتە ئەتوانرێ سوود لەو کەسانە وەرگیرێ کە پێشتر هەمان پسـپۆریان هەیە لە زانکۆکانن، ئەگەر مەرج نەبێ وەکو سەرۆك، بەڵام ئەندامی ئەو پسپۆریە لە ناو لیژنەکە هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) هەڤالێت پەرلەمانتار گوتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت بیت، دیـارە ئەم سەح کەین وەزارەتی کار و کاروباری کـۆمەڵایەتی سـەنتەرێکی شیاندنی لە کۆتـایی بـرگەی یەکەم هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار قسەیەکتان هەیە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکم هەیە لەسەر قسەی ڕۆژان خان، وەزارەت لێرە هاتووە لە کۆتایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت، لێرە تەنیا وەزارەتەك هاتووە، بۆ؟ چونکە لە پێناسەکان تەعریفی وەزارەت کراوە کە وەزارەتی تەندروستیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د. سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندورستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا یەك کۆمێنت سەبارەت بە سەنتەرەکان، ئەوە سەنتەرێکی کۆمەڵایەتیش شیاندنەوەیە بۆ ڕاهێنان بۆ سەر پیشەیی خۆی، بۆیە جیاوازە لە سەرنتەری چارەسەرکردن، لە خوارەوە نووسراوە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت، پشتگیری ئەوە ئەکەین کۆمەڵناسی و دەروووناسی و بەڕێوەبەرایەتی ئەو سەنتەرە بکات، ئەکید لە قەزار و ناحیەکانیش ئەگەر ئیمکانیەت ئەبێ پێویستە، سوپاسن بەڵام لەگەڵ شەش مانگەکە نین چونکە بارگرانی دارایی لەسەر حکومەتە، بۆیە بە کراوەیی جێ بێڵین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دواتر.

**بەڕێز جلال محمد امین احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم:

مۆڵەتدانی هاوردە کردن و هەناردە کردن و گواستنەوە و مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەت:

ماددەی (٨):

١ هاوردە کردنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقلییەکان و پیشینە کیمیاییەکان و هەناردە کردنیان و گواستنەوەیان بە مۆڵەتیان بە ڕەزامەندی وەزیر ئەبێ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندییەکانی ئاسایش.

٢- مۆڵەت بۆ ماوەی یەك سالی شیاو بۆ نوێ کردنەوە ئەبەخشرێت و لە (٣١) ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك کۆتایی پێ دێ بە کارپێکردنی.

٣- لە بەخشینی مۆڵەت بری دیاری کراوی ئەو ماددەی هۆشبەرە یان کارتێکەرە ئەقلیە یان پێشینە کیمیایانە رەچاو ئەکرێ کە لیژنەی باڵا بە رەزامەندی داوا لەسەر هاوردە کردنیان یان گواستنەوەیان ئەو ساڵەی مۆڵەتەکەی تێدا بەخشراوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك سیروان، شادیە خان، کاك مەم، کاك دیاری، کاك کاروان، کاك دابان، کاك زانا، کاك زێدان، بەدریە خان، دکتۆر محی الدین، کاك مسلیم، کاك یاسین)، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم من تاکە ئەندامم کەم قسە ئەکەم، بەڵام لەسەر ئەو برگەی ئێستا ئەلێ هاوردە کردن و گواستنەوەی و مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەت، پێم وایە ئەو ماددانەی ئێستا دێنە کوردستان، پێشنیار ئەکەم بۆ حکومەتی هەرێم ئەو ماددانە بۆ خۆی بێنێ، نەك بازرگان، لەبەر ئەوەی ئەو ماددانە هەر هەمووی بە وەرەقەی سەیدەلیەکان دێنە کوردستان، ترامالە، ڤالیۆمە، حەز ئەکەی هەمووی ئەخوێنمەوە و بە جەنابی وەزیریش ئەڵێمن ئەو دەرمانخانەی ئێستا هەنە کە بازرگانێك ئەو دەرمانە دێنێ، راستە بۆ چارەسەری نەخۆشە، بەڵام دێن لێرە دروستی ئەکەم، پێشنیار ئەکەم حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی ئەو ماددەی ئەو شتانە لێ دروست ئەکرێ بۆ خۆی بیهێنێ، کەس نەیهێنێ، ئەو پرسیارە لە بەڕێز وەزیر ئەکەم، ئایا (٨٠٠) کارتۆن ترماڵ لە بازرگانێك بگیرێ لە سەیدەلیەیەك و دوایی لە وەرەقەی سەیدەلیە ئەلێ ئەوە بۆ ئەو هاتووە، کوردستان ئەو هەموو تراماڵەی بۆ چیە ئەگەر بۆ ئەو دەرمانە نەبێ، بۆیە پیشنیار ئەکەم و دوا ئەکەم پشتگیریم بکەن کە ئەو ماددانەی ئەو شتانەی لێ دورست ئەکرێ تەنیا حکومەتی هەرێم بیهێنێ کەس بۆی نەبێ بیهێنێ بە بێ هیچ پاساوێك، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبداللە رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە هاووردە کردنی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقڵییەکان تا کۆتایی دیارە مۆڵەتەکە نووسراوە بە رەزامەندی وەزیر ئەبێ، لە دوای وەرگرتنی لایەنە تایبەتمەندیەکانی ئاسایشیش، پێم وایە ئەو برگەیە لەگەڵ برگەی سێیەم کە هەمان بەخشینی مۆڵەتە دیارە نووسراوە بە رەزامەندی وەزیر، دوایی نوسراوە بە رەزامەندی لیژنەی باڵا، بۆیە پێم وایە تێکهەڵکێش بکرێ و رێکبخرێتەوە، دووەمیش کە ماوەی ساڵێك دیاری کراوە، پێم وایە ماوەی ساڵێك بۆ هاودرە کردنی ئەو ماددانە بۆ هەر کۆمپانیایەك یان هەر جیهەتێك زۆرەن شەش مانگ کافیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم هەیە، بەتایبەت ئەوەی یەکەم، هاووردە کردنی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقلییەکان و پیشینە کیمیایەکان و هەناردە کردنیان و گواستنەوەیان بە مۆڵەتیان بە ڕەزامەندی وەزیر ئەبێ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندیەکانی ئاسایش، ئەزانین وەزیری تەندروستی سەرۆکی لیژنەکەیە کە ئەو مۆڵەت بدات نازانم حکومەت چییە کە دوای وەرگرتنی روخسەتە لە دەزگاکانی تایبەتمەندی ئاسایش، ئەوەی تر دووەمە، مۆڵەت بۆ ماوەی یەك سالی شیاو بۆ نوێ کردنەوە ئەبەخشرێت و لە (٣١) ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك کۆتایی پێ دێ بە کارپێکردنی، ئەی ئەگەر کەسێ لە نیوەی شەشەمی مانگی یەکەم وەریگرت، مادام بۆ یەك ساڵ وەرئەگرێ لەو ڕۆژەی وەریگرتووە لەو ڕۆژە کۆتایی پێ بێ، نەك خەڵك لە مانگی شەشە یان نۆ وەرئەگرێ دواتر لە (٣١) کۆتایی ساڵ کۆتایی پێ دێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیاری کاك یاسین و دکتۆر محی الدین ئەکەم، سەبارەت بۆ مۆڵەتی یەك ساڵ هەمان ڕەئیم هەیە، ئایا لە مانگی (١١) یان مانگی (١٠) مۆڵەت بدەی بە کەسێ چۆن ئەتوانی لە (٣١) کۆتایی پێبێنی؟ بۆیە واباشترە لەو برگەیە بڵێین مۆڵەت بۆ خودی هاوردەکە ئەدەین بۆ ماوەی ساڵێك، نەك ساڵەکە دیاری بکرێ، ئەو ماددەیە هاوردەکەی دێ بۆ ماوەی ساڵێك بێ مۆڵەتەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

بێگومان ماددەی (٨) ڕەنگە لە هەموو ماددەکان خەتەر و گرنگتر بێ، چونکە هاوردە کردن و مۆڵەتەکەیەتی، ئەو کەسانەی ئەوە ئەفرۆشن بە نایاسایی بابول فەرەج بێ، نووسراوە گواستنەوە بە مۆڵەت یان بە ڕەزامەندی وەزیر بێ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەوە زۆر زۆر زیادەیە، پێم وایە ئەبێ تاکە کەس بۆ ئەو شتە بەرپرسیار بێ وەزیر بێ، کەسی تر نەبێ، مادام

پەخشیش راستەوخۆ نیە با ئەوەش بڵێم ئەگەر بە موزایەدەش حسێب بێ، لە سنوورەکانی کوردستان ئێستا تەبەقی هێڵکە بە ئیمزای فلانکەس دێتەوە بە پارە، ئەو بەڵایەی بەسەر میللەتان هاتووە بەسەر ئێمە نەیەت، پێم وایە ئەو کەسەی مۆڵەت ئەدات تەنیا بەرێز وەزیر بێ بۆ ئەوەی ئەو بێ لە بەرپرسیاریەتین هیچ جیهەتێکی تری تێدا نەبێ، دیسانەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك یاسین ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە دوو ماددەی دوای ئەوە ئەو لایەنانەی دیاری کردووە کە مۆڵەتیان پێ ئەدرێ، ئەوانیش خاوەن کارگە و کۆمەڵێ شوێنی ترن کە ئەشێ مۆڵەت وەرگرن، لەو ماددەی ئێستا داوا ئەکەم برگەیەکی بۆ زیاد بکرێ ئەویش قەدەغە کردنی کرین و فرۆشتنە بە مۆڵەت، چونکە ئێمە لە ماوەی رابردوو ئەزمووتی خراپمان هەیە لەسەر ئەو لایەنانەی مۆڵەت وەرئەگرن و ئەیفرۆشنەوە بە لایەنی تر، داوا ئەکەم ماددەیەکی بۆ زیاد بکرێ ئەویش قەدەغە کردنی مامەڵەی کرین و فرشتنی مۆڵەت نەکرێ، پشتگیری قسەکانی کاك یاسین ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) پشتیوانی هاورێمانم ئەکەم، حەقە ئەو مۆڵەتە تەنیا وەزیری تەندروستی مافی هەبێ، چونکە لە دوایی کێشەی گەورە دروست ئەکات، پشتیوانی قسەکانی کاك یاسین ئەکەم هەرچەند لە ماددەی (٣٠) ئەو پرسە هاتووە کە ئەکرێ لەوێ زیاتر موناقەشەی بکەین لە مادەکانی تریش هاتووە، برگەی سێیەم، پێم وایە ئەو برگەیە دووبارەی برگەی شەشەمی ماددەی پێنجەمە، پێویست ناکات بەخشینی مۆڵەت بڵێی دیاری کراوە، چونکە ئەو برە خۆی لیژنەی باڵا دیاری ئەکات، کاتێ لیژنەی باڵا دەستەڵاتی ئەوەیە کە برەکە دیاری بکات حەق نییە دووبارە لێرە ئاماژە پێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له بڕگەی دووەم پشتگیری ڕاكەی كاك محی الدین و دكتۆر زێدان ئەكەم، مۆڵەت پێویستە بۆ هەر هاوردەیەك بۆ ماوەی ساڵێك نەبێ، بۆی هەبێ داوای نوێ كردنەوە بكات، ئەو تاریخەی دەستنیشان كراوە لابرێ، بڕگەی سێیەم باس لە بەخشینی مۆڵەت ئەكات، لە بەخشینی مۆڵەت بڕی دیاری كراوی ئەو ماددەی هۆشبەرە یان كارتێكەرە ئەقلییە یان پێشینە كیمیایانە ڕەچاو ئەكرێ كە لیژنەی باڵا بە ڕەزامەندی داوا لەسەر هاوورده كردنیان یان گواستنەوەیان ئەو ساڵەی مۆڵەتەكەی تێدا بەخشراوە، ئیزافەیەكی بۆ بكەین بە پشت بەستن بە حوكمی بڕگەی شەشەم لە ماددەی پێنجەمی ئەو یاسایە، چونكە لەوێ دیاری كراوە كە لیژنەی باڵا ساڵانە ئەو بڕانە دیاری ئەكات كە پێویستن بۆ هاوردە كردنی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەكەم پێشنیار ئەكەم بەو جۆرە بێ، هاوردە كردنی ماددە هۆشبەرەكان و كارتێكەرە ئەقلییەكان و پێشینە كیمیایەكان و هەناردە كردنیان و گواستنەوەیان بە مۆڵەت یان بە ڕەزامەندی وەزیر ئەبێ دوای وەرگرتنی، ئەو دوای وەرگرتنە بە ڕەزامەندی وەزیر ئەبێ لەگەڵ ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەكانی ئاسایش و ئەنجومەنی باڵای ماددە هۆشبەرەكان، لەبەر ئەوەی ئەوە بابەتێكی گشتگیرە، بۆ ئەوەی دەرەفەت دروست نەكات بۆ قۆرخ كاری یان بۆ نموونە هەرشتێكی تر، بۆیە پێویستە ئەو ئەنجومەنە ئاگادار بێ و لایەنی پەیوەندیدار و وەزیریش، واتە بە گشتی ئەنجومەنەكە ئاگادار بێ نەك بەس خودی وەزیر یان لایەنێك، لە خاڵی دووەم پشتگیری قسەكانی كاك دكتۆر زێدان و دكتۆر محی الدین و كاك دابان ئەكەم، پێشنیار ئەكەم خاڵی دووەم بەو جۆرە لێ بكرێ (مۆڵەت بۆ ماوەی یەك سالی شیاو بۆ نوێ كردنەوە ئەبەخشرێت و لە (٣١) ی كانوونی یەكەمی هەموو ساڵێك كۆتایی پێ دێ بە كارپێكردنی، ئەبێ دەرفەتی یەكسان بۆ هەموو خوازیاران وەكو یەك وابێت، واتە لەوە قۆرخكاری نەكرێت، یان چەند كۆمپانیایەك و چەند دەرمانخانەیەك ئەو مۆڵەتە وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـرگەی یەکەم و بـرگەی سـێیەم جۆرێـك لە دژ یەك ئەبیـنمەوە، یەکەمیـان کە هـاووردە کردنـی ماددەی هۆشبەرەکان لە دەستەڵاتی وەزیرە، لە برگەی سێیەم لە دەستەڵاتی لیژنەی بـاڵایە، بۆیە پێشـنیارێك ئەخەمە روو بـۆ دارشـتنەوەی ئەو دوو بـرگەیە و لێـك گرێـدانی ئەو دوو بـرگەیە پێکەوە، یەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ (لە بەخشینی مۆڵەت و هاوردە کردنی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقلیەکان و پێشینە کیمیایەکان و هەناردە کردنیان و گواستنەوەیان بە مۆڵەت یان بە رەزامەندی وەزیر ئەبێ دوای رەزامەنـدی زۆریـنەی ئەنـدامانی لیـژنەی بـاڵا، ئـێمە لیژنەیەکـی باڵامان پێکهێناوە ئەبێ ئیعتیرافی پێ بکەین، رەئـی زۆریـنەی لیـژنەکە یەکلایـی ئەکرێتەوە، بـۆ دووەمیش پشتیوانی ئەو هاورێیانە ئەکەم کە (٣١) ی کـانوون لابـرێ، مەنتـق نـیە لە مـانگی (١١) مۆڵت بدەی بلێی لە (٣١) کۆتایی دێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـرگەی یەکەم بـۆچی رێگـا دراوە بـۆ هـاوردە کردنـی مـاددەی هۆشـبەر بە رەزامەنـدی وەزیـر و دەزگای ئاسایش؟ لە کاتێکدا لە هەردوو ماددەی (٨ و ٩) پێچەوانەی یەکن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر قسەیەکتان هەیە.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی بەدریە خـان، بـۆچی مـۆڵەت ئەبـێ بە مـاددەی هۆشـبەر؟ لەبەر پێداویسـتی پزیشـکی و زانستی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی /وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی پرسـیارەکان نـزیکن لە یەك، سـەبارەت بە بـرگەی یەکەم، هـاوردە کردنـی مـاددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقلیەکان و پیشینە کیمیایەکان و هەناردە کردنیـان و گواسـتنەوەیان بە مۆڵەتیـان بە رەزامەنـدی وەزیـر ئەبـێ، دوای وەرگرتنـی رەزامەنـدی لایەنە تایبەتمەنـدیەکانی

ئاسایش، باسی مۆڵەت ئەکات، ئەوەی مـۆڵەتی هـاوردە کردنـی هەیە یـان بە رەزامەنـدی وەزیـر، مەبەست لەوە نیە بە رەزامەندی وەزیر و ئەوەی تر بە رەزامەندی وەزیر نیـیە، مەبەسـت ئەوەیە حـاڵەت هەیە لەگەڵ دەسـتەواژەی ئەخیریتـی کە ئەلـێ گواسـتنەوەیان، چـونکە بەپێـی یاسـای گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر لە ناو شارەکانیش نەك تەنیا لە دەروازەکان بێتە ژوورەوە تەنانەت ئەگەر دەرمانسـازێك بێـت و هەنـدێ مـاددەی هۆشـبەر یـان دەرمـانی سـرکردنی پـێ بـێ ئەگەر نووسراوێکی رەسمی پێ نەبێ بەپێی یاسـا بە تاوانبـار لە قەڵەم ئەدرێ، لێـرە رەزامەنـدی وەزیـر مەبەستی لە گواستنەوەیە کە حاڵاتی تایبەتمەنـد هەیە، لە بـڕگەی مـاوەی سـاڵێك، باسـی (٣١) ی کانوونی یەکەم کرا، رای خۆشم وایە وەك بەڕێز کاك زانا باسی کرد هەر هاوردەیەك مـۆڵەتی پـێ بدرێن باسی ساڵ نەکەین، لەبەر ئەوەی رەنگە نسبەی تەسەروب کردن زیاتر بکـات، وەکـو ئێسـتا هەر هاوردەیەك مۆڵەتی پێ ئەدرێ، سەبارەت بە ئاخیر خاڵی سێیەم لە بەخشینی مـۆڵەت باسـی ئەوە ئەکـات لیـژنەی بـاڵا رەزامەنـدی داوا ئەوە مەبەسـتی لە لیـژنەی بـاڵاوە بـری دیـاری کـراو مەبەستی تەقدیر حاجەیە لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی چەند دەرمـان و ئـایتم دەگـرێتەوە، چونکە تەقدیر حاڵە گرنگە، بەڕێزێـك باسـی ئەوەی کـرد حکـومەت خـۆی هەلسـێ، کە حکـومەت رێگە پێدان و هاوردە کـردن نەدات خـۆی نـایەت ئەو مـاددەیە، بـۆیە کۆمپانیـا هێنـانەکەی بەس وەسیلەیەکی گواستنەوە بێ، چونکە لە بری هاوردە کردن دیاری ئەکرێ بۆ کام نەخۆشـخانەیە و بەچـی و چەنـدی بەکـاردێ، چـونکە کـارگەی وەبەر هێنـان بۆنمـوونە (جـی ئـیس کەی) لە وڵاتـی بەریتانیا ئەسڵەن نایداتە کۆمپانیا ئەگەر شوێنی دیاری کـراوی دیلـڤەریەکە لە کـوێیە و بـۆ ئەوێ نەبێ، بۆیە کۆمپانیا بەس دەوری گواستنەوەی ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك لە ئەنـدامان باسـی ئەوەی کـرد نـابێ مـۆڵەت بفرۆشـرێتەوە، ئەوە لە مـاددەی (١٥) بـڕگەی سێیەم و چوارەم ئاماژەی پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا ویستم پشـتگیری رای هاوکـارم کـاك زانـا بـکەم، ئەوەی هەیە بڕێکـی دیـاری کـراو کە دێـتە ناوەوە بۆ مەبەستێکی دیاری کراو مۆڵەت پێ بدرێ، نەك ئەوەی مـۆڵەت بـۆ سـاڵێك بـێ، چـونکە ئەگەر بۆ ساڵێك بێ بۆ هەر کۆمپانیا و لایەنێکی دیاری کراو کە ماددە بێنن ئەگەری ئەوە زۆرە کە

تیجارەت زۆرتر ببێ، بەو برە دیارە کراوەی دێ ئەگەر هەیە شتی تری لێ بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە هاوڕای هەموو ئەو بەرێزانەم ئەو رایەیان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی نۆ.

**بەرێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

نابێ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە بکرێ یان هەناردە بکرێ یان بگوازرێتەوە یان بپێندرێت یان بەرهەم بهێندرێ یان دروست بکرێ، یان بە خاوەن بکرێ یان بەکاربهێنرێ یان بەردەست بکرێ یان دەست بەسەر داگرتنی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەرێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم بڕگەی (٢)م پێشنیاز دەکەم دەڵێ وەزیر بە بڕیارێکی هۆدار بۆی هەیە بەخشینی ئەو مۆڵەتە رەتبکاتەوە، ئەگەر ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە نەیەتە دی، پێشنیاز دەکەم ئەم بەتەنها دەسەڵاتی وەزیر نەبێ، بەڵکو وەزیرو ئەو ئەنجومەنە باڵایەی ماددەی هۆشبەر هەردووکیان پێکەوە، کەواتە وەزیرو ئەنجومەنی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بەدریە خان فەرموو.

**بەرێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ماددەی (١٠)لابرێت، چونکە پێچەوانەی ئەو خاڵەیە:

یەکەم: نادەستوریەو تێك دەگیرێت لەگەڵ ماددەی (٢)ی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ئەوەی کە پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما نەگۆڕەکانی ئاینی ئیسلام.

دووەم: تێك دەگیرێت لەگەڵ پرەنسیپی نیزامی ئام و ئاداب ئاسایش و ئاشتی کۆمەلایەتی.

سێیەم: کردنەوەی دەرگای بازرگانی سنوردار هەرگیز ناتوانێ کە ئیستغلال بوەستێنێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك بەڵێن فەرموو.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەمدا هاتووە ئەڵێ فەرمانگەکانی هەرێم و پەیمانگا زانستییەکان ناوەندی توێژینەوەی زانستی دان پێنراو، هەروەها ووشەیەکی بۆ زیاد بکەین، بێجگە لە فەرمانگەکانی هەرێم دەتوانێ ئەو پەیمانگا زانستیەی ناوەندی توێژینەوەی زانستی مۆڵەت پێدراو، چونکە ئەمانە ئەهلیشن و ئەوانەی پسپۆرییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەکان یا کارتێکەرە ئەقڵییەکان ئەخوازێ پرسیارێ ئەکەم لە دوای کەلیمەی ئەوانە ئەو دێرەی کە هاتووە ووشەکانی کە رێز بووە بەدوای ئەوانە بۆ فەرمانگەکان و بۆ پەیمانگا زانستیەکانیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەرێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس پرسیارا ڤی ئەز بزانم مەقسەد ڤێ کەلیمە چییە؟ نوسینگەکانی راگەیاندنی داودەرمان راگەیاندن مەبەست چییە؟حەتا تەسپیت بیت مۆڵەتی پێبدەن.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی مۆڵەت وەزیر نەبێ و لیژنەی باڵا سیاسەت و رێنمایی بە دواداچوون دەکات، بەڵام مۆڵەتی رۆژانەو کاروباری رۆژانە، بۆیە لە دەسەڵاتی وەزیرە کە مۆڵەت بدات یان بەخشینەکە وەربگرێت کە باسکراوە، مۆڵەتی باسی ئەوەیانکرد کە ئەوانەی مۆڵەتیان هەیە، فەرمانگەکان یان پەیمانگەکان وابزانم نووسراوە دانپێنراو دانپێنراو، واتا مۆڵەتی هەیە لە حکومەتی هەرێم باسی ئەوانەی دەکات ئەوانە بە سیفەتی ئەوانەی پێشەوەیە فەرمانگەکان پەیمانگەکان پەیمانگاکانی ناوەندەکانی توێژینەوە فەرمانگەکانی هەرێمیش مەبەستی هەمو ئەوانەیە کە ئەو ماددەیە پێویستە ئەو ماددەیە بەکار

بێنـی، کەواتە پسـپۆرییەکانیان لە بەکارهێنـانی لەمـاددە هۆشـبەرەکانە، واتـا ئەگەر پسـپۆری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەری نەبوو پێویست ناکا ڕێگای پێ بدرێ، مەکتەب ئیعلامی مەبەستی مەدخەل و یەعنی کۆگای دەرمان و شەریکاتی دەرمانە بە عام باس دەکات، بەڵام پێشنیار دەکەم لێرە کۆمپانیا و نوسینگەکانی داودەرمـان بـاس بکەیـن وشـەی داودەرمـانیش بکەیـنە دەرمـان و پێداویستی پزیشکی، چـونکە کۆمپانیاکـان ناونیشـانیان وایە کۆمپانیـای دەرمـان و پێداویسـتی پزیشکی، هەرچەندە مەکتەب ئیعلام ئێستە لە هەرێمی کوردستان کاری پێ ناکرێ بەس لە بەغدا هەیە، بـۆیە باشـترە ووشـەی کۆمپانیـاش بخەیـنە پێشـی کۆمپانیـاو نوسـینگەکانی ڕاگەیانـدن مەکتەب ئیعلامی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز جەنابی وەزیر نوسینگەکانی راگەیاندنی داو دەرمانی مـۆڵەت دراو، بەراسـتی مـن خۆشـم تێناگەم مەبەست چییە؟

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عێراقـدا صـەیدەلیەمان هەیە، کۆگـای دەرمـان هەیە، کۆمپانیـا هەیە، کۆمپانیـا داو دەرمـان و پێداویستی پزیشـکی دێنـێ بە گـوێرەوی پسـپۆرییەکەی، هەنـدەك کۆمپانیـا هەیە بەس ئـامێری پزیشکیە، ئـامێر دەهێنـێ هەنـدێك کۆمپانیـا هەیە بەس دەرمـانە، هەنـدەك کۆمپانیـا هەیە بەس پێداویستی پزیشکی، واتا ئەوانەی کە یەك جار بەکاردێت و فرێ دەدرێت، هەندێ کۆمپانیا هەیە دەرمان و پێداویستی پزیشـکییە، ئەوە کۆمپانیـا دەی هێنێـت صـیدەلیە دەیفرۆشـێت، ئەوەی لە نـاو بـازارە لە نێـو ئەوانەدا کۆگـا وەسـیتێکە لە بەینیـان کە زۆر رای جیـاوازی هەیە هەنـدێك لە رایەکان چاکسازی کردنیـان لە چـاکردنی سیسـتەمی تەندروسـتی پێیـان زیـادە کۆگـا، مەبەسـتم مەدخەلە ئەو مەدخەلانەی کە لە بازاردا هەیە لە کۆمپانیا دەکرێـت، جـارێکی تـر دەیفرۆشـێتەوە صیدەلییەکان لە بەغدا کاتی خۆی بە بڕیارێك کۆگا نەما، مەدخەل نەما، مەکتەب ئیعلامیـان دانـا بە ناوی مەکتەب ئیعلامی نـاوەکەی وایە، مەکـتەب ئیعلامـی ئیشـی مەدخەل دەکـات، ئێسـتاش لەوێ مەدخەل هەیەو مەکتەب ئیعلامی هەیە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا مەکـتەب ئیعلامـی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری جەنابتان ئێستا لای بدەین ئەو بڕگەیە.

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشترە کۆمپانیا ئێستا ئیشەکە دەکات، کۆمپانیاو مەکتەب ئیعلامی نەوەك لە داهاتودا بکرێتەوە کاری پێ بکرێ، چونکە دوورای جیاواز هەیە لە سەندیکای دەرمانسازان لە وەزارەتی تەندروستی

له چاککردنی سیستەمی تەندروستی مەکتەبی ئیعلامی هەبێت، یان کۆگاکان مەدخەل هەبێ لە کاتی ئێستادا داخستنی هەموو مەدخەلەکان خەڵکێکی زۆر بێ کار دەبێ نان بڕاو دەبێ، بۆیە رەنگە لە داهاتوودا کۆگا نەمێنێت پێویست ناکا، چونکە نرخەکەش هەرزانتر راوەدەستێت کۆنترۆڵکردنی ئاسانتر دەبێت، سیلسیلەی کەمتر دەکاتەوە موباشر صەیدەلیە لە کۆمپانیا بکڕێ، بەڵام لەکاتی ئێستادا تەنها کەرتی گشتی نەخۆشخانەکان و وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا تەحەمول دەکات لەگەڵ مەدخەل نایکات، بۆیە مەکتەب ئیعلامی ئەگەر بکرێتەوە لە هەرێمی کوردستان ئەو کات حکومەتی هەرێم دەتوانێ نەخۆشخانەکان لەگەڵ مەکتەب ئیعلامی، بۆیە پێم باشە کەلیمەی کۆمپانیا زیادبکەین لە پێشی زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز د.ڤالا بەرای جەنابتان وەك قانونییەك شتێك ئێستا وجودی نەبێت، ئێمە ئەتوانین لەناو ئەو یاسایە دای بنێین؟

**بەرێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دەتوانین بە پێی ئەو یاسایەی هەیە دادەمەزرێ ئەو دەزگایە، ئەگەر بونی زەرورە شتێك دەبێتن لە بابەتی چاکسازی لە بواری تەندروستی، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی (١١) بخوێنەوە قسەیەکتان هەیە، بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسەیەکی هەیە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرا بەو شێوەیە کە دەرکردنی ئەم یاسایە یان ئەم ماددەیە تەعاروزە لەگەڵ مادده (٢) دەستوری عێراق، ئەم یاسایە بۆ ئەوە پەسەند ناکرێت کە بەکارهێنان و خواردنی مادده هۆشبەرەکان موباح بکرێ لەناو خەڵك، بەو ئەندازەیە کە تەعاروز دروست بکا لەگەڵ مادده (٢)ی دەستوری عێراق ئەمە لە شەریعەی ئیسلامیشدا، یەعنی هەرشتێك بۆ مەسلەحەتی عامیش بێ لە چوارچێوەی تایبەتمەندی بۆ مەسڵەحتی عام و داودەرمان بەکاربێن تەعاروز لەگەڵ شەریعەی ئیسلامیش نییەو لەگەڵ دەستوری عێراقیش نییە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ماددەی دوای ئەوە فەرموون کاك بەڵێن نوقتەی نیزامیە؟ فەرمو کاك بەلێن.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر روونکردنەوەکانی جەنابی وەزیر، دیارە ئەوەی کە هەردوو بەرێزان جەنابی وەزیرو وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان باسیان کرد، ئێمە ئاسان

جێبەجێکردنی ئەمەی ئەو دەقانەی لەم ماددەیا هاتووە، بەراستی واباشترە کەمترین شوێن مۆڵەت وەربگریَ، راستە ئەوانەی یەك شوێن هەبێ بۆ ئەوەی مۆڵەت وەربگرێ، ئێمە ئەو مەکتەبی ئیعلامی داودەرمانە کە ئێستا نەبێ و جەنابی وەزیر باسیکرد کە ئەتوانێ دروست بکرێ، بەڵام ئێمە بۆچی رێگە بدەین بە دروستکردنی لە کاتێکا هەبوونی ئەو مەکتەب ئیعلامییە هیچ لە هۆکارەکان ناگۆرێ، ئەوە کار ئاسانکاری نییە ئاڵۆزکردنە، مادام کۆمپانیاکان ئەتوانن بیدەن بە صیدەلییەکان لەم بەینەیا ئەم وەسیتە بۆ هەبێ، بەراستی یەعنی ئەمە مەجال ئەکاتەوە بۆ زۆر شوێن کە مۆڵەتی پێبدرێ ماددەی هۆشبەر بەکاربێنێ و، پێم وایە بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە قورستر ئەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز جەنابی وەزیر قسەیەکتان هەیە؟

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان:**

ماددەی دوای ئەوە بخوێنەوە.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١).

١-پێویستە لەسەر ئەو کەسەی مۆڵەت دراوە بە هاووردەکردنی یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکراوی ئەقلی یان پێشینەی کیمیایی یان داواکاریەك پێشکەش بکات بۆ وەزارەت تیایدا ناو ناونیشانی کارەکەی و ناوی ئەو ماددە هۆشبەرە یان کارتێکارە عەقلییانە بخاتەروو کە بە نیازە هاوردەیان بکات، یان بیانگوازێتەوە لەگەڵ سروشت و برەکانیان و ئەو مۆڵەتی هاووردەکردنیان هەناردەکردنیان گواستنەوەی پێی بەخشراوە لە حکومەتی ئەو وڵاتەی لێ هاوورده کراواو ئەو هۆیانەی دەبنە پاساو بۆ کارەکەی رێکەوتنەکەی بە شێوەی نزیکەی لەگەڵ گشت ئەو داتایانەی وەزارەت لێی داوا دەکات.

٢-وەزیر بۆی هەیە داواکاریەکە قبوڵبکات یان رەت بکاتەوە یان ئەو برەی تیایدا دیاری کراوە کەم بکاتەوە لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو مەبەست و حالەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان دەیەوێ قسەبکات لەسەر ماددەی (١١) با دەستی بەرز بکاتەوە تا ناوەکان تۆمار بکەین (کاك دیاری، شادیە خان، کاك هاورێ ) شادیە خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە ماددەی (١١)دا خاڵێك زیادبکرێ بەم نەسەی خوارەوە:

دامەزراندنی داتابەیسێك بۆ پشتراستکردنەوەی مۆڵەت و بڕی ڕێگە پێدراو بۆ خاڵەکانی پشکنین لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە کاتێك کە بە ئەوراق مۆڵەت پێدان ئەدرێت بە لایەنێکی دیاری کراو یاخود بە کۆمپانیایەك بۆ گواستنەوەی بڕێکی پێویست ماددەی هۆشبەر یا کارتێکەری ئەقڵی، ئەگەری هەیە کە ئەو کلێشەیە یاخود ئەو شێوازی نوسینە تەزویری تێدا بکرێ، بتوانرێ بەکاربهێنرێ بە بێ بوونی مۆڵەت، واتا مۆڵەتێکی ئەوێ ڕەسمی کۆمپانیاییەکی دیاریکراو موزەیەف بکرێ بۆ بازرگانی پێکردن، بۆیە پێویستە لە رووی تەتەوری کۆمەڵگاکەشمان و هەرێمی کوردستانیش وا پێویست ئەکا ئێمە ئەم مۆڵەت پێدانە راستە بەوەرەقە هەبێ، بەڵام بە داتا پەیسیش هەبێ لە خاڵەکانی پشکنینا بۆ ئەوەی مۆڵەتەکە پشتراستبکاتەوە کە جەنابی وەزیر یاخود کەسی لایەنی پەیوەندیدار مۆڵەتی پێداوە و بەر بگرێ بەوەی کە تەزویرە تا ڕێژەیەکی کەم کەم بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هاورێ فەرموو.

**بەڕێز هاوری بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) بڕگەی دووەم وەزیر بۆی هەیە داواکارییەکە قەبوڵ بکات یان رەت بکاتەوە یان ئەو بڕەی تیایدا دیاریکراوە کەم بکاتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو مەبەست و حاڵەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، راستیەکەی من پێشنیاز دەکەم وەزیر لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار دەسەڵاتیان هەبێت، ئەو داواکاریانەی قبوڵ بکەن یان رەت بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەو لیژنەیە لە کۆتایدا ئیشیان چیە؟ راستییەکەی زۆربەی زۆری ئەو دەسەڵاتانە لای وەزیرە، ئەبێ ئەو لیژنەیە رەچاو بکرێ کە لەکاتی بڕیاردانە بڕیارەکان هاوبەش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١)پێشنیاز دەکەم ئەو کۆمپانیایانەی کە ئەو داواکاریە دەنێرن لەگەڵ ئەوەی دەڵێت کە تێیدا ناونیشانی کارەکەی ناوی ئەو ماددە هۆشبەرە یان کارتێکارە ئەقڵیانە بخاتەروو کە بە نیازە هاوردەیان بکات، لەگەڵ ئەوەدا ناوی ئەو کارمەندەی ئەو کۆمپانیاییە ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەهێنان و هاووردەکردنی ئەو ماددانە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم: هەمان ئەو سەرنجەی کە لە خاڵی ماددەی پێشوترا وتم وەك كاك هاورێش ئاماژەی پێکرد پێشتر پێم وتیت بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشتر پێم وتی کە ئەتوانم پرسیار لە وەزیر بکەمەوە دوای دەرفەتت نەدا لەسەر وەڵامەکە، وەڵامەکە وەڵامێکی موقنەعکەر نەبوو، لەبەر ئەوەی وەزیر ئەو دەسەڵاتە رەهایە بۆ وەزیر بە تایبەت لە وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستاندا رەنگە زۆر جار تووشی کێشەو گرفتمان بکاتەوە، پرسیارەکە لەوەیە بۆیە پێشنیاز دەکەم کە ئەم لیژنە باڵایە ماددەی هۆشبەر لەگەڵ وەزیرا پێکەوە بتوانن بڕیاری لێسەندنەوە، یا ئەم بابەتە بدەن یان ئەو مۆڵەتە بدەن یان بڕە بدەن، بۆ ئەوەی هاوردەی بکات یان هەناردەی بکات، ئەو بابەتە یەعنی پەیوەندی بەوە هەیە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان وەزیر سەر بە پارتێکی سیاسی بێت یان سەر بەلایەنێکی سیاسی بێت هەمان کۆمپانیایای بۆ نمونە داواکار سەر بە پارتێکی سیاسیە یان سەر زۆنێکی دی سیاسی بێت و لەم کاتەیا ئەشکالیەت دروست بکات بۆ ئەم دەرمانانە، بۆیە پێشنیاز دەکەین کە لیژنەکەو وەزیر پێکەوە ئەم دەسەڵاتەیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ سوپاس دواجار ئەو بۆچوونانەی جەنابی وەزیر لە کۆبوونەکانی پەرلەمان دەیڵێ، بۆچوونە و رایی وەزارەتە، رای حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بڕیاری کۆتایی بۆ پەرلەمانی کوردستانە، جا ئەوە موقنیعە قسەکانی جەنابی وەزیر یا موقنیع نییە، ئەوە جەنابتان دواتر حوکمی لەسەر دەدەن، بەڵام ئەوە ئیتر رەئی خۆی دەلێ فەرموون كاك جلال.

**بەرێز جلال محمد أمين:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەکانی بەرێز شادی خان کە ئەلێ داتا پەیسێك دروست بکرێ، دیارە لە ماددەی (٢٤) لە بڕگەی یەکەم ئەگەر دیقەت بدەین بزەبت باسی ئەوەی کردووە داتا پەیسێك دروست ئەکرێ بۆ ئەو بابەتانەی کە بەرێزیان باسیکرد، بۆیە شوێنی خۆی ماددەی (٢٤)ە نەك ئەو شوێنەی پێشنیاری کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان کێی تر هەیە قسە بکات بەرێز جەنابی وەزیر فەرموون.

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سیستەمی ئەلیکترۆنی بەرێز لیژنەی یاسایی جوابی داوە، کە لە شوێنێك باسی داتا پەیس دەکرێت وە جگە لەوەش من نازانم باسم کرد یان نا رێکخراوێکەی نێو دەوڵەتی ئای ئێن سی بی هەیە کە لە هەموو وڵاتاندا بە شێوەی داتا پەیس لەگەڵ کارگەکانی بەرهەم هێنان لەسەر ئاستی وڵاتاندا موتابەعەی هەموو حەرەکەیەکی مادده هۆشبەرەکان دەکات، ئەوەی کە رێگەی پێدەدرێت ئەوەی کە دەفرۆشرێت، بۆیە ئاشکراو روونە ئەوە کێشەیەکە لەو کێشانەی کە

ئێستا له عێراقدا، عێراق هەوڵدەدات وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدرال تەنها ڕێگا بێت بۆ ئەوەی ڕێگە پێدان بدات، بەڵام ئێمە له هەرێمی کوردستان تا ئێستا ڕێگە پێدراو بوو، ئەوەش کێشەیەکە سەبارەت بە قەرار لای وەزیر بێ یان لای لیژنەی باڵا بێت وەك و باسم کرد دیارە من واقیعەکە باس دەکەم و لە ڕووی یاساییەوە هەر لەم یاسایە (١٤) دەسەڵات دراوە لە ماددەی پێنجەم کە وەزیر تاکە بەر پرسیاریەتی هەڵدەگرێ لە هاوردەکردنی لە پێدان.

٢-لە کاری ڕۆژانەو ڕۆتینیدا، چونکە لیژنەکە ڕەنگە مانگێ جارێك ئەگەر زۆر کۆبێتەوە مانگێ جارێکە، بەڵام ئەوە کاری ڕۆژانەیە کە نەخۆشخانەیەك کەسێك داوا دەکات و مامەڵەکەی رایی دەکرێت، بۆیە بەرپرسیاریەتەکە لە لای وەزیرە، بۆیە وەکو هەموو هاوردەکانی تر ڕێگە پێدان و نووسراو لە کۆتایدا هەر وەزیر نووسراوەکە واژوو دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو وەزیری هەرێم.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

بۆ ئەو تەوزیعەی بەرپرسیارییەتیەکە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، داوا دەکەن کە بابەتی مۆڵەتدان و ئەوانە تەوزیع بکرێ لە بەینی وەزیرو یان بدرێ بە وەزیرو بە ئەندامانی تر لە لیژنە باڵاکەی کە پێکهێندراوە، عادەتەن پەرلەمان تەرکیز دەکاتە سەر ئەو شەخسە زیاتر بەر پرسیاریەتی دەداتە بەو شەخسەی کە لە بەرانبەر پەرلەمان بەرپرسە، ئەگەر بگەرێنەوە بۆ لیژنەکە ئەوانەی کە لە ئەندامانی لیژنەن، بەرێوەبەری گشتین، بەرپرس نین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەمی پەرلەمان ئەوەی کە بەرپرسە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەمی پەرلەمان بریتییە لە وەزیری تایبەتمەند، بۆ ئەوەی بتوانێ پەرلەمانی کوردستان لەسەر هەموو کارێك، لەسەر هەموو مۆڵەتێك، هەموو ڕێگا پێدانی نایاسایی شەخسی بەرپرس بانگ بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان، دەبێ تەرکیزی لەسەر ئەوە بێ کە ئەو مۆڵەتانە هەمووی لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە، چونکە وەزیری تایبەتمەند بەرپرسە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لێ پێچینەوە لەگەڵ دەکا، بۆیە تکایە یەعنی ئەو بەرپرسیاریەتانە تەوزیع مەکەن، مەیدەن بەو کەسانەی کە بەرپرس نین لە بەرانبەر پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٢) بخوێنەوە

**بەرێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢)

یەکەم: نابێت ئەو مادده هۆشبەرانەی یان کارتێکارە عەقلییانەی یان پێشینە کیمیاییانەی دەگەنە هەر فەرمانگەیەیەکی گومرگی رادەست بکرێن، تەنها بە مۆڵەتی راکێشانی نەبێت کە وەزیر یان ئەوەی رای دەسپێرێت دەری دەکات و گشت داتا پێویستییەکان لەسەر نوسراوبێت.
دووەم: پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی گومرگ لە دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان لە حالەتەکانی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوە بە پێدا رۆیشتن ترانزێت، مۆڵەتی هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوە لە کەسانی پەیوەندیدار وەربگرن و رەوانەی وەزارەتی بکەنەوە وێنەیەك لەم مۆڵەتە بپارێزرێت لە لای فەرمانگەکانی گومرگ یان فرۆکەخانەو کەسی پەیوەندیدار بەو مەرجەی هێنانەوەی بۆ لایەنی هاوردەکراو بە پاسەوانی گومرگی بێت.
سێیەم: مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاو دادەنرێت ئەگەر لە ماوەی (٩٠)رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی کاری پێنەکرێت و وەزیر یان ئەوەی رادەسپێرێت بۆی هەیە ئەو ماوەیە دواتر لە کاتی پێویستی بۆ ماوەیەك هاوشێوە درێژ بکاتەوە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەرێزێك دەیەوێت گفتوگۆبکات لەبارەی ئەم ماددەیەوە، با ناوی خۆی تۆمار بکات فەرموو کاك دکتۆر.

**بەرێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەردوو بڕگە دا هاتووە دەڵێ لە کاتی مۆڵەت راکێشانی دەبێت کە وەزیر یان ئەوەی رای دەسپێرێت لە هەردوو حاڵەت دا هاتووە، ئەوەی رای دەسپێرێت پێویستە لێرە ئاماژەی پێبکرێت ئەو کەسە کێیە سەرۆکی ئەو لیژنەیە دەبێت کە مەعنییە یان کەسێکی دیکەیە لە دوای وەزیر یان بەرێوەبەرێکی گشتییە کە مەعنییە، لێرە دا هەیە یان بەرپرسی یەکەمە گومرگە بۆ نمونە ئاماژەی پێبکرێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢) ئەم بڕگەیە دەبێت جێگای بکرێتەوە بەهەر شێوەیەك، چونکە ئەوانەی مۆڵەت وەر دەگرن بۆ هێنان رەنگە هەندێك جار دووچاری کاری نا یاسایی دەبنەوە، یان لە مەرجەکان لا دەدەن، ئایا ئەم ماوەیەیەی کە کێسەکەی هەواڵەی رەوانەی دادگا دەکرێت، چونکە لێرە ئاماژەی پێکراوە لە حاڵەتێکدا کە کێسەکەی رەوانەی دادگا دەکرێت، پێویستە لەم ماوەیە مۆڵەتەکەی

هەڵپەسێردرێت، یەعنی کارپێ نەکات هیچ مەوادێکی دیکە داخیل نەکات، تاوەکو کێسەکەی لەلایەن دادگا یەکلای دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاربوو ئەو بابەتەی کاك زانا باسی ئەکات لە لیژنە موناقەشەمان لەسەری کرد، یەك لەوەیا ئەوەی کاك زانا مەبەستیەتی مەرحەلەی تەحقیق، ئایا ئەو کەسە کە ڕەوانەی دادگا کرا بۆ تەحقیق تا تەحقیق تەواو دەبێت و یەکلا دەبێتەوە تاوانبارە یان نا؟ مۆڵەتەکەی رابگیرێ دیارە ئەو دەسەڵات لە قانوون عقوباتیش زۆربەی کات دراوەتە قازیەکان، قازیەکان بۆخۆیان لەو فەترە زرفی قەزیەکە ئەکات، ئەگەر پێی وابێ پێویستە مۆڵەتەکەی راگیرێ لە پاڵ ئەو بڕیارەی کە داویەتی بە راگرتنی تۆمەتبار، بریارێکیش ئەدات بە راوەستانی مۆڵەتەکەی تاوەکو یەکلای دەبێتەوە، بۆیە ئەو سوڵتەیە سوڵتەی قازیە و ئەگەر لێرە جێی بکرێتەوە تەبیعیە، جێشی نەکرێتەوە قازی بۆخۆی هەر وەکو قانونی عقوبات مامەڵەی لەگەڵ دەکات گرفتی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کێ رادەسپێرێت، ئەوە دەوەستێتە سەر هەندێك کاروبار، ڕەنگە بەرێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت، یانیش بەرێوەبەری گشتی پارێزگاکان، لە کاتی پێویستدا هەندێك دەسەڵاتیان پێ راسپێردرێت، کاتێ ئەو کۆمپانیایە مۆڵەتی هەیەو مەوادەکەی هێنایە لە مەتارە یان لە دەروازە سنوورییەکانە رێگەی پێبدرێت بە پێی بەکارهێنان داخیلی بکات.

دوو: باسی مۆڵت رادەگیرێت ئێمە کۆمپانیا هەیە ئێستا لێکۆلینەوەی لەسەر بووە بە ئامادەبوونی داواکاری گشتی راسپێردراوە، کە مۆڵەتەکە نەك رادەگیرێت،بەڵکو کاروچالاکی کۆمپانیاکە رادەگیرێت، تا دۆسیەی لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مادەی دوای ئەوە بخوێنەوە ماددەی (١٣).

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣) :

یەکەم: نابێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە بکرێت تەنها ئەگەر تۆمارکرابێت لە تۆمارەکانی وەزارەت لە ڕێکەوتی دەرچوونی مۆڵەتی هاووردەکردنەکەو شیاو بوونی بۆ بەکارهێنراو چەسپێندراوبێت و وەکو یەك بێت لەگەڵ ئەو ئاگادار و داتای هات و لە مۆڵەتی هاوردەکردن بە پێی ڕاپۆرتێکی تاقیگەکانی چاودێری کردنی داودەرمان.

دووەم: وەزارەت ڕێکارەکانی دڵنیا بوون لە شیاو بوون وەك یەکی و ڕێنمایی ڕێك دەخات کە وەزیر دەری دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە سەر ماددەی (١٣) د.محی لدین، کاك زانا بەڵێ د. محی الدین.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ووشەیەکم هەیە ئەویش لە دێری سێیەم دەڵێ وەك یەك بێت لەگەڵ ئاكارو داتای هات و ئاكار، پێم وایە مەعنای ئەخلاق دەگەیەنێت هەرجی لە عەرەبیەکەیە مواسەفات هاتیە، بۆیە داواکارم لە ڕووی زمانییەوە ئەو ووشەی ئاكارە بگۆڕێ یەکانگیربێ لەگەڵ ووشەی مواسەفات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ووشەیەی باسی دەکەم لە هەندەك ماددەی تریش هاتووە، بۆیە داوا دەکەم ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند پێیان باشبێت لیژنەی یاسایی لایبەرن، چونکە داو نییە لە تەرجەمەدا داودەرمان، دەرمان بمێنێتەوە بە تەنیا چاکترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پەخش نییە، زۆر باشە هەر ووشەیەك ئەگۆڕن ئەبێ لە لیژنەکان بیگۆڕن، من بە شەخسی یەك وشە ناخەمە دەنگدانەوە ئەوە بۆ ئاگاداریتان، ئەم پرۆژە قانوونە کە دەبێ بە قانوون زۆر زۆر گرنگە نامانەوێ لە ئەهەمیەتەکەی کەم بکرێتەوە لەبەر ووشەیەك، هەچ گۆڕانکاریەك ئەکەن

و قەناعەتان پێیە لە لیژنەکان بیگۆڕن، دوای لە کۆبوونەوەی پەرلەمان کەس نەڵێ ئەو ووشەیەو ئەو ووشەیەتان داناوە لەگەڵ لیژنەکان بۆخۆتان ڕێك بکەون، چونکە بۆ دڵنیایتان ووشە ناخەمە دەنگدانەوە فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لە کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشەکان بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیری هەرێم گۆڕیومانە لە زۆر جێگـا، بەڵام لەبەر ئەوە یاسـایەکی زۆر نوسـینی تێـدایەی موحتمـالە لە تەبـع هەموویـان دروست نەکردبێ وا حساب بکەن لە هەموو جێگایەك دەرمان هێناوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی بفەرموون.

**بەڕێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە ئاکـارو یەکخسـتنی شـیاو بـوون، مەبەسـتی لێـرە فەحسـی موتـابەعەو کـوالێتی کۆنترۆڵە، نەتیجەی فەحسی دەرمانە کوالێتی کۆنترۆڵ، ئەوەی کە بەڕێز د. شێرکۆ لە ماددەکانی پێشوو ئیشارەتی پێدا ئەوە لێرەیە باسی کوالێتی کۆنترۆڵە.

دوو: داودەرمان منیش تێبینـیم هەبـوو کە بکـرێ بە دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی، نەك تەنهـا دەرمان، چـونکە پێداویسـتی پزیشـکی ووشـەیەکی فراوانتـرە دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی، پێداویسـتی پزیشـکی تـاقیگەش هەڵـدەگرێت ئەو بابەتـانەی کە بەکـاریش دێـن دەرمـان و پێداویستی پزیشکین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەلما خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سلمه فاتیح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پـرۆژە یاسـایە پـرۆژە یاسـایەکی گـرنگە (٥١) مـاددەیە، پـێم وایە ئەگەر هەسـتی پـێ بـکەی تووشی مەلەل بوین، ئەگەر بکرێ جەلسەکە هەڵبگری زۆر سوپاست ئەکەین، ئیتر نوقتە نیـزامیە نازانم چییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بگەینە ماددەی (١٥) دوای ئەوە مادده (١٤) فەرموون بیخوێنەوە.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵی پێشینەی کیمیاوی هاوردە بکرێت، یان هەنارده بکرێت، یان بگوازرێتەوە لە ناو پاکیجێك کە مادەی دیکەی تێدابێت و پێویستی بە ناردنی هەتا ئەگەر نمونەشبێت لە ناو ئەو پاکیچانە بێت کە دڵنیا بوونی لەسەر کراوە، پێویستە بە تەواوەتی ناوی ماددەی هۆشبەرەکە یان کارتێکەرە عەقڵییەکان کە لەسەری نووسراو بێت لەگەڵ سروشت و بڕو ڕێژەو ڕێکەوت و بەرهەم هێنان و ڕێکەوتی تەمەنی و نەمانی کاریگەریەکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەرێزان هەر بەرێزێك دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی (١٤) کەس قسەی نییە؟ ببوره فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك وشە لەلای من زۆر گرینگە هەر هەمووتان دەڵێن ماددەی هۆشبەر، ئاخر ماددەی هۆشبەر کامە ماددەیە، بەس پێم بڵێن ئاخر هەر هەموو دەڵێن ماددەی هۆشبەر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە بەشی ئەخیر لە پاشکۆکانی ئەم پرۆژە یاسایە دەیان ماددە ناونراون.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هۆشبەر دەبێ دیاری بکرێ چییە؟ ئایا حەشیشە، تریاکە، کریستاڵە ئاخر یەعنی چییە؟ ئێوە بەس دەڵێن ماددەی هۆشبەر، ماددەی هۆشبەر پیاوی چاك بن بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان برواتان هەبێ لە ساڵی (١٩٩٢) پەرلەمان هەیە لەو یاسایە گرنگتر نەهاتووە، کورە پیاوی چاکبن ئەمن دەزانم لە چ ئازارێکی دام، پێمەکەنن بەوانە پێبکەنن کە رۆژانە لەسەر جادە کەوتوون، سجنەکانمان پڕبووە هەموو گەنجەکانمان هەلا هەلابوون، بەس ئەمن یەك تەعریفەی ماددەی هۆشبەرم بۆ بکەن، جەنابی وەزیر یان لیژنەی پەیوەندیدار ماددەی هۆشبەر کامانە دەگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری تەندروستی فەرموون قسەی خۆتان بکەن لەو بوارەیەوە.

**بەڕێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێناسەکان لە ماددەی یەکەم مادده هۆشبەرەکان هەرماددەیەکی سروشتی یان پێکهێندراو لە ماددەی یەکەم خاڵی شەشەم بڕگەی شەشەم هەر ماددەیەکی سروشتی یان پێکهێندراو لەو

مـاددانەی لە خشـتـەی یەکەم و دووەم و سـێیەم و چـوارەم لە هـاوپێچ هـاتووە کـار تێکـراوە عەقلییەکان، خشتەکانی پێـنجەم و شەشـەم و حەفـتەم و هەشـتەمە پێشـینە کیمیاوییەکـانیش نۆیەم و دەیەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١٥) بخوێنەوە فەرموون.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

یەکەم: نابێت ئەو مۆڵەتەی لە ماددەی هەشـتی ئەم یاسـایە دەقـی لەسـەر کـراوە ببەخشـرێتەوە ئەمانەی خوارەوە.

أ-ئەوەی حوکم دراوە لەسەر تاوانی جینایەت یان کەتنێکی ئابرووبەر.

ب-ئەوەی حوکم دراوە بە تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

دووەم: مۆڵەت بە هەڵوەشـاوە دادەنرێـت ئەگەر حـوکمی بنبـڕ لەسـەر خـاوەنەکەی دەربچێـت بە یەکێك لەو تاوانانەی یان سزایانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە.

سـێیەم: مـۆڵەتی بازرگـانی پێکـردن بە مـاددە هۆشـبەرەکان و کـارتێکەرە عەقلییەکـان و پێشینەکانیان نابەخشرێت تەنها بە کەسێکی دەرمانسازی مـۆڵەت دراو نەبێـت یـان دروسـتکاری دەرمانبێت یان بۆ ئەو لایەنانەی لە ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر کراوە.

چوارەم: خاوەنی ئەو شوێنانەی مۆڵەت دراون بە بازرگانی پێکـردن بە مـاددە هۆشـبەرەکان یـان کـارتێکەرە عەقڵییەکـان یـان پێشـینە کیمیاوییەکـان بۆیـان نیـیە شـوێنەکانیان بـۆ ئەو مـاددانە تیایاندا بفرۆشن یان رادەستی بکەن یـان دەسـتی لـێ هەڵبگـرن تەنهـا بـۆ ئەو لایەنە نەبـێ کە لە بڕگەی یەکەمـی مـاددەی (١٠)ی ئەم یاسـایە دەقـی لەسـەر کـراوە یـان بـۆ ئەو کەسـانەی مـۆڵەت دراون بە بازرگـانی پێکـردن بەو مـاددانەی بە پێـی یاسـای پیـادەکردنی پێشـینەی دەرمانسـازی بەرکـار ژمـارە (٤٠)ی سـاڵی (١٩٧٩) یـان هەر یاسـایەکی جـێگەی بگـرێتەوە بەو مەرجەی لایەنـی پەیوەندیـدار لەوەزارەت لەو بـارەیەوە ئاگـادار بکـرێتەوەو ئەو لایەنـانەی لەم مـامەڵە بەژدارن بخرێنە روو.

پێـنجەم: وەزیـر رێنمـایی دەردەکـات بـۆ دیـاری کردنـی ئەو مەرجـانەی پێویسـتن لەو شـوێنەی بهێنەدی کە مۆڵەت دەدرێ بۆ بازرگانی پێکردن بە ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و پێشینە کیمیاوییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر مـاددەی (١٥) گفتوگـۆ بکـات فەرمـوون (کـاك زانا، کاك مەم، د.محی الدی، د.شێرکۆ، کاك شێخ زاهر)

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە مۆڵەتی بازرگانی پێکردن به مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاوییەکان نابەخشرێ، تەنها به من پێشنیار دەکەم کەسێکی دەرمانسازی مۆڵەت پێدراو یان دروستکراوی داودەرمان لابدرێت، چونکە ئەو پرسە به یاسا ڕێکخراوە ئەوەی دەرمانسازەکارو وەزیفەی چییە له یاسای هاتووە، ئەو بابەتە کاری ئەو مادده هۆشبەرەکان نییە وای لێبکرێ تەنها بەو لایەنانەی کە له ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر کراوە، تەنها ئەو لایەنانە مۆڵەت وەربگرن و باس له بڕگەی چوارەم ئاماژە به یاسای پیادەکردنی پیشەی دەرمانسازی بەرکار ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٧٠)دەکات، ڕاستە تەواو کراوە لەگەڵ ئی دەرێ هەر یاسایەك جێگەی بگرێتەوە وا باشترە ئێمە دوو یاسامان هەیە ئاماژەی پێبکرێ یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٧٠)، لەگەڵ یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ساڵی (١٩٩٩) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ جەنابت د.می الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم نابێت ئەو مۆڵەتەی له ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەرکراوە، یەعنی ئەوانە نابێ مۆڵەتیان پێ بدرێ، بڕگەی یەکەمیان الف و بأ کێشەمان نییە، بەڵام ئی دووەمیان بڕگەی دووەمیان مۆڵەتەکە به هەڵوەشاوە دادەنرێت، حوکمێکی بنبڕ لەسەر خاوەنەکەی دەربچێت به یەکێك لەو تاوانانەی یان سزایانەی بڕگەی یەکەم ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر دراوە، پێشنیار دەکەم وابێ، چونکە ئەمە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە مۆڵەتی نادرێتێ بەوانە وا دارشتنەوەشی بۆ دەکەین، خاوەن مۆڵەت پێدراو ئەگەر حوکمی بنبڕی لەسەر دەرچوو مۆڵەتەکەی به هەڵوەشاوە بۆ هەژمار دەکرێت، بڕگەی سێیەم مۆڵەتی بازرگانی کردن به مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان پێشینە کیمیاوییەکان نابەخشرێتە تەنها به کەسێکی دەرمانساز مۆڵەت دراو نەبێت یان دروست کراوی داو دەرمان نەبێت، یان بۆ ئەو پلانانەی له ماددەی (١٠) هاتون، ئێمە دەڵێین مۆڵەت نادرێتە ئەوانە له ماددەکانی ڕابردوو پێشتر باسی ئەوەمانکردووە تەنها ئەوانەی مۆڵەتیان پێ دەبەخشرێ کە ئەوانەی دەرمانسازن، ئەوانەی دەرمان دەهێنن، بۆیە ئەو بڕگەیە پێم وابێ زیادە له ناو ئەوە هاتوە، چونکە مۆڵەتەکان نابەخشینە ئەوانە، بەڵام لێرە دەڵێین دەبەخشرێتە دەرمانسازەکان، کەواتە زیادەیە له ناو ئێرە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرمور.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا دوو تێبینیم هەیە، ئەگەر دیقەت بدەین لە ماددەی (١٠)یا کە پەسەندکرا کەسی تیا نییە دەڵێ مۆڵەت دەدرێتە لایەن نادرێتە کەس، دەدرێتە لایەن، بۆیە پێشنیاز دەکەم لە بڕگەی چوارەمدا کە ئەڵێ ئەو کەسانەی مۆڵەت دراون بکرێتە ئەو لایەنانەی مۆڵەت دراون، بەنسبەت بڕگەی ئەلف لە بڕگەی یەکەم ئەوەی حوکم دراوە لەسەر تاوانی جینایەت یان کەتنێکی ئابڕوبەر تاوان هەر تاوانە جینایەتە یا بوترێت و تاوانیش هەیە تاوانی ئەنقەستیش هەیە، تاوانی نا ئەنقەستیش هەیە کە حوکم دەدرێ، خەڵکێك هەیە گوللەیەك لە دەستی دەردەچێت منداڵێك ئەکوژێت، وەکو تاوان حوکمیش دەدرێت، بەڵام ئەنقەست نییە، پێم وایە ئەم مەسەلەی مۆڵەتە بەم شێوەیەی لێبکرێ ئەوەی حوکم دراوە لەسەر تاوانێکی بە ئەنقەست یان کەتنێکی ئابروبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابتان، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مۆڵەتی بازرگانی پێکردن، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە تەنها حکومەتی هەرێم بۆی هەبێ بازرگانی بکا بە ئەم ماددە هۆشبەرانە و، لەگەڵ ئەوەشا پشتیوانی لە بەڕێز کاك زانا دەکەم کە ووشەی دەرمانسازی لەگەڵ دروستکاری داودەرمان یەك شتە لە رووی تێگەیشتنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، من پێشنیاز دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ کە بازرگانی کردن لە ماددە هۆشبەرەکان بە تاوانی ئابڕوبەر، بۆ ئەوەی ببێتە رەدع بۆ بازرگانان کە بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکان دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیەکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی یەکەم ئەلف ئەوەی حوکم دراوە لەسەر تـاوانی جینایـات یـان کەتنێکـی ئـابڕووبەر، لێرە باس لەسەر ئەوەکرا کە جینایات بێ یان جنح بێ، ئەگەر بە عەمدی نەبێ جینایات تاوانێکی گەورەیە کە هەرە گەورەکـانە ئەوە دەبێـت هەبـێ، ئەوی تـر جـنح جنحـی ئـابڕووبەر مەسـەلەن موخلـف بشـەرەف ئەمە عەمـدی و نـا عەمـدی تێـدا نیـیە، لەبەر ئەوە ئەمە لە هەمـوو جـارێ لە هەموو یاساکاندا کە باس دەکرێ موخلـف بشـەرف استسـنا دەکرێ، یەعنـی ئەوە نیـیە جنحیکـا ئەوە لێرە تەحدید کردووە جـنح موخلـف بشـەرف، یەعنـی ئەوە تەحدیـد کـراوە، ئەگەر بە تەنیـا نوسرابا جنح ئەوکات قسە زۆر مەعقول بوو، بەڵام لێرە تەحدیـد کـراوە جـنح موخلـف بشـەرف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموون.

**بەڕێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە بـڕگەی یەکەم لەبەر خـاڵی ئەلـف و بـاْ وەڵامـی پرسـیارێکی پێشـتر دەداتەوە کە بیرمانچوو جوابدەینەوە، باس دەکرا بۆچی ئاسایش ڕێگە بدا پێش ئەوەی بڕیاری وەزیـر، لەبەر ئەوەی بەراعەی ئەمنی دەوێت ئەو کەسـەی لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تـاوان پێشـتر سـەوابقی هەبێت تاوەکو ڕێگەی پێنەدرێت،،سەبارەت بە خـاڵی سـێیەم لە لەم مـاددەیە تەنها بە کەسـێکی دەرمانسازی مۆڵت پێدراو نەبێ یان دروستکاری داو دەرمانبێ دروستکار دەکرێ هەڵبگیـرێ، یـان دای نەنێین یان ئەگەر داماننا بڵێین کارگەی بەرهەم هێنی مۆڵەت پێـدراو، واتـا ئەو مەعـمەلانەی دەرمـان دروسـت دەکەن لە هەرێمـی کوردسـتان کەسـی دەرمانسـاز بمێنـێ یـان نەمێنـێ خـۆی کۆمپانیـا بەنـاوی دەرمانسـازە لێـرە، بـۆیە حەسـری کـردۆتەوە تـاوەکو نەکەوێـتە دەسـتی تـر دەرمانساز بەرپرسیاریەتەکە هەڵبگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابتان، بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموون ئەگەر قسەیەکتان هەیە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی وەزیری تایبەتمەند دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دەزانم زۆر ماندوون، بەڵام هاوکارمانبن بگەینە ماددەی (٢٥) زۆر باش دەبێت، کاك د.سامان کاك د.شێرکۆ دەیەوێت زیاتر وەڵامی دەست بکەوێت.

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست چییە بەس تەنها حکومەت؟خۆی بەرێگە پێدانی حکومەت دەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.سامان مەبەستی ئەوەیە کە تەنها حکومەت ئەو مەوادانە بێنێت کاك د.شێرکۆ وا دەلێ دەکرێ؟

**بەرێز د.سامان حسین برزنجی/وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسیستەمی ئێستەی دەرمان پێداویستی پزیشکیدا حکومەت کۆمپانیای حکومی بۆ داودەرمان و پێداویستی پزیشکی نییە لە کاتی ئێستادا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر دەتوانن هاوکارمانبن بگەینە مادده (٢٥) زۆر باش دەبێ نا دەنگدانی ناوێ هەندێکی تر دەرۆین، باشە چوارشەممە سەعات (١٠) ئەم دانیشتنە بە کراوەیی دەبێ، چوارشەممە سەعات (١٠) دەبێ نەك سەعات (١١) داواتان لێ ئەکەم لە وەختی خۆیا ئامادەبن، بۆ ئەوەی سبەینێ ناتوانین لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی هەیە بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ چوارشەممە سەعات (١٠) زۆر سوپاس ...

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **د. ڕێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)ی

چوارشەممە رێکەوتی ١٨\١٢\٢٠١٩

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)
## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨

كاتژمێر (١٠)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكەوتـی ٢٠١٩/١٢/١٨ پەرلەمـانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامـادەبوونی بەڕێـز هـێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشـتنی ژمـارە (١١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی مـاددەی (١٦) و مـاددەی (٤٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنـامەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (١١)ی ئاسـایی سـاڵی یەكەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی كوردسـتان لە كـاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوار شەممە رێكەوتی (٢٠١٩/١٢/١٨) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: بەردەوام بـوون لەسـەر خوێنـدنەوەی دووەمـی پـرۆژە یاسـای مـاددە هۆشـبەرەكان و كارتێكەرە عەقڵیەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق، بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی رۆژی دوو شەممە رێككەوتـی ٢٠١٩/١٢/١٦ بەم شـێوەیەی خوارەوە بوو:

١/ دەست پێ كردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.

٢/ خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامـادەنەبووانی ئەنـدامانی دانیشـتنی پێسوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و ناوی ئامادەنەبوونی لە كۆبـوونەوەی لیـژنە هەمیشـەییەكان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

٣/ دەست پێ كردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

٤/ خوێندنەوەی یەكەم بۆ پرۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرمـاڵە و بەخشـین و ئیمتیازەكانی تر، ئاراستە كردنی بۆ لیژنە پەیوەندار و پێدانی خەسڵەتی بەپەلە بە دەنگـی (٨٥) پەرلەمانتار.

٥/ دەنگدان و پەسەند كردنی یاسای رێكلامی بازرگانی لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

٦/ خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەكان و كارتێكەرە عەقڵییەكان لە هەرێمـی كوردستان ـ عیراق بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان.

٧/ دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان بۆ رۆژی چوارشەممە رێككەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ لەلایەن سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون لە شوێنەکانی خۆتان بۆ ئەوەی دانیشتنەکەمان دەست پێ بکەین، بڕیار بوو ئەمڕۆ سەعات (١٠) کۆببینەوە، بەڵام بەڕێزتان هیچ ئیلتزامێك بەو کاتانە ناکەن کە بۆ ئێمە بۆ کاتی کۆبوونەوەی دادەنێین هیوادارین لەو ڕووەوە خۆتان ڕێك بخەنەوە.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی وەرزی دووەم ساڵی یەکەم، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کاری دانیشتن، پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو، ناوی ئامادەنەبووان و دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان ئەگەر لەبەردەستییەتی بیخاتەڕوو، پێش ئەوە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین بۆ دانیشتنەکە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧و ٤٨و ٥٢و ٥٤و ٥٥و ٥٦و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١) ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق، بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠) ی ئاسایی ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١/ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبووانی ئەندامانی دانیشتنی پێسوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و ناوی ئامادەنەبوونی لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣/ دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەکانی تر، ئاراستە کردنی بۆ لیژنە پەیوەندار و پێدانی خەسڵەتی بەپەلە بە دەنگی ٨٥ پەرلەمانتار.
٥/ دەنگدان و پەسەند کردنی یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
٦/ خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
٧/ دواخستنی دانیشتنی پەرلەمان بۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە ١٠ ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦ ی بەیانی :

ڕۆژان محمد کریم/ مۆڵەت، سیپان سالم حسن/ ئامادەنەبوو، عثمان علی سمایل/ مۆڵەت، عثمان کریم سوارە، مۆڵەت، کاظم فاروق نامق/ ئامادەنەبوو، کاوە عبدالقادر حسن/ ئامادەنەبوو، موژدە محمود محمد/ ئامادەنەبوو، هدیە موراد/ مۆڵەت، هیڤیدار احمد سلیمان/ مۆڵەت.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە ١٠ ی ئاسایی خولی پاییزەی لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦ ئێوارەکەی:

بەهمەن کاك عبداللە/ مۆڵەت، جلال محمد عبداللە/ مۆڵەت، رزگار عیسی سوار/ مۆڵەت، زیاد جبار محمد/ ئامادەنەبوو، سەروان محمد علی/ ئامادەنەبوو، سعید مصطفی تەتەرخان/ مۆڵەت، شوانلا کریم محمد/ مۆڵەت، هیمداد صباح بلال/مۆڵەت.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بەبێ مۆڵەت یان بە مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان پەرلەمان ئامادەنەبوون:

لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و وەبەرهێنان ٢٠١٩/١٢/١٧ :

عثمان علی سمایل/ مۆڵەت.

لیژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی ٢٠١٩/١٢/١٧:

جهاد حسن ابراهیم/ مۆڵەت، ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە/ مۆڵەت.

لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی ٢٠١٩/١٢/١٧:

هەورامان حمە شریف حمدرشید/ ئامادەنەبوو.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ٢٠١٩/١٢/١٦ مۆڵەت بوم، مۆڵەتم لە جەنابتان وەرگرت، لەبەرئەوەی ڕۆژی شەهیدانی ڕۆژی ئاڵا بوو، هەر لێرەشەوە ڕێز و سلاو بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەنێرم، لەبەرئەوەی ساڵ یادی شەهید بوونی مغدیدی برام بوو، بۆیە مۆڵەتم لە جەنابتان وەرگرت، ئێستاش ئامادەنەبوو هەژمارکراوم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاست دەکات مۆڵەتی لە من وەرگرت، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕۆژەی من نامەم بۆ منی خان نارد، مۆڵەتی کاك زیاد پاش نیوەرۆیەکەی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کاروبار دەڵێین پیای بچێتەوە بەسەرچاو، کاك د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە ڕێی پەیوەندی تەلەفونەوە، هەم بە نامەی ڕەسمی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانم ئاگادار کردووەتەوە، کە بایکۆتی دانیشتنی ژمارە (١٠) مان کردبوو دانیشتنی پێشوو، هەر چوار ئەندامی فراکسیۆنەکەمان، لایەنی کەم ئەندام دەتوانێ بە تەنیا بایکۆت بکات و دەشتوانی بە فراکسیۆن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی راتان گەیاندبوو؟ لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٠) راتان گەیاند بوو کە لەبەر هەڵوێستێك بایکۆت دەکەن؟ لەناو کۆبوونەوە؟.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمە یەعنی لە کوێ ڕای بگەیەنین؟ خۆ بایکۆت دەتوانی نەیەیەتە ژوورەوە و دەتوانی بێیتە ژوورەوە بچی لە دەرەوە بایکۆتی بکەی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر دەبێ ڕای بگەیەنی کاك دکتۆر.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والحاصل بەڕێز سکرتێری پەرلەمانمان ئاگادار کردووەتەوە، هەم لە ڕێی تەلەفونەوە و هەمیش لەڕێی نووسراوی فەرمییەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێزی سكرتێری پەرلەمان ڕوون كردنەوە بدە.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ د.كاظم بە تەلەفون پەیوەندی كرد، دواتر من داوام كرد نووسراوێك ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی بكات، بەڵام كۆبوونەوەكە ئەنجام درابوو، و لێرەدا ئێمە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی وەكو فراكسیۆن تەعامول دەكەین، كە فراكسیۆنەكەتان چوار ئەندام ئامادەبوو، ئێمە ناتوانین لێرەدا راست بە بایكۆت هەژماری بكەین، لەبەرئەوەی بەشێك لە ئەندامانی نەوەی نوێ ئامادەبوون، بۆیە هیوادارم لە دانیشتنی داهاتوو ئەوەی یەك لایی بكەنەوە لە نێوان خۆتان، تاوەكو ئێمە بزانین ئەوە بایكۆتە یاخود بە كۆدەنگی ئامادەبوونە لەناو دانیشتنەكانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی بەڕێزان بڕگەی (٧) لە ماددەی (٢٣) ئەڵێ كاتێك فراكسیۆن یان ئەندام، واتا ئەندامیش دەتوانێ لەبەر هەڵوێستێك بایكۆتی دانیشتن بكات، لەبەرئەوە هیچ شتێك لە كۆبوونەوەی پێشوو بە ناوی ڕاگەیاندنی هەڵوێست نەهاتۆتە بەردەستی دەستەی سەرۆكایەتی، لە كاتی كۆبوونەوەكە یان پێش كۆبوونەوەكە هەر شتێك لە دوای كۆبوونەوەكە راگەیەنرابێ ..... ببورن ئێمە لە ڕووی پەیڕەوییەوە دەبێ بە غیاب هەژمار بكرێن، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەپێی ماددەی (٨٣) بڕگەی (٢) ئەگەر پڕۆژە یاسایەك پێشنیار بە تایبەتمەندی زیاتر لەیەك لیژنە بوو، دەستەی سەرۆكایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی بڕیار دەدات بە بەش كردنی پڕۆژە یان پێشنیاز ناردنی هەر بەشە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، لیژنە تەنیا لەسەر ئەوە ڕاپۆرت ئامادە دەكات كە ئاراستە كراوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە كاتێك دا ئێمە وەكو لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی لە مافی مرۆڤ داوا لە بەڕێزت كرد كە پرۆژە یاسای چاكسازی ئاراستەی لیژنەكەمان بكرێ كە ماددەی ٨ تایبەت بوو بە لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی كردن لە مافی مرۆڤ پێویست بوو كە ئێمەش ڕاپۆرتمان ئامادە بكردایە، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەكەم كە پڕۆژەی چاكسازی ئاراستەی لیژنەكەمان بكەی و لە هەمان كاتدا لە كۆبوونەوەیەكی ڕەسمی پەرلەمان دا داوامان لە بەڕێزتان كرد پرۆژە یاسای ئەرك و مافی نەخۆش ئاراستەی لیژنەكەمان بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لەڕاستیدا یەكێك لەو لیژنانەی كە دەبوو ئێمە پڕۆژەی چاكسازی ئاراستە بكەین لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی بوو، ئێمە كە نووسی بوومان كاروبار، ئاراستەی كاروباری

پەرلەمان کرابوو، یەعنی هەڵەکە لەویا ڕوویداوە دوێنێش لەگەڵ کاك رۆمیۆ قسەمان کـرد، هـیچ شتێك ڕێگر نییە لەوەی کە لیژنەکەتان کۆببێتەوەو لەو ماددانەی کە پەیوەستە بەکار لیژنەکەتان ڕاپۆرت و تێبینی خۆتان ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەن، سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، فعلەن دوێنێ وابزانم دووجار هەر لە کاتی موناقەشەکردنی یاسـایەکە و دواتـریش لای جەنابتان باسمان کرد، بەڵام خاڵی دووەم، من پشتگیری لە ڕای بەڕێـز بـدریە خـان دەکەم بـۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆژە بڕیاری بۆنە فەرمییەکان کە لە ماوەی (٧) دەبووا لیژنەی هاوبەش ڕاپۆرتیـان بنووسنێ، بەڵام نەنووسراوەتەوە، داوای ڕوون کردنەوە لە بەڕێزت دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاستی دا ڕاپۆرتی لیژنەکان ئاراستەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەکـرێ، بـا بفەرمـووێ وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان، ئەمـڕۆ ئـێمە نووسـراوێکی لیـژنەی ڕۆشـنبیرییمان بەدەست گەیشتووە لە ڕێی کاروبارەوە کە داوای درێژکـردنەوەی مـۆڵەتی حەوت رۆژی دەکەن بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان، بەڵام بە پێی ماددەی (٨٤) نووسـراو وەڵاممـان داونەتەوە کە هەر پـرۆژە یاسـایەك یـان پێشـنیازێك خەسـڵەتی بە پەلەی پێـدرابێ لە مـاوەی هەفـتەیەك لیـژنەی تایبەتمەند ڕاپۆرت ئامادە بکات، ئەگەر نەیتوانی لەلایەن جێگری سـەرۆکی پەرلەمـانەوە ئاگـادار دەکـرێنەوە دواتـر دەبـێ لە مـاوەی (٤) رۆژدا ڕاپـۆرتی هـۆدار بنێـرن، ئەو نووسـراوە فەرمیـیە ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیری ئەمڕۆ کراوەتەوە داوایان لـێ دەکەیـن لێـرەوە لە مـاوەی (٤) رۆژ لە گەیشتنی نووسراوەکە ڕاپۆرتی هۆدار بدەنەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و دواتر بڕیـاری دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری یەکلاکەرەوەی دەبێ لەسەر ئەو ڕاپۆرتە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە چوار لیژنەی نوێی پەرلەمان پێکهات هەندێك گۆڕانکاری لە لیژنەکانی تریش کرا، لیژنەی شەهیدانیش شمول بوو بە ئەوانە بەڕێز مەلا هەورامان بەو پێیەی کە ئیستقالەی داوە بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا دەکات کە ئەمە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، چونکە تا ئێستا لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی شەهیدان ئامادەنابێ، بۆیە من داوای ڕوونکردنەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە ئایا ئێمە بە مۆڵەت بۆی حساب بکەین یاخود وەکو ئامادەبوو هەژمار بکرێ بەڕێزیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا ئەو کاتەی کە بە تەواوەتی لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێ و کەسێکی تر لە شوێنی دادەنرێ بەڕێز مەلا هەورامان دەبێ پابەند بێ بە کۆبوونەوەکانی لیژنە ئەگینا بە ئامادەنەبوو هەژمار دەکرێ، یان دەبێ مۆڵەت وەربگرێ، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ڕەخنەیەکم هەیە ئەگەر لێمی قبوڵ بکەن، ڕاستیەکەی ئێمە هەموو کەرەتێك دەڵێین لەسەعات (١١) و ئەمڕۆ لە سەعات (١٠) ئاماژە درا بەوەی کە بەرنامەی کار دەست پێ بکات، یەعنی هیوادارم ئەمە دوا کۆبوونەوە و دوا کەرەت بێ کە پەرلەمانتاران لە کات و ساتی خۆیدا ئامادەنەبن، چونکە ئەرکێکی مێژوویی و نیشتمانی گەورەمان لە ئەستۆیە خەڵکی کوردستان چاوی لە هیمەتی ئێمەیە، زۆر پێویستە لێرەوە لە کاتی خۆیدا ئامادەبین لە جیاتی ئەوەی کە ئێوارەیەکی درەنگ بڕۆینەوە، من زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بۆیە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممەمان کردە سەعات (١٠) بۆ ئەوەی لەو کێشەیە ڕزگارمان بێ و زوو ئامادەبن، لەسەرەتای قسەکانیشمان وتمان داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین لە کاتی خۆیان ئامادەبن، بەر مەبنای ئەو دەنگدانەی کە لە کۆبوونەوەی (١٠) کردوومانە، دەبێ پەخشی ڕاستەوخۆ ڕابگیرێ بۆ موناقەشە کردنی پڕۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کار تێکەرە عەقڵیەکان، بەڵێ ئێستاش داوا لە لیژنە تایبەتەکان دەکەم بفەرموون بۆ سەر مەنەسەکە، بەڵێ شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دیدی ئەندامانی لیژنەی دەستپاکی پڕۆژەی چاکسازی ڕەنگە پەیوەست بێ بە لیژنەی دەستپاکییەوە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین هەر پرسێك هەر ماددەیەکی نێو ئەو پڕۆژەیە پەیوەستە بە لیژنەی دەست پاکییەوە ئاراستەی لیژنەی دە ستپاکی بکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ شایان خان فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی گلستان خان دەکەم، دەبوایە ئەمڕۆ هەمووومان لە کاتژمێر (١٠) ئامادەبووباین، بە تایبەتی کە لە دانیشتنی پێشوو ئاماژە بەوە دا کە بەڕێزت پێویستی بە نیصاب نییە، باشتر وابوو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمڕۆ سەعات (١٠) حازر بوونایە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانیش پابەند بوونایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شایان خان، بۆ ئینعقاد پێویستی بە نیصابە، بۆ ئەوەی ئێمە جەلسە بکەینەوە دەبێ نیصاب هەبێ، بەڵام لە دوای ئەوەی کە ئینعقاد دەبێ یەعنی جەلسە پێك دێت ئەو کات نیاصابیش نەمێنێ ئاساییە، لەبەرئەوە هەتاوەکو هۆڵەکە (٥٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی تێدا نەبێ ئێمە ناتوانین جەلسە بکەینەوە، بەڵام دوای کردنەوەی جەلسە لە خوێندنەوەی دووەم دەکرێ نیصاب نەبێ، لە ماددەی (١٦) بووین، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەری ماددا (١٦) بخوینین حەز دکەم تێبینیەکی ئاماژە پێ بدەم، د ڕاپۆرتا دوماهیکی دا ئەڤە بەردەستی ئەندامێ پەرلەمانێت هەی، ماددا (١٦) و ماددا (١٩) دووبارە بوویە لەگەڵ ماددا (١٦) ئەڤ ماددا (١٩) لسەر ڤێ وەرەڤێ بەری دەستپێکرنا دانیشتنا ئەڤرۆ جهێ هەمی ئەندام پەرلەمانا هاتیە دانان و لبەر دەستە، حەز دکەم ئەڤ تێبینیە لبەر چاڤ بێتە وەرگرتن، عەفو موهیم (١٩) بەدیلێ وی، لبەردەستێ هەمیا هەی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم

نووسینی ڕاچێتەی پزیشکی و سەرف کردنی دەرمانسازان بۆ مادده هۆشبەرەکان و یان کارتێکەرە عەقڵیەکان

ماددەی/١٦

یەکەم/ پزیشك بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی بۆ هیچ نەخۆشێك بنووسرێ تەنها بە مەبەستی چارەسەرکردنی پزیشکی نەبێ و بە پێی ئەو ڕێنمایی و ڕێکسازیانەی وەزارەت لەم بارەیەوە دەریان دەکات.
دووەم/ قەدەغەیە پزیشك هیچ بڕێك لە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکەرە عەقڵییەکان بۆ خۆی بنووسێ بۆ بەکارهێنانی تایبەت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەبارەی ئەو ماددەیەوە بکات بفەرموون ناوی خۆی تۆمار بکات، کاك کاروان، کاك زانا، حسیبە خان، د.زیدان، بەڕێز د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەو ماددەیە بە گشتییە کە هەر دووخاڵ دەگرێتەوە، کاتێ دەڵێ پزیشك بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵی بۆ هیچ نەخۆشێك بەکاربێنێ یان بنووسێت، دەتوانین لێرە شوێنەکە تەحدید بکەین، لەوانەیە هەندێ جار پزیشکمان هەیە عیادەی تایبەتی هەیە لە دەرەوەی نەخۆشخانەکانە، بۆیە لەو شوێنانە بێ کەلەژێر چاودێری دان لە نەخۆشخانەی حکومییە یان ئەو نەخۆشخانانەی کە پێویستن ئەو چارەسەرییانەی لێ وەربگیردرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، ماددەی (١٦) بڕگەی یەکەمی حەساسترین بڕگەی ئەم پرۆژە یاساییەیە، کاتێك کەباس لەوە دەکات پزیشك بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەر ڕاچێتەکەی بنووسێ، ئەمە لە ئەساسدا خۆی دڵنیایی دانی موهیمە، بەڵێ ئەمە لە ماددەی (٣٠) باس لە سزاکانی کراوە، ئەگەر پزیشکێك بە پێچەوانەی یاساوە بینووسێ سزاکەی چی دەبێ، بەڵام سزاکان بەجۆرێکن کە ناتوانرێ موعالەجەی بکەین، لە ماددەی (٣٠) تێبینیمان دەبێ، بەڵام وەك کاك د.زیدان ئاماژەی پێی کرد پشتیوانی لە قسەکانی دەکەم لەوەی کە دەبێ لەژێر تەدقیق دابێ، لەژێر چاودێریەك دابێ کە لە شوێنێکی ڕەسمی بێ بۆ ئەوەی کە پزیشك نەتوانێ هیچ کاتێك لە یاسا لابدات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (١٦) ناڕوونییەك هەیە، چونکە وازحە کە پزیشك چارەسەر دەنووسێ تەنها بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکیە، بۆیە لێرەدا ئەم (بۆی نییە) دەکرێ سیاغەی ئەم بڕگەیە بەشێوەیەکی تر بکەینەوە کە پاڵپشت دەبێ بۆ پێشنیارەکەی کاك د.زیدان و کاك کاروان، وای لێ بکەین پزیشك پسپۆری تایبتمەند، چونکە هەموو پزیشکێك ناتوانێت ئەم چارەسەرییە بنووسێ، پزیشکی پسپۆری تایبەتمەند بۆی هەیە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی بۆ نەخۆش بنووسێ بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی و تەنها لەناو نەخۆشخانەکان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام ئەوە هەیە، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە بۆی نییە، ئەو حاڵەتەی کە ڕێ پێدراوە تیایەتی لە ناو هەموارەکانی تردا ئەمە بەس بۆ حاڵەتی ڕێ پێنەدانە، ئەبێ سیاغەی بکەینەوە بۆ حاڵەتێك کەی بۆی نییە، بەڵێ حسیبە خان فەرموون.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٦) بڕگەی یەکەم، من تێبینیەکی ترم لەسەری هەیە، ئەوەی کە دەڵێ پزیشك بۆی نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵی، لێرە موفرەدی کردەوە، لێرەش پێم باشە زیادەیەك بکرێ بەوەی پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی یاریدەدەرەکانیش دەبینین زۆرجار لای خۆیانەوە کە دەرمان بۆ نەخۆشەکان دەنووسن ئەوانیشیان لەگەڵ بێت، پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی بۆیان نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەرە عەقڵییەکان بۆ هیچ نەخۆشێك بنووسن بۆ مەبەستی چارەسەری، لە دووەم لەبڕی شوێنی قەدەغە بکرێت بە ڕێگەپێدراو نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی لەڕاستی دا لەناو ئەم پرۆژە یاسایە لەهەر شوێنێك کە هاتووە دەڵێ ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان دەبێ چاك بکرێ، دەبێ بوترێ ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵیەکان دوو جەمع بەدوای یەك دا نایەن، دەبێ لە هەر شوێنێك کە ئەمە هەیە لە هەمووی چاك بکرێ نەك تەنها لەویا، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕای هەر یەك لە د.زیدان و کاك کاروان و کاك زانام لەسەر ئەوەی کە پزیشك بۆی نەبێ لە ئەو شوێنی تایبەتی خۆی لە کاتی نەخۆش بینین دا ماددەی هۆشبەر و کارتێکەری عەقڵی بنووسێ، تەنیا شوێنە ڕەسمیەکان و نەخۆشخانەکان نەبێ، پێویست نییە پزیشك لە دەرەوە بتوانێ کارتێکەرە عەقڵیەکان و ماددە هۆشبەرەکان بنووسێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکان قسەیەکتان هەیە؟ دکتۆرە فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئایا پزیشك بۆ مەبەستی دیکە ماددەی هۆشبەر دەنووسێ بەڵێ هەندێك لە پزیشکەکان بۆ مەبەستی دیکەش دەینووسن بە تایبەتی نەخۆشیەکانی با بڵێین هەندێك نەخۆش هەیە ئیدمان دەبن، لەسەر ئەوانە، دکتۆرەکە دەبێ ڕێ لەوە بگرێ، بۆیە ناکرێ یەعنی هەر کەسێك هەر چەندێکی ویست بنووسێ، بۆیە بۆی نییە پزیشك بەو شێوەیە بینووسێ، تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.سامان فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئامادەبووان بەیانیتان باش، سەبارەت بەو تێبینیانەی هەیە تەنها لە نەخۆشخانە بێت، لەڕووی پراکتیکی و چارەسەری و زانستیشەوە ناکرێ، بەڵام بەڕێنمایی ڕێکخراوە چ جۆرە، چونکە پۆلین کراوە ماددە هۆشبەرەکان یان ماددە دەرمانەکانی سڕکردن، کە کامەیان لە نەخۆشخانەیە و کامەیان دەکرێ لە کلینیك، ئەوە دواتر لە ڕێنمایی پۆلین دەکرێت، تەنانەت لە ناو نەخۆشخانەش، لەناو نەخۆشخانەیەکی گشتیش هەموو جۆرە دەرمانێك نادرێتە هەموو بەشێك، بۆ نموونە هیچ دەرمانێکی سڕکردن نادرێتە قاوشەکان، بەڵام لە بەشەکانی چاودێری چڕ و لە هۆڵەکانی نەشتەرگەری بەکاردێت و ڕێنمایی زۆر ورد و تایبەتمەند هەیە بۆ وەرگرتنەوەی شوشەی بەتاڵی دەرزیەکە و وەرگرتنەوە و تەسفیە کردن و ئیستلام و تەسلیم، بۆیە ئەوە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت، بەڵا م عەمەلی نییە لە یاسایەکەدا بڵێین بۆی نییە لە کلینیکی تایبەت، چونکە هەندێ ماددە هۆشبەرەکان لە کلینیکیش وەکو چارەسەر بەکاردێت، کلینیکەکەش کلینیکێکی لەڕووی یاساییەوە ڕێگەپێدراوە و حسابی نەخۆشخانەی بۆ دەکرێت، لەوێ لەناو بازاریش بە پێی یاسا دەرمانسازیش نابێ لە دەرمانخانەکەی ئەو ماددانەی سەرف بکات بە بێ ڕاچێتەی پزیشك، دوا تێبینیم لەسەر زیادکردنی یاریدەدەری پزیشکیە، یاریدەدەری پزیشکی هەر بەخۆی ڕێگە نادرێ بۆ نووسینی چارەسەر، بۆیە ئەگەر لێرە باسی یاریدەدەری پزیشکی بکەین واتا بە پێچەوانەوەش جگە لە ماددە هۆشبەرەکان دەتوانێ دەرمان و شتی تر بنووسێ، بۆیە پێویست ناکات یاریدەدەری پزیشکی، چونکە تەنها پزیشك دەرمان و چارەسەر دەنووسێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەتان هەیە؟ کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەوەی کە ئێمە وەکو لیژنەی تایبەتمەند هەمانە ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم پرۆژەیە یاسایە بەخۆتان دەزانن پرۆژە یاسایەکە کە زیاد لە پەنجا ماددەیە و وەرگیراوە، ڕەنگە هەندێ هەڵەی لوغەوی تێدابێ، بۆیە داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین ئێوە دەتوانن دوای جەلسەش ئەوەی کە هەڵەی لوغەویە بیدەنە ئێمە بە بێ پشتگیری ئێمە گۆڕانکاری تێدا دەکەین چاکی دەکەین، دەمانەوێ چاك بکرێ، بۆیە سوود لە کاتەکە ببینرێ و زیاتر تێبینیەکانتان لەسەر ئەوە نەبێ مەسەلەن ئەم وشە لەو شوێنەدا دووجار هاتووە، لەسەر جەوهەری بابەتەکە بێ، ئەگەر لەسەر جەوهەری بابەتەکە بێ گرفت نییە، بەس ئەگەر لەسەر وشە بێ ئێوە دەتوانن دوای جەلسەش بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان تێبینیەکانتان بنێرن ئێمە دەبێ هەر چاکی بکەین کاتێك سیاغەی دەکەینەوە، ئەگەر گرفتەکە لە وشەسازی بوو، بۆیە سوپاستان دەکەین بۆ ئەوەی سوود لە کاتەکە ببینین وا بکەین تەنها تێبینیەکانتان لەسەر جەوهەری بابەتەکە بێ نەك ئێستا لەسەر ماددەی (١٧) لە دوو شوێندا وشەی تەنها هاتووە، مەسەلەن ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەڵێ ئەوە لێرە دوو جار هاتووە، حەتمەن دواتریش پێمان بڵێ ئێمە چاکی دەکەینەوە، یەعنی پێویستی بەوە نییە لێرە سوود لە کاتەکە ببینین سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە کاك د.بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٧

تاکە کەسەکان بۆیان هەیە چارەسەری پزیشکی تایبەت بە خۆیان کە ماددەی هۆشبەر و کارتێکاری عەقڵی لەخۆ دەگرێت و بەردەست بکەن تەنها لەبەر هۆکاری تەندروستی، لە سنووری ئەو بڕانەی پزیشك دەیان نووسێ نابێ دەستی لێ هەڵبگرن بۆ کەسانی دیکە، لەبەر هەر هۆیەك بێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بکات لەبارەی ئەو ماددەیەوە؟ کاك کاروان، د.زانا، دڕێبوار، سوسن خان، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەلبەت سەبارەت بە وشەی تاکە کەس پێموایە لەبری ئامـاژەدان بە تاکەکەسـەکان بڵێـین ئەو کەسانەی کە کارتێکارە عەقڵی و مادده هۆشبەرەکان کاریـان تێـدا کـردووە، چـونکە وشـەی تـاکە کەس هەموو کەسێك دەگرێتەوە، ئەوەی کە ئـاڵودە بـووە بە مـادده هۆشـبەرەکان، ئەوەشـی کە ئاڵودە نەبووە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش هەست دەکەم نەسی ماددەی (١٧) کەمێك تەقـدیم و تاخیری هەیە، بەڕەئی من لە دەست پێکەکەی ئاوا بنووسرێ کە پزیشك بۆی هەیە چارەسـەری بۆ ئەو نەخۆشە بنووسـێ لەبـری ئەوەی کە لە دەسـتپێك دابێـت تـاکە کەسـەکان بـۆی هەیە، مـن پێشنیار دەکەم کە لەبری تاکە کەسەکان بنووسرێ (ئەو کەسانەی کە کارتێکـارە عەقڵـی)، یەعنـی دیار بێ تەشخیص بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆتا خاڵی ماددەی (١٧) کە دەڵێ نابێ دەستی لـێ هەڵبگـرن بـۆ کەسـانی دیـکە بەهەر هۆکارێـك، بەڕای مــن ئەوە زۆر نــاڕوونە، ئەگەر مەبەســت لێــرە ئەوە بــێ ئەو مەوادانە بــۆ کەســێك کە دەنووسرێ بۆ مەبەستی چارەسەریە دەبێ سیاغەیەکی وابکرێت کە نابێ مامەڵە و سەودای پـێ بکرێ و بدرێ بە کەسی دووەم یان بە کەسی سێیەم، جـا لێـرە بەڕای مـن نـاڕوونە، ئەگەر سـیاغە بکرێتەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەستتان خۆش بێ، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی ( ١٧) لە بەشـی کۆتـایی نـابێ دەسـتی لـێ هەڵبگـرێ بـۆ کەسـانی دیـکە، ئەمە بەهـیچ شێوەیەك گرەنتی تێدا نییە، واتا نەخۆش دەتوانێ وەری بگرێ، دەستیشـی لـێ هەڵبگـرێ و هـیچ گرەنتی و تەدقیقیش نیـیە لەوەی کە ئایـا بەڕاسـتی دەیکـا یـان نـا، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم کە بڕگەیەکی دیکە بۆ ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێ، باس لەوە بکرێ لە کاتی پابەنـد نەبـوونی نەخـۆش حوکمەکانی ماددەی (٣١) ی ئەم یاسایە بەسەر دا جێ بەجێ دەکرێ، چونکە حوکمەکانی ماددەی (٣١) باس لەوە دەکات سزاکانی کەسێك کە بازرگانی بە ماددەی هۆشـبەرەوە بکـات کە سـزاکانی چۆنە و وردەکارەکانی چۆن دەبێت، من پێشـنیاز دەکەم کە ئەم بـڕگەیە ئیـزافە بکـرێ بـۆ ئەوەی

ئەو کەسەی کە وەریشی دەگرێ ئەگەر بە مەبەستی پزیشکیش بێ ترسی ئەوەی هەبێ کە نەتوانێ بە ئاسانی دەستی هەڵبگرێ بۆ کەسانی دیکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە هەر سەرلەبەری زیادە، چونکە ئەم ماددەیە خۆی بە ڕێنمایی لەلایەن لیژنە باڵاکەوە و لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ڕێك دەخرێ، تۆ ناتوانی هیچ زەمانەتێك بدەی لەوەی کە کەسێك علاجەکە وەردەگری لەماڵەوە نەیداتە هاوڕێیەکی خۆی، نەیداتە کەسێکی دیکە، ئەوە زەماناتی تێدا نییە ئەوە، بۆیە لە یاسادا شتێك ئەگەر ئێمە تەسبیتی دەکەین دەبێ زەمانەتی تێدا هەبێ، بۆیە ئەم پرسە بەڕای من بە ڕێنماییەکانی وەزارەت ڕێك دەخرێ، ئەو پزیشکە چەند بڕ دەنووسێ بۆ چارەسەری، لەوێدا ئایا چارەسەریەکان دەبێتە دوو بەش بەشێکیان ئەوەیە کە لەناو نەخۆشخانە خۆی پەرستارەکە دەیدات بە نەخۆش بۆ نموونە لە هەر ژەمێکی خواردن دا یەك دەنکە حەبی دەداتێ، دووی ناداتێ بۆ ئەوەی زیاد بەکاری بێنێ، بەشەکەی دیکە ئەوانەی کە کارتێکەری عەقلین یان بۆ نموونە موهەدئاتە، مونەوماتە ئەوانە دەیداتێ کە لە ماڵەوە بەکاری بهێنێ، کە لە ماڵەوە بەکاری هێنا هیچ زەمانەتێك نییە لەوەی کە دەیداتە کێ، بۆیە ئەم بابەتە پێویست بەوە ناکات لە ماددەیەك دا ئێمە تەسبیتی بکەین، ئەمە بەڕێنمایی لەلایەن وەزارەتی موختەسەوە ڕێك دەخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من زۆر کورتە، تەنها بەستنەوەی دوو ووشەیە پێکەوە ئەویش باسی ئەوە کراوە تەنها و تەنها لەبەر هۆکاری تەندروستی، ئەو کەسەی لەبەر هۆکارێکی تەندروستی چارەسەرێك بەکاربێنێ کەواتە گرفتی تەندروستی هەیە، کەسێکیش کە گرفتی تەندروستی هەبێ مانای وایە نەخۆشە ناساغە، لەبەرئەوە تاکە کەس ئەگەر بگۆردرێ بە وشەی نەخۆش یان کەسی ناساغ پێموایە زیاتر ماناکە ئەبەخشێ وەك لەوەی کە تاکە کەس هەموو کەسێکی ساغ و نەخۆش دەگرێتەوە، بەڵام کە کرا بە نەخۆش یان کەسی ناساغ ئەو کاتە مەبەستەکە ڕوونە، دەست خۆش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی کاك سیروان دەکەم، کە ئەم ماددەیە بەڕاستی ناڕوونە پێویستە سیاغەیەکی نوێی بۆ دابڕێژرێتەوە، هەروەها لەسەر تاکە کەسەکان پشتیوانی د.ڕێبوار و د.کاظم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند قسەیەکتان هەیە؟ کاك د.سامان فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئەو ماددەیە لەناو بەشی سزاکان زۆر جەوهەرەکەی تیکرار بۆتەوە، بۆیە ئەگەر هەڵیش بگیرێ بەڕای من ئاساییە، بەڕێزێك باسی کرد کە ئەو ماددەیە ئەسڵەن زیادە لەبەرئەوەی جەوهەری ماددەکە لەناو سزاکان زۆر تیکرار بۆتەوە، ئەگەر کەسێك بیدات بە کەسێکی تر سزا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ١٨

یەکەم/ کەسی دەرمانساز بۆی نییە ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقڵیەکان سەرف بکات، تەنها بە پێی ڕاچێتەیەکی بنەمایی نووسراو لەلایەن پزیشکێکەوە نەبێت، یان بە پێی پسولەی مۆڵەتی دەرکراو لەلایەن وەزارەت کەماددە هۆشبەرەکە و کارتێکارە عەقڵیەکە و بڕەکانیان دیار دەکات.

دووەم/ وەزیر بەیانێك دەردەکات بەو مەرجانەی پێویستە بهێنە دی بۆ بەدەست کەوتنی ئەو پسولانەی مۆڵەت کەلە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددە دەقیان لەسەر کراوە، لەگەڵ ئەو داتایانەی پێویستە هەبن وئەو لایەنە کاریگەرەی تایبەتمەند دەبێ بە دەرکردنی و ئەو بڕانەی نابێت زیاتر لێیان سەرف بکرێ بۆ خاوەنی پسولەکە.

سێیەم/ نابێ پسولەی مۆڵەت ببەخشرێتە هیچ کەسێك جگە لەمانەی خوارەوە:

١- پزیشك

٢- ئەو پزیشکانەی کە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان ناویان دەهێنن، ئەوانەی کە دەرمانسازیان لێ نییە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ كاك سیروان، كاك دیاری، د.كاظم، كاك یاسین، د.ڕێبوار، كاك زانا، د.زیدان، كەسی تر هەیە؟ كاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی كە باس دەكرێن كە ماددەی هۆشبەرن، كە لە خەستەخانەكان دەدرێن، لە ئەساس دا ماددەی هۆشبەر نین، ئەو ماددانە دروست دەكرێن، یەعنی دروست دەكرێن، كێشەكە لەوە دایە ئەو ماددانە كە تۆ ئێستا كە لەوانەیە زۆر كەسمان كە حەبێكی پاراستۆڵ دەخۆین تۆزێكی تێدابێ، بەڵام كێشەكە لەوەیدایە دروست دەكرێن، ئێمە دەبێ ڕێ لە بازرگانییەكەی بگرین، دەنا ئەو نەخۆشەی كە چەند دكتۆرمان لەگەڵن كە بۆ خۆیان دەزانن ئەو كەسەی كە وەری دەگرێت دەنكە حەبێك وەری دەگری یان بیست دەنكی وەردەگرێ دكتۆر بۆی دەنووسێ بە سێ جەمە، ئەوە كێشە نییە كێشەكە لەوەدایە كە دروست دەكرێت، كێشەكە لە دروست كردنەكەی دایە، بۆیە من دەڵێم بەهیچ شێوەیەكی بە قەناعەتی خۆم بە هیچ شێوەیەكی هیچ صیدلیەك بۆی نەبێ بیفرۆشێ تەنها حكومەت بۆ خۆی سەرپەرشتی بكات، لەبەرئەوەی بە یەك پارچە هیچ نابێ، بەڵام ئەوانەی لە مەدخەلەكان دێن پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر هەیە، كی گوێم لێ بووە دەڵێن دوو هەزار قصور صیدلیە لە كوردستان هەیە، دەڵێن بە هەمووی هەزار صیدلیە مۆڵەتی نییە، پرسیارێكی دیكە لە لیژنەی یاسایی ئەوە دەرمان فرۆش یان دەرمانساز، ساز یەعنی دروستی دەكات، فرۆش یەعهنی دەفرۆشێ، هەموو دەڵێن دەرمانساز، كەواتە ئێمە ئەگەر خاوەنی ئەو كارگانە بین والله ڕاستی باشترین دەوڵەتین كە دەرمانی دروست بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی یەكەم، كەسی دەرمانساز بۆی نییە مادده هۆشبەرەكان یان كارتێكەرە عەقڵییەكان سەرف بكات تەنها بە پێی ڕەچەتەی بنەمایی نووسراو لەلایەن پزیشكێكەوە نەبێت، لێرەدا دەمەوێ پێشنیازی ئەوە بكەم و ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێ لەلایەن پزیشكی تایبەتمەندەوە، بۆ نموونە ناكرێ، یەعنی هەموو پزیشكێك نابێ بۆ نموونە ئەمە ڕێچەتە بنوسێ یان ئەم دەرمانە هۆشبەرانە یان كارتێكەرە عەقڵیانە، دكتۆرێكی جوانكاری نابێ هەر لەبەرئەوەی دكتۆرە ئەمە بنووسێ، یان دكتۆرێكی بۆ نموونە مەجالەكانی دیكە، بۆیە پێویستە لێرە دا دیار بكرێ لەلایەن دكتۆری تایبەتمەندەوە یان بە پێی پسولەی مۆڵەت دەركراو لەلایەن وەزارەتەوە، خاڵی یەكەم بە هەمان شێوە لە خاڵی سێیەم دا دەڵێ، یەكەم/ پزیشك، دووەم/ ئەو پزیشكانەی نەخۆشخانە و

بـنکە تەندروسـتیەکان ناویـان بهێـنن ئەوانەی کە دەرمانسـازیان لـێ نیـیە، ئەو پزیشـکانەی کە تایبەتمەندن، یەعنـی دەبـێ لێـرەدا جـارێکی دیـکە تەخسـیس بکرێـت و ئامـاژەی پـێ بکـرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە تێبینـی مـن لەسـەر ئەوەیە کە ئەو پسـولەیەی کە لە مـاددەی (١٨) بـڕگەی یەکەم لە دێـری دووەم دا باسی ئەوە دەکـات و دەڵـێ یـان بە پێـی پسـولەی مـۆڵەتی دەرکراو لەلایەن وەزارەت، پێشـنیازی مـن ئەوەیە کە ئەو مـۆڵەتی پسـولە مـۆڵەتە ڕێـگە پێـدراوە لەلایەن وەزارەتەوە هەر هەمان ئەو پسولەیە دەبـێ کە لە نـۆرینگە و کلینیـك و لە عیـادە پزیشـکیەکان دا بەکـاردەهێنرێ، پزیشك نەتوانێ لەسەر ڕاچێتەی تایبەتمەنـد بە خـۆی مـاددەی هۆشـبەر بنووسـێ، بەڵکـو لەسـەر پسولە بینوسێ، بەڵام پسوڵەکە بڵێین قیمەتی ماددی لەسەر نەبێ یان پارەی لەسەر نەبێ و سـەر بە وەزارەتی دارایی بێ بەڵکو پسوڵەیەکی تایبەتمەند بێ لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە کە بۆ نووسینی دەرمانی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان بـێ، کەواتە بە کـورتی ئەوەیە کە پسـولەی نووسینی دەرمانە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە نەخۆشخانە و نۆرینگەکان مـوەحەد بـێ، بـۆ ئەوەی هـیچ کەس نەتـوانێ لەسـەر پسـوڵەیەکی ئاسـایی یـان وەرەقەیەك ئەو دەرمانـانە بنووسێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگە (٢) ی ماددەی (١٨) وشەی بەیان هاتووە، بەپێی ئەدەبیاتی نقمی سیاسیە تەنها سەرۆك و وەزیری بەرگری دەتـوانێ بەیـان دەربکـات، بەیـانی ریئاسـی و بەیـان موئەسەسـەی عەسـکەری، ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند یان جەنابی وەزیـر تەوزیـحەك لەسـەر وشـەی بەیـان بـدات، ئەوە یەك، دوو/ هەست دەکەم کە بەڕاستی ئەم تەرجومە کوردییەی کە کراوە زۆر رەکیکە، مەفهـوم نـادات بە دەستەوە، تەرجومەی حەرفی کراوە، بۆیە ئەگەر پێداچوونەوەك بە دەقـی ئەم مـاددانە بکـرێ لەڕووی لـوغەویەوە بـۆ ئەوەی مەفهـوم بـدات بە دەسـتەوە نەك تەرجـومەی حەرفـی بکـرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ماددەی ١٨/ سێیەم كە دەڵێ یەكەم/ ئەو كەسانەی كە پسولەكە وەردەگرن ١/پزیشك، ٢/ ئەو پزیشكانەی كە نەخۆشخانە و بنكە تەندروستیەكان ... هتد، یەعنی لێرە لە دووەم دەستنیشانی كردووە ئەو پزیشكانەی كە لەو بنكە تەندروستییانەدان دواییش لە یەكەم دا وتوویەتی پزیشك، خۆی كە وتت پزیشك هەموو پزیشكێك دەگرێتەوە، یەعنی من پێموایە یەكەم زیادەیە، گشتگیریە ئێمە باس لە پزیشكی تایبەتمەند دەكەین، یەعنی پزیشكی ئاسایی دەتوانێ دەرمانێكی وا بنووسێ كە بۆ كەسێكی خزمی خۆی یان یەكێكی خۆی كەواتە من پێموایە بە كورت و موختەسەری یان یەكەم زیادەیە یان دووەم زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە لە زۆربەی ماددە كانی دیكە گرنگترە، چونكە ئێمە لێرەدا دەتوانین كۆنترۆڵی ئەوە بكەین كێ دەرمان وەردەگری، بڕگەی یەكەم/ تەواو پشتگیری قسەكانی كاك د.كاظم دەكەم كە نابێ ئەم (یان)ەی تێدا بێت، دەبێ لێرەدا ئێمە دەبێ یەكلایی بكەینەوە كە كێ دەرمان دەنووسێ و صیدلیە بە ڕاچێتەی كێ و لەسەر چ پسولەیەك دەرمان سەرف دەكات، دەرمانی ماددەی هۆشبەرە و كارتێككەرە عەقڵیەكان، سیغەكە وای لێ بێ كەسی دەرمانساز بۆی نییە ماددە هۆشبەرەكان یان كارتێكارە عەقڵیەكان سەرف بكات، تەنها بە پێی ڕاچێتەیەكی بنەمایی نووسراو لەلایەن پزیشكی تایبەتمەندی ڕێگەپێدراو، بە پێی پسولەی مۆڵەتی دەركراو لەلایەن وەزارەت، كەواتە ئەم پزیشكە دەبێ ڕێگەپێدراو بێ لە بیدایەتیش لە تەعریفەی پزیشك باسمان كردووە كە پزیشك ئەوەیە كە ڕێگەپێدراوە لەلایەن سەندیكا، سەندیكای تایبەتمەند، بڕگەی سێیەم لەم ماددەیەدا زیادە، چونكە لە ماددەی یەكەم وەسف دەكرێ، پشتگیری لە ڕایەكەی كاك سیروان دەكەم، بڕگەی سێ بە تەواوی هەڵبگیرێ، چونكە لە خاڵی (أ) باس دەكات كە پزیشك كێیە، لە خاڵی (ب) دا ئەم دەرگایە نەكەینەوە، بڕگەی (ب) ئەم دەرگایە نەكەینەوە، چونكە هەندێك بنكەی تەندروستیمان هەیە كە جەنابی وەزیری تە ندروستی لێرە ئامادەیە هەندێك بنكەی تەندروستی كە پزیشكی لێ نییە، دەرمانسازی لێ نییە، كەواتە ئێمە دەرگایەكی دیكە دەكەینەوە، بۆیە بەڕای من بە تەواوەتی بڕگەی سێ هەڵبگیردێت، چونكە لە بڕگەی یەكەم دا تەعریفەكە ڕوونترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا من پشتگیری لە قسەکانی هەریەك لە بەڕێزان کاك د.کاظم و د.زانا و کاك سیروان دەکەم، بەڵام هەموو کێشەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە دەقی مادده عەرەبیەکەم لەبەردەستە، هەموو ماددەکان کێشە لەسەر ئەوەیە لەسەر شێوازی وەرگێڕانەکەیە کە بەڕێز کاك جلال باسی کرد، ئێمە لێرە ئەگەر عەرەبیەکە دەقاو دەق بخوێنینەوە کێشە لەسەر ئەو ماددەیە نابێ بە تایبەت لە بڕگەی یەکەم دا، بۆیە ئێمە وامان پێ باشە لە کاتی پێداچوونەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان دەقی عەرەبییەکە ئیعتمادی لەسەر بکەن و داڕشتنێکی جوانی بۆ بکەن لە کوردی دا، رێك بێ، چونکە ئەگەر بەپێی عەرەبییەکە بێ دەڵێ (لايجوز للصيدلي صرف مواد مخدرة أو مأثرات عقلية الا بموجب وصفة الطبية الاصولية من طبيب) کەواتە لێرە کێشە دروست نییە لە عەرەبییەکە تەواوە، بەڵام لە کوردیەکەی ئەگەر بیخوێنینەوە دەبێ بڵێین پزیشکی ڕێگەپێدراو، وەکو هاوکارانم ئاماژەیان پێ کرد، بۆیە لە هەموو ماددەکانی تر ئەو کێشەیەمان بۆ دروست دەبێ هیوادارم ئیعتماد لەسەر عەرەبییەکە بکرێ، ئینجا پێداچوونەوەی بەسەر دابکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنە تایبەتمەندەکان قسەیەکتان هەیە؟ کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی پرسیارێکمان ئاراستە کرا وشەی دەرمانساز بەکارنەهێنرێت، دیارە ئەمە یاسای سەندیکای دەرمانسازان ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٩٩ بەو شێوازە تەعریفی کردووە، بۆیە ئێمە ناتوانین لێرە دەستکاری بکەین، لەبەرئەوەی ئەوە بەقانون ڕێکخراوە سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك د.سامان فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من باسی ئەوە کرا کە (یان)ەکە زیادە لە عەرەبییەکەش وازحی، مەبەستی ئەوەیە یان ڕاچێتە ئاساییەکەی خۆی پزیشك بەکاری بهێنێ یان ڕاچێتەیەکی تایبەتمەند کە دەکرێ دواتر پۆڵینی ماددەکان بکرێ، هەندێ ماددەی زۆر کە لە عەرەبییەکەش پۆلین کراوە بە ڕەنگەکانی سوور و زەرد و کەسك و ئەو ماددانە جیاوازن لە بابەتێك بۆ بابەتێکی تر، دەکرێ کامیان بە پسولەی ئاسایی سەرف بکرێ و کامەشیان پسولەی تایبەتمەندی بۆ بکرێت بۆ نموونە ئێستا بوتڵی خوێن لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان تەنانەت ئەگەر پسولەیەکی تایبەتمەندی موەحەد هەیە بەو پسولەیە نەبێ کەس ناتوانێ لە خۆیەوە خوێن وەربگرێ، بۆیە دەکرێ لە ڕێنمایی زیاتر

تەفسیلی بدەینێ، بەڵام (یان)ەکە بمێنێ باشترە، لەبەرئەوەی ڕۆتین لای هاووڵاتی زیاتر دەبێ، ببێتە یەك ڕاچێتە و لە کاتێك دا لەوانەیە (٤، ٥) ئایتمی بۆبنووسێ پزیشکەکە، ناکرێ لەسەر پسولەیەکیان ئایتم بنووسێ پسولەیەکی تریش هەبێ یەك ئایتمی بۆ بنووسێ لەبەرئەوەی مەوادی تەخدیری تیایە، بە بڕوای من ئەوە بەجێ بهێڵین باشترە، باسی پزیشکی تایبەتمەند بڵێین پزیشکی پسپۆڕ باشترە، جگە لە پزیشکی پسپۆڕ پزیشکی گشتی یان شارەزای گشتی یان پزیشکی نیشتەجێ ناتوانێت بینووسێ، بۆیە تایبەتمەندیەکان پسپۆڕ بێ باشترە، باسی دکتۆری جوانکاری ناتوانین ئیختساسەکان لێرە لە قانون تەحدید بکەین، لەبەرئەوەی پزیشکی جوانکاری لە سوتان زۆرترین مەوادی تەخدیر بەکاردەهێنێ، تەنانەت لە دوای هۆڵەکانی نەشتەرگەریش پزیشکی پسپۆڕ ئەوەندەی ئەوان مۆڵفین وپێسدین و ترامال و ئەوانە بەکاردێنن پزیشکێکی نەشتەرگەری ئاسایی بەکاری ناهێنێ، لەبەرئەوەی گیانی ئازاری زۆرە نەخۆش، بەیانەکە وازحە لێرە مەبەستی بەیان فەتحە بۆ کردنەوەی بەو شروتانە وەکو ڕێنمایی، ڕێنمایی پێ دەربچێ، هەروەها باسی بنکەی تەندروستی زۆر دەکرێت، بنکەی تەندروستی ئەو بابەتانە وەرناگرێ، لێرە وەکو سیغەی نووسینەکە دەنووسرێ نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو شوێنانەی پزیشکی لی َنیە ئەسڵەن ئەو بابەتانەیان لە تەڵەبیەی دەرمان نایاندرێتێ، چونکە تەڵەبیەی دەرمان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ و جیاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێزد. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١٩

وەزیر ڕێنمایی دەردەکات بۆ دیاری کردنی ئەو داتا و مەرجانەی پێویستە بهێنەدی لە نووسینی ڕاچێتەی پزیشکی و پسولەکانی مۆڵەت کە بە پێی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقڵی لە دەرمانخانەکان سەرف دەکرێ، بۆی هەیە ئەو ماددە و بڕانەی نابێت مانگانە زیاتر لێیان سەرف بکرێ بۆ هەر نەخۆشێك دیار بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، بەڵام لەسەر سیاغەکەی نا، چونکە زۆر زۆر خراپە سیاغەکەی، ئەگەر لەسەر ناوەڕۆکەکەی قسەیەك هەیە؟ د.زیدان، کاك زانا، کاك دیاری، کاك مەم، کاك سەروان، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ماددەی (١٩) ئەوەی لەسەر نەکرا، ماددەی (٢٠) خوێنرایەوە تازە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خەلەلێك هەیە، ماددەکە دووبارە بوو، فەرموو.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ماددەی (١٩) تێبینیم لەسەر ماددەکە هەیە، ماددەکانی تریش بەڕاستی، چونکە ئەوانەی پێشتر خوێندراینەوە، لە زۆربەی ماددەکان نووسراوە تاکە کەسەکان، کەچی لە ماددەی یەکەم ئاماژە بە هەموو ناوەکان کراون کە وەزیر، پزیشك یان هەمووی بە دروستی کراوە، بەڵام تاکە کەس ئەوەی کە نەخۆشە، یەعنی ئاماژەی پێ نەکراوە، لە ماددەی یەکەم تا ماددەی (١٩) ئێستا خوێندوومەتەوە، هەر تاکە کەس ناویان هاتووە، تووشبووی نەخۆش، یان نەخۆشی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر، نەك تاکە کەس بە گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیازم هەیە ماددەی (١٩) لابرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم ئاماژە بەوە کراوە کە وەزیر بەیانێك دەردەکات، تەبعەن ئیشی وەزیر نییە بەیان دەربکات، بەیاننامە دەرکردن نییە ئەم مەسەلەیە ڕێنمایی دەرکردنە، پێشنیازم هەیە بەم شێوەی لێ بکرێت ماددەی (١٩) هەڵبگرین لایبەین، چونکە لە ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم دا هاتووە دواتر دەڵێی ڕێنمایی پێویست دەردەکات، یان نەڵێ بەیاننامە، بڵێ ڕێنمایی پێویست دەردەکات، لە ناو ڕێنماییەکان دا تەحدیدی ئەو مانگە بکات بڵێ ئەو مانگە ئەو نەخۆشە بۆی نیە جارێکی تر دووبارە بێتەوە، دەڵێ بە پێی پێویستە لە ناو ڕێنماییەکە، ئەو کاتە لە ناو ڕێنماییەکەوە ڕوون بکرێتەوە، پێموایە باشترە و پێویست دەکات تۆزێك خۆمان لە درێژدادڕی ماددەکان بپارێزین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ ڕایەكەی كاك مەم، ئەم ماددەیە زیادە، جگە لەوەی لە ماددەی (١٨)دا باس دەكرێ لە ماددەی (٤٩)ی ئەم یاسایەش باس دەكات كە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەردەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیازی هەر یەك لە هاوڕێیان كاك مەم و كاك زانا دەكەم، پێموایە ئەم ماددەیە پێویست نییە، لە ماددەی یان لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٨) ئاماژەی پێكراوە، بەڵام پێشنیاز دەكەم لەوێش بەم جۆرەی لێ بكرێ دەسەڵات بۆ وەزیر بۆ نموونە پێشنیاز دەكەم كە وای لێ بكرێ (لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەكان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بەسەرپەرشتی وەزیر) بۆ ئەوەی فرەڕەنگی و فرە بڕیاری تێدا دروست بێت و هیچ قۆرخكارییەك یان بڕیارێكی ئەوتۆی تێدا نەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو یەكە لە بەڕێزان كاك مەم و د. زانا و كاك دیاری، بۆیە وا پێویستە ئەحكامەكانی كە دەسەڵات و ڕێنمایی وەزارەتن، یان خودی جەنابی وەزیرن لە یەك ماددەدا كۆبكرێتەوە و بەگشتی ئاماژە بە هەموو ئەو خاڵانە بكرێ كە لە یەكە یەكەی ماددەكان هاتووە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز د.سامان، ڕەئیت چییە لەسەر ئەوەی دەڵێن لابرێ؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاسایی یە لابرێت، چونكە لە پێشەوە باسی بەیان دەكات، ئەوە بەیان فەتحە، ئەو بەیان مەبەستی بەیان فەتحە، دەكرێ بكرێتە ڕێنماییش، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆتان چی دەكەن عادەتەن كاك دكتۆر لەو حاڵەتانە؟

**بەڕێز د.سامان حسين بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێنمـایی هەیە و بەیـان هەیە، بەیـان فەتـح بـۆ شـوێنێك کە بەیـانی پـێ دەردەچێـت لە ڕووی هەیکەلییەوە دەتوانێ ئەو کارە بکات، چـونکە زۆر جـار وەزارەتـی دارایـی ئەگەر بەیـان فەتحـی ناردە ئەو شوێنە، کاری لەگەڵ ناکات و تەبعەن وەکو ئیجازەیەکە، بۆ نمونە شـوێنێك بەیـانی پـێ دەردەکەی کە ئەو شوێنە بتوانێت هۆبەی نەخۆشیەکانی ئافرەتان ببینێ بۆ نمـونە، پێـی دەڵێـین بەیـان فەتـح، هەر ناوەکەشـی بە بەیـان دەنووسـن لە ئەمـرە وەزاریەکەش نانووسـرێ فەرمـان وەزاری دەنووسـرێ بەیـان، ئەوە مەبەسـتی بەیاننـامە نـیە بەیاننـامەی ڕاگەیەنـدراوی، دەشـکرێ وەکو ڕێنماییش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم د. ڤاڵا دەکەین، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێزد. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٠):

بە بەیانێـك کە وەزیـر دەریـدەکات لە ڕێـگەی ئـاڵوگۆڕکردنی مـاددە هۆشـبەرەکان و کـارتێکەرە عەقلییەکان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و ئەو یەکانەی سەر بەوانن لە کەرتی گشتی و تێکەڵاوە تایبەتییەکان بۆ ڕێکخراوێکی ناحکومی کە خزمەتگوزاریی و چـاودێری تەندروسـتی دەبەخشێتە نەخۆشەکان دیار دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو مـاددەیە، کـاك سـیروان و کـاك زانـا، کاك شێخ ظاهر، فەرموون.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم بڕگەیەك یان ماددەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی دکتۆرەکان ئیلـزام بکـرێن لە کـاتی نووسینی عیلاج یان چارەسـەری نوسسـینەکەیان بە تەبـع بێـت، زۆر جـار ئەو ئیشـکالە دروسـت دەبێــت مەســەلەن عــیلاجەك نووســرایە چەنــدین صــەیدەلییە دەکەی نــازانی خەتەکەی ناخوێندرێتەوە، ئەوە لە عیراقیش ئەو بڕیارە دەرچووە، بۆیە داوا دەکەم بڕگەیەك یان ماددەیەك زیاد بکرێت دکتۆرەکان ئیلزام بکات بەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەی (٢٠) هەمان لە ماددەی (١٨)دا یان جێی کراوەتەوە یان جێی بکرێتەوە، لێرە تۆزێك قارسیان کردووە، جا لەبەر ئەوەی موشەریع کە یاسایەك دادەنێ بۆ ئەوەی ئەوانەی پاش خۆی کە دەیخوێننەوە لێی تێبگەن، ئەوەندە نەگەڕێنەوە سەر یاسای ماددەی (١٧) و (١٨) هەر بە هەمان شێوە چۆن لە ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم نووسراوە (وەزیر بەیانێك دەردەکات) جێی ئەوەش بکرێتەوە تۆزێك واقیعی تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەیانێك کە وەزیری تەندروستی، (تەندروستییەکە) پێویستە لابرێت، چونکە وەزیر تەعریف کرایە لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، تێدا نییە (بەیانێك کە وەزیر دەریدەکات)، سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند قسەیەکتان هەیە؟ بەڵێ دکتۆرە، فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٠) بە بەیانێك کە وەزیر دەریدەکات، تەندروستی لەگەڵ نییە، سەبارەت بەوەی کە بە کۆمپیوتەر بنووسرێتەوە، لە ساڵی ٢٠١٢ کۆنووس کراوە، وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکا پزیشکییەکان ڕێنمایی دەرکراوە کە دەبێت پزیشکان پابەند بن بە نووسینی ڕاچێتە بە کۆمپیوتەر، بەڵام لەوە دەچێ جێبەجێ نەکرابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە پرێنت کردنی بە تەبع کردنی ڕاچێتەکان بەبڕوای من پێویست ناکات لێرە باسی بکەین، چونکە بۆ هەموو دەرمانێك بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە کە پارساڵ دەرچووە، دەبێت ڕاچێتە هەمووی ببێتە پرێنت، ئێستا ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردووە، سەرەتایەك هەیە، جەخت دەکەینەوە لە ئایندەیەکی نزیك کە هەموو عیادەکان

ڕاچێتەکانیان بە کۆمپیوتەر و لاپتۆپ بنووسنەوە، بۆیە بە بڕوای من نەك تەنها بۆ ماددەی هۆشبەر بەڵکو بۆ هەموو دەرمانێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، د.ڤاڵا قسەیەکتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز د. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم:

دروست کردنی ئەو گیراوە پزیشکییانەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی لە خۆ دەگرێت.

ماددەی (٢١)

١-کارگەکانی دەرمان بۆیان نییە ئەو گیراوە پزیشکیانە دروست بکەن کە ماددەی هۆشبەری یان کارتێکاری عەقلی، یان پێشینەی کیمیایی دەچێتە ناو پێکهاتەکەی تەنها لە دوای وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە نەبێت کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە دەقی لەسەر داوە.

٢-کارگەکانی داو و دەرمان بۆیان نییە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی کە بە دەستیان کەوتووە بەکاری بهێنن تەنها لە دروستکردنی گیراوەی پزیشکی نەبێت بە پێی ڕێنمایی کە وەزیر دەریدەکات.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات کاك مەم و کاك گۆران، کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بەشی پێنجەم کە باسی مادده گیراوەکان دەکات، من پێشنیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی، کەوا لیژنەیەکی تایبەت و کارا دروست بکرێت بۆ پشکنینی ئەو کافتریایانەی کە نەرگەلەی تێدا دەکێشن، لەبەر ئەوە هەندێك لەوانە ماددەی هۆشبەر تێکەڵی توتنی نێرگەلە دەکەن بۆ ئەوەی ئاڵودە بن و بەردوام سەردانی ئەو کافتریایانە بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی من ئەوەیە بۆ ئەم بەشە هەر بەشی پێنجەم لابرێت (دروست کردنی ئەو گیراوە پزیشکییانەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکاری عەقلی)، ماددەی (٢١) بەم شێوەی لێ بکرێت (بڕگەی یەکەم/ تەنیا دروست بکەن و بەکاری بهێنن) (بەکاری بهێنن) ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی بڕگەی دووەم لابرێت، چونکە دیسان هەمان شتە ( کارگەکانی دەرمان وە وە وە وە وە. دروست بکەن و بەکاری بێنن) بەس تەنها وشەی (بەکاری بێنن) بڕگەی یەکەم و دووەم بەس تەنیا وشەی (بەکاری بێنن) لە بڕگەی یەکەم دا بڵێی کارگەی دەرمان بۆیان نییە ماددەی گیراوە پزیشکیانە دروست بکەن و بەکاری بێنن کە ئەوەندە ئەوەندە باسی دەکات، ئەوە یەك، دوو/ پێشنیاز دەکەم ماددەی دووەمیش هەڵبوەشێتەوە ئەوەی سەرەوە ببێ بە بڕگەیەك لەوە، ماددەی دووەم کە بەیانێك دەردەکات وەزیر، ببێ بە بڕگەی دووەم، بڕگەی دووەم لادەبرێت، ئەوەی سەرەوە دەخرێتە خوارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ، بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تێبینی د.ڤاڵاش هەر لەسەر ئەوەی کافتریایەکە بوو، کافتریا بە پەیڕە و ڕێنمایی لە یاسای تەندروستی گشتی ڕێکخراوە، واتا پێویست ناکات لێرە باسی کافتریا بکەین، ئەوە لە ڕووی پشکنینی یاسای چاودێری گشتی تەندروستی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە تایبەتمەندەکان ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی شەشەم: ئەو ڕووەکانەی چاندنیان قەدەغەیە.

ماددەی (٢١):

چاندن یان هاوردەکردنی یان هەناردەکردن یان بە خاوەنبوون یان دەستپێداگرتن یان بەردەستبوون یان کڕین یان فرۆشتن یان گواستنەوە یان ڕادەستکردن یان گۆڕینەوە، یان دەست لێ هەڵگرتنی ئەو ڕووەکانە قەدەغەیە کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی

دەقنووس کراو لە خشتەی یەکەمی هاوپێچی ئەم یاسایە دێنێتە بەرهەم لە گشت قۆناغەکانی گەشەکردن، هەروەها تۆیەکانیشی یان گۆڕینەوە پێیان یان نێوەندگیری هەر شتێکی لەم بابەتە تەنها بۆ مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی نەبێت و لەو حاڵەت و مەرجانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، لەوانەش خەشخاش و ئەفیون و رووەکی گوش (قنب) و دەوەنە کۆکا (جنبە الكوكە) و قات و ئەو رووەکانەی ئەوانە لە خۆ دەگرن و ئەوانەی لە ڕووی جیناتەوە هەموارکراون کە کاریگەری هەمان ماددە هۆشبەرەکەیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە، کاك کاروان، ئاشنا خان، کاك مەم، کاك زانا، د.گەلاوێژ، کاك دیاری، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ڕووەکانەی کە دەچیندرێن یان هاوردەکردنی یان هەناردەکردن یان گۆڕینەوە یان تۆوەکانیان بەکاردەهێندرێن، لە زۆربەی شوێنەکان ئەو ڕووەکانە ناسراو نییە لە نێوان خەڵکی، بۆیە من خۆم لە باخچەی کۆلیژێك ئەسڵەن دیومە ئەو ڕووەکە خەشخاش کە چێندراوە، بۆیە پێویستە کە ڕووەکەکان دەدەنرێن لە جەدوەلەکە پێم باشە وێنەی ڕووەکەکانیش دابنرێ، ئەو ڕووەکانە، تاکو شارەزا هەبی و خەڵکەکە شارەزاییان لەسەری هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٢) لە کۆتایی دێڕی سێیەم و تا کۆتایی دێڕی چوارەم ئیشکالمان بۆ دروست دەکات دواتر، باس لەوە دەکات ئەو ڕووەکانە قەدەغەیە کە ماددەی هۆشبەری یان کارتێکاری عەقلی دەقنووس کراو لە خشتەی یەکەمی هاوپێچی ئەم یاسایەدا دێتە بەرهەم لە گشت قۆناغەکانی گەشەکردن، وەکو هەمووشمان دەزانین کە بەڕێز وەزیری تەندروستیش پێشتر لە جەلسەی پێشوو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم ڕووەکانە بەردەوام لە گەشەکردندان، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەوە لاببرێت واتا کۆتایی دێڕی سێیەم تا کۆتایی دێڕی چوارەم، لە بری ئەوە جێی بکرێتەوە، هەر ڕووەکێك کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی لێ بەرهەم بهێنرێت، دوای ئەوە تەواو بکرێت، چونکە بەو شێوەیە مەتاتی دەبێت، هەر ڕووەکێکی تازەش بەرهەم بهێنرێت دەتوانین ڕێگەی لێ بگرین و پێویست بە ماددەی تازە و هەموارکردنی یاسا ناکات، چونکە یاسا بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکەی منیش نزیکە لە تێبینی کاك کاروانەوە، ناوهێنانی ئەو ڕووەکانە، چونکە ئەو ڕووەکانە بەردەوام لە گەشەکردندان و جۆرەکانیشیان زیاد دەکات، ڕەنگە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەبێ بە زیادکردنی بێ بۆ ئەو لیستانەی لە دواوەیە و ئەو ماددانەی تێدایە کە ماددەی هۆشبەر و کارتێکەری عەقلین، بۆیە ئەو نمونانە لابرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، پشتگیری لە ڕایەکەی ئاشنا خان و کاك کاروان دەکەم، لە هەمان کات دا بەڕای من ئەم ماددەیە دەرگایەکی دیکەمان لێ دەکاتەوە کە خەڵکانێك بە یاسایی لەمەودا ئەم ڕووەکانە بچێنن، چونکە ئاماژە بەوە دەکات لە دێڕی پێنجەمی دا تەنها بۆ مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی نەبێ، خەڵکێك دەیچێنێ دەڵێ بە مەبەستی زانستی یە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئێمە لێرە لە هەموو کوردستان کارگەی دەرمانمان هەیە، هەتا وەکو ئێستا ئایتمەکانی ئەو دوو کارگەیە کە بەرهەمی دەهێنن ڕەنگە بەشێکی زۆر کەمیان پێویستیان بەو ڕووەکانە هەبێ، بۆیە ئێمە بە یاسا ڕێگا نەدەین بە خەڵکێك چونکە تاوەکو ئێستا موخالەفەی قانون بووە، کەس بۆی نەبووە بیچێنی ئەم ڕووەکە بە یاسا ڕێگای پێ دەدەین، بۆیە بەڕای من ئەم دێرە هەڵبگیرێ، چونکە دەرگایەکمان لێ دەکاتەوە، ڕەنگە خەڵکێك بیانەوێ بە بیانووی ئەوەی بۆ مەبەستی زانستی و پزیشکی ئەم ڕووەکانە بچێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیازی ئەو هاوڕێیانەم هەبوو، پێشنیازی هەر یەك لە کاك کاروان و کاك زانا و ئاشنا خان دەکەم، لەو حاڵەش دا کە باسی دەکات تەنها بۆ مەبەستی زانستی نەبێت، ئەگەر داندرا هەرچەند من پشتیوانی ئەو پێشنیازەی کاك زانا دەکەم کە نابێت ئەمەش بە یاسا ڕێگای پێ بدرێ، بەڵام ئەگەر بە یاسا ڕێگەی پێ درا دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێت بۆ نمونە (لەلایەن

وەزارەتی تەندروستییەوە) بە مۆڵەتی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ نمونە، یان بە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ڕای ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی هاوڕێم دەکەم کە پێویست ناکات دەستنیشانی ئەو ناوانە بکرێت، هەر بڵێ ئەوانەی بە پێی لیستی هاوپێچ قەدەغەکراوەکان، ئەوە یەك، دوو/ ئەم هەموو (یان)ە زیادە بەڕاستی، یان یان یانی ناوێ، هەر فاریزە دابنرێ حەل دەکرێ، ئەگەر وەڵامم درایەوە دوایی پێت دەڵێم بۆچی فاریزە جێگای یان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئێستا بیڵێ.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

مەسەلەی (یان) وەکو ئەوەی بڵێ من دەچم بۆ بازاڕ، من یان کامەران یان فڵان یان فڵان دەچین بۆ کۆبوونەوەیەك لە بازاڕ مەسەلەن، کە وتم من، سیروان، کامەران، فتاح، عمر، ئەوە دەچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بۆ بازاڕ، ئەم فاریزانە لە ڕووی زمانەوانییەوە وەزیفەی جێگەی یان دەگرێتەوە، هەر لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەو ڕێك بخرێتەوە، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ وەڵامی کاك مەم، لە ڕووی قانونی (یان) ئەو ناوەی کە لە پێشی دێ ئەفزەڵترە لەوەی کە لە دوای دێ، ئەگەر (،) فاریزە جێگای (و) دەگرێتەوە، یەعنی من و کاك مەم و کاك کێ هەر سێکمان لە یەك ئاستی ئەوەداین، بۆ نمونە کاتێ بڕیارێك دەردەکرێ بە تایبەت لە بڕیارە سەربازییەکان دەووترێ فڵان کەس قیادەی ئەم جێگەیە دەکات یان لە حاڵەتی غایبی ئەوە ئەو دێ، کەواتە بۆ حوکمەکان ئەفزەڵییەت بۆ ناوی یەکەمە، دواتر کە (یان) دەڵێ ئەوجا ناوی دووەم و ئەوجا ناوی سێیەم، ئەو کاتە ئەو (یان)ەی ئاخیر زەعیفترە لە (یان)ی یەکەم، بۆیە وشەی (و) لە هەموو ئەو ناوانەی کە دەیهێنێ لە یەك ئاستدان، بەڵام (،) فاریزە شوێنی (و) دەگرێتەوە، بەڵام بۆ (یان) فاریزە شوێنی ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەلابردنی خەشخاش و ئەفیون و واتا ناوی ڕووەكەكان لە ماددەی (٢٢)دا، ئەوە وەكو نمونە هێناویتییەوە دەڵێ لەوانەش، كەواتە ئەوە بەشێكە لە زۆر ڕووەكیدیكە، هەروەها لە موعاهەدە نێودەوڵەتییەكانیش زۆر بە ڕوونی باسی ئەو چەند نمونەیە دەكات، بۆیە وا باشترە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، كاك د.سامان، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

سوپاس زۆر پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی نییە، ڕای وەزارەتی كشتوكاڵ وەرگیراوە، بەڕێز د.ڤالا دەتوانێ قسەی لەسەر بكات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتەی پەیوەستە بە چاندن و هاوردەكردن و هەناردەكردن بە تایبەتی چاندن، هەمووی بە ڕاپۆرتێك ڕای وەزارەتی كشتوكاڵ وەرگیراوە و وەزارەتی كشتوكاڵ پەسندی كردووە كە ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی كە ناوهێنانی هەندێك مادده هەیە و هەندێك ماددەی تر نیە، ئەو ماددانەی كە ناوی هاتووە لێرانە سەوابتن، گۆڕانگاریان بەسەردا نایێت، ئەوانە دەبن بە ماددەی هۆشبەر و ماددەی هۆشبەریان لێ دروست دەكرێ، بە بێ هیچ تێكەڵاوییەك، ئەوانەی تریش گۆڕانكارییەكان لە جەدوەلەكان دەكرێ هیچ كێشەی ئیزافەتان نەبێ هەر ماددەیەك بە نوێ ئیستیحداس دەكرێ و ماددەی هۆشبەری لێ دروست دەكرێ ئەوە مونەزەمەی صحەی عالەمی ساڵانە خشتەكانی خۆی نوێ دەكاتەوە، كە نوێی دەكاتەوە ئێمە لە ماددەی دووەم پەسندمان كرد ئەو ماددەیە تێپەڕی و موناقەشە كە لیژنەی باڵا ساڵانە پێویستە خشتەكان (update) بكاتەوە بە پێی ئەو گۆڕانكارییانەی كە لەسەر مستەوای دوەلی ڕوو دەدەن، بۆیە منیش تەئیدی ڕایەكەی د.شایان دەكەم كە ئەوانە هەر وەكو نمونە هاتوونە بەوەی كە سەوابتن، بۆیە هەبوون و نەبوونیان وەكو یەكە، بەڵام هەبێت باشترە، ڕێگاشی داوە كە هەموو

ئەو ماددانەی کە نوێ ئیستیحداس دەکەن کە هەموو (update) بکرێتەوە، وەزیری کشتوکاڵیش ڕەئی خۆی لەسەر ئەو بابەتانە داوە، دواییش دێین کە کێ بەرپرسە لە چاندنی ئەوانە؟ و چۆن قەلعی ئەو زراعەتانە دەکرێ کە ئەو ماددانەی تێدا زەرع دەکرێ؟ ئەویش هەر حەقەکە دراوە بە وەزارەتی کشتوکاڵ لە ماددەکانی دوای ئەوە پەسند کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حەوتەم:

تۆمارکردنی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و چاودێری کردن و پشکنینیان.

ماددەی (٢٣):

پێویستە لەسەر بەرپرسانی دەرمانخانەکان و ئەو شوێنانەی مۆڵەت دراون بە هاوردەکردنی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان یان پێشینە کیمیاییەکان یان بەکارهێنانیان لە خشتەیەکی واژووکراو بە وردەکارییەوە بۆ ئەو لایەنە کە وەزارەت دیاری دەکات بنێرن، بەو ماددە هۆشبەرانە یان کارتێکارە عەقلییانەی وەریان گرتووە و سەرفیان کردووە ئەوەی ماوەتەوە لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە بەسەرچوونی وادەی ئەو (٩٠) ڕۆژەی لە بڕگەی سێیەمی ماددەی (١٢)ی ئەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوە بە پێی ئەو نمونانەی وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیان دەکات و بەسەر دامەزراوە تەندروستیە حکومی و ناحکومییەکان و نۆڕینگەکانی پزیشکانیش پیادە دەکرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، کاك زانا، کاك موسلیم، کاك موسلیم، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (٢٣) لە بەشێکی دا باس لەوە دەکات ئەو بڕەی کە دەمێنێتەوە لە دەرمانخانەکان بە پێی بڕگە سێی ماددەی (١٢) کە باس لەوە دەکات ئەگەر ئەو (٩٠) ڕۆژە تێپەڕی دەتواندرێ ماوەکەی درێژبکرێتەوە کە هاوردە بکرێت یاخود بڕێکی زیاتر بدرێ بە دەرمانخانەکان، من پێموایە لێرە ئیشارەت بەوە بدرێ ئەگەر هاتو بڕێکی زۆر یان بڕێك مابوویەوە لە دەرمانخانەکە نەتواندرێ بڕی زیاتری پێ بدرێ، چونکە ئەو کاتە پێموایە دەرفەتێك

دەرەخسێ بەوەی بەشێکی زۆر لە بڕی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە دەرمانخانەکان دابنرێ بۆ لایەنی تر سوودی لێ ببینرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی من پێموایە دەکرێ بە ڕێنمایی ڕێك بخرێ، بەڕێز وەزیری تەندروستیش لێرە ئامادەیە، بابەتی مادده هۆشبەرەکان ئەوە باس لە ماددەی (١٢) دەکات کە ئەوانەی مۆڵەتیان پێدراوە، بۆ نمونە چەند کۆمپانیایەك کە ئێمە ناتوانین باسی چەند کۆمپانیای دەرمان بکەین، چونکە ئەوە پەرلەمانی کوردستانە، دەبێ بزانین کۆمپانیای دەرمان بە قانوون ڕێکنەخراوە لە کوردستان، چونکە ئێمە ناڵێین کۆمپانیای مۆڵەت پێدراو، کۆمپانیای دەرمان بە قانوونی تیجارە کۆمپانیاکانی عام یەعنی بازرگانی گشتی مۆڵەتیان وەرگرتووە، بۆیە ئەوانەی کە ئەو ماددانە هاوردە دەکەن دەکرێ وەزارەت یان لیژنە باڵایەکەی کە تەشکیلمان کردیە لە ماددەکانی ئەم یاسایە (database)ێك دابنێت چەند مادده هاوردە دەکەن؟ بڕی چەند هاوردە دەکەن؟ و تەوزیعی کێی دەکەن؟ تەوزیعی چەند دەرمانخانەی دەکەن؟ لەو (database)دا هەر بڕێك لەو ماددەیە سەرف دەکرێ ئەوە لە (database)ەکە لە ڕەصیدەکەی دێتە خوارێ، کەواتە کۆنترۆڵی مادده هۆشبەرەکان و سەرف کردن تەنها بە سیستەمێکی داتا بەیس دەکرێ کە لیژنە باڵاکە یان وەزارەت دایبنێ و خۆیان چاودێری بکەن، ئەگەر نا لێرەدا ئێمە لە ماددەیەکی قانوونی دا جێگای بکەینەوە، نەك (٩٠) ڕۆژ، (١٨٠) ڕۆژیش دابنێین کۆنترۆڵکردن و موتابەعەکردنی بۆ تیمەکانی وەزارەت قورس دەبێ لەو بابەتەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

سوپاس، بە تەئکید پشتگیری ڕایەکەی کاك زانا دەکەم کە بە داتابەیس، بە پێویستی نازانم لە یاساکە داتابەیس بکەین، بەڵام لە پەیڕەودا دەکرێت، (database) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە ماوەی ئەو (٩٠) ڕۆژەش باس لەوە دەکات نەك تەنها مەبەست ئێکسپایەر و مانەوە بێت، بەڵکە دەکرێت لەو (database)ە موناقەلە بکرێت، واتا لە شوێنێك پێویستە بە فەرمی موناقەلە بکرێ لەوێ زیادە، لە نەخۆشخانەیەك بۆ نەخۆشخانەیەکی تر، لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر، هەر وەك ئەوەی ئێستا ڕۆژانە لە هەموو عیراق دا پرۆسەی موناقەلە پەیڕەو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو دكتۆرە، فەرموو.

**بەڕێز د. شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داتابەیس ماددەی (٢٤) بڕگەی یەكەم لە وەزارەت (database)ێك ڕێك دەخرێت تایبەت بەو كەس و دەستانەی مۆڵەت دراون بەهاوردەكردن و هەناردەكردن و گواستنەوە و دروست كردنی مادده هۆشبەرەكان و كارتێكارە عەقلییەكان و پێشینە كیمیاییەكان، خشتەی ماددەی هۆشبەركان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان تیادا جێگیر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا مەلا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن ئەوە پەخشی ڕاستەوخۆ نییە، بۆیە هەندێك جار بۆ مەصلەحەتی یاساكە قسەی دیكە دەكەین، سەبارەت بەم ڕوونكردنەوەی لیژنەی تایبەتمەند ئێمە باس لە داتا بەیسی ئەوە ناكەین كە خشتەكانی تێدا بێ ئەوانەی كە مۆڵەت دراون، ئێمە باس لە داتا بەسێك دەكەین كە ڕەصیدەكان دیاری بكات، چەند ماددەی هێنایە؟ چەندی سەرف كردیە؟ ئەوە دەبێت بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت، بۆیە لە یاسادا ئەگەر جێگاشی نەكرێتەوە ئەركی لیژنەكەیە لیژنەی باڵا كە تەشكیل دەبێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٤)

یەكەم/ لە وەزارەت داتابەیسێك ڕێك دەخرێت تایبەت بەو دەست و كەسانەی مۆڵەتدراو بە هاوردەكردن و هەناردەكردن و گواستنەوە و دروستكردنی مادده هۆشبەرەكان و كارتێكارە عەقلییەكان و پێشینە كیمیاییەكان و خشتەی مادده هۆشبەرەكان و بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان تیایدا جێگیر بكرێت.

دووەم/ ئەو داتایانەی لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر كراوە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ڕێككەوتی دوایین ئەو نووسینەی تیایدا ئەنجام دراوە دەپارێزرێن.

سێیەم/ ئەو نووسینی ڕاچێتە پزیشکییانەی لە ماددەی (١٨)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر کراوە بۆ ماوەی (٥) ساڵ لەو ڕێککەوتی لەسەری چەسپاوە بپارێزرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەلەز خان، سەرچنار خان، شادی خان، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم دەڵێ (لە وەزارەت داتابەیسێك ڕێك دەخرێت) ئەو داتابەیسە یەعنی نازانم ئەو کەلیماتە ئینگلیزیانە چیە دەهێندرێتە ئەم یاسایانەوە؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدیلەکەی؟

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

بانکێکی زانیاری، یەعنی بۆ (داتابەیس)؟ ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر بڕگەی دووەم ئەو داتایانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە بۆ ماوەی بیست ساڵ، هەدەف چیە لەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ؟ یەعنی ئەم ماوەیە لەسەر چ ئەساسێك دانراوە؟ دوای بیست ساڵەکە یەعنی تەواو ئەم بانکی زانیاری یە کۆتایی پێ دەهێنرێ؟ هەر دەتوانێ تا ئەم ماوەیە خەزن بکات؟ بڕگەی سێیەمیش بە هەمان شێوە ئەم پێنج ساڵە لەسەر چ ئەساسێکی زانستی دانراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەلەز خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیێت من دڤیان بێژم مامۆستا سەرچناریێ گۆتن، مەمنون.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵەکانی پێشوودا ئاماژەم بەم خاڵەی خۆم کرد و لیژنەی تایبەتمەند ئاگاداریان کردمەوە کە لە ماددەی (٢٤)دا لە مەسەلەی داتابەیسی تێدا جێگە کراوەتەوە، پشتگیری ڕایەکەی سەرچنار خان دەکەم کە ناوەکەی بگۆڕێت بۆ بانکی زانیاری، هەروەها ئەو تێبینییەی من هەمە ئەم بانکی زانیاری یە لەگەڵ خاڵەکانی پشکنین (share) بکرێ یاخود ئاراستەی ئەوانیش بکرێ و هەر

لایەنێـك كە مـۆڵەتی پێـدراوە مـۆڵەتەكەی ئەو بـڕەی كە لە مـاددە هۆشـبەرەكان و كارتێكـارە عەقلییەكان دەتوانی بیهێنێتە ناو هەرێـم و دەتـوانێ لە شـوێنێكەوە بیگـوازێتەوە بـۆ شـوێنێكی دیكە هەمووی خاڵەكانی پشكنین بە پێـی داتـابەیس لەلایـان بێـت، یـاخود دەبـێ بـانكی زانیـاری لەلایـان بێـت، نەك بە ئەوراق، چـونكە لەو كـاتەش ئامـاژەم پێكـرد لەو خـاڵەش ئامـاژەم پێكـرد ئەوراق مەسەلاتی تەزویر كردنـی تێـدا ڕەنـگە ئاسـانتر بـێ لە داتـابەیس و بـانكی زانیـاری، بـۆیە دەكـرێ ئەم بـانكە زانیـاری یە لە خاڵەكـانی پشـكنینیش هەبـێ و بەپێـی ئەوە مۆڵەتەكـان لای خاڵەكانی پشكنین ڕوون ببێتەوە، نەك بە مەسەلەی ئەوراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس هیچ تێبینییەكم نییە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤاڵا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەكەی (قاعدە بیانات) هاتییە، دەبێ ئەوە كەلیمەیەكی دیكەی بـۆ بـدۆزینەوە بە زمـانی كوردی لە جیاتی داتابەیس، ئەوە دوایی لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەكان كاتێ كە پـرۆژەی دەنگـدان ئامادە دەكەن، ئەو كاتی هینیان لەگەڵ دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس ماددەیەكی تر.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

دكتۆرە، عەفوو من تەڵەبا تەوزیحەكـی كردبـوو سـەر ئەو پێـنج سـاڵە یەعنـی لەسـەر چ بنەمـا و بیست ساڵ لەسەر چ بنەما هاتینە دەستنیشان كرن؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. سامان، ئەو پرسـیارەی سـەرچنار خـان و هەلەز خـان كردبوویـان، ئەو بیسـت سـاڵە و ئەو پێنج ساڵە.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لێرە ئەوەلیاتی ئەوراقە لە فەرمانگە حکومییەکانیش مودەیەك دیاری کراوە پاش ئەو مودەیە ڕێگە پێدراوە بە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە تەحقیقی بڕیار لەسەر فەوتاندنی دەدرێت، بۆنمونە ئەوراقی ئیزبارەی بیست ساڵ سی ساڵ پێش ئێستا ئەوانەی کە زیادن ڕێگە دەگرن بە فەرمی لە فەرمانگەکان دەفەوتێندرێت، بۆیە تا ماوەی بیست ساڵ داندراوە دەفەوتێندرێت، بۆ نمونە دوای دە ساڵی تر لەبەسەرچوونی ئەوە قەزیيەیەك لە مەحکەمە دەکرێتەوە، دادگا داوای ئەوراق و ئەوەلیات دەکات لەسەر پزیشکێك، لەسەر نەخۆشێك، ئەو کاتە ئەگەر موددەیەکی بیست ساڵی نەبێت نامێنێتەوە، بەڵام لە بیست ساڵ زیاتر وابزانم بیستیش زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند من هینی قسەکردنم وەرنەگرت بەڵام ئەگەر دەرفەتم بدەیتێ لەسەر بیست ساڵەکە یەك شتی بەسیت دەڵێم، عورفێکی نێودەوڵەتی هەیە لەسەر پاراستنی ئەو دۆکیومێنتانەی ئاسایشی ئەمنی قەومین و ئەم عورفە لە ڕاستی دا لە ١٥ ساڵ تێپەڕ ناکات، یەعنی بیست ساڵەکەش هەر زۆرە، ئەم پازدە ساڵە لەوە هاتووە پێموایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مەبەستی ئەوەیە خۆی پازدەیە، بیستەکەش زۆرە، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٥)

یەکەم/ وەزارەت پابەند دەبێ بە ئاگادار کردنەوەی لایەنی تایبەتمەند لە دەروازە سنوورییەکان و دەسەڵاتەکانی گومرگی لە هەرێمی کوردستان دەربارەی سروشت و جۆر و بڕی ئەو ماددە هۆشبەرانەی دەویسترێن هاوردە بکرێن لەگەڵ ڕاسپاردەکانی کەسێکی دەرمانساز لە هەر دەروازەیەکی سنووری بۆ پشکنینی ئەو ماددانەی دەویسترێن هاوردەبکرێن و وەك یەککردنیان لەگەڵ مۆڵەتی هاوردە کردن و ئامادەکردنی کۆنووسێك لەم بارەیەوە کە وێنەیەکی ڕادەستی هەر یەك لەلایەنی تایبەتمەند لە دەروازەکان و دەسەڵاتەکانی گومرگی لە هەرێم وێڕای وەزارەت.

دووەم/ ئەو ماددە هۆشبەرانەی بە پێی ئەو ڕێکارانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقیان لەسەر کراوە وەرگیراون ڕەوانە دەکرێن بۆ کۆگاکانی دەرمانی سەر بە وەزارەت و ئینجا ڕادەستی لایەنە هاوردەکان دەکرێت. سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەسەر ماددەی (٢٥) قسەی هەیە، د.محی الدین، کاك زانا، د.گەلاوێژ، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٥) بڕگەی یەکەم باس لە دەروازە سنوورییەکان و دەسەڵاتەکانی گومرگی دەکات، ئێمە ڕەنگە لە ئەوەی بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە عیراقەوە هەیە نە دەروازەی سنووریمان هەیە، نە دەسەڵاتی گومرگیمان هەیە، زۆرجار ئەو ماددانە هاوردەی هەرێم دەکرێن، نازانم چۆن موعالەجەی ئەو خاڵە دەکرێ کە لەبەینی ئێمە و ناوەند دا هەیە، خاڵی دووەم ئەوەیە لە دێری سێیەم نووسرایە لەگەڵ ڕاسپاردەکانی کەسێکی دەرمانساز، پێموایە تەرجومەکەی هەڵەیە چونکە لە عەرەبییەکەی نوسرایە تكلیف، نەك ڕاسپاردەکانی کە بە مانای تەوصیە، بە مانای ئەوە دێ کە تەکلیفی کەسێکی دەرمانساز دەکرێ لە دەروازە سنوورییەکان پشکنین بۆ ئەو دەرمانانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، د.گەلاوێژ، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت لە بارەی ئەو ڕووەکانەی کە هەمووارکرانەوە لەبارەی جینات، ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەلایەن زۆربەی هەڤاڵانمان لەوانەیە ناسراو نەبێت، ئەو ڕووەکانەی کە موحەسەنە جینیان لە موختەبەرات ئامادە دەکرێ بە هۆی گۆڕینی جینەکەیان کە ئەو نەباتە پێشتر ماددەیەکی موخەدیر نیە، بەڵام کە جینەکی بۆ ئیزافە دەکەن ئی ئەو ماددەیە دەبێتە ماددەیەکی موخەدیر، لێرە لە ماددەی (٢٥) وەزارەتی تەندروستی پابەند دەبێ بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار و دەروازەکان سەبارەت بەوە هیچ بڕگەیەکی تێدا نیە بڵێ ئەو پێکهاتانە یان ئەو جیناتانەی کە بۆ ئەو نەباتانە کە دەیەوێ تەغیری جینی لێ بکرێت، ڕێگری لێ بکرێت لە دەروازە سنوورییەکان، چونکە ئەوە گرنگە، ئەو ماددانەش زیاتر لە دەرەوە دێت، چونکە ئەو ڕووەکانە لە ( plant tissue culture) ئامادە دەکرێت، تاقیگەی (plant tissue culture) بۆیە تاقیگەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی کە لە زانکۆی دهۆك ( plant tissue culture)مان هەیە، نەباتات ئامادە دەکرێ جینەکانیشیان دەگۆردرێت، بەڵام پێویستە لە دەروازە سنوورییەکان ئەوانەش ناسراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی ماددەی (٢٥) بەڕای من بەشێکی زۆری لە ماددەی (٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە کارەکانی لیژنەی باڵا ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ کە زۆربەی بڕگەکان باس لەم ناوەڕۆکە دەکات، پێموایە دووبارەیە بڕگەی یەکەم، ئەسڵی ماددەکە بە بڕگەی دووەم بمێنێتەوە کە ئەوانەی ماددەکان هاوردە دەکەن بۆ کۆگاکانی دەرمانی وەزارەت بگوازرێنەوە پاشان دابەش بکرێت، کەواتە بە ڕای من تەنها بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا بمێنێتەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس جەنابتان داواتان کردووە لە بەشی هەشتەمەوە دەتانەوێ دەرفەت وەرگرن، چونکە زیاتر پەیوەندی بە مەسەلەی سزاکانەوە هەیە، سوپاست دەکەین بۆ ئامادەبوونت.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

زۆر سوپاس بەڕێزان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئامادەبوونت، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی هەشتەم/ سزاکان

ماددەی (٢٦)

هەر کەسێك یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە لە سێدارەدان یان زیندانی کردنی هەتا هەتایی سزا دەدرێت:

١- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە کردبێت یان هێنابێتی یان هەناردەی کردبێت بە مەبەستی بازرگانی پێکردنی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٢- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی بەرهەم هێنابێت یان دروستی کردبێت بە مەبەستی بازرگانی پێکردن لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٣- ڕووەکێکی چاندبێت کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری عەقلی پێ بەرهەم بێت یان ڕووەکێکی لەو ڕووەکانە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی هاوردەکردبێت یان هەناردەکربێت بە مەبەستی بازرگانی پێ کردن بە تۆیەکانی لە دەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس فەرموون ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بکەن، شادی خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مامۆستا عبدالستار، ڕووپاك خان، کاك کاروان، کاك ڕزگار، کاك شێخ ظاهر، حسیبە خان، مامۆستا عبدالستار، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بە گشتی ئەو ماددەیە زۆر تەماشام کردووە بەڕاستی سەرنجم بۆ دروست بووە، لەو ڕۆژانەش بەڕاستی هەندێ خەڵك پیوەندیان پێمەوەکردووە لەوانەی کە کەس و کاری هەیە گیراوە لەسەر ماددەی هۆشبەر، جا بەشێکی نایشارمەوە، ئێمە مرۆڤین دەکەوینە ژێر کاریگەری عاتیفە و شت، بەشێکیشی لە ڕووی واقیعیشەوە تەماشا دەکەم هەندێك زوڵم دەکرێ لە هەندێك خەڵك، مەسەلەن گەنجێگ گیراوە بیست ساڵە، هەژدە ساڵە ئێستا ئەوەی پەیوەندیان پێوە کردم یەکێکیان (١٧) ساڵە لە سجنە، وا تەمەنی دەبێت (٣٧) ساڵ بەرەو (٤٠) ساڵ واتا هەموو ژیانی سجن بووە کە کەمێکی پێ گیراوە، بەڵام بە قسەی خۆیان من نازانم یەعنی، دەڵێن بەخوا تاجیر نەبووە و بازرگان نەبووە و بازرگانی گەورە دیارە کێ بووە، جاری یەکەم بەڕاستی من پێم گوناحە زۆر پێ تێکچووم، ئەوە پەخشی ڕاستەوخۆش نییە، یەعنی پێم گوناحە دوو گەنجی ئەم وڵاتە فەقیرەی یەعنی بیست ساڵ، بیست و پێنج ساڵ لەوانەیە سەد غرام یان کەمتر یان زیاتر پێوە گیراوە من پێموایە بازرگانە ئەسلییەکە ڕەنگە دیار بێ، بەڵام دەسەڵات نەبێ کە بیگرن، مەسەلەن خۆی بەشیوەیەك لە شێوەیەك لە شێوەکان دەرچوواندووە، ئێمە بەڕاستی شتێکی وا بکەین، ئەوە پێموایە عیلاجی لێ بکەین، من لێرە پرسیارم ئاراستەی د.ڤالا یان کاك د.بژار، کە بەڕاستی من حەز دەکەم بمانگەیەننە قەناعەت کە چۆن کەسە ئەسلییەکە بدۆزرێتەوە و ئەو فەقیر و هەژارەی کە هەڵخەڵەتاون، منداڵێك هەڵخەڵەتاوە ئاوا سزا نەدرێ، ئەوە یەك، دوو/ باسی سێدارەی تێدایە، بەڕاستی من بە قەناعەتی خۆم دەیڵێم یەعنی شتێکیش لە شەرع دەزانم هەرچەندە ئەگەر جەنابی بەڕێزت ئیجازە نەشفەرمووی مامۆستا پێم خۆش نییە هەر کات بەسە کفایەتە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

چاوت خـۆش بـێ یـاخوا، ئەوەی کە مـن تێگەیشـتبم لە قورئـان، بەڕاسـتی قورئـان تەنها لە یەك حـاڵەت دا کوشـتنەوەی دانـاوە، لە یەك حـاڵەت، قەناعتیشـم پێیەتـی بەڕاسـتی بـاقییەکەی کوشتنەوە نیە، یەعنی کوشتن نیە کەسێك بینی بیکوژی لەسەر هـیچ شـتێکی تـر غەیـری ئەوەی کە (و مـن یقتـل مؤمنـاً متعمـداً إلا..) ئەوە، یەعنـی کەسـێك کەسـێکی زۆر بە نـاحەق کوشـتبێ ئەویش ئەگەر عەفوو نەکرێ، ئەگەر خوێنی وەرنەگیرێ تەبعەن، بۆیە بەڕاستی مـن پێمـوایە ئەو حوکمەش لێرە لە سێدارەدان بەڕاستی من بە زیادی دەزانم پێموایە حوکمەکە توندە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەر ئاخافتنێت کاك عبدالستاری، یەکێ ژ گرنگیا پەسەند کردنی ڤێ یاسایێ ئەوە وی یاسا نـوکە بەرکارە لە هەرێما کوردستانی یاسا ژمارە (٦٨)ە ساڵا ١٩٦٥ فەرقـی ئەو یاسـایە دگەل ڤـێ پـرۆژە یاسـای کـو لەبەر دەسـتی مەیە و ئەمە دەبیـنن گرنگـی بـۆ هەرێمـا کوردسـتانی لە چ دایە؟ ئەڤ پرۆژە ئەوەی کە لەبەر دەستی مە فەرقیا کری ناڤبەرا ئەو کەسەی بازرگانیاییێت ماددەی هۆشبەر دکـا ئەو کەسـەی ئیـدمان بـوو یـان بە کارهینـانی شەخصـی بـوو، لێـرە مـاددەی (٢٦) بەحسـێ بازرگانییێ و هەندێك حاڵەت دەکات و سزایەکی توندی بـۆ دانـای بە دیڤـدا لە مـاددە (٣١)ی هەی یان فەرق کردنی ئەو کەسەی کە بۆ خۆی بەکاری هینـای عقـوبەی گەلەك سـووکترە، ژبەرهەنـدێ گرنگیا ڤی پرۆژە یاسایێ لە هەندێ دایە کو کەسـێ تـاجر تیجـارەتی پـێ دەکـات لەگەڵ کەسـێك تووشبووی عقوبەیا جوودا کری، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ڕووپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕووپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە دوو خاڵ زیاد بکرێ بۆ ئەو ماددەیە یەکەمیان/ هەر کەسێك کە مـۆڵەتی دروسـتکردنی ماددەی هۆشبەری هەیە ئەگەر فعلێك یان تاوانێکی پێ ئەنجام بدات یاخود بازرگانی پێوە بکات، چونکە ئەو کەسەی کە مـۆڵەتی هەیە ئاسـانتر دەتـوانێ تـاوانی پـێ ئەنجـام بـدات، ئەوە دەبێـتە چــوارەم، پێنجەمیــان/ ئەو فەرمـانبەرانەی کەوا بە کـاری موکـافەحەکردنی مـاددەی هۆشـبەر هەڵدەستن ئەگەر ئیستیغلالی بارودۆخەکەیان کرد بۆ خۆیـان، واتـا بـۆ خۆیـان بەکاریـان هێنـا و ئیستیغلالیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگارعیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید گرنگی ئەو پرۆژە یاسایە بێجگە لەوەی کە پێشتر باس کراوە لە ڕووی تەندروستییەوە بۆ خاڵی سزاکان خاڵی هەرە گرنگ و هەستیارە کە ئێستا لە ماددەی (٢٦) تەنها بە یەکەم و دووەم و سێیەم باس کراوە، بە ڕای من ئەوە زۆر زۆر موختەسەرە، پێویستە زیاتر بە تەفاصیل و وردتر باس بکرێتەوە، پێمباشە ماددەی (٢٦) و (٢٧) گرنگترە دەمج بکرێت ئەگەر ئیمکانە لە ڕووی یاساییەوە، ئێستا لێرەش باسی لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٢٦) باسی لە سێدارەدان و هەتا هەتایی کرا، پێویستە ئەوە زۆر زۆر بە ڕوونتر باس بکرێ، چونکە ئەوە پەیوەندی بە ژیان و مردن و هەم بە تاك و هەم بە خێزان و هەم بە کۆمەڵگەوە هەیە، بەڕای من زۆر زۆر موختەسەرە ئەگەر تەفاصیلی زیاتری لێ باس بکرێ ماددەی (٢٧)یشی هەر لەگەڵ ماددەی (٢٦) دەمج بکرێت و لەگەڵ باسکردنی لەگەڵ ماددەی یەکەم تەفاصیلیشی زۆر بە وردی بە دەقیقی یەك لە دوای یەك بیتن، بەڕای من خزمەتی زیاتر بەو پێشنیازە یاسایە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٦) خاڵی یەکەم ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەرە عەقلیەکانی یان ئەوە کە باسی کرد و هێناویێتی، بە مەبەستی بازرگانی کردن یەعنی بە قەناعەتی من ئەم بازرگانی کردنە وەکو لە بڕگەی (١٠)ی ماددەی (١)ی یاساکە پێناسە گراوە، هەر مەتاتییە، یەعنی ئەوەندەی من کارم لە دادگا کردووە ئەوە کێشەیەکی زۆری بۆ دادوەرەکان دروست کردووە لەسەر ئەوەی کاتێ کە ئەو بازرگانیە بڵێین جەریمەیەك کە کەسێك لە حیازەی ماددەیەکی هۆشبەر بوو دەیانویست بیکەن بە بازرگانی، نەیاندەزانی ئەوە چەند غرام لە حیازەی ئەم تۆمەتبارە بێت بە بازرگانی حیسابە، ئایا دوو غرام، سێ غرام، (١٠) غرام، مەسەلەن کیلۆیەك، دەبێ تەحدید بکرێت، ڕاستە کۆین و فرۆشتنی پێ دەکرێ بەڵام هەیە (١٠) غرامی پێ دەگیرێ تۆ ناکرێ بڵێی ئەوە بازرگانی پێکردووە عقووبەی ئیعدامی بۆ دابنێی کە عقوبەیەکی توندە، یان سجنێکی موئەبەدی بۆ دابنێین، لەبەر ئەوە تەحدید بکرێت لە یاسای قانونی موخەدەراتی پێشوودا ئەوەی تیا نەبوو هی عیراقی، پێم باشە لێرە ئەو کەمیەتە تەحدید بکرێت، ئەمە خاڵێك، بۆ ئەوەی دادوەرانیش بزانن بەرچاو روون بن لەوە چونکە ئەوە گلەیی ئەوانیش بووە، خاڵی سێیەم من پێم وایە هەر لێرە هەڵبگیرێ یان پێناسەیێکی تری بۆ بکرێت، چونکە دەڵێ رووەکێکی چاندبێ لە قانوونی

مخەدەراتی پێشوو باسی مەزرەعە دەکا، یەعنی تۆ کێلگەیێکە مخەدەراتت هەبێت بەس تۆ رووەکێکت هێنابێت چاندبێتت مەعقول نییە بە موقابیلی ئەوەی عقووبەیەکی ئیعدام بێت یەعنی ناکرێت ئەوە ئەبێ تەحدید بکرێت، هەروەك نمونەیەك بۆ ماوەی نیو دەقە بۆتان باس ئەکەم ئێمە کاتی خۆی دوو تۆمەتبارمان هەبوو مەزرەعەیێکیان هەبوو کۆتریان بەخێو ئەکرد ئەو دانەوێڵەی کە وەکو کۆترەکە بەکاریان ئەهێنا دوایی ئاسایش دەستی بەسەردا گرت وتیان ئەمە ماددەی مخەدری تیایە، چەند مانگ گیران لەسەر ئەوەی بەبێ ئەوەی هەدەفیان ئەوە بووبێت کە بازرگانی پێوە بکەن، بەڵام بەپێی ماددەی چواردەی مخەدەراتی قانوونی عیراقی پێشوو ئەکرا ئەوان ئیحالەی جینایات بکرێن لەبەر ئەوە ئەمانە مەتاتین عقووبەکەشی ئیعدام ئەبێ و ئەبێ ووردەکاری زیاتری تیا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموون.

**بەڕیز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتا پشتیوانی تەواوی لە قسەکانی (سەرچنار) خان و کا (عبدالستار) دەکەم، بۆ ماددەی (٢٦) بڕگەی یەکەمی، پێم وایە کێشە دروست دەکا تەنها باس لە بازرگانی دەستی یەك دەکات بازرگانی دەستی دووشمان هەیە ئەو بازرگانییەی تەنها هەناردە و هاوردەی دەکەن کیفایەت نین کە ئەو حوکمانە بیانگرێتەوە، بەڵام ئەشکالە گەورەکە ئەو بازرگانەیە کە لێرە وەری دەگرێت و بازرگانی پێوە دەکات جارێکی دیکە، پێشنیاز دەکەم لە بڕگەی یەکەمدا ئەوە زیاد بکرێت یان لەناوخۆی هەرێمی کوردستان بازرگانی پێوە کردبێت لەناوەراستی دێری دووەم ئەم ئیزافەی بۆ بکرێت کە بازرگانی دەستی دوو لێرە کاریگەری زیاترە لەوەی کە تەنها هەناردە و هاوردەی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شێخ ظاهر)، فەرموون.

**بەڕیز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خواری گەورە، ماددەی (٢٦) دەڵێ هەر کەسێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئەوە بە لەسێدارەدان یان زیندانی کردنی هەتا هەتایی سزا دەدرێ، کە سێ حالەت باس کردووە بەراستی لەبەر ئەوەی عقووبەکە عقووبەیێکی زۆر توونده بەراستی لەسێدارەدان، وا باشە تەحدید بکرێ کام فعل کام جەریمە بە عقووبەی ئیعدام دادەنرێت، کامیشیان بە سجنی موئەبەد دادەنرێت ب، بە گشتی کە لەو فەقەرەیەی دیاری نەکردییە، کەواتە وا پێویستە وورد بکرێتەوە ماددەکە چ حاڵەتێك عقوبەکەی ئیعدامە لە چ حالەتێك سجنی موئەبەدە، لێنەگەرێ مەسەلەن

تەقدیری قازی قازی مەسەلەن برێ فلان ئەو تاوانەت کردییە ئەوە عقوبەی ئیعدامە ئەوە سجنی موئەبەدە، ئەوە لەگەڵ عقووبەی ئیعدامیش بەراستی ئەگەر بازرگانێك یەك جار بازرگانی مادده هۆشبەرەکانی کردبێت عقووبەی ئیعدام پێم وابیت زۆرە سجنی موئەبەد بیت، ئەگەر جاری دووەم دووبارەی کردووە گەڕاوە سەر تاوانەکەی ئەو کاتی بکرێتە عقووبەی ئیعدام، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شادی خان، فەرموون.

**بەڕیز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان هاوکارانم من ئەمەی کە باسی ئەکەم تکا ئەکەم زۆر بە ووردی گوێم لێ بگرن تکا ئەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێم مەبرە چونکە زۆر گرینگە گرینگیەکی خۆشی هەیە، من تەنیا لەسە رعقوبەی لەسێدارەدان قسە ئەکەم ئێمە هەموومان ئاگادارین وە هەمووومان ئاگامان لەوەیە بە تەقریبی لە ساڵە (١٩٩٨) لە هەرێمی کوردستان چەند حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێ عقوبەی ئیعدام لە هەرێمی کوردستانا تەنفیز نەکراوە سەرۆکی هەرێم ئیمزای نەکردووە وە تەنفیز نەکراوە ئەمە خاڵێکە پێویستە لەبەرچاوی بگرین، خاڵی دووەم راستە حکومەتی فیدراڵ و عیراق ئیمزای لەسەر معاهەدەی وەك ئیعدام نەکردووە، بەڵام وڵاتانمان زۆرن وە هەرێممان زۆرە لە دونیادا بەپێی ئیمزا کردنی ئەوە وەکو ئیعدامی کردووە لە قانوونا ئیعدامی هەڵگرتووە یاسای سێدرەی هەڵگرتووە، بۆ نمونە روسیا و بەشێك لەو وڵاتانەی ك لە باشووری ئەفریقیا هەیە، ئێمە شتێکی ترمان هەیە لە رووی دینیەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (ان اعلمونا لا تعلمون) ئێمە هیچ کات ناتوانین قەراری ئەوە بدەین کە مافی ژیان لە ئینسانێکا بۆ ئینسانێ بسێنینەوە، مافی ئینسان مافی مرۆڤێکە بە یەکسانی بۆیە عقوبەی سێدارە یاخود سزای سێدارە لەم یاسایەدا زۆر زۆر قورسە، هەروەها لێکۆڵینەوەکان لەسەتاسەری دونیایا دەریان خستووە ئەو وڵاتانەی یاساکانیان سزای سێدارەی تیایە جەریمە لەو وڵاتەیا کەم نابێتەوە بە پێچەوانەوە بەرز ئەبێتەوە ڕێژەی تاوان کردن لەو وڵاتانەدا بەرز دەبێتەوە نزیکترین وڵات لێمانەوە تجارەتی مخادەراتی تێدا بەڕێژەیێکی زۆر بەرچاو هەیە ئێرانە لە ئێران تاجری مخەدەرات حوکمی ئیعدام ئەدرێ و تەنفیزیش دەکرێ، بەڵام رۆژ بە رۆژ تیجارەت کردن بە مخەدەراتەوە روو لە بەرز بوونەوەیە و داتاکان دانابەزنەوە، مەولانە جەلالەدین دەڵێ (حەقیقەت ئاوێنەیەك بوو لە دەستی خودا کەوتە سەر زەوی و بووبە چەند پارچەیێك و هەرهۆزێك پارچەیێکە بەرکەوت، حەقیقەت لای کەسمان نییە بە رەهایی حەقیقەت گشتییە، بۆیە تکا دەکەم مافی ژیان ئێمە بەو پێیەی کە رووما لەرووما لەوەیە کە یاسایی سێدارە تەنفیز نەکەین با ئەم هەنگاوە لە ئێمەوە دەسپتێکا لە یاساکانمانا نەمانبێت تکاتان لێدەکەم لەم یاسایەدا با عقووبەی سێدارە هەڵبگرین با نەمێنێ لەم یاسایەدا یەکەم

هەنگاو بێت بۆ ئێمە، ئەمی سەروەرییە بە ئێمە ببڕێ بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ بەرامبەر حەقی ژیان بۆ هەموو کەسێك بە یەکسانی، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ تۆش، حسیبە خان، فەرموون.

**بەڕیز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بینیمان کە دوو وەزیری بەڕێز ئامادەبوونیان هەبووە لە دانیشتنی پێشترووو ئەم دانیشتنەش، لە بەشی سزاکانیش پێویست بوو کە وەزیرێکی تایبەت لێرەدا ئامادە بێ، بەپێی ئەوەی کە من لەسەر سزایەکان پەیوەندیم لەگەڵ چەند بنکەیێکی چاکسازی کردووە مەترسی مادده هۆشبەرەکام دەتوانم بلێم بەپێی ئەو لیکۆڵینەوەی کە لەبەر دەستی مندایە لە مەترسی تیرۆر کردن زیاترە بەپێی ئەوەی کە دیمۆگرافیایی تاوان لە (٢٠١٨/٣/١) تاوەکی (٢٠١٩) وەرم گرتییە کە دەڵێت (لە کۆی (١٣٠٤) هەزار و سێ سەد و چوار بەندکراو یەکێك لەو چاکسازیانە بۆ ساڵی یەکەم (٦٦٧) شەسەد و شەست و حەوت کەس بە تاوانی تیرۆر دەستبەسەرداگیراون، (١٦٧) کەس ئەوانە بووینە کە مادده هۆشبەرەکانیان بەکار هێناوە، بەڵام لە دوا ئامار بۆ ساڵی (٢٠١٩) لە (١٣١٧) هەزارو سێ سەد و حەڤدە کەس (٤١٦) چوار سەد و شانزە کەس بە مادده هۆشبەرەکان و (٣٦٧) سێ سەد و شەست و حەوت کەسە بە تیرۆر، کەواتە دەتوانین بڵێین مەترسی مادده هۆشبەرەکان بۆ ساڵی (٢٠١٩) ریزبەندی یەکەمی گرتۆتەوە لە یەکێك لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا، من لەگەل ئەوەدام کە کاتێك ئێمە بازرگانان یاخود کەسانێك بەهۆی تێوەگلانیان بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەست بەسەردا دەگیرین پۆلینکردنەوەی سزادراوان بەشێوەیەکی تەندروست بکرێت بەوەی مەترسی کەسەکە جۆری تاوان ماوەی سزا و تەمەنیان رەچاو بکرێ، ئەمەیان لەلایەك لەلایەکی تریش لەناو چاکسازییەکاندا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەموو کەسەکان کە بوونەتە بازرگان و هاتوونەتە دەرێ ئەوانە بوونە کە لەناو سەنتەرەکانی چاکسازی یەکتریان ناسییە، بۆیە جیاکاری هەبێت لەنێو ئەو کەسانەی کە ماوەیەکی زۆرە حوکمیان وەرگرتووە لەگەل ئەو کەسانەی کە ئێستا بە بازرگانی کردن یاخود بە ئالودە بوونەوە دەستگیر دەکرێن، سەبارەت بە ماددەی (٢٦) پێم باشە ئەڵێت (هەرکەسێك یەکێك لەم کردلارانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە لەسێدارەدانن یان بە زیندانی هەتایی سزا دەدرێت، سێدارەدان بەر لە زیندان نایێ پێم باشە راست بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە زیندانی کردنی هەتایی یا لەسێدارەدان، سێدارەدان دەچێتە دوا بڕگە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مم)، فەرموون.

**بەڕیز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەرای ئەوەی پشـتیوانی لە بۆچـوونەکەی (سـەرچنار) خـان و بەشـێکی بۆچوونەکـانی کـاك (عبدالستار) دەکەم لەسەر سزاکە، دەمەوێ ئەوە بڵێم یەکێك لەو خاڵانەی وڵاتە دیموکراسییەکان شـانازی پێـوە دەکەن نەبـوونی یاسـای سـزای لەسـێدارەدانە، هەڵـبەتە دوو رای جیـاواز هەیە مەسـەلەی سـزای لەسێدارەدان و هەتـا هەتـایی، ئەم پەرلەمانتـارە بەرێـزانە پـێم وایە دڵرەقـی لەکەسیانا نابینم بۆیە مەسەلەی یاسایە ئەگەر جۆرێك لە دڵ رەقی هەبێن نابێـت بە شـانازی بـۆ وڵاتەکە، مەسەلەی سزای لە سێدارەدان دڵرەقییەکی زۆر گەورەیە وە حاڵەتگەلێکن کە شایستەی ئەوە نین تەنانەت بازرگانیشـیان کـردووە، ئـێمە لە تەداعیـات و مەترسـیەکانی چانـدنی مـاددەی هۆشبەروو بازرگانی پێوە کردن باش تێـئەگەین، بەڵام سـزای کوشـتن وە کۆتـایە هێنـان بە ژیـان سزایەکی دل رەقە ئەمە خاڵێك، خاڵێکی دیکە من پێشنیازم ئەوەیە دارشتنەوەی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی لێبکرێت ئەم ماددەیە، مـن بـڕوای بەشـێکی زۆر بـڕوام بە تەفکیکـیەت هەیە بـڕوام بە هەڵوەشانەی بەشـێکی زۆری لەنـاو ماددەکـان و کەم کـردنەوە رووبەری درێـژدادری، دەسـتووری ئەمریکی حەفت من چەند جارێك باسم کردووە ئەم یاسایەی ئـێمە یاسـایەکی زۆر زۆر گەورەیە ئەکرێ کورت بکرێتەوە، لەناو ئەو ماددەیـا مـن پـێم باشـە بـڕگەی دووەم و سـێیەم لابـرێـت هەر نەمێنێ وە دارشتەوەکە ئەم پێشنیازە دەکەم، هیوادارم لیژنەی یاسایی و هاورێیان دیقەت بدەن چونکە لەبەر ئەوەی بڕگەی دووەم و سێیەم باس لە بازرگانی دەکا بڕگەی سێیەم باس لە بەرهەم هێنان دەکات، ئەمانە لەناو یەك وشەدا یەك بڕگەدا جێگەی بکەینەوە واتە بڕگەی یەکەم بە تەنیـا بمێنێتەوە بێ بە ماددەی (٢٦) وە پێشەکییەکەشـی لابرێـت، مـاددەی هۆشـبەر یـان کـارتێکەری ئەقلی هەرکەسێك ئەم کارە بکـات یەعنـی بەشـێوەیەك لەم شـێوەیە ئەوا زینـدانی کردنـی هەتـا هەتایی ئەکرێ ئەگەر ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقلی بەرهەم بهێنێ، دروست بکا، یـاخود بازرگانی پێوە بکات یاخود هاوردە کردبێت، ئەوا بڕیار دەدرێ بە زینـدانی کردنـی هەتـا هەتـایی، پشتگیری لە (شادی) خان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.محی الدین، فەرموون.

**بەڕیز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی دەوڵەتان ئێستا بەم ئاراستەیە دەڕۆن کە حوکمی لەسێدارەدان لە یاساکانیان نەهـێڵن و، ئـێمە دەزانـین گرفتـی مـاددەی هۆشـبەرەکان کێشـەیەکی نێـودەوڵەتییە ئـاخیر ئامـار ئەوەی لە کوردستان لە اموەی رابردوو بڵاو کرایەوە، لە سەرەتا ساڵەوە تا کۆتایی مانگی (١١) زیاتر نزیکەی (٩٠٠) نۆ سەد کەس لە کوردستان گیراو بە مـاددەی هۆشـبەر، نـزیکەی (١١٠٠٠) یـازدە هەزار کەس

تووشبووینه، من بۆخۆم لەگەڵ حوكمی لەسێدارەدا نیم، لەگەڵ ئەوەم كە زیندانی هەتا هەتایی بكرێ بەڵام بەمەرجێك ئەو كەسەی كە حوكمە هەتا هەتایی دەیگرێتەوە نە لێبووردنی گشتی وە نە لێبووردنی تایبەتی بیانگرێتەوە، كەواتە دەبێ هەموو حوكمەكانی خۆی ئەو ماوەیەی كە حوكم دەدرێ بە حوكمی هەتا هەتایی بباتە سەر بەندیخانەكە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خۆی عادەتەن كە عەفوو دەردەچێت لە پەرلەمانی كوردستانەوە لە شكلی قانوونا، ئەوانە بەدەرەكرێن بازرگانی بە موخەدەرات بەدەردەكرێن، پێشتر بەكارهێنانەریش بەدەرئەكرا ئەم جارە ئەخیر ئەوانمان لێبەدەر نەكرد، كاك سروان، فەرموون.

**بەڕیز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەكەی (شادی) خان و (سەرچنار) خان و كاك (عبدالستار) دەكەم، بەڵام ئەمن تەلەبێكم هەیە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان هەموو پەرلەمانتارەكان و وەزارەتە موختەصەكان بەراستی ئەمە لەگەڵ لەسێدارەدانی نیم وەكو (سەروان) چونكە هاورام لەگەڵ برایانم خودا روح دەسێنێتەوە نەك ئێمە روح بستێنین، بەڵام زیندانی كردنی هەتا هەتایی خۆی هەموو رۆژ دەمرێت، بەڵام كە تۆ لەسێدارەت دا ئیتر تەواو مرد، بەڵام كە لە زیندان بوو ئەو كات هەموو رۆژ دەمرێت ئەوە ئەو، بە نسبەت هۆكارەكانی تووشبون ئێستا لە هیچ وڵاتێك نەمبینیوە كەسی یەكەمی كە تجارەتی ماددەی هۆشەبەر دەكات گیرابێت، ئەوا هەموو پەرلەمانتارن لێرەنە لە هەموو وڵاتەكانی كە ژمارەی تووشبوون لەولێ زۆرە یەعنی بەراستی تا ئێستا كەسی یەكەم نەگیراوە كەسی دووەم و سێیەم و چوارەم و سەدەم دەگیرێ بەڵام كەسی یەكەم كەس نازانێ كێیە، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەوەندە توانا و دەسەڵاتی هەیە، بۆیە لەگەڵ لە سێدارەدان نیم دیسانیش دەڵێم، هۆكارەكانی ببیننەوە خەڵك بۆ تووش دەبێت؟ نمونە لەسەر ئێران هاتەوە راستە ئێران خەڵك لەسێدارە دەدات بۆ ئەوانەی كە تیجارەت بە ماددەی هۆشبەر دەكات، بەڵام هۆكاری توشبوونی ئەو وڵاتە زیاد بوونی رێژەی ئەو كەسانەی ئاڵوودەی ماددەی هۆشبەر دەبن هۆكارەكان چین؟ ئێمە وەكو پەرلەمان و وەكو حكومەت رێگری لە هۆكارەكان بكەین بۆ ئەوەی خەڵك روو لە ماددە هۆشبەر نەكات نەك كە تووش بوو لەسێدارەی بدەی، دیسان هاورای هەڤاڵانم كە چاولێكەری لەو ولاتانە بكەین كە نەرم و نیانن و كاری باش لەوێ دەكرێ نەك توندرەوی و ئەوانە، من ئاخیر شت دەمەوێ بڵێم لەسەر لێبووردنی گشتی یە ئەویش چونكە ئەو باسە كراو و ماددەكە لەسێدارەدان باس دەكرێت بۆیە موختەصە پێوەی ئەگەر رێگە بدەی شتێك بڵێم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە جار جار لێبووردنی گشتی دەدرچێ، بەڵام دەرئەنجامەکانی زۆر جار عەکس دەبێتەوە، بەداخەوە دوای ئەوەی ئەخیر جار پەرلەمانی کوردستان لێبوردنی گشتی دەرکرد وە خەڵکێك بەربوون زیاتر لەچەند حاڵەتەکی زۆر ناخۆشمان بینی کەوتیان ئەمانە بەهۆی لێبوردنی گشتی بەربوون، دوای ئەوە تاوانی گەورەتریان کرد ئەمە هی ئەم مەجلیسە نییە، کاك (بالانبو)، فەرموون.

**بەڕیز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوە ئەو ماددەیە ئاراستەی لیژنەکەی ئێمە کرابوو، ئێمە لە لیژنەکەی خۆمان وتوویژێکی زۆر زۆرمان لەسەر کرد من وێڕای پشتگیری کردنم بۆ کاك (عبدستار) و (شادی) خان و کاك (کاروان) و (سەرچنار) خان، دیارە ئەمە بابەتێکی گرینگە ئەبێ زۆر بە وریاییەوە کاری لەسەر بکەین، ئەم بابەتە کە باس لە سزای لەسێدارەدان ئەکا وە بڕگەکانی بەهەمان شێوە ئەڵێ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵی یان پشینەی کیمیاوی هاوردە کردبێت یان هێنابی، کردبێت بۆ رابردووە، کەواتە یاسا پێویستی بە موستەمسەك هەیە وە شایەت لەم حالەتە مستەمسەك بەدەستەوە نییە وە هاوردەکردن ئەکەوێتە سەر شایەد و سزادان، ئێمە خۆمان دەزانین بە داخەوە ئەیلێم ئەبێ سەیری بکەین ئەم یاسایە بۆ وڵاتێك دەبێت کە عەدالەت (١٠٠%) تێیدا پیادە کرابێت، ئێمە دەزانین تا ئێستاش کێشەی سیاسی لەناو حیزبەکانا هەیە بەئاسانی ئەتوانرێ خەڵك لەسەر کێشەی سیاسی بەم یاسایەوە بگلێنرێت، لەبەر ئەوە بە وردی ئەگەر دیراسەیێکی باشی بکەین زۆر زۆر باشترە و رەت نەکرێ لەوە پێویستە بەڵگەی مەلمموس هەبێ نەك بە سزادان نەك بە تووشکردن، هەمووومان ئەزانین ئیستاش بەداخەوە ئەیڵێم ئەمەش، سەیتەرەکانی ئاسایش کە لێرەوە بەرە سلێمانی ئەڕۆی سەیتەرەکانی پارتی سەیر ئەکەن یەکێتیت یان پارتیت کە ئەرۆی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا وانییە. تەواو.

**بەڕیز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وایە، کە لەوێشەوە دێی بەهەمان شێوە، لەم حاڵەتانە ترس هەیە بۆ هەموو کەسێك باشتر وای بە وردی بیری لێبکرێتەوە، بڕگەی دووەم ماددەی هۆشبەر کارتێکەری ئەقڵی بەرهەم هێنابێ یان دروستی کردبێت بەمەبەستی بازرگانی کردن و ئەمە کەسی شارەزاو خەبیر نەبێت ناتوانێ ئەن ماددانە دروست بکا، لەبەر ئەوە پێم وایە پێویستە ئەگەر لە دادگاش بیر لەوە بکرێتەوە کە کەسێك بە شتێکی واوە ئەگیردرێ بیر لە ئاستی رۆشنبیری و ئاستی زانیاری ئەو کەسە بکرێت،

ئایا ئەم کەسە توانای ئەوەی هەیە ئەو ماددانە دروست بکات یان ئەمە کەسێکی کە دروستی کردووە ئەویشی پێوە ئیش ئەکرێ، بەهەمان شێوە باس چاندنی رووەك ئەکا تەکنەلۆژیا ئەمرۆ گەیشتۆتە ئەو ئاستە یابان جگەرەی دروستکردووە کە تۆوی گوڵ لەناو فلتەرەکەیایەتی کاتێك کە فرێ ئەدرێ لە جێی جگەرەکە گوڵەك سەوز ئەبێ، پێویستە بڕی ئەو رووەکانەی ئەڵێ چاندرابێ دیاری بکرێت زۆر زۆر ئاساییە هەمووما ئەزانین ئەمڕۆ هەموو خەڵك خاوەنی مەزرەعەیە وە خاوەنی خانوو وە زۆربەی پەرلەمانتارەکان ئەتوانین بڵێین کە لێرەن یان لە جێگایەکی دیکە هەزاران خەڵکی کەی کاسبی وەکو ئێمە، لە حاڵەتێکا ئەگەر ماڵەکەی چۆڵ بێ من بڕۆم دوو دەنك تۆوی یەکێك لەو رووەکانە فرێبدەمە حەوشەکەیی و سبەی خۆم بڕۆم موخبیری بکەم بڵێم لە ماڵی فلان کەسا ئەوە سەوز بووە ئەم کابرایە ئێمە ئەهێنین بەهەمان ماددە تووشی ئەکەین، باشتر وایە بڕی ئەو رووەکانە دیاری بکرێ، ئایا ئەم رووەك لە رووی نەزانییەوە سەوز بووە؟ ئایا ئەم رووەکە بە خۆڕسك سەوز بووە؟ یان ئایا ئەم رووەکە رێژەکەی ئەوەندیە بۆ ئەوە بەکار هاتووە کە بازرگانی پێوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەیەوێ قسەێك بکات، فەرموون.

**بەڕیز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز کەم هندەك تێبینییا دیار کەم سەر ئاخفتنێت ئەندام پەرلەمانا سەر سزای، تەبعەن مە ل یاسا سزادانا عێراقی ژمارە (١١١) یا ساڵا (١٩٦٩)، مە ل ڤێرێ ماددە (٢٣) یا هەی بێژیت (تقسیم جرائمین حیث جسامتها) ل ڤێرێ قانوونا عقوباتێ یا بەرکار نوکە جەسامەت و مەزنی و ختورە و ئەوێت تاوانا بکەرێ دکەت دناڤ ئەوی کۆمەڵگەهی دا یێت ژێك جودا کرین ئو ییێت تەقسیم کرین بۆ (جنایـة، جنحـة، مخالفـة)، لێرە مە مەرەم پێ ئەوە کو ئەز ئیشارەت پێ بدەم دەمێ تاوانەك ل جینایات بیت ختورەیەکا مەزن هەبیت یان ئەسەرێ وێ تاوانێ ئەسەرەکێ مەزن بیت سەر حەقێ غەیری، سەر کۆمەڵگەهی، سەر شەخسەکی لێرە قانوونێ مەرەم ژێ ئەوە یا دانای کو جینایە ب عقوبەیەکا توند بێتە ئەژماردن و ل قەلەمدان، مە ماددە (٨٦) یێ هەی ژهەر هەمان یاسایێ تەعریفا عقوبەت ئێعدام یا کری بێژیت (هي شنقا محکومة علیه حتی الموت) راستە ئەڤ نەسە یێ هەیی و مەوجودە، بەلێ ئەگەر ئەم سەح کەینێ ئیلتیزاماتێت کو ئەم بەشەکین ژ دەولەتا عێراقێ وعێراق ژی ئەسەرێت دەولی و مەعاهیداتێت دەولی سەر خۆ یێ پەیدا کرینە کو ئەڤ یاساییا عقوبە ئێعدامە ناچیتە بوارێ جێبەجێ کرنێ ئیلا کێم حالەت نەبن، د ناحیا دیتنا قانوونی ڤە فەرق د ناڤبەرا موشەرەعێ قانوونێ ل رۆژهەڵاتا ناڤەڕاست گەل یا رۆژئاڤا چییە؟ موشەرەعێ ل رۆژهەڵاتا ناڤەڕاست پتر عاتفییە د دەمێ دانانا قاعیدێ قانوونی یان تەحدید کرنا سزایی بۆ تاوانەکێ، ئێعدام ل وولاتێن پێشکەفتی ژی یا هەی ئو ئێلغا نەبوویە

بەلێ ل هندەك حالەتێت كێم هندەك ل وان حالەتا ئەوێن ختورە هەی، ئەرێ پرسیار لڤێرێ ئەوە كەسەك تیجارەتێ ب ماددێت موخەدەراتی بكەت ئەڤە لڤێرێ ئەگەر عقوبا وی ئێعدام نەبیت هەژی چییە؟ چونكی ئەو بڤێ بڤێ فیعلێ بڤێ تیجارەتێ یێ كۆمەڵگەهی دكوژیت ئەڤە مەسترە ژ قەتلێ، ئو فەرق چییە د ناڤبەرا قانوونێ دا، نموونە مە جەریمە ب قەتلا هەی عقوبا وێ یا دیارە جەریمەیا هەی (قتل خطأ) كو نییەتا سلوكی ئێجرامی نەبوویە، لڤێرێ فەرق گەلەك یا هەی د ناڤبەرا هەر دوو عقوبادا هەر دوو حالەتێت قەتلێ، كەواتا لڤێرێ جەریمەیەكا مەزنە تەهدیدە ل سەر كومەڵگەهی ئو ئیشارەت دان سەر هندەك ئیتفاقیاتێت دەولی سەر مستەوایێت دوەلی ژی مولحەقێ ئیختیاری یێ (عهد الدولي الخاصة للحقوق المدني والسياسية) یێ ساڵا (١٩٦٦) هەر وەسا ئیتفاقیا ئەمریكی یا هەی، مەجموعەیەكا ئیتفاقیاتێت دەولی ژی یێت هەین كو راستە دژی ئێعدام كرنێنە بەلێ هندەك حالەت ژی یێت هێلاین بۆ هندێ ببتە رادع ئەڤ دیاردە یا ئەڤ تاوانێت هندێت مەزن یێت خەتەر بمینن و بگەهنە سزایێت خۆ، چونكی خەتەرەكا مەزنە سەر كۆمەڵگەهی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك جەلال، فەرموون.

**بەڕیز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕیزی پەرلەمان دیارە بابەتی لەسێدارەدان و لەسێدارە نەدان ئەمە تەقریبەن بۆتە جەدەلێك، ئەتوانین بڵێین دوو گروپ دروست بوونە لە زۆربەی وڵاتان بەشێك لەگەڵ مانەوە بەشێك لەگەڵ نەمانەوەیە، بەڵام من بە تەحدیدی قسە لەسەر ئەو یاسایە بكەین وەكو برای بەڕێز كاك (بژار) ئاماژەی پێدا، لەبەر ئەوەی سزای ئیعدام لەناو قانوونی عقوبات هەیە قانوونی عقووبان لایەزال كاری پێئەكرێ ئێمە كاری پێئەكەین، ئێمە هەستین لەم یاسایە ئەم لەسێدارە دانە هەڵگرین، وە لە مقابلا لە قانوونی عقوبات هەبێ كە زۆربەی ئەو كەسانەی دادگایی دەكرێ بۆ خۆتان ئەزانن بەپێی قانوونی عقوبات لە مەحكەمەكان ئیجرائاتیان لەگەڵ ئەكرێ پێم وایە ئەمە تەناقوزێك دروست ئەكا وە من پێم وایە ئەم بایەتە هەڵبگرین بۆ دوای ئەم پرۆژەیە كە ئایە پرۆژەیەكی جیا هەبێ سزای ئیعدام بە شێوازێكی كولی لە كوردستان هەبێت یاخود نەبێ، لەناو ئەم یاسایەش هەبێ چونكە ئەم یاسایەش خەتەرێكی گەورەیە و هیچی لە عقوبەكانی قانوونی عقوبات كەمتر نییە وجوودی هەبێت دواتر ئەگەر پەرلەمانتاران پێكەوەو هاورا بوون بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدان نەبێ ئەو كاتە بە پرۆژەێكی جیاواز كار بكەین لە كوردستان بە شێوازێكی كولی سزای ئیعدام نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ( ) خان، فەرموون.

**بەڕیز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر گرنگییا یاسایا ماددێت هۆشبەر ئو ل سەر را و بۆچوونێت هەڤالا کو یاسا عقوبا ل سێدارەدانێ هەبیت یان نەبیت، لڤێرێ بەحسێ بازرگانی پێکردن یێ کردی د ڤێ یاسایێ دا مە پێناسا بازرگانی پێکردن یا کری یەعنی یا هەی ماددا نۆیەم بەرهەمهێنان و دروست کردن و دەرهێنان و گرتنەوە و بەردەست بوون ئو پەرلەمانتارەکێ ژی بەحسێ ناڤ هەرێمێ کر ئەگەر نێوەندگیری ژی یا هاتی ڤێجا بڕوونی تەعریفا بازرگانیێ پێ کردن، ئەگەر ب هوورتر بخینن ئو ژبەر خەتەرییا ڤێ یاسایێ ل سالا (٢٠١٨) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نزیکی دە هزار کەسا ئالودەی ڤی ماددەی بوون ل دهۆك و پارێزگەها دهۆکێ، نزیکەی چارسەد کیلۆیا یێت گرتین ل سنووری ئو نزیکەی دووسەد شەدێت حەبا یێ گرتین، بەحس کر گوتی ئەگەر رووەکەك ناڤ هەمی مەزرەعا وی هات چاندنێ ئەڤە نە مەبەست بۆ بازرگانی پێکردنە یەعنی ب رووەکەکێ بازرگانی پێ ناکەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.ڤالا)، فەرموون.

**بەڕیز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەلەن دیبجەی ماددەی (٦٢) وازحە دەڵێ (هەرکەسێك لەو کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئەوە بە لەسێدارەدان یان زیندانی هەتا هەتایی سزا دەدرێت) یەعنی لەناو یاساکەدا نەهاتوو بڵێ (ئەو حالەتانەی خوارەوە تەنها سزای لەسێدارەدانیان هەیە و حاکم یان قازی ئە تۆ بۆت نییە بچی بۆ عقوبەی دووەم کە هەتا هەتاتییە، یەعنی لێرانە حەقی هەڵبژاردنی لەبەینی لەسێداردان و زیندانی دان دراوە بە شەخصی قازی بەنەزەری تەماشاکردنی خگورەتی ئەو جەریمە و ئەو کەسەی کە جەریمەکەی کردووە، ئەوە حاڵەتی یەکەم نیمانە، نیمانە یەعنی ئیلا بەلەسێدارەدان حوکم بدرێ، دووەمیان ئەو کەسە کەسێکی بازرگانە لە هەرسێ حاڵەت مەبەستەکە دیار کراوە یەکەمیان دەڵێ (ماددەی هۆشبەر هاوردە کردبێ بە مەبەستی بازرگانی) دووەم دەڵێ (ماددەی هۆشبەری دروست کرد بەمەبەستی بازرگانی) سێەمیان بەهەمان شێوە دەڵێ (چاندوویەتی بە مەبەستی بازرگانی)، ئەرێ ئایا بەمەبەستی بازرگانی کردن لەناو ئینجانەێکی دانێ دەڕوێ بە مەبەستی بازرگانی کردن، یان بە سوتفە یەکێك تێدەپەرێ تۆیەکە فرێدەداتە ناو حەوشەی تۆداله حەدیقەی تۆدا دروست دەبیت ئەو حاڵەتانە هەمووی قازی لەسەری دادەنیشێ جەریمە هەمووی دیارە فەعلی دیارە رووکنی ماددی دیارە روکنی مەعنەوی دیارە کە قەصدی جینائییە هەمووی دیراسەی حاڵەتەکە دەکرێ، دائیمەن لە یاسا ئەو وردەکاریانە بەجێ دەهێشترێ بۆ صوڵتەی قەزائی، لێرانە لەسێدارەدان کە دراوە بۆ وەکو رادعێك داندراو بۆ ئەوەی ترسێك بێ بۆ

ئەوەی ترسێك بۆ ئەوانەی كە بازرگانی پێوە دەكەن، كەسی بازرگان ئەو كەسانەی كە بازرگانی پێوە دەكەن ئاخیر ئیحصائی دكتۆرە ئیشارەتی پێدا دەڵێت (٩٠٠) كەس گیراوە بەڵام (١١٠٠٠) یازدە هەزار كەس تووش بووە، ئێمە وەكو موشەرع، پەرلەمانی كوردستان وەكو موشەرع حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو حكومەت (١١٠٠٠) یازدە هەزار كەسە ئینقاز بكا یانیش دیفاعی ئەو چەند كەسە بێت كە بازرگانی پێدەكات، مەعەلعلم عقوبەی لەسێدارەدانەكە بە قەتعی نەهاتووە، قازی عادەتەن خۆی لە عقووبەی لەسێدارەدان دەپارێزێ ئەگەر حەقی ئیختیارت داییێ لەبەینی هەتا هەتایی و لەبەینی ئیعدام عادەتەن خۆی لە ئیعدامەكە دەپارێزێت و بۆ هەتا هەتاییەكە دێ، بەڵام هێندێك حاڵەت هەن بەراستی یەعنی هەندێك شەخص هەن ختوەتیان دروست كردووە لەسەر ئەو موجتەمەعەی، یاسای پێشتر كە یاسای بەركارە یاسای ساڵی شێستەكا بووە ساڵی شێستەكان بەدەگمەن هەر نەدەبیسترا بڵێین ماددەی موخەدر لە سنوورەكان عیراق داخل دەكرێ زۆر بەكەمەی بەڵام ئێستا ئێمە لە ساڵی (٢٠١٩)ی بووە بە زاهیرە لە كوردستان بەرێزان، ئەم بابەتە دەبێ عقوباتی رادعی بۆ دابنرێتن بۆ ئەوەی ئەو كەسانە بگەرێنەوە لەوەی كە كراوە، ئینجا عقوبەكەش لێرەدا بەشێوەیەكی قەتعی دانەنراوە ئەوە بۆ ئەوانەی كە ئەو پرسیارەیان كرد، ئەوەی كە زۆر بە كورتی سزاكان هاتووە هەر لە ماددەی (٢٦) هەتا دەگەیە ماددەی (٣٨) هەر هەمووی سزایە ئایا ئەو كەسەی كە مۆڵەتی پێدراوە و بازرگانی پێوە دەكات دوای مۆڵەت دانی دێینە سەر عقوبەدانی، ئەویش چونكە تەقریبەن زیاتر لە دە ماددەیە تەنها لەسەر بابەتی سزاكان قسە دەكا، بۆیە من پێم وایە لێرانەدا لەسێدارەدان زیندانی كردن هەردووكی بمینێتەوە حەقی ئیختیارەكە بدرێتن بە قازی لەوێ قازی خۆی حەكەم بێت و بە دیراسەكردنی ختورەتی ئەو جەریمەیەی كە كراوە ختورەتی ئەو سەخصە لەسەر موجتەمەع، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شاخەوان فەرموون.

**بەڕیز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧):

یەكەم: هەر كەسێك یەكێك لەم كردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە زیندانی كردنی هەتا هەتایی یان كاتی بە پێبژاردنێكی كەمتر نەبێت لە (١٠.٠٠٠.٠٠٠) دە ملیۆن دینار كەمتر نەبێت زیاتر نەبێت لە (٣٠.٠٠٠.٠٠٠) سی ملیۆن دینار سزا دەدرێت:

١-ماددەی هۆشبەر یان كارتێكاری ئەقلی یان پێشینەی كیمیایی هاتووە لە خشتەی ژمارە (١)ی ئەم یاسایە یان رووەكێك لەم رووەكانەی ماددەی هۆبەری كارتێكاری ئەقلی لێ بەرهەم دێ بەردەست بووبێ یان دەستی پێداگرتبێت یان كریبێت یان فرۆشتبێت یان بە خاوەنی بوبێت

یان رادەستی کردبێت یان وەری گرتبێت یان گواستنەوەی بۆ کردبێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت یان گۆرینەوەی تێدا کردبێت یان سەرفی کردبێت بە هەر سیفەتێك بێت یان نێوەندگیری بۆ کردبێت لە هەر شتێك لەمانە بەمەبەستی بازرگانی پێکردنی بەهەر شێوەیەك بێت ئەویش لە دەرەوەی ئەو حاڵەتەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٢- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی پێشکەش کردبێت بۆ بەکارهێنان یان بۆ بەشدار بووبێت یان هاندەر بووبێت لەسەر بەکار هێنان لەدەرەوەی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٣- مۆڵەتدراو بە بەردەست بوونی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقڵی یان پێشینەی کیمیاوی هاتووە لە خشتەی ژمارە (١)، (٢)، (٣)ی هاوپێچ بۆ ئەم یاسایە بۆ بەکارهێنان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەڵام بەپێچەوانەی ئەم مەبەستە رەفتاری پێ کردبێت.

٤- شوێنێکی بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە ئەقلییەکان بەرێوە بردووە یان ئامادەی کردووە یان رەخساندووە.

٥- نەوجەوانێکی گومرا کردووە یان هەر کەسێکی دیکەی هانداوە لەسەر بەکارعێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکارە ئەقلییەکان.

دووەم: سزا دەدرێت بەبەند کردنی تووندر و پێبژاردنێك کە کەمتر نەبێت لە (٥.٠٠٠.٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە (١٠.٠٠٠.٠٠٠) دە ملیۆن دینار هەر کەسێك.

١-ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە ئەقلییەکان یان پێشینەی کیمیاوی هاتووە لە خشتەی ژمارە (٢، ٣، ٤، ٥)ی ئەم یاسایە بەردەست کردبێت یان کڕی بێت یان فرۆشتبێت یان رادەستی کردبێت یان وەری گرتبێت یان گواستنەوەی بۆ کردبێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت یان ئاڵوگۆری تێدا کردبێت یان سەرفی کردبیت بەهەر سیفەتێك یان نێوەندگیری کردبێت لە شتێك لەمانە بەمەبەستی بازرگانی پێکردنی بە هەر شێوەیەك بێت لە دەرەوی ئەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی داوە.

٢- بەهەمان سزا هاتووە لە بڕگەی دووەم ئەم ماددەیە سزا دەدرێ هەر کەسێك ماددەیەکی هۆشبەر یان کارتێکری ئەقلی یان پێشینەێکی کیمیاوی هاتووە یان رووەکێك لە رووەکانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقڵی لێ بەرهەم دێت بەردەست بووبێت یان دەستی پێدا گرتبێت یان کڕیبیت یان فرۆشتبێت یان بە خاوەنی بوونی بێت یان رادەستی کردبێت یان وەری گرتبێت یان گواستنەوەی بۆ کردێت یان دەستی لێهەڵگرتبێت یان ئاڵوگۆری تێدا کردبێت یان سەرفی کردبێت بە هەر سیفەتێك بێ نێوەندگیری کردبێت لە هەر شتێك لەمانە بەمەبەستی بازرگانی پێکردنی بەهەر شێوەێك بێت لەدەرەوەی ئەو حاڵەتەی یاسا مۆڵەتی داوە بۆ ئەو ماددانەی لە خشتەکانی ژمارە (٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠)ی هاوپێچی ئەم یاسایە هاتوون.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکات، با دەست بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی ناوەکان تۆمار بکەین، دوایی رێگە نادەین هیچ بەڕێزێکی تر گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کراوە، کاك (شوان)، (گولیزار) خان، کاك (اومید)، (خدیجە) خان، کاك (کاروان)، (حسیبە) خان، کاك (جمال)، کاك (یاسین)، کاك (مم)، کاك (جمال)، فەرموون.

**بەڕیز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٧) یەکەم ئو سزایانەم پێ کەم چونکە دوو بەشیش لەوانە ئەوەی ماددەکە بەکار دەهێنێ ئەوەی بازرگانی پێ دەکا، بۆ بازرگانەکان راستی دە ملیۆن و سی ملیۆن زۆر کەمە حەقە سزای قورستر بدێن، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پێشنیاری محدد هەیە کاك (جمال).

**بەڕیز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوسرایە لە دە ملیۆن سی ملیۆن بۆ بازرگان ئەمە زۆر کەمە.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مم)، فەرموون.

**بەڕیز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینین هەبوو لەسەر سزادان و زیندانی هەتا هەتایی جەنابی وەزیری هەرێم روونکردنەوەی دا سوپاس، هەرچەندە مە کو وەك پەرلەمانتارەکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مم) ئەگەر تێبینییەکە لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، گفتوگۆمان لەسەر ئەوەی تر کۆتایی پێهێنا.

**بەڕیز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك (جەلال) دەکەم، چونکە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کەخەلکی هەرێم ئیلتیزامی سەد لە سەد لە یاسا لە پرانسیپەکانی ئازادی لە مافی مرۆڤ مەبەست لەوە نییە لە ئێمە باشتر و پێشکەوتوو تر و مرۆڤ ترن لەبەر ئەوەیە، چونکە سزای توندی هەیە، بۆیە بۆ بازرگانەك رەنگە سەد ملیۆنیش هەر چ نەبیتن کە بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر بکات، پێشنیار دەکەم سێ ئەوەندەی لێبکرێتن، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (امید)، فەرموون.

**بەڕیز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتیوانی کردنم لەسەر هەردوو بۆچوونی بەڕێزان کاك (جمال) و کاك (مم) منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە جیاوازییەکە و فاصیلەکە زۆرە لەنیوان ئەوەی کە لە بەندکردنی هەتا هەتایی بۆ دە ملیۆن دینار، دە ملیۆن دینار بۆ ئەو گروپ و بۆ ئەو مافیا و بۆ ئەوم کەسانەی کە ئەو کارە قێزەوەنە دەکەن بە هیچ جۆرێك گونجاو نییە، من پێشنیار دەکەم بڕی پێبژاردن هەر لابرێت، چونکە وەکو بەرێز وەزیری سەرۆکی هەرێم باسی کرد لە پێشوودا قازی موخەیەر دەبێ لەنێوان دوو عقووبە کە بیدا لەسێدارە یان هەتا هەتایی، لێرەشدا دیسان قازی موغخەیەر دەبێت کە لەنێوان پێبژاردن و لەگەڵ بەند کردنی هەتا هەتایی واتە یان لابدرێ یان مەبلەغەکەی ئەوەندە زۆر بێت کە خاڵی یەکەم و دووەمیش دیسان هەمان مەبلەغی کەم دووبارە بوویتەوە یان لابرێ یان مەبلەغەکەی زیاد بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموون.

**بەڕیز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتیوانیم بۆ قسەکانی کاك (جمال) و کاك (ئومێد) و برادەران، پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، لە ماددەی (٢٧) لە بڕگەی یەکەم کاتێك کە باس لەوە دەکرێت لە ئەحکامەکان هۆشبەر کاتێکەری ئەقلی هەتا داویی هەموو یانەکان، ئەم دوو حوکمەی کە دیار کراوە کە دەستبەسەر کردنی هەتا هەتایی بۆ ئەم غەرامەیەی کە بە ماددی دیاری کراوە حوکمەکانی بەسەر کام یەك لەمانە تەگبیق دەبن؟ دەست بەسەر داگرتن بازرگانی پێوە کردن گواستنەوە، چونکە حوکمەکەمان بە تەواوەتی بەسەر کامیان دادەسەپێنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (گلیزار) خان، فەرموون.

**بەڕیز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە لە ماددەی (٢٧) بڕگەی یەکەم و دووەم بڕگەی یەکەم خاڵی پێنجەم باسی نەوجەوانی کردووە، تەبعەن ئەمەش تەرجومە کراوە لە قانوونی عیراقی ژمارە (٥٠) ئی (٢٠١٧)

اغوائی حدپ دەبێ لێرەدا ئێمە مەبدەئێکی قانونیمان هەیە دەڵێ (مطلق یجزی علی اطلاق) ئینجا بە رەئی من ئەگەر ئیغوائی کەم ئەقلەکی بکا دەبێت ئەویشی تێدار لێرە دیار بکەین جار بە رای منەوە ئەم وشە لێرە لابدرێت بڵین (هەر کەسێك) ئەوە کیفایەتە، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (یاسین)، فەرموون.

**بەڕیز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرە یەکەم جار پشتگیری کاك (جمال) و کاك (ئومید) و کاك (مم) و هەموو ئەو برادەرانە دەکەم، بەڵام ئەوانەی مادده هۆشبەر دەینن دەفرۆشن یەعنی نەك سی ملیۆن یان دە ملیۆن کاك (جمال) باسی کرد زۆر لەوەی زیاترە، بەڵام من دەمەوێ روونکردنەوەیەك بدەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی هۆشبەر کە گوڵێکە یان تەیرێك ك تۆیەکەی هەڵدەگرێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر ئەوە نابێت بە ماددەی هۆشبەر، سەدان گوڵ هەیە لە ماڵان داتناوە ماددەی هۆشبەرە بەس دەبێ دروست بکرێ، بۆ نمونە وەکو شەراب لە ترێ دروست دەکرێ خۆ ترێ حەڵالە بەڵام شەرابی لێدروست دەکرێ، من پێم باشە ئەو ماددەیە هەر لاچێ ئی پارەکەی، لەبەر ئەوەی پارە نەمێنێ سزایەك باشترین رێگایە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێ مەعامەلەی پێوە بکا، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شوان)، فەرموون.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری کاك (ئومید) و کاك (جەلال) و کاك (مم) دەکەم بۆ ئەو بڕگەی سزادانی پارەکە یان پارەکە لابدرێ یان بڕێك لە ماددە هۆشبەرەکە مەسەلەن لە (٣٠-١٠٠) غم غەرامە دەیگرێتەوە، وەك پێبژاردن ئەویش ئەو بڕەی دیار کراوە زۆر زیاتر بکرێ بە دووقات یان سێ قات، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان، فەرموون.

**بەڕیز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەمدا کە باس کراوە لە خالی دووەم دەڵێتن بە هەمان سزای هاتوو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە سزا دەدرێت هەر کەسێك ئەمە لێرەداباشترە کە لایببەین، لەبەر ئەوە ئەوەی لە دیباجەی بڕگەکەدا باس کراوە کافییە وەکو چۆن لە خالی یەکەم بە ماددەی هۆشبەر

دەستی پێکردییە لێرەش عەینەن لە ماددەی هۆشبەر دەست پێبکا ماددەیەکی هۆشبەر یا کارتێکاری لەوێ دەست پێبکات، هەروەها دەکرێت سیاغەکەشی رێکتر بکەین بەم شێوەیە، بە بەند کردنی توند و بە پێبژاردنێك کەمتر نەبیت لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و زیاتر نەبی لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار سزا بدرێت هەر کەسێك، بەم شێوەیە، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان، فەرموون.

**بەڕیز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سزا کانی ئەو کەسە بازرگانانە یان ئەو کەسانەی کە ئالۆدەی ماددە هۆشبەرەکانن ئەگەر بێ سەیر کەین لە رووی کاریگەریەوە تاوانێکە بۆ تێکدان و روخاندنی کۆمەڵگا لە هەموو رووێکەوە بۆیە بە پێویستی دەزانم لە ماددەی بیست حەوتەم برگەی یەکەم پشتگیری رای بەڕێز کاك (ئومید) دەکەم کە پێبژاردن نەمێنێ، لەبەر ئەوەی پێشتر لە ماددەی پێشوو سزای سێدارەدان زیندانی هەتاییان بۆ یەکلا بوویتەوە، لە خاڵی دووەمیش هەمان سزا لێردا دەتوانین سزایەکان بۆ ئەو کەسانەی ئالۆدە بوون لێرە پێبژاردنەکە زیاد بکەین کەمتر نەبێت لە (١٥.٠٠٠.٠٠٠) پازدە ملیۆن و زیاتر نەبێت (٣٠.٠٠٠.٠٠٠) سی ملیۆن، لێرەدا ئەگەر سەیری هەمان خاڵی یەکەم بکەینەوە بازرگانەکان تەنها بازرگانی ناوخۆیی نین بگرە ئەوانەی کە ماددە هۆشبەرەکان بازرگانی پێوە دەکەن ئەوانەی کە دەستبەسەریش کراون لە چاکسازییەکاندا و خەلکی دەرەوەی کوردستانن زۆربەیان، بۆیە پێویستە ئەوانەش کە بازرگانی بە ماددە هۆشبەرەکان دەکەن خەلکی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن یاخود بیانین کە هەوڵ ئەدەن ئەو ماددە هۆشبەرانە بیننە ناو کوردستان بە سزایەك سزا بدرێن کە سزای لەسێدارەدان بێت یاخود داخل بوونەوەی ناو کوردستانیان لێ قەدەغە بکرێت، سوپاس.

**بەڕیز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، فەرموون.

**بەڕیز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر برگەی یەکەم دیباجەکەی بخوێنینەوە (هەر کەسێك یەکێك لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە زیندانی کردنی هەتا هەتایی یان کاتی وە بە پێبژاردنێك کە کەمتر نەبێ) یەعنی یانەکە لە بەینی غەرامە و عقوبەی سجن نییە سجنی مئەبەد و موەقەت پێبژاردنەکە لە هەموو حاڵەتدا ئەتۆ سجن دەبی سجنەکە ئیما موئەبەدە ئیما موەقەتە ئەوە قازی دەزانێ بەپێی خگورەتی حاڵەتەکە، سجن دەبی لەگەڵ سجنەکە ئەو غەرامەشت هەیە یەعنی یانەکە لە بەینی عقوبە و بەندکردن و عقوبەی غەرامە نییە ئەوە واو لە بەینی عقوبەی بەند کردن و لە بەینی

غەرامەكە، یەعنی لە هەموو حاڵتێكدا ئەتۆ سجن دەبی بەڵام ئەتۆ سجنەكە یان هەتا هەتاییە یان وەقەت كە ئەو قازی بڕیاری لێدەدا ئەوە ئیشی ئێمە نییە، بە موئەبەد حوكم بدری بە هەتا هەتایی حوكم بدرێ لە هەردوو حاڵەتدا بە موەقەت لە هەردوو حاڵەت ئەو پێبژاردنە ئەو پێبژاردنە هەیە ئەو غەرامەی پێویستە بدرێ جا ئەگەر غەرامەكە زیاد بكرێ ئەوا پەرلەمانی بەڕێز پێشنیار بكات و دایبنێتن، بۆیە لێرانە یانەكە لە بەینی غەرامە و لە بەینی هین نییە تەئكید دەكەینەوە كە یانەكە لە بەینی تەنها سجنە بۆ موەقەت و بۆ موئەبەد لە هەموو حاڵەتێكدا ئەو كەسە دەگیرێ، بەڵام لەپاڵ گرتنەكە ئەو مەبلەغە پارەشی لێوەردەگیرێ، جا ئەگەر پێتان كەمە ئەو هیچ دەگیرێت لەلایەنی قازییەوە پێتان كەمە ئەو مەبلەغە دەتوانن لێرانەدا زیادی بكەن كە بگیرێ و مەبلەغێكی زیاتریش بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی (٢٨)، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٨):

هاتنە كایەی یەكێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە بارودۆخی توند كردن دادنرێ بە بارودۆخی توند كردن دادەنرێ بۆ ئەو سزایانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧)ی ئەم یاسایەدا دەقیان لەسەر كراوە:

یەكەم: گەرانەوە بۆ تاوان لە سەلماندی گەرانەوە بۆ تاوان گشت ئەو حوكمە دادگەری نیشتمانی و بیانیانە رەچاو دەكرێن كە تاوان باركردنی تێیدا بەو تاوانانەی لەم یاسایە دەقیان لەسەر دراوە.

دووەم: ئەگەر كەسێ بكەر فەرمانبەرێك بێت یان كەسێكی راسپێردراو بێت بە راژەی گشتی ئەوا بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی پێكردنی یان بەكارهێنانی نارەوا بە مادده هۆشبەرەكان و كارتێكەرە ئەقلییەكان یان ئاڵوگۆر كردنی یان بەردەست بوونی پێ سپێردراوە.

سێیەم: ئەگەر كەسی بكەر بەشدار بووبێ لە باندێكی نێودەولەتی یان هۆكارەكەی هاوكات بێ لەگەڵ تاوانێكی پێشێلكار بۆ ئاسایشی ناوخۆیی یان دەرەكی دەوڵەت.

چوارەم: ئەگەر كەسی توند و تیژی یان چەك لە ئەنجام دانی تاوانەكەی بەكار بهێنرێ.

پێنجەم: ئەگەر تاوانەكە ئەنجام درابێت لە شوێنێكی خوا پەرستی یان لە دامەزراوەیەكی فێركاری یان سەربازی یان مەدەنی یا چاكسازی (سجن) یان شوێنێكی دەستگیر كردنی یان چاكسازی نێوجەوانانی یان لانەیێكی لەخۆگرتنی كەسانی بێلانە و دەرۆزەكار یان بۆ چاودێری كردنی هەتیوان یان یانەیێكی وەرزشی یان دامەزراوەێكی كۆمەڵگای مەدەنی.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکات با ئێستا دەست بەرز کاتەوە تا ناوەکان تۆمار بکەین، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ماددەی (٢٨) بکەن، (کلیزار) خان، کاك (رێڤنگ) ،کاك (سەروان)، کاك (امید)، (خدیجە) خان. کاك (ریڤنگ)، فەرموون.

**بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی ل ماددا (٢٨) د خالا (٥) دا هاتییە ئەگەر تاوانەکە ئەنجام بدرێت لە شوێنێکی خواپەرستی یان دامەزراوەیەکی فێرکاری سەربازی، مە پێ باشە دڤێرێدا ئەڤ فێرکاریا سەربازی نوکە زاراڤەیا لەشکری یێ کوردستانێ مە تنێ ئەو جهێت ئەکادمی ییت هەین کو فێرکارینە، ژبەر هندێ جهێن دیترێ پەیوەندیدار نابن پێڤە، باش بینین ئەگەر تاوانەکە ئەنجام بدرێت لە شوێنێکی خواپەرستی یان دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنییەکان یان مەدەنی، یەعنی ئەو فێرکارییە ژێ بیتە راکرن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی کردن لە قسەکانی کاك رڤێنگ ئەکید لەسەر ئەکەمەوە لە ماددەی (٢٨) برگەی دووەم هەر کەسێ بکەری فەرمانبەر بێ یان کەسێکی راسپێردراو بێ بە راژەی گشتی، پێم باشە کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسیش ئیزافە بکرێ، راستە لە دێری دواتری کە ئەڵێ بە چاودێری ئالۆگۆر کردنی یان بەردەست بوونیان پێ سپێردراوە، واتە تەحسیل حاصلە، بە تەحدیدیش پێویستە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس داخل بکرێ کە ئەوان سەروکاریان لەگەڵ ئیجرائەت کردن لە تاوانە هەیە، زۆرجار پشت ئەستوور بە کارمەندەکانی ئەو دەزگایانە لەوانەیە کاری لەو جۆرە بکرێ، بۆ برگەی پێنجەم لە کاتێ باسی سجن یان شوێنە گشتییەکان ئەکات پێویستە قوتابخانە و ناوەندی فێرکاریش زیاد بکرێن راستە لەوێ باسی دامەزراوەی فێرکاری ئەکات، بەڵام بە تەحدید قوتابخانەکان کە ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندن ئەو حاڵە هەبوونە بە تایبەتی لە قۆناغەکانی دواناوەندی چەند حاڵەتێك بووە، بە تەحدید باسی ئەوێ بکرێ تا رێگری بکرێ لە ئەنجامدەر یان تاوانبار سزاکەی توند بێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم هەیە لە ماددەی (٢٨) بڕگەی یەکەم گەڕانەوە بۆ تاوان تەرجوومە کراوە هی قانوونی عێراقی (العود)، وشەی (العود) نەماوە لە قانوونی عقوبات لە ماددەی (١٣٩-١٤٠) ئلغا کراوە، حەز ئەکەین ئەو وشەیە لا بدەن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاورای پێشنیاری کاك ئومێد و کاك رێڤنگم، بەڵام داواش لە بەڕێزتان ئەکەم ئەگەر دکتۆرە ڤاڵا وەکو وەزیری کاروباری پەرلەمان یەکەم جار رێ بە ئەو بدرێ، کە ماددەکان ئەخوێندرێنەوە شیکردنەوەی دروست وەرگرین لەسەری، بۆ نموونە ماددەی (٢٦) ئەگەر گوێم لەو شیکردنەوەیە بوایە کە دکتۆرە ڤاڵا ئەیکرد لەسەر ئەو ماددەیە، رەنگە ئاماژەی من بەو شێوەیە نەبووایە کە ئەمدا، بۆیە ئەو زیاتر لە ئێمە شارەزایە و لەگەڵ لیژنەکە بووە و دارێژەری ئەو پرۆژەیەش بووە، یەکەمجار دەرفەت بەو بدرێ لەگەڵ خوێندنەوەی ماددەکان شی کردنەوە لەسەر ئەو ماددەی بکرێ ئینجا رای پەرلەمانتار وەرگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە جەلسەی پێشوو وامان کرد، لەسەر داوای بەڕێزیان بوو کە پێی خۆش بوو پەرلەمانتار رای خۆی باس بکات، ئینجا وەڵامی کۆی گشتی بەڕێزان ئەندامان بداتەوە، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خەدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە بڕگەی سێیەم ئەگەر بکرێ ئەوە زیاد بکەین، ئەگەر کەسی بکەر بەژدار بووبێ لە باندێکی نێوخۆیی یان باندێکی نێودەوڵەتی، پێم وایە کەسانێك هەن لەسەر ئاستی ناوخۆش ئەتوانن باند دروست بکەن بە شێوەیەکی رێکخراو ئەو تاوانە ئەنجام بدەن و مەترسیشی گەورەیە، زیاتر لە بازرگان لەوانەیە لە سنووری شارێکی دیاری کراو بە تەنیا ئەنجامی بدەن، بەس ئەگەر ببیتە باند لە سنووری ئەو وڵاتە هەمووی ئەیکەن، ئەوەش عەینی مەترسیە ئەگەر باندی نێوخۆیش زیاد بکرێ باشترە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٢٩) فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٩):

١ هەر کەسێ دەست درێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێك یان ڕاسپێردراوێك بە ڕاژەی گشتی لەوانەی هەڵئەستێ بە جێ بەجێ کردنی یاسا یان ڕوو بەڕوویان بوویەوە بە هێز یان بە توندوتیژی یان بە چەك لە کاتی جێ بەجێ کردنی وەزیفە یان بەهۆیەوە بێ ئەوە بە حەبس کردنی کاتی سزا ئەدرێ.

٢- لە کاتێ هاتنە دی یەکێ لەو حاڵەتانەی خوارەوە ئەوە ئەبێتە زیندانی کردنی هەتا هەتایی، ئەگەر ئەو دەستدرێژی کردنەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەی دەقی لەسەر کراوە پەکەوتنێکی هەمیشەیی لا دروست بێ.

٢- ئەگەر جێ بەجێ کەر لەو فەرمانبەرانە بێ ئەوانەی بە نهێشتنی تاوان یان پاراستنی ئاسایشی گشتیان پێ سپێدرابێ.

٣- ئەگەر ئەو دەستریژیە لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە بووە هۆی مردنی تاوانلێکراو ئەوە سزاکە ئەبێتە لە سێدارەدان.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

کێ قسەی هەیە؟ جوان خان، کاك ئومێد، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگە بدەن پێشنیارێکم هەیە پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو بابەتە، پێم باشە کە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەکرێ لە کۆتایی وەرەقەی ئیمزا کردنی ناوەکان بێ، چونکە زۆربەیان ناویان ئیمزا کردووە و چونەتە دەرەوە و بە ئامادە بووش لە ناو جەلسەی پەرلەمان حیساب کراون، لەسەر ماددەی (٢٩) مەبەست لێرە ئەگەر کەسەکە........

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس بۆ ڕوون کردنەوە، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکان درێژە ئەکێشن بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە ئاسایشە پەرلەمانتار بۆ کارێ یان پێویستی بچنە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەین پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە کۆتایی ئاماژە پێ بدرێ کێ لێرە بووە، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

...... لێرە باس لەوە کراوە ئەگەر ماددەی هۆشبەر بەکاربێنێت و دەست درێژی بکات، مەبەستی ئەوەیە لیژنەی یاسایی یەعنی هەم ماددەی هۆشبەری خواردبێ و هەم دەستدرێژی بکات؟ یان بەس باسی دەستدرێژیە، دوو، لە برگەی دووەم خالی یەکەن ئەگەر ئەو دەستدرێژیەی لە برگەی یەکی ئەو ماددەی دەقی لەسەر کراوە پەکەوتنێکی هەمیشەیی لا دروست بێ ئەوە سزای

هەتاهەتایی ئەبێ، ئەگەر دەستدرێژیشی لەسەر ئەکرێ ئایا پەکەوتنێکی دەروونیشی لا دروست نابێ؟ ئەوەش لە دەروونەوە پەکەوتە نابێ؟ خۆ بەس لە جەستە نییە، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەرێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی بۆچوونی جوان خان، پێم وایە ماددەی (٢٩) پێویست بە برگەی یەکەم ناکات، بە تایبەت باسی ئەوە ئەکات زیندانی کردنی کاتی، زیندانی کردنی کاتی لای خەڵك وا وێنا کرایە تەوقیفێکە و لە نەتیجە خەفیفە، بەڵام پێویستە برگەی یەکەم لابرێ، تەنیا لەو خاڵە دەست پێ بکا هەر کەسێ دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێك یان راسپێدراوی راژەی گشتی ئەوانەی هەلەستن بە جێ بەجێ کردنی یاسا بەو جۆرە یەکسەر بێینە سەر برگەی دووەم بەو ماددانە سزا ئەدرێ، تا ئەکاتە کۆتایین سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز کەم تەوزیحەکی بدەم، ماددێ (٨٥) ژ قانوونا عقوباتێ عێراقی عقوبات ئەسلی تەحدید کری، هەر عقوبەکی سزای بۆ دانای، زیندانی کرنا موەقەت یان کاتی حوکمی وێ نە کەمتر (٥) ساڵە حەتا (١٥) ساڵە، ژ بەر هەندێ ئەڤە عقوبەکا ئەسلیە و چیچەکا گرانە، وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیار ئەکەم ئەگەر لە برگە دوخاڵا دووێ ئەگەر کەسی بکەر لەو فەرمانبەرانە بێ ئەوانەی نەهێشتنی تاوانی پاراستنی ئاسایشیش گشتیان پێ راسپێدرابێ ئەوە لە ماددەی (٢٨) هەیە، دووبارەیە، لە ماددەی (٢٨) لە هاتنە دێ ئەوانە ئەبێتە یەکێ لە حاڵەتی توند کردن، ئەگەر مەحتاج بکات لێرە نەهێلن، ئیشارەت پێ بدەم زروف مشەجەد چیە، قانوونا عقوباتە عێراقی ل هەندەك ماددە بەحسی کری زروف مشەدەدە چییە، عقوبا ئەسلی چیە و ئەگەر وابی عوقبا زێتر دەبن، عەکسی وی زروفێ موخەفەف، ئەو زروفە پەیدا بین عوقبا ئەسلی کەم ببن، ژبەر هەندێ ماددەی (٢٨-٢٩) حەز دکەم هەندەك دەستکاری بکەن، هەندەك برگە و خاڵ تیکرارن، دشێت باشتر رێکبێخین، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك بژار وتی پشتیوانی بەشێکی زۆری ئەکەم، لە یەك خاڵ جیاوازە ئەویش ئەوەیە لە ماددەی (٢٨) ئەگەر کەسی فەرمانبەر یان ئەو کەسەی راسپێردراوە بە راژەی گشتی بۆخۆی موشتەرەك بێ لە تاوانەکە، بەڵام لە ماددەی (٢٩) ئەگەر موتەهەم دەستدرێژی بکەنە سەر کەسی راسپێردراو یان فەرمانبەری دەوڵەت، کەوایە هەردوو حاڵەت جیاوازە و ئەبێ بمێنێ، سەبارەت بە پرسیاری کاك ئومێد ئەلێ ئەگەر لە ماددەی (٢٩) بڕگەی یەکەم زەرووڕە هەبێ، ئەگەر دەستدرێژی کرایە سەر فەرمانبەر یان راسپێردراوی دەوڵەت، لێرە سزاکەی زیندانی کردنی کاتیە، بەڵام لە بڕگەی دووەم ئەکەر ئەو دەستدرێژی کردنە رەنگە لە بڕگەی یەکەم ئەگەر زلەیەکیشی لێ بدات هەر بە دەستدرێژی هەژمار ئەکرێ، بەڵام لە بڕگەی دووەم ئەگەر دەستدرێژی ببێتە هۆی پەکەوتنی، رەنگە لە نەتیجەی تەقە کردن یان لێدانێکی قورس بەسەری بەشێکی جەستەی پەك بکەوێ لەو کاتە ئەبێتە تاهەتایی، بۆ حاڵەتی یەکەم دەستدرێژی بەسیت بێ ببێتە هەتاهەتایی پێم وایە قورسە و دیسانەوە ئەو یاسایە لەوەی عێراق وەرگیراوە هەردوو برگەکە شوێنەکەی گونجاوە و بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٣٠).

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٠):

هەر پزیشکێك راچێتەیەکی پزیشکی بنووسێ بۆ سەرف کردنی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی (بۆ) یەك زیادەیە لێرە، جگە لە مەبەستەکاتی چارەسەری پزیشکی لەگەڵ پێزانینی بەو کارە ئەو سزا ئەدرێ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و پێ بژاردنێك لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و (٥) ملیۆن زیاتر نەبێ یان یەکێ لەو دوو سزایە لەگەڵ قەدەغە کردنی پیادە کردنی پیشەکەی بۆ ماوەی ساڵێك، هەر دەرمان سازێك هەڵبستی بە سەرف کردنی ئەو ماددە بە بێ راچیتەیەکی پزیشکی بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بە هەمان سزا سزا ئەدرێ.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ بەرێزان ئەگەر لە کاتی گفتوگۆ تەلەفۆنتان بۆ هات ئەتوانن لە دەرەوە وەرگرن، سوپاس، (کاك دیاری، کاك سەروان، کاك کاروان، کاك جەلاڵ، کاك ئومێد، حەسیبە خان، کاك بەختیار، شادیە خان)، فەرموو کاك بەختیار.

**بەڕێز بەختیار شکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەتی ئەو پزیشکە ئەو ڕاچێتە بنقیسی سزاویَ کێمە، (٥) ملیۆن ببیتە (٢٠ تا ٤٠) ملیۆن، هەروسا برگەك ئیزافە بکریَ، ئەگەر ئەو پزیشکە ئەو هەڵەیە دووبارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك بەختیار ئەکەم، لە هەمان کات دکتۆر و خاوەن سەیدەلی پەیوەندیان نەبیَ چۆن بۆ خاوەن سەیدەلیە ئەنووسیَ؟ دوو، با حەبسەکە زیاتر بیَ، چونکە ئەگەر مەسەلە غەرامە بیَ بێگومان ئەزانین (٢ تا ٣) گرام بە (٤٠٠) هەزارە، ئەگەر کابرایەك هەزار غەرامی بفرۆشی ئەبیَ چەند سوودی هەبیَ، ئەگەر حەبسەکە زیاتر بیَ، (٣) ساڵ بیَ ئەوکاتە ناتوانیَ ئەو کارە بکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك جەلال و کاك بژار ئەکەم، ئەو سزایەی دانراوە کەمە بۆ بنبڕ کردنی ئەو دیاردەیە، پێم باشە بەو جۆرە بیَ لە دێری دووەم (لەگەڵ پێزانینی بەو کارە بۆ جاری یەکەم ئەوا سزا ئەدریَ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە (٦) مانگ کەمتر نەبیَ و هیوادارم سەقفە زەمەنی یەعنی کۆتایی بۆ دابنریَ، بۆ نموونە لە (٥) ساڵ زیاتر نەبیَ، لە جاری دووەم دووبارە کرایەوە لە ساڵ ونیوێك کەمتر نەبیَ و لە (٢) سال زیاتر نەبیَ، پێشنیار ئەکەم بری غەرامەکەش زیاد بکریَ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێزکاروان عبدالرحمن عبداللە:**

پشتیوانی کاك بەختیار و کاك جەلال و کاك دیاری ئەکەم بە تایبەتی شەش مانگ زۆر کەمە، کێشەکە لێرەوە دەست پیَ ئەکات کە پزیشکێك ڕاچێتەکە بەکاردێنیَ بۆ مەبەستێکی ترن پێشنیار ئەکەم لە ساڵی کەمتر نەبیَ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك حیکمەت.

**بەڕێز حكمت محمد عبوزید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك بەختیار و کاك جەلال ئەکەم، ئەو سزایە کەمە، هەم پارە و هەم بەند کردن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو شرین خان.

**بەڕێز شرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونم هەیە، پێویستە ڕێکاری سزاکان قورس بن، پێشنیار ئەکەم سزای بەند کردن بۆ ماوەی (٢) ساڵ کەمتر نەبێ، سزای ماددی لە (٥) ملیۆن کەمتر نەبێ و لە (١٠) ملیۆن زیاتر نەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کاك بەختیار و کاك جەلال و کاك دیاری و کاك حیکمەت و شیرین خان، ئەکید لەسەر ئەوە ئەکەمەوە ئەو کەسەی ئەو تاوانە ئەکات کێیە؟ پزیشك و دەرمانسازن، کەوایە بە ئەسلی تێگەیشتنی خۆی ئەبێ سزادانەکەشی ئەبێ بە قەد ئەوە قورس بێ، شەش مانگ زۆر کەمە، ئەکرێ زیاتر بێ، غەرامە کەمە، ئەکرێ بەرز بکرێتەوە، قەدەغە کردنی لە پیادە کردنی پیشەکەی کە خیانەتێکە و بەلاڕێدا بردنە، ساڵێك کەمە لای کەم چەند ساڵێ، ئەو کەسە لە پیشەکەی دوور بخرێتەوە کە سیقەی لە دەست ئەدات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو تێبینیانەی هەمبوو کاك بژار و کاك جەلال و کاك دیاری و کاك کاروان و شیرین خان و کاك ئومێد وتیان پشتگیریان ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاورام لەگەڵ برادەران، بەڵام پێشنیار ئەکەم سزاییەکان دووقات بکرێن، بۆ نموونە بەند کردن لە شەش مانگ بکرێتە ساڵێ، غەرامە لە سێ ملیۆن بکرێتە شەش، لە (٢٠) ملیۆن بکرێتە (٤٠) ملیۆن، ئەگەر دووبارەشی کردەوە سزاکەی زیاتر بێ، لەگەڵ ئەوەش پێسنیار ئەکەم حاڵەتی دووبارە کردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی لێ بسەندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیاری کاك بەختیار و کاك جەلال و هەموویان ئەکەم، بەڵام بۆ نیسبەت سزاکان دووقاتیش کەمە، ئەوەی تیجارەت بەو شتە ئەکات یان پزیشکێك ئەتوانێ (٣ تا ٥) ملیۆن بۆ پزیشکێك ئەگەر بە هەڵە بکات دروستە، بەڵام بە ئەنقەست بیکات شەش مانگ کەمە شەش ساڵ بێ، (٣) ملیۆن نا، چونکە ئەتوانێ (٣) ملیۆن بدات تا خۆی لێ دەرباز بکات، (٣٠) ملیۆن بێ، ئەگەر سزاکان قورس بن لە کردنی کاری قێزەوەن خۆمان ئەپارێزین، بەڵام ئەگەر (٣) ملیۆن و (٥) ملیۆن بن رەنگە زۆریە شوێنەکان بیکەن، چونکە لە سزاکەی ناترسن، ئەوەی تریش ئەگەر جاری یەکەم کردی ساڵێك نا با (١٠) ساڵ نەهێلن کاری پزیشکی یان سەیدەلیە بکات، ئەگەر دووەم جار بوو تا هەیە کاری پزیشکی نەکات، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هاوڕێیانم ئەکەم پێش من قسەیان کرد، تەنیا تێبینیەکی بچووك، لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەتە ئەچێتە قالبی بازرگانی بە مرۆڤەوە پێم باشە سزاکان قورس بن، بەڵام لە نووسینی هەر پزیشکێك راچێتەیەکی پزیشکی بنووسێ پێم باشە بنووسرێ هەر پزیشکێکی دەرمانساز یان تایبەت ماددەی هۆشبەر بێ پێویستی بدەن بە نەخۆش ئەچێتە قالبی بازرگانی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەرێز شوان کەریم محمد:**

**بەرێز سەرۆیکی پەرلەمان.**

پشتگیری هەڤالانم ئەکەم، پێم وایە موراعاتی پزیشك کراوە، پێشنیار ئەکەم سزاکە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ و پێش بژاردن لە (١٥) ملیۆن کەمتر نەبێ بۆ (٣) ملیۆن، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەرێز د.ڤالا فەرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و حکومەت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەل ئەوەین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی حاڵەتەکە دیاری کراوە و ناچێتە ناو بابی بازرگانی، نووسینی راچێتە کاری بازرگانی نیە لەبەر ئەوەی بازرگانی پێ کردن شروتی خۆی هەیە لە یاسا، لەگەل ئەوەشین کە دکتۆرەکان، چونکە رەئی وەزارەتی سەحەشمان وەرگرتیە، عقوبەکان ئەسلەن ئەوان لەگەڵ زیاتر لەو حاڵەتە لەگەڵ هەڵگرتنی بوون، بۆ ئەوەی دەستیان نەگیری لە پێدانی وەسفەی توبی، ئەوان وا خۆیان هین ئەکەن کە سوێندنی یاساییان خواردیە و موستەحیلە لەو سوێندە لابدەن لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان بۆیە کە تەماشای تەشریعاتی دوەلی تریش ئەکەی دائیمەن عقوبەکان، بۆ ئەوەی دەست و پێیان نەبەسترێ بتوانن ئەرکی خۆیان بکەن عقوبەکەیان ئەخەفترە لەو کەسەی کە تیجارەتی پێ ئەکات یان لەو کەسەی دروستی ئەکات، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی ئێمە وایە وەکو لیژنەی تایبەتمەند بەند کردنەکە زیاتر بکرێ و پێبژاردنیش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣١)، فەرموو.

**بەرێز شنۆ اشقی عبدالله:**

دیارە زۆربەی ئەندامان قسەیان لەسەر ئەوە کرد کە عقوبەکە زیاتر بکرێ، بەڵام ئەوە جیهێلدراوە بۆ دادوەر، ئەلێ لە شەش مانگ کەمتر نەبێ، کەوایە لە سەرووی شەش مانگەوە هەتا پێنج ساڵ ئەتوانێ زیاد بکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣١) فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣١):

هەرکەسێك ماددەیەکی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی یان پێشینەی کیمیایی هاوردە بکات یان بەرهەمی بهێنێ یان دروستی بکات یان بەردەستی بکات یان دەستی پێ بگرێ یان بکرێ یان روەکێك لەو روەکانەی ماددەی هۆشبەری یان کارتێکەری عەقلی لێ بەرهەم دێ بچینێت یان بیکرێتە بە مەبەستی وەرگرتنی یان بەکارهێنانی کەسی ئەوە سزا ئەدرێ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێ و لە سێ سال زیاتر نەبێ و بەپێ بژاردنێك لە (٥) ملیۆن کەمتر نەبێ و لە (١٠) ملیۆن زیاتر نەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (جوان خان، کاك سەروان، کاك عەلی، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك پێشەوا، کاك دیاری، کاك سیپان، کاك گۆران)، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣١) باسی سزای ئەو کەسە ئەکات کە ماددەکە بەرهەم دێنێ، یان بەردەست ئەکات یان دەستی پێ بگرێ یان روەکێك لەو ماددەیە بەرهەم بێنێ بۆ خۆی بڵاوکەرەوەی ژەهەرەکە یان سەری مار ئەو کەسەی کە ئەو ئیشانە ئەکات، ئەو کەسە ئەو ماددەیە پەرش و بڵاو ئەکات بۆ هەموو ئەو پزیشك و ئەو کەسانەی بەکاری دێنن، بۆیە سزای ئەوانیش کەمە، یەك ساڵ کەمتر و سێ ساڵ زیاتر نەبێ کەمە، (٥ تا ١٠) ملیۆنەش کەمە، پێشنیار ئەکەم بەرزتر بکرێتەوە، (٥) ملیۆن بکرێتە (٥٠) ملیۆن و ئەوەی تر بکرێتە (١٠٠) ملیۆن، سزاکەشی کەمە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێ و لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك پێشەوا ئەکەم کە ماوەی سزادانی وی بێتە زێدە کرن، هەر وسا پارە غەرامە بێتە (١٠٠) ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێـیم وایە ئەو مـاددەی تـێکڵاوی دروسـت ئەکـات لە بەینـی بازرگـان و بەکـارهێنەر، لە بـنەرەت بەکارهێنەر نەخۆشە، ئەبرێتە نەخۆشخانە و عیلاج ئەکرێ، سیفەتی ئەوەی هاوردە بـۆ بازرگـانە، مونتیج بۆ ئەوەیە ئینتاجی ئەکات و بەکاری دێنێ، چـونکە ئەڵێ هـاوردە بکـات یـان بەرهەمـی بهێنێ، یان دروستی بکات یان بەردەستی بکات و دەستی پێ دابگرێ هەر نـازانم مەعنـای چـیە؟ یان بکرێ یان رەوەکێك لەو رەوەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری بەرهەم بچێ یان بیکرێ بە مەبەسـتی وەرگرتنـی کەسـی، ئەو سـیفەتانە لە عەمەلـی هیچـی بـۆ وەرگرتنـی کەسـی نـین، بـۆ ئەوانەی توجارەتی پێ ئەکەن، حوکمی توجارەت زۆر زۆر قورسە لەحوکمی بەکـارهێنەر، ئەکـرێ یەکـێ ئەوانە هەمـووی بکـات کە ئەیگـری بڵـێ لە قـانوونەکە هەیە ئەوە بەکـارهێنەری کەسـیەن حوکمی کەمەن بەلێ بەکارهێنەر کەسی لە زۆر دونیا هەر حوکمی نییە، لە هەندێ شوێن حوکمی کەمە، بۆیە پێم باشە جیا بکرێتەوە، ئەوانە سیفەتی توجارن یـان مـونتیجن، پـێم وایە نەخۆشـە بەکارهێنەر، کەسێ پێویستی بە عیلاجە، بۆیە ئەو دوو بـرگەیە جیـا بکـرێتەوە و واتـاکەی روون بکرێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز گەلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمـان تێبینـی کـاك عەلـیم هەیە، بەڵام مـاددەی (٢٧) یەکەم هەر کەسـێ یەکـێ لەو کـردارانەی خوارەوەی ئەنجام دابێ لە بـرگەی یەکەم، یەکەم، ئەو حـاڵەتەی بـاس کـردووە، ئەوە بە دووبـارە لێرە سزاکەی کەمیش کـردۆتەوە، نەفسـی شـتە، دەسـت پێـداگرتن، فرۆشـت، نێـوەنگیری کـردن، هەموو لە ماددەی (٢٧) یەکەم هاتووە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری قسـەکانی بەڕێـز کـاك عەلـی ئەکەم، لەگەڵ ئەوەش لە مـاددەی (٣١) و سـەرجەم ماددەکانی تریش سەقفە زەمەنیەکە دیاری کراوە بۆ سزاکان کە لە (٣) زیاتر زیـاتر نەبـێ و لە (٥) کەمتر نەبێ، بەڵام لە هی پزیشـکان لە مـاددەی (٣٠) ئامـاژەی پـێ نەکـراوە وەکـو رۆژان خـانیش وتی، دیاری بکرێ لە چەند زیاتر نەبێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكیی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەكەم ئەو پرۆژە یاسایە هەر نەدرێتە ڕاگەیاندن، لەبەر ئەوەی سزاكان ئەوەندە سووكن ڕەنگە ئەوانەی تیجارەت بە ماددەی هۆشبەر ئەكەن زیاد ببێ، ئەگەر ئەوە سزا بێ زیاد ئەكات، گوتیان یەك ساڵ، شەش مانگ كەمتر نەبێ، لێرە ئەڵێ یەك ساڵ كەمەتر نەبێ و لە سێ سال زیاتر نەبێ، یەعنی سێ ساڵ زیاتر نەبێ، سێ ساڵ و یەك ڕۆژیش ناتوانی كەسێ بەند بكەی كە ماددەی هۆشبەری بە دەست گیرابێ، ئەگەر وای لێ بێ ڕەنگە ڕوو لە زیاد بوون بكات، هاورای كاك پێشەوام ئەگەر (٥) ملیۆنە بكرێ بە (٥٠) ئەگەر (١٠) ملیۆنیشە بكرێ بە (١٠٠).

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری كاك پێشەوا و كاك عەلی و كاك سەروان ئەكەم، پێشنیار ئەكەم وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان لەگەڵ لیژنەكان وەڵام بدەنەوە، پێشنیار ئەكەم ریزبەندی دابنرێ بۆ ئەو كەسانەی كە بازرگانی ئەكەن یان بەرهەمی دێنن، بۆ نموونە ئەگەر كەسێ چ ڕێژەیەكی پێ گیرا ئەوەندە بۆ ئەوەندە چەنێ سزا بدرێ و غەرامەكەی چەند بێن بۆ نموونە ناكرێ ئەگەر كاك سەروان تەواو وتی ئەگەر بازرگانانی ماددەی هۆشبەر بزانن كەسێ (١٠) كیلۆ ماددەی هۆشبەر بهێنێ بایی پارەیەكی خەیالیە سەیر ئەكەی سزاكەی (٥) ملیۆنە و عقوبەكەی ساڵێكە و لە سێ ساڵ زیاتر نییە، ڕەنگە هەندێ خەلك بكرن لەبەر ئەوە، بۆیە پێشنیار ئەكەم بەپێی كەمیە و جۆری بەرهەمهێنان و جۆری بازرگانی پێ كردنی، پێم وابێ لە قانوونی عقوباتێ عێراقی هەیە، ئەوانە ڕێژەیان بۆ دابنرێ و بەپێی ڕێژەكە غەرامە و زیندانیەكە دیاری بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو قانوونە عێراقیەی ئێستا لەبەر دەستمانە و تەرجوومەی كوردی كراوە سەرەرای ئەو تەرجوومەی زۆر خەلەلی ڕێزمانی هەیە، داوا ئەكەین پێداچوونەوە بكرێ لەلایەن لیژنەی یاسایی و راوێژكارانی ڕێزمانی كوردی كە بە جوانی بینووسنەوە و تێگەیشتنی باشتری هەبێ،

ناتوانین بڵێین هەمان یاسا کۆپی بکەینەوە و هەر چ قسەیکمان هەبێ لەسەری، بەڵام ئێمە کە ئەو یاسایە هاتۆتە پەرلەمان کەوایە هەندێ سزایە هەیە کە ئەبێ قورستری بکەین، بۆیە رام لەگەڵ کاك پێشەوا و هەر هەڤاڵێکی تر کە پشتگیری لەوە کردوە ئەو سزایە زیاتر بکرێ.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گلەییەی ئێستا لە چاکسازییەکان ئەکرێ ئەوەیە لە قانوونی عقوبات و یاسای ساڵی (٦٥) ی تایبەت بە موخەدەرات هیچ حاڵەتێکی لە یەکتر جودا نەکردۆتەوە، ئەوەی تیجارەتی پێ ئەکات و ئەوەی وەری ئەگرێ و نەخۆش، بۆیە گلەیی هەیە ئەڵێ کەمیەکی زۆر کەم بە دەست کەسێکەوە گیراوە (٢٠) ساڵ حوکم دراوە، ئەو کەسە تەنیا خۆی بەکاریهێناوە لەگەڵ بازرگانەکە لە یەك ژوورن کە دێتە دەرێ ئەبێتە باند لەگەڵ ئەو بازرگانە، ئەو یاسایە یەکێ لەخاسلەتە باشەکانی ئەوەیە هەموو حاڵەتەکانی لە یەکتر جودا کردۆتەوە، لێرە مەبەستی هاوردە کردن کەهاتووە ئەو هاوردە کردنە مەبەستی شەخسیە، ئەرێ حاکم ئەبێ ئەوە لەیەکتر نەکاتەوە کە بۆ مەبەستی شەخسی چەند غەرامێك و بۆ هاوردە کردن بە کیلۆیە، ئەو کەسە بە کیلۆ لە دەستی بیگیرێ حاکم بلێ بۆ ئەغرازی شەخسی بەکاردێنێ، ناتوانێ لەو حاڵەتانە لابدات، لێرە دیاری کراوە، لە حاڵەتی یەکەم باسمان کرد کە ئەغرازی تیجارەیە، لێرە بۆ مەبەستی شەخسیە، کە تۆ دێیە سەر مەبەستی شەخسی حاڵەتەکان دیارن، دیراسەکە سولتەی قەزائی دیاری ئەکات، بەڵام هیچ یاسایەکم نەخوێندۆتەوە بە دیراسە و موقارەنە، پەرلەمانی هیچ وڵاتێ کەمیەی دیاری نەکردوە بڵێ تۆ ئەوندە کەمیەت لە دەست گیرا بە بەکارهێنەری شەخسی دائەنرێ، ئەوەی جێ هێشتووە بۆ سولتەی قەزائی و ئەویش بە دیراسە کردنی خەلفیەتی بابەتەکە، زۆر جار تاجیرێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەو دەقەیە (٢) غەرامی لێ دەگیرێ، بەڵام دوایی بە تەحقیق لە قەزا بۆی روون ئەبێتەوە ئەو کەسە تاجیرێکی زۆر گەورەیە و ئەوەی لە دەستی گیراوە، ئەو موستەلەحەتانە عەرەبین و بە کوردی زۆر زەحمەتە تەرجومە کردنی، بۆیە پێشنیار ئەکەم لیژنەی یاسایی لە تەنیشت هەر موستەلەحێکی کوردی کە باو نییە بەکارهێنانی موستەلەحی عەرەبی لە ناو قەوس دابنێ بۆ ئەوەی مەفهوم بێت هەم بۆ ئەو کەسانەی تەتبیقی ئەکەن و هەم بۆ پەرلەمان، بەڵام بەکارهێنانی کەسی دواجار بۆ پەرلەمانە ئایا تەحدیدی کەمیە ئەکات یان نا، بەڵام دیاری کردنی کەمیە رائەگەینم ئەبێتە هۆی بازرگانی زۆر گەورە نەجاتێ ببێ، چونکە ئەوکات بازرگان دیفاع لە خۆی ئەکات، موحامی دیفاع ئەکات، ئەلێ قانوون دیاری کردووە، ئەوەی لە من گیراوە (٥) غەرامە، کەوایە بەپێ ماددەی (٣١) تەنیا یەك ساڵ هین ناکرێم، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی نوقتەی نیزامی.

**بەرێز علی حمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مونتیج مونتیجە، مونتیج لە بازرگانیش حوکمی قورسترە، مونتیج ئەبێ بە بەکارهێنەر، ئەڵێ بەرهەمی بێنێ، بەرهەمهێنەر یەعنی مونتیج.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار ئاراستەی لیژنەی یاسایی هاتە کرن، کو ل ماددا (٣٠) شەش مەنگا کەمتر نەبیت حەدێ ئەعلا دیار نەبوویە، وەکو دیارە لە ماددێ (٨٥) ێ قانوونا عقوباتێ عێراقێ جەریمێت تەسلیە دیار کری، ل ڤێرێ کەلیما بەند کردن یەعنی حەبس، چاوا دیار بیت حەبس حەدێ ئەعلا و نزم چەندە؟ ڤێرێ نڤیسیت شەش هەیڤێ کێمتر نەبیت، کەوایە حەبس بەسیت نینە، حەبس شەدیدە، دیار کرنا ماددێ (٨٥) دبێژێت حەبسا بەسیت ژ (٢٤) سەعاتا حەتا (٣) هەیڤە، حەبسا شەدید (٣) هەیڤا پتر بیت و (٥) ساڵە زیاتر نەبیت، کەوایە مادام حەدێ ئەدنا دیاری ئەکرێ شەش هەیڤە بەمەعنای حەبس شەدیدە، راستە گەلەك کەموکورتی سیاغی ڤێ پرۆژێت هەبیت، ژ بەر هندێ پەرلەمانی ب سیفەت ئیستیعجال ئاراستەی مە کر بوو، دوون سێت پێشنیازێت قانوونی و پرۆژە ب سیفەت ئیستیعجال، هەروسا ژ بەر کو ئەڤ پرۆژە ل ئەنجوومەنا وەزیران هات، گەلەك فلتەرێن یاسایی و قانوونی ل ئەنجوومەنا وەزیران دەرباز بوویە، مەجلیس شووراش پێداچوونا ل سەر کری، کاتێ دێتە بەردەستی مە ژی، ژ بەر هەندێ گەر ئەڤ خەلەلە هەبن ببوورن، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەرێزسەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣١) رەئی ئێمە وایە سزای بەند کراو زیاد بکرێ و پێ بژاردنیش زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (٣٢) دوایی پشوویەك وەرئەگرین.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٢) :

١ سزا ئەدرێ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ و بە پێ بژاردنێك لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٥) ملیۆن زیاتر نەبێ هەر کەسێ ڕێگە لبە کەسانی تر بدات ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی بەکاربێنێ لە شوێنی خۆی هەتا ئەگەر بەبێ بەرامبەریش بوو.

٢- بگیرێت لە هەر شوێنێ کە ئامادە کرابێ یان ڕەخسێندرابێ بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی تێدا بەکارئەهێنران لەگەڵ پێزانینی بەو کارە و حوکمەکانی ئەو برگەیە پیادە ناکرێ بەسەر مێرد یان ژن یان بنەچە یان ئەوکەسەی ئەو شوێنەی دروست کردووە ئامادە کردبێ یان ڕەخساندنی بۆ کردبێ یان ئەوەی تێیدا نیشتەجێیە لەگەڵ ڕەچاو کردنی حوکمەکانی یاسای سزاکان دەربارەی بەشداری پێ کردن و هەواڵ نەدان لەسەر تاوانەکان.

٢-١ سزا ئەدرێ بە پێ بژاردنێك لە (٢) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٥) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ هەر کەسێ ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی بەبری زیاد لەو بڕەی دەرئەنجامن لە فرەی پرۆسەکانی کێش کردن یان کەمتر لێبین بەردەست بکات یان دەستی پێداگرتبێ بەو مەرجەی جیاوازیەکان لەوانەی خوارەوە زیاتر نەبێ:

أ ١٠% برانەی لە یەك گرام زیاتر نین.

ب- ٥% لەو برانەی لە یەك گرام زیاترن هتا ٢٥ گرام بەو مەرجەی ڕێگە پێدارو لە ٢٥ ملی گرام زیاتر نەبێ.

ج- ٢% لەو برانەی لە ٢٥ گرام زیاترن.

د_ ٥ % لە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقلی جا برەکەی هەرچەند بێ.

٢- لە حاڵەتی گەرانەوە بۆ ئەوان سزایەکە ئەبێتە بەند کردن و بە پێ بژاردنێك لە (٥٩ ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێ لەو دوو سزایە.

١- هەرکەسێ بزانێ بە بوونی ئەو ڕووەکە هۆشبەرانە لەو یاسایە دەقیان لەسەر کراوە کە لە شوێنی چاندرابن بۆ مەبەستی نارەوا و دەست پێشخەری نەکات بۆ هەوڵدان لەسەری، ئەوا سزا ئەدرێ بەو سزایەی لە خاڵی یەکەمی برگەی دووەمی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك سەروان، کاك جیهاد، گولیزار خان، کاك جەلال، کاك دیاری، سەرچنار خان، حەسبیە خان، دکتۆر گەلاوێژ)، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر برگەی سێیەمی ئەو ماددەیە، بە برگەیەکی زیادە ئەزانم، چونکە قانوونی عقوبات بابێکی هەیە باسی (الحجام عن الاخبار) ئەکات ئەو هەواڵدەرانەی کە ئەخبار نادەن، خۆی عقوبەی بۆ دانراوە، لە هەمان ماددەی یەکەمی ئەو یاسایە لە برگەی دووەمیش ئەڵێ ڕەچاوی لە هەواڵدان یاسای سزادان بکرێ، ئەوە هەر لابرێ ئاساییە، چونکە لە یاسایەکی تر هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جیهاد:

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارا من ل سەر ڤان سزایە وەکی دیار کو ئەڤ کەسانێت شۆلێ موخەدەراتێت کەن،ژ بۆ هەندیە کو خۆ بگەهنینە وان کەسێت دەولەمەند کو کارێت وان بینە دەرێ، هەگەر ئیحتیمالە فەقیر و هەژار موخەدەری ناکێشن، ئیلا نادیرەن ئێك تووش ببیتن، ئەڤ سزایەت هەن راستی کێمن بۆ کەسێ دەوڵەمەند کو ئەڤێ دیاردە هەن، ئەز دگەل هەندێمە کو ئەڤ سزایە زیادە بیتن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك جیهاد ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٢) کەسەکە دیار نییە سزا ئەدرێ، چ سزا ئەدرێ؟ سزا ئەدرێ بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ، ئەگەر مەبەست لە کەسەکە کەسی ئالودەبووە شەش مانگ کەمە، پێویستە بەلای کەم ساڵێك و شەش مانگ بێ، بۆ ئەوەی بە دروستی جەستەی پاك بێتەوە لەو ماددەیە لە ژێر چاودێری، دووەم، سەبارەت بە سزاکان لە هەموو کۆی بەندی سزاکان ئەو پێ بژاردنانەی دانراون و ئەو ماوەیش دانراوە کەمە، بۆیە پشتگیری مامۆستا جیهاد دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی سەرچنار خان و حەسیبە خان و مامۆستا جیهاد ئەکەم، ماددەی یەکەم و برگەی یەکەم دیاری نەکراوە کێیە؟ دووەم، تکا ئەکەم ئەو سزایانە زۆر ئاسان و زۆر سووکن، عیبرەت لە دەرکردنی یاسا بۆ ئەوەیە ئەو دیاردەیە کەم بکرێتەوە یان بنبڕ بکرێ ئەبێ سزای قورسی بۆ دابنرێ، بۆ دکتۆرەکە وتمان بۆ کاروباری خۆیان، بەڵام بەراستی بۆ بەکارهێنەر تاحەدێك، بەڵام بۆ بازرگان و ئەوانەی هاوردەی ئەکەن و ئەوانەش بەرهەمی دێنن زۆر زۆر کەمن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕای پێشنیاری مامۆستا جیهاد و هاوڕێیانم، بەڵام لە ماددەی (٣٢) هەموو سزاکان زۆر سووکن، چونکە لە ماددەی (٣٢) و ماددەی (٢٦) ئەگەر سەیری بکەی ئەرز و ئاسمانی فەرقە، لەولا لە سێدارە ئەدرێ، لێرە بە سێ یان پێنج ملیۆن زیاتر نەبێ، دیسان ئەلێم ئەگەر سزاکان ئەوەندە سووك بن هەم ساڵەکان و هەمو مەبلەغەکان بەراستی روو لەزیاد بوون ئەکات، ئەگەر ئێستا (١١) هەزار تووش بوو هەیە دڵنیام ئەبێتە (١١٠٠٠)، بۆیە هەندی قورس بێ بۆ ئەوەی لێی بترسی، هەم لە مامەڵە کردن هەم تووش بوون.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، خاڵی دووەم نەفسی تێبینم هەیە، لە حاڵەتی گەڕانەوە بە رای من ئەگەر وشەی دووبارە کردن بنووسین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣٢) بـڕگەی سـێیەم، هەر کەس بزانـێ بە بـوونی ئەو ڕووەکە هۆشـبەرانە لەو یاسـایە دەقـی لەسـەر کـراوە کە لە شـوێنی چانـدرابێ بـۆ مەبەسـتی نـارەوا، پێشـنیار ئەکەم بە بـوونی بەرهەمهێنانی ئەو ڕووەکانەی کە بۆ هێلەکانی هەموار کراوە بۆ بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەر، چونکە ئەو ڕووەکانەی کە بۆهێلەکـانی هەمـوار کـراوە بـۆ مـاددەی هۆشـبەر بەس لە قەدەغە کراوەکان هاتووە، هیچ لە سزاکان نەمبینیوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو حاڵەتەکان جیانە، ئـێمە لەگەڵ ئەوەیـن وەکـو خـۆی بمێنـێ، کەسـەکانیش دیـاری کـراون کێنە، لە ماددەکانی تریش کەسەکان کێن عقوبە ئەدرێن.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم دیارە کێ سزا ئەدرێ، لە کۆتایی جوملەکە دیارە، سەبارەت بە غەرامە، ڕاستە عقوبەیەکی ئەسلیە بەپێـی قـانوونی عقوبـاتی عێراقـی، بەڵام عقـوبەیەکی ئیزافـی لێـرە، وەکـو پێشـتر جەنـابی وەزیـر باسـی کـرد، ئەوە نیـیە بـس عقـوبەکەی غەرامەیە کەمە یـان نـا، عقوبەیەکی ئیزافیە لەگەڵ عقوبەی تر کە بەند کردنە یان زیندانی کردنە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

ئێمە وەکو لیژنەی ئاسایش و بەرگری وێڕای ئەوەی لەگەڵ ئەوەیـن سـزاکان قـورس بکـرێ، بەس جیـاوازی نێـوانی مـاددەی (٢٦) و (٣٢) ئەوەیە مـاددەی (٢٦) بـۆ ئەو کەسـانەیە بەکـارئەهێنن و بازرگانی پێوە ئەکەن، ماددەی (٣٢) بۆ ئەو کەسانەیە ڕێگە خۆشکەرن بۆ کەسـانێك ئەو مـاددەیە بەکاردێنن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر سەرنجی تر هەیە، دانیشتنەکە هەڵئەگرین بۆ سەعات (٤٥-٢) تکایە لە کاتی خۆی ئامادە بن بۆ ئەوەی لە ماددەی (٣٣) ەوە دەست پێ بکەینەوە.

**بەشی دووەم**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، فەرموو کاك ڕۆمیۆ ماددەی (٣٣) بخوێنەوە نیسابی ناوێ جەلسەی گفتوگۆ بەس بۆ ئینعیقاد پێویستە فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی٣٣:

یەکەم: پێویستە لە سەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری گلدانەوەی ئەو مایە گوێزراو و نەگوێزراوانە بدات بۆ هەر کەسێك یەکێك لەم تاوانانەی ئەنجامدا بێت کە لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر دراوە.

دووەم:

١- پێویستە لە سەر دادگا دڵنیابێتەوە لە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو مایانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقیان لە سەر کراوە لێکۆڵینەوەش مایەکانی گوێزراو و نەگوێزراوانەی مێرد و ژن و منداڵاکانیان یان جگە لەوان کە لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم دەگرێتەوە.

٢- دادگا بڕیاری دەست بەسەر داگرتنی مایەکانی تۆمەتبار و هاوسەر و منداڵاکانی یان جگە لەوان دەدات ئەگەر بۆی سەلمێنرا کە دەرئەنجامن بۆ یەکێك لەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦) و (٢٧)ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر دراوە.

٣- بانکە عێراقییەکان یان بیانییەکان ئەوانەی لە هەرێم کار دەکەن پابەند دەبن بەوەی گشت داتایاکان بدەنە دادگای تایبەتمەند بۆ ئەوەی بزانێ چییان لەلایە لە ڕەسید و هەڵگیراوە سپاردە و پشك و سەنەد و هەر مایەکی دیکە کە خاوەندارێتی دەکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ لە سەر ئەو تاوانانەی لەم یاسایەی دەقیان لە سەر کراوە لەگەڵ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگا بە گلدانەوە یان دەست بەسەر داگرتنیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئەیەوێ لە ماددەی (٣٣) قسە بکا؟ فەرموو گولیزارخان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٣) یەکەم پێویستە لە سەر دادگای تایبەتمەند تەبعەن ئەمە تەرجەمەی مەحکەمەی موختەسە، بە ڕەئی من تایبەتمەند لێرە وشەیەکی قانونی نیـیە، بە ڕەئیمن بنووسین لە سەر دادوەر لە لێکۆڵینەوە، یەعنی قانونی تر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك سروان،

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوره لە هەمـوو ماددەكـان ئەوەی ئەو پـڕۆژەی بڵێـین راپـۆرتی هـاوبەش و ئەوانە ئەوەی كە مەحكەمەكە دەكات دادوەرەكە تا ئێستا ئاماژەی پێ نەكراوە، ئەدی ئەگەر بۆ نموونە مـن دادوەر بم، بەڵام بڕیارێكی میزاجیم دا بڵێین سزای دادوەرەكە چی دەبێ؟ لەوە ئەگەر ئیـزافە بكـرێ زۆر باش دەبێ سزای ئەو كەسەی كە بەهەڵە مەحكەمەكە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣٣) لە بڕگەی سێیەم بـاس لەوە دەكـات، بـانكە عێراقییەكـان یـان بـانكە بیانییەكـان ئەوانەی كە لە هەرێـم كـار دەكەن پابەنـد بـن بەوەی كە ڕەسـیدەكانیان ئاشـكرا بـكەن، كەشـفی حیسابی كەسی لێكۆڵەوەر بكەن، ئەو كەسەی كە لێكۆڵینەوەی لەگەڵ دەكرێت، بەڵام لە ئەساسدا پـێم وایە ئەوا لەگەڵ یاسـای (پـایڤەر بانكینـگ) تەنـاقوزات دەكـات، ئایـا ئەو بانكـانە كە لێـر كـار دەكەن بە یاساكانی خۆیـان ئەوەی كە مـن عـیلمم پـێ هەبێـت زانیـاری نـادەن، داوا لە بەڕێزتـان یاخود لە لیژنەی یاسایی وابزانم كەسیان لێرە نییە ئەگەر ڕوونكردنەوە بدەن لە سەر ئەو بـابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی مـایە لەم مـاددەیەدا لە هەمـوو بڕگەكانـدا دووبـارە بـۆتەوە، كە بەعەرەبیـیەكەی ئەمـوال مەنقولەیە، ئەموال مەنقـولە مـایە ناكـات وشـەیەكی تـر دەكـات لە كوردیـدا كە ئەویـش مـوڵكی گوازراوەیە، پێویستە ئەوە بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەكان جەواب دەدەنەوە، دەتەوێ قسە بكەی یان دەتەوێ جەواب بدەیتەوە وەكو لیــژنەی تایبەتمەنـد نـا قسـە نابێـت، چـونكە نـاوت نەنووسـیوە بەڕێــزان ئەنـدامانی لیــژنە تایبەتمەنـدەكان لەسـەر مینەسـە ئەگەر ویسـتان قسـە بـكەن، دەبـێ لەگەڵ ئەنـدامانی بەڕێـزی

پەرلەمان دەست بەرز بکەنەوە، دەرفەتی جـواب دانەوە دەرفەتێکـی مـومەییەزە، بەڵام دەتـوانن ئیستیفادەی لێ بکەن، بەڵام بۆ قسەکردن دەبێ دەست بەرزبکەنەوە وەکـو هەر ئەنـدامێکی تـری پەرلەمـان، سـەبارەت بە عقـوبەی دادوەر، لە راسـتیدا دادوەر ئەرکـی خـۆی جێبەجـێ نەکـات لە بـواری دادبینـی یاسـای تایبەتمەنـد بە خۆیانیـان هەیە، پێویسـت ناکـات لەم یاسـایە قسـەی لە بارەیەوە بکەین، ئەوەی کە سڕی مەسرەفی یان نهێنی پاراستنی (عملاء) با بڵێـین ئەو کەسـانەی کە لە بانقێك یان لە بانقێکدا موعـامەلە دەکەن لە نـاو قەوانینـی عێراقیـدا مـوعتەرەفە بـانقەکە حکومی بێ یان بـانقی تـایبەتی بـێ، سـڕیەی مەسـرەفی پـارێزراوە یەکـێکە لەو مەبادیئـانەی کە ئیشی لە سەر دەکرێ، ئیلا مەحکەمە دەتوانێ وا بکا کە رەسیدی یەکێك ئاشکرا بکا، یان با بڵێـین قەرارێکـی دادوەر دەتـوانێ ئەوە بکـا، لیژنەکـان هـیچ قسـەیەکتان نیـیە، مـاددەی دوای ئەوە، فەرموو باڵانبۆ،

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٣٤

یەکەم: لە گشـت حاڵەتەکـان حـوکم دەدرێـت بە دەسـت بەسـەرداگرتنی مـاددە هۆشـبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان و پێشینە کیمیاییەکان و ئەو رووەکانەی ماددەی هۆشبەر، یان کارتێکەری عەقلی بەرهەم دەهێنن، لەگەڵ ئەو کەرەستەو ئامێرو کەلوپەل ولەخـۆگرتەی بەکارهـاتووە و بـۆ ئامرازی گواسـتنەوەی گیـراو کە لە ئەنجـامی تـاوانەکە بەکارهـاتوون ئەویـش بە پێشـیل کردنـی مافەکانی کەسانی دیکەی نیاز پاك.

دووەم: گشت ئەو ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقلی و پێشینە کیمیاوییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پاراستنیان دەنێردرێت.

سێیەم: حوکم دەدرێت بە داخستنی هەر شوێنێکی مۆڵەتدراو بە هاوردەکردن یان هەناردەکردن یان گواستنەوەی ماددە هۆشبەرەکان یان کارتێکەرە عەقلییەکان، یان پێشـینە کیمیاییەکـان یـان بەردەست بوونیان پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی هەشتی ئەم یاسایە بۆ ماوەیەك لە یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە یەك ساڵ زیـاتر نەبێـت داخسـتنەکەش دەبێـت مـایەی قەدەغەکردنـی خـودی کارکردنەکە یان بازرگانی پێکردنی یان دروستکردنی لە هەمان شوێن چ بەهـۆی کەسـێك حـوکم دراوەوە بێت یان یەکێك لە تاکەکـانی خێـزانەکەی یـان هەر کەسـێکی دیـکە کەسـی حـوکم دراو شـوێنەکەی بەکـرێ پێـدابێت یـان دەسـتی لـێ هەڵگرتبێـت بـۆی دوای روودانـی تـاوانەکە و قەدەغەکردنەکەش خاوەن شوێنەکە یان هەر کەسێك مافی عەینی بەسەردا هەبێـت نـاگرێتەوە، ئەگەر پەیوەندی بەتاوانەکەوە نەبێت.

چوارەم: پێویستە لە سەر دادگا سەرباری ئەو سزایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە حوکم بدات بە پێشکەش کردنی کەسی حـوکم دراو لە پیادەکردنیـدا کـارەکە بـۆ مـاوەیەك لە یەك سـاڵ

زیـاتر نەبێـت و ئەگەر گەڕاوە بـۆ هەمـان تـاوان لە مـاوەی ئەو پێـنج سـاڵە دەكەوێـتە دوای دەرچـوونی حـوكمی كۆتـایی قەدەغەكـردنەكەی ئەوە دادگـا بـۆی هەیە فەرمـان بكـات بە قەدەغەكردن بۆ ماوەی سێ ساڵ زیـاتر نەبێت و قەدەغەكردنەكەش لە رێكەوتـی كۆتـا هـاتنی جێبەجێكردنی سزایەكەی یان كۆتایی هاتنی لەبەر هەر هۆیەك بێت دەست پێ دەكات.

پێنجەم:/ دەستكردن (شروع) بە ئامانجی هەر تاوانێك لەو تاوانانەی كە لەم یاسا سزادراون ئەوا بە سـزای تـاوانی تەواو سـزا دەدرێـت هەروەهـا بەشـداری كـردن لە تـاوان بەهانـدان بێـت یـان رێكەوتن یارمەتیدان یان هەر شوێنێكی دیكەش بەشداری كردن ئەوا بە سزای بكەری تاوان سـزا دەدرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەنـدامێكی پەرلەمـان دەیەوێ لە سـەر مـاددەی (٣٤) قسـە بكـات بـا دەسـت بەرزكـاتەوە؟ فەرموو د.محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوە دەكەم بڕگەیەك بۆ ئەو ماددەیە زیـاد بكـرێ، كە بـۆ دادگـا هەبێـت بڕیـار بـدات بە بڵاوكـردنەوەی یـاخود نەشـركردنی پـوختەی حـوكمە یەكـلاكەرەوەكە كە دەرهەق بە تاوانبـار دەدرێتن، ئینجا بە سجن كردن بێ یان بە حەبسكردن كە لەو جەریمانەی كە لەو یاسایەدا هاتووە لە رۆژنامەیەكی فەرمیدا، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم كە باسی (شـروع) دەكـا و لە قـانونی عوقاباتـدا مـاددەی (٣١) پێناسـەی شـروعی كردووە، ناكرێ عقوبەی شروع و عقوبەی جەریمەی تام هەمان شت بێ، یەعنی ئەوا موخالەفەی مەبادئی عامەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بژار تەركیزت هەبوو لە سەر ئەوەی سەرچنار خان یەعنی بە عەزەر بن، فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حەسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دانیشـــتنی دوێنێـــدا بڕیـــاری ئەوە درا كە ئەو دانیشـــتنە بە شـــێوەیەكی داخـــراو بێـــت و نەگواسترێتەوە لەبەر مەترسییەكانی ئەو بابەتە لە سەر كۆمەڵگا، بەڵام ئەوەی ئێرە ئەوەی من لە سـزاكان بەدی دەكەم لەبەر ئاسـانی سـزایاكان باشـترە، یەعنـی ئەو یاسـایە زۆر نەرم مـامەڵەی

کردووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تاوانبارن، پێم باشترە کۆی گشتی سزایەکان قورستر بکرێن لە سەر ئەو کەسانەی تایبەتەن کە بازگانی مادده هۆشبەرەکان دەکەن، بەنیسبەت خاڵی دووەم دەڵێ گشت ئەو مادده هۆشبەر و کار تێکەرە عەقلی و پێشینە کیمیاوییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پاراستنیان دەنێردرێت، ئایا ئێمە کاتێك کە ماددەیەکی هۆشبەر دەست بەسەر دادەگرین، بۆ ئەوەیە کە بپارێزرێ یاخود لێرەدا پێویستە وشەیەکی دیکەش زیاد بکرێ تایبەتمەندن بە پاراستنیان تاوەکو لە ناو دەبرێن، پێویستە کۆتایی پێ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، بڕگەی دووەم گشت ئەو مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقلی و پێشینە کیمیاوییانەی گیراون راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەتمەندن بە پاراستنیان دەنێردرێت، پێشنیاز دەکەم لە ژێر چاودێری لیژنەیەکی تایبەتمەند لە ناو ببرێن و بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەژداری هۆکارەکانی راگەیاندن و پشتگیری حەسیبە خانیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٤) بڕگەی دووەم گشت ئەو مادده هۆشبەر و کار تێکەرە عەقلی و پێشینە کیمیاوییانەی گیراون، پێشنیار دەکەم لە دوای ئەمە ئەم بەشەی بۆ زیاد بکرێ هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە دروستکردنی یان بەرهەم هێنانی ماددەی هۆشبەر یاخود کارتێکارە عەقلییەکان بەکارهێنراون لە مەوقعی جەریمەکە ئەوانیش دەستی بەسەر دابگیرێ پشتگیری رایەکەی بەڕێزیان دەکەم بۆ لە ناوبردنی بە شێوەیەکی ئاشکرا لەبەرچاوی هەموو هاوڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك بژار قسەیەکتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر شروع ئەژی د گەل هندێمە کو شروع عقوبا وی پچەکی سوکتر لێ بێ وەکو تێبینی کو زانین شروع چیە؟ شروع ئەوە ئەو کەسێت تاوانی دکەت حەزا تاوانێ ل دەڤ هەی روکنی ماددی تەحقیق بوی، بەڵام نەتیجە تەحقیق نەبووە، ب سەبەبێ زروفەکی خارجی نەکو ئیڕادا

ئەو کەسێت تاوانێت کەت ژ بەر هەندێ مادام نەتیجە تەحقیق نەبوویە پێتیڤیە فەرقێت هەبێت ناڤبەرە بکەرێ ئەسلێدا و حالەتێ شروعێدا دیارە ژی قانون عقوباتێ عێراقی مەوقفی سەر هەی ئەگەر ئیعدام دێ تەخفیف بت بۆ سجن مئەبەد ئەگەر سجن کوئەبەد بوو دەبێتە سجن موئەقەت و حەبسێ و حەتا دوماهیکێ ئەڤژێ وەکو لیژنا یاسایی من ژی پێ باشە فەرقی بکەن ناڤبەرە بکرێ ئەسلی و حالەتێ شروعێ وەختێ پەیدا دبت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامییە؟ وەڵامت هەبێ، لە سەر چاوان یەعنی جەوابی پەرلەمانتاران دەدەیەوە لە رووی یاساییەوە، ئیعتیادییە لەوێش بێ، بەڵام نابێ قسەی خۆت بێ، دەبێت جەوابێ ئەوان بدەیتەوە لە رووی قانوونییەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە مەسەلەی شروعە باس دەکرێتن راستە کە لە قانونی عقوباتی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ لە ماددەی (٣١ و ٣٢) باسی ئەوە دەکات کە هەر تاوانێك ئەگەر شروعی تێدا بکرێتن، واتە روکنی ماددیەکە بەتەواوی نەهێتەدی، ئەوە عقوبەکەی کەمتر دەبێ لە جەریمەی تامە، بەڵام لەم یاسایەدا کە باسی جەریمەی موخەدەرات دەکات بە ئیعتیباری ئەوەی کە جرائیم داواش دەکرێت جەرائیم زەرەر و جەرئیم خەتەر، ئەوجا ئەو جۆرە تاوانە تاوانی موخەدارەت و تاوانێکی خەتەرە کە تەهدیدی موجتەمەع دەکاتە هەموو، بۆیە پێم وایە لێرەدا هیچ جیاوازی نەکردییە لە نێوان شروعەکەی و ئەوەی کە بەشێوەیەکی تام ئەنجام دەدرێت، یەعنی لەبەر ئەوەیە کە شروع و تامەکە بەیەك جۆر سزا دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زاهیر نوقتەی نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی شروع پێناسەکراوە لە قانونی عقوباتی عێراقی (الشروع هو بدء بالتنفيذ الفعل بالقصد ارتكاب جناية أو جنحة وقد خاب اثره للأسباب لا دخل لأراد الجان) کەواتە عقوبەی شروع نیوەی عقوبەی ئەسڵەکەیە، مەبدەئە عامەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆژان خان،

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ڕوونکردنەوەکی ل سەر مـاددە (٣٤) دووەم ئەو لایەنـانەی تایبەتمەنـدن بە پاراسـتنیان، ئەوە ماددە (٤١) حوکمی گشتییەکان و کۆتاییەکان، دووەم هاتووە ئەو لیژنەیەی بڕگەی یەکەمی ئەو مـاددەیەی دەقـی لە سـەر کـراوە هەڵدەستێت بە لە ئەسـتۆ گرتنـی ئەرکـی بەدواداچـوون و سەرپەرشـتی کردنـی گــرتن و پشــکنین و پاراســتنی عەمبــارکردن و لە نــاو بردنــی مــاددە هۆشبەرەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەو فەرموو باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٣٥

یەکەم: نابێــت ئەوانەی تۆمەتبــارن بەو تاوانــانەی لەو ماددەکـانی (٢٧ و٢٨ و٣٠) ی ئەم یاســایە دەقیان لەسەر کراوە دەستەبەری ئازاد بکرێن، تاوەکو دەعواکەی یەك لایی بکرێتەوە.

دووەم: ئەو تاوانەی لەم یاسایەدا دەقیان لە سـەر کـراوە لەو تاوانـانە دادەنـرێن کە پێویسـتە بـۆ ڕاستکردنەوەی تاوانباران بەپێی یاسا.

سێیەم: ئەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦ و٢٧) ی ئەم یاسایە دەقیان لە سەر کراوە بە تاوانی ئابروبەر دادەنرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣٥) هەر بەڕێزێك قسەیەکی هەیە؟ فەرموو ڕووپاك خان،

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لە ڕووی سیاغەکردنەوە پـێم باشـە بەو جـۆرە بـێ، لە دوای دەسـتەبەر، بە دەسـتەبەری ئازاد بکرێن تاوەکو بڕیاری دادگا دەربارەی داواکە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان،

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣٥) لە بڕگەی یەکەم بۆ بڕگەی سێیەم، لە کاتێکدا لە بڕگە یەکـدا بـاس لەوە دەکرێـت ئەو تۆمەتبـارانە ناکرێـت بە کەفـالەت ئـازاد بکـرێن، خـۆی لە ئەساسـدا بـۆچی هەر ئامـاژە بە

ماددەکانی (٢٧و٢٨و٣٠) ی کراوە، ئەی ماددەی (٣١) بۆچی ئاماژەی پێ نەکراوە، داوا دەکەم لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە وەڵام بداتەوە، من پێشنیاز دەکەم کە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ و لە ماددەی (٣٥) لە بڕگەی سێیەم کاتێك دەڵێی کە تەنها ماددەکان (٢٦و٢٧) بە تاوانی ئابڕووبەر دادەنرێن، خۆی ئەوەی لە ئەساسدا ئەوەی پزیشك دەیکا لە هەمووی ئابڕووبەرانەترە، چونکە پزیشك کەسێکی موختەسە لەم بوارە حەقە ئەوەش ئیزافە بکرێ ماددەکانی (٣٠و٣١) یش بۆ بڕگەی یەکەم و سێیەم زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەس کاك کاروان ئیعادە بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣٥) باس لەوە دەکات نابێت ئەوانەی تۆمەتبارن بەو تاوانانەی لەو ماددەکانی (٢٧و ٢٨و٣٠) ی ئەم یاسایە دەقیان لەسەر کراوە دەستەبەری ئازاد بکرێن، تاوەکو دەعواکەی یەك لایی بکرێتەوە، ئەی ئەمانەی کە کە لە ماددەی (٣١) ئاماژەی پێکراوە، ئەی ئەمانەی کە پزیشکن کە ئاماژەی پێکراوە، لە بڕگەی سێیەمیش بە هەمان شێوە دەڵێ ئەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦و٢٧) ی ئەم یاسایە دەقیان لە سەر کراوە بە تاوانی ئابرووبەر دادەنرێن، من لە راستیدا پێم وایە ئەو کەسەی کە پزیشکە پێچەوانەی یاسا کار دەکات و ماددەی هۆشبەر بە پێچەوانەوە دەنووسرێت کە لە ڕەچەتەیدا لەبەردەست دەتوانێ بینووسێت بەکاری بهێنێت، بۆ ئەمەش حەقە ئاماژەی پێ بدرێت کە تاوانێکی ئابرووبەرانەیە و ئیزافە بکرێ ماددەکانی (٣٠و٣١) یش بۆ بڕگەی یەکەم و سێیەم زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٥) بڕگەی یەکەم ماددەکانی (٢٧و٢٨و٣٠) ی ئەڤ ماددە عقوبا وا پترە و موحتەمەلە وەکی گەلێك مەجالی دی دا قانوون عقوباتا دا وەکو حالەتێت یێت خەتەر و مەترسیدار پتر دێنە

سەیر کرن موحتەمەلە ئەڤ کەسە بهێتە بەردان یان ب کەفالەت بت، یان موهیم رەڤت یەعنی حالەتێ رەڤینێ پەیدا بت ژ بەر هندێ ئەڤ برگە ڤی شێوەی هاتیە دانان، سەبارەت برگە سێی ژی ئەو تاوانانەی لە هەردوو ماددەی (٢٦و٢٧) ی ئەم یاسایە دەقیان لە سەر کراوە بە تاوانی (مخله بالشرف)، ئەگەر پێشنیارەك هەبت كو ماددەیەكی دی ئیزافە ببت ئەو ژی ببتە زمنی ببێتە (مخله بالشرف) ئەڤ دی ئیزافەت کەین بەلێ قانوون عقوبات (مخله بالشرف) تەحدید کریا ب هەندێ جەرائیمادا، یەعنی تەحدید کری ئەم نەشێی هەر تاوانەکە هەبت بیخنە ل چارچوڤێ (مخله بالشرف)دا ل دیڤ نەسێ قانوون عقوبات، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە مەبەستمان لەو یاسایە رووبەروبوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکردنە عەقلییەکانە، تێبینی من ئەوەیە لە سەر ئەم یاسایە ئەوەیە ئێمە ئەوەندەی گرنگیمان داوە بە سزاکان، ئەوەندە گرنگیمان نەداوە بە رووبەروبوونەوە، لەبەرئەوە رووبەروبوونەوە ئەرکێکە لە پێش سزادان، بۆیە من پێم باشە جەخت لە سەر هەڵوێستم دەکەمەوە لە سەر ماددەی (٢٦و٢٧) دادوەری تایبەت و بێ لایەن لەم کەیسانەدا دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە، فەرموو كاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٣٦

یەکەم: هەر کەسێك لە نێو تاوانبارەکان دەستپێشخەری بکات بۆ هەوڵدان بە دەسەڵاتە گشتییەکان لە سەر تاوانەکە بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە و پێش هەڵسانی دەسەڵاتەکان بە دوا گەڕانی ئەنجامدەرانی زانینی بکەرەکانی دیکە، ئەوە لەو سزایانەی لەم یاسایەدە دەقیان لە سەر دراوە دەبووردرێت، بەڵام ئەگەر هەوڵدانەکە لە دوای هەڵسانی دەسەڵاتەکان بێت بەمە ئەوە لە سزاکان نابووردرێت تەنها ئەگەر هەوڵدانەکە گرتنی ئەو تاوانبارەی ئاسان کردبێت.

دووەم: بە پاساوێکی سووککار دادەنرێت بۆ ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە هەر هەوڵ دانێك بە دەسەڵاتە گشتییەکان لە سەر تاوانەکە لە کاتی لێکۆڵینەوە یان دادگایی کردن، ئەگەر هەوڵدانەکە ببێتە مایەی گرتنی تاوانبار یان ئاشکرا کردنی کەسانێك بەشداریان کردبێت لە تاوانەکە و پەیوەندییان هەبێت بەباندی تاوانکاری نێو خۆیی یان نێو دەوڵەتییەوە.

**بەڕێز د. ریٚواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان،

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە لە بڕگەی یەکەم دا هاتووە یەکجار مەتاتییە، یەعنی ئەگەر کەسێك تاوانێکی گەورەی کردبێ بۆ جاری چوارەم خۆی بڕوا هەواڵ بدات ئۆتۆماتیکی تۆ لێی خۆش بێ، ئەمە چ جۆرە سزایەکە رەنگە تاوانەکە ئەوەندە سووك بکات کەسی تاوانبار زۆر بە ئاسانی بتوانێ دەست بۆ ئەم قەزیانە بەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ریٚواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی مەبدەئی عام هەیە لە قانوونی عقوباتدا، شتێك هەیە پێ دەوترێ دووبارە گەڕانەوە سەر تاوان کە دووبارە گەڕایەتەوە سەر تاوان لێخۆشبوونی تێدا نییە، عقوبەی جاری پێشووش دەیگرێتەوە، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئەکید وایە علمم پێی هەیە، بەڵام ئەگەر کەسێك سێ جار تاوانێکی کردبێ، بەڵام ئاشکرا نە بووبێ باس لەو حاڵەتە دەکەم ئاشکرا نەبووە بۆ جاری چوارەم پارەیەکی زۆر زۆری قازانج کردووە، چونکە بە ماددەی هۆشبەر پارەیەکی زۆر زۆر قازانج دەکات جاری چوارەم هەواڵ دەدات و ئەگەر بزانێ کە ئاشکرا دەبێت هەواڵ دەدات و هیچ شتێکی لە سەر ئیسپات نابێ ئەو کاتە حکومەکەی بەردانە، نازانم ئەمە چۆن سزاکەی هەڵدەوەشێنیەوە،

**بەڕێز د. ریٚواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جەلسەی رابوردوو جەنابت باست لەوە کرد کە مولاحەزەی زمانەوانی ناخەیتە دەنگدان مەشروعە ئەوەی جەنابت باست کرد، بۆیە داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم کۆی ئەم یاسایە بەم شێوەیە بڕوا عەیبە بۆ ئێمە، بۆ پەرلەمان، بەڕاستی زۆر زۆر خراپە تەرجەمەکەی من نوسخە عەرەبیەکەم لەبەردەم دایە بەراورد دەکەم شتێکی دیکەیە، بەراستی یەعنی باش نییە، داوا دەکەم لەو برادەرانە حەفتەی داهاتوو دەنگ دەدرێ لە سەر ئەم یاسایە مەسەلەن دەستپێشخەری بکات بە هەواڵدان بە دەسەڵات ئەمە زۆر هێنە، مەسەلەن دەست پێشخەر بێت بۆ پێدانی زانیاری بی بە دەسەڵات ئیخبار بە مەعنای پێدانی بەخشینی زانیارییە

جا ئەو شتانە لە رووی زمانەوانییەوە هیوادارم لە دوای جەلسەکە بدرێ بە لیژنەیەکی پسپۆر، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە تێپەرێنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پێش ئەوەی بێینەوە بۆ بەشی دووەمی جەلسەکە ناردوومان بۆ زمانەوان، بۆ ئەوەی تا یەکشەممە بێتەوە هەموومان بەرپرسین لەوەی ئەم یاسایە بە باشترین شێوە بڕوا هاوکات پێشنیار دەکەم لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی هەر ئەمڕۆ نووسراوێك ئامادە بکەن ماددەکانی (٢٦تا٣٧) بنێرن بۆ ئەنجوومەنی دادوەری، بۆ ئەوەی تا دووشەممە وەڵاممان بدەنەوە ئەم سزایانەی کە لە ناو ئەو پرۆژە یاسایەدا هاتووە، ئایا لەگەڵ مەبادئی عامە چەندی دەگونجێ؟ چەندی ناگونجێ؟ و مولاحەزاتیان چییە ئەم یاسایە زۆر زۆر گرنگە، گرنگە پەسەندی بکەین، بەڵام دەبێ بەشێوەیەك پەسەندی بکەین کە چووە ناو خەڵك لە رووماں دێ بڵێین ئەوە یاسای ئێمەیە، لێتان ناشارمەوە ئەمە هیچ بەس نییە هیچ ئەوە نییە تا کەس گۆێی لێ بێ، بەڵام من کە ئەیخوێنمەوە نازانم مەبەستی چییە، یەعنی سزا هەیە لێرە دەیخوێنمەوە نازانم باسی چی دەکات، ئەی خوێنمەوە نازانم ئەوە لە ناو قانووندا هەیە یان نییە؟ ئەحکامەکانی چین یا چی نین؟ لەبەرئەوەی بۆ ئەوەی وازح تر بێ ئێمە ئەو هەنگاوە دەگرینەبەر فەرموو ئاشنا خان،

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان. هەر لە سەر ئەو داڕشتنەوەی زمانەوانی و ئەوانە پێشنیارێکم هەیە ئەگەر لێم وەربگرن سوپاستان دەکەم بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی حاڵەتی هاو شێوە نەبین، بەراستی ئەو قانوونانەی کە عەرەبین وەردەگێردرێن پێش ئەوەی کە خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێت، پێش ئەوەی کە بیهێنە ناو قاعەوە ئەو لیژنە موختەسسە یا بابڵێین ئەو پسپۆرە زمانەوانییانە بە تەواوەتی رێك و پێکی بکەن، ئەوجا بیهێنە ناو قاعە موناقەشەی بکەین، هەروەکو بەڕێزت ئاماژەت پێ دا یەعنی ئێستا ئەوەندە رەکیکە کوردییەکەی ئەسڵەن هەر نازانی باسی چی دەکات، ئێمە لەوە ئەچێ ئەگەر رەوان بێ لەبەرچاومان تێبینی زۆر جدی دروست ببێ لە سەر هەموو یاساکەی پێ دەوڵەمەند بکەم، بەڵام وەختێك من تێبیناگەم تێبینی لە سەر چ شتێك بدەم، بۆیە زەرووره کامل بکرێ ئەو پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ بکرێ، ئینجا بیهێنرێتە ناو قاعە و خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەوت رۆژمان لەبەر دەستە تاوەکو خوێندنەوەی سێیەم هەر پێویستییەکی بوێ چاکی دەکەین فەرموو.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوکمەکانی سزاکان هەمووی تەواو بوو ماددەی ئەخیری ماوە دەزانم باسی (١١١) دەکات، بەڵام هیچ سزایەك بۆ ئەو کەسانە دانەنراوە کە ئەو رووەکانە بەرهەم دەهێنن کە بۆ رووەکانیان هەموار کراوە، من پێشنیار دەکەم جینات بە کوردییەکەی پێی دەڵێن بۆهێل بۆ لیژنەی یاسایی ئەگەر چاکی بکەنەوە لە هەمووی نووسراوە جینات ئەو رووەکانەی کە بۆهێلەکانیان هەموار کراوە بۆ ماددەی هۆشبەر بە مەبەستی بەرهەم هێنانی ماددەی هۆشبەر (نباتات معدل جنیین بغرچ انتاج مواد مخدر) ئەگەر بکرێت پێداچوونەوە بە سزاکان ئەوانیشی تێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٣٧

حوکمەکانی یاسای سزاکانی بەرکار ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، یان هەر یاسایەکی دیکە جێگەی بکرێتەوە پیادە دەکرێت بەسەر هەر تاوانێك، یان هەر سەرپێچییەك کە لەم یاسایەدا نەهاتووە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە؟ فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بە رای من لە رووی قانوونییەوە شتێکی زیادە، چونکە ئەگەر هەر تاوانێك کە لەم یاسایەدا نەهاتبێت تەحسیل حاسلە و ئەسڵ وایە بگەڕێتەوە بۆ قانوونی عقوبات یان قانوونە عیقابیەکانی تر، ئیتر چ پێویست دەکات بێت هەر لا ببرێت تەبیعییە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حیکمت

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری سەرچنارخان دەکەم، بە رای منیش وایە ئەم ماددەیە زیادە و شتێکی کەم و کورە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە بڵێتن لە ماددەیەك ئەگەر نەبێتن، ئەگەر نەبێتن با چاکی بکەین، بکەینە تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولزار خان،

**بەڕێز گليزار رشيد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ سەرچنار خان، مەبدەئی قانوونیمان هەیە دەڵێت (القانون منزه عن اللغو) فیعلەن ئەمە زیادەیە (الزیادە کالنقصان)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان قسەیەکتان هەیە؟ نیتانە، ماددەی دوای ئەوە، فەرموو گولستان خان،

**بەڕێز گولستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی نۆیەم: ڕێ و شوێنەکانی چارەسەرکردنی کەسانی ئالودەبوون:

ماددەی/ ۳۸

یەکەم: دادگا لە جیاتی سەپاندنی ئەو سزایەی لە ماددەی (۳۲)ی ئەم یاسایە دەقی لە سەر کراوە بۆی هەیە بڕیار بدات بەوەی گونجاوە لەمانەی خوارەوە:

١- دانانی ئەو کەسەی دەسەلمێنرێت ئالودەی ماددەی هۆشبەرە یان کارتێکاری عەقلییە لە یەکێ لەو دامەزراوە تەندروستیانەی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن بۆ ئەوەی تێدا چارەسەر بکرێت تاوەکو لیژنەی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوەی حاڵەتی ئەو کەسەی لەوێ دانراوە ڕاپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکەی بۆ دادگا بەرز دەکاتەوەو بۆ ئەوەی بڕیاری ئازادکردنی بدات یان درێژە بدات بەو مانەوەی بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەیەکی دیکە.

٢-ئەوەی دەسەلمێنرێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان بەکاردەهێنێت پابەند بکات بەسەردانیکردنی نۆرینگەی دەروونی _ کۆمەڵایەتی کە بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن حەفتانە یەك جار یان دوو جار بۆ یارمەتیدانی لە سەر دەرباز بوون لە بەکارهێنانی تاوەکو پزیشکی ڕاسپێراو بە یارمەتیدانی ڕاپۆرتێك دەربارەی حاڵەتەکەی بۆ دادگا بەرز دەکاتەوە و بۆ ئەوەی بڕیار بدات بە ڕاگرتنی سەردانی کردنی یان درێژە پێدانی بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەی دیکە نابێت بەرزکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە (۹۰) ڕۆژ دوا بکەوێت لە ڕێکەوتی دەستکردنی نەخۆش بە سەردانیکردنی ئەم نۆرینگەیە.

٣-پابەندکردنی ئەوەی بڕیاری ئازادکردنی دەردەچێت لە دامەزراوەی تەندروستی کە سەردانی نۆرینگەیەکی دەروونی _ کۆمەڵایەتی بکات.

دووەم: لە وەزارەت لیژنەی پزیشکی پسپۆر پێك دەهێنرێت بۆ کارکردن لە سەر جێبەجێکردنی ئەم ڕێکارانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقیان لە سەر کراوە و ئەرکی ئەم لیژنانە بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت کە وەزیر دەری دەکات.

سێیەم: ئەگەر کەسی حوکم دراو ئەو چارەسەریەی لەم ماددەیەی بۆی بڕیار دراوە ڕەت بکاتەوە ئەوە دادگا بۆی هەیە لە شوێنی بەندکردن دایبنێت بۆ ئەو ماوەیەی کە ماددەی (٣٢) ی ئەم یاسایە دەقی لە سەر کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێز دەیەوێ گفتوگۆ لەو ماددەیە بکات با دەست بەرزبکاتەوە؟ فەرموو کاك نزار،

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشی نۆیەم ماددەی (٣٨) بڕگەی یەکەم دەڵێت دانانی ئەو کەسەی دەسەلمێنرێت ئالودەی ماددەی هۆشبەرە یان کارتێکاری عەقلییە لە یەکێ لەو دامەزراوە تەندروستیانەی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن، بۆ ئەوەی تێدا چارەسەر بکرێت تاوەکو لیژنەی تایبەتمەند، مەبەست لە لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر بکرێ ناوەڕۆکەکەی دیاری بکەن لیژنەی تایبەتمەند کێیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم، خاڵی یەکەم پشتگیری لە رایەکەی کاك نزار دەکەم، لیژنەی تایبەتمەند ماددەی یەکەمی لە پێناسەکان، پێناسە بکرێ و باشترین پێناسەش بە رای من بۆ لیژنەی تایبەتمەند ئەوەیە کە لیژنەی پزیشکی پسپۆریە لەلایەن وەزیر پێك دەهێنرێ و ساڵانە گۆڕانکاریان تیادا دەکرێ، چونکە ئەگەر ئەم لیژنەیە لە دەقی بڕگەکانی دیکە وازحە کە ئەم لیژنەیە سەلاحیاتیان یەکجار زۆرە ئەم لیژنە پزیشکییە دەتوانێت کەسێك ئازاد بکات، بۆیە دەبێت ئەمە ساڵانە گۆڕانکاری لەم لیژنەیەدا بکرێت بۆ ئەوەی مەجالی هیچ کارێکی دیکەی نا یاسایی تێدا نەمێنێت، لە بڕگەی دووەمدا باس لەوە دەکات کە بۆی ئەوەی دەسەلمێنرێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان بەکاردەهێنێت پابەند بکات بەسەردانیکردنی نۆرینگەیەك، ئێمە لە یاسای وەزارەتی تەندروستیدا کەرتی یایبەتمان نییە کەواتە بە یاسا ئەم پرسە یەك نەخراوە بۆیە لە جیاتی نۆرینگەیەك دەکرێ بکرێتە سەنتەرێك، چونکە لە ماددەکانی دیکەی پێشتر کە موناقەشەمان لە سەری کرد ئەمە ناوی سەنتەرە بۆ ئەوەی ئەو کەسە ئیجبار نەکرێت بچێتە عیادەیەکی پزیشکی لە دەرەوە ئیحالەی پزیشکی پسپۆر بکا و ئاماژەی پێ بکرێ بە سەردانیکردنی سەنترێکی دەروونی کۆمەڵایەتی لە کەرتی گشتی، چونکە وتمان لە کەرتی تایبەت یاسامان نییە، لە دێڕی دوای ئەوە هەفتانە یەك جار یان دووجار ئەمە دەبێ سەنتەرەکە

دیاری بکات نەك بەپێی یاسا دیاری بکرێت، بۆیە لە جیاتی ئەوە بڵێی هەفتانە یەك جار یان دووجار دەنووسین بەپێی خشتەی دیاریکراو لەلایەن سەنتەرەکە، لە خاڵی سێدا بەهەمان شێوە دیاریکردنی نۆرینگە بگۆڕێت بۆ سەنتەر کە لە خاڵی دوودا باسمان کرد لە بڕگەی دووەمی هەمان مادده لە تەعریفە کە باسی لە لیژنەی تایبەتمەند کرد دەبێت یان لێرە بۆی ئیزافە بکەین یان لە تەعریفەی لیژنەی تایبەتمەند باس لەوە بکەین کە ماوەی لیژنەکە دیاریکراو بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان،

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ڕوونکردنەوەکی جبت هەڤالە مە هەر نوقتە بێژم، سەبارەت وێ لیژنێ لیژنا تایبەتمەند بڕگە دوو نەفسی ماددا گووتی وەزارەت لیژنەی پزیشکی پسپۆر پێك دەهێنێت بۆ کارکردن لە سەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێکارانەی لە بەندی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقیان لە سەر دراوە ئەرکی ئەو لیژنانە بە ڕێنمایی دیار دەکرێن کە وەزیر دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دووەم جارە ئەو پێشنیارە دەکەم، حەز دەکەم بەراستی بەهەند وەربگیرێ، بەر لەوەی ئێمە تەوزیح بدەین و شیکردنەوەی لە سەر بکەین کەسی موختەس بەڕێز وەزیری کاروباری پەرلەمانە کە ماددەیەك دەخوێندرێتەوە شیکردنەوەی یەکەم با ئەو بدرێت شیکردنەوە بکات کێ ناڵێ ئێمە بە هەڵە لە ڕستەکە دەگەین یان لە نووسینەکە دەگەین، ئەگەر یەکەم شیکردنەوە بە ئەو بدرێت ئینجا ئێمە ئەوەی لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵام بەگوێرەی پەیڕەو وا نییە ئێمەش پابەندی پەیڕەو دەبین، جەنابتان قسە دەکەن دوایی دەرفەتی دەدەینێ وەڵامی هەر هەمووتان دەداتەوە، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) لە بڕگەی یەکەم لە خاڵی دووەم، ئاماژە بەوە کراوە ئەوەی دەسەلمێنرێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکارە عەقلییەکان بەکاردەهێنێت پابەند بکات بەسەردانیکردنی نۆرینگەی دەروونی _ کۆمەڵایەتی، کە بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن خۆی ئەمە لە ئەساسدا ئەمە

کێشەیەکمان بۆ دروست دەکات، چونکە تا ئێستا نورینگەیەکی موختەسمان نییە، وەکو برای بەڕێزم کاك زانا ئاماژەی پێکرد، ئێمە لە ماددەکانی پێشووش باسمان لەوە کردووە کە نەخۆش بنێردرێتە ئەو نەخۆشخانانەی کە تایبەتن بە چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا هیچ جۆرە نەخئشخانەیەکی لەو شێوەیەمان نییە، ئەم یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم دەکات بۆ ئەوەی کە زوو بە زوو دەست بکات بەو نەخۆشخانە و نۆرینگانە، بۆیە تکا دەکەم ئەگەر پێویست دەکات حکومەت دەست بکات بە دروستکردنی نۆرینگە و نەخۆشخانەی پێویست، پێویستمان بەوە هەیە کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێ بکرێ حکومەت مولزەم بکرێ بە موددەیەکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی و لە هەمان بڕگەی لە خاڵی سێیەم پابەندکردنی بڕیاری ئازادکردنی دەردەچێت ئەمە خۆی لە ئەساسدا رێنماییە، پێم وایە لە ئێستادا پێویست ناکات ئەمە ئاماژەی پێ بکرێت، چونکە سەردانیکردنی نۆرینگە لە دەسەڵاتی لیژنە دایە پێشتر باس لە لیژنەی تایبەتمەند کراوە ئەگەر ئەمان بڕیار بدەن بە سەردانیکردنی بۆ نۆرینگەیەکی تایبەت پێم وایە لە یاسا ئیزافەیە، داوا دەکەم لە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان وەڵامی ئەوە بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مادده (٣٨) بڕگەی یەکەم لە خاڵی یەکەم لە دێڕی کۆتایی کە دەڵێ بڕیاری ئازادکردنی بدات یان درێژە بدات بەو مانەوەی بۆ ماوەیەك، یان چەند ماوەیەکی دیکە، لێرە ماوە دیاری نەکراوە ماوەکە دیار نییە، ئایا چەند دەمینێتەوە، بۆیە پێویستە ماوەکە دیاری بکرێ و، هەروەها بۆ بڕگە دووەم پشتگیری لە قسەکانی کاك زانا دەکەم و پشتگیری لە قسەکانی کاك کاروان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ وتەکانی کاك کاروان، دیارە ئەم یاسایە دەڵێ لە دوای (٩٠) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، ئێمە لە ماددەی (٣٨) بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم ئاماژەمان داوە بەو دامەزراوە تەندروستیانەی بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێن، ئێمە ئاماژەمان بە شتێك داوە کە بوونی نییە و ناشزانین کەی دەبێت، لەبەر ئەوە باشتر وایە

ئەم ماددەیە یان لا ببرێت یان لەگەڵ حکومەت قسە بکرێت، بۆ ئەوەی کاتێکی دیاریکراو هەبێت بۆ دروستکردنی ئەم دامەزراوە تەندروستییانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨) بڕگەی سێیەم ئەگەر کەسی حوکم دراو ئەو چارەسەریەی لەم ماددەیەی بۆی بڕیار دراوە رەت بکاتەوە، ئەوە دادگا بۆی هەیە لە شوێنی بەندکردن دایبنێت، ئێمە پرسیار دەکەین ئەو بەندیخانەیە کە کەسی تووش بووی لێ دادەنرێ، هەر هەمان بەندیخانەیە کە ئێستا خەڵکی بە تێکەڵی تێدایە، لەبەرئەوەی ئێستاکە ئەو کەسانەی کە تووش بوون ئەچنە ناو ئەو خەڵکانەی تریش کە خەڵکی تریش تووش دەکەن، چونکە خەڵکمان بینیوە پێش ئەوەی کە بچێتە بەندیخانە تووش بوو نەبووە، بەڵام ئێستا بە لۆدێکی تر دەبینرێ، بۆیە پێویستە ئەو کەسانە گرتووخانەی تایبەتیان بۆ بکرێ و ئەو کاتە کە چارەسەری پزیشکیشیان بۆ دەکرێت و ئەو کاتە باشتر چارەسەریان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٨) بڕگەی (١) فەقەرە (٢) ووشەی نۆڕینگە هاتووە لێرە، دەبوایە ئێمە پێناسەی نۆڕێنگە بکەین لە ماددەیەك لە تەعریفەکان، من لێرە تەعریفێکم نووسیوە ( هەر نۆڕینگەیەك دەروونی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت بە پێی ئەم یاسایە بەمەبەستی چارەسەر کردنی ئاڵوودە بوونەکان)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حەسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

هەمووماں دەزانین مەبەست لە سزادان بۆ تۆڵە سەندنەوە نییە، بەڵکو ئامانج تێیدا چاکردنەوەی رەفتاری کەسەکانە، بۆ ماددەی (٣٨) لە خاڵی یەکەم پشتگیری لە کاك نزار دەکەم لە بڕگەی یەکەمیش پشتگیری کاك زانا دەکەم، بەنسیبەت خاڵی دووەمی و بڕگەی دووەمیش کە دەڵێت ئەوەی دەسەلمێندرێت ماددە هۆشبەرەکانیان کارتێکەرەکان بەکار دەهێنرێت بەسەردانیکردن بۆ نۆڕینگەیەکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئێمە نۆڕینگەی پزیشکیمان هەیە، بەڵام نۆڕینگەی کۆمەڵایەتی نییە، سەنتەری کۆمەڵایەتییە، لە ماددەی (٧)یش ئاماژە بەوە کرایە کە بە مەحکەمە

هەماهەنگی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها وەزارەتی تەندروستی سەنتەرێك دادەمەزرێنرێت، بۆیە ئەگەر هەموو ئەو ووشانە یەك بخرێنەوە باش دەبێت، لە خاڵی (ج) بڕگەی سێیەم پابەند کردنی ئەوەی بڕیاری ئازاد کردنی دەردەچێت لە دامەزراوەی تەندروستی کەسەردانی سەنتەرەکان دیسان، لێرەشدا نابێت بە رای من پاش ئەوەی کە من لە چاکسازییەکانەوە بە راپۆرتی دەقیقەوە باس دەکەم، ئەو کەسانەی کە دووبارە بە هۆی ئالوودە بوونی بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، جاری دووەم دێنەوە سجنەکانی چاکسازی، ئەوانەن کە ماوەی یاسایی خۆیان تەواو نەکردیە، هەر کەسێك کە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوو بۆ ئەوەی کە لە ژێر چاودێریدا بێت و لە نوێوە دروست بکرێت، پێویستی بە ساڵێك و شەش مانگ هەیە، بەشێوەیەك ئەڵێ کە سێ مانگ ئەو کەسە بەتەنیا رێگەی بدرێ کە سێ مانگ نابێ کەسە نزیکەکان ببینێ، سێ مانگی دووەم ئەگەر پێویست بوو کەسانی دووەم، دوای نۆ مانگیش پزیشك ئەتوانێ کە بڕیار لەسەر ئازادکردنی یاخود مانەوەی کەسەکان بدات، بۆیە با ماوەی گێڕانەوەی کەسەکە تەحدید بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددە (٣٨) بەس روونکردنەوەك سەبارەت بە ماوە هەبوو کە بەحس کر، هەگەر هەم سەح کرنێ ماددە (٣٨) یەکەم با ئەوەی دەسەلمێنێ ماددەی هۆشبەری یان کارتێکاری عەقلی بەکاردەهێنرێ پابەند بکات بە سەردانی کردنی نۆڕینگەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتی کە بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێت، هەفتانە یەك جار یان دووجار، یاهفتانە یا راپۆرتا حازر کریا، ئەز بیژم وازحیە باسکرنی، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە زۆر وازیحە، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە لەماددەی (٣١) باسکرایە، ماددەی (٣١) تەنیا باس لەو کەسانە دەکات کە بۆ خۆی ماددەکەی وەرگرتووە، چی کڕیبیتی و چی بەرهەمی هێنا بێت، واتا ئەو کەسەی کە بەکاری دێنێ، لەو حاڵەتانە دەتوانرێ بەشێوەیەك موعالەجە بکرێ، پێشتریش لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند وەڵامی داوەتەوە کە نۆڕینگە و نەخۆشخانەمان هەیە، بەڵام بەو مستەوایە کە ئێستا لەو قانوونە باس کراوە، لەو یاسایە هەموو شوێنەکان باس کراوە کە ئەو نۆڕینگانە ئەو شوێنە موختەصانە ئیشیان چییە و ئەرکیان چیە بەرامبەر بە کەسی

ئاڵوودە بوو و مەبەستی چارەسەرکردنە، ئەوە حاڵەتی یەکەم، حاڵەتی دووەم بەڕێزان هەندێك موستەلح بەکاردەهێنرێت لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە لە پرۆتۆکۆل بیسڕنەوە کاتێك دەڵێن وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان وەڵاممان بداتەوە، ئێمە لێرە لە جەلسەیەکی ئیستیجوابی نییە، لێرە ئەرکی ئێمە تەنیا روونکردنەوەیە، بەشداریکردنمان تەنیا بۆ پێدانی روونکردنەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەرچاویان روون بێ، لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەوتۆ یاساکان دەرچن، کەمترین صەخرات و بۆشایی تێدا بێ، بۆ ئەوەی نەگەڕێندرێنەوە، بۆیە تکا دەکەم لە بەڕێزتان کە هەندێك موستەلح هەیە داوا بکەن کە لە پرۆتۆکۆل هەڵبگیرێ، بۆ ئەوەی ئێمە لە جەلسەی ئیستجواب نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ لەمەودوا بەکاری مەهێنن، بڵێن داوای روونکردنەوە دەکەین، شتێکی تر بڵێن، دەمانەوێ روونتر بێ، قسەکەی جەنابت لەو رووە دروستە، ماددەی دوای ئەوە بەرێزان وەڵامت هەیە فەرموو .

**بەرێز رۆژان محمد کریم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٥) پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی بڕگە (٢) سەرۆکی پەرلەمانی هەر داخوازیەك بیتن بۆ سرینەوەی هەر کەلیمەك، لازمە بڕیاری لەسەر بدەن ئەگەر جارەکی دی سەر ئاخاوتنا د.ڤالای بریاری لەسەر بدات زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئەوە بڕیارماندا لەمەودوا پەرلەمانتار بەکاری ناهێنێ، ئەوان نێتێکیان نیيە ئەمە دەزانین و، دکتۆرە جەنابیشیان دەزانن ئەوان نێتێکیان نییە مەبەستیان روونکردنەوەی زیاترە لە شێوەی پرسیارو وەڵام، داوای مەکەن لە شێوەی رونکردنەوەیا داوای بکەن ماددەی دوای ئەوە بەرێزان.

**بەرێز گلوستان سعید حمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٩)

١-ئەوکەسەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکاری ئەقلی بەکار دەهێنێت کە لە خۆیەوە دێتە پێش بۆ چارە سەرکردن لە نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵوودەبوو ئەوا دەعوای تاوانکاری لەسەر ئەنجام نادرێ.

بڕگەی دووەم:

١-ئەو نەخۆشەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە لە ژێر تێبینی کردن دادەنرێت لە دامەزراوەی تەندروستی بۆ ماوەیەك لە (٣٠)رۆژ زیاتر نەبێت.

٢-ئەگەر بۆ داموزراوەی تەندروستی سەلمێنرا کە نەخۆشەکە ئاڵودەیەو پێویستی بە چارەسەر هەیە ئەوا بۆی هەیە بۆ ماوەیەك لە (٩٠) رۆژ زیاتر نەبێت بیهێڵنەوە.
٣-دامەزراوەی تەندروستی ماوەی مانەوەی نەخۆش تیایدا بۆ ماوەی (١٨٠) رۆژ درێژ دەکاتەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەمە پێویست دەکات.
برگەی سێهەم: لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند بۆی هەیە ئەوەی بڕیاری دەرچواندنیان لە دامەزراوەی تەندروستی دەدرێت پابەند بکات بەسەردانی کردنی نۆرینگەی دەرونی کۆمەڵایەتی بەو مەرجەی پزیشکی چارەسەرکراو راپۆرتەکەی بۆ لیژنە بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بریار بدات بە راگرتنی سەردانی کردنی نۆرینگەی باسکراو یا بەردەوام بونی.
برگەی چوارەم: لەکاتی پابەند نەبونی نەخۆش بە پرۆگرامی چارەسەری لە لایەن دامەزراوەی تەندروستی ئەوا دامەزراوەی تەندروستی یان نۆرینگە بە گوێرەی حاڵەتەکە دادگای تایبەت لەو بوارەیەوە ئاگادار دەکاتەوە بۆ گرتنە بەری رێگای یاسایی دەرهەقی بە پێی ماددەی (٣٢)ی ئەم یاسایە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە وە دەیەوێت گفتوگۆی لەبارەیەوە بکات فەرموو ناوەکانتان تۆماربکەن بەرێزان (جوان خان، کاك زانا، د.گەلاوێژ، شێخ زاهر، روپاك خان، شیرین خان، د.کازم، سەر چنار خان ) فەرموو شیرین خان.

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣٩) برگەی دووەم خاڵی یەکەم و دووەم با بڵێین کات یاخود ماوەیەك دیاری کراوە بۆ کەسی ئالودەبوو بۆ چارەسەر کردن، من پێشنیاز دەکەم ماوەو کات دیاری نەکرێت، کەسی ئاڵودەبوو تا ئەوکاتەی پێویستی بە چارەسەرکردن ئەبێت دەرفەتی هەبێت واتا کاتەکە مەحدود نەکرێت بۆ کەسی چارەسەرکر یاخود ئاڵودەبوو، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس د.کاظم فەرموو.

**بەرێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیەی کە من هەمە دیارە بەرێزان پێش ئێمەش یەك دووجار باسیان کردووە، بەس بەراستی لەم ماددەیا زۆر گرنگە جەختی لێبکەینەوە، ئەویش برگەی یەکەم کە دەڵێت لەخۆیەوە دێتە پێش بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەی تایبەت، بەراستی نەخۆشخانەی تایبەت ماعنای نەخۆشخانەی ئەهلی دەگرێتەوە، لێرە یا ئەبێت بڵێی تایبەتمەند یا ئەبێ بلێی سەنتەر یا ئەبێ

بڵێی دامەزراوەیەکی سەر بەوەزارەت و، من پێم باشە کە کەلیمەی گشتی تیا بێت، بۆ ئەوەی وازح بێت کە کەرتێکی گشتییەو سەر بە وەزارەتە و لە ژێر چاودێری وەزارەتدایە.
سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە خاڵەکانی ئەلف و با و ئەوانەیە ڕۆژەکەیان دیاری کراوە نوسراوە بۆ نموونە بڕگەی (أ)نوسراوە لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت، لە ڕاستیا من پێم وایە کەمتر نەبێتە کە زەروورترە لەوەی زیاتر نەبێت، چونکە هەرکاتێك نەخۆشەکە یان ئەو کەسەی ئاڵودەبووە گەیشتە ئەوەی کە پزیشك بتوانێ ئیزنی بدات و سەردانی کردنەوەی ناو بە ناوی بۆ دانێت ئەوا خۆی ئیزنی دەدات، بەڵام لانی کەم ئەبێ مودەیەك هەبێت بزیشکەکە یا سەنتەرەکە بتوانێت لەگەڵ داموودەزگاکانی ترا وەك و بەشی ئاسایش و پۆلیسەی لە نەخۆشخانەکەیا کار دەکەن بتوانێت ئەو کەسە بهێڵێێتەوە لە نەخۆشخانەکە، کەواتە لانی کەم حەدی ئەدنای بۆ دابنرێ لە (٣٠ ) ڕۆژ زیاتر نەبێت، بەڵام لە چەند کەمتر نەبێت؟ ئەو دوو خاڵە لای من گرنگ بون زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس فەرموو کاك شێخ زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو یاسایە تایبەتە بە ماددەی موخەدەرو کار تێکراوە ئەقلییەکان، پێم وابێ باسی کەسێك نەکراوە کە ڕۆژانە تەعامولی لەگەڵ ماددەی موخەدرە ئەویش دکتۆری موخەدیر، دکتۆری تەخدیر کاتێك نەخۆشێك بەنج دەداتە نەخۆشەکان زۆر لەو حالەتانەمان دیتیە کە دەڵێن فلانە کەس بەهۆی بەنجەوە بە هۆش خۆی نەهاتەوە، ئایا چ سزایەك دادەنرێت بۆ نەخۆشی موخەدیر و وەکو دەزانین لە قانون هاتووە کە باس لەوە دەکات دکتۆر بەس دەبێ عینایە بکات، نەك عینایە ڕەجلو ئیعتاد، تەنها لە عەمەلیاتی تەجمیلی کە دەبێت مەسەلەن کەسەکە چۆن ئەگەر کەپوی عەمەلیات بکات دەبێ کەپوی چۆن بوێ دەبێ ئاوای بۆ دەر بجوێنێ، بۆیە داوا دەکەم عقوبەی دکتۆری موخەدیر دیاری بکرێت، پرسیارێکیشم بۆ لیژنەی پزیشکی ئەوەیە ئایا باس لە کارتێکەرە عەقلیەکان دەکات؟ ئایا مەشروباتی کهولی ناچێتە بواری کار تێکراوی عەقلی؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم هەیە، کە ئەویش ڕەبتی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، تەبعەن ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە دەعوایان لەسەر ناکرێت و خۆیان یان ئەخباری دەکەن و ئاڵودەن یان پێویستیان بە چارەسەرە، جاری وا هەیە ئێمە حاڵەتێك دروست دەکات کەسەکە کە زانی

مەحکەمە پێی زانیوە یا دادگا پێی زانیوە دێتە ئەو بنکە تەندروستییەوە دەڵێ من پێویستم بە چارەسەرە، بۆ ئەوەی دەعوەی جەزائی لەسەر نەکرێت ئەمە خاڵێك.
خاڵی دووەم: ئەو (٣٠) رۆژەیە زیاتر زیاتر نەبێت، پێم وایە وەك و پێشتر نازانم زیاتر نەبێتەکە ئەو مودە تەحدید نەکرێت، چونکە ئەوە رەبتی بە خاڵی دووەمەوە هەیە، ئەگەر پێویستی بە چارەسەر بوو ئەڵێ بۆ (٩٠) رۆژ ئەتوانێ تێهەڵکێشی لە بەینی خاڵی یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك خاڵ و بە (٩٠) رۆژەکە.
خاڵی سێیەم: ئەگەر لە (١٨٠) رۆژدا عیلاج نەکرا لەو حاڵەتەیا جی ئەبێت؟ چونکە حەدی ئەعلای بۆ داناوە (١٨٠) رۆژ زیاتر نەبێ، ئەی ئەگەر چارەسەر نەبوو؟ یەعنی وەك ئەوە وایە هیجمان نەکردبێت، ئەوکاتە لەبەر ئەوەش یەعنی هەر ئاوا بە موحەدەدی نەمینێتەوە کاتەکەی تا چارەسەر ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی برادەرانم هەبوو، پێم باشە ئەو رۆژانە تەحدید نەکرێت، بەڵکو بەو شێوەیە بنوسرێتەوە تا ئەو کاتەی پێویستی بە چارەسەر نامێنێت و دڵنیادەبن لە باش بوونی نەخۆشەکە بۆیە پشتگیری لە هەڤاڵانم (شیرن خان و د.کازم و سەر چنار دەکەم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەمدا پشتگیری لە (د.کازم )دەکەم کە نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشخانەی خاس دێت بگۆردرێت دەبێت بکرێتە نەخۆشخانەی تایبەتمەند کەواتە تەخەسوسی.
وە لە بڕگەی دووەمدا هەرسێ خاڵ یەك، دوو، سێ رەبتە بە یەکتر دەکرێ، بکرێتە یەك خاڵ، لەگەڵ ئەو رایەم کە لە پرۆتۆکۆڵی عیلاجیدا کە ئەمە لە خاڵی یەکەم ئاماژەی پێکراوە دەڵێ ئەو نەخۆشەی کە بڕیارت دا نەخۆشە لە پرۆتۆکۆڵی عیلاجیدا سەقف دیاری ناکرێ کەی چاك دەبێتەوە کەس زەمانەتی ئەوەی ناکات رەنگە ئەمە نەتوانین زەمانەتی ئەنفلۆزایەك بکەین، چۆن زەمانەتی ئەوە دەکەی ئاڵودەبون بە ماوەی چەند چاك دەبێتەوە بۆیە پشتگیری لە هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە لەگەڵ ئەوەن ماوەکە دیاری نەکرێت.
لە بڕگەی سێیەمدا: دیسان وەك پێشنیارەکەی پێشتر ووشەی نۆرینگە بکرێتەوە سەنتەر و ئیزافەی کەرتی گشتی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی نەجێتە کەرتی تایبەت، لە بڕگەی چوارەمیشدا بە

هەمان شێوە ووشـەی نـۆرینگە هـاتۆتەوە لەوێشـدا بگۆردرێـت بە سـەنتەری کەرتـی گشـتی زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرموو.

**بەرێز روپاك احمد رحمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددە (٣٩) بـڕگەی یەکەم پشـتگیری قسـەکانی د.کـازم دەکەم، کە بکرێـت بە نەخۆشـخانەی تایبەتمەند.

لە بڕگەی دووەم: (أ، ب، ج) منیش پشتگیری هاوڕێیانم دەکەم کە باس لە حەدی ئەعلا نەکرێـت، دیاری نەکرێ هەتا چارەسەر نەکرێ، واتـا ئەو ووشـەیەی بـۆ زیـاد بکـرێ کـاتی چارەسـەر بـوونی سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس د.گەلاویژ فەرموو.

**بەرێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣٩) یەکەم پاڵپشـتی لە هاوکـارانم دەکەم کە نەخۆشـخانەی تـایبەت نیـیە بکـرێتە نەخۆشخانەی تایبەتمەند، بەڵام لە خاڵی دووەم یەکەم ئەو (٣٠) رۆژە دانـراوە ئەو کەسـە لە ژێـر چاودێری دەبێ، چـونکە ئەو کەسـە نـاگیرێتن لەوانەیە لە کـاتی ئەو (٣٠) رۆژەی کە چـووە دەڵـێ ئەمن دەمەوێ ئەمن خۆم عـیلاج بـکەم، لەوانەیە جـارێکی تـر مـاددەی هۆشـبەر بەکـاربێنێتەوە، بـۆیە (٣٠) رۆژ لە لە ژێـر تێبیـنە کـردن، تێبیـنە کـردن دەبـێ بگـۆردرێ چـاودێری کـردنە، بکـرێتە چــاودێری کــردن باشــترە لە دامەزراوەی تەندروســتی و بــۆ مــاوەی (٣٠) رۆژ لەو (٣٠) رۆژەی جارێکی تر بەکارە نەهێنێـتەوە ئەو مـاددە هۆشـبەرە و، بـۆ نـۆرینگەش پـاڵ پشـتی لە (کـاك زانـا دەکەم ) و لێرە لە خـاڵی سـێیەم دامەزراوەی تەندروسـتی مـاوەی مـانەوەی نەخـۆش تیایـدا بـۆ ماوەی (١٨٠) رۆژ درێژ دەکاتەوە ئەگەر بۆی دەرکەوت چارەسـەر کردنـی ئەو نەخۆشـە پێویسـتی بەو مـاوەیەیە نەك بـۆی دەرکەوت پێویسـتی بە چارەسـەرکردنی ئەمە، پێویسـت دەکـات ئەمە یەعنی تۆزێك رەکیکە دارشتنەوەکەی پێویستی بەوەیە رۆژ درێژدەکاتەوە ئەگەر بـۆی دەرکەوت چارەسەرکردنی پێویستی بەو ماوەیەیە زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند لیژنەکان قسەتان هەیە فەرموو رۆژان خان.

**بەرێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت پزیشکان، پزیشکان بۆ موخەدریش دێت و بۆ هەمـوو پسـپۆری پزیشکی دێت، سەبارەت بەوەی کەمترین هەمان مادده (٣٩) چوارەم، ئەگەر گوتی کەمتـر بیـتن ئەوژی لە کاتی پابەندبونی نەخۆش بە پرۆگرامی چارەسـەری، واتـا رۆژێبێـت یـان دوو رۆژبێـت موهم تەوا نەکردبێتن واتـا کەمتـرینە سـەبارەت بەحسـی مەشـروباتێ کـرن لیسـتا کـار تێکـراوێ عەقلیـدا ئەڤە لیسـتە سـەر معهـداتێ دوەلـی هـاتیە سـاڵانەی (١٩٧١) لیسـتا ئەوسـاڵە هـاتی زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری هەرێم روونکردنەوەتان هەیە؟

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نوسخەی عەرەبی (المستشفیات المختصة) واتا خاصە نیـیە موختەسـە، بـۆیە تەئیـدی بەرێـز د.کازم دەکەین ئەوەیان ببێتە موختەص، بەڵام لەسەر موودەکان دیارە رای پسپۆران وەرگیـراوە لەو بابەتە رای وان وابووە کە حاڵەت هەیە بە (٣٠) رۆژ عیلاج دەکرێ، حاڵەت هەیە پێویستی بە (٩٠) رۆژە لە هەمـوو حاڵەتێکـدا عیلاجـی کەسـی ئـاڵودەبوون رایـان وا داوە کە زۆر ئاسـتەمە لە (١٨٠) رۆژ تێبپەرێـت و ئەو کەسـەی کە عـیلاج دەکـرێتن، دەرفەتـی ئەوەی نیـیە بجێـتە دەرەوە وەری بگـرێتەوە، چـونکە ئەسـڵ لە نـۆرینگەکە نـاچتە دەرێ بۆخـۆی لە موستەشـفا تـایبەتەکە دەمینێتەوە تا عیلاج دەکرێ و راپۆرت دەنوسرێت ئەو کەسە عیلاجکـراوە و تەئسـیراتی لەسـەر نەماوە ئینجا ئازاد دەکرێتن زۆر سوپاس .

**بەرێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك شێخ زاهر فەرموو.

**بەرێز ظاهر محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن پرسیارەکم کرد ئایا ئەو ماددەیە دەچنە چوارچێوەی کارتێکەرە عەقلیەکان یـان نـا؟ ئەگەر دەچن بۆ داخیل ناکرێ ئەگەر ناشچن بڵێین ناچن.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس وەڵامی دایتەوە رۆژان خان فەرموو دکتۆرە.

**بەرێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکەی من هەمان وەڵامی رۆژان خانە، لۆخۆی لە خشتەی پێنجەمەوە، خشتەی کار تێکارە عەقلیەکان نەخێر تێیدا نییە حەسەب موعاهەدە نێو دەوڵەتییەکان و پێکهێنەری، ئەساسی کهول ئیسانۆڵە کە لە پێشینە کیمیاوییەکان لە دوو خشتەی کۆتایی، واتا نۆیەم و دەیەم هەر تێیدا نییە، واتا مەوعاهەدە نێو دەوڵەتییەکان تێیان نەکردیە، ئەمە ئەو جەدوەلانە دەبێ ئەو خشتانە لەسەر خشتە نێو دەوڵەتییەکان بڕۆین، لەبەر ئەوە تێیدا نییە دەست خۆش.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرمووو نوقتەی نیزام؟

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر روخسەت بدەی ڕوونکردنەوەیەك لەو بابەتە بدەم ئەگەر روخسەتە.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت لە لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ لە لیژنەی تەندروستیم، لەگەڵ پشتگیری کردنی هەردوو بەرێزان رۆژان خان، ڕاستە لە موعاهەداتی نێو دەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچی شەست و یەك و هەفتاو یەك تێیدا نییە، بەڵام دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەوەی بەلێ کارتێکەرە عەقلییەکان ماددە کهولیەکانیش دەگرێتەوە بە پێی زانستی، نەك بە پێی ئەوەی چی واژووی لەسەرکراوە، بەڵێ موئەسەراتی ئەقلیە و (WHO) دانی بەو ڕاستییە داناوەو بەلێ خواردنەوە کهولیبەکان لە زمنی کارتێکەرە عەقلیبەکانە زۆر سوپاس و هەتا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هەندێك ماددەی ترمان هەیە مونەشیتەکانە ئەوەی ووزە بەخشەکان ئێستا ئەوانیش بەپێی (WHO) دێتە زومنی کار تێکەرە عەقلییەکان.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.کازم جەنابیشت ئەندامی لیژنەی تەندروستی فەرموو، بەرێزان دەرفەت دەدەین بە د.کازم دکتۆرە با قسەیەك بکات لەو بوارەیەوە.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەرسێ بەڕێزان (ڕۆژان خان و د. شایان و کاك زانا) دەکەم کە هەرسێکیان ئەندامانی لیژنەی تەندروستین، بە دڵنیایەوە مادده کحولییەکان وەك کاك زانا باسی لێوەکرد ماددەی هۆشبەرن و کار دەکەنە سەر هۆش و هەست و توانای ئیدراکی مرۆڤ و لەم خشتەدا نین، لەبەر ئەوەی عالەمیەن جۆرێك لە ئیستسنای بۆ دروستکراوە لەبەر ئەوەی تازە بەو شێوازە هاتوە ئەگەر نا بەڵێ ماددەی هۆشبەرن و ئەتوانم بلێم هیجیان کەمتر نییە جۆرێك لەو مادانەی کە لەم خشتانەدا هەن و کاریگەریان هەیە لەسەر رەفتارو ئیدراك و بیرکردنەوەو بریاردانی مرۆڤەکان، بەدڵنیایەوە کاریگەری ئەبێ لە سەر رەفتارو چۆنیەتی کاریگەریشیان لەسەر موجتەمەع، بەڵام ئیستسنای بۆ کراوە تازە لە جەدوەلەکان نییە، ئەکرێت بیخەینە ناوی، ئەشکرێت هەروەك و چۆن هاتووە وازی لێبهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان ماددەی (٤٠) بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز سعید مصطفى تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٠) نهێنی ئەو کەسانەی لە حاڵەتی ئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان یان کارتێکارە عەقلییەکان چارەسەر دەکرێن دەپارێزرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ هەیە لەم بارەیەوە قسە بکات با ناوی خۆی تۆمار بکات (کاك لقمان، کاك سیروان، سەر چنارخان، ڕۆبینا خان، کاك دیاری )بەڕێزان کاك لقمان فەرمون.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٠) تەرجەمەی حەرفی کراوە لەرووی زمانەوانییەوە تەسەور دەکەم پێشنیاز دەکەم وای لێبکرێ جوانتر بێت، لە حاڵەتی چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی ئالودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان دەبێت نهێنی کەسیان پارێزراو بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆبینا خان.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هات و کەسەکە نهێنی ئاشکراکرد، ئایا هیچ سزایەك هەیە؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوە خۆی قانونی خۆیان هەیە، كاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕایەكەی كاك لقمان دەكەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە خۆی واجبی هەموو فەرمانبەرێكە لە حوكمەتە كار بكات نهێنی كارەكەی بپارێزێ، یەعنی لێرە هیچ نەسێكی ئیلزامی نەهاتووە ئەلێ نهێنی ئەو كەسانەی لە حاڵەتی ئاڵودەبوون لە مادده هۆشبەرەكان، یان كار تێكەرە عەقلیبەكان چارەسەر دەكرێن دەپارێزرێت ئەبێ وشەی پێویستە بخرێتە پێشەوە بپارێزرێ لەلایەن كێوە لەلایەن ئەو دامودەزگایانە كە كار لەو كەیسانە ئەكان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم كرا پشتگیری سەرچنار خان دەكەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان هەموو حاڵەتی نەخۆشیەك فەرزە و، پێویستە لەسەرچارەسەركار نهێنیەكانی بپارێزرێت بە كۆمپلێتی لە دوای ئەوە قسەكانمان زۆری كرا، بەڵام من پێم وایە لەم حاڵەتە ئەبێ یەك دەستەواژەی بۆ زیاد بكرێ بە پێچەوانەوە ئەبێ بە پێی یاساكان سزای ئەوانە بدرێ كە نهێنیەكەی ناپارێزێ تەبعەن یەك بە بەسیتی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەوانەی كە ئاڵودە دەبن بە و ئیشە بەلانی كەمەوە چواردەورەكەی ئەیزانن نەك ئەبێ هەر نهێنیەكەی بپارێزرێت، بەڵكە هیچ داتایەك نەدرێ بە كەسی یەكەمیشی بە بێ ڕەزامەندی خۆی لە هەموو دنیایە عورف ئاوایە قانونیش لە هەموو یاساكان بە بێ ڕەزامەندی خۆی ناتوانرێت دایكیشی و باوكیشی لە (١٨) ساڵ

زیاتر بوو داتا وەربگرێ چ ماددەیەك وەرئەگرێ ئیلا لە حاڵەتێکا نەبێت ئەگەر خۆی قودرەتی ئەوەی نەبێت ژیانی خۆی بەرجەستە بکات، یەکێکی بۆ دانێن، وابزانم لێرە لە مەحکەمە پێی دەڵێن قەیم سەرپەرشتی کار ئەو سەرپەرشتی کارە مەسئول و قەزیەی خراپەکارەکان ئەکاتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان بەڵێ دکتۆرە.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ هەموو سەرنجەکان، خۆی ئەوەی کە ئاڵوودە دەبی بە ماددەی هۆشبەر بە نەخۆش حیسابە، نەخۆشیش پزیشك هەر کە تەخەروج دەکات سوێندی دەخوات کە نهێنی نەخۆش بپارێزرێت، لەبەر ئەوە لە یاساکانی پزیشکیدا هەیە کە لە سوێند خواردنەکانماندا هەیە سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤاڵا فەرموو ئەگەر تێبینیەکتان هەیە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تێبینیمان نییە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەشی دەیەم فەرموون.

**بەڕێز گلوستان سعید حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوکمە گشتییەکان و کۆتاییەکان ماددەی (٤١) بڕگەی یەکەم لیژنەیەك پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پۆلێنکراوی یەکەم کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم دەستنیشانی دەکات لەگەڵ ئەندامیەتی نوێنەری ئەم لایەنانەی خوارەوە.

١-دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

٢-بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقلییەکان.

٣-بەڕێوەبەرایەتی گومرگەکان.

٤-پەیمانگای پزیشکی دادی لە هەرێم.

٥-لیژنەی باڵا.

٦-ئاژانسی پاراستن و زانیاری.

بڕگەی دووەم: ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە هەڵدەستێت بە لە ئەستۆ گرتنی ئەرکی بە دواداچوون و سەرپەرشتی کردنی گرتن و پشکنین و پاراستن و

عەمبـارکردن و لەنـاوبردنی مـاددە هۆشـبەرەکانی یـان کارتێکـارە عەقلییەکـان یـان پێشـینە کیمیاییەکان لە فەرمانگەی پزیشکی دادی ئەوانەی حوکمی دەست بەسەر داگرتنیان دراوە.
بڕگەی سێیەم: کاری ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە بە ڕێنمای ڕێك دەخرێن کە سەرۆکی لیژنەی باڵا دەری دەکات سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان دەیەوێـت لەسـەر ئەم مـاددەیە قسـە بکـات، مـاددەی (٤١) بـا دەست بەرزبکاتەوە (سەرچنارخان، کاك مەم، کاك باڵانبۆ، کاك یاسین، کاك زانا، ڕۆبینـا خـان) کـاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە لە پێناسـەی یەکەمـدا مـاددەی لیژنەیەکـی باڵامـان هەیە، لە نـاو لیـژنەی بـاڵایە نـوێنەری ئەنجـومەنی وەزیرانـی تێـدایە، وەزارەتـی دادی تێـدایە، هەمـوو ئەوانەی تێـدایە، جـا بـۆیە مـن پێشـنیازم وایە هەر ئەو لیـژنەیە بە مـاددەیەك بلـێ لیـژنەی بـاڵا ئەرکـی ئەمە لە ئەسـتۆ ئەگـرێ، یەعنـی پێویسـت ناکـا دیسـانەوە لیژنەیەکـی دیـکە دروسـت بکەیـنەوە، مـن پێشـم وایە خـاڵی شەشـەمیان کە ئەڵـێ ئاژانسـی پاراسـتن و زانیـاری ئەوە دەزگـایەکی زانیـاری و مەعلومـاتییە، دەزگای ئاسایش جیاوازە دەزگـای ئاسایشـی گشـتی نـوێنەرایەتی ئەبـێ لەو مەسـەلەیە وەك لەو شوێنە، من پێم وایە زیادەشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاکا یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەمدا کە دەڵێت لیژنەیەك پێکدەهێنرێت لەوانەی خوارەوە، من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە چوار ساڵ جارێك بگۆڕدرێـت، نەك بە درێژایـی تەمەنـی کـابرا ئەنـدامی ئەو لیـژنەیە بـێ هەتا مووی بەسەریەوە نەمێنێ، لە ماددەی دووەمیشـدا لە نـاو بـردن و عەمبـارکردنی بە راسـتی من یەك شتتان پێ بلێم بەڕێزان دەبێ ئەو مـاددەی لە دەسـت ئەو کـابرایە دەگیرێـت تەبـعەن بە غرامە من نموونەیەکتان بـۆ دەگێـرمەوە کەسـێك (٧) کیلـۆی لـێ گیرابـوو، کاتێـك کە چـووە لای حاکم، حاکم گوتی کاکە تۆ (٤) کیلۆ ئەو ماددەیەت لە کوێ بوە؟ گوتی جەنابی حاکمی (٤) نەبوو (٧) بوو، بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەو لیژنەی پێك دێت لە (٤) ساڵ زیاتر نەبێ ناتوانێ مەسەلەن هەتـا (٤) سـاڵی بەس تەحەمـولی ئەوەی دەکـات دوای (٤) سـاڵ لەوانەیە دەسـت لەگەڵ بانـدێکی بازرگانی تێکەڵ بکات لەولایەوە پەنای بدات، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە (٤) سـاڵ زیـاتر نەبـێ و

به ئاشکراش به بەرچاوی هەموو خەڵکی کوردستان ئەوشتە لە ناو ببرێو بسوتێنرێت، نەك بە ناوی خەستەخانەی وەزارەتی تەندروستی زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم کە باس لە پێکهاتەی لیژنەکە دەکات لە خاڵی (٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنگاربوونەوەی لە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان، ئەمە ڕاست بکرێتەوە بکرێ بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی هۆشبەر کە بە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١١) تەنزیم کراوە عینوانەکەی بەم شێوەیەیە.

لە بڕگەی دووەمدا ئەوەی کاك یاسین باسی کرد گرتن و پشکنین و پاراستنی عەمبارکردنی و ئەوانە لە دەڵێ یا پێشینە کیمیایەکان لە فەرمانگەی پزیشکی دادی یەعنی لەوێ هەڵ دەگیرێن دەستیان بەسەردا دەگیرێت فەرمانگەی پزیشکی دادی چییە؟ ئەمە لە کوردستان ئێستا لە پەیمانگای پزیشکی دادیمان هەیە، فەرمانگەمان نییە، کەواتە تەعریفمان نییەو موئەسەسەکەمان نییە پێشی دەڵێین لەوێ هەڵیگرە، خۆی جێیەکە نییە، جا لە کوێ هەڵیگری، لەوێ پەیمانگای پزیشکی دادیش ئەو وەزیفەیەی نییە ئەگەر مەبەست پەیمانگای پزیشکی دادییە وەزیفەیەکی دیکەی هەیە زۆر جیاوازە لەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤١) بڕگەی ددوەم ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە هەڵدەستێت، من پێم باشە ئەو لیژنەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لەسەر کراوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەر هەڵدەستێت بە لە ئەستۆگرتنی، ئەگەر ڕەزامەندی دادوەری لەگەڵ نەبێ ئەم لیژنەیە ئەتوانن لەسەر جادە سەیارە بوەستێنن و بڵێن ئێمە بە دوای مەوادی موخەدرا ئەگەڕێین، ئەتوانن بدەن بەسەر ماڵی خەڵکا بڵێ ئێمە بە دوای مەوادی موخەدرا ئەگەڕێن، ئەتوانێ بڕواتە باخی خەڵکەوە بلێ بە دوای مەوادی موخەدرا ئەگەڕێم، پێویستە پێش ئەوەی ئەم لیژنەیە ئەرکەکەیان جێبە جێ بکەن ڕەزامەندی دادوەر وەر بگرن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ لیژنە چەند نوێنەر، چەند پێکهاتەیەك ئەگەر هاتوو نوێنەرێك لە پەرلەمان تێدابیتن خراپ نییە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە چاودێریان دەکەین، نابینە ئەندام لە گەڵیان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی کاك مەم ئەکەم، لەگەڵ ئیزافەی ئەوەی کە لە ماددەی یەکی ئەم مادەیا هاتووە ئەڵێ لیژنەیەك پێك دەهێندرێ بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پۆلێنکراوی دەرەجە یەك، یەعنی ئەم لیژنەیە کە دروست دەبێ بە شەش دانە بەدەر لەوەی ئاژانس و پاراستن و زانیارییەکان نابێ لەوێدابێ، بەڵکو ئاسایش کارەکان ئەکات لیژنەیەکی باڵا یەکێکە لە ئەندامەکان، یەعنی وەك ئەوە وایە لیژنەیەك لە ناو لیژنەیەکا دروست بکەین کە ئەمە ئەکرێت بکرێ بە کاری ئیختساسی لە لیژنەی باڵا لە هەمانکاتدا لە بڕگەی سێیەم ئەڵێ کاری ئەو لیژنەیە لە بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە دەقی لەسەر کراوە بە ڕێنمای ڕێك دەخرێت کە سەرۆکی لیژنەی باڵا دەری دەکات، یەعنی ڕێنمایەکە سەرۆکی لیژنەی باڵا دەری ئەکات، سەرۆکیش لەولاوە دادوەرێکی پلە یەکە، یەعنی دادوەرە پلە یەکەکەش دروست بێ چ ئیختساس مهامێکی هەیە، لە هەمان کاتدا نەتوانێ ڕێنمایی دەربکات بەڵکو سەرۆکی لیژنەی باڵا دەری بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەندەکان قسەیەکتان هەیە؟ نییە، بەڕێز وەزیری هەرێم قسەیەکتان هەیە لەسەر قسەی پەرلەمانتاران.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی، کاری هەردوو لیژنەکە دیارە لیژنەی باڵا سەرۆکەکەی وەزیرە، بۆیە وەزیر دەتوانێ ڕێنمایی دەربکات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك کاوە تێبینیەکی بۆ ناردبووین ئەڵێ لە هەندێك شوێن بڵاوبۆتەوە، گوایە ئێمە ئەم ئاڵای کوردستان کە بە گوڵ دامان ناوە پێچەوانەیە تەبعەن بە نسبەت جەنابتانەوە تەواوە بەس بە نسبەت ئێمەوە وا نییە و، ئەگەر ڕووی بکەیتە ئێرە سورەکە بکەوێتە لای ئێمەوە عەکس دەبێتەوە ئەو کاتە بە نسبەت ئێمەوە مەزبووتە، بە نسبەت جەنابتانەوە ڕووی کەیتە د.محیدین ئەتوانی قسەی لەسەر بکەی، ڕووی بکەیتە ئەم بەڕێزانەش هەر دەتوانی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو ئیختیارەمان کرد ڕووی لە زۆرینەکە بێ و هیچ

ئیشکالێکیشی بڕوا ناکەم تیا بێ، سوپاس بۆ تێبینیەکە، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەندەکان ماددەی (٤٢).

**بەڕێز گلوستان سعید حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم هەر یەکێك لەمانەی خوارەوە بە ئەندامی بەرزەفتکردنی دادگەری دادەنرێت بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بەدواداگەران لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا سزایان بۆ دانراوە لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی پەیوەندیدارن پێیانەوە.

١-ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢-ئەفسەران و کارمەندانی پاسەوانی سنورەکان.

٣-فەرمانبەرانی گومرگ و فرۆکەخانەو بازارە ئازادەکان و پۆست.

٤-فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوانەی تەخویل کراون.

٥-فەرمانبەرانی وەزارەت لەوانەی خاوەن پیشەی پزیشکین و ئەوانەی دیکە کە وەزیر بۆ چاودێری کردنی جێبە جێکردنی ئەم یاسایە دایان دەنێت.

بڕگەی دووەم: هەر یەکێك لەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقیان لەسەرکراوە پابەند دەبێت بە پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای بنەماکانی دادگەریـیە تاوانکارییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧١).

بڕگەی سێیەم: فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوانەی راسپێردراون بە جێبە جێکردنی ئەوەی تایبەتە بە وەزارەتەکەیان لەم یاسایە رێگە پێ دەدرێن بە هەڵکەندنی ئەو چێندراوانەی قەدەغەیە بە پێی حوکمەکانی و کۆکردنەوەیان لەگەڵ پەلك و رەگەکانیان لەسەر تێچوی خاوەنەکانیان لە کۆگاکانی وەزارەتی کشتووکاڵ دەپارێزرێن تا ئەو کاتەی بەشێوەیەکی کاتی دەعوایەکە لە لایەن دادگای تایبەتمەندەوە یەکلای دەکرێتەوە لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە.

١-ئەو رێکارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ پێی هەڵدەستن وەك دەزگاکانی بەرزەفتەکردنی دادگەری بە ئاگاداربونی لایەنە دادوەری تایبەتمەندەکانەوە بێت.

٢-هەڵکەندنی چێندراوە قەدەغەکراوەکان بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلیەکان، هەروەها کۆنوسەکانی پشکنین و لێکۆلینەوە بداتە لیژنەی پێکهێنراو بە پێی ماددەی (٤١)ی ئەم یاسایە عەمبارکردنەکەش لە ژوری توندو تۆڵبێ کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە یا لەناو بردنی بە پێی رێنمای کە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەبارەی ئەو ماددەیەوە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە ناوی خۆی تۆمار بکات (گولستان خان، کاك شێخ زاهر، گولیزار خان، کاك زانا، شادی خان، د.محیدین، کاك مم، کاك یاسین، د.کازم، خدیجە خان) بەڕێزان ئەم ناوانە ناوی خۆیان تۆمارکردوە گولستان خان فەرموون.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوونکردنەوەکی لەسەر مەشروباتێن کهولی هەیە، ئەز بێژم یان نا لەسەر مەشروباتێن کهولی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بەو ماددەیەوە چیە؟

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندی زانستی ئەز بێژم دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە ئەو ماددەیەمان تەواوکرد، ببورە سوپاس بەڕێزان دەبێ ئیلتیزام بە پەیڕەو بکەین ئەگینا ئیشەکانمان ناڕوا فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بۆم بۆتە جێگای پرسیار ئەگەر د.ڤالا ڕوونکردنەوەیەك بدات بەخۆشتان دەزانن کە لە قانونی (اصول محاكمات جزائی) لە مادده (٣٩) باسی ئەعزای زەبتی قەزائی دەکاتن بە ژماردن باس دەکات، یەعنی لێرەدا کراوە مادام بە ژماردن، ئایا کە ئەوانە لێرە باس دەکرێتن ئەوا نابێتە تەناقوزێك لەگەڵ ئەو ماددەی (٣٩) لە قانونی (اصول محاكمات)؟ و یان لێرەدا مەبەستان ئەوەیە کە تەنها ئەوانەی کە دەست نیشان کراون، تەنها بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایەیە، چونکە وا تێدەکەم دەڵێتن یەکەم هەر یەك لەمانەی خوارەوە بە ئەندامانی بەرزەفت کردنی دادگەری دادەنرێت بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بەدوا گەران لەو تاوانانەی کە لەم یاسایەدا سزایان دانراوە، یەعنی کەواتا بۆ ئەم یاسایەیە یان بابەتێکی ترە، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەوا تەناقوچ دروست دەکات موتەعاروز دەبێ لەگەڵ ماددەی (٣٩) لەقانونی (اصول محاكمات).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر کازم.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینــیەکەی مــن زۆر کــورتە مــاددەی (٤٢) بــڕگەی یەکەم فەقەرەی (٥) باســی ئەوە ئەکــات فەرمـانبەرانی وەزارەت لەوانەی خـاوەن پیشـەی پزیشـکین، پیشـەی پزیشـکی ئەوانەی خـاوەن پیشەی پزیشکین پێناسە نەکراوە، زۆریش روون نییە بزانین کێنە ئەوانە یەعنی مەودایەکی زۆر فراوان ئەوانەی خاوەن پزیشکین، ئەگەر بکرێت یان پێناسە بکـرێن یـان ئەم وشـەیە بگۆردرێـت ئەوانەی کە پزیشکن، بۆ ئەوەی شتەکە حەسر بێت دەست خۆش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نـازانم لەگەڵ کـاك دکتـۆر هـاوڕامە یـان نـا، بەڵام پشـتگیری دەکەم مـن مـاددەی (٣) کە دەڵـێ فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ هەموو فەرمـانبەران دەگـرێتەوە، دەبـێ مـوختەس بکرێ بەو فەرمـانبەرەی کە لە مـاددەی کیمیـاوی دەزانـێ، لەبەر ئەوەی وەزارەتـی کشـتوکاڵ وەزارەتـێکە ئەنواع فەرمانبەری تێدایە، یەعنی فەرمانبەری تێدایە محاسیبە، بەڵام تێیدایە دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر بەس ئەڵێ ئەوانەی تەخویلکراون ئەوانەی ڕێپێدراون دیاری کردووە.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا بەس دەڵێ فەرمانبەر لە ماددەی (٣) دەڵێ فەرمانبەری وەزارەتی کشتوکاڵ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوەی جەنابت لەوانەیە نوسخەکەی یەکەم بێ، ئەمەی بەر دەستی ئـێمە ڕاپـۆرتی لیـژنەیە ئەلێ فەرمانبەرانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوانەی تەخویل کراون یەعنی ڕێپێدراون.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێ ڕاسپێردراون، ئینجا دەبێ کەسی موختەس دیاری بکرێ هەمو کەس نازانێ لە بەشی دوەم دەڵێ عەمبارکردنی مەسەلەن ئەو ماددەیەی هەڵکەندراوە هەڵکێشراوە جی پێـدەڵێن چێنـدراوە، قەدەغەکراوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەزارەتی کشـتوکاڵ وەزارەتێکـی خزمەتگـوزاریە خزمەتـی جوتیاران دەکات، ئایا ئەو پۆلیس و ئەو ئەمنیەتەی هەیە ئەو ماددانە لەوێ دانێ، بـۆیە وا چـاکە ئەو ماددە لە شوێنێکی تایبەت بێ و عەمەلیەتی پارێزراو بـێ، ئەوجـا لە ئاسـایش بـێ وەزارەتـی

تەندروستی بێ نەك لە وەزارەتەكی كشتوكاڵ كە دەجی حەز دەكەی دوانزەی شەو برۆ دەرگا كراوەتەوە یەك پۆلیسی بەسیتی لەسەرە سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر دامەزراوەیەكی حكومەت، حكومەت بۆخۆی دەیپارێزێ، یەعنی فەرق چییە لە بەینی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی كشتوكاڵ.

**بەرێز یاسین خضر طه:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا فەرقی هەیە، چۆن وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ عەرزوو ئاسمانی فەرقە لە وەزارەتی تەندروستی بنكەی پۆلیسی تێدایە، بەڵام لە وەزارەتی كشتوكاڵ یەك كەس حەرەسە سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە قانونی (ئصولی محاكماتی جزائی) ئێمە ئەعزای زەبتی قەزائی (ئصولی محاكماتی جەزائی) دیاری كراوە ئەمانەی بە حەسر هێناوە پێویستی نەدەكرد ئەكرا رجوع بكەینەوە، بۆ ئەوە بەدەر لەوەی هێنراوە دەڵێ یاسای بنەمای دادگەری تاوانكاریەكان شتی وا هەر نییە، بنەما دادگەرییە سزایەكان ئەمانە ئەبێ یەعنی هەر بەو شێوازە، لە خاڵێكی تریشا لە خاڵی دووهەم بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری مادده هۆشبەرەكان یەعنی چی؟ كاروباری ماددەی هۆشبەر من تێناگەم ئەگەر بەرەنگاربونەوەی بەرێبەرایەتی گشتی مادده هۆشبەرەكان بەس ئایا بەرێوەبەرایەتییەكمان هەیە كاروباری ماددەی هۆشبەر، یەعنی ئەبێ ئەمانە رێكبخرێنەوە زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محی الدین فەرموو.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە مادده (٤٢) برگەی یەكەم، خاڵی دووەم، ئەفسەران و كارمەندانی پاسەوانی سنوور ئێمە پاسەوانی سنوورمان نییە، ئەوەی هەمانە هێزی پێشمەرگەیە، بۆیە پێم وایە هەر تەرجومە تەرجومەكەی عێراقیە، برگەی دووەم خاڵی دووەم هەر یەك لە برگەی یەكەمی ئەم ماددەی ئەم خاڵە دەقیان لەسەر كراوە پابەند دەبێت، چونكە جەمعە ئەوانە كۆنە تاك نینە تا پابەند ببێت.

له سێیەمیان خاڵی چوارەم، لە کۆگاکانی وەزارەتی کشتوکاڵدا دەپارێزن تا ئەوکاتەی بە شێوەیەکی کاتی بە شێوەی کۆتایی، چونکە لە عەرەبییەکەی (بشکل نیهائی ) لێرە نوسراوە کاتی، بۆیە پێم وایە ئەوەش چاك بکرێتەوە.
بڕگەی کۆتایی ئەوەی دووەم، خاڵی هەڵکەندن و کە عەمبارکردنی لە ژووری توندوو تۆڵ، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە یان لەناو بردنی بە پێی ڕێنمایی وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو، ئێمە لە مادده (٤١) باسی پێك هێنانی لێژنەکەی دەکات، لە مادده (٢) بڕگەی (٢)دا هەر مادده (٤١) باس لە ئەرکەکانی ئەو لێژنەیە دەکات، ئەرکیان پشکنیین و دەست بە سەرداگرتن و لە ناو بردنیەتی، ئێستا ئێمە دێین ئەو دەسەڵاتە دەدەینە وەزارەتی کشتوکاڵ، مەعەلعلم ئێمە لە ماددەی (٤١)دا لە بڕگەی (٢) دەسەڵاتەکە دراوە بەو لێژنەیەی کە سەر پەرشتی گرتن و دەست بەسەراگرتنی لە ناو بردنی دەکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٢) بڕگەی یەکەم ئەو دەسەڵاتانەی دراوە بە پێی دەسەڵاتی بە دواگەڕان لەو تاوانەی لەم یاسایەدا سزایان بۆ دانراوە، کۆمەڵێك لایەنی زۆر جیاواز دیاری کراون بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەدواگەڕانیان بە دواگەڕانیان هەبێت، من بە ڕاستی بۆم سەیرە، چونکە لە هەموو دنیادا بەم شێوەیە جێگەیەکی موختەس هەیە، بۆ بە دواگەڕان بەدوای ئەو جەریمانەی کە پەیوەندن یان بەئەو باندانەی کە پەیوەندیدارن بە ماددەی هۆشبەرەوە، ئەکرێ هەماهەنگیان لەگەڵ بکەن، ئەکرێ هەواڵیان پێ بدەن، ئەکرێ ئەگەر شتێکیان لەو بوارەوە بیستبێ لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکەنەوە، بەڵام ناکرێ ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش ئاسایشی ناوخۆ ئەفسەرو پاسەوانی سنورەکان فەرمانبەرانی گومرگوو فرۆکە خانەو بازارکردن و ئیلا ئاخیرهی هەموو خاڵەکان هەموویان توانای ئەوەیان هەبێ بە دوای ماددەی هۆشبەردا بگەڕێن، ئەمە ئەبێ لایەنێکی موختەس بێ جیهەتێکی دیاری کراو بێ، لەبەر ئەوە تکا دەکەم ئەمە پێویستی بە پێداچونەوە هەیە، پێویستی بە گۆرانکاری هەیە، ناکرێ ئەم هەموو دەسەڵاتە توانای گەڕانی هەبێ بە دوای ماددەی هۆشبەردا سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٢) له خاڵی سێیەم، فەرمانبەرانی گومرگ و فرۆکەخانەکانی بازارە ئازادەکان و پۆست پۆست چییە؟ ئەگەر روونکردنەوەیەك هەبێ له لایەن پۆست نوسراوە، جا ئەگەر روونکردنەوەیەك هەبێ باشترە و فەرمانبەرانی گومرگ و مەرزەکان ئیزافە بکرێ، چونکە مەزرەکان تەنها فەرمانبەرانی دائیرەی گومرگی لێ نییە، بۆیە ئەوانیش چاودێربن، لە خاڵی (٥) هاوڕام لەگەڵ رایەکەی کاك (د.کازم) لەوانەی خاوەن پێداویستی پزیشکین، دەبێ یان تەعریفی بکەین یان بیگۆڕین، بەس وا چاکترە ئێمە بیگۆڕین بە خاوەن پیشەی تەندروستی، چونکە دوو مانای لەیەکتر جیان، ئێمە دەزانین لەسەر سنوورەکان لەو جێیانەی له بنکە تەندروستییەکان کە چاودێری تەندروستی بازارەکان دەکەن، ئەو ستافەی کە لەوێن ستافی زیاترو لیقایەی تەندروستین، ئەوانەی چاودێری بازار دەکەن، بۆیە ئەگەر بڵێین ستافی پزیشکی تەنها پزیشك و دەرمانسازس دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین ستافی تەندروستی، رەنگە کیمیایش بگرێتەوە و یاریدەدەری دەرمانسازو چاودێرانی بازار بە بواری تەندروستی بگرێتەوە و، ئەوانەی لە ناو کارگەکانی دەرمانیشدا کار دەکەن دیسان هەر بە ستافی تەندروستی ناو دەهێنرێن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە لە ماددەی (٤٢) بڕگەی یەکەم هەمان تێبینی خەدیجە خان و سەرچنارخانە، بەرزەفتکردن معنای (اعضاء الضبط القضائي في اصول محاكمات جزائية) تەعدادی کراوە حسریەن، هەروەها لە خاڵی سێیەم فەرمانبەرەکانی گومرگ و فرۆکەخانە خۆی حەسەب (اصول محاكمات) باسی مودیری فرۆکەخانە دەکات و، مودیری گومرگ، نەك فەرمانبەران بەشێوەی گشتی، جا ئەو روونکردەوەمان دەوێ لە د.ڤاڵا، سوپاس.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دەست خۆشی لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەم کە پرۆژەکەی کردووە، من جەخت دەکەمەوە زۆر پرۆژەیەکی دووروودرێژوو وەرزکەرە، وێرای دەست خۆشی بەراستی لە ناو لیژنەی یاسایی ئەم پرۆژەیە رۆشتووە، نازانم تا چەند مولاحەزەی هەندێ شتیان کرد، تەنیا سێ نوقتە باس دەکەم، سێ خاڵ دوای تەماشا ئەکەین عەیبەیە بۆ ئێمە ئەم یاسایە بەم شێوەیە لە

پەرلەمان دەرچێ، تەنیا سێ خاڵ باس ئەکەم، یەعنی ئەوەی فەرمانبەران تەبعەن لە ماددەی یەکەم خاڵی سێیەم، فەرمانبەانی گومرگ و فرۆکەخانەو بازار ئازادەکان پۆست، ئەوەی کاك زانا ئاماژەی پێکرد پرسیاری کرد من تێئەگەم کە ئەڵێ پۆست، پۆست مەنسەبە، پۆستەو گەیاندنە، دائیرەی بەرید پۆستەیە، پۆست یەعنی مەنصەب، مەنتق نییە فەرمانبەری پۆستمان نییە، ئێمە بۆیە بزانن هەڵەی زمانەوانی چ کارەساتێك دروست دەکات بۆ یاساکانمان، چوارەمیان پێویست ئەکات ئەم مەسەلەیە فەرمانبەرانی مخەوەل کە لە عەرەبییەکەی لەبەردستمانبایە، عەیبە وشەی مخەوەل نابێ تەخویل کراو بێت سەر پشك دەکرێ سەرپشککراوە فەرمانبەرانی سەر پشککراو لە وەزارەتی کشتوکاڵ عنوانەکە دوایی دێتە پێشەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ نەك بڵێی لە وەزارەتی کشتوکاڵەوە تەخویل کراون پێنجەم خاڵ، ئەمە بەس بۆ بەرچاو رۆشنی جەنابتان پێنجەمیان (٥) لە ناو نوسخە ئەسڵییەکە دەڵێ(موظفین وزارة من دول مهن طبیة من غیرمن الذین یعاونون من الوزیریعینون الوزیر لرقابة هذا القانون) ئەم مەسەلەیە نابێ تەندروستی بێت فەرقی هەیە ئەمە پزیشکییە، دەبێ بڵێ ئەو فەرمانبەرانەی موعەرەفە لێرە ئەو فەرمانبەرانەی وەزارەت کە پیشەی پزیشکییان هەیە ئەوانەی دیکەش بۆ وەزیر بۆ چاودێری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دایان دەنێن مەبەستم لەم جوملە رەکیکانە لە کۆی یاساکەدا هەیە بەراستی وەئەم شتانە دواجار بڵاو دەبێتەوە هیوادارم پێشنیازەکەم بۆ هاوڕیانی ئەزیز یەکێکن لە لیژنە ماندووەکان لیژنەی یاسایی بەراستی جێی دەستخوشییە ئەم ماندووبونەیان بەڵام پێشنیاز دەکەم ئەم یاسایە ئێمەش ئەتوانین هاوکاریان بین بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایانە بۆ ئەوەی موتەکاملتر بێتە بەردەستمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە قانونی ئسول مەحاکەماتی جەزائی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٧١ مادە (٣٩) چەند کەسێك دیاری کراون وەك ئەندامی بەرزەفتکردنی دادوەری (اعضاء ضبط القظائي) پێنج کەسن هەر یەکە بەپێی ئیختیساس و مەکانەتی خۆیان و بەپێی ماددەی ٤١ لە قانونی ئسول مەحاکەماتی ئەو کەسانە بۆیان هەیە کە شەکوایان پێ دەگات یان جەریمەیەك روودەدات ئاگاداری قازی یان ئیدعای عام بکەن گوی لە شەکوایەکان بگرن و لەو کەسانەی کە بە (اعضاء ضبط القضائي) دانراون یەك لەوانە موختاری گەرەك یان موختاری گوند بەراستی موختار گرنگییەکی زۆری هەیە زانیاری زۆر لەلای موختارە، بۆیە داوا دەکەم موختار ئیزافە بکرێ لەو کەسانی کە (اعضاء ضبط القضائي) لەو یاسایەدا هاتوون.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، فەرموو روژان خان لیژنە تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز روژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت ماددا (٥٥) برگەی (٢) داخاز ژ جەنابێ تە بکەم کو وشەی عەیبە کە پەرلەمانتارەکی ب کار ئینای لابرێت لە پرۆتۆکۆل، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە تایبەتمەندەکان قەستان نییە؟ فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دڤێت تەئکید کەمەڤە عەدەدەکێ زۆرێ کۆمبوونا مە کر ئو زائیدەن جەلسێت پەرلەمانی بەردەوام بوون ئەڤ پرۆژە ب خۆ ئێك ژ پرۆژێت بەرفرە و گەلەکێ شامله ئەم هند ڤێرا گەهشتین وەکو سیاغەکا قانونی تەماشا بکەین نوکە ژی ئەز تەئکید کەمەڤە لیژنا یاسایی نە لیژنا زمانەڤانیە، ئەز ژی پێشنیار دکەم بۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ئەڤ حالەتە گەلەك جارا تیکرار بیت و هەمی جەلسادا ئەندام تێبینیێت وانا ژی مەعقولن لیژنەیەك هەبیت وەکو فلتەرەك بەری بۆ لیژنا یاسایی بێتە ئیحالە کرن ژ ناحیا لوغەوەڤە چونکی سۆرانیا مەیا تەواو نینە حتا ژ بلی هندێ خەلکێ سلیمانی و هەولێرێ مەعنا هندێ نیە سۆرانیێ هەمی دزانن ژ ناحیا لوغەوی پێتڤی ب شارەزایێن ئەکادیمی یێت زمانەڤانی هەی ژ بەر هندێ ئەڤێ سەر لیژنا یاسایی حساب نەکەن، وە حەزدکەم سەر کۆیا پرۆژێ بەڕێز وەزیرە ئەگەر روونکردنەکێ بدەت چونکە ب راستی ئەڤە هەمی شولێ لیژنا یاسایی نینە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی سوپاس، کرمانجی ژووروش ڕێزمانەکەیان زۆر دەوڵەمەندە هیچ فەرقی نییە لە راستی دا نەك فەرقی نییە لە رووی ڕێزمانی و لە زۆر رووەوە زۆر دەوڵەمەند و بەهێزە بەڵام ئیتر ئەوە زمانی نووسین و زمانی رەسمیات سۆرانی یە ئێمە واجبمانە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکاری لیژنە تایبەتمەندەکان بین بۆ ئەوەی لە رووی زمانەوانیەوە لەم دارشتەیە باشتر ئامادە بکەین ئێمە حەوت رۆژمان لە بەر دەستە رێکی دەخەینەوە، بەڵێ دکتۆرە ڤالا قسەیەکتان هەیە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئیشارەتی پێدرا بە نیسبەت قانونی (اعضاء ضبط القضائي) کە لە قانونی ئوسولی مەحاکەمەی جەزائی هاتووە مەعنای ئەوە نییە ناتوانێت لە قانونێکی تر چەند کەسێك کە وەکو

(اعضاء ضبط القضائي) تەحدید بکات ئەو کەسانەی لیرە دیاری کراون مانای ئەوە نییە جێگای ئەو کەسانە دەگرنەوە کە لە ئوسولی مەحاکەماتی جەزائی دا هاتووون ئەوان کاری خۆیان دەکەن و ئەوانەش لێرە کاری خۆیان دەکەن، ئەرکی وان تەنها جێ بەجێکردنی ئەو مادده سزاییانەیە کە لەناو ئەو قانوونەدا هاتووە، بۆیە هیچ تەناقوزێك لە بەینی ئوسول مەحاکەمەی جەزائی و لە بەینی ئەو یاسایە روونادات، بۆیە هەریەکەیان ئەرکەکانیان دیاری کراوە، ئەفسەران و کارمەندان و پاسەوانی سنورەکان، پاسەوانی سنور لێرە یەعنی (حرس حدود) مان هەیە جیاوازە لەگەڵ (حرس اقليم) دەستوری عێراقی پێشمەرگەی بە (حرس اقليم) ناوهێناوە لە ناو دەستورەکەیدا، بۆیە لێرە هیچ خەلەلێك نییە، بەڕێوەبەرایەتییێك هەیە لە کوردستان بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر، بەڵێ بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییە سەر بەدەزگای ئاسایشە لە هەرێمی کوردستان تەئیدی دکتۆر کازم و کاك زانا دەکەم لەوەی لە پیشەی پزیشکی بگۆڕدرێت بۆ پیشەی تەندروستی، لەبەر ئەوەی لیرەدا هاتووە (من ذوي المهن الطبية) واتا تەندروستی راسترە، خاڵەکانی تر لەگەڵ ئەوەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماددەی (٤٢) وەکو خۆی پەسند بکرێت لە بەر ئەوەی هیچ خەلەلێکی یاسایی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆرە گەلاوێژ روونکردنەوەت هەیە وەکو ئەندامی لیژنەی موختەس، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبيد عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٢) دووەم لە کۆتاییەکەی لە عەرەبییەکە نوسراوە وەزیر رێنمایی دەردەکات، لێرە نوسراوە وەزیری کشتوکاڵ، من پێموایە وەزیر مەبەستی وەزیری تەندروستییە کە رێنمایی دەردەکات لێرە ئەوە بە هەڵە نوسراوە، چونکە لایەنی لەناوبردنی ماددەی هۆشبەر لە لایەنی تەندروستی دەبێ وەزیری تەندروستی رێنمایی دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ سوپاس، ماددەی (٤٣).

**بەڕێز رۆژان ابراهيم على:**

ماددەی (٤٣):

یەکەم: ئەو لایەنەی ماددەی هۆشبەرەکانی گرتۆتەوە بڕی یەك ملیۆن دیناری پێ دەبەخشرێت بەرامبەر بە هەر کیلۆ گرامێکی دەست بە سەر داگیراو.

دووەم: ئەو بڕە پارەیەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەقی لە سەرکراوە دو هێندە دەکرێت لە حاڵەتی دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارە قاچاخچیەی کە ماددەی هۆشبەرەکانیشی بەردەستە.

سێیەم: پاداشتێك بە ڕێژەی (٤٠%) بەهای ئەو پاداشتانەی لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیەی دەقیان لە سەرکراوە دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی هەواڵ دەدەن لە سەر تاوانەکانی بازرگانی پێ کردن بە مادده هۆشبەرەکان ئەگەر هەواڵ دانەکە بووە هۆی ئاشکرا کردنی تاوانەکە و دەستگیرکردنی تاوانباران.

چوارەم:

ئەو پاداشتەی لە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە دەقی لە سەرکراوە رادەستی ئەو کەسانە دەکرێت کە دەیانگرێتەوە لە ڕێگای دەزگای ئاسایش و میکانیزمی خەرجکردنیشی بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت کە بەڕێز وەزیری دارایی دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسیوە بۆ ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین، (کاك زانا، حەسیبە خان، کاك سیروان، شیرین خان، کاك شاخەوان)، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٣) بڕگەی یەکەم کە باس لە پاداشت دەکات لە بەرامبەر کەسێك، ئەگەر کیلۆیەك ماددەی هۆشبەر رادەست بکات، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی لێرە دیاری کراوە، رەنگە هاندانێکی هێندە پێویست نەبێت کە خەڵکێك هان بدەین لە جێگا و شوێنێك و بە هەر شێوازێك یا هەر بڕێك ماددەی هۆشبەر بەدی بکات رادەستی بکات بۆ تموح و ئامانجی شەخسی و مەبەستی خۆی بەکاری نەهێنێت، لێرەدا من پێشنیاز دەکەم کە بڕی ئەو پارەیە لە (٥.٠٠٠.٠٠٠) بۆ (١٠.٠٠٠.٠٠٠) دینار بکرێت وە بە پێی جۆری ماددەی هۆشبەرەکەش دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تێکڕا لەگەڵ ماددەی (٤٣) دا نیم و تەسەور ناکەم لابرێت، بەڵام ئەم (١.٠٠٠.٠٠٠) دینار و تا خوارەوە رەنگە ئینشالای خوای لە سەر بی َ ئەو دەوڵەتەی ئێمە هەزار ساڵ تەمەنی بێت رەنگە لە دە ساڵی داهاتوودا ئەو یەك ملیۆن دینارە کۆکا کۆلایەك نەکات، رەنگە زۆر زۆریش بێت، من پێشنیاز دەکەم لە دونیا عورف وایە ئەگەر هاتوو پاداشتی کەسێك بکەیت لە کەشفکردنی شتێك بڕوانایەك دەهێنێت کەوا ئینسانێکی باشە لە پێشخستنی کۆمەڵگاکەی و لە تاوانبارانی کەشف کردووە قەلەمێك یا میدالیایێك دەهێنی، بەڵام بە بڕێکی باش ئەگەر ملیۆنێك دینار بوو میدالیایێکی ئاڵتون بکەن بە شانییەوە بە یەخەیەوە، ئەمە هەم ناحیە مەعنەوییەکە زۆر زۆر گەورەترە لە پارەکە، دوو بۆ خۆی و کەس و کارەکەی دەمێنێتەوە لە کۆمەڵگایەکی وەکو

کوردستان بەشداری کردووە یا هەماهەنگ بووە لە گەڵ دەسەڵاتەکاندا بۆ ئەم ئیشە باشە بۆ نموونە دەڵێم ئینشاڵای خوای لە سەر بێت ئێمەش وا بکەین لە هەموو دونیادا هەیەساڵانە لە هەموو شارێك، ئینجا لە هەموو هەرێمێك ئینجا دەوڵەتێك کەسی باش هەڵدەبژێرن ئەوکەسە باشەی کە ئیشێکی خێری کردووە دەستنیشانی دەکەن بە کەسایەتی ساڵ لە شار، ئینجا کەسایەتی ساڵ لە هەرێمەکەدا و ئینجا لە وڵاتەکەدا جا من پێشنیار دەکەم زۆر بە کورتی دەڵێم ئەو کەسە شایستەی ئەوەیە برێك لە سەروو ئەو ماددەیە و بۆی زیاد بکرێت کە نیشانەیەکی ئازایەتی بدەنێ، لە خاڵی چوارەمیش لە رێگای دەزگای ئاسایش ئەو پاداشتە دەدرێت ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، چونکە دەزگای ئاسایش شوێنێك نییە پاداشتی خەڵك بکات بەدەر لەوەی کە رەئی خەڵك و پەرلەمانتار چۆنە، ئەوە لە رێگای وەزارەتێکی مەعنی یا وەزارەتی کۆمەڵایەتی بێت یا لە لیژنەیەکی بۆ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موڵاحەزەم لە سەر ئەم ماددەیە هەیە، هاوڕام لەگەڵ کاك سیروان بەراستی دیاری کردنی ئەو مەبلەغانە مەترسیەك هەیە، پێویستە لێرە باسی بکەین، ئەمە هۆڵی پەرلەمانە و گواستنەوەی راستەوخۆش نییە، بۆیە هەندێ قسە هەیە دەبێ بیکەین لە ئێستادا کە ئەو یاسایە نەبوو پێشتر خەڵکانێك هەبوون توش دەکران بەوەی کە ماددەی هۆشبەریان لەلایە، ئافرەت هەبووە لە ئارایشتگاکان کە توشکراون برێك ماددەی هۆشبەر خراوەتە جەنتای، بۆ ئەوەی توش بکرێت و ناچار بیت کاری تر لە گەڵ ئەم ئارایشتگایە بکات، ئەگەر لێرە ئێمە بە یاسا رێك بخەین پاداشت بدەینە ئەو خەڵکەی هەواڵ دەدات دڵنیاین ئەم حاڵەتان زۆر زیاتر دەبن، بۆیە دەبێ ئێمە رێگری بکەین هەدەف لەو یاسایە ئەوەیە رێگری لەم حاڵەتانە بکەین نەك رێگا خۆش بکەین، بەیانی دوو گەنج شەڕ و دەمەقاڵێیان دەبیت برێك ماددەی هۆشبەر دەخاتە گیرفانینەوە هیچیشی پێ نییە بۆ ئەو ملیۆن دینارە هەواڵیشی لە سەر دەدات، کەواتە ئێمە بە یاسا دەرگامان بۆ ئەو حاڵەتە کردەوە، بۆیە بە رای من رێگایەکی تر بدۆزینەوە وەك ئەوەی کاك سیروان باسی کرد بڕوانایەك رێزلێنانێك پاداشتی بکەین مەراسیمی بۆ بکەین هەرچی بۆی دەکەین، بەڵام پارەی لی دەربێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٣) بەشی زۆری هاوڕێیان باسی ئەوەیان کرد کە بیر لەوە بکرێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە لە بری پاداشتەکە، چونکە راستە ئەو قسە قسەیەکی حسابییە، کەسێك ئەگەر بڕیار بێت پاداشتە بدەیتێ پاداشتەکە دەبێتە بەشێك لە مەشاکیل و سەرئێشەی گەورە بۆ خەڵك، بەڵام حەق وایە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە لە بری پاداشتەکە شتێکی کەی بۆ بکرێت و من پشتیوانی رای هاوڕێیان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری رای کاك زانا و کاك سیروان دەکەم، هەرچەندە سزاکان قورستر بن ئێمە دەتوانین رێگری بکەین لەوەی کە کەسەکان ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان نەبن و بازرگانی پێکردنی کەمتر بێتەو، بەڵام لەهەمان کات ئەگەر پاداشتەکان زیاتر بکەین دەرگا لە بەردەم خەڵکەکە دەکەینەوە، بۆ ئەوەی کارەکە زیاتر فراوان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ بەڕێزت، لیژنە تایبەتمەندەکان قسەیەکتان هەیە؟ سێ کەس داوا دەکات پاداشتەکان لاببرَت لای خۆتان تەسجیلی بکەن، بەڵێ کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب راستی من ژی قەناعەت ب پێشنیارا ڤان ئەندام پەرلەمانا هەبوو حسیبە خان و کاك زانا و کاك سیروان، راستە دەمێ موشەرەع قاعیدێ قانونی رسم دکەت پێتڤیە دوورتر هزر بکەت فعلەن ئەڤە هەژی هندێیە کو ئەم هەمی لڤێرێ موشەرەعێت ڤێ یاسایێنە هزر ت هندێ دا بکەین کو ئەم دەرگەهەکی ڤەکەین تەشجیعێ دکەین کو خەڵکەکی عەمدەن توش کەنێ و ئیحتماله خەڵکەکی بێ گونەهـ ژی بیت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤٤)

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٤)

جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری تەندروستی و وەزیـری دارایـی بۆی هەیە پاڵپشت بە مۆڵەتی دادوەری لێکۆڵینەوە شێوازی رادەست کردنی مادده هۆشبەرەکان و کـارتێکەرە ئەقلیەکـان و پێشـینە کیمیاییەکـان بەکـار بهێنێـت بە مەبەسـتی ئاشـکراکردنی باندەکانی تاوانکاری ئەوانەی مامەڵە بەم ماددانە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کێ هەیە لەبارەی ئەو ماددەیە قسە بکات، سیاغەی ئەم ماددەیە باش بوو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فــیعلەن ئــێمەش تەئیــد دەکەیــن ســیاغەی زۆر باشــە، بەڵام پرســیارەکەی مــن لەوەیە روونکردنەوەمان بدەنێ، مەبەست چییە لە جێگری دەزگا، ئایا دەزگاکە بـۆی هەیە یـا ئـیلا ئەو کەسە، ئەگەر جێگری دەزگا ئەو کاتە کارێکی هەبـوو ئایـا کەس بـۆی نیـیە ئەو کـارە بکـات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سیاغەی ئەم مـاددەیە ئەسـل ئیشـە ئەساسـیەکە هـی جێگـری دەزگـای ئاسایشـە هەمـاهەنگی دەکـات لەگەڵ وەزیرەکـان وەزیـری تەندروسـتی و وەزیـری دارایـی، لە ئەسـلدا ئیشـی ئەوە بە گوێرەی سیاغەی ئەم ماددەیە، ئەوە روونکرنەوەکەیە، کاك دکتۆر کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٤٤) مـن پێمـوایە هەر وەکـو چـۆن بەکارهێنـانی ئەم مـاددانە مەمنـوعە و قەدەغەکــراوە و بە یاســاش دەردەچێــت وە بازرگــانی کــردن و گواســتنەوە و فرۆشــتن و دەستاودەست پێ کردنیان کردارێکی ئابڕوبەرانەیە، بە هەمان شێوە رێگە نادرێت بەکاربهێنرێت بۆ هەر رێکارێکی تر وە لە توب شتێك هەیە پێی دەگوترێت (Placebo) واتا دەرمـانێکی سـاختە، واتا تۆ لە شێوازی ساختەدا دەتوانی لە شـێوەی حەب گەچـی لە نـاو دەنێـی، چـی لە نـاو دەنێـی دەتوانی دروستی بکەیت و نـاوی بنێیـت دەرمـانی هۆشـبەر، بەڵام دەرمـانە هۆشـبەرەکە نەبێـت دەکرێ ماددەیەك بێ هیچ کاریگەری سلبی و ئیجابی نەبێـت لە سـەر جەسـتەی ئەو مـرۆڤە ئەوە بەکار بهێنیت، نەك مادده هۆشـبەرە ئەساسـیەکە بکاربهێنیـت، بـۆ ئەوەی خەڵکـی پـێ بگریـت یـا باندی پێ بدۆزیتەوە، واتا دەکرێت ئەگەر ئەمە مەبەسـتیانە ئەم مـاددەیە بمێنێـتەوە، بە راسـتی من هیچ لەگەڵ ئەوەدا نیم ماددەکە خۆی بەکار بهێنیت، بەڵکو دەکرێ شیتی دەرمانی ساختە کە لە وڵاتـانیش بەکاردەهێنرێـت ئەوەی پێـی دەگوترێـت (Placebo) ئەوە بەکـار بهێنرێـت بـۆ ئەو رێکارە یاساییەی کە لەم ماددەیە بەکار هێنراوە، ئەگینا بەکارهێنانی ماددەکە خودی ماددەکە بـۆ دەستگیر کردنی خەڵك ئەوە پاساوێکی بە راستی ئەقلانی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، لیژنە تایبەتمەندەكان قسەیەكتان هەیە؟ ئەو ماددەیە لە دەقە عەرەبییەكەدا هەیە؟ دەقە عەرەبییەكە لای كێ هەیە؟ كاك جلال وەكو لیژنەی یاسایی قسەمان بۆ بكە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قسەكان بەڕێز دكتۆر كاقم، دیارە ئێمە لە عەمەلی بینیومانە كاتێك دەڵێ بەكار دەهێنرێت لە ژێر چاودێری بەڕێز دادوەری لێكۆڵینەوە دادوەریش بە خۆت دەزانی جێگری دەزگای ئاسایشی سەربەخۆ ئەم كارە ناكات بە مۆڵەتی بەڕێز دادوەری لێكۆڵینەوە ئەو كارە دەكات وە هاوكات شێوازی بەكارهێنانەكەی، ئەمە لێرە مەتنە بەو شێوازەیە مەسەلەن جێگری ئاسایش هەندێك لەم ماددەیە بە چاودێری بەڕێز دادوەری لێكۆڵینەوە دەینێرێت لە ڕێگای موخبیری یا ئەو كەسەی بۆ ئەو كەسانەی تەڵەبی كڕینی دەكەن یا تەڵەبی فرۆشتنی دەكەن ئەو كات كە دەبینی لێی دەكڕێ دەزانێ ئەو كەسە كڕیارە وە وردە وردە باندەكە كەشف دەكات و دەستگیری دەكات، بۆیە ئەگەر تۆ ماددەیەكی تەزویری بدەیتێ ئەو كەسە خۆی خەبیرە وە بەكاری دەهێنێ وە لەگەڵ بەكارهێنانی یەكەم نەفەسی دەزانێت ئەمە ئەو ماددەیە نییە، بۆیە موخبیرەكەش لای سووك دبێت و كاری لە گەڵ ناكات و، بۆیە من تەسەوڕ دەكەم بەم شێوازەیە و مانەوەی زەڕوورە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو كەسە ماددەكەی بەكارهێنا و بەو ماددەیە گیانی لە دەست دا حجەت چییە بۆ ئەمە؟ ئەگەر تۆ كەمینێكت دانا و ماددەكەت دا بەو كەسەوە، ئەو ماددە هۆشبەرە هەموومان دەزانین گرفتی تەندروستی دروست دەكات، هەر لەویەوە تووشی گرفتێكی تەندروستی كرد دڵی وەستا حاڵەتێكی بە سەر هات و مرد حجەت چییە بۆ ئەوە؟ بەڵام ئەگەر شتێك بدەیتێ و لە رووی علمیەوە بیسەلمێنێ نابیتە هۆكاری مردن یا گرفتی تەندروستی بۆ ئەو كەسە، واتا هەر شتێكی بە سەر بێت دەزگای ئەمنی و ئەو لیژنە هیچ گرفتێكی یاساییان لە سەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٤٥:

پاداشتی ئەو لێژنەیە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤١) و بڕگەی دووەمی ماددەی (٣٨) ی ئەم یاسایە دەقیان لە سەرکراوە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت کە وەزیر دەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ سەرچنار خان، کام مم، کاك زانا، سوپاس بۆ ئەوانەی کە تا ئێستاش تاقەتی مناقەشەیان ماوە، فەرموو سەرچنارخان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیی (٤٥) ئەگەر پاداشتی ئەو لیژنەیە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤١) وە هەیە واتا پەیوەندی بە ماددەی (٤١) وە هەیە و بڕگەی دووەمی ماددەی (٣٨) وە پەیوەندی بە ماددەی (٣٨) وە هەیە پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە بۆ ئەمە لە ماددەی (٤٥) هاتووە ئەگەر پەیوەندی بە ماددەی (٤١ و ٣٨) وە هەیە ئەسل وایە دەبێ لە ماددەی (٤٢) هاتبوایە ئەمە خاڵێك خاڵێکی تر پاداشتی ئەو لیژنەیە دوو لیژنە تەحدید کراوە یەکیان لە ماددەی (٣٨) و یەکیان لە ماددەی (٤١) هەردووکیان کاری قانونی و وەزیفی خۆیان دەکەن چ پێویستیان بە پاداشتە ئەسلەن ئەم پاداشتە هەر نەمێنێت و ئەم ماددەیە لابرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٥) من پێم باشە ئەو پاداشتە تەنها ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە ماددەی (٤٣) دا هاتوون لە ڕاستی دا نەك لە ماددەی (٤١) ئەوانە ئەرکیان پێکهێنانی سەرپەرشتی لیژنەکە دەکەن بەڵام لە هەموو حاڵەتێك دا لە خاڵە گومرگییەکان تەنها بۆ ماددە هۆشبەرەکان نا بەڵکو بۆ ئەو کەل و پەلانەی کە بە قاچاخیش داخیل دەبن لە خاڵە سنورییەکان پاداشتێك دیاریکراوە لە بەرامبەردا دەدرێتە ئەو کەسانەی دەست بە قاچاخەکان دا دەگرن بۆیە مانەوەی پاداشت لە ماددەی (٤٣) کارێکی پێویستە و زەرورە، سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لە گەڵ رایەکەی سەرچنار خان ئەوانەی لە ماددەی (٤١) دا ناویان هاتووە، هەموویـان پۆستیان هەیە ئەگەر بگەڕێیەوە ماددەی (٤١) دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پەیمانگەی پزیشکی دادیە بەڕێـــوەبەرایەتی گومرگـــانە، ژمـــارەیەك لەو بەڕێـــزانە هەموویـــان پۆســـتیان هەیە لە چوارچێوەی ئەرکەکەی خۆیان ئەم ئەرکە دەکەن وە موچەیەکی باشیشیان هەیە وە پلە تـایبەتن زۆربەیان، بۆیە پێویست بە پاداشت ناکات ئەوەیان نەبێـتە عەتـف بەرامـبەر بە زەمیلەکانمـان لە لیژنە پزیشکییەکان، بەڵام هی ئەوان حەقـی خۆیـانە ئەوانەی لە مـاددەی (٣٨)، چـونکە واقعێـك هەیە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەبێ بیزانن پزیشکە پسپۆڕییەکان ناچنە ناو ئەو لیژنانەی کە مەترسیان هەیە، چونکە ئەوەشیان هەر وازحە تاوەکو ئێستا لە کوردستان ئێمە یاسای پاراستنی مافی پزیشکانمان نییە وە ئەو لیژنانەش لیـژنەی مەترسـیدارن، بـۆیە ئەگەر پاداشـت نەکـرێن یـا دەرماڵەیەکیان پێ نەدرێت ناچنە نـاو ئەو لیژنـانە، بـۆیە ئەوانەی لە مـاددەی (٣٨) ی ئەم یاسـایە دەقیان لە سەر کراوە تەنها ئەوان پاداشت بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەڕای ئەوەی پشتیوانی لە تەواوی بۆچوونەکانی سەرچنار خان دەکەم بە هەڵوەشانەوەی ئەو ماددەیە و هەر نەمێنێت پێویست ناکات، تەنـانەت کـۆی ئەو پاداشـتانەی لە نـاو ئەو یاسـایە هەڵبوەشێتەوە و پاداشت پێویست ناکات وە لە حاڵەتێکیش ئەگەر حـاڵەتێکی لەو شـێوەیە بـوو، کافیە ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە وەزیر رێنمایی دەربکات لە ناو رێنماییەکەدا دواتر ئەنجومەنێکی باڵایە و ئەو هەموو پۆسـتی بـاڵای تێـدایە لە ناویانـدا پاداشـت کـردن بـودجەیەکی لە بەر دەمـی دابێـت، بـۆیە ناوهێنـانی پاداشـت لە نـاو ئەو یاسـایە بە بـاش نـازانم و بە هەمـوو شـێوەیەك بسڕێتەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە لە هەمـوو شـوێنێك باسـی ئەوە دەکەیـن خۆشەویسـتی خـاك و نیشـتمان و بەرپـاکردنی عەدالەت، ئێمە هەموو فەرمانبەرێکی ئەم وواڵتە بە ئاسایش و بە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە هەتا دەگـاتە وەزیـر، ئیشـەکەی ئەوەیە کە یەکەم شـت خۆشەویسـت بێـت بـۆ خـاك و نیشـتمانەکە و

ئیشەکەی خۆی بکات، ئێ ئەو مووچەیەك وەردەگرێ، لە پای مووچەکەی خۆی ئیش دەکات، من هەر بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەم، بزەبت لەگەڵ سەرنجەکە و راکەی سەرچنار خانم و پشتگیری لێ دەکەم و، کاك لوقمانیش کە دەڵێ ئەگەر کەسێك شایستەی پاداشت بێت لەم یاسایە، تەنها ئەوانەی کە لەناو بڕگەی (٤٣) کە من ئاماژەم پێکردووە، دووبارەی دەکەمەوە، پاداشت پارە نییە بیدەیتە خەڵك، پارە دەروات و دەیدا بەشتێك و دەیخوا، پارەی سەیارەیەکەی پێ دەگۆڕێ و تەواو، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەو پاداشتە دەبێ بدرێت، بۆ نموونە کیلۆیەك لەو ماددەیە،........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، بەڵام ئەو لەناو پەیڕەو نییە، نابێ دووبارەی بکەیتەوە، پەیامەکە گەیشت سوپاس، ماددەی (٤٦)، کاك بژار فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆکی لیژنە تایبەتمەندەکان، ئێمەش پێشنیار دەکەین و گەیشتینە ئەو قەناعەتە ماددەی (٤٣) و (٤٥) هەر نەمێنێت لە پرۆژەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە ئەگەر پاداشتەکان یانی لیژنەکانی کە لە ماددەی (٣٨ و ٤١)دا هاتوون، بڕوامان بەوە هەبێ پاداشت وەربگرن، ئەبێ ماددەی (٤٥) بمێنێتەوە، چونکە ئەبێ تەنزیم بکرێ، وئەگەر بڕوامان وابێ پاداشت هەر نەمێنێ، ئەو کاتە دەبێ ماددەی (٤٥) نەمێنێ، باشترە ئێوە دیراسەیەکی زیاتری بکەن، ئەگەر قەرارتان دا ئەو دوو ماددەیە، واتا قەناعەتتان وابوو کە ئەو دووانەی تریش زەرور نییە، ئینجا وای لێ بکەن، تەواو وازیحە یانی ئێوە پێتان وایە کە زەروور نییە، باشە رۆژان خان فەرمووو.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەحس کری ماددا (٣٨) و (٤١) بە حس کرا کو پێشتر بەحسا کر، ماددا (٣٨)، چونکا بە حوکما گشتی تەبیعی د بەحسێ کرێ باشترە دیراسەتی بێتە کرنێ، نەك لادانێ، و رێکخستنێ بکرێ، باشترە پاداشت هەبێتن کو تەشجیعەکی بۆ ئەوانا ببنە ئەندامێ ڤان لیژنەدا، سەبارەت بەحسێ (٤٣) کرد، ئەڤە ڤێری بۆچی باسی (٤٣) نەکریا، چونکا (٤١ و ٣٨) بەحسێ لیژنەیا کری، ڤەری ناڤێ لیژنا نەینادی، (٤٣) بەحسێ لایەکیا، نەبەحسێ لیژنانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٤٦) فەرمووو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٦): رسوماتی ئەو مۆڵەتانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، بەپێی خشتەکانی رسوماتی ژمارە (١١) کە هاوپێچی ئەم یاسایەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، یەکەم جار خشتەکە بخوێنێتەوە، دووەم روونکردنەوە بدەن، تکا دەکەم لە لیژنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ ئەوە لەبەردەستاندایە کاك دیار.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خشتەکە روون نییە، ئەو خشتە چۆنە و کێ وەریدەگرێت و لە کوێ وەردەگرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وازحە، کێی تر قسەی هەیە، سەرچنار، کاك مەم، کاك زانا، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خشتەی ژمارە (١١) هیچ روونییەکی تێدا نییە، چونکە ئەو بڕانەی بە سەدا یەك و دووسەدو پەنجا هەزار دینار وهەتا لە خاڵی پێنجەمدا هەر بەرەسمی رێگا بە خەڵك دەدات بچی بچینێت، یانی لە خاڵی چوارەمدا لە خشتەکەدا، خشتەی ژمارە (١١) خاڵی چوار، پێنج سەد هەزاری خۆی بدا و بچی بچینیت، هیچ موشکیلەی نییە، کەواتە ئێمە یاسا بۆ دەردەکەین، بۆیە داوای روونکردنەوەی تەفاصیل دەکەین لە لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەرفەتیان دەدەین، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رسوماتی ئەو مۆڵەتەی لەو یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، بەپێی خشتەکانی رسوماتی ژمارە (١١) ی ئەم یاسایە، یانی ماناکەی ناتەواوە، ئەم یاسایە کە دێت رێك دەخرێت، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی مەفهومەکەی جوان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی سەرچنار خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان قسەتان هەیە، نییە، سەبارەت بە خشتەی ژمارە (١١) داوای ڕوونکردنەوە دەکەن، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ڕوونکردنەوەیەکی بـو پەرلەمانتاران، ئەڤ خشتەت هەنێ هەمیت هاتە راسپاردنێت هەردوو لیژنا تەندروستێ و لیژنا یاسایی کو پێداچوونەکی ڤان جەدوەلە باش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یانی پێداچوونەوەی پێدا بکەن، بەڵێ زۆر باشە، هەر بەراستی من نازانم ماددەی (٤٦) یانی چی؟ حوکمەکەی کوا؟ باشە ماددەی (٤٧).

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٧):

یەکەم: -لەماوەی دوو ساڵ لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە وەزارەت هەڵدەستێت بەمانەی خوارەوە:

١-دامەزراندن و پەرەپێدانی یەکەی چارەسەریی تایبەت بە چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵوودە بوو بە ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە تەندروستیەکان.

٢-دابینکردنی نۆڕینگەی دەروونی – کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی کەسانی بەکارهێنەر بۆ ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان و ئەوانەی ئاڵوودەیانن.

٣-شیاندن و ڕاهێنان میلاك لەوانەی پزیشك و دەرمانساز و فەرمانبەران و هاندانیان لە ڕووی ماددی و مەعنەوەییەوە بۆ چارەسەرکردنی کەسانی ئاڵوودەبووی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان و ئەوانەی بەکاریان دەهێنن، بۆ ئەوەی تەواوی شیاوی تەندروستی خۆیان لەرووی جەستە و عەقڵ و کۆمەڵایەتییەوە بەدەست بهێننەوە.

دووەم: وەزارەت بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدرەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەستێت بە دانان و جێبەجێ کردنی پلان و پرۆگرامی پێویست بۆ هۆشیارکردنەوەی

خەڵکی دەربارەی مەترسیەکانی بازرگانی پێکردن یان خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر تەندروستی تاکە کەسەکان و ئاسایشی کۆمەڵگە و لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتییەکانی و گرتنەبەری رێکار بۆ ئاهەنگێڕانی ساڵانە لەرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن، کاک کاوە، سەرچنار خان، کاک کاوە، کاک دیار، کاک سیروان، شادی خان، کاک مسلم، کاک لقمان، کاک زانا، حسیبە خان، کاک یاسین، کاک کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە لە ماددەی یەکەمدا تەعریفی وەزارەت کراوە کە وەزارەتی تەندروستییە، بەڵام لێرە دووجار ناوی وەزارەت هاتووە، و لە بڕگەی دووەم کە دەڵێ وەزارەت بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆیە بۆ ئەوەی ماددەکە وازحتر بێ، باشترە لێرە لە هەردوو جارەکە ناوی وەزارەتەکە بڵێ و بڵێ وەزارەتی تەندورستی، بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، واتە تەندورستیشی بۆ زیاد بکرێ و زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاک دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٧) بڕگەی یەکەم: لەماوەی دوو ساڵ لە رێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە وەزارەت هەڵدەستێت بەمانەی خوارەوە، ماوەی دوو ساڵ بۆ بەرکاربوونی ئەو یاسایە ماوەیەکی زۆر زۆرە، و بەپێی هەڵبژاردن بێت، بەپێی بابڵێین خولی پەرلەمانی بێت، نزیکی ساڵێك لە تەمەنی حکومەت رۆیشتووە، دوای دەرچوونی ئەو یاسایە و بەرکاربوونی ئەو یاسایە دوو ساڵ بۆ ئەو تەمەنە، واتە بەجۆرێك لە جۆرەکانی زەمەنێکی زۆر کەمبێتەوە لە تەمەنی ئەو کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رەنگە ئیشەکان وەکو پێویست نەکرێت و یان ئەو موئەسەسات و دەستە و ئەو لیژنانەی کە پێویستن پێك نەهێنرێن، بۆیە من پێم وایە ئەو ماوەیە زۆر زۆرە، رێکارەکان ئەگەر هەم بارگرانی دارایی بێ و هەر رێکارێکی دیکە بێ حکومەت بەخۆی ئەو پرۆژەی هێناوە، پرۆژەی خۆیەتی، بۆیە هیچ پێویست ناکات ماوەی دوو ساڵی بۆ دابنرێ، ومن پێشنیاز دەکەم کە دوای بەرکاربوونی یاساکە یانی دوای ئەوەی لە وەقایعی فەرمی بڵاودەبێتەوە بە نەوەت رۆژ دەست بکرێت بە دروست کردنی ئەم لیژنانە، وەزارەت ئەم شتانە بکات، یان بەرزترین کات لە ماوەی (١٢٠) رۆژدا، ئەمە خاڵی یەکەم، با بڵێین بڕگەی دووەمی ماددەکە، ماددەی (٤٧) لە کۆتاییدا دەڵێت: لەسەر مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتییەکانی و

گرتنەبەری ڕێکار بۆ ئاهەنگێڕانی ساڵانە لەرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، یانی من تێ ناگەم ئاهەنگ بۆ؟ کێشەیەك هەیە، کەلتوورێك هەیە، بۆ نموونە ساڵانە ساڵیادی هینەکان ئاهەنگ دەگێڕێت، یانی ئایا ئەمە بنبڕ کراوە؟ ئایا شتێکی و ا کراوە، بۆیە پێویستە لە بڕی ئاهەنگ گێران، سمینار بکرێ و ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر، وپێویست بە ئاهەنگ گێڕان ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللە من ئیزافەتەن لەسەر خاڵی (٤٧) لە بڕگەی دووەمدا، کە باس لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکات لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵگە مەدەنییەکانی، کە هەڵسن بە جێبەجێکردنی پلان و پرۆگرامی پێویست بۆ ووشیارکردنەوەی خەڵك، من پێم وایە یەك شت ئیزافەتەن بۆ ئەوەی کە لێرە ئیشارەی پێ نەدراوە، ڕاگەیاندنە، یانی پەخشی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی ئیعلام، کەبەراستی ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەبینن لە ووشیارکردنەوەی خەڵك، بتواندرێ لەرێگەی ئەو خاڵەوە ئیزافە بکرێ و، بۆ ئەوەی کە بتواندرێ هەموو کۆمەڵگەی لێوە ئاگادار بکرێتەوە، و ئاگاداری کاروچالاکییەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٧) بڕگەی یەکەم، هاوڕام لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك دیاری، ماوەی دوو ساڵ زۆر زۆرە، چونکە رەوشی چاکسازییەکان لەهەرێمی کوردستان لە رەوشێکی زۆر خراپ دان، ئەوەندە ژمارەی بەندکراوانی تێدا هەیە کە جێگایان نابێتەوە ئێستا، بارقورسیەکی زۆر لەسەر چاکسازییەکان لە سنووری پارێزگاکان هەیە، بۆیە دەبێت وەزارەتی تایبەتمەند بەزوویی ئەو کارە جێبەجێ بکات، پێم وایە کە شەش مانگ باشە، ماوەیەك لەشەش مانگ زیاتر نەبێت، ئەم سەنتەرانە بکرێنەوە، چونکە هیچ موبەریرێك نییە، لە ئێستادا ژمارەی فەرمانبەران و پزیشکانی وەزارەتی تەندروستی زیاتر لە پەنجا هەزارە میلاکیان، و گرێبەستیان هەیە، ژمارەیەك خۆبەخش هەرچەندە یاسایی نین، دەزگاکان بەرێوە دەبەن، بۆیە ئەو ئەرکی حکومەتە کە ئەو موئەسەساتە بە زوویی بکاتەوە، هەر لە بڕگەی یەکەم خاڵی سێ، شیاندن و ڕاهێنان، لەوانەیە پزیشك و دەرمانساز و وشەی پەرستار زیاد بکرێ، چونکە ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەر، پەرستار لەم سەنتەرانە کە دەکرێنەوە دەیبینن، لە بڕگەی دووەم وەزارەت بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتە

پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکان بخرێتە پێش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە ژمارەیەك ڕێکخراوی جیهانی هەیەکە کار لەسەر مادده هۆشبەرەکان دەکەن، بەهاوکاری ئەوان بێت و هەموویان نووسینگە و ئۆفیسیان هەیە لە هەرێمی کوردستان، و هاوڕام لەگەڵ کاك موسلم کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگری لە ڕای بەڕێزان کاك زانا و کاك مسلم دەکەم، بەڵام کاتێك کە باسی ماددەی (٤٦)ی کرد روونکردنەوەیان نەدا لەسەر خشتەی (١١)، خشتەی (١١) زۆر خەتەرە، ئینجا هیوادارم یان پێداچوونەوەی پێدا بکرێ و یان هەر لابرێ، ماددەی (٤٦) هەر لابدرێ، لەبەر ئەوەی لە خشتەی (١١) دەڵێ کابرا پێنج سەد هەزاری داو ڕۆخەکەی بچێنێ، ......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین ئێمە لە ماددەی (٤٧)ین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

دەزانم دەستم بەرزکردەوە، بەڵام نەتبینی، ئینجا هیوادارم ئەو بەڕێزانەی کەوا ئەو لیژنە هاوبەشە پێداچوونەوەیەکی بە ماددەی (٤٦)دا بکەن، سوپاس.

دەڵێ کابرا پێنج سەد هەزاری داو ڕۆخەکەی بچێنێ،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بەو ڕسوماتانەی کە وەردەگیرێ، لە عەرەبیەکە بە وازحی هەیە، ئێمە لەناو مەشروعەکە لەزۆر شوێن ووتومانە وەزارەت مۆڵەت دەدات بە پزیشك و فڵان موئەسەسە بۆ ئەوەی مەواد بێن و بچێ، لە بەرامبەر هەر مۆڵەت پێدانێك رەسمی مۆڵەت هەیە، ئەو حاڵەتانەی لە ناو پرۆژە یاساکە هاتووە و ئەبێ بە یاسا و تێیدا ئیقرار ئەکرێ، حکومەت مۆڵەت ئەدات بەو دامەزراوانە لە خشتەکە هاتووە، ئەلێ بۆ سەیدەلانی چۆن ئەبێ، ئەگەر ئیقراری ئەوە بکەین حکومەت بۆی هەیە مۆڵەت بدات ئەبێ ئیقراریش ئەوە بکەین لە بەرامبەر حکومەت پارە وەرئەگرێ، جا برەکەی زۆرە یان کەم و ئەتانەوێ مەرج هەبێ بابەتێکی ترەن، بەڵام لابردنی تەواوی ماددەی (٤٦) نوقستانی گەورە دروست ئەکات، چونکە حکومەت مۆلەتی دوکانێك نادات چۆن مۆلەتی هێنانی دەرمان ئەدات، لەبەر ئەوە لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی یاسایی بەرمەبنای ئەو قسانەی ئەندامانی پەرلەمان کردیان سەیری خشتەکە بکەنەوە، بەڵام لابردنی بۆشایی دروست ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیرەوی نـاوخۆی پەرلەمـان لە خوێنـدنەوەی سـێیەم موناقەشـە و گفتوگـۆ لەسـەر هـیچ ماددەیەك ناکرێ، بـۆیە پێشـنیار ئەکەم لیـژنە پەیوەندیـدارەکان، بـۆیە داوای روون کردنەوەمـان کرد، مۆڵەت یان کات ئەدەن پێش ئەوەی ئەو مـاددەیە بچێـتە دەنگـدان و خوێنـدنەوەی سـێیەم روون کردنەوە بدەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێتان ناشارینەوە راوێژێکمان کردووە لە تێپەراندنی ئەو پرۆژە یاسایە نابێ پەلە بکەین، بە رەسـمی داوامـان لە ئەنجـومەنی دادوەری کـردووە سـەبارەت بە مـاددەی (٢٦ تـا ٣٧) رەئـی خۆیانمان بدەنێ، چونکە ماددەی سزایین، پەیوەندی بە سزادانی خەڵکەوە هەیە، خەڵك ئەکرێتە سـجن و لە سـێدارە ئەدرێ، پێویسـتمان بە بەرچـاو روونیـیە، لە رووی سـیاغەوە پێویسـمان بە بەرچاوروونی و دووبارە دارشتنەوەیە، دڵنیام هەمووتان حەز ئەکەن کاتێ یاسایەك دەرئەچێ لە سەردەمی هەریەکتان ئەتانەوێ بە باشترین کوالێتی دەرچێ، کەس پێی خۆش نییە، یاسایەك لە پەرلەمان دەرچێ کوالێتی لە ئاستی تمـوح نەبـێ، هەول ئەدەیـن پەلە نەکەیـن، راسـتە تەنیـا (٧) رۆژ لە رووی قانوونییەوە لەبەر دەستە، هەول ئەدەیـن لە مـاوەی ئەو (٧) رۆژە خۆمـان تەرخـان بکەین، بۆ ئەوەی چیمان پێ ئەکرێ بکەین ئێوەش ئەتوانن هاوکار بن و هەر موقتەرەحێك هەبێ بۆ دەستکاری کردنی خشتەکە ئەتوانن بیدەن بە بەڕێزانی لیژنەی تایبەتمەند یـان تەندروسـتی و کاروباری کۆمەلایەتی و یاسایی، بۆ ئەوەی هاوکار بن، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو حالەتەی بەڕێزت باست کرد، پێویستە دانیشتنی دووەم بە کراوەیی هەلگرین، بۆ ئەوەی ئەو روون کردنەوانەی بەڕێزتان داوتـان کـردووە و گەیشـتە دەسـتان ئگـاداری بـین، جـا موناقەشـەی یاساکە تێپەری و ئینجا دانیشتنی سێیەمی لەسـەر بکەیـن، بـۆیە پێشـنیار ئەکەم دانیشـتنی دوو یان خوێندنەوەی دووەمـی ئەو یاسـایە بە کراوەیـی هەڵگیـرێ تـا ئەو رێنمـایی داواتـان کـردووە ئەگـاتە دەسـتتان و روون کـردنەوە لای ئـێمەش هەبـێ و موناقەشـە بکەیـن و ئینجـا بچیـنە خوێندنەوەی سێیەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابـزانم ئەو پـرۆژە یاسـایە لای شـەش لیـژنەیە، (٥٥) ئەنـدامی پەرلەمـان دەرفەتیـان ئەبـێ پێداچوونەوە بەو روون کردنەوانە بکەن، کە ئەنجومەنی دادوەری ئەینێرێ، هەر ئەندامێکی تری پەرلەمانیش ویستی قسەی هەبێ ئەتـوانی داوا لە سـەرۆك لیژنەکـان بکـات، فەرمـوو سـەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خالی یەکەم لە ماددەی (٤٧) قسەم لەسەر ئەو (٢) ساڵەیە، ئەگەر بیهێنی لەگەل ماددەی (٥١) ئەویش ئەلێ دوای (٩٠) رۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە وەقائیع، یانی دوو ساڵ و سێ مانگ ئەکات نەك (٢) ساڵ، ئەکرێ کورتی بکەینەوە لە ساڵێك زیاتر نەبێ، کاك زانا ئیشارەتی پێدا پشتگیری لێ ئەکەم، کاك دیاریش، لەگەل ئەو ئاهەنگ گێڕانەش نیم، لەگەل ئەو یاسایە نایەتەوە، باسی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە و باس لە ئاهەنگ گێران نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٧) برگەی یەکەم، پشتگیری لە کاك زانا و کاك دیاری و خاتوو سەرچنار ئەکەم، لە خالی (٣) شیاندن و راهێنان و میلاك لەوانەی پزیشك و، ئەوەی تریش دکتۆر ئاماژەی پیێدا پەرستاران و دەرمانساز و فەرمانبەران، فەرمانبەران ئەبێ موختەس بن توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروناسی بن، ئەوانەی مامەڵە لەگەل چاکسازییەکان ئەکەن، پێم باشە خاڵی چواری بۆ زیاد بکرێ، بەوەی کردنەوەی خولی زمان بۆ فەرمانبەران و بەتایبەتی توێژەران، چونکە راستەوخۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سزادراوان ئەکەن کە زۆرجار سزادراو کەسی بیانییە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٧) پشتیوانی لە کاك دیاری و کاك زانا و سەرچنار خان و کاك مسلم و حەسیبە خانیش ئەکەم، کە ئاماژەیان بەوەدا (٢) ساڵ زۆرە، دامەزراندنی یەکەی چارەسەری یەکێکە لە کارە گرنگەکانی ئەو یاسایە، بۆیە بکرێتە (١) ساڵ، سەبارەت بە خالی (٢) دابین کردنی نۆڕینگەی دەروونی بۆ چارەسەر کردنی کەسانی بەکارهێنەر بۆ ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان، پێشنیار ئەکەم بەکارهێنەر لابرێ، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو نۆڕینگەیە ئەوەیە کەسانی ئالۆدە بوو چارەسەر بکا نەك بەکارهێنەر، دەرگایەك ئەکاتەوە خەڵك بەکاری بێنێ، سەبارەت بە سازدانی ئاهەنگی ساڵانە بکرێتە هەڵمەتی هۆشیاری ساڵانە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٧) برگەی یەکەمی (٢) ساڵ زۆرە، پشتگیری رای کاك زانا و کاك دیاری و سەرچنار خان و حەسیبە خان ئەکەم، برگەی یەکەم خاڵی (٣) پشتگیری رای کاك زانا ئەکەم، پێویستە پەرستار ئەبێ راهێنانی بۆ بکرێ، لە برگەی (٢) ئاهەنگێڕان، پشتگیری رای کاك لوقمان ئەکەم بکرێتە هەڵمەتی هۆشیاری، پشتگیری سەرچنار خانیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەی (٢) ساڵ زۆرە، پێش ئەوە کابینەیە حکومەتی تر هەبووە، ئەبوایە ئیشیان لەسەر کردایە، ئەگەر بودجە نەبووە، مەعلومە لە پای گرتنی هەر باندێك یان قاچاخچیەك و کەسێك سەروەتێکی ئەکەوێتە دەستی، رەنگە لە یاسایە عیلاج نەکرابێ و لە شوێنی تر کرابێ، هەر کەسێ کە دەستگیر ئەکرێ و حوکم ئەکرێ لەسەر ئەوەی تیجارەتی کردووە بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکەری عەقلی هەر شتێکی لە رابردوو لە سەروەت و سامانی بەو پارەیە هاتووە، داگیر ئەکرێ و ئەچێتە لای حکومەت، ئەکرێ لەو پارانە خێرایی بکرێ، بەکاربێتەوە بۆ ئەو خاڵانەی لە ماددەی (٤٧) هاتووە، ئەزانن هەندێ لەوانە خەڵکی دەرەوەن و زمانی تر ئەزانن، پێویستیان بە موتەرجیم و موحامیە، ئەو مەسروفانە لە چ شوێنێك ئەکرێ؟ لە هەموو دونیا مەسروف لە خۆیانە، پشتگیری لە بەڕێز دیاری و کاك مسلم وکاك زانا و هەموو ئەو هاوڕێیانەی لەو ماددەی باسی ئەوەیان کردووە ماوەکە ئەبێ کەمتر بێ، و ئەو ئاهەگێرانەش لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٤٨) فەرموو، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت (٢) ساڵ راستە زۆرە، بەس بارگرانی دارایی چێ دکات بۆ دامەزراندنا هەر یەکەکا چارەسەریێ، پشتگیری دکەم وەك خۆ بمینێت، سەبارەت رسومات ئەگەر ب وردی قسە بکەین......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رسومات تەواو بووە رۆژان خان، لەسەر ماددەی (٤٧) قسە بکە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

تەواو سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی٤٨.

**بەڕێز د. گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی :٤٨

١ سەندوقێك دائەمەزرێ بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەی لەو پێبژاردنانەی لەو یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە لەگەل فرۆشتنی ئەو مایانەی بەپێی ئەو یاسایە دەستیان بەسەر دا ئەگیرێ تێیادا سپاردە بکرێ.

٢- ئەو سەندوقەی لە برگەی یەکەمی ئەو ماددەیە دەقی لەسەر کراوە تەرخان ئەکرێ بۆ پارەدار کردنی (تمویل) ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی ٣٨ ئەو یاسایە دەقیان لەسەر کراوە.

٣- لیژنەی باڵا بەڕێوەبردنی سەندوق لە ئەستۆ ئەگرێ.

٤- وەزیر بە هاوبەشی لەگەل وەزیری دارایی ڕێنمایی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئەو سەندوقە دەرئەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك وەیسی.

**بەڕێز ویسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٨) پێشنیار ئەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ و بەشێك لەو داهاتەی کۆ ئەکرێتەوە بۆ توشبوانی ماددەی هۆشبەر خەرج بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٨) برگەی (٤) وەزیر بە هاوبەشی لەگەڵ وەزیری دارایی ڕێنمایی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئەو سەندوقە دەرئەکات، پێشنیار ئەکەم داهاتەکە تایبەت بکرێ بە چارەسەر کردنی ئاڵودەبووان چ لە چارەسەر بێ یان نەخۆشخانەی تایبەتمەند، پشتگیری رای بەڕێز کاك ویسی ئەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی باسی سەندوقێك ئەکەین، پێم باشە لە پێناسەکانی سەرەتا سەندوقە پێناس بکات سەندوق چییە؟ ئەوە و ئەوە، بۆ ئەوەی لە بڕگەی (٣ و ٤) کە ئەڵێ لیژنەی باڵا بەڕێوەبردنی سەندوق لە ئەستۆ ئەگرێ، ئەوەش بخرێتەوە ناو بڕگەی (١٥) ی ماددەی (٥) لیژنەی باڵا ئەو سەندوقەش لە ئەستۆ ئەگرێت و ئەرکەکانیشی بەو شێوەیە بێت، واتە بڕگەی (٣ و ٤) لێك بدرێ و بکرێتە بڕگەی (١٥) لە ماددەی (٥) کە ئەرکەکانی ئەنجومەنی باڵایە، پێویست ناکات لێرە دیسان ئەرکی ئەنجومەنی باڵا باس بکەی پێشتر باس کراوە، پێناسەی سەندوقیش هەست ئەکەم نوقسانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ئەو خاڵەی کاك سیروان لە ماددەی پێشوو باسی کرد، هەموو ئەو ئەموالانەی ئەگەرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی تیجارەت بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکەری عەقلی ئەکەن، بچێتەوە ئەو سەندوقە و هەموو ئەو خەرجییانەی ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێ، پێشنیار ئەکەم خاڵێك بۆ ئەو ماددەی زیاد بکرێ و جێگەی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤٨) بڕگەی دوو بە رای من ماددەی (٣٨) هەڵەیە ئەبێ (٤٧) بێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار ئەگەر ئەکید بکەنەوە، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکە ماددەی (٤٨) بڕگەی یەکەمی بەو جۆرەی لێ بێ، واتە بڕگەی سێیەم لابرێ و یەکسەر سەندوقێك دائەمەزرێ، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەی لەو پیبژاردنانەی لەو یاسایە دەقی

لەسەر کراوە، لەگەل فرۆشتنی ئەو مایانەی بەپێی ئەو یاسایە دەستی بەسەر دادەگیریَ تێیدا سپاردە بکریَ و لیژنەی باڵا بەرێوەبردنی ئەو سەندوقە لەخۆ ئەگریَ، واتە راستەوخۆ بخرێتە سەر پێناسی سەندوقەکە، دوو، لە خاڵی چوارەم ئەلێ وەزیر بە هاوبەشی لەگەل وەزیری دارایی رێنمایی تایبەت بە بەرێوەبردنی ئەو سەندوقە دەرئەکات و پارەی ئەو سەندوقە تەنیا بۆ ئەو دامەزراوە تەندروستیانە و تووشبوانی مادده هۆشبەرەکان خەرج ئەکریَ، واتە بۆ هیچ شتێکی تر نەکریَ، برگەی دوو، ئەو سەندوقەی لە ماددەی یەکەمی ئەو یاسە تەرخان ئەکریَ بۆ تەمویل کردنی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی (٣٨) ئەو یاسایە دەقی لەسەر کراوە و هەر کورتهێنان و کەموکوریشی هەبوو وەزارەتی دارایی پڕی بکاتەوە، نەك بە بیانوی بارگرانی دارایی یان کەمی پێ بژاردن ئەو دامەزراوە دروست نەکریَ، سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکای گولیزار خان، برگەی دوو ماددەی (٤٨) وایە (٣٨)، بەڵام ئەتوانین بنووسین (٣٨و٤٧)، چنکی ل هەردوو مادده باسی ئەو دامەزراوە تەندروستیە کراوە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئێستا کاك بژار ئیشارەتی پێدا، سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای روون کردنەوە ئەکەم لە برگەی یەکەم و دێری دووەم، ئەلێ لەگەڵ فرۆشتنی ئەو مایانەی، مەبەست چییە لەوە؟ ئەگەر بەتەماین ئەوەی ئەیگیرین بیفرۆشینەوە ئەوە خراپە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لێرە زۆر باس كرایە، قانوونی بەركاریش هەیە، لێرە ئەو كەل و پەلە و مادده و بەرهەمێ ل تاوان دیێنە گرتن دەستەلاتێ هەی بێنە فرۆتن، ل دیڤ ڕێنمایی وەزارەتێ دەرهێخیت چۆنیەتیا فرۆتنێ بەحس نەكریە و ناكات، ل دیڤ ڕێنمایی دبیت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ نموونە بەشێ لەو مەوادانەی دێنن پێشینەی كیمیاین، ئەتوانی لە دروست كردنی دەرمان بەكاری بێنی، ئەو كەسەی هێناویەتی بێ مۆڵەتە، دەستی بەسەر بگیرێ ئاساییە بفرۆشرێ بە مەعمەلی دروست كردنی دەرمان، هیچ ڕێگری نییە، شەرت نییە زیان بەخشەكە، مەسەلن ئەو سەیارەی حیجز ئەكرێ قابیلە بۆ فرۆشتن، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

...... من لەگەل ئەموالەكان نیم، سەیارەیە، خانووە، بەڵام باس لە فرۆشتنی مایە، ئەگەر مەواد بێ كارێكی خەتەرە، خۆی لە خۆیدا كە ئەگیرێ كەوایە دان ئەنێین بە قاچاغ هاتووە، رەنگە پێشینەی كیمیایەكە ئەسلی ئەو مادده نەبێ، پێویستە لە كارگەكانی دەرمان بەكاربێ، بۆیە لەو بابەتە دوور كەوینەوە باشترە، ئەو وشە هەڵگیرێ باشترە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی زیان بەخش بێ لەناو ئەبرێ، زۆرجار مەواد ئەگیرێ بە موزایەدە ئەفرۆشرێتەوە، كەسێ بە قاچاغ هێناویەتی و كوالێتی عەیبی نییە، وەرئەگیرێ، بەڵام پاش حوكمی ئیدانەی قابیلە بۆ فرۆشتن، فەرموو دكتۆر كازم.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناویشیم نەنووسیبوو بەس روون كردنەوەیەك، راستە ئەوانەی هەندێ جار موسادەرە ئەكرێ ئاساییە بفرۆشرێ، بەڵام هەر ماددەیەك بچێتە جسمی مرۆڤەوە بە شێوەی قاچاغ هێنرابێ بۆ كوردستان و عێراق و بە شێوازێكی زانستی نەگواسترابێتەوە و نەقل نەكرابێ سوودی خۆی لە دەست ئەدا، ئەگەر حەبی ئازار شكێنیش بێ مادام لە دەستێكی ئەمین نەبوو هی ئەوە نییە بیفرۆشیتەوە، لەگەل ئەوەم تەواوی ئەو مادانەی دەستی بەسەر ئەگیرێ ئەگەر پێشینەی كیمیایی بن ئەگەر دەرمان و حەبن بە هیچ شێوەیەك نەفرۆشرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٨) و خاڵی یەکەم، پێشنیار ئەکەم وای لێ بکرێ، سەندوقێك دابمەزرێ بۆ ئەو بڕە پارەی لەو پێبژاردنە لەو یاسایە دەقی لەسەر کراوە، لەگەڵ فرۆشتنی ئەو موڵك و ماڵانەی بۆ ئەوەی لە وشەی ئەو مایانە رزگارمان بێ، چونکە لە دەقە عەرەبیەکەش پێم وایە ئەموال هاتووە، ئەوەی تریش پشتیوانی لە کاك مەم ئەکەم ئەو دوو فەقەرەیە بۆ ئەو ماددەیە بگوازرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی بەڕێز کاك زانام لا دروست بوویە، ئەگەر مەبەست لەو مایانە موڵك و ئەملاك بووبێ خۆ لە ماددەی (٣٤) فەقەرەی (٢) ئەڵێ گشت ئەو ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقلی و پێشنینەی کیمیایانەی گیراوان راستەوخۆ بۆ ئەو لایەنانەی تایبەمەندن بە پاراستنیان ئەنێدرێن، کەوایە غامزە ئایا ئەو ماددانەی دەستی بەسەر دادەگیرێ لەلایەن هەر لایەنێك ئەپارێزرێن، بۆ ئەوەی دووبارە بەکاربێتەوە یان لە ناوئەبرێن، پێویستە روونتر بێ، لە خالێ سێییەم کە ئەڵێ لیژنەی باڵا سەندوق لە ئەستۆ ئەگرێ پێم باشە هەر لێرە ئەو داهاتە هەمان پێشنیاری کاك مەلا وەیسی کە ئەڵێ داهاتەکە بۆ ئەو کەسانە بێ کە ئالودەی ماددە هۆشبەرەکانن یان لە نۆرینگەکان چارەسەر ئەکرێن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز گلوستان سعید حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٤٩:

وەزیر بۆی هەیە ئەمانەی خوارەوە دەربکات:

١ ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

٢- بەیانێك کە هەموار کردنی خشتەکانی هاوپێچ بەو یاسایە لە خۆ بگرێ جگە لە خشتەی (١١) تایبەت بە رسومات ئەویش رەش کردنەوە یان زێدە کردن یان گۆڕینی ڕێژەکانی هاتوو تێیان دا بەو شێوەی ئەگونجێ، لەگەڵ هەموار کردنی خشتەکانی هاوپێچ بە ڕێکەوتنامەی تاکانەی ساڵی ١٩٦١و هەموارەکانی و ڕێکەوتنامەی کارتێکەرە عەقلیەکانی ساڵی ١٩٧١و هەموارەکانی و ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی پێ کردنی ناڕەوا بە ماددە

هۆشبەرەكان و كارتێكەرە عەقلییەكانی ساڵی ١٩٨١و هەموارەكانی و یان بەو شێوەی ئەگونجی لەگەل دەرەنجامی ئەو لێكۆلینەوەی وەزارەت پێیان هەڵدەستێ یان بڵاویان ئەكاتەوە لەسەر مادده هۆشبەرەكان یان كارتێكەرە عەقلیەكان بەو مەرجەی بەیانەكە لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان بڵاو بكرێتەوە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاماژەیەكی زۆر باش دراوە بە هەموو لایەنەكان، بەڵام ئەساس لێرەیە، رەنگە لە ماوەی مانگێكی تر وەزیر بیەوێ تەعدیلی خشتەكە بكات، وەزیر لەسەر ئەو ئەساسە تەعدیلی ئەكات، بەڵام لایەنێكی گرنگ هەیە باس نەكرایە پێشتریش لە لیژنەی تەندورستی باشمان كرد رێكخراویش تەندروستی جیهانیە (WHO) كە رێكخراوێكی موعتەرەفە و هەم ساڵانە و هەم شەش مانگ جارێك لیستەكان ئیعلان ئەكات، بۆیە ئەبێ رەچاوی بكرێ.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە تایبەمەندەكان، فەرموو دكتۆر كازم.

**بەرێز كاظم فاروق نامق:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە وەزیر ئەو دەسەڵاتەی نەبێ خشتە بگۆڕێ، خشتەكان ئەساسی ئەو یاسایە پێك دێنن، خودی خشتەكان ئەو ماددانەیان دیاری كردووە كە حوكمەكانی ئەو یاسایەی بەسەر جێ بەجێ ئەكرێ ئەگەر بە كەسێكەوە گیرا یان بازرگانی پێوە بكرێ یان بەكاری هێنا، ئەگەر وەزیر ئەوەندە دەستی كراوەبێ بتوانێ خشتەكان بگۆرێ رەنگە لە ماوەیەكی كورت و چەند ساڵێكی كەم وای لێ بێ هیچی ئەو تۆی تێدا نەمێنێ لەو یاسایە هاتووە، لەبەر ئەوە خۆی ئەوە یاسایە دەرئەچێ، وەزیر ئەو دەسەڵاتەی نەبێ دەستكاری بكات، پەرلەمان و ئەو جیهەتەی ئەو یاسایەی دەركردووە ئاستی لە رووی تەشریعیەوە بەرزترە، وەزیر بۆی نەبێ دەستكاری ناوەرۆك بكات، بەڵكو ببێتە نووسراوێك ئاراستەی پەرلەمان بكات و داوا بكات خشتەكانی دەستكاری بكات.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام پەرلەمان تەخویلی ئەكات بۆ ئێتدەیت، كوا ئیختیساسی ئەوەمان هەیە دانیشین ئەپدەیتی خشتەكان بكەین.

**بەرێز كاظم فاروق نامق:**

مادام خشتەكان لە ناو دەقی یاساكە هاتووە، كەوایە هەر گۆڕانكاری لە خشتە بكرێ وەكو ئەوەیە لە دەقی یاساكە ئەكرێ، ئەكرێ وەزیر پێشنیاری خۆی بنێرێ بۆ پەرلەمان و لێرە هەمواری بكرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە ٧٠% قانوونێکی جەزائیە پڕە لە ماددەی (٢٧تا ٣٩) نزیکی (١٢) مادده سزای تێدایە، کەوایە لە ئەحکام خیتامی مەبدەئێکی عام لە قانوون هەیە (القانون لا تسري على ماضي) تەنیا ئەگەر لە سالیحی موتەهەم بێ، پێویستە ماددەیەك هەبێ ئیشارەت بەوە بکات کە ئەو کەسەی پێشتر بە یاسای سالی ١٩٦٥ حوکم بووە و حوکمی وەرگرتیە ئەبێ نەصێك هەبێ بە ئەسەر رەجعی حوکمی ئەوان بێتە دان و ئەو یاسایە لەسەر وان جێ بەجێ بێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی ٥٠.

**بەڕێز گلوستان سعید حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٥٠:

یاسای مادده هۆشبەرەکانی ژمارە (٦٨) ی سالی ١٩٦٥ کاری پێ ناکرێ و ئەو پەیڕە و ڕێنمایی و بەیاناتەی بەپێی ئەو یاسایە دەرچووە بە بەرکاری ئەمێنەوە بەو شێوەی ناکۆك نەبێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە تاکو هەڵوەشێنرێنەوە یان دەرچوونی ئەوەی جێگایان ئەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاسای بەرکار ئێستا یاسای (٦٨) ی سالی ١٩٦٥ە، مەجموعەیەك نیزام و ڕێنمایی پێ دەرچووە، ئەوانە ئەهێنەوە بە مەرجێ دژ نەبن لەگەل ناوەرۆکی ئەو یاسایە تا شتێکی نوێ دەرئەکرێ، کێ قسەی هەیە؟ کەس نییە، پێش ماددەی (٥١) ئەبێ ماددەیەك زیاد بکەین پرۆتۆکۆلیە، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی دادوەری و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، پێویستە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، چونکە هەموو ئەو موئەسەساتانە لە ناو یاساکە ناویان هاتووە، فەرموو لیژنەی یاسایی پێت وایە پێویستە؟ کێ مولاحەزەی هەیە لەسەر زیاد کردنی ئەو ماددەیە؟ ئەنجومەنی ئاسایش سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتەکانی لایە، ئەنجومەنی دادوەریش ئەبێ حاکمەکان دابنێ، ماددەی (٥٢).

**بەڕێز گلوستان سعید حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٥٢:

ئەو یاسایە لە دوای بەسەرچوونی ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ ئەکرێ.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك لوقمان.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم ئەو نەوتە بکرێ بە (٩٠) ڕۆژ، نەوت هەر خۆی نییە.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوا رەحمی کردووە پەخش نییە، ئەگینا ئەیانوت پەرلەمان نەوتی کرد بە (٩٠) رۆژ، سوپاس، هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەرێز گلوستان سعید حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکای دەرچوواندن:

بە لەبەر چاو گرتنی پەسند کردنی کۆماری فیدرال و ئەندام بوونی لە چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان و بە مەبەستی رووبەروو بوونەوەی بڵاوبوونەوەی بازرگانی پێکردنی ناڕەوا بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان لە پێناو لەناوبردنی باندەکانی تاوانکاری ئەوانەی کار ئەکەن لەسەر گومرا کردنی هەندێ چینی گەل و هاندانیان لەسەر بەکارهێنانی ئەو ماددانە کە ئەوەش هەرەشەیەکی ترسناکە لەسەر تەندروستی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیان و زیان دەگەیەنێ بە بنەماکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆژشنبیری و رەوشت لە کۆمەڵگا بە مەبەستی پەیڕەو کردنی رێسای زانستیانە لە چارەسەر کردنی ئەو کەسانەی ئاڵودەبووی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکانن بۆ پتەو کردنی هاوکاری نێودەولەتی لەو بوارە، بە مەبەستی رێگەنەدان بەچاندنی مادده هۆشبەرەکان یان ئەو رووەکانەی کارتێکەرە عەقلیان لێ دەرئەهێنرێ یان سنووردارکردنیان وەك ئافاتێکی مەترسیدار کە هەرەشە لە قەوارەی کۆمەڵگە ئەکات و دانانی سزای پشتگیر (ردع) بۆ ئەو کەسانەی ئەیانچێنن یان بازرگانی پێوە ئەکەن ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزانن ئەزانین دارشتنەکەی زۆر خراپە، لەبەر ئەوە ئەگەر قسە لەسەر دارشتنەکە هەیە، فەرموو.

**بەرێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆی دەرچوواندنی ئەو یاسایە چییە؟ دوو شتە، یەکەم بەرگرتنە لە تەشەنەسەندنی مەسەلەی ماددەی هۆشبەر، دوو، چارەسەر کردنی ئالودە بووەکانە، پێشنیار ئەکەم وا لێبێ (بەمەبەستی

بەرگرتن لە تەشەنەسەندنی ماددەکانی هۆشبەر و چارەسەر کردنی ئالوودەبووان ئەم یاسایە دەرچووێنرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واژووی ئەندامانی لیژنەی یاسایی، ئەمە کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی هاوبەشە هی سەرۆکەکانی پێوەیە، بەڵام پرۆژە یاسایەکە چۆتە لیژنەی یاسایی و هاتۆتەوە کوا چەند ئەندامی لیژنەی یاسایی لەگەڵی بووە؟ چەند کەس لەگەڵ بووە کوا واژووەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کات کەم لەبەر دەست بوو، (٥٥) لیژنەی تایبەتمەند بوو، لەگەل ژمارەیەك راوێژکار لە ماوەی ئسبوعەك نەشیان چەند ماددەك ژبورین، بۆچی؟ (٦٠) مرۆڤ هەر یەك کەلیمەك بهاڤێ براستی زەحمەتە، ل دەستەیا سەرۆکایەتیا لیژنە بریار دا ل سەر ڤێ راپۆرتی دەستەیا سەرۆکایەتیا بەژدار بیت تا ئەم شێن تەفاهوم کەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، لە رووی پەیڕەوەیەوە ئەبوو هەموو ئیمزاکان پێوە بێ بۆ خوێندنەوەی دەنگدان ئەبێ هەر (٥٥) کەسەکە قەبوولیانە یان نا ئەبێ رەئی خۆیان بڵێن، ئەزانم بە گوێرەی پەیڕەو ئەبێ بە هەفتەیەك تەواو بێ، بەڵام هیوادارم بتوانین لەو هەفتە بتوانین باشی بکەین بەو شێوەی ئەمانەوێ، ئەگەر نەمانتوانی ئەتوانین دەرەفەتی زیاتر بدەین، بۆ ئەوەی یاسایەك بێ لە ئاست تموحی هەمووان بێ، فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆماری فیدرالی بەپێ دەستووری فیدرالی ئیتیحادیە نەك فیدرالی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە وابەکاردێ، ئیتیحادیەکان ئەکەن بە فیدرالی، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەرێز محی الدين حسن يوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برێزت ئاماژەت پیچدا پێم وایە، هۆیەکانی دەرچوواندن ئەبێ دارشتنەوەی بۆ بکرێ، نووسراوە کۆماری فیدرال، عێراق لاچووە، نووسراوە چین، خۆی توێژە، گومرا کردنی توێژەکانە، زۆری تر پێویستی بە چاکردنە، سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جوان خان.

**بەرێز جوان یونس محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە هەر لەسەر دارشتن دوو تێبینم هەیە، پێشنیار ئەکەم پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدان هەڵە رێزمانییەکان چاك بکرێنەوە، بەیانی یەك دوو وشەیە چاکی ئەکەینەوە و دەنگی لەسەر ئەدرێ و خەڵك قسەی لەسەر ئەکات لەسەر دوو شتی وایە، سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو بابەتە پەلە ناکەین، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە بەو شێوەی ئێستا بخرێتە دەنگدان و بچێتە بەر دەستی خەڵك کارەساتە، سوپاس، بەو شێوەیە دانیشتنەکان هەڵگرین...

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی خشتەکان، ئێستا من تێبینیم هەیە لەسەری، لە جەلسەی دەنگدان ناتوانین موناقەشەی بکەین.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان خشتەی یەکەم تەواو زانستییە، هەر کەس مولاحەزەی هەیە، ئەهلی ئیختیساس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەهلی ئیختیساس نیم، بەڵام بەو پێیەی بە عام سەیری خشتەکانم کرد، خشتەی یەکەم لەگەل سێیەم زۆر دووبارەی تێدایە، لە یەکتر ئەچن، بۆ دووبارەن، ئەگەر قەدەغەیە تەواو بۆ لە خشتەیەکی تریش دووبارە بێتەوە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی هەندێ مەواد هەیە هۆشبەریشە و کارتێکەری عەقلیشە و ئەشێ پێشینەی کیمیایشی هەبێ، فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خشتەکان بە گشتی لە کۆبوونەوەی لیژنەی تەندروستیش باسمان کرد، کوموکوڕی زۆری تێدایە، راستە لە یاسای پەرلەمانی عێراقی وەرگیراوە، بەڵام شتێکی تر هەیە ئەوەی پەرلەمانی عێراقیش لە یاسای ۲۰۰۷ ی مەملەکەی بەحرەین وەرگیراوە، هەمان خشتەکان کۆپی کراینەوە و هاتینە ناو ئەو خشتەیە، میسال هەیە لە جیاوازی نێوان خشتەکان هەیە و سناعیە بە تەبیعی ناونراوە، هەشە بە تەبیعی بە سناعی ئاماژەی پێکراوە، میسال لەبەر دەستمە، کەوایە خشتەکان کەموکری تێدایە، پێشتر لەگەڵ برادەرانی لیژنە زۆر باسمان کرد، دکتۆرە شایانیش هەندێ ئیشی لەسەر ئەو بابەتە کردووە، پێم باشە ئەو بابەتە یەکلایی بکینەوە بە لیژنەیەکی پسپۆر، داوامان لە وەزارەتیش کردووە پێداچوونەوە بە خشتەکان بکرێ، ناکرێ ئەم یاسایە بە هاوپێچی ئەو خشتانە لەو پەرلەمانە دەربچێ، پێویستمان بە کات هەیە بۆ دەسن نیشان کردنی ئایتمەکان یەك بە یەك هەتا گیراوەکان، بابەتێکی تەواو زانستیە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان پێشنیارێك هەیە هی کاك زانایە، شتەکان بەتەواوی بنێرین بۆ کەسانی پسپۆر، بەڵام ناتوانین لە ماوەی ئەو (۷) رۆژە دەنگی لەسەر بدەین کە لە ئەو پەیڕەوە هاتووە، ئەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام پێنشارەکە ئەخەنە دەنگدان، پێم باشە ئەو لیژنەیە چونکە ئەو پرۆژە هی حکومەتە ناردوویەتی و رای وەزارەتی تەندروستیە، ئینجا هاتووە، ئەو لیژنە پسپۆریەی باسی ئەکەین بە بریارێکی پەرلەمان ئەو لیژنەیە لە کەسانی شارەزا لە ناو پەرلەمان دروست بکرێ و راوێژ بە خەڵکی پسپۆر لە دەرەوە بکەین، بۆ نموونە لە زانکۆکانی هەرێم یان ئەوانەی موختەسن لە دەرمانسازی، لێرە لە لیژنەی تەندروستی بریار لە خشتەکە بدرێ، بچێتەوە حکومەت بە هەمان خشتە دێتەوە.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاورای پێشنیاری کاك زانام، سەرنجەکەی ئاشنا خانیش لە جێ خۆیەتی، ئەوە لە موعاهەدە نێودەولەتییەکان وەرگیراوە، بەڵام بۆ دووبارە نەکرایتەوە لەبەر ئەوەی ئەو ماددانە زیاتر

کاریگەرترن، ڕێنمایی توندتریان لەسەر ئەسەپێ، بە مەبەست ئەو خشتەیە دووبارە کراوە هەڵەی زانستی و تەکنیکی نییە........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاتان چییە بدەین بە لیژنەی پسپۆڕ؟

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

..... خۆی من بم دکتۆرە ڤاڵا باسی ئەوەی کرد خشتەکە ڕاست بکرێتەوە کار لەسەر کردووە، بەڵام زۆر ئاساییە لیژنەی موختەس کاری لەسەر بکات، پێداچوونەوەی وردی ئەوێ، لەبەر ئەوەی ستراکتەرەکی کیمیاوی کە لێرە ناوی کیمیاوی ئاکار هاتووە، ئەگەر سەیر بکەین ئەوە سکراکتەری دەرمانەکانە، ئەگەر داشێك یان حەرفێك یان ژمارەیەك بگۆڕێ ئەو ناوە ئەگۆڕێ، باشترە چاك بکرێتەوە نەك ئاوا بڕوا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمان ڕائەسپێرین، بۆ ئەوەی لە ماوەی هەفتەیەك پەیوەندی بە کەسانی پسپۆڕ بکات بەمەبەستی ڕاستاندنی خشتەکە و دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم هەر بە کراوەیی ئەمێنێتەوە تا ڕاستاندنەکە، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاکەی کراوە؟ بەپێی پەیڕەو (٢٤) کاتژمێرە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا ئەوان ئامادە ئەبن، هیچ شتێ نییە لە پەیڕەو بڵێ ئەوەنە سەعات بەکراوەیی بێ، ئێستا جەلسەی خوێندنەوەی دووەم دابخەین ناتوانین جارێکی تر موناقەشەی ئەو خشتەیە بکەین، بە دەنگدان ئەو بڕیارە ئەدەین، هەر بۆشاییەکی یاسایی هەبوو بە دەنگدان بڕیاری لەسەر ئەدەین، چ چارەسەرێکی تر هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لیژنەی پەیوەندیدار ڕاسپێردرێ لە پەرلەمان پێداچوونەوەی خشتەکان بکات، نەك بە کراوەیی جێبهێلین، ئەو لیژنەی لەسەر ڕێك ئەکەوێ لەسەر هەموو ئەو بابەتانە چ گرفتێك ئەبێ؟ گرفتێکی پەیڕەوی هەیە؟ ئێمەی پەرلەمانتار ئامادەین جەلسەیەکی تر بکەین لەسەر موفرەدێك کە کاری ئێمە نییە؟ کارێکی ئیختیساسیە، باشترین ڕێگا ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەین و ئەوانیش لەسەر خشتەکە ڕێکەون و خوێندنەوەی سێیەم بکرێ هیژ گفتوگۆی لەسەر نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەوە فكرەیەكـی تـرە، دەنـگ لەسـەر ئەوە بـدرێ، لیـژنەی تایبەتمەنـد تەخویـل بـكەن لە مـاوەی هەفـتەیەك پێـداچوونەوە بكـات بە یـارمەتی پسـپۆران لەسـەر ئەو خشـتەیە، ئەوەی جەنابیان ئەیخەنە ناو ڕاپۆرتی كۆتایی پەسند كراوی پەرلەمانی كوردستان بێ بـۆ خوێنـدنەوەی سـێیەم، كـێ لەگەڵە بەو شـێوەیە؟ (٦٢) كەس لەگەڵ ئەوەیە لیـژنەی تایبەتمەنـد ڕاسـپێدرێ، بـۆ ئەوەی لە ماوەیەك لە هەفتەیەك تێپەر نەكات ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە خشتەكان ئامادە بكات و ڕاپۆرتی پەسـند كـراوی لیـژنەی تەندروسـتی ئەخـرێتە نـاو ڕاپـۆرتی خوێنـدنەوەی سـێیەم بـۆ دەنگدان، دانیشتن كۆتایی هات.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)ی

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩\١٠\٢٤

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢٤) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧) و (٨٨) و (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: درێژکردنەوەی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: دانان و دەست لە کارکێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١-دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز عثمان علی سمایل  لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی.

٢-دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف لە لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

چوارەم: خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز مەم برهان قانع پەیوەست بە سیاسەتی بەگەرخستنی داهاتەکان بە پێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی وەرزی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین پوختەیەك لە دانیشتنی پێشووتر لەگەڵ ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) و بڕگەی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) و بڕگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧) و (٤٨) و (٥٢) و (٥٤) و (٥٥) و (٥٦) و (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢٤) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧) و (٨٨) و (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: درێژکردنەوەی خولی پایزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: دانان و دەست لە کارکێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١-دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز عثمان علی سمایل لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی.

٢-دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف لە لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

چوارەم: خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز مەم برهان قانع پەیوەست بە سیاسەتی بەگەرخستنی داهاتەکان بە پێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٨ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣-دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٤-خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان و کاتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

٥-دەنگدان و پەسەندکردنی لیستی ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان بۆ بەدواداچوون لەلایەن لیژنەی تەندروستی بە گەڕاندنەوەی بۆ هۆڵی پەرلەمان و دانیشتنی گفتوگۆکردن لەسەری.

٦-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبووبن بۆ دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پایزەی لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/١٨) بەیانییەکەی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەموویان مۆڵەت پێدراون:

١- أرشد حسين محمد
٢- بهجت علی إبراهيم
٣- بەڵێن إسماعيل حاجی إبراهيم
٤- راهی راهبر إبراهيم
٥- زياد جبار محمد
٦- سەرکۆ ئازاد حسين
٧- سۆران عمر سعيد
٨- شەمۆل اشين صابر
٩- صباح محمود محمد
١٠- عباس فتاح صالح
١١- عثمان علی سمايل
١٢- عثمان كريم سوارە
١٣- محمد سعدالدين أنور
١٤- مۆژدە محمود محمد

١٥- نجاه شعبان عبدالله

١٦- هديه مراد حيدر

١٧- هيمداد صباح بلال

١٨- هێڤیدار أحمد سلمان

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیــژنەی دارایــی بە پێــی ئەوەی کە لە پەیــڕەوی نــاوخۆدا هــاتبوو کە گوتمــان ئەوان مۆڵەتیــان پێدرابوو ئەوان لە ناو لیژنەی بەردەوام بوون لە کۆبوونەوەکەیان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خولی پایزە لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/١٨) ئێوارەکەی:

١- ئازاد أكرم بهرم.

٢- دابان محمد حسين مۆڵەت

٣- ڕزگار عیسی سوار مۆڵەت

٤- سەلما فاتح توفیق مۆڵەت

٥- هەژان أحمد حسن مۆڵەت

نــاوی ئەو ئەنــدامانەی کە مــۆڵەت یــان بە بــێ مــۆڵەت لە کۆبــوونەوەی لیــژنە هەمیشــەییەکانی پەرلەمان ئامادە نەبوون:

-لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (٢٠١٩/١٢/١٩):

١- هەورامان حەمە شریفئامادەنەبوو

٢- ڕۆژان محمد كريم مۆڵەت

-لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان (٢٠١٩/١٢/٢٢):

١- سەلما فاتح توفیق مۆڵەت

٢- مەم برهان قانع محمد مۆڵەت

٣-ڕووپاك أحمد رحمان مۆڵەت

-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠١٩/١٢/٢٢):

١- سۆران عمر سعيد مۆڵەت

٢-سەرکۆ ئازاد مۆڵەت

-لیژنەی کاروباری پێشمەرگە (٢٠١٩/١٢/٢٣):

١- عثمان كريم سوارە مۆڵەت

٢-جمال حويز مصطفى مۆڵەت

٣-باڵانبو محمد علی مۆڵەت

-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠١٩/١٢/٢٣):

١-زياد جبار محمد مۆڵەت

-لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری (٢٠١٩/١٢/٢٣):

١-عثمان کریم سوارە مۆڵەت

٢-هێرش حسن محمد مۆڵەت

-لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان (٢٠١٩/١٢/٢٣):

١-ئاشنا عبدالله قادر مۆڵەت

٢-سەلما فاتح توفیق مۆڵەت

٣-جلال محمد عبدالله مۆڵەت

-لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٢٠١٩/١٢/٢٣):

١-راهی راهبر إبراهیم مۆڵەت

-لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی (٢٠١٩/١٢/٢٣) :

١-شیرین یونس عبدالله مۆڵەت

-لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٠١٩/١٢/٢٣):

١-بەڵێن إسماعیل حاجی مۆڵەت

٢-محمد سعدالدین أنور مۆڵەت

٣-عباس فتاح صالح مۆڵەت

٤-ڕۆژان محمد کریم مۆڵەت

سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢) دەکەین، کە بڕگەی یەکەم بریتی یە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧) و (٨٨) و (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە ئێستاش لە دەستەی سەرۆکایەتی داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، دەکرێت لە هەردوو لیژنەکە چەند ئەندامێکی بەڕێزی تریش بەشدار بن، فەرموون، بە ناوی پەرلەمانی کوردستان زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی زۆر بەڕێز کاك ئایدن معروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان دەکەین، بەڕێز لیژنەی یاسایی فەرموون، کاك محسن، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان:

یەکەم/ ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بە بۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ نەتەوەی تورکمان:

أ-(١٧)ی تشرینی دووەمی هەر ساڵێك بە ڕۆژی زمان و کەلتووری تورکمانی دادەنرێت.
ب- (٢٤)ی شوباتی هەر ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری تورکمانی دادەنرێت.
دووەم/ دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.
سێیەم/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
بۆ زیندوو کردنەوەی بۆنە نەتەوەیی و کەلتووری پێکهاتەی تورکمان و پتەوکردنی دەولەمەندی و فرە کەلتووری لە هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح (هەورامی)/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەوەی خوێندرایەوە دەقی ئەو پێشنیازە یاسایە بوو کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کرا و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو، ئێستا داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکانیش بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٢٣) کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بە مەبەستی نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عیراق بۆ خوێندنەوەی دووەم، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیاز کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەم لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) ڕەوانەی لیژنەکانمان کرا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عیراق:
یەکەم/ ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بە بۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ پێکهاتەی تورکمان:
١- (١٧)ی مانگی (١١)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی زمان و کەلتووری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.
٢- (٢٥)ی مانگی (٢)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.
دووەم/ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

سێیەم/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن:**

بۆ بە فەرمی کردنی بۆنە نەتەوەیی و کەلتووری پێکهاتەی تورکمان و پتەوکردنی دەوڵەمەندی و فرە کەلتووری لە هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، وەك تێبینیتان کرد دەقی پێشنیازە یاساکە لەگەڵ دەقی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشەی کە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند ئامادە کراوە، دیارە هەندێك دارِشتنی نوێی تێدایە، بۆیە بە پێی حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨٧) ئێستا ئێوەی بەڕێز لەسەر ئەسڵی پێشنیازە یاساکە یان ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکە دەنگ بدەین بۆ ئەوەی یەکێکیان بکەینە بنەمای گفتوگۆ، بۆیە ئێستا بەڕێزان دەقی دارِشتنی یەکەم، با بڵێین پێشنیازە یاساکە ئەوەی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کرابوو وەك خۆی دەیخەینە دەنگدان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەی کە دەقی پێشنیازە یاساکە وەکو خۆی بکرێتە بابەتی گفتوگۆ دەست بەرز بکاتەوە؟ کەس لەگەڵی نیە، چەند کەس لەگەڵ ئەوەی دەقی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ؟ بە دەنگی (٧٢) پەرلەمانتار ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەینە بنەما بۆ گفتوگۆ، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند بفەرموون بە خوێندنەوەی دەقی لە ناونیشانی پێشنیازە یاساکەوە دەست پێ بکەن، فەرموون.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان لە ناونیشان دەست پێ دەکەین، هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ناونیشانی ئەم پێشنیازە یاسایە بکات با بفەرموێت، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ گفتوگۆ لەسەر ناونیشانی ئەم پێشنیازە یاسایە بکەن بریتین لە بەڕێزن کاك محمد، کاك د.محی الدین، کاك د.ڕێبوار، کاك مەم برهان، کاك رۆمیۆ، مامۆستا عثمان ، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین أنور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی حەز دەکەم ئەوەی بڵێم بە بەراورد لەگەڵ عیراق و ناوچەکانی دیکە هەرێمی کوردستان ئەو قەوارەیەیە کە ناسراوە بە پێکەوە ژیان و دابین کردنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، هەم لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و لەو بەیاننامانەی....

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ناونیشانەكە تكایە.

**بەڕێز محمد سعدالدين أنور:**

باسـی ناونیشـانەكە دەكەم، لە بەیاننامەكـانی نەتەوە یەكگرتووەكـان هەم لە یاسـای ژمـارە (٥)ی (٢٠١٥) ئاماژەی بەوە كردووە كە پشووەكان و بـۆ هەنـدێك بـۆنەی نەتەوەكـان بە فەرمـی بكـرێن، بۆیە ئەو ناونیشانە (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەكانی پێكهاتەی توركمـان لە هەرێمـی كوردسـتان) وەك خۆی بمێنێت باشە، هەم بە وازحی دیارە كە بۆنە فەرمییەكان بۆ توركمان بەفەرمی كـراوە، هەم ئیلتیزام وەكو مەسئولیەتی هەرێمی كوردستان بە بەرامبەر بە پێكهاتەكان، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك د.محی الدين، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو ئەوە لەگەڵیدام، بەڵام پێموایە پێكهاتەی توركمان پێكهاتە بگۆڕین بۆ نەتەوەی توركمان، چونكە ئێمە با تووشی ئەو دەستەواژە و كێشمە كێشمە نەبین لە عیراق باسی (مكونات) دەكات، نەتەوەی توركمـان و كریسـتیانەكانیش و بە كلـدان و سـریان و ئاشـوور و ئەوانەشـەوە نەتەوەی ڕەسەنی ئەم نیشتیمانەن، بۆیە پێموایە (پێكهاتە)كە بكرێتە نەتەوەی توركمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پلـۆرالیزمە و پـێكەوە ژیـانەی كە هەیە لە هەرێمـی كوردسـتان حـاڵەتێكی نمـوزەجیە، ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەم جۆرە حاڵەتە نەبێ ئەم پـێكەوە ژیـان و پلـۆرالیزمە، مـن بەش بە حاڵی خۆم بەم شێوەیە پێشنیار دەكەم سـەبارەت بە ناونیشـانی پێشـنیازە بڕیـارەكە (پێشـنیازی بڕیـاری دیـاری كردنـی ئەو ڕۆژانەی خـوارەوە وەك بـۆنە فەرمییەكـان بـۆ پێكهـاتەی توركمـان لە هەرێمی كوردستان) دیاری بكرێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی قسە لەسەر ناونیشانەکە بکەم بە پێویستی دەزانم کە ڕوونکردنەوەیەکی کورت بدەم، هەڵبەتە ئەم پێشنیازە بڕیارە کە بە ئیمزای (١٧) پەرلەمانتاری بەڕێز پێشکەش کراوە، ئەم (١٧) پەرلەمانتارە بەشێکی لەسەر داوای خوشك و برا، لەسەر نوێنەرانی خوشك و برا تورکمانەکان بووە، بۆیە من هەر بۆ خۆشیان بۆ ئەو هاوڕێیانە من پێشنیاز دەکەم ئەو ناونیشانە بەو شێوەی لێ بکرێ، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی تریش مافیان زامن کرابێ، ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ کلدان و ئاشوور و سریان و هەموو ئەوانەش وا بکەین ئیزافەی بکەین، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەو شێوەی لێ بکرێ (پێشنیازی بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان)، کۆی پێکهاتەکانی تێدا کۆبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ڕوونە بۆ ئیزافەکردن یان هەر بابەتێکی تر دەبێ ڕێژەی یاسایی ژمارەی پەرلەمانتاران پێشنیازی یاسای خۆیان پێشکەش بکەن، پێشکەش بکرێ و دواتریش سەیر دەکرێ ئینجا دەخرێتە بەرنامەی کار، ئەوەی کە ئێستا پێشکەش کراوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئیحالەی لیژنە تایبەتمەندەکان کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە تایبەتە بە بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتە یان نەتەوەی تورکمان، بۆیە ئەو بابەتەی تر دەکرێ بەڕێزان لە پێکهاتەکانی تر بە پێشنیازە یاسایەکی تایبەتتر داوای بکەن، زۆر سوپاس، کاك رۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەی من سێبارەیە، ئەوە تەقریبەن هەندێکی جەنابت وەڵامی ئەو قسانەی منت داوە، پێش ئەوەی من قسە بکەم، من لە دوو دەرفەت دا لە ڕۆژی (٨/٣) ناساندنی بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان، دواتر وەکو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی هەبوو لەسەر مەسەلەی جینۆسایدی کورد، من لە هەر دوو ئەو بۆنەیە.....

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رۆمیۆ ئەگەر مولاحەزەت لەسەر ناونیشانەکەیە، تکایە تۆ دەبێ بە پێی پەیڕەو پابەندبین بەوە.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

بەڵێ قسەم لەسەر ناونیشانەکەیە، پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك مەم دەکەم، بەڕاستی ئێمە دوێنێ هەر لەو کۆبوونەوەی کە پەیوەستە بەم پرۆژە بڕیارە، ئێمە دانیشتبووین وەکو فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی، هەمان ئەو قسانەمان کرد دوێنێ لە کۆبوونەوەکەشدا، بۆیە من پێموایە بۆ ئەوەی پەرلەمان زیاتر کاتەکە نەیبا، بۆ ئەوەی کاتەکەی

باشـتر بـێ، هەروەهـا بـۆ ئەوەی زۆر شـتی تـریش مـن پێمـوایە نـاکرێ هەر ڕۆژێ بە بـۆنەیەکی پێکهاتەیەك، چونکە پێکهاتە زۆرن، ئێستا دوای پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان و کلدۆئاشوورییەکان مەسەلەی پێکهاتە ئاینییەکان دێ، کە ڕیزبەنـدێ زۆرە، لە کۆتاییـدا مـن بە تەئکیـد پشـتیوانی لەم پرۆژە بڕیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك ڕۆمیۆ، مامۆستا عثمان ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی پێشنیار دەکەم کە تورکمان نەك هەر لە عیراق تەنها کوردسـتان، ئـێمە زیـاتر قسـەی لەسەر دەکەین، با بە نامۆ کردنی و غەریب کردنی برایانی تورکمان نەبێ بەڕاستی، دابین کردنـی ڕۆژێـك بـۆ برایـانی تورکمـان پێمـوایە کەم کـردنەوەی شـەئنی تورکمانـانە، بـۆ زانیـاری هەمـوو ئەندامانی بەڕێز پێکهاتەی تورکمان لە هەولێرێ بەتایبەت بەڕاستی زۆرینەن، کەمیـنە نـین، بـۆیە داوا دەکەم ڕۆژێك نەبێ، نەوەك وەکـو خەڵـك قسـەیەکمان لەسـەر بکـات بڵـێن ڕۆژێکیـان دابـین کردووە بۆ جلی کوردی، کە بەڕاستی ئەوەش بێ ڕێزییەك بوو بۆ جلی کوردی، ئێمە داوا دەکەین کە نەتەوەی سەرەکی لە هەولێر بەتایبەت برای تورکمانن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس مامۆستا، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ پێکهاتەکـان، ئەگەر تێبینـی و سـەرنجێك هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێپێکهاتەکان:**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

بەڕێزان پێشەکی من زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەروەهـا فراکسـیۆنەکان کە لە نـاو پەرلەمان پشتیوانیان لەم هەنگاوە، کرد، بەتایبەتیش بۆنە فەرمییەکان بۆ پێکهاتەی تورکمان، من لە ناونیشـانەکە تەئیـدی د.محـی الـدین دەکەم کە (پێکهـاتە) بکـرێتە (نەتەوە) زیـاتر باشـتر و مولائیمترە، لەبەر ئەوەی لە دەستوری عیراق و لە دەستورەکانی ئێـرەش کە دوو نەتەوەی گرنـگ لە هەرێم وەکو نەتەوەی تورکمان و کلدۆئاشووری، ئەوانەی تر کە دیارە وەکـو پێکهـاتە تەعریـف کراوە، من ئەوەندە مولاحەزەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان دیارە بەڕێز منی خان وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکـی بچووکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منی قەهوەچی وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە پێکهاتەی تورکمان.

بە پێویست دەزانم ئەو پێشنیازە بڕیارە کە ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان وەك خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە تەنها پەیوەستە بە پێکهاتەی تورکمان، بۆ دیاریکردنی ڕۆژێك کە کردنەوەی قوتابخانەی تورکمانە لەگەڵ ڕۆژنامەگەری تورکمانە، واتا هیچ رەبتێك نابێ لەگەڵ پێکهاتەکانی تر، بۆیە وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆ پێگەکەشی بەو شێوازە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕوونکردنەوە هەیە، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە (پێکهاتە) و (نەتەوە)، لیڤ دەستووری عیراقیژی هەر دیباجە لە دەستووریٰ عیراقی دا و لە چەند ماددەیەکیش دا لە ماددەی دەستووری عیراقی (مکونات) (پێکهاتە) بە کار هاتیە پتر (قومیة)، هەروەسا مە یاسایەك هەیە لە هەرێمێ کوردستانێ یاسای ژمارا (٥) ساڵی ٢٠١٥ یاسا (پاراستنا مافێت پێکهاتە لە هەرێما کوردستانێ)، بەس لەو یاسایەدا (٢٣) جار (پێکهاتە) هاتیە بەکارهێنان، هەروەسا لە ماددا (١)یش دا ژ ڤێ یاسایێ زاراڤەدا بڕگا (٢) ڤی شێوە پێناسەی پێکهاتە کری تەقسیم کری سەر دوو کۆمەڵە، کۆمەڵە نەتەوەیی و کۆمەڵێت ئاینی، یەعنی لە ڤێرێشی دڤیا ساڵ هەرێمی ژی هەی یاسا ژمارە (٥) ساڵا ٢٠١٥ پێکهاتە هاتی بە کارهێنان، ژ بەهەندێ مەڤی پێ باشە پێکهاتە لە ڤێ بمینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی یەکەمی ئەم پێشنیازە بڕیارە، ئێستا داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بفەرموون بە خوێندنەوەی تەواوی ماددەی یەکەم.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بە بۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ پێکهاتەی تورکمان:

١- (١٧)ی مانگی (١١)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی زمان و کەلتووری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

٢- (٢٥)ی مانگی (٢)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر خاڵی یەكەمی ئەم پێشنیازە بڕیارە هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆی لەسەر بكات دەست بەرز بكاتەوە، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر خاڵی یەكەمی ئەم پێشنیازە بڕیارە بكەن بریتین لە بەڕێزان كاك مەم برهان، كاك محمد، كاك مەلا وەیسی، كاك د.ڕێبوار، كاك سەروان، كاك ڕۆمیۆ، ڕوپاك خان، كاك ئومێد، كاك ڕۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، كە لە خاڵی یەكەم ئەو بۆنانەی لای خوارەوە بە بۆنەی فەرمی دادەنرێت بۆ پێكهاتەی توركمان، خۆی بۆنەی فەرمی دوو جۆرە، بۆنەی فەرمی یادەكە دەكرێتەوە، هەندێك جاریش پشووشی لەگەڵە، ئێمە وەكو كلدۆئاشوورییەكان هەندێك بۆنەی فەرمیمان هەیە بەڵام بۆ خەڵكی ئێمە پشووە، نازانم لێرە شەرح نەكراوە كە پشووشی لەگەڵدایە یاخود نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەو تێبینی و سەرنجانە بنووسن بۆ لیژنەی تایبەتمەند لەگەڵ بەڕێز وەزیری هەرێم، كاك محمد، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین أنور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ قۆناغێكی نوێ دەستی پێ كرد لە هەرێمی كوردستان، پێكهاتەكان دەستیان كرد بە پەیڕەوكردن و جێبەجێ كردنی مافی نەتەوەیی و كلتووری و سیاسی خۆیان، لە ژێ ئەو سیستەمە دیموكراسیەی كە لە هەرێمی كوردستان دا دەستی پێكرد، بۆیە حەز دەكەم بڵێم ئەو (١١/١٧)یە، لە (١٩٩٣/١١/١٧) یەكەم قوتابخانەی توركمانی كراوە لە هەرێمی كوردستان لە هەولێر و لە كفری، پێكهاتەی توركمان بە زمانی دایك دەستیان كرد بە خوێندنی خۆیان، بۆیە ئێمە كردنەوەی یەكەم قوتابخانەی توركمانی لە هەرێمی كوردستان وەك بۆنەیەكی فەرمی هەموو ساڵ یاد دەكرێتەوە و دەمانەوێ بكرێ بە ڕۆژی زمان و كەلتووری توركمانی، (٢٥)ی شوباتیش دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی توركمانی یە لە كەركووك، خۆتان دەزانن لە عیراق و هەرێمی كوردستان توركمانەكان چەندەها بۆنەیان هەیە بەڵام ئەو دوو بۆنەیە لەبەر ئەوەی لەسەری موتەفیقن و هەموو ساڵ لەلایەن توركمانەكان یاد دەكرێتەوە، بە باشم زانی كە پەرلەمانی كوردستان پاش هەموو ئەو مافە نەتەوەیی و كەلتوورییە كە بە توركمانەكان دراوە، ئەم مافەش بە ئێمە بدرێت، ئەم دوو بۆنەیە بە فەرمی بكرێت سوپاستان دەكەین و هیوادارین فراكسیۆنەكانیش پاڵپشتیمان بكەن.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕووپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵـلا مـن بەس داوای ڕوونکـردنەوەم دەکـرد، بەڵام کـاك محمـد ڕوونکـردنەوەکەی بـاس کـرد، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم منیش هەر بە هەمان شێوە داوا لە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروبـاری پێکهاتەکـان ڕوونکردنەوەیەکمـان بـداتێ (١٧)ی مـانگی (١١)ی هەمـوو سـاڵێك بـۆ ڕۆژی زمـان، دەمانەوێ پاشخانەیەکی لەبارەوە بزانین، سـەبارەت بە بـڕگەی دووەم مـن پێمـوایە زیـادە، بـۆنە نەتەوەییەکان لەگەڵ بۆنە پیشەییەکان دەبێ جیـاواز بـێ، ئەوەی لە بـڕگەی یەکەم هـاتووە ڕێـك لەگەڵ ئەوەم کە بـۆنەیەکی نەتەوەیـی تورکمـانە، دوای ئەوەی کە بەڕێـز وەزیـری هەرێـم ئەو بەرچاوڕوونیەمان بداتێ، بەڵام لە بڕگەی دووەم پێموایە بۆنەیەکی پیشەیی یە، میهەنـی یە نەك بۆنەیەکی با بڵێـین پەیوەسـتە بە سـەندیکاکانەوە، بە بـواری ڕۆژنـامەگەری، مـن پێمـوایە ئەوەی دووەم زیـادە، لەگەڵ ئەوەش دا مـن پشـتگیری قسـەکانی کـاك رۆمیـۆ دەکەم، کە دەڵـێن بە بـۆنە کردنی ڕۆژەکە دیاری بکەن، ئەم بۆنەیە پشووی لەگەڵە، لەگەڵی نیە، تەوزیحێك بدەن لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشـنیازە بڕیـارەی کە خـراوەتەڕوو بە دڵنیـاییەوە خواسـتی پێکهـاتەی تورکمـانە لە نـاو پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتیـان هەیە بە پێـنج کورسـی پەرلەمـانی، ئەوان پێشکەشـیان کردووە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە نەتەوەکانی دیـکەی جیـاواز، پشـتیوانی لـێ کـراوە، (١٧) ئەنـدامی پەرلەمـان پشـتگیری لـێ کـردووە، ئەو پەرلەمـانە بەڕێـزە زادەی بەیەکەوە ژیـانی کوردستانە، بۆیە من پێشـنیاری ئەوە دەکەم کە ئەوە خواسـتی ئەوانە، ئەوان ڕۆژەکـانی خۆیـان دیاری کردووە و پشـتیوانی لـێ کـراوە، بـۆ ئەو پەرلەمـانە بەڕێـزە زۆر جـوانتر دەبێـت کەمتـرین

گفتوگۆ له چوارچێوەی ئەو بەیەکەوە ژیانەی کە هەموومان شانازی پێوە دەکەین، کەمترین گفتوگۆی لەسەر بکەین، بە دڵنیاییشەوە لە خوێندنەوەی سێیەمیش دا زۆرترین پشتیوانی لە پرۆژەکە کە هەموو پێکهاتەکانی دیکە دەیکەین، دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەو پەرلەمانە بەرێزە زادەی بەیەکەوە ژیانی کوردستانە، پشتیوانی لە خواستی خوشك و برایانی بەرێزمان لە پێکهاتەی تورکمان دەکەین و هیواداین کەمترین گفتوگۆ لەسەر خواستەکەی ئەوان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك سەروان، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دروست هاوڕای کاك ئومێدم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی یەکەمی ماددەی یەکەم هیچ تێبینیم نیە، بەڵام بە نیسبەت خاڵی دووەم بۆ ئەو هاوڕێیانە و خوشك و برا تورکمانەکان و نوێنەرەکانیان، لە عیراق دا یەکەم ڕۆژنامە لە ساڵی (١٨٦٩) دەرچووە بە ناوی (زەورا)، زەورا هەشت لاپەڕە بووە، چوار لاپەڕەی بە تورکمانی بووە، چوار لاپەڕەی عەرەبی بووە، یەعنی بۆ خۆیان (٩١١) (الحوادث) دەردەچێ لە کەرکووك تەئریخی ئەوە (٤٢) ساڵ پێش ئەوەیە ئەو ڕۆژنامەیە، من پێم باش بوو یەکەمیان ئەگەر ئەم حاڵەتە بکرێت بۆ تەئریخی (١٨٦٩)ی مێژووی ڕۆژنامەگەری لە عیراق، ئەوە یەك، دووەمیان/ لە کوردستان دا ئێستا یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری دەکرێتەوە (٢٢/نیسان/١٨٩٨) کە ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دەرچووە، بڕیارێك نیە بڵێ ئەو ڕۆژە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیە، چ پێویست دەکات ئێستا بڵێی ڕۆژی ڕۆژنامەگەرییە، بۆیە من پێموایە وەکو هەندێ لە هاوڕێیان باسیان کرد تەنها بۆنە نیشتیمانییەکە بمێنێ گرنگە، بۆ مەسەلەی بۆنەی ڕۆژنامەگەرییەکە ( cancel) بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی مامۆستا (ڕۆمیۆ هەکاری)م هەبوو، پێم باشە یەکەمەکە بەم شێوەی لێ بێت (ئەو بۆنانەی لای خوارەوە وەك بۆنە دادەنرێن بۆ پێکهاتەی تورکمان بە مەرجێك ئەگەر ئەو ڕۆژە نەکرێتە پشوو)، ئەوەی تریش پێشنیارێکم هەبوو مادام ئێمە ڕۆژی زمان و کلتووری پێکهاتەی تورکمانمان دانا، لە هەمان کات دا ڕۆژی ڕۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمانمان دانا، بەدڵنیاییشەوە برا تورکمانەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان ڕۆڵی دیاریان هەبووە، پێشنیار دەکەم ڕۆژی شەهیدی تورکمانیش دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، فەرموو ئەگەر تێبینیەکت هەیە.

**بەڕێز ئایدن معروف/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان:**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

**پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.**

ئەوە هەنگاوێکی زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە ئێمە تاکو ئێستا لە پەرلەمانی عیراق بڕیارێك یان پرۆژەیەکی تایبەت نیە بە پێکهاتەکان، لێرەدا کە لە پەرلەمانی کوردستان کە قیرائەی دووەم دەکرێ تایبەت بە بۆنە فەرمییەکان تایبەت بە پێکهاتەی تورکمان، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، (١١/١٧)ش پەرلەمانتار برای بەڕێزم کاك محمدیش باسی کرد کە ئەوە لەم ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٩٣دا لە شاری هەولێر و کفری دا یەکەم قوتابخانەی تورکمانی کە ئیستیحداس لەوە کراوە، ئەوە زۆر گرنگ بوو بۆ پشتیوانی کردنی لە پەروەردە و خوێندنی تورکمان لە هەرێم دا، کە لێرە (١١/١٧) دەستنیشان کردنی بە ڕۆژی کەلتوور و زمانی تورکمانی ئەوە خەتوەیەکی باشە و ئێمە وەکو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان پشتیوانیان لێ دەکەین، لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو بۆنە فەرمییانە کە لە پەرلەمان دا پشتیوانی بکرێت و دەعم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕا و سەرنجێکتان هەیە، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە زۆربەی پەرلەمانتاران پرسیاریان کرد لەسەر ئەوەی ئایا ئەو ڕۆژە بە پشوو دادەنرێت یان نا، ڕوونکردنەوەیان بدەینێ، دیارە بۆ دروستکردنی واقیعەیەکی قانونی ئیللا دەبێ نەص هەبێ، مادام لێرە باس نەکراوە پشوو هەیە یان نیە، کەواتە بە پشوو ئەژمار ناکرێ، تەنها ویستم ئەو ڕوونکردنەوە بدەم کە بە پشوو ئەژمار ناکرێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر گفتوگۆ لەسەر خاڵی دووەم، بەڕێزان فەرموون لیژنەی تایبەتمەند خاڵی دووەم بخوێننەوە لە پێشنیازە بڕیارەکە.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم/ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێ لەسەر خاڵی (دووەم) گفتوگۆ بکات دەست بەرز بکاتەوە، فەرموو کاك شێخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دووەم هاتووە پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات، پێشنیاز دەکەم (لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن) بەو شێوەیەی لێ بکرێ.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، یەعنی ئیزافە کردنی کەلیمەی (لەسەر)، بەڵێ سوپاس، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند فەرموون خاڵی سێیەم لە پێشنیازە بڕیارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێت بفەرموێت گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکات، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك أحمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە وابێ (ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت).

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك شێخ ڤاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم ئەو بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، نەك لە ڕۆژی دەرچوونیەوە، چونکە عورفی تەشریعی وایە، پاش بڵاوبوونەوەی لە وەقائیعی کوردستان ئەو کات جێبەجێ دەکرێت نەك لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند هیچ ڕا و سەرنجێکتان هەیە، کاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دووەم ئێمە لە زمانی کوردی دا دوو جۆرە ڕستەمان هەیە، ڕستەی ڕاگەیاندن و ڕستەی دانانی، کە ڕستەی دانانی بێت دەبێت کاری هاریکار لە پێشەوەی ڕستە بێت، (پێویستە) دەبێت لەسەرەتای ڕستە بێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند دەچینە سەر گفتوگۆکردنی هۆکارەکانی دەرچوواندن، فەرموون بخوێننەوە.

**بەڕێز سارا دلشاد بکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکارەکانی دەرچوواندن:

بۆ بە فەرمی کردنی بۆنە نەتەوەیی و کەلتووری پێکهاتەی تورکمان و پتەوکردنی دەوڵەمەندی و فرە کەلتووری لە هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، هەر بەڕێزێك دەویەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکات، ئەم سێ بەڕێزە دەیانەوێ گفتوگۆ بکەن، کاك د.ڕێبوار، خدیجە خان، د.گەلاوێژ، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆکارەکانی دەرچوواندن پێم باشە کە لێرە وشەی بەرز ڕاگرتنیش زیاد بکرێت، بۆ بەرز ڕاگرتن و بە فەرمی کردنی بۆنە نەتەوەیی و ئەویدیش هەتا ئەخیری وەك خۆی، تەنها وشەی بەرز ڕاگرتن زیاد بکرێت.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێشنیازە بڕیارە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە لە هەرێمی كوردستان دوو خاصیەتی زۆر گرنگ هەیە، یەكێكیان پلۆرالیزمە پێكەوە ژیان، ئەوی تر یەكتر قبوڵ كردنە، بۆ ئەوەی كە ئەو دوو خاصیەتە ڕەنگ بداتەوە لە هۆكارەكانی دەرچوواندن من داڕشتەیەكم هەیە پێشنیاز دەكەم ئەم داڕشتنە شوێنی داڕشتنی هۆكارەكانی دەرچوواندن بگرێتەوە كە بەو شێوەیەی خوارەوەیە: بۆ بە فەرمی كردنی بۆنە نەتەوەیی و كەلتووری پێكهاتەی توركمان و پتەوكردنی یەكتر قبوڵ كردن و پێكەوە ژیان و فرە كەلتووری لە هەرێمی كوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم، فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێكهاتەكان:**

**بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان.**

من هیچ تێبینیم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند هیچ ڕاو سەرنجێكتان هەیە؟ زۆر سوپاس بەڕێزان، د.گەلاوێژ فەرموو، ببوورە.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبيد عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن (بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەكان شارەزای كەلتووری پێكهاتەی توركمان بن و بۆ بتەوكردنی دەوڵەمەندی فرە كەلتووری لە هەرێمی كوردستان ئەم بڕیارە دەچووێندرا) پێم باشە صیاغەكە ئاوای لێ بكرێ و جوانتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان گفتوگۆمان لەسەر بڕگەی یەكەمی دانیشتنی ئەمڕۆ كۆتایی پێ هێنا، ئێستا دەست بە جێبەجێ كردنی خاڵی دووەی بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەین، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند بچنەوە شوێنی خۆتان، بەڕێز وەزیری هەرێم جەنابت دەتوانی بەشدار بی، یان مۆڵەتیش وەربگری ئاساییە بۆ بڕگەكانی تر، بەڕێزان دەست بەجێبەجێ كردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی كاری دانیشتنەكەی ئەمڕۆمان دەكەین، بەڕێزان هەر وەك ئاگادارن

خـولی پـایزەی سـاڵی یەکەم لە کۆتـایی ئەم مـانگی (١٢) کۆتـایی پـێ دێ، بە پێـی حوکمەکـانی پەیڕەوی ناوخۆ ئێمە لە پەرلەمانی کوردسـتان کۆمەڵێـك ئەرکمـان لەسـەر شـان مـاوە بـۆ ئەوەی تەواویان بکەین و جێبەجێیان بکەیـن، بەتـایبەتی ئامـادە کردنـی ڕاپـۆرت لەسـەر پـرۆژە یاسـای چاکسازی، دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای مـادە هۆشـبەرەکان، کـاتێکەرە عەقلییەکـان و هەروەهـا ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای ڕێژەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردستان دوو نووسـراومان ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران کـردووە بـۆ ئەوەی دانیشتنێکی تایبەتی گفتوگۆ لە نێـوان پەرلەمـانی کوردسـتان و حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بکرێ لەسەر خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها نووسراوێکی دیکەشمان کردووە لەسەر داوای ژمارەیەك پەرلەمانتار کە داوایان کردووە دانیشتنێکی تایبەت لە نێـوان پەرلەمـانی کوردسـتان و شـاندی دانوسـتانکاری حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بکـرێ لەسـەر ڕەوشـی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر مەسەلەی بودجە، هەندێك لەو بابەتانەی تریش کە ڕەنگە بێنە پێش، بۆیە ئـێمە بەڕێـزان بە حـوکمی بـڕگە (٤) لە مـاددەی (٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان داوا دەکـات وەرزی دووەم واتـا وەرزی پـایزەی سـاڵی یەکەمـی خـولی هەڵبژاردنـی پێنجەمـی پەرلەمـانی کوردسـتان بـۆ مـاوەی (٣٠) ڕۆژ درێـژ بکەینەوە، جا بۆیە بەڕێـزان هەر کەسێك لەگەڵ ئەوەیە خـولی پـایزەی سـاڵی (یەکەم)ی خـولی (پێنجەم)ی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ درێژ بکرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی پەرلەمانی کوردستان ماون، دەست بەرز بکـاتەوە، بەڵـێ، زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمانی کوردسـتان خـولی پـایزەی سـاڵی (یەکەم)ی خـولی (پێـنجەم)ی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان بـۆ مـاوەی (٣٠) ڕۆژ درێـژ دەکـرێتەوە، نـوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی ئـێمە لە چەنـد دانیشـتنێکی پێشـووش باسـمان کـردووە، یەعنـی هەرێمـی کوردسـتان نزیکەی شەش ساڵە پرۆژە یاسای بـودجەی نەبـووە، ئەم درێژکـردنەوەی پەرلەمـانیش ئـێمە نەك (٣٠) ڕۆژ (٦٠) ڕۆژیش بێ ئێمە لەگەڵیـداین و دەنگیشـی پـێ دەدەیـن و لەگەڵیـداین، بەڵام تکـایە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان داواتان لێ دەکەین فشـار بـخەنە سـەر حکـومەت بـا پـرۆژە یاسـای بودجە بێت، چونکە ئەم وڵاتە بە بێ بودجە بەڕێوە نـاچێ، یەعنـی بەڕاسـتی هـیچ وڵاتێـك نیـیە خۆی ناو نابێ وڵات و پەرلەمانیشی هەبـێ و بودجەشـی نەبـێ، لەبەر ئەوە بـا ئەو درێژکـردنەوە لانی کەم سوودێکی هەبێ بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای بودجەی تایبەت بێتە ناو ئەو پەرلەمانە و موناقەشەی لەسەر بکەین، لایەنی کەم دەستکەوتێکمان هەبـێ لە نـاو خەڵـك دا شانازی پێوە بکەین کە بودجە لە هەرێمی کوردستان دا بە شەفافی دەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز د.کاقم، ئێمەش ئاماژەمان بەوە کردووە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان نووسراوی فەرمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، داوای ڕوونکردنەوە کراوە لەسەر ئەوەی کە بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان ئامادە نەکراوە و بەشێك لە وەڵامەکان پەیوەندی بەو دانوستانانە هەیە کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، چونکە جەنابتان ئاگادارن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بودجە لەسەر بنەمای داهات و خەرجی دادەنرێت، داهاتی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندی بە ڕێککەوتن و جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی عیراق هەیە لەسەر ئەو بەشە بودجەیە لە بودجەی ساڵی (٢٠٢٠)ی عیراق دا بۆ هەرێمی کوردستان پەسەند دەکرێ، ڕێکەوتنێکی سەرەتایی کراوە لە نێوان شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراق، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزییەکانی عیراق و دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز سەرۆك وەزیران نەتواندراوە ئەو ڕێککەوتنە لە چوارچێوەی پرۆژە یاسای بودجەی (٢٠٢٠) لەلایەن حکومەتی عیراق بۆ پەرلەمان بنێردرێ، تا لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بزانێت دروست داهاتەکەی لەو ڕێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی عیراق چەند دەبێت، بەڵام ئێمە ئەم درێژکردنەوەیە حەتمەن ئەم بابەتەش بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، داوای ئیعادەشیان لێ دەکەینەوە و شاندی دانوستانکاری هەرێمیش کە هاتنە ئێرە دەتوانن ئەم پرسیارەیان ئاراستە بکرێ و کاری لەسەر بکرێ، نووسراوی جەخت کردنەوەشمان کردووە، بەڕێزان بەس تەنها ویستمان لەسەر هەر دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەم، واتا وەرزی بەهارە و وەرزی پایزە، لە هەندێك حاڵەت ئاگادارتان بکەینەوە بۆ ئەوەی بەرچاوتان ڕوون بێ، ئێمە ئەوەی تێبینیمان کردووە بەڕێزان ئامارێکمان لایە ئێستا لەسەر ڕێژەی ئامادەبوونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دانیشتنی لیژنەکان، ئەم ئامارەی ئێمە دوای ئەوەی کە ئامادە دەکرێت لەبەر ئەوەی ئەم وەرزەمان درێژ کردەوە، دوایی بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی تەواوی فراکسیۆنە بەڕێزەکانی دەکەین و تەواوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەش کە ڕێژەی ئامادەبوون لە ناو دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز چەند بووە، ڕێژەی مۆڵەت وەرگرتن و غائیب بوون و مۆڵەت وەرنەگرتنیشیان چەند بووە، بە پێی خاڵەکانی ماددەی (٣٣)ی پەیڕەویش حوکمەکانی دانیشتن و ئامادەبوون لە لیژنەکان هەمان ئەو حوکمانەن کە لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دا دەکرێ، ئێمە ئێستا لێرە ناچینە وردەکارییەکان، بەڵام ئەندامی پەرلەمان هەیە لە (١٠) دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بەشدار نەبووە لە کۆی (٢٦) دانیشتن کە ئێمە لە هەردوو وەرزی گرێدانی یەکەم و دووەم دا هەمانبووە، پەرلەمانتاری بەڕێز هەیە لە (٧) دانیشتن بەشدار نەبووە، لە (٨) دانیشتن بەشدار نەبووە، لە کاتێك دا بە پێی پەیڕەو

ئەگەر لە سێ دانیشتنی یەك لەدوای یەك ئامادە نەبێ، یان لە پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ لە یەك وەرزدا ئامادە نەبێ خاڵی پەیڕەوی وازجە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتانە دەکرێ، جا بۆیە بەڕێزان بە پێی ئەو نووسراوی مۆڵەتانەی هەتانبووە و لە ناو دانیشتنەکان خوێندراوەتەوە، یان مۆڵەت نەبوون لە دانیشتنی پەرلەمان خوێندراوەتەوە داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان کردووە لیستێکی وردەکارییان ئامادە کردووە، ئێمە ئەوانە دوایی ئاراستەی فراکسیۆنە بەڕێزەکانتان دەکەین، ئەوەشمان بۆیە ئاماژە پێدا، بەڵام بەڕێزان ئاماژە بەوەش بکەین نزیکەی (٢٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لە کۆی (١١١) ئەندامەکە لە تەواوی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشدار بووە، (٢٠) ئەندام لە تەواوی دانیشتنەکان بەشداربوون، لە تەواوی دانیشتنەکان دا بووە، ئەوەشمان هەیە ژمارەیەك پەرلەمانتار لە تەواوی دانیشتنی لیژنەکان و لەتەواوی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دا بەشدار بوون کە ژمارەیان (٤) کەسە، دوای ناوەکانتان و لیستەکانتان بۆ دەنێرین، لەگەڵ ئەوانەشی کە زۆر داوایان کردووە، بۆیە بەڕێزان ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بەجیددی لەسەر ئەو بابەتە ڕادەوەستین، ئەو خاڵە پەیڕەویەی کە مولزەمی پەرلەمانتار دەکات لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، لە دانیشتنی لیژنەکان بەشدار بێ، هەر ئیجرائێکی پەیڕەوی بەرامبەر پێویست بکات چ بە بڵاوکردنەوەی بێ لە سایتی پەرلەمان، چ بە ئاگادارکردنەوەی فراکسیۆنەکەی، یان خودی پەرلەمانتارە بەڕێزەکە، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە وەرزی ئایندەوە ئەوە جێبەجێ دەکەین، بەڵام بە پێویستمان زانی لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوە کۆتایی ئەو وەرزەیە ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و ڕای گشتی بکەین، بەڕێزان ئێستا دەست بەجێبەجێ کردنی خاڵی سێیەمی بەرنامەی، فەرموو، نوقتەی نیزام.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا پرسیار ئەوەیە ئەگەر هی هەموو فراکسیۆنەکان بدرێ بە نمونە نەك هەر فراکسیۆنێك کە دەدرێ غیاباتەکانی خۆی پێ بدرێ، هی هەمووان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار دەدەین، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکان دەکەین، ئەو کاتە لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆ دەکەین، کاك ئومێد، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢٨) تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکان و ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان بەر لە جێبەجێ کردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار، من پێموایە خاڵێکی ناپەیڕەوی دەبێت، لەبەر

ئەوەی دیاریکراوە لە ماددەی (٢٨) خاڵی دووەم (هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە ژمارەیەك ئەندام پێك دێت کە نابێت لە پێنج کەمتر و لە (١١) زیاتر بێت)، پێویست دەکات ئەو دوو بەڕێزە (مامۆستا عثمان ) و (د.هەورامان) دەست لە کارکێشانەوەیان..

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دامانناوە کاك ئومێد، دەستتان خۆش.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

دە باشە، ئەگەر نا لە بەرنامەی کار وا نەبوو، دەست لە کاربکێشنەوە پاشان دەست بەکار ببنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە خاڵێکی پەیڕەوی تەواوە، لە خاڵی سێیەم بەڕێزان ئێمەش ئەوەتا لامانە لە دەستەی سەرۆکایەتی ڕاستە لە بەرنامەی کار وا هاتووە، بەڵام بە پێی ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ لیژنە بەڕێزەکان دەبێ لە (٥) کەس کەمتر نەبێ و لە (١١) کەس زیاتر نەبێ، ئێستا هەردوو لیژنەکە (١١) ئەندامی بەڕێزی تێدایە، بۆیە ناکرێ ئێمە بڵێین بەڕێز مامۆستا هەورامان یەکەم جار دەست لە کاربکێشێتەوە و ئیزافەی بکەین بۆ لیژنەیەکی تر کە لیژنەکە ئێستا بۆ خۆی (١١)یە، لەبەر ئەوەی خەرقی پەیڕەو دەبێ، بۆیە ئێمە ئێستا دەست بەجێبەجێ کردنی دەکەین، دەست لە کارکێشانەوەی هەردوو بەڕێز لە لیژنەکانیان دەخەینە دەنگدان، دواتر ئیزافەکردنیان بۆ ئەو لیژنانەی کە پێشنیار کراوە، هەردووکی ئەوەش دەخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی ئەم خاڵەش وەکو خۆی جێبەجێ بکەین، بەڕێزان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٢٨) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داواکارییەك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز مامۆستا عثمان علی سمایل لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە ئەم دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز مامۆستا عثمان قبوڵ بکرێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بەدەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز مامۆستا عثمان پەسەند کرا، بەڕێزان دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف لە لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، هەر بەڕێزێك ڕەزامەندە لەسەر دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز د.هەورامان لەو لیژنەیە یا دەست بەرز بکاتەوە، بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان کوردستان دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز د.هەورامان لە لیژنەی شەهیدان پەسەند کرا، بەڕێزان داواکارییەك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی بەپێی حوکمی ماددەی (٢٨) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ بەڕێز مامۆستا عثمان علی سمایل زیاد بکرێت بۆ لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، هەر بەڕێزێك ڕەزامەندە تکایە دەست بەرز بکاتەوە، بە دەنگی (٧٤) ئەندامی پەرلەمان بەڕێز مامۆستا عثمان علی سمایل زیاد کرا بۆ سەر لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، بەڕێزان داواکارییەك ئاراستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ زیادکردنی بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە با دەست بەرز بکاتەوە فەرمووون، بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان بەڕێز د.هەورامان زیاد کرا بۆ سەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین، بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتی یە لە خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز مەم برهان قانع پەیوەست بە سیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکان بە پێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە دەبێ لە ماوەی (١٠) دەقیقەدا پابەندی بیرۆکە نووسراوەکەی بێت و بفەرمویێت.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٤٩) خاڵی (٢) ئەو ماوەی (١٠) خولەکە بۆ من دانراوە هەوڵ دەدەم پابەند بم و کاتژمێرەکەش ڕادەگرم بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست دا کۆتایی پێ بێنم، کات لە جەنابتان ناگرم، تەبعەن ئەم بابەتەی من لەسەر مەسەلەی بەگەڕخستنی داهاتەکانە، بەگەڕخستنی داهاتەکان لەسەر سێ تەوەر دیاریم کردووە، لە تەوەری یەکەمیان دا بەسەر سێ ئاراستە دابەشم کردووە، دواتر هیوادارم ئەم ڕاسپاردانەی کە دەیانخەمەڕوو خزمەتی پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەمان بکات و خزمەتی ڕای گشتی کوردستانیش بکات لەسەر بەگەڕخستنی داهاتەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەم ڕاپۆرتەم خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەرێمی کوردستان چی بکات بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی وڵاتێکی هەژار وەربگرێت؟ وڵاتێك کە بە هۆی پلانی ئابووری و ستراتیجی دروستی حکومڕانییەوە توانی دوای چەند دەیەك ببێتە یەکێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و داهاتی ساڵانەی لە دوای نزیکەی (٦٠) ساڵ بۆ زیاتر لە (٦٩٠) هێندە لە ساڵێك دا بەرز بکاتەوە، کە ئەویش وڵاتی کۆریای باشوورە، ئاراستەی خستنەڕووی بیرۆکەکەیشم بەجۆرێکە کە چۆن بتوانین هاوشێوەی کۆریای باشوور داهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەگەڕبخەین و داهاتی ساڵانەی تاك بەرز بکەینەوە و خۆشگوزەرانی بۆ هاونیشتیمانیانی هەرێم فەراهەم بکەین و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە هەژاری بکەین.

تەوەری یەکەم/ لە چوارچێوە تیۆرییەکەیە بەخێرایی، دوایی کۆتایی هاتنی جەنگی خوێناوی نێوان هەر دوو کۆریایە لە ساڵی (٥٣)دا، ئیتر لەو ساڵەوە تاکو ساڵی (٦٥) وڵاتی کۆریای باشوور سیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکانی گرتەبەر و بووە یەکێك لە مۆدێلە سەرکەوتووەکانی کیشوەری ئاسیا و تەنانەت جیهان و داهاتی ساڵانەی هاونیشتیمانیانی بەڕادەیەك بەرز بووەوە کە بە پێی داتاکانی بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٥دا داهاتی ساڵانەی تاك لە کۆریای باشوور (٣٤٥٤٩.٢) دۆلار بووە، لە کاتێك دا لە داهاتی ساڵانەی تاکە کەس لە کۆریای باکوور دا تەنها (١٥٠٠)

دۆلار بـووە، بەمەیـش داهـاتی سـاڵانەی تـاك لە كۆریـای باشـوور زیـاتر لە (٢٣) هێنـدەی داهـاتی ساڵانەی تاكە لە كۆریای باكووردا، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی داهاتەكان لە خاكی كۆریای بـاكووردا یە، دانیشتووانی كۆریای باكووریش لە نیوە كەمتری دانیشتوانی كۆریای باشوورە، وێڕای ئەوەی داهاتی ساڵانەی تاكە كەس لە كۆریای باشـوور لە سـاڵی (١٩٥٣)دا واتـا دوای شـەڕی سـێ سـاڵەی نێوان كۆریای باكوور و كۆریای باشـووردا تەنهـا (٥٠) دۆلار بـووە، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی دەوڵەتانی پێشكەوتوو لە ڕووی چۆنیەتی بەرجەسـتەكردنی وزە و توانا مرۆییەكانەوە بۆ بونیادنـانی ئـابووری هەنگـاوێكی پێشـەنگە، كۆریـای باشـوور بەهـۆی ئەو پێشكەوتنەی بەدەستی هێناوە توانیوێتی لە ماوەیەكی كورت دا لە گەشـەیەكی ئـابووری گەورە بەدی بێنێت و بۆ ئەوەش پشتی بە سێ پرەنسیپی سەرەكی بەستووە:

١-هەوڵدان و پشوودرێژی.

٢-پشت بە خۆبەستن.

٣-گیانی هاریكاری بە مەبەستی گەشەپێدانی كۆمەڵگا و هەمەجۆر كردنی سەرچاوە و داهاتەكان و چـــوونە نـــاو كـــۆمەڵی دەوڵەتە پێشـــكەوتووەكانەوە، لە ســـۆنگەی ئەو ســـێ پرەنســـیپە سەرەكییەی سەرەوە كۆریای باشوور دوای چل ساڵ لەم هەڵمەتە گەورەیە و پلانە ستراتیجیە ئـابووری یە دوور مەودایە، بـۆتە سـەر مەشـق و پێشـەنگی هێـزە ئابوورییەكـان و پـلەی (١٥) لەسەر ئاستی جیهان دا گرتووە، سەرەڕای گیرۆدەبـوونی بەدەسـت چەنـدین كێشـە و گرفتـی وەك زۆری ژمارەی دانیشتووان و بچووكی ڕووبەرەكەی و كەمی سـەرچاوە سروشـتییەكان و زۆری زەوی شاخاوی و بەردەوامبوونی كێشە و ململانێی سـەربازی لەگەڵ كۆریـای بـاككووری دراوسێ دا، بەڵام ئێستا خاوەنی گەورەترین سەرچاوەی مرۆیی یە.

تەوەری دووەم/ ئەنجـامی مـنە لەدوای ئەوەی كە ئەو پێشـەكی یە تیـۆریەم خسـتۆتەڕوو، بـۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك بۆ سوود بینین لە ئەزموونی پلانـی سـتراتیجی ئـابووری كۆریـای باشـوور لەبەگەڕخسـتنی سـەرچاوەكانی داهـات و بەرزكـردنەوەی داهـاتی سـاڵانەی تـاك دا پێویستمان بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێكی بنەڕەتی یە لە حكومڕانی كوردی دا لە هەرێمـی كوردستان:

١-ئاستی بەرپرسیارێتی پەرلەمان و حكومەت، بەرپرسـیارێتی هەردوو لیـژنەی وەبەرهێنـان و دارایـــی یە لە پەرلەمـــانی كوردســـتان بە پـــلەی یەكەم بە هەمـــاهەنگی لەگەڵ حكـــومەتی هەرێمی كوردستان دا بەتایبەتی وەزارەتەكانی دارایی و ئابووری و پلاندانان كـار بـكەن بـۆ پێكهێنانی ئەنجومەنی پلاندانانی ئابووری و پشت بەستن بە كەسانی شـارەزا بـۆ داڕشـتنی پلانی ئابووری چەند ساڵە و قۆناغێكی جیا جیا و ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە لە پێشـینەی كارەكانیان بێت:

١-زیادكردنی داهاتی ناوخۆیی.

٢-زیادکردنی سەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان دا.
٣-زیادکردنی هەناردە و کەمکردنی بڕی خۆراك و کەل و پەلی هاوردە.
٤-کەمکردنەوەی باج، بەتایبەتی لەسەر کەرەستەی خاو بۆ هاندانی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دا.

ئاستی دووەم لە ئەنجامەکان دا یاسا و پلاندانانە:

پاڵپشت بە بۆچوونی کەسانی شارەزا لە بوارە پەیوەندیدارەکان دا لە پەرلەمانی کوردستانەوە یاسایەك بە ناوی یاسای بەگەڕخستنی داهاتەکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق دا دەربچێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانرێت سوود لەم هێڵە گشتییانە وەربگیرێت:

١-پەیرەوکردنی سیاسەتی زیادکردن و بەگەڕخستنی داهاتەکان، کە ببێتە هۆی بووژاندنەوەی بازاڕ و زیادکردنی هەلی کار و کەمبوونەوەی ڕێژەی بێ کاری.
٢-کۆریای باشوور لە سیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکان دا سیستەمی پارێزگاری و ستراتیجی گرتەبەر بۆ پاڵپشتی کردنی پیشەسازییەکانی لە زیادکردنی داهات دا.
٣-داڕشتنی پلانی چەند ساڵە و قۆناغبەندی بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری کە دەکرێ لە چوارچێوەی یاسایەك دا هێڵە گشتییەکانی دیاری بکرێت.
٤-دانانی کۆت و بەند لەسەر هاوردەکان بەدەر لەو هاوردانەی تایبەتن بە کەرەستەی خاو و پێویست بۆ پیشەسازییەکانی بەگەڕخستن و سیاسەتی داهاتەکان.
٥-ڕێکخستنی بازاڕە داراییەکان و ئاراستەکردنی بانکە بازرگانییەکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی قەرز و ئاسانکارییە داراییەکان و دانانی نرخی سوودی ئاست نزم لەسەر قەرزی مامناوەند و ماوەدرێژ لە کەرتی تایبەت دا.

دواتر پسپۆران دەتوانن ئەوانە شی بکەنەوە لە ناو ئەو یاسایەدا چۆن تیایدا جێگیر بکرێت، لێرە ئێستا من دەرفەتی ڕوونکردنەوەم نیە، بە داوای لێبووردنەوە.

ئاستی سێیەم حکومڕانی و دامەزراندن:

بۆ ئەوەی حکومڕانییەکی دروستمان هەبێت و دامەزراندن بچێتە خزمەتی گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری و بەگەڕخستنی داهاتەکان و بەرزکردنەوەی داهاتی ساڵانەی تاکەوە، پێویستە لە حکومڕانی دا ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر:

١-نەهێشتنی دامەزراندن لە ڕێگای واستە و خزم خزمێنەوە.
٢-سوودبینین لە توانا و سەلیقەی ئەو کەسانەی داوایان پێشکەش کردووە بۆ بەدەستهێنانی پیشەیەکی حکومی.
٣-جیاوازی نەکردن لە نێوان ئەندامانی ئەو توێژانەدا کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندی و بڕوانامەی ئەکادیمین.

٤-دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بە توانا و شارەزا لە بواری کاروباری ئابووری دا کە ئامانج لێی جێبەجێ کردنی پلان و ستراتیجییە ئابوورییەکان بێ.
٥-گەنج کردنەوەی حکومڕانی، ئەوەش بە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە بواری پسپۆریە تایبەتەکانی ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و زانستی دا بە گشتی، سەرەڕای کەمکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی.
٦-ئاسانکاری کردن بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بەخشینیان لە بڕێك باج لە پێناو دامەزراندنی کەسانی شارەزا و خاوەن بڕوانامە کە ماف و ئەرکەکانیان هاوشێوەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بێت.
٧-پاککردنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەت لەسەرجەم ئەو فەرمانبەر و لێپرسراوانەی لە گەندەڵی تێوەگلاون.
تەوەری سێیەم و کۆتایی:
کە ڕاسپاردەکانی منە کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم بە خێرایی بۆ جەنابتان، لە ئێستادا و لە هەرێمی کوردستان دا چەندین جۆری داهات هەن، لەوانە:
١-داهاتی فرۆشتنی نەوت.
٢-ئەو پارەیەی مانگانە بە پێی بودجەی ساڵانەی عیراق پشکی هەرێمی کوردستانی تێدایە.
٣-داهاتی خاڵە سنوورییەکان.
٤-داهاتی خزمەتگوزاری گشتی کە لەلایەن کەرتی گشتییەوە پێشکەشی هاونیشتیمانیان دەکرێت.
٥-داهاتی باج.
٦-هاوکاری و کۆمەکی وڵاتان و ڕێکخراوە خێۆخوازیە جیهانییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا.
٧-داهاتی تر.
سەرەڕای ئەو داهاتانە پێویستمان بە زیادکردنی داهاتی پیشەسازی و کشتوکاڵی هەیە، بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ و هەروەها هەناردەکردنیان بۆ ناوچەکانی دیکەی عیراق و تەنانەت وڵاتانی دەرەوە، بۆیە ڕاسپاردەکانم بە کورتی خۆیان لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:
١-یەکخستنی کۆی داهاتەکان و چاودێری کردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە جۆرێك کە لیژنەیەکی تایبەت لە پەرلەمان بە ناوی لیژنەی چاودێری داهات لە فراکسیۆنە جیاجیاکان پێك بهێندرێت.
٢-پێکهێنانی سندووقی تایبەت بە داهاتی بەگەڕخراو، جگە لەو داهاتەی کە بۆ مووچە و خزمەتگوزاریی گشتی سەرف دەکرێتەوە.
٣-گەڕاندنەوەی متمانە بۆ بانکە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان و هاندان بۆ زیادکردنی پارەی پاشەکەوت بە بەرزکردنەوەی نرخی سوود.

٤-هاندان بۆ بەرزکردنەوەی هەناردەکردن، ئەوەش لە ڕێی پاڵپشتی کردنی دارایی ڕاستەوخۆ، کۆت و بەند کردنی سەر هاوردەکان.
٥-لابردنی باج لەسەر کەرەستەی خاو و کاڵای مامناوەندی.
٦-بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و سوودبینین لە بازارەکانی ناوەند و باشووری عیراق بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانی هەرێم لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و پەلەوەری دا.
٧-زامن کردنی شەفافیەت لە داهات و کارکردن بە ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی هەرێم و ڕۆڵی ڕاستەقینەی چاودێریکەر و یەکلایکەرەوەی پەرلەمان لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردندا.
٨-بەش بەش کاری بکرێت لە پرۆسەی بەڕێوەبردن دا یان بە کرێدانی یەکەکانی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت بەجۆرێك کە بەرژەوەندی گشتی تێدا ڕەچاو بکرێت و بوار برەخسێنرێت بۆ هاتنە ناوەوەی کەرتی تایبەت بۆ ناو ئەو بوارانەی لە کەرتی گشتی دا قەتیس کراون وەك تەندروستی و خوێندن و فێرکردن و گواستنەوە و گەیاندن.
٩-دەرچوواندنی یاسایەك لە پەرلەمان کە کارئاسانی و بەخشین بگرێتەخۆ و دواتر ببێتە هۆی پاڵپشتی کردنی سەرمایەگوزاری تایبەتی کە ئەوەش کەشێکی گونجاو دەستەبەر دەکات بۆ گەشەکردنی سەرمایەگوزاری ناوخۆیی و هەروەها ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ سەرمایەگوزاری لە ئابووری نیشتیمانی دا.
١٠-چارەسەرکردنی کورتهێنان لە بودجەی گشتی دا بەگرتنەبەری کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و زیادکردنی داهاتەکانی هەرێم و سەرچاوەگشتیەکان.
١١-زامن کردنی ئابووری ئازاد لەسەر بنەمای ئازادی ئابووری بازاڕ و کێبڕکێ کردن.
١٢-جیاوازی نەکردن لە هەندێك لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دا لەڕووی پێشکەوتن و گەشەپێدان دا.
١٣-بەخۆماڵی کردنی بانکە بازرگانییەکان لە پێناو کۆنترۆڵ کردنی پێدانی قەرز و هاوکارییەکان بە هەندێك پیشەسازی هەڵاوێردکراو واتا (إستپنائی).
١٤-ڕێکخستنی بازاڕە داراییەکان و ئاراستەکردنی بانکە بازرگانییەکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی قەرز و ئاسانکارییە داراییەکان بە دانانی نرخی سوودی ئاست نزم لەسەر قەرزی مامناوەند و ماوەدرێژ لە کەرتی تایبەت دا.
١٥-پێشنخستنی پرۆسەی فێرکردن وەك چۆن یەکێك لە هۆیەکانی گەشەکردنی ئابووری کۆریای باشوور بۆ ئەم لایەنە دەگەڕیتەوە کە ڕۆژانی خوێندن لە کۆریای باشووردا لە هەموو دەوڵەتانی جیهان زیاترە و لە ساڵێك دا (٢٩٦) ڕۆژ دەوامی خوێندن هەیە و کاتژمێرەکانی خوێندنیش

زۆرترن، کە ئەوە لایەنێکی پەرەپێدانی توانای مرۆیی یە، ئابووری کۆریای باشووریش لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینە لە نێوان دامەزراوە فێرکارییەکان و بازاڕی کاردا دروست بووە.

١٦-کەڵك وەرگرتن لەو قەرزانەی دەدرێنە عیراق و سوددبینین لە پشکی هەرێم لەو قەرزانەدا سەرەڕای یارمەتی یە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێم و گۆڕینی ئەو کۆمەك و قەرزانە بۆ بەگەرخستن لە بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردن.

١٧-گرنگی دان بە سەرچاوە مرۆییەکان کە سەرچاوەیەکی نەتەوەیی گرنگ و بزوێنەری سەرەکی گەشەپێدانی ئابووری یە.

هیوادارم ئەو ئەنجام و ڕاسپاردەیەی کە خستمەڕوو ببێتە وەرەقەیەکی کار لە داهاتوودا لە نێوان لیژنەکانی پەرلەمان و حکومەت دا بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کاری هاوبەش بکەین و ئەوەی کە پێویست دەکات پسپۆڕان دەوڵەمەندتری بکەین، خزمەتێك بە هاونیشتیمانیانی کوردستان بکەین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مەم، دەستتان خۆش، بەڕێزان، نوقتە نیزامە؟ فەرموو کاك محسن.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە کاك مەم دەکەم بۆ خستنەڕووی ئەم بیرۆکەیە و ئەو هەڤاڵانەی پێشتریش بیرۆکەیان خستۆتەڕوو، پێمان خۆشە بە شێوەیەك لە شێوەکان بگاتە دەستمان ئەو بیرۆکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن أحمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك مەم ئەگەر دوایی بە نووسین ئاراستەمان بکەی تا بیدەین بە تەواوی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی تریش، بەڕێزان پێش ئەوەی کۆتایی بەو دانیشتنە بێنین تەنها هەندێك لەو داتایانەی تریش کە لەبەر دەستمانە لەسەر ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە پێمان باش بوو ئێوەی بەڕێز لێی ئاگاداربن، ئێمە لە هەردوو وەرزەکە، ئەم وەرزەمان درێژ کردەوە، بەڵام تا ئێستا، تا ئەمڕۆ کە دانیشتنی ژمارە (١٢)یە (٢٦) دانیشتنی ئاساییمان هەبووە لەگەڵ (١) دانیشتنی نائاسایی، ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستان (٤) یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووێندراوە، (١٦) بڕیار هەبوو بەو بڕیارانەی کە لە دەستەی سەرۆکایەتیش هەبوون، ئەو پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیارانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە ژمارەی پێشنیازی یاسا و بڕیار (٢٥) و ژمارەی پرۆژە یاسا (٢)، تا ئەمڕۆ بەڕێزان (٢٤٠) پرسیار لەلایەن پەرلەمانتارانی بەڕێزەوە ئاراستەکراوە، تا ئەمڕۆ ئێمە وەڵامی (٩٧) پرسیارمان بە دەست گەیشتۆتەوە، لەم خولەش دا جگە لە دروستکردنی لیژنەکان و سەرۆکایەتی لیژنەکان و کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم و هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆکی

هەرێـم و دەنگـدان بە کـابینەی نـوێیەمی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و هەڵبژاردنـی بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان، کۆمەڵێك لەو ئەرکانەی تریش لە ڕووی تەشریعی و ڕەقابی جێبەجێ کراون، لەم ساڵی یەکەم دا چوار بیرۆکە لەلایەن پەرلەمانتارانی بەڕێزەوە خراوەتەڕوو، لێـرەوە داوایـان لـێ دەکەیـن بیرۆکەکەیـان دوایـی بە نووسـین ئاراسـتەی ئێـوەی بەڕێـزیش بـکەنەوە، کـاری لیژنەکانیش لەڕووی تەشریعیەوە بەردەوام بێت و لە ڕووی ڕەقابیشەوە بەردەوام بوون، بە پێی ئەو ئامارەی لای ئێمەیە بەڕێزان تەنها لە لیژنەکانی ئێوە لە لیژنەکانی پەرلەمـانی کوردسـتان ئەو کارانەی کە کراون بە نووسین ئاراستەی ئێمە کرابێ و وەڵام درابێتەوە ئـێمە (٢٧٠٤) نووسـراو لە کاروباری لیژنەکان ئاراسـتەی ئـێمە کـراوە لە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و وەڵامـی (٢٤٥٠) دانەیـان دراوەتەوە، ئەوانی تریش کـاری پێویسـتی لەسـەر دەکـرێ، بەڕێـزان بـۆ پشـووەکانی پەرلەمـانی کوردسـتانیش بە پێویسـتمان زانـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان ئاگادارتـان بکەینەوە کە لە ئەمـڕۆوە (١٢/٢٤) هەتـا ڕۆژی (٢٠٢٠/١/٥) پشـووی ڕۆژانـی پەرلەمـانی کوردسـتان دەبن، ئێمە لێرەوە داوا لە لیژنەکان دەکەیـن لیـژنە تایبەتمەنـدەکان بەڕێـزان ئەوانەی کە بە پێـی پەیڕەوی ناوخۆ خەسڵەتی بەپەلە دراوەتە ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر ئەو پێشنیارە بە تـایبەتی پرۆژە یاسای چاکسازی، حەوت ڕۆژی کـارکردن لەبەرچـاو بگـرن کە تەقـریبەن ڕۆژی پێـنج شـەم کۆتایی پێ دێت، بۆیە لێرەوە داواتان لێ دەکەین لە لیژنە تایبەتمەنـدەکان بەشـێکیان ڕاپۆرتیـان ئامادە کردووە بەدەستمان گەیشتووە و ئیحالەی لیـژنەی قـانونی کـراون، بەڵام ئەو لیژنـانەی کە مـاون ڕاپـۆرت لەسـەر یاسـای چاکسـازی ئامـادە بـکەن دوا مـۆڵەت بۆیـان بە پێـی پەیـڕەو ڕۆژی (٢٠٢٠/١/٨) دەبێـت، بـۆ ئەوەی ئاراسـتەی لیـژنەی یاسـایی بکـرێ، دواتـر ڕاپـۆرتی هەمـوو لیـژنە هاوبەشەکان حازر بکرێـت و ئەو کـات کە گەیشـتە دەسـت سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان هەوڵ بـدەین پـێش (١/١٥) خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـرۆژە یاسـای چاکسـازی بکەیـن لەگەڵ ئەو یاسـایانەی تـر کە لەبەر دەسـتمان دا مـاون، بەڕێــزان بەم شـێوەیە دێیــنە کۆتـایی دانیشـتنی ئەمڕۆمان و سەرکەوتووبن.

| **د. ڕێواز فائق حسێن** | **هێمن هەورامی** | **منی نبی قهوچی** |
|---|---|---|
| **سەرۆکی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سکرتێری پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |